# من و
# ئەستێرە گەشەکان

# من و
# ئەستێرە گەشەکان

## نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی دووەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٢

* ناوی کتێب: من و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی دووەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەگری و سەرپەرشتیی چاپ: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٥٠٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (٢٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٦٢٨) ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

هەواڵنامەی کتێب

# من و ئەستێرە گەشەکان
# پرۆژەیەکی کەم وێنە ..

**نووسینی: هیوا سەرهەنگ**

فەرهەنگێکی تایبەت بە مێژوویەکی دیاریکراوی پسپۆر و خاوەن بەهرەکان، کاک(نەجمەدین عەزیز سمایل)نووسەری بەرگی یەکەمی کتێبی یان فەرهەنگی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە چاپ دا و مێژوویەکی دیکەی بەرچاوی بۆ هونەرمەندان و شاعیران و نووسەران و کەسایەتییەکان تۆمار کرد، ئەم کتێبە بەرگی دووەمی(من و ئەستێرە گەشەکان) کە (٨٢) هونەرمەند، شاعیر، نووسەر، چیرۆکنووس، ئەکتەر لە خۆ دەگرێت، هێندەی ئاگاداربم کاک نەجم سەرقاڵی کۆکردنەوەی زۆرتری ناوی شاعیران و هونەرمەند و نووسەر و ئەکتەرانە و بەردەوام پەیوەندیشیان پێوە دەکات، بۆ پرۆژەی بەرگی یەکەمیشی کە (١٠٢) کەسایەتی لە خۆ گرتبوو، چەندین جار پەیوەندی بە بەندەوە کردووە و ڕاو بۆچوونمان ئاڵوگۆڕ کردووە و هیواداریشم توانیبێتم هێندەی ئەزموونی ژیانی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیم هاوکاریم کردبێت و، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و خۆشحاڵم توانیبێتم خشتێک بخەمە سەر ئەو بنچینە زێڕین و جوانەی کاک نەجمەدین عەزیز سازاندوویەتی.

لێرەشدا دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر خەمخۆری و ماندووبوونی دەم ئەم بەرهەمەو ئەو شەونخوونییانەی کاکی نووسەر لەگەڵ بابەتەکانیدا کێشاونی و کۆکردنەوەی و ڕێزبەندکردن و ڕۆچوون بە چەند لایەنێکی هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەکاندا هەر وا سانا و ئاسان نەبووە و کاتێکی زۆری ویستووە و سەرقاڵی بێ ئەندازەی لەخۆ گرتووە، پێشم وایە ئەم بەرهەمە و بەرهەمەکانی نێو پرۆژەکەی نووسەر، کارئاسانییەکی بەرچاو و دیار دەبێت بۆ هەر کەس و خوێندکارێک بیەوێت توێژینەوە لەسەر شیعر و شاعیران و هونەرمەندان بکات بە پێی کات و شوێنەکانیان و ئەو بارو دۆخانەی ئەو بەرهەمانەی خوڵقاندووە، سەرباری

ئەوەی ئەم فەرهەنگە ڕێ خۆشکەرێک دەبێت بۆ هونەرمەندان و ئەدیبانی نەوەی نوێ، سوود لە ئەزموون و گۆڕانکارییەکانی پێشووتریان وەربگرن.

کتێبی(من و ئەستێرە گەشەکان) تێکەڵەیەکی دروستە لە فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیای ئەدیبان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بەو واتایەی زانیاریی بەخشی جۆراوجۆرە لەسەر کەسایەتییە بەرچاو و پڕ بەرهەمەکانی بواری ئەدەبی و هونەریی میللەتێک کە بە درێژایی مێژوو کار و چالاکییەکانی نەتوانراوە تەواوی بەرهەم و ناوی کەسایەتییەکانی و پەیامەکانیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوێزرێتەوە و هەمیشە دوژمنانی کورد ئەو ڕاستییانەیان لەناو بردووە، چونکە ئاستی ئەدەب و هونەر میللەتانی پێ دەناسرێتەوە.

جارێکی دیکە دەستخۆشی لە هاوڕێی دێرینم کاک نەجمەدین عەزیز سمایل دەکەم و بە هیوام چڕتر و فراوانتر بەرگەکانی دیکەی(من و ئەستێرە گەشەکان)بکەوێتە بەردەستی خوێنەران و چرایەک بۆ مێژوو داگیرسێنێت.

**هۆڵەندا- ڕۆتردام**

**١٨-٦-٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب

## خوێنەری ئازیز...

دیارە کە بەرگی یەکەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)م خستە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست، وەکو بیبلۆگرافیایەکی هونەری و ئەدەبی و مێژوویی و کەسایەتییەکان، بە دڵنیاییەوە بێ کەم و کوڕی نەبووە، ئەمەش لە هەر کارێکی نووسیندا دێتە ئاراوە، هەر چەندە هیلاکی و شەونخوونیی خۆم و هاوکاریی نووسەر و ڕووناکبیران بە فیڕۆ نەڕۆیشتووە، کەسانی خوێندەوار و دڵسۆز هەبوون پشتگیرییان کردم بۆ ئەوەی وردبینتربم، منیش لای خۆمەوە ڕەچاوی هەموو ئەو ئامۆژگاری و بۆچوونانەم کردووە، بۆیە هەر لەسەر پێشنیار و داخوازیی نووسەر و ڕۆشنبیر و پسپۆڕانی زمان و زمانناسان، ناوی بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)م گۆڕی بۆ(من و ئەستێرە گەشەکان)، هەوڵیشم داوە کە ئەو هەڵانەی لە ڕووی ڕێنووسییەوە(إملاء) لە بەرگی یەکەمدا هەبوو ڕوونەداتەوە یان هەر نەمینێت.

هەر ئەوەندە ماوە بە هەموو لایەکتان بڵێم: وا بەرگی دووەمی ئەم بیبلۆگرافیایە دەخەمە بەر دەست و دیدی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست، بە هیوای ئەوەم کەلێنێکی بچووک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

**نووسەر:**

**نەجمەدین عەزیز سمایل**

**هۆلەندا– ئەمستیلفین**

**٢٠–٦–٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب



# مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

شــەهیدی وشــە، ڕۆژنامەنـووس و مێژوونووســی گــەورەی کــورد مــەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی

نـاوی تـەواوی (مـەلا محەمـەد جەمیـل بەنـدی کـوڕی مـەلا ئەحمـەدی فورقانی ڕۆژبەیانی)یە، لە ساڵی ١٩١٣ لە گوندێکی ناوچەی (قەرە حەسـەن) سـەر بە (لیوا) پارێزگای کەرکوک لە دایک بووە، لە تەمەنی چوار ساڵان دەستی کردووە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز لە لای زەهرا کچی حوسێن محەمـەد سـەلمانی ڕۆژبەیانی، دواتر لەسـەر دەستی مـەلا عەبدوڵڵا کوڕی مـەلا ڕەحیـم جرسـتانی لـە سـاڵی ١٩١٩ هێشـتا تەمەنـی (٦) سـاڵان بـووە قورئانی ختم کردووە، پاشـان دەچێتە گونـدی (باداوە) لـە لای مـەلا سـەید عەبدولوەهـاب فێری نووسـینی کوردی دەبێت.

دوای هاتنـەوەی شـێخ مەحمـودی حەفید و بوونی بە مەلیکی کوردستان لە ساڵی ١٩٢٢، باوکی دەچێتە سلێمانی و دەبێتە مەلای مزگەوتی گەورەی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٤ دوای داگیرکردنی ئینگلیزەکان دەگەڕێنەوە گوندی باداوە، لـە سـاڵی ١٩٢٥ باوکـی دەبێتـە ئیمـام و خەتیبی مزگەوتـی فەرهـاد (منارە نەقشی) لە شاری کەرکوک، لە کەرکوک بە فەرمانی موتەسـەریف دووردەخرێنـەوە و دەگەڕێنـەوە گونـدی بـاداوە لـەوێ مـەلا جەمیل لە پۆلـی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر دزەیی، حاکم تەها بابان، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی**

سێیەمی خوێندن وەردەگیرێت تا پۆلی چوارەم تەواودەکات، لە ساڵی ١٩٢٨ دەگەڕێنەوە فورقان زێدی باو باپیرانیان، دەست دەکاتەوە بە خوێندن لەسەر دەستی باوکی، بە هۆی کێشەی مولک و زەوی وزار لەگەڵ شێخ تالیب تاڵەبانی ڕیک ناکەون و قوتابخانەکە دادەخرێت و دەگەڕێنەوە کەرکوک، مەلا جەمیل لای مەلا سەید یوسف ڕۆژبەیانی دەچێتەوە بەر خوێندنی ئایینی، کە مەلا یوسف دەگوازرێتەوە بۆ پردێ مەلا جەمیلیش لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ئەوەی لە خویندن دانەبڕێت تا ساڵی ١٩٣٣، پاشان دەچێتە هەولێر لەلای مەلا جەلیل مەلا عەبدوڵڵا بێتواتەیی دەخوێنێت، لەوێش چۆتە لای مەلا عوسمان بۆ درێژەدان بە خوێندن، بەڵام هەواڵی کوشتنی باوکی پێگەیشتووە و چووەتەوە کفری بۆ خویندن لای زانا جەلیل موفتی محەمەد سەعید ئەفەندی، لە پاشان چووەتە بەغدا.


لە ساڵی ١٩٤٨ لە ڕاپەڕینە گەورەکەی عێراق بەشداری کردووە، کە دواتر بە (الوثبة) ناودەبرا، بەو هۆیەشەوە ماوەیەک دوورخراوەتەوە بۆ (ناصرية) دواتر حەبس کراوە، هەر لەو بەندیخانەیە (شەرەفنامە) ی بەدلیسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.



وێنەیەکی دەگمەن و دانسقەی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا ڕابەری شۆڕشی ئاگری داغی کوردستانی باکوور لە ساڵی ١٩٢٧-١٩٣٠ لەگەڵ یاشار خانمی هاوسەری و مێژوونووسی ناوداری کورد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی کە لە تاران گیراوە

هەوراز ئەمینی کتێب

هەژار موکریانی لە چێشتی مجێوردا دەڵێت: (لە زەمانی هیتلەردا هەزاران عێراقی لەسەر نازییەت گیران و خرانە بەندیخانەوە، تەنانەت مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بە تۆمەتی نازییەت ساڵێک لە گرتووخانەی عەمارە (عمارة) مایەوە، لە سایەی ئەو گرتنەدا توانی شەڕەفنامەی بەدلیسی لە زمانی فارسییەوە بکاتە عەرەبی، سوپاس بۆ ئەو زیندانە).



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بە جلی کوردی

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ئاشنایی و دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی زۆری سەرکردە و سەرۆکەکانی کۆمەڵە و حیزبە عێراقی و کوردییەکان هەبووە، لەوانە کامل چادرچی و ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامیش بووە لە

کۆمەڵەی (برایەتی) کە شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید سەرۆکی بووە.

دیسان هەژار موکریانی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: (مەلا جەمیلم لە ماڵی مەلا مستەفای بارزانی بینی لە بەغدا).

دوکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ: (شانازی بەو ڕۆژەوە دەکەم کە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بردمیە خزمەتی ئیحسان نوری پاشا).

هەر لەساڵی ١٩٤٨ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وتارێکی لە گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) سەبارەت بە نەورۆز بڵاودەکاتەوە لە ژێر ناونیشانی (عید نوروز لا یتنافی و الدین الاسلامي)، بەم هۆیەوە ژمارەیەک شێخ و مەلا سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە بۆیە دوورخراوەتەوە (نفي) بۆ ناسریە لە خوارووی عێراق.

ناوبراو لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا کتێبێکی لەسەر (سوفیگەری لە کوردستان) نووسیوەو چەند بەشێکی لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاوکردووتەوە ڕۆژبەیانی خۆی دەڵێت: (موتەسەریفی سلێمانی لەسەر داوای چەند کەسێک بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لێ قەدەغە کردم، چونکە دەیانزانی باسی فرۆفێڵەکانییانە).

لە ساڵی ١٩٥٤- ١٩٥٥ سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە سەفەرێکیدا بۆ ئەمەریکا گوتبووی: (لە تورکیا شتێک نییە بە ناوی نەتەوەی کورد، ئەوەی هەیە هەندێ تورکی شاخاوین خەڵک بە کورد ناویان دەبەن)، مەلا جەمیل لە ڕۆژنامەی (الاهالي) وتارێک بە زمانی عەرەبی لەژێر ناونیشانی (التتریک

هەواڵنامەی کتێب




دیداری ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان و نووسەرانی کورد لە کەلار

لا يزيد الشعب الكردي إلا تمسكا بقوميته‌و الثورة على المستعمر)، له‌سه‌ر ئه‌و وتاره باڵوێزخانه‌ی توركیا له‌ به‌غدا ناڕه‌زایی ده‌ربڕیوه‌، بۆیه‌ به‌ڕێوه‌به‌ری ڕۆژنامه‌كه‌ ته‌وقیف كراوه‌ و دواتر به‌ (٥٠٠) دینار به‌ كه‌فاله‌ت به‌ربووه‌ و ڕۆژنامه‌كه‌ش ماوه‌یه‌ك داخراوه‌.



مه‌لا جه‌میل ڕۆژبه‌یانی
به‌ جلی كوردی

دوای شۆڕشی ١٤ ی ته‌ممووزی ساڵی ١٩٥٨ مه‌لا جه‌میل له‌گه‌ڵ شاندێك كه‌ پێكهاتبوو له‌ (گۆرانی شاعیر و شێخ له‌تیف شێخ مه‌حموودی حه‌فید و لوقمان بارزانی و كاكه‌ زیاد، سه‌ردانی سۆڤیه‌ت ده‌كه‌ن و چاویان به‌ (خرۆفشۆف) ده‌كه‌وێت، سه‌ڕای ڕازی نه‌بوونی ئه‌ندامانی شانده‌كه‌، به‌ڵام مه‌لا جه‌میل ڕۆژبه‌یانی هه‌ر به‌ گوێی خۆی كردووه‌ و داوای یارمه‌تی (معنوي و مادي) له‌ خرۆفشۆف كردووه‌ ئه‌ویش گوتبووی: ته‌نها یارمه‌تیی مه‌عنه‌ویتان ده‌كه‌ین.

مه‌لا جه‌میل ڕۆژبه‌یانی له‌ كۆتایی ساڵی ١٩٥٩ دا گوتاربێژو پێشنوێژی مزگه‌وتی (نائیب) بووه‌ له‌ كه‌ركوك، له‌ خوتبه‌كانیدا هێرشی توندی كردووه‌ته‌ سه‌ر ده‌سه‌ڵات و هه‌موو ده‌مێك خۆی ئاماده‌ كردووه‌ بۆ به‌ندیخانه‌، هه‌ر له‌ ساڵی ١٩٥٩ له‌ وتارێكدا به‌ زمانی عه‌ره‌بی هێرشی توند ده‌كاته‌ سه‌ر عه‌بدولكه‌ریم قاسم له‌ ڕۆژنامه‌ی (صوت الاكراد) به‌ ناونیشانی (سیدي الزعيم لقد حسبتك ساهرا، فنمت) بڵاوكردووه‌ته‌وه‌، به‌م هۆیه‌وه‌ ڕۆژنامه‌كه‌ قه‌ده‌غه‌ ده‌كرێت، مه‌لا جه‌میلیش ژماره‌یه‌ك له‌ ڕۆژنامه‌كه‌ به‌ دزی لای مامۆستا (به‌شیر موشیر) داده‌نێت و ئه‌ویش هه‌ر به‌ دزی ده‌یفرۆشێت، بۆیه‌ عه‌بدولكه‌ریم قاسم به‌ دوای (فوئاد عارف)دا ده‌نێرێت و پێی ده‌ڵێت: (وه‌ره‌ بزانه‌ براده‌ره‌كه‌ت چی نووسیوه‌ ؟)، هه‌ر به‌م هۆیه‌وه‌ ڕۆژنامه‌كه‌ داخراوه‌ و خاوه‌نه‌كه‌ی (توقیف) كراوه‌ و مه‌لا جه‌میلیش له‌ پێشنوێژی دوور خراوه‌ته‌وه‌ ناسریه‌و له‌وێش (١٥) مانگ زیندانی كراوه‌.




نامەیەکی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ نووسەر جەمال خەزنەدار

لە ساڵی ١٩٦١ دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان، ماوەیەک لە (چەمی ڕێزان) دەبێت و دواتر دەچێتە (ماوەت) دەبێتە دادوەر لەناو شۆڕش.

لە ساڵی ١٩٦٤ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە گەل باڵی مەکتەبی سیاسی دەچێتە ئێران (هەمەدان)، ماوەیەک ماوەتەوە، دواتر چووەتە تاران وەکو بێژەر لە بەشی کوردیی ڕادیۆی تاران دەست بەکار بووە تا ساڵی ١٩٧٩، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران و فەرمانی خومەینی بە هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەلا جەمیل وتارێک دەنووسێت و هێرشێکی توند دەکاتە سەر خومەینی، بۆیە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێ، ئەویش خۆی دەگەیەنێتە باڵوێزخانەی عێراقی و لەوێ هەموو تەرتیباتی گەڕانەوەی بۆ عێراق بۆ ڕێکدەخەن و دێتەوە بەغدا.

مەلا جەمیل ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد بووە لە بەغدا، دۆستایەتی لەگەڵ زۆر لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب هەبووە لەوانە (مێژوونووس ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، مەسعود محەمەد، حوسێن حوزنی موکریانی،










بەرهەمەکانی ناوبراو

دوکتۆر مستەفا زەڵمی، دوکتۆر کەمال مەزهەر، هێمنی شاعیر، هەژار موکریانی، مامۆستا زەبیحی).

لە ساڵی ١٩٨٢ مێژوونووسی گەورەی کورد تۆفیق وەهبی لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات، لە وەسیەتنامەکەیدا نووسیویەتی: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی پێشوازی لە تەرمەکەم بکات، دوای ئەوە بمبەن بۆ پیرەمەگرون لەوێ بمنێژن.







بەرهەمەکانی ناوبراو

مەلا جەمیل (٣٠) کتێبی چاپ کردووە و بڵاوکردووەتەوە، هەموویان بەرهەمی نایاب و بە نرخن گرنگترینیان ئەمانەن (چوار دەوڵەتی کورد، هەولێر ٢٠٠٦ - شۆڕشی نەتەوەی کورد لە تورکیا نووسینی ئیحسان نوری بیتلیسی ١٩٢٥ وەرگێڕدراوە - فەرمانڕەوایی موکریان، بەغدا ١٩٩٢ - مێژووی حەسەن وەیهی و عەییاری - وڵاتگیریی ڕەشە خاکی عێراق - فتوح سواد العراق وەرگێڕدراوە - وڵاتەکەت باشتر بناسە- ٢٠٠٥ دەزگای ئاراس لە چاپی داوە - کتێبی شەرەفنامە لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی - سلێمانی وڵاتی، ئەمین زەکی بەگی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی - یاداشتەکانی مەئمون بەگ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە هاوبەشی لەگەڵ مەلا شوکر مستەفا - دینەوەر و ناودارەکانی خانەقین - داقوق فی التاریخ - دەوڵەتی بەنی شەداد و چەندانی دیکە.)، دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردووەتەوە.

لە شەوی ٢٧/٢٦ مانگی ٣/ ٢٠٠١، لەسەر هەڵوێستە بوێر و ئازاکانی، ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی دڕندانە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیان تیرۆرکرد، ئەو شەهیدی وشە و نووسینەوەی مێژووی پڕ لە شکۆی کوردە.

لە ڕۆژی ١١- ١٢ / ٢ / ٢٠٢١ بە چاودێریی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان و نووسەرانی کورد لە کەلار دیدارێکیان بۆ ڕەوانشاد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ڕێکخستووە، هەر لەوێ پەیکەرێک بۆ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی داندراوە.

بیرەوەریم لەگەڵ ئەم زانایە گەورەیەی کورد، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ مەلا عەوڵای حاجی سمایل خەریکی لەچاپدانی بەشی یەکەمی کتێبی (سەربردەی ژیانی سیاسیم) بوو، دیار بوو تەکلیف لە موسلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا کرابوو کە ئیجرائاتی بۆ بکات، مەلا عەوڵاش پێی خۆش نەبوو بچێتە لای موسلح جەلالی، لە بەر ئەوە داوای لە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی کردبوو ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە ئێوارەیەک لە دوای منی نارد چووینە سەردانی مەلا جەمیل و مەلا شوکریش لەوێ بوو، دیار بوو گفتیان پێ دا کە پێداچوونەوەی زمانەوانی و ژمارەی سپاردنی بۆ ڕێکبخەن، من یەکەم جارم بوو بە خزمەتی ئەو پیاوە مەزنە بگەم و لە نزیکەوە بیبینم و لە مەجلیسەکەی دانیشم، بە ڕاستی کوردێکی پاک و بێگەردو بوێر بوو، هەزار سڵاو لە گۆڕی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئارامگای پڕ گوڵ و گوڵزار نور و ڕەحمەت بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- گفتوگۆیەک سەبارەت بە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی نووسینی حەمەی مەلا کەریم لە کوردستانی نوێ لە ٢٧ / ٩ / ٢٠١٩

٢- وتارێکی مەریوان مەسعود لە کوردستان نێت لە ٢٥ / ١٢ / ٢٠٢١.

٣ - کوردیپیدیا.

٤ - ئەدگار پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تایبەت بە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.

٥ - زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

نووسەر و توێژەر و وەرگێڕی گەورەی کورد محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس لە پەخشانە شیعرێکدا دەڵێت:

کاکە حەمە، پیاوێک لە کاغەزی ڕۆژنامە

هەورامان کوڕی شاخەو سیاچەمانە کچی باخە

لەم دووانەیە نەوەی شیعر و پەخشان کەوتەوە و لە دار گوێزێکی نورانیش (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) کەوتەوە لەویش کۆمەڵێ درەختی ڕووناکبیر کە یەکێکیان حەمەی مەلا کەریمی گوڵاوی بوو.

ناوی تەواوی (محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ە، لە ١٩٣١/٨/١٤ لە گوندی بیارەی سەر بە هەڵەبجەی شەهید لە دایک بووە، لە قوتابخانەی منداڵە شێخەکانی بیارە قورئانی پیرۆزی تەواو کردووە و کوردی و فارسی وعەرەبی لە حوجرە خوێندووە، پاش ساڵی ١٩٥٢ هاتوونەتە شاری سلێمانی و ساڵی ١٩٥٤ خوێندنی مەلایەتی لەسەر دەستی باوکی تەواو کردووە. هێشتا هەر لە بیارە بووە خولیای ئەدەب و ڕۆژنامەگەری بووە، ئەو ڕۆژنامانەی ئەو کات دەردەچوون بۆ باوکی هاتوون، حەمەی مەلا کەریم خۆی خوێندوویەتیەوە، بۆیە کە لە سلێمانی بوو لەگەڵ کۆمەڵێک



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، محەممەدی مەلا کەریم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس**

لـە فەقـێ هاوڕێکانـی گۆڤارێـک بـە نـاوی (دەنگـی فەقـێ) دەردەکـەن کـە (٥) ژمـارەی لـێ دەرکـردووە.

لە سـاڵی ١٩٤٨ ئاشـنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی حیزبی شـیوعی پەیدا کردووە و لـە سـاڵی ١٩٥٣ بووەتـە ئەندامێکـی چالاکـی ئـەو حیزبـە، ئاشـنایەتی لەگـەڵ گـۆرانـی شـاعیر پەیـدا کـردووە و لـە ڕۆژنامـەی (ژیـن) لەبـەر دەسـتی گـۆران کـاری کـردووە، وەرگێڕانـی لـە زمانـی عەرەبییـەوە بـۆ کـردووە ناوەنـاوەش چەنـد بابەتێکـی خـۆی لـە ڕۆژنامـەی ژیـن و ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی دیکـەی عەرەبـی لـە بەغـدا بڵاوکردووەتـەوە، لـە بـەر جموجۆڵـە سیاسـییەکانی زیاتـر لـە (٥) جـار زینـدانـی کـراوە و ئـازارو ئەشـکەنجەیەکی زۆریـان داوە، جارێـک بـە سـاڵێک حوکـم دراوە و دواتـر سـاڵی ١٩٦٤ جارێکـی دیکـە بـە (٥) سـاڵ حوکـم دراوە، کـە سـاڵ و نیوێکـی لـە بەندیخانـەی بەعقوبـە بەسـەر بـردووە و سـێ سـاڵیش لەژێـر چاودێـری بـووە لـە (بدرە)، دواتـر بـە هەوڵـی مـام جـەلال ئـازاد کـراوە.

سـاڵی ١٩٥٧ ماڵیـان دەچێتـە کەرکـووک، دەبێتـە فەرمانبـەر لـە کتێبخانـەی گشـتیی کەرکـووک، پـاش شـۆڕشـی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ سـەرپەرشـتیی گۆڤاری

(شـەفەق) دەكات و شـەش ژمارەی لێ دەردەكات و دادەخرێت، سەرپەرشتیی گۆڤاری هیوای یانەی سەركەوتنی كوردانی كردووە و دوو ژمارەشی لەو دەركردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە بەغدا و لە ئایاری هەمان ساڵ دەبێتە كەسی یەكەمی ڕۆژنامەی ئازادیی حیزبی شیوعی عێراقی تا داخستنی، لە ژمارە دووی گۆڤاری ئیسلاحی زراعی تاوەكو داخستنی لێپرسراوی بەشی كوردی بووە، لە برایەتی و تەئاخی چالاكانە بابەتی هەمەجۆری بڵاوكردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٨٧ ئەندام بووە لە كۆڕی زانیاریی كوردی و دواتر ئەندام بووە لە كۆڕی زانیاریی عێراقی- بەشی كوردی، هەر لەگەڵ دەرچوونی یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاوكاری تا داخستنی، بە بەردەوامی سەدان بابەتی جۆراوجۆری لە لێكۆڵینەوە و توێژینەوە و ڕەخنە بڵاوكردووەتەوە، چەندین وتار و نووسینی ئەدەبی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە وگۆڤارە كوردی و عەرەبییەكان بڵاوكردووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ چووەتە مۆسكۆ، خۆی فێری زمانی ڕووسی كردووە و هاتووەتەوە بەغدا لە شوێنەكەی خۆی لە كۆڕی زانیاریی عێراقی- بەشی كوردی دەست بەكار بووەتەوە.

محەمەدی مەلا كەریم بە هۆی شارەزاییەوە پێداچوونەوەی بۆ دیوانی (شیرین و خەسرەو)ی خانەی قوبادی بە سەركەوتوویی كردووە، كە زیاتر



**لە لایٔ ڕاستەوە: نەناسراوە، محەمەدی مەلا كەریم، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، نووسەر مومتاز حەیدەری**

لە (٥٥٢٦) دێرە شیعرە بە شێوازی هەورامی نووسراوە لە ساڵی ١٩٧٥ کۆڕی زانیاریی کوردی بۆیان چاپ کردووە، هەروەها هاوکاری باوکی کردووە لە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دیوانی مەحوی و مەولەی و بە یارمەتی کۆڕی زانیاریی کوردی لە چاپ دراوە.

ناوبراو کتێبەکانی (جەنگاوەرێکی ڤیتنامی) کە وەرگێردراوە و (لاوک و حەیران)ی لە بەندیخانە نووسیون.

ناوبراو لە ١٩٨٨/٣/٢١ لەگەڵ خاتوو شیرین فەرەج ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی دوو کوڕ بە ناوی ژیوار و پیران و کچێکە بە ناوی بیارە.

بە بۆنەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ هۆنراوەیەکی درێژی نووسیوە بە ناوی (دوێنێ و ئەمڕۆ).

محەمەدی مەلا کەریم تا کۆچی دوایی باوکی لە بەغدا بووە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٦ گەڕاوەتەوە سلێمانی، لە ساڵی ٢٠٠٧ مەدالیيەی زێڕینی ڕۆژنامەی ڕۆشنبیریی نوێ و ڕێگای کوردستانی پێ بەخشراوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ساڵڕۆژی لە دایکبوونی مەراسیمێکیان بۆ ڕێکخستووە.

ناوبراو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی



**کۆمەڵێك فەقێ**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو، نەناسراوە، محەممەدی مەلا کەریم**

نووسەرانی کورد بۆ دوو خول و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.

محەمەدی مەلا کەریم یەکێکە لەو نووسەرە قەڵەم لە دەستانەی کە ماوەی (٥٠) ساڵ خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە و زۆریش خۆشی و ناخۆشی و تاڵیی ژیانی چەشتووە، بە هۆی نەخۆشییەوە ماوەیەک لەسەر جێگا کەوت، تا لە ڕۆژی ١٢/ئازاری ٢٠١٧ لە تەمەنی (٨٦) ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسییەتی خۆی لە گردی سەیوان لە نزیک گۆڕی گۆرانی شاعیر بە خاک سپێردراوە.

لە ٢٠١٧/٤/٢١ لە سلێمانی مەراسیمێکی شایستەیان بۆ حەمەی مەلا کەریم ڕێکخستووە و تێیدا چەند کتێبێک لەسەر ژیانی ئەم ڕووناکبیرە بە سەر ئامادەبووان دابەشکراوە.

هەر لە شاری سلێمانی هۆڵێکی گەورە لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە ناوی نووسەر و زانای کورد محەمەدی مەلا کەریم کراوە.

لە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستی و مرۆڤایەتیی زانکۆی سەلاحەدین، لێژنەیەک پێهکێنرابوو بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر خود و بەرهەمەکانی محەمەدی مەلا کەریم بۆ قوتابیانی پۆلی چوارەمی بەشی مێژوو، کە قوتابی (تانیا سدیق) هەڵبژێردرابوو بە سەرپەرشتیی یاریدەدەری پرۆفیسۆر




(کەیوان ئازاد ئەنوەر)، سەردانی خاتوو (شیرین فەرەج) یان کردبوو، ئەویش سوپاس و پێزانینی خۆی بۆیان دەربڕیبوو.

لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم لە شاری (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامۆستا ئەحمەد نەزیری لە جیاتی خانەوادەی محەمەدی مەلا کەریم سوپاس و پێزانینی بە ئامادە بووان گەیاندبوو.

هەڵمەتێکی خوێندنەوە بە ناوی (حەمەی مەلا کەریم) لە شاری خانەقین لە لایەن لیژنەی کاری هەرەوەزی دەستیان بە کار کردبوو، بۆ کۆکردنەوەی پیتاک بۆ کردنەوەی کتێبخانەیەک بۆ منداڵانی خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری.

نووسەر و ڕووناکبیری عەرەبی (جاسم محمد المطیری) کە باسی حەمەی مەلا کەریم دەکات : بە عیملاق ناوی دەبات و بە (موسوعة متنقلة)ی وەسف دەکات و دەڵێت: ئەو زانستی (نحو و صرف و فقة)ی فێری بەندەکانی دەکرد لە ناو بەندیخانە.

لە مەڵبەندی زانستی و ڕۆشنبیریی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چوار پەیکەر دانراون بۆ هەر یەکێک لە عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و فایەق بێکەس و گۆرانی شاعیر و محەمەدی مەلا کەریم، کە لەسەر ئەرکی

فاروقی مـەلا مستەفای مـەلا سـەفوەت دروست کراون.


محەمـەدی مـەلا کەریـم زانایەکـی گـەورەو ناسـراوی کـورد بـوو، کـە خزمەتێکـی زۆری بـە کاروانـی ئـەدەب و کەلتـووری کـوردی کـردووە.

بیرەوەرییەکانـم لەگەڵ نووسـەر و توێژەری و وەرگێڕی گەورەی کورد دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٧٨ کـە (ملتقـی القصـة الاول - دیـداری یەکەمـی چیرۆک)بەسترا، ئەو کات کەریم شنتاف وەزیری (الثقافة و الإعلام)ی عێراقی بـوو، موەفـەق خـزر وەکیلی وەزیـر بـوو، لەگـەڵ دائیـرەی ئێمـە ئەمینداریێتیی گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوان ڕێککەوتبوویـن کـە دیدارەکـە لـە هاوینەهـەواری سـەلاحەدین بێت لـە هۆتێلەکـەی سـەری ڕەش، لایەنـی هونـەری لـە تێکسـت و دەقـەکان و میوانـەکان لـە لێپرسـراوێتی ئـەوان بێـت، لایەنـی لۆجسـتی لـە میوانداریێتـی و دابیـن کردنـی شـوێنی نووسـتن و خـواردن لـە بەرپرسـیاریێتیی ئێمـە بێـت، بەنـدە بـەو پێیـە سـەرۆکی بەشـی (تەئلیـف و نەشـر)بووم تەکلیـف کرام و چـوار ڕۆژ لەگەڵیان بووم، ئـەو نووسـەرە کورد و چیرۆکنووسـانەی بەشدارییان تێدا کرد لەوانە (محەمـەد مەولـەد (مـەم)، محەمـەدی مـەلا کەریـم، د. ئیحسـان فوئـاد، د. عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ، مسـتەفا سـاڵح کەریـم، د. کاوس قەفتـان، حوسـێن عـارف و دوکتـۆر عەبدوڵـڵا حـەدادو نووسـەرو ڕۆژنامەنـووس مومتـاز حەیـدەری و نووسـەر مەحمـود زامـدار و چەندانـی دیکـە..)، ئـەوەی گرنگـە ئـەوە بـوو لـە کاتـی کۆتایـی دیدارەکـە کێشـە کەوتـە نـاو نووسـەرانی عێراقـی و نووسـەرانی کـورد لەسـەر بەیاننامـەی ختامـی - کۆتایی، لێرەدا دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و محەمـەدی مـەلا کەریم و










**بەرهەمەکانی ناوبراو.**




بەرهەمەکانی ناوبراو.

حوسێن عارف دەورێکی زۆر باڵایان گێڕا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەو توانیان ئەو بەندانەی کە دەیان ویست لە بەیاننامەکە بیچەسپێنن.

محەمەدی مەلا کەریم ڕەوانتشادو ئارامگەت  پڕ گوڵ و گولزار بێت.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- حەمەی مەلا کەریم پیاوێک لە دار هەرمێی وشە لە نووسینی نووسەر کامەران سوبحان، لە باسنیوز ٢٠١٤/٥/٣.

٢ – کورتەیەک لە ژیانی حەمەی مەلا کەریم تەلەفزیۆنی ئێن ئارِ تی سەردان لە ڕێکەوتی ١٢ ی ئاداری ٢٠١٧.

٣ – وتووێژ لەگەڵ حەمەی مەلا کەریم گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٦٨،١٦٩،١٧٠.

٤ – خاک TV نووسەر بەیاد مەریوانی

٥ – فلیمی دۆکیومێنتاری، بەرنامەی لووتکە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادە کردن و پێشکەش کردنی حەمە جەزا محەمەد،

٦ – زانیاری و نووسینی خۆم.



## دکتۆر ئیحسان فوئاد

مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، شاعیری زانستخواز، ڕەوانشاد دکتۆر ئیحسان فوئاد

(ناوی تەواوی ئیحسان کوڕی کەریم بەگی حەمە بەگی قادر پاشای بابان)ـە، لە بەگزادەکانی سلێمانین، بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر شەریف پاشای خەندان، برای دکتۆر کەمال فوئاد و دکتۆر جەمال فوئادە.

لە ٢٣ / ٨ / ١٩٣٥ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، دواتر بە شێوەیەکی فەرمی بەرواری لە دایکبوونی کراوەتە ١/ ٧ / ١٩٣٦، خوێندنی ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووەو لە ساڵی ١٩٥٣ چووەتە خانەی مامۆستایانی باڵا لە بەغدا ( دار المعلمين العالي )، بەشی ئینگلیزی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٧ بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سلێمانی، پاشان چووەتە یەکێتیی سۆڤیەت، ماستەر و دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بە دەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٦٧ لە سۆڤیەت گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە سەرۆکی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و وانەی ئەدەبی کوردی



لەلای ڕاستەوە ئیسماعیل ساڵحی، نەناسراوە، نەجمەدین عەزیز، نازم کەریم

گوتووەتـەوە .

پـاش بەیاننامـەی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠، بووەتـە بەڕێوەبـەری گشـتیی ڕۆشـنبیریی کـوردی لـە بەغـدا ، لـە دوای سـاڵی ١٩٧٤ لـە کارەکـەی دوورخراوەتـەوە ، پـاش ماوەیـەک گەڕاوەتـەوە بەغـدا لـە بەشـی کوردیـی کۆلێژی پـەروەردەی زانکۆی بەغدا، وەکو مامۆسـتای زمان و ئەدەبی کوردی دەسـت بـەکار بووەتـەوە، دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ گەڕاوەتـەوە سـلێمانی وەکو یاریـدەدەری سـەرۆکی زانکۆ سـلێمانی کاری کردووە، تا وەکو سـاڵی ٢٠٠٧ خانەنشـین کـراوە ، لـە ٢ / ٦ / ٢٠٠٨ کۆچـی دوایـی کـردووە .

دوکتـۆر ئیحسـان فوئـاد شـاعیرێکی نوێخـواز بـوو، سـەبارەت بـە هەسـت کردنـی بـە شـیعرو خۆشەویسـتی بـۆ زمـان و ئـەدەب لـە شـوێنێکدا دەڵێت: ( پێش ئـەوەی بچمـە قوتابخانـە، لـەو کـۆڕە شـیعرانەدا کـە لـە ماڵـەوە زۆربـەی جـار دەبەسـتران، شـیعری جوانیـان دەخوێنـدەوە بـە بـێ ئـەوەی مـن لـە ماناکـەی بگـەم، کـە شـیعرێک دەخوێندرایـەوە زوو لـە مێشـکم دەچەسـپا، لەوانـە شـیعرێکی حەمـدی کـە بـۆ نـەورۆزی گوتـووە بـە نـاوی ( بەهبەهــ چ ڕۆژێکـی نـەورۆز)، هـەروەهـا شـیعرێکی قانیعـی شـاعیر بـە نـاوی (نەمـا ترسـی قـەل و

کۆتر) و شیعرێکی شێخ ڕەزا کە دەڵێت: (میر بەسەد مننەت هەناردەی هێستریکی ڕووت و قووت و ئەندام هەر وەک عەنکەبووت)، ئەم سێ شیعرە لەو شیعرانەن کە من پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە لە بەرم بوون .کەواتە شیعر بەهرەیە و بە دەستی من نییە و خۆی ناچارم دەکات بینووسمەوە .

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ( هێشتا هەر قوتابی بووم لە ( دار المعلمين العالي ) لە بەغدا یەکەم بەرهەمی شیعریم لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی (ژین) بە ناوی (ژنێکی شێواو) بڵاوکرایەوە، بە ناوێکی خوازراو لە هەولێرەوە ناردم، ئەو ڕۆژە کە شیعرەکەم بڵاوکرایەوە وام دەزانی کە گەورەترین کەسی جیهانم، لە خۆشیاندا نانم پێ نەدەخورا، دێتەوە بیرم کە ڕۆژنامەکەم هێنا لە ماڵەوە چوومە ژوورەکەم و ئیدی لە خۆشیاندا نەهاتمە خوارەوە، بۆیە کە شیعر یەخەی گرتیت دەبێ بینووسیتەوە، وەک بڵێیت دەربڕینێکە ئەگەر نەیکەیت نەخۆش دەکەویت، لە یادی هەڵەبجە لەوێ بینیم خوێندکاران نمایشێک دەکەن، ئەو کارە وای کرد شیعرێک بنووسم بۆ ڕۆژی دواتر هەر لەوێدا خوێندمەوە ) .



لەلای ڕاستەوە د. ئیحسان فوئاد، هێمنی شاعیر، جەمال خەزنەدار

هەواڵنامەی کتێب



لەلای ڕاستەوە هێمنی شاعیر، نەناسراوە، د. ئیحسان فوئاد، محەمەد مەولود (مەم) ،
پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار

دکتۆر ئیحسان فوئاد کۆمەڵێک بەرهەمی هەیە لەوانە ( گوڵی کێوی - دیوانە شیعر - چاپخانەی دار السلام بەغدا ١٩٧٣، دراسات معاصرة - لێکۆڵینەوە - بەغدا ١٩٧٥، فەرهەنگی قوتابیان لە گەڵ جەمال عەبدول و عەبدوڵلا شاڵی و محەمەد ئەمین هەورەمانی - وەزارەتی پەروەردەی عێراق چاپخانەی ( دار الآفاق العربية ) بەغدا ١٩٨٥، دوا چریکە- دیوانە شیعر- چاپخانەی دار السلام بەغدا ١٩٧٣، مەسەلەی ویژدان ئەحمەد موختار جاف، پێشەکی دکتۆر ئیحسان فوئاد چاپخانەی (ارشاد ) بەغدا ١٩٧٠، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی بە هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و سادق بەهائەدین بەغدا ١٩٧١، مێژووی نوێی هاوچەرخی عەرەبی - وەرگێڕانی بە هاوبەشی لە گەڵ دکتۆر کەمال مەزهەر و ڕەئووف عوسمان و مەحموود تۆفیق و ئەحمەد حەسەن هەردی - چاپخانەی دار الآفاق العربية بەغدا ١٩٨٣). ناوبراو کۆمەلیک وتار و لێکۆڵینەوەی لە بەشی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو کات بڵاوکردووەتەوە، لەوانە (دوو کتێبی عەروز لە شیعری عەرەبی نوێدا - گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، بیرەوەریی شەش ساڵەی ڕۆشنبیریی نوێ، گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ ، ئەم نیشتمانە - شیعر ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژێ ئەبێ - ڕۆژنامەی هاوکاری ، لە گەل بێکەسدا هاوکاری ، مایەو

سـەرمایە – هـاوکاری ، گەشـەی ژیـان – هـاوکاری ، خوێندنـی کـوردی لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی – گۆڤاری ڕۆشـنبیریی نوێ لـە گـەڵ دەیان وتـاری دیکـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی کاروان ، بەیـان ، مادیـا ، بەدرخـان ). دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد لـە سـاڵی ١٩٧٠ تـا سـاڵی ١٩٧٤ بەڕێوەبـەری گشـتیی دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی و سـەرنووسـەری گۆڤـاری ڕۆشـنبیریی نوێ بـووە لـە سـاڵانی ١٩٧٤– ١٩٧٥، ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێتیی نووسـەرانی کورد سـاڵی ١٩٧٠ و ئەندامی کارای سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کـورد و نێـو دەوڵەتـی، سـەرنووسـەری گۆڤـاری مادیـاش بـووە.

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و ڕووناکبیـر حەمیـد ئەبوبەکـر بەدرخـان کتێبێکـی بـە نـاوی گوڵـی کێـوی ماڵئاوایـی لێکردیـن لەسـەر دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد نووسـیوە کـە (٢٥٠) لاپەڕەیـە، وا بەرگەکـەم هاوپێـچ کـردووە .

دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد لـە شـیعرێکی کـە بـە ناونیشـانی (قارەمانانـی بـارزان) بـە ناوێکـی خـوازراوی (کاکـە شـوان) نووسـیوەو لـە سـاڵی ١٩٥٨ لـە گۆڤـاری ( هیـوا ) بڵاوکراوەتـەوە، دەڵێت: ( ڕاسـتە ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـۆ قارەمانانـی بارزانـە، لـە ناویـدا نـاوی بارزانیـی نەمـری تێدایـە، لـە مەیدانـی باسـکردنی گەڕانـەوەی بارزانییـەکان و بایەخـی نەتەوەییـان هۆنراوەیەکـی تایبەتیـم



لەلای ڕاستەوە د. ئیحسان فوئاد، حەجی جەعفەر حارس

نووسی لە گۆڤاری (هیوا) بڵاوکرایەوە بە ناوی (کاکە شوان)ەوە ، باسی دەربڕینی خۆشی و ئاهەنگی نەتەوەی کورد دەکات بە بۆنەی شادبوونەوەی بەو کۆمەڵە قارەمانەی کە پتر لە (١١) ساڵ ئاوارەیی، لە ڕێڕەوە مێژوویی و قارەمانێتییەکەی ئاراسدا کە بەرامبەر زەبر و ستەمی سێ دەوڵەتی دەسەڵاتدار بوونەوە (تورکیا و عێراق و ئێران)، سەرەڕای پاڵپشتیی هێزەکانی ڕۆژئاوا، لەو ڕۆژگارەدا بە نیشتمانەکەیان شاد بوونەوە، کە بیستمان بارزانییەکان ڕێگایان دراوە بگەڕێنەوە کوردستان، هەموومان زۆرمان پێ خۆش بوو، جا لەو شیعرەدا من یەکەمیان خۆشیی خۆم دەردەبڕم بە بۆنەی گەڕانەوەی ئەو قارەمانانە، ئینجا دوای گەڕانەوەیان بە سەربەرزی کە ئەمە جۆرە خەباتێکە، لەناو ئەو هۆنراوەیەدا ناوی بارزانیی نەمر دەهێنم وەک سەرکردەیەک و ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ، ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە).

ئەم شیعرەی دکتۆر ئیحسان فوئاد کەرەسەیەکی زۆر پووختەیە بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسە لەسەر کردنی بۆ نامەی ماستەر و دکتۆرا لە لایەن قوتابیانی بەشی کوردی لە زانکۆکانی




وتارێك دەربارەی دکتۆر ئیحسان فوئاد




وتارێکی نووسەر حەمید بەدرخان

کوردستان. وا تەواوی شیعرەکەی دکتۆر ئیحسان فوئاد لە کۆتایی پۆستەکەم دەنووسمەوە.

بیرەوەرییەکانم لە گەڵ مامۆستای گەورەم دکتۆر ئیحسان فوئاد: لە ساڵی ١٩٧١ لە کۆلێژی (القانون و السیاسة)، تازە خوێندنی خۆم گواستبووەوە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، کورتە چیرۆکێکم نووسیبوو بە ناو نیشانی ( مۆروی ملوانکە ) بردم بۆ دکتۆر ئیحسان فوئاد ئەو بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری بوو، فەرمانگەکەی لە بەغدا لە کەڕادە (مسبح) بوو ، کە چووم کاک شامل مەردان ئاغا سکرتێری بوو، ئیزنی دام و چوومە لای، دیار بوو ڕای لە نووسینەکەم بوو، گوتی: لە ژمارەی داهاتووی ڕۆشنبیریی نوێ تێدایە، زۆر کەیفم هات، هەندێ پرسیاری دیکەی لێکردم دەربارەی ژیان و خوێندنم، تێگەیشت کە من قوتابییەکی دەست کورتم ، بۆیە پێی گوتم: خەمت نەبێ لەو بەینە لە ڕادیۆی کوردی بێژەرمان پێ دەوێت، خۆم سەرۆکی لێژنەکەم خەمت نەبێت، هەر خۆی وەرەقەیەکی دەرهێناو عەریزەیەکی بۆ نووسیم و گوتی: ئیمزا بکە، منیش بۆم ئیمزا کرد، پاش ماوەیەکی کەم چووم و تاقیکردنەوەی خۆم کردو دەست بەکار



بەرگی دووەمی گوڵی کێوی و پارچە شیعرێکی دکتۆر ئیحسان فوئاد.




گوڵی کێوی ماڵئاوایی لێ کردین- نوسینی حەمید بەدرخان

بووم، ئەمە ژیانی منی یەکسەر گۆڕی، توانیم لە خوێندنی خۆم بەردەوام بم و یارمەتی دایک و باوکیشم بدەم، وەکو دڵۆپیک وەفا بۆ ڕەوانشاد دکتۆر ئیحسان فوئاد وا ئەم بیرەوەرییەی خۆم باس کرد .

**شیعرەکەی دکتۆر ئیحسان:**

جاران کە ئەیان وت بارزان
دڵی من ئەکەوتە گریان
چونکە کوردستانم ئەدی
ئاواتی هەر نایەتە دی
خاکێک ئەهاتە بەرچاوم
ئەی وت: لە خوێنا گەوزاوم
چ خاکێک ؟ خاکی نەبەردی
چ خوێناویک ؟! خوێنی مەردی
بۆ کێ ؟ بۆ ئامانجی وەتەن
هەزار وێنەی لە خۆ بوردن
ناوچەی بارزان ، بارزانی من
بوو بوو بە هێلانەی دوژمن
هەر باڵای نەجەوان بوو
بەرەو نەمان: مردن ئەچوو
هەر مناڵ بوو: مناڵی کورد
بە گوللەی ناهەق بوو ئەمرد
هەر کیژی کوردستان بوو
کێو هەردی گۆڕستان بوو !
ئاوارە بوون: وێرانە ماڵ بوو

بەڵام لە تەک ئەمانەشا
ئەمدی خوێنی دوژمن ئەرژا
قارەمانیک: شێر وەستا بوو
دەستی گەلی لە دەستا بوو
ئەی وت: ژینی دیلی و بەندیم
ناوێ ئەبێ سەربەست بژیم
نیشتمانم ئەبێ ئازاد
دەست هەڵناگرم لە خەبات
ئەی دوژمنی نیشتمانم
من مەشخەڵی ڕێی ژیانم
شەبەقی ئاڵم: ڕزگاری
بۆ ژیانی کوردەواری
ئێستاش خاکی بارزان ماوە
خۆڵی تێکەڵ بە خوێناوە !
ئەو بارزانەی هەموو هەستا
بەرامبەر بە دوژمن وەستا !
ئێستا ئەو خاکە ئازادە
کوردەواری تیا شادە
خورپەی دڵی منی جاران
کە پڕ بوو لە قوڵپەی گریان
لەگەڵ دەستی جەورا نەما
قەڵای سەختی دوژمن ڕما !
ئەی قارەمانانی بارزان
ئێوەن پڕشنگی ڕووی ژیان

به هەزاران دڵ ئەوەتا
کەیلە لە بزەی ئاواتا
چ ڕۆژێکە تیایا ئەگەن !
بە هەوارگەی پاکی وەتەن
فرمێسک بە ڕووی نیشتمانا
بە ڕووی شەنگی کوردستانا
فرمێسکی پڕ شادومانی
نیشانەی شەوقی کامەرانی
تک تک ئەتکێ:  دێتە خوارێ
وەک یاقوتی گەش ئەبارێ

سەر

چاوەکان:

١- گوڵی کێویماڵئاوایی لێکردین لە نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمید بەدرخان.

٢- وتارێکی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ بە ناونیشانی جارێکی دیکە بۆ یادگاری د. ئیحسان فوئاد لە کوردستانی نوێ.

٣- وتارێکی نووسەر زانیار سەردار قڕگەیی بە ناونیشانی ئیحسان فوئاد شاعیری زانستخواز لە Bas news لە بەرواری ١٣ / ١١ / ٢٠١٧.

٤ – بیرەوەری و زانیاری، نووسینی خۆم.



# شوکر مستەفا

نووسەر و وەرگێڕو ڕووناکبیری گەورەی کورد مەلا شوکر مستەفا

نووسەرو ڕووناکبیری گەورەی کورد محەمەدی مەلا کەریم سەبارەت بە مەلا شوکر مستەفا دەڵێت:(ئەم پیاوە بلیمەتە، هەر چەند سەر دێنم و سەر دەبەم، هاوتایەکی لە سەرانسەری نیشتمانەکەمدا بەدی ناکەم)

مەلا شوکر مستەفا لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی (مامشە)ی سەر بە ناوچەی قەرەحەسەن لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٢ دەچێتە کەرکوک هەر لەوێش چۆتە بەرخوێندنی ئایینی، لە ساڵی ١٩٤٩ کۆلێژی (الشریعة)ی لە بەغدا تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق، زۆر جاریش لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی دوورخراوەتەوە بۆ شارەکانی خوارووی عێراق.

لە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی- بەشی پرۆگرام و بەرنامە لە بەغدا کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە کۆڕی زانیاریی کورد وەکو ئەمینداری گشتی دامەزراوە و ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەڕێوەبردنی لیژنەکانی کۆڕ، ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٧٩ کە حکومەتی عێراقی کۆڕی زانیاریی کوردی لکاند بە کۆڕی زانیاریی عێراق، ناوەکە بووە (کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کوردی)،



لەلای ڕاستەوە: دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شوکر مستەفا ، دکتۆر جەمال نەبەز

مـەلا شـوکر مسـتەفا وەکـو شـارەزا (خبیـر) بـەردەوام دەبێـت لـە خزمـەت کردنـی کردنـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی.

لـە سـاڵی ١٩٩٦خانەنشـین کـراوە و هاتووەتـەوە کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٩٧ لـە هەولێـر بووەتـە سـکرتێری کـۆڕی زانیاریـی کوردسـتان، لـە ڕۆژی ١٨-٩-٢٠٠٣ بـە نەخۆشـیی دڵ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لـە هەولێـر تەرمەکـەی بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە.

مـەلا شـوکر مسـتەفا نووسـەرو وەرگێڕێکـی بـە توانـاو لێهاتـوو بـوو بـە قەڵەمـە ڕەنگینەکـەی خزمەتێکـی زۆری زمـان و ئەدەبـی کـوردی کـردووە، لـە بـواری داهێنـان و وەرگێڕانـدا، ئـەو زمانەکانـی عەرەبـی و فارسـی و تورکیـی عوسـمانی و تورکیـی نـوێ و تورکیـی ئـازەری زۆر بـە باشـی زانیـوە.

لـە ئاهەنگـی ڕێزگرتـن لـە مامۆسـتا شـوکر مسـتەفا کـە دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی ئێـوارەی ڕۆژی ١٢-٥-١٩٩٧ لـە هـۆڵـی یانـەی هێڵـی ئاسـمانیی عێراقـی لـە بەغـدا سـازکرابوو، نووسـەر و ڕووناکبیـری کوردپـەروەر محەمـەدی مـەلا کەریـم سـەبارەت بـە مامۆسـتا شـوکر مسـتەفا دەڵێت:(بـە جەختـەوە دەتوانـم بڵێـم کوردسـتانی بەشـی عێـراق، ڕۆشـنبیرێکی فـرە بەهرەتـری لـە مامۆسـتا شـوکر تیـا نییـە، ئـەو کـوڕە لادێییـە، بـێ باوکـەی،

له دێهاتی دەوروبەری کەرکوک فێری کوردی و له ناو تورکمانی کەرکوکدا فێری تورکی و له ژیانی فەقێییەتی و خوێندنی کۆلێژی شەریعەتدا فێری عەرەبی بوو، که ئێستا له ڕێگای ئەو تورکییەوە و به هەموو باڵادەستییەک تورکیی عوسمانی و تورکیی نوێمان بۆ دەکات بەو کوردییە بەرز و باڵایە، هەموو دیالێکت و زارە کوردییەکانی جێییانی به ڕەسایی تیا دەبێتەوە، ئەو چەشنە عەرەبییەمان بۆ دەنووسێت که شاکارەکانی مەنفەلووتی و مستەفا سادق ڕافیعی و تەها حوسێنمان دێنێتەوە یادو خۆی له بەرەی هەموو دیالێکتە دووردەستەکانی زمانە پەیتەچە تورکییەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست دەدات و گشت ئەمانەش به ڕەنجی شان و بیری خۆی).

مەلا شوکر مستەفا، زیاتر له (٢٥) کتێبی چاپکردووەو بڵاوی کردوونەتەوە، بەشێکی زۆری له نووسین و داهێنانی خۆی وئەوانی دیکە له زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی لەگەڵ پێداچوونەوە به هەندیک کتێبدا، لەوانە (ئازار هی من ئاوات هی تۆ باهۆز هی هەمووان- دانانی عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆ - مەلا شوکر له تورکییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئیدریس بەدلیسی - محەمەد بایرەقدار له تورکییەوە بۆ کوردی، ئەندێشەو هونەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی به هاوکاری لەگەڵ سەرۆ قادر، بیرانینێد من - دانانی ئەحمەدی میرزا له فارسییەوە بۆ کوردی، پێشبینیی لێزانە قەرەجەکە - دانانی عەبدولمەجید لوتفی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، جوانیی زمانی کوردی - چەند ووردە بابەتێک، دیوانی شێخ ڕەزا- شیکردنەوە، سیابەند و خەجێ -دانانی سیابەندۆف سەمەند



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، مەلا شوکر مستەفا له تەنیشت پەیکەری هێمنی شاعیر.

وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، سەرچاوەکانی بیرەوەری کوردایەتی- نووسینی خۆی، ممی الان ملحمة فولکلوریة کردیة- ئامادەکردنی نورەدین زازاو وەرگێڕانی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و پێداچوونەوەی شوکر مستەفا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٦یەمین دانانی شەمسی محەمەد ئیسکەندەر وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە بۆ کوردی - ، مەهدینامە نووسینی محەمەدی حاجی حەسەن و لێکۆڵینەوەی و پێشکەشکردنی محەمەد عەلی قەرەداغی و پێداچوونەوەی شوکر مستەفا، نادر نامە میرزا ئەڵماس خانی کەڵهوڕ نووسینی خۆی، ناسکوێژی نووسینی خۆی، کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەریدەیەکی رۆژئاواییەوە- وەرگێڕان لە تورکییەوە، کۆمەڵناسی گەلی کورد نووسینی مارتن ڤان برۆنسن وەرگێڕانی بۆ فارسی ئیبراهیم یونس و وەرگێڕانی بۆ کوردی شوکر مستەفا، چەندین شاکاری




بەرگی دووەمی کتێبی


(سەربردەی ژیانی سیاسیم




























تری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وەکوقەڵای دمدم- عەرەبی شەمۆ، سترانا زارگۆتنا کوردە تاریخی ئۆردیخانی جەلیل، کوێر ئۆغلی یەشار کەمال، ئەفسانەی شێخ بەدرەدین کوڕی قازی سیماونە - نووسینی نازم حیکمەت، تەنەکە یەشار کەمال، کاریتە یان ئەو دیوی چیا، ئەفسانەی چیای ئاگرین، زەوی ئاسن و ئاسمان مسی یەشار کەمال، شعر الشاعر الکردی گوران نووسینی حوسێن عەلی شانۆف لە ئازەرییەوە کردوویەتییە عەرەبی .

وا بیرەوەرییەکی کورتی خۆم لەگەڵ ئەم زانا گەورەیەی کورد دەنووسمەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨، ئەو کاتەی مەلا عەوڵای حاجی سمایل خەریکی لە چاپدانی کتێبی (سەربردەی ژیانی سیاسیم)بوو، مەوعیدێکی لەگەڵ مەلا جەمیل و مەلا شوکر هەبوو، منیشی لەگەڵ خۆی برد، لەوێ لەماڵی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، پاش گفتوگۆ کردن

لەسەر کتێبەکەی، مەلا عەولا حاجی سمایل تەکلیفی لە مەلا شوکر مستەفا کرد، ئەگەر دەکرێ پێشەکییەکی بۆ کتێبەکەی بنووسێت مەلا شوکریش وتی: مامۆستا پێی ناوێت بەس من چەند وشەیەکی کورت و جوانت بۆ دەنووسم لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکەت بێت، دیاربوو مەلا عەولاش رازی بوو و زۆریشی کەیف هات، بۆیە وا ئەو چەند وشە جوانەی ئەو مامۆستا زاناو زمانزانە گەورەی کوردم لە گەل نووسینەکەم هاوپیچ کردووە.

نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد پەروەر ئازاد عەبدولواحید کتێبێکی لەسەر مەلا شوکر مستەفا نووسیوە بە ناونیشانی (شوکر مستەفا: گەشتێک بە ناو زمان و فیکر و ئیستێتیکا).

بۆ مەلا شوکر مستەفا ڕوحت شادو ئارام و ئاسوودە بێت، دوا مەنزەڵگات پڕ گوڵ و گوڵزارو چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- وتارێکی ڕێبوار خالید لە photofantasy- art لە ١-٧-٢٠٢٠

٢- خانەی کتابی کوردی

٣- کوردیپێدیا

٤- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم .



# دکتۆر کەمال مەزهەر

مێژوونووسی نوێ و هاوچەرخ پرۆفیسۆر کەمال مەزهەر

ئەو لە دوای شەرەفخانی بەدلیسی و ئەمین زەکی بەگ، بە دیارترین مێژوونووس و مێژووناسی کورد دادەنرێت، ناوی تەواوی (کەمال مەزهەر ئەحمەد)ە، لە ١٤-٢-١٩٣٧ لە گوندی (ئاغجەلەر)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ بەشی مێژووی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، هەر هەمان ساڵ لەگەڵ چەند قوتابییەکی دیکە نێردراونەتە یەکێتیی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٦٣ لە مێژووی هاوچەرخی کورد، ساڵی ١٩٦٩ لە ئەنستیتیوتی رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت دکتۆرای بە دەستهێناوە، کە ئەو کات باڵاترین بڕوانامە بووە لە یەکێتیی سۆڤیەت، گەڕاوەتەوە عێراق لە بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا وەکو مامۆستا دەست بە کار بووە.

لە ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٥ ئەندام و ئەمینداری کۆڕی زانیاریی کورد بووە، لە سەرۆکایەتیی کۆمار وەکو ڕاوێژکاری کاروباری کەلتووری هاوکاری کردووە.

ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی ئەنستیتوتی کوردە



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، دکتۆر کەمال مەزهەر**

لە پاریس، لە زانکۆی بەغدا لە ئەنستیوتی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین لە باکۆ و ئەنستیوتی باڵای لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی و سۆیسیالیستی زانکۆی موستەنسریە دەرسی گوتێتەوە.

دکتۆر کەمال مەزهەر پەیوەنییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەموو سەرکردەو لایەنە کوردییەکان هەبووە، لە دوای ڕاپەڕین بڕیار دەدات لە بەغدا بمێنێتەوە و نەگەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان، ئەو سەرپەرشتی دەیان نامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای کردووە، لەسەر مێژووی نوێ کورد و گەلانی ناوچەکە و چەندین کادیری لەم بوارەدا پێگەیاندووە.

ئەو مێژوونووسینی کوردی ئاوێتەی مرۆڤ دۆستی و یەکسانیخوازی و نیشتمانپەروەری کردووە، نەک هەر مێژووی کوردی باشووری نووسیوە و فێری کردووین لە ڕەگەزپەرستی دوور بکەوینەوە و بەڵکو مێژووی عێراق و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیرانی نوێی بە وردی شیکردۆتەوە و نووسیوە.

دکتۆر کەمال مەزهەر لە ماوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵ خزمەتی بە مێژووی کورد و عێراق و گەلانی ناوچەکە کردووە، ئەو نموونەی نەوەی سێیەمی ڕۆشنبیرانی کوردە، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ دۆزینەوە

و هەڵدانـەوەی لاپـەڕەی بەڵگەنامـە تۆزلـێ نیشـتووەکانی وڵاتانـی وەک بەریتانیـا و فەرەنسـا، نـەک هـەر وەکـو مێژوونـووس بەڵکـو چاکسـازی لـە مێـژووی کـورد کـردووە و هەڵەکانیشـی ڕاسـت کردووەتـەوە، بۆیـە لـە دوای شـەڕەفخانی بەدلیسـی و ئەمیـن زەکـی بـەگ بـە دیارتریـن مێژوونـووس و مێژوونـاس هەژمـار دەکرێـت.

ناوبـراو گەنجینەیـەک بەرهەمەمـی مێژوویـی و بـە نرخـی بـۆ نەوەکانـی پاش خـۆی بەجێهێشـتووە، بـە هـەر سـێ زمانـی کـوردی و عـەرەبی و ڕووسـی کـە ئەمانـەن:

بەرهەمەکانـی بـە زمانـی عەرەبـی: ١- کوردسـتان لـە سـاڵانی شـەڕی یەکەمـی جیهانیـدا،٢- ڕاپەڕینـی ١٩٢٠ لـە ڕۆژهەڵاتناسـی سـۆڤییەت، ٣- چاوپێکەوتنێـک بـە چەنـد کێشـەیەکی نێونەتەوەیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، ٤- ڕۆڵـی گەلـی کـورد لـە ڕاپەڕینـی ١٩٢٠ی عێـراق، ٥- سـەرهەڵدان، ٦- چینـی کرێکارانی عێراق پەیدابوونـەوە و یەکەمین بزووتنەوەکانی، ٧- مەکیاڤیللی و مەکیاڤیلیزم، ٨- حەقیقەتەکانی مێژووی کوردەکان، ٩- چەند وتار سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی دەوڵەتە مەزنـەکان، ١٠- چەنـد وانـە لەسـەر مێـژووی ئێرانـی نـوێ و هاوچـەرخ.

بەرهەمەکانـی بـە زمانـی کـوردی: ١- کـوردو کوردسـتان لـە بەڵگەنامـە



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال مەزهەر، ڕۆشنبیر نەجات دزەیی.**

نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ٢- کوردستان لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ٣- ژن لە مێژوودا: کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، ٤- تێگەیشتنی ڕاستی: شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ٥- مێژوو، ٦- ڕینیسانس، ٧- پەڕەکانێک لە مێژووی کورد، ٨- چینی کرێکارانی عێراق پەیدابوونەوە و بزووتنەوەکانی، ٩- خەباتی کورد و ئازەر لە ئێران.

بەرهەمەکانی بە زمانی ڕووسی: ١- خەباتی ڕزگارکەری کوردان دژ بە ئیستیعماری بەریتانیا لە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٣٢، ٢- کورتەیەک لە مێژووی کوردەکان لە ساڵانی ١٩١٨- ١٩٥٨، ٣- بەشداریکردن لە نووسینەکانی: پەیدابوونەوەی چینی کریکار لە وڵاتە ئاسیاییەکان و ئەفریقییەکان.

بەرهەمەکانی کە وەرگێڕاونە سەر زمانی کوردی:١- سەبارەت بە فیئۆدالیزم لە نێو کوردەکان، ئا. شامیلۆف، ٢- وەرگێڕانی (٥) کتێبی وانەیی بۆ زانکۆ، ٣- کوردەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی.

دکتۆر کەمال مەزهەر لە ساڵەکانی دواییدا خەریکی نووسینی زنجیرە کتێبێک بوو دەربارەی مێژووی شاری کەرکوک، بەڵام تەنیا یەک بەرگی لێ نووسی و بڵاوی کردەوە، مەرگ ڕێی نەدا تەواوی بکات.

لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت:( جوگرافیا دەورێکی(سلبی)بۆ کورد هەبووە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا، ئەگەر کورد لەم شوێنەی ئێستادا نەبووایە لە شوێنێکی تر بووایە جگە لە



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو شەهلا حەیدەری، دکتۆر کەمال مەزهەر، ئەوانی دیکە نەناسراون**




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عومەر نورەدینی جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری ئیداری، دکتۆر محەمەد سدیق خۆشناو، دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر وریا عومەر ئەمین، خاتوو شەهلا تاهیر حەیدەری، دکتۆر ڕۆژان عەبدولقادر دزەیی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی**

کوردستانی عێراق دۆخەکە بۆ ئەوان جیاواز دەبوو).

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەڕێز مامۆستا جەعفەر عەلی قوتابیی ماستەر بووە لە بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا دەڵێت:(ئەو کاتەی قوتابیی بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا بووم لە ناوەڕاستی هەشتاکان، دکتۆر کەمال مەزهەر بۆ نامەی ماستەر و دکتۆرا زۆر سەرسەختانە داکۆکی لە خوێندکارانی دەکرد، بیرمە ڕۆژێک پێویستم بە کتێبی (میری)ی نیکۆلۆ مەیکاڤیللی هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە لە ژوورەکەی لە بەشی مێژوو سەردانم کرد، بەو پێیەی ئەو لێکۆڵینەوەیەکی زیاد لە هەشتا لاپەڕەی لەگەڵ ئەم کتێبە دەربارەی مەیکاڤیللی و مەیکاڤیلیزم بڵاوکردبووەوە، داوای دانەیەکم لێکرد وتی: بەسەر چاو... یەک دوو جاری تر بۆ ئەم کتێبە لە ژوورەکەی سەردانم کرد دەیوت؛ کاکە گیان بە خوا لەبیرم چوو...هەر



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، دکتۆر کەمال مەزهەر**




بۆت دێنم، بۆ ماوەی مانگێک چەند جار چوومە لای دیار بوو هەر لە بیری چوو بوو.. دەیوت کاکە گیان سەرقاڵم بۆیە لە بیرم دەچێت.. هەموو ڕۆژێ بە بیرم بێنەوە هەتا بۆت دینم!، منیش وتم: دکتۆر گیان بە ڕاستی شەرم دەکەم هەموو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە سەردانت بکەم، وتی: نا کاکە گیان هەموو ڕۆژێ وەرە تا شەرم دەمگرێت و بۆت دەهێنم، لێرەدا هەستم کرد بە گەورەیی ئەم مرۆڤە سادەیە، هەر بەم ڕۆحە گەورەی هاریکاری خوێندکارانی دەکرد).




لە ڕۆژی ١٦ ئازاری ساڵی ٢٠٢١، ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە شاری (بۆن)ی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە.

هاوسەرەکەی خاتوو (شەهلا حەیدەری) دەڵێت: ئاواتی ئەوە بوو لە کوردستان کۆچی دوایی بکات، لەسەر وەسییەتی خۆی داوای کردووە لە سلێمانی بە خاک بسپێردرێت.

لە ڕۆژی ٢٣ ئازاری ٢٠٢١ تەرمەکەی

د . كمال مظهر يتحدث

غنيت بصوتي في موسكو لنوروز عام ١٩٦٠

• الدكتور كمال مظهر الاستاذ في جامعة بغداد كلية الاداب قسم التاريخ من الشخصيات الكردية البارزة والمهمة بدراسة التاريخ خاصة التاريخ الكردي تحدث لنا عن نوروز في التاريخ وذكرياته عنه .. يقول الاستاذ الدكتور كمال مظهر :



• نوروز أصله اسطورة .. وجميع الشعوب القديمة احتفلت به حتى وان كان بغير هذا الاسم .. لان الربيع بداية لحياة جديدة خاصة وان هذا الجميع مهتم بالانتقال من برد الشتاء الى الربيع .. هذا موجود قبل الاريين في الاساطير القديمة .. اما بالنسبة للكرد فقبل الميلاد وقد سقطت امبراطوريتهم في القرن السادس قبل الميلاد .. هناك حالة ظلم وانتفاضة شعبية تزامنت مع فصل الربيع .. قاد هذه الانتفاضة حسب الاسطورة كاوه الحداد ضد (الضحاك) كما يسمي في الدراسات العربية .. هذا تحول الى عيد عند المديين وتوارثه الكرد عنهم .. اقدم الدراسات الكردية لـ[شرف نامه] تشير الى نوروز .. ولكن اهم اشارة للشاعر (احمد خاني) الشاعر الكردي الكبير قبل (٣٥٠) سنة في كتاب [مم وزين] ملحمة مثل [روميو وجوليت] .. وهي مترجمة الى العربية .. اشارة واضحة الى نوروز واحتفال الكرد به .

• في القرن العشرين .. بعد الحرب العالمية الاولى لدينا شاعر كبير هو [بيرەميرد] وقد ركز على الاحتفال بنوروز .. وهناك كتاب صدر قبل سنوات لـ[حلمي علي شريف] الذي كان رئيسا لتحرير جريدة [النور] يتحدث عن الجذور التاريخية لنوروز .

• كنا صغارا .. ولكن في مدينة السليمانية وفي المناطق الاخرى .. كانوا يحتفلون وكان الشاعر [بيرەميرد] يحول الاحتفال بنوروز الى احتفال جماهيري واسع يجتمع اليه الناس ويذهبون الى خارج المدينة .. وقد تربينا على هذا الشيء وفي اعماقي رسوخ لنوروز .. وعندما بدأت السلطات في العهد الملكي بمحاربة نوروز تجسد في اعماقي

گەیشتووەتەوە فرۆکەخانەی هەولێر، لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێ کراوە، ڕۆژی پاشتریش بە ڕێوڕەسمێکی شایستە ڕێزلێنانی بۆ ئەنجام دراوە و تەرمەکەی بردراوەتەوە سلێمانی لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاک سپێردراوە.

لە یادی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی دکتۆر کەمال مەزهەر، دیارە ئەکادیمیای کوردی یادیان کردووەتەوە دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا جێگری ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر وتارێکی خوێندووەتەوە وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە، لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆشی نووسیویەتی: (درووود بۆ ئەم پیاوە گەورەیەی هەم مێژوونووس بوو، هەم خۆشی مێژوو بوو،

سەری ڕێزتان بۆ دادەنوێنم مامۆستا گەورەکەم، دکتۆر کەمال مەزهەر لە ناو دڵمان زیندووە... دیمنەتان وەخێر).

بۆ دکتۆر کەمال مەزهەر گیانی پاکت شاد و ئاسوودە بێت، هەرگیز نەمری لە دڵی هەموو کوردانی سەر گۆی زەوی.

وێنەکان: هەموو لە کوردیپیدیا و لاپەڕەی فەیسبووکی بەڕێز پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین و دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا وەرگیراون.


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کەناڵی Chawmidia فلیمێکی دۆکیومێنتاری لە ٢٤-٣-٢٠٢١.

٢-کوردیپیدیا.

٣- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.


٤-wtarikurd وتارێکی بەڕێز نووسەر جەعفەر عەلی لە ١٦-٢-٢٠١٨.

٥- Rudawnet لە ١٦-٣-٢٠٢١.

٦- لاپەڕەی فەیسبووکی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.

٧- لاپەڕەی فەیسبووکی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا.

٨- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر ئەمین موتابچی

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس مامۆستای ئەکادیمی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی، پرۆفیسۆر ئەمین موتابچی

**نبودی با من هرگز سفر نمي كردی**

**إين سفر بی من ازيزم چرا ڕەفتي**

لە کۆتایی نووسینەکەم مانا و ماجەرای ئەو دوو دێرە شیعرەتان بۆ دەگێڕمەوە.

ناوی تەواوی( ئەمین عەلی سەعید)ە، بە دکتۆر ئەمین موتابچی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە گەڕەکی(سەرچیمەن)ی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، لە سەرەتای لاوێتیدا خولیا و سەودای زمان و ئەدەبی فارسی بووە، لە تەک ئەوەی قوتابی بووە، چووەتە لای مامۆستایانی(شێخ نوری بابە عەلی و مەلا ڕەحیمی مەریوانی) دەرسی زمان و ئەدەبی فارسی خوێندووە. لە ساڵی ١٩٥١ چووەتە خوولێکی ئامادەکردنی مامۆستایان و تەواوی کردووە و وەکو مامۆستا دەست بە کار بووە.

لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەکو



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر، ڕەوانشاد دکتۆر ئەمین موتابچی، دکتۆر کاوە مەحمود، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین،**

قوتابی وەرگیراوە و ساڵی ١٩٦٣ بە پلەی(نایاب- ممتاز) تەواوی کردووە و هەر لەوێ وەکو(موعید) دامەزراوەو دەرسی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی گوتووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٩ چووەتە زانکۆی تاران لە ئێران، بڕوانامەی دکتۆرای لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی بەدەستهێناوەو گەڕاوەتەوە عێراق، لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووەتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی، سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرایان وەرگرتووە.

ناوبراو ئەندامی شەرەفی کۆڕی زانیاریی کوردی بووە، ماوەیەکیش لە وڵاتی ئوردن لە زانکۆی(عەممان) دەرسی زمانی فارسی داوەتەوە، لە کۆتایی ساڵەکانی ژیانی لە لەندەن نیشتەجێبووە ، لەوێش لە زانکۆی لەندەن دەرسی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی گوتووەتەوە.

پرۆفیسۆر دکتۆر ئەمین موتابچی کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و چیرۆک و مێژوو و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و تێهەڵکێشانی شیعری

شاعیرەکانی فارسی نووسیووەو چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، دیارترینیان ئەمانەن:

- کوردنامە- ئەم بەرهەمەی لەژێر کاریگەریی (شانامەی فارسی)دا نووسیوە، کە باسی مێژووی کورد دەکات لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی(ماد)ەوە تا کۆتایی کۆماری (مهاباد)، ماوەی(٢٦) ساڵ خەریکی بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ وە تا وەکو ساڵی ١٩٩٦ تەواوی کردووە.
- تێهەڵکێشی موتابچی- کە (٣٦) غەزەلی شاعیری کۆنی فارسی حافزی شیرازی گرتووەتە خۆ.
- دەفتەری یەکەمی مەسنەوی - مەعنەوەی- جەلالەدینی ڕۆمی، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- دیوانی مەلا عوسمان، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە.
- زەردەشت و شەش چیرۆکی کورت.
- چواردە چیرۆکی کورت، وەرگێڕان لە فارسییەوە.

-کوردستاننامە یان شێرکۆ و ماری.

- دیوانی موتابچی، دوو بەرگ.
- کورد و مەسەلەی ، وەرگێڕان.




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال مەحموود، ڕەوانشاد دکتۆر ئەمین موتابچی، دکتۆر کەمال میراودەلی، نووسەر و ڕووناکبیر ئەنوەر سوڵتانی.**

لـه ڕۆژی ١٢-٥-٢٠٢٠ لـه وڵاتـی غەریبـی لـه لەنـدەن کۆچـی دوایـی کـردووە.

لـه پەیامێکدا بۆ ماڵئاوایی دکتۆر ئەمین موتابچی ڕووناکبیر فریاد فازل دامەزرێنـەر و سـەرۆکی ئینسـتیتیۆی خوێندنـی کـوردی لـه بەرلیـن دەڵێـت: (دکتـۆر ئەمیـن موتابچـی یەکێـک لـه ڕۆڵـه دڵسـۆزەکانی شـاری سـلێمانی بـوو، کـوڕی کۆڵانـه تەسکەکانی گەڕەکی سـەرچیمەن، ماڵئاوایی لێکردیـن و ئاماژەش بـەوە دەکات و دەڵێت: بێ گومانم شـاعیرانی کلاسیکی کوردی(نالی، سـالم ، کـوردی) موتەسـەویفانی دوای ئەوانیـش شـاعیرانی فارسـی سـەعدی شـیرازی، حافزی شـیرازی، نیزامـی گەنجـەوی) لـه ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بـه دڵ یـادی پێنووسـەکەی ئـەم مامۆسـتا و ئەکادیمیاکارەی کـورد دەکـەن و لـه یـادی ناکـەن).

هەروەهـا ئەنـوەر سـوڵتانی نووسـەر و وەرگێـڕی کـورد کـه خەڵکـی کوردسـتانی ئێرانـه، بۆ بیرەوەریی مامۆسـتای نەمر دکتۆر ئەمیـن موتابچـی نووسیویەتی:(مامۆسـتام بـه داخـەوە درەنـگ ناسـی، وا بزانـم ئێوارەیەکـی سـاڵی ٢٠٠٨ بـوو، تەلەفۆنێکی بۆ کـردم و گوتـی: ژمارەکەتـم لـه دۆسـتێکی خۆشەویسـتی هەردوولامـان وەرگرتـووە، ئینجـا بـه گفتێکـی شـیرین پێـی گوتـم خەریکـی وەرگێڕانـی شـیعری حافـزی شـیرازیم لـه فارسـییەوە بـۆ سـەر زمانـی نەتەوەییمـان، هەواڵەکـەم چەنـده پـێ خۆشـبوو، ئەوەنـدەش سـەیر ئەهاتـه بەرچـاو، حافـز لوتکەیەکـی دوورەدەسـتی مێـژووی شـیعری فارسـییه، تـا ئێسـتا لـه ئێرانیـش جگـه لـه (شـەهریار) کـەس نەیتوانیـوە لێـی



نزیک ببێتەوە، ئەوانەش وا خۆیان بە داوێنیدا هەڵواسیوە، خێرایەک لەو بەرزییەوە کەوتوونەتە خوارێ، ئێ باشە کاری وا چۆن بۆ کوردێک، ئەویش لە باشووری کوردستان دەگونجێت؟ ....نووسەر ئەنوەر سوڵتانی لە نووسینەکەی بەردەوام دەبێت تا دەگاتە..( باشە با حافزیش لەو لوتکە وەستا بێت، خۆ ئەم کەسەش کەم کەسێک نییە!! بۆ وا دەبێ دڕدونگ بم ؟ ترسم ڕژابوو).

کورتە بیرەوەرییەکم لەگەڵ مامۆستام و مامۆستای سەدان قوتابی وەکو من لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، دکتۆر ئەمین موتابچی چوار ساڵی تەواو دەرسی زمان و ئەدەبی فارسی پێ گوتووین، لەسەر دەستی ئەو ئێمەی قوتابیان، هەریەکەمان بە ڕێژەیەک فێری زمان و ئەدەبیاتی فارسی بووین، بە شیعرەکانی شاعیرانی کۆن و نوێی فارسی( سەعدی و حافز و گەنجەوی.....هتد) ئاشنا کردین.

ئەو دوو دێرە شیعرەی لەسەرەتا نووسیوومە، ئەو جاروبار بۆی دەگوتین و ماجەراکەشی بۆ شەرح دەکردین کە ئەوەیە:

کوڕێکی ئێرانی فڕۆکەوان(کابتن) دەبێت لەگەڵ دەستگیرانەکەی یەکترییان زۆر خۆشدەوێت، هەموو سەفەرێک لەگەڵ خۆی دەیبرد، لە یەکێ لە سەفەرەکانی پێی دەڵێ: ئەم سەفەرە ئیش و کارم زۆرە ناتبەم، دەستگیرانەکەی مکووڕ (ئیلحاح) دەبێت و دەڵێ: دێم لەگەڵت، ئەویش ڕازی دەکات و وەعدی دەداتێ سەفەری داهاتوو بیبات، کوڕەی فڕۆکەوان دەڕوات فڕۆکەکەی دەکەوێت و دەمرێت و نایەتەوە، دەستگیرانەکەی بەم دوو دێرە شیعرە ستایشی دەکات و دەیلاوێنێتەوە:

نبودی با من هرگز سفر نمي كردی

إين سفر بی من ازيزم چرا ڕەفتی

ماناکەی:

کچە دەستگیرانەکەی دەڵێت: قەت (هەرگیز) نەبوو بە بێ من سەفەر بکەی، ئەو سەفەرە بە بێ من ئازیزم چۆن ڕۆیشتی!!

ئینجا بە دەنگ و (فۆنێتیک)ی دکتۆر ئەمین موتابچی، ئەوەندە خۆش و کاریگەر بوو، من خودی خۆم ئەوە بووە (٥٠) ساڵی ڕەبەق، هێشتا لە

گوێچکـەم دەزرینگێتـەوە، بـۆ زانـا و دانـا، مامۆسـتای ئەکادیمـی و شـاعیر و چیرۆکنـووس و مێژوونـووس، پرۆفیسـۆر ئەمیـن موتابچـی، گیانـی پاکت شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت، گڵکـۆت پـڕ گـوڵ و گوڵـزار و چراخـان بێـت.

تێبینی:

موتابچـی: پیشـەیەکی دەسـتیی کۆنـە، مـووی بـزن بـە ئامێـری سـەرەتایی وەکـو تەشـی ، شـانە، ئینجـا دەڕێسـترێت و دەکرێتـە (تورەگـەوە بـۆ ئالیکـی ولاخ، خـەرار کـە لای ئێمـەی پێـی دەڵێـن (جـەوار) بـۆ هەڵگرتنـی گەنـم و جـۆ ، بـۆ هەڵگرتـن و داگرتنـی تووتنیـش قەتارچییـەکان بەکارییـان هێنـاوە.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیدیا.

٢-ماڵپـەڕی خەنـدان- لەندەن- وتارێک بە ناونیشـانی(دکتۆر ئەمین موتابچی، ماڵئاوایـی گەوهـەرێک لـە ئەدەب) لە ١٦-٥-٢٠٢٠.

٣- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی

مامۆستای ئەکادیمی زمانی عەرەبی و کوردی، شاعیر و نووسەر پرۆفیسۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی

پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە ڕۆژی ٨-٤-١٩٢٤ کە ڕۆژی بۆمبابارانکردنی شاری سلێمانی بووە و خەڵکەکەی چۆڵیان کردبوو، بۆیە لە ئەشکەوتی (سورداش)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بوو.

لە ساڵی ١٩٢٩ نێردراوەتە حوجرەی(مەلا ئامینە- مامزە) بۆ خوێندنی ئایینی، ماوەیەکی کورت ماوەتەوە پاشان لەسەر داخوازیی خۆی بەردەوام نەبووە، لە ١٩٣١ - ١٩٣٧ خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی بە زمانی کوردی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٨ماڵیان چووەتە بەغدا، خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا بە زمانی عەرەبی تەواو کردووە، چووەتە خانەی مامۆستایان هەر لە بەغدا و تەواوی کردووە وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانەی(صدیقة- سەدیقە) لە سلێمانی دەست بە کار بووە.

لە ساڵی ١٩٤٩ سەرەتا لە زانکۆی (کلارک) لە ئەمریکا وەرگیراوە بۆ خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی، بەڵام دواتر چووەتە زانکۆی(هارڤەرد) هەر لە ئەمریکا لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان(سامی و ئێرانییەکان) وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٥١ ماجستێری لە (هاوتا کردنی زمان) وەرگرتووە، یەکەم

کەس بووە لە عێراق بڕوانامەی ماجستێری لەم پسپۆڕییە وەرگرتووە، لە هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە عیراق و بووەتە مامۆستا زمانەوانی و مێژووی کۆنی زمانەکانی ڕۆژهەڵات، لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، هەر لە ساڵی ١٩٥١ بۆ درێژەدان بە خوێندنی زمانەوانی ناردراوەتە زانکۆی(لەندەن)، لەوێش مامۆستای سەرپەرشتکاری(سێر سدنی سمێس)، پرۆگرامی خوێندنی بۆ داناوە و چاودێریی کردووە، بەڵام لەبەر بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلەوانزا خوێندنەکەی گواستووەتەوە بۆ قاهیرە لەوێ تەواوی کردووە، بەڵام هەر بە سەرپەرشتیی سێر سدنی سمێس، بڕوانامەی دکتۆرای لە (زمانی عەرەبی و هاوتا کردنی بە زمانەکانی دیکە) وەرگرتووە، لە پاڵ ئەوەشدا لە قاهیرە خەریکی خوێندنی زمانەکانی(حیسی کە زمانێکی کۆنی سامییەکانە و زمانی ئەکەدی و بابلی و ئاشووری و عیبری و ئارامی) بووە، گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە مامۆستا لە بەشی عەرەبیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ئەو زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزیشی زانیوە.

دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە نامەیەکیدا کە بۆ نووسەر و ڕووناکبیر جەمال بابانی نووسیوە دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٥٨ دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بڕیاردرا بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بکرێتەوە، منیش شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا کە ئەم بەشە بکەمەوە، لەسەر ڕاسپاردەی ڕاگری کۆلێژ و سەرۆکی زانکۆی بەغدا، بەو پێیەی من پسپۆڕیم لە زمان هەبوو، دانانی پرۆگرامی ئەم بەشە بە من سپێردرا، منیش پرۆگرامێکی تەواوم لە ڕووی زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیای کوردستان دانا، جگە لەمەش دانانی پرۆگرامی ڕێزمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکان، لە ساڵی ١٩٧٠ کە کۆڕی زانیاریی کوردی دامەزرا، من یەکەم کەس بووم کە کاندید کرام بۆ دامەزراندنی، کاتێکیش ئەم کارەم پێ سپێردرا بەشی کوردیم بەجێهێشت، دواتر لەسەر داخوازی خۆم گەڕامەوە بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی ئادابی بەغدا بۆ سەرپەرشتی کردنی نامەکانی ماجستێر و دکتۆرا لە زمانی عەرەبی).

دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩٧٨ گواستراوەتەوە بۆ وڵاتی ئوردن لە هەردوو زانکۆی(عەمان و یەرموک) وەکو مامۆستای میوان

دەرسی زمانی عەرەبی گوتووتەوە، لە ساڵی ١٩٨٧ گەڕاوەتەوە عێراق و لەسەر داخوازیی خۆی گواستراوەتەوە زانکۆی سەلاحەدین تا ساڵی ١٩٩١ خانەنشین کراوە.

دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی کۆمەڵێک بەرهەمی نووسیوە و چاپی کردوون لەوانە:

- نامەیەک بە زمانی ئینگلیزی لەسەر مێژووی کۆنی کورد ساڵی ١٩٥١.
- نامەی دکتۆراکەی بە زمانی عەرەبی بە ناوی(الجموع)دەربارەی زمانی عەرەبی و هاوتا کردنی بە زمانەکانی دیکەی سامی.
- ژیاننامەی تایبەتیی خۆی بە زمانی کوردی، کە بیرەوەریی (٧٥) ساڵ لە بەسەرهاتەکانی کورد لە ژیانی خۆی تێدایە، ساڵی ٢٠٠٠.
- دیوانێکی شیعری بە ناونیشانی (کورد ژیانێکی پڕ ئەندێشە) ساڵی ١٩٦٠.
- هەموو بەرهەمەکانی باوکی، ڕەفیق حیلمی کە سەرۆکی پارتی (هیوا) بوو، چاپ کردووە.
- ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە.

گیانی پاکی دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- مەودا- میدیا- دیمانەیەکی میدیاکار نەرمین عوسمان لەگەڵ ژیان ڕەفیق حیلمی لە ٣-٢-٢٠٢٢.
٢- ئەکادیمیای کورد زۆن- وتارێکی نووسەر یاسین ئەحمەد لە ٢٥-٢-٢٠١٧.
٣- کوردیپیدیا.
٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر کەمال فوئاد

نووسـەر و مێژوونـووس و ڕۆژنامەنـووس و سیاسـەتمەدار، ڕەوانشـاد دکتـۆر کەمـال فوئـاد

نـاوی تەواوی(کەمـال کـوڕی کەریـم بەگـی حەمـە بەگـی قـادر پاشـای بابـان)ە، لـە بەگزادەکانـی سـلێمانین، بـە ڕەچەڵـەک دەچنـەوە سـەر شـەریف پاشـای خەنـدان، بـرای دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد و جەمـال فوئـادە.

لە سالّی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا بە هـۆی بیروبـاوەڕە پێشکەوتنخوازییەکەوە چووەتـە ڕیزی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقی، لە ساڵی ١٩٥٢ قوتابی بووە لە کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا، لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی دەستگیرکراوە و دوو ساڵ لە زیندان ماوەتەوە، دواتر ئازادکراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.

پاشـان دەچێتـە سـووریا لەوێشـەوە بـۆ ئەڵمانیـا ڕۆژئـاوا، لـە ئەڵمانیـا خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، بڕوانامەی ماستەری لە (فۆنیمەکانی زمانی کوردی)لـە زانکـۆی (هامبۆرگ)وەرگرتووە،پاشـان تێزێکی ئەکادیمـی لەسـەر دەستنووسـە کوردییـەکان پێشـکەش بـە هەمـان زانکـۆ دەکات و ی‌ڕوانامـەی دکتـۆرا بـە دەسـتدێنێت.

لـە سـاڵی ١٩٧١ دەگەڕێتـەوە عێـراق، لـە بەشـی کوردیـی کۆلێـژی ئادابـی



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد سەعد عەبدوڵڵا، ڕەوانشاد ئیبراهیم ئەحمەد، بەڕێز عەدنان موفتی، دکتۆر کەمال فوئاد، بەڕێز عومەر عەبدوڵڵا**

زانکۆی بەغدا وەکو مامۆستا بۆ ماوەی ساڵێک دەست بە کار دەبێت، هەر لەو ساڵەدا دەگوازرێتەوە زانکۆی سلێمانی لەوێ بەشی زمانی کوردی دەکاتەوە و تا ساڵی ١٩٧٤ سەرپەرشتیی کردووە و دەرسیشی لەو بەشە گوتووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەچێتە شاخ، لە دوای نسکۆی شۆڕشی کورد، دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا، ئەو یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەیاننامەی دامەزراندنەکەشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی هەر خۆشی لە ئەڵمانیا بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٧ ماوەیەک جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بووە، لە ساڵی ٢٠١٠ بە هۆی نەخۆش کەوتنی دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا تا لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی مانگی ١١ ساڵی ٢٠١٤ لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکەی کۆچی دوایی کردووە، دکتۆر کەمال فوئاد زیاتر لە (٦٠) ساڵ خەباتی سیاسی هەیە، ئەوەیان کاری من نییە، بۆ خەڵکانێکی پسپۆڕ بەجێدێڵین.

دکتۆر کەمال فوئاد کۆمەڵێک بەرهەمی بە سوودی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە لەوانە:

- کتێبی مێژووی کورد و کوردستان- دۆزی کورد لە کۆتایی جەنگی جیهانی

یەکەمــەوە تــا کۆتایــی پەیمانی(ســیڤەر) لە(١٩١٨-١٩٢٠)تویژینەوەیەکــی مێژووییــە بــە بەڵگەنامــەوە.

- بەشــێک لــە بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال فوئاد- زمان و مێژوو- شاعیر و نووســەر نــەوزاد عەلــی ئەحمــەد ئامادەی کردووە و پێشــەکی بۆ نووسیوە.

- چەند زانیارییەک لە بارەی خوێندکارانی کورد لە هەندەران، کەمال فوئاد.

-دەربارەی نەتــەوەی باسک بــە هاوبەشیی لەگــەڵ ســەلام محەمــەد، بەرلینی ڕۆژئــاوا ســاڵی ١٩٨٢.

-فۆنیمەکانی زمانی کوردی - ساڵی ١٩٩٥.

- کوردســتان: یەکەمین ڕۆژنامــەی کوردی ســاڵی(١٨٩٨-١٩٠٢)، کەمــال فوئاد، بەغدا ســاڵی ١٩٧٢.

نووســەرو ڕۆژنامەنــووس حەمیــد بەدرخــان کتێبێکــی بــە نــاوی (کەمــال فوئــاد پیاوێــک لــە یاقــوت) نووسیوەو بڵاوی کردووەتــەوە تێیدا باســی ژیانی دکتــۆر کەمــال فوئــاد و وێســتگە ســەرەکییەکان و هەڵوێســتە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی دەکات، وا لاپەڕەیــەک لــە کتێبەکــەم هاوپێــچ کــردووە.

- شــەش دەیــە لــە خەباتی دکتــۆر کەمال فوئــاد، کوردســتانی نــوێ، نووســەر ســتران عەبدوڵــڵا لــە جیاتــی ستافی کوردســتانی نــوێ.

لــە کارە هــەرە گرنــگ و مێژووییەکانــی ڕەوانشــاد دکتــۆر کەمــال فوئــاد،



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال فوئاد، ڕەوانشاد مارگرێت جۆرج، ڕەوانشاد د.عیسمەت وانلی**






دوای چەندین ساڵ لە دەرچوونی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەو ویستوویەتی ئەو ڕۆژنامەیە لە لەناوچوون بپارێزێت، بۆ ئەوەش لەسەر ئەرکی خۆی چووەتە ئەڵمانیا بە دوای ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا گەڕاوە، تا هەمووی دۆزیوەتەوە و لە بەرگێکی قەشەنگ و جواندا چاپی کردوون، تەنیا ژمارە(١٩) نەبێت کە تا ئێستا، نەدۆزراوەتەوە.

سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان خاتوو(سینەم بەدرخان) دەڵێت: ئێمە خۆمان بە قەرزاری دکتۆر کەمال فوئاد دەزانین، کە لەسەر ئەرکی خۆی چووەتە ئەڵمانیاو هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان، جگە لە ژمارە (١٩) ی کۆکردوەتەوە، ئێستاش هەموو ژمارەکان لە بەرگێکدا پارێزراون. هەروەها دەڵێت:(ڕۆژنامەی کوردستان(٣١) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە (١-٥) لە قاهیرە، ژمارە(٦-١٩) لە جنێف، ژمارە(٢٠-٢٣) دووبارە لە قاهیرە، ژمارە(٢٤) لە



**خاتوو سینەم بەدرخان**



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال فوئاد، بەڕێز فەرەیدون عەبدولقادر**


کردستان




لەندەن، ژمارە(٢٥-٢٩) لە ئەڵمانیا، ژمارە(٣٠-٣١) دووبارە لە جنێف دەرچووەتەوە).

هەندێ سەرچاوە دەڵێن: ژمارە(٢٥-٢٩) لە شاری(فۆلکستۆن) لە بەریتانیا دەرچووە.

هەموو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەرچووە، دوا ژمارە لە لایەن(ثریا- سورەیا) بەدرخان دەرچووە، ژمارەکانی دیکەش لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان دەرچوونە، ئەو بنەماڵەیە هەر بەوەش نەوەستاون لە(١٥)ی ئایاری ساڵی ١٩٣٢ جەلادەت بەدرخان گۆڤاری(هاواری) لە دیمەشق دەرکردووە، کامەران بەدرخانیش هەردوو ڕۆژنامەی (ستێر و ڕۆژا نوی) لە لوبنان دەرچوواندووە.

لە شوێنێکی دیکەدا خاتوو (سینەم بەدرخان) دەڵێت: ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە مەسەلەی پەروەردە و خوێندنەوە،

کورد زۆر پێیان خۆشبووە کە ئەو ڕۆژنامەیە لەو کات دەرچووە، باسی مێژووی کورد و کوردستان و بابەتی ئایینی و شیعر و ناودارانی کوردی کردووە، تا ئێستاش لە لایەن ڕۆشنبیران و قوتابیانی خوێندنی بالا، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و قوتابیان چەندین نامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرایان لەسەر وەرگرتووە.

لە ڕۆژی ١٨-١٩ ی مانگی ١٢ ساڵی ٢٠١٧، نزیکەی (٣٣) کارتۆن و هەموو ڕەفەکانی کتێبخانەی ڕەوانشاد دکتۆر کەمال فوئاد کە پێشتر بنەماڵەکەی پێشکەشی بنکەی(ژین)یان کردبوو، لە ئەڵمانیاوە گەیشتە بنکەی ژین، بە هاوکاریی بەڕێز مامۆستا (فریاد فازڵ عومەر، کاری جوداکردنەوەی و تێداگرتنی لە لایەن هەر یەک لە خاتوو پەیمان عومەر و ئەڤین ڕەفیق)ە وە بووە، بەڕێز ئەنوەر برزۆ کاری خەرجییەکانی ئامادەکردنی بۆ کتێبخانەکە گرتۆتە ئەستۆ ، بنکەی (ژین) کاری وەرگرتن و پاراستنی ئەم گەنجینەیەی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، پێشتریش کتێبخانەی دکتۆر کەمال فوئاد و بەشێک لە کتێبخانەی دکتۆر ئیحسان فوئاد لە سلێمانی هەر بە دیاری دراوەتە بنکەی ژین.

لە ١٥-٢ -٢٠١٦ ئاریانا فوئاد کە کچی دکتۆر کەمال فوئادە، نامەیەکی یاد کردنەوە و ستایشی بۆ باوکی بە زمانی ئەڵمانی نووسیوە، نامەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە کتێبی(کەمال فوئاد پیاوێک لە یاقوت)ی نووسەر حەمید بەدرخان بڵاوکراوەتەوە، وا لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچم کردووە.

بۆ دکتۆر کەمال فوئاد ڕەوانت شاد و ئارام بێت.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کوردیپیدیا.
٢- کوردستان پۆست، وتارێکی نووسەر دلێر سەلیم لە ٢٤-٨- ٢٠١٢.
٣- ماڵپەڕی AA هونەر و کەلتوور، وتارێکی سەعید هەورامی لە ٢١-٤-٢٠١٦.
٤-ماڵپەڕی بنکەی ژین.
٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## دکتۆر وریا عومەر ئەمین

شاعیر و نووسەر و توێژەر، زانای زمان و ئەدەبی کوردی، مێژوونووس و فەلەکناس، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین

ناوی تەواوی (وریا عومەر ئەمین)ە، لە ١٥-٣-١٩٤٧، لە داوێنی چیای سەرکەشی باواجی، لە گەڕەکی (بەفری قەندی)ی شارە خنجیلانەکەی کۆیە، شاری هونەرمەندان و شاعیران و سیاسەتمەداران لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو کوردپەروەر لە دایک بووە.

خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی عەنکاوەو، ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧١ بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، لە ساڵەکانی ١٩٧٢ تا ١٩٨٠ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی دبلۆم و ماجستێرو دکتۆرای



لە لای ڕاستەوە: نووسەرو شاعیرعەبدولرەحمان فەرهادی، دکتۆر وریا عومەر ئەمین



**له لای چەپەوە: دکتۆر وریا عومەر ئەمین، ڕەوانشاد گیو موکریانی، نووسەر عەبدولرەزاق پشدەری، شاعیر عەبدولخالیق سەرسام**


بە دەست هێناوە، گەڕاوەتەوە عێراق وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی پەروەردە(ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا دەست بەکار بووە، لە ساڵی١٩٨٢ تا ١٩٩٩ سەرۆکایەتی بەشی کوردی لە هەمان کۆلێژ پێ سپێردراوە و بە سەرکەوتوویی ئیدارەی داوە، بە سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو، بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرایان وەرگرتووە.

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین یەکەم کەسە لە ساڵی ١٩٩٢ پلەی پرۆفیسۆری لە زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٧ بووەتە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراقی - دەستەی کوردی، لە لێژنەی زانستی زمانەوانیی بووە و شان بە شانی هاوڕێکانی بە تایبەتی نووسەرو ڕووناکبیر مەسعود محەمەد خزمەتێکی زۆریان بە زمان وئەدەبی کوردی کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردی (ئەکادیمیای کوردی) لە کوردستان، پرۆفیسۆری زمانەوانی بووە لە زانکۆی بەغدا و وانەبێژیش بووە لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی و کۆیە و ڕاپەڕین و گەرمیان.

پرۆفیسـۆر وریـا عومـەر ئەمیـن دامەزرێنـەری بەشـی (خوێندنـی بـاڵای ماجسـتێر و دکتـۆرای زمـان و ئەدەبـی کـوردی) بـووە، لـە زانکـۆی بەغـدا و زانکۆکانـی کوردسـتان، لـە دەسـتەی دامەزرێنـەری زانکـۆ جیهـان و ئەندامـی ئەنجومەنەکەیێتـی.

ناوبـراو سەرپەرشـتی زیاتـر لـە (١٠٠) قوتابـی دکتـۆراو ماجسـتێری لـە زمـان و ئەدەبی کـوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کردووە، ئەندام و سـەرۆکی لێژنـەی تاوتـۆ کردنـی زیاتـر لـە (٢٥٠) نامـەی ماجسـتێر و دکتـۆرا لـە زمـان و ئەدەبی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسـی و پەروەردەی دەروونناسـی بـووە، پلـەی دەیـان مامۆسـتای زانکۆکانـی بـۆ (پرۆفیسـۆرو یاریـدەدەری مامۆسـتا) لـە زمـان و ئەدەبـی کـوردی و عەرەبـی و رووسـی و فارسـی بەرزکردۆتـەوە، جگـە لـە زمانـی کـوردی بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی دەنووسـێت و زمانەکانـی تورکمانـی و ئاشـووری رووسـی و فارسـیش بـاش دەزانێـت.



**شاعیری گەورەی عێراقی محەمەد مەهدی جەواهیری، دکتۆر وریا عومەر ئەمین**

یەکەم دەستپێکی نووسینی پارچە شیعرێک بووە لە ساڵی ١٩٦٥ نووسیویەتی و ساڵی ١٩٧٠ بڵاوی کردووەتەوە. ناوبراو کۆمەڵێک بەرهەمی زۆر نایاب و بە نرخی چاپ کردووە و بڵاوی کردوونەتەوە لە بواری زمان و ئەدەب و مێژوو و فەلەکناسی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، هەر هەموویان چڕو پڕو لە ئاستێکی بەرزدان کە خەرمان و سەرمایەیەکی نایابن و هەوێنێکی خەستن بۆ قوتابیان و ڕۆشنبیران وەکو سەرچاوە سوودی لێوەربگرن بۆ نامەی ماجستێر و دکتۆرا، بە تایبەتی قوتابیانی کۆلێژی ئاداب و پەروەردە لە زانکۆکانی کوردستان.

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین زیاتر لە (٣٠) کتێبی چاپ کردووە و بڵاوکردووەتەوە و لەگەڵ زیاتر لە (١٢٠٠) وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بوارەکانی زمان و ئەدەب و مێژوو و فەلەکناسی و فەلسەفە و زانستی دەروونی بە زمانەکانی کوردی عەرەبی و ئینگلیزی، دەیان نووسەر و مامۆستای ئەکادیمیش وتارو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەر بەرهەمەکانی ناوبراو نووسیوەو بڵاویان کردووەتەوە، دیارترین بەرهەمەکانی ناوبراو ئەمانەن(ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک، ئینسایکلۆپیدیا کوردی ئاواتێکە، التغير الميكانيكي لظاهرة الحروف الشمسية و القمرية، التقويم المزدوج (ميلادي- كردي)، الجواهري فى دراسة الكمية، بواری زمانەوانی ئاستەکانی شیکردنەوە، بکەرنادیاری مۆڕنۆسینتاکس،



لەلای ڕاستەوە: پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار، پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر وریا عومەر ئەمین ،**
**پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ**



**لە لای ڕاستەوە: هێمنی شاعیر، دکتۆر وریا عومەر ئەمین**


بە ستاندارکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی کوردی، پیتۆکەکانی زمانەوانی، جووتساڵنامەی زاینیی- کوردی ١٧٥٠-٢١٥٠، جووشە، چەند یاسایێکی بنجیی دارشتنی ڕستە لە زمانی کوردی، دۆخ و ئەرکی بەشەکانی ڕستە، ڕێزمان ڕاناوی لکاو، زمانی ستاندارتی کوردی، ساڵنامەی ئەکادیمییای کوردی، ساڵنامەی کوردستان، سیستەمی ڕاناو لە بکەرنادیاری کرمانجی ژووروودا، سەیرانێکی شیعرستان- ساڵی ٢٠٠٧ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،

فۆبیای ڕێنووس، کردستان فی ضمیر الجواهري، گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی، لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی، نظام الضمیر فی اللغة العربیة، نظریة مرکز الشمس فی الفکر الفلکي القدیم).

پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین سەبارەت بە مامۆستاو ڕووناکبیرو زمانەوانی گەورەی کورد تۆفیق وەهبی دەڵێت:(تۆفیق وەهبی نووسەرو زمانەوانیکی بێ هاوتای سەردەمی خۆی بوو، دەسپێک و پێشەنگی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردییە، لە ساڵی ١٩٢٥ تا ماڵئاوایی کردنی لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەکاتە نیوە سەدەیەک بێ وەستان بەردەوام بووە لە پێشکەش کردنی بەرهەمی زمانەوانی لە ئاستەکانی(ڕێنووس، ڕێزمان، ئەتیمۆلۆجی، فەرهەنگسازی، نەژادی زمانی کوردی و مێژوو).

هەروەها سەبارەت بە نووسەرو ڕووناکبیری گەورەی کورد مەسعود محەمەد کە هاوکاری یەکتری بووینە لە کۆڕی زانیاریی عێراقی- دەستەی کوردی دەڵێت:(ئەو زانایەکی بێ هاوتا بوو، پێکەوە ئەندام بووین لە لێژنەی زمانەوانییەکانی کۆڕی زانیاریی عێراقیدا، شێوازی پتەوی لە نووسیندا هەیە، مەنگی و قووڵی و هێزێکی لە ڕادەبەدەر لە دەربڕینە کوردی و عەرەبییەکانیدا بەدی دەکرێت، کە تەنانەت بووەتە مایەی سەرسوڕمانی







































نووسـەرو ڕۆشـنبیرە عەرەبەکانیـش، پشـوویەکی درێـژی هەبوو...هەرگیـز نـاوی سـەرچاوەکانی نابـات لـە نووسـینەکانیدا).

ناوبراو لە ژیانی خۆیدا لەو کاتەی کە لە لەندەن بووە بووەتە ڕووەکی واتە گۆشت ناخوات و زۆریش ئاژەڵ و گیانداری خۆشدەویت، بۆیە لەگەڵ هاوڕێکانی لە زانکۆی جیهان کۆمەڵەیەکیان دامەزراندووە بە ناوی (کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵ هاتن) ئێستا سست بووە و بە نیازن چالاکی بکەنەوە، هەر لەم ڕوانگەوە ئەو کە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، خۆشەویستیی ئاژەڵ و پەلەوەڕی تێدا بە دیدەکرێت.

لەگەڵ نووسینەکەم پارچە شیعرێکی کە بۆ منداڵان نووسیوە، دەنووسمەوە.

مامۆستای ناوبراو کورد و کوردستان سروشتی کوردستانی و زۆر خۆشویستووە، کاتێک لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێکانی لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٧ دەچنە لای (بەستۆڕە)، زۆر عەشقی سروشتی کوردستان دەبێت و ئیلهامی بۆ دێت و پارچە شیعرێک لەسەر نەورۆزو دیمەنی دڵڕفێنی کوردستان نووسیوە، ئەویشتان لە نووسینەکەم بۆ دەنووسمەوە.










پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین زیاتر لە (٣٥٠) جار ڕێزی لێندراوە و خەڵات کراوە لە لایەن زۆر لە زانکۆ و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەوانە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی و سەرۆکایەتیی کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا و زانکۆی جیهان و یەکێتیی نووسەرانی عێراق و کوردستان چەندین لایەنی دیکە وا هەندێکیانم هاوپێچ کردووە.

ناوبراو لە ٧-٥-٢٠١٢ خانەنشین کراوە، لە ١٧-١-٢٠١٦ پلەی پرۆفیسۆری شەرەفی زانکۆی بەغدای پێ بەخشراوە.

ناوبراو ئێستا لە هەولێر دەژیت، هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی، بۆیە لە زۆربەی زۆری کۆڕو سیمینارە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان ئامادە دەبێت و بووە، هانی قوتابیان و ڕۆشنبیران دەدات بۆ بەردەوام بوون لە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی، ئەوەتا دەبینین لە ڕۆژی ٢٧-٣-٢٠٢٢ لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێکانی سەردانی بنکەی (ژین) بۆ کەلەپوور و بەڵگەنامەیی ڕۆژنامەوانیی کوردیان کردووە و وێنەیەکیشیان چرکاندووە وا هاوپێچم کردووە.

مامۆستای ناوبراو ئێستا سەرۆکی لێژنەی فەرهەنگە لە ئەکادیمیای کوردی.

بۆ پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی.

**پارچە شیعرێکی ناوبراو بە ناوی (کۆترەکە)**

**کۆترەکە**

کۆترە نەرم و نۆڵەکە
کە بۆت دێم تۆ ڕامەکە
من هاوڕێی دڵسۆزی تۆم
خۆشم ئەوێی بە قەد خۆم
دانم بۆ تۆ هێناوە
وا تێنەگەی کە داوە
من ئازادیی تۆم ئەوێ
خۆشی و شادیی تۆم ئەوێ
حەزم لەسەربەستییە
ڕکم لە ژێر دەستییە

********

**پارچە شیعرێکی ناوبراو**

**لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٧**

بۆ بەزم و جەژنی نەورۆز بوو چووین بۆ سەیران
ڕامانبوارد.. بە گۆرانی و بەستەو و حەیران
لەسەر گیای نەرم و سەوز زۆر هەڵپەڕین
بە ناو کۆڕی کیژۆڵاندا زۆر تێپەڕین
بە دیمەنی بەهار مەست بووین، ونبووین نەماین
بەو بۆنانەی کە نەرمە با لە ڕووی ئەداین
بڵێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش
تواینەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش
ئەو ڕۆژە بوو دڵم تووشی دڵداری بوو
تووشی ناڵە و ئاخ و ئۆف و ئازار بوو

بووم بە دڵدار... دڵداری چی ؟ هی شاخ و کێو
هی خوڕەی ئاو... هی دیمەنانی هەستبزێو
ئەی یارەکەم... ئەی کوردستانی ئێسک سووک
ئەی دڵگیرتر... جوانتر ڕازاوەتر لە بووک
بە کام زمان تاسە جۆشی ئاگراویم
دەرخەم کە هەڵقوڵاوە لە جەرگەی لاویم
بە کام وشەی گەش و زێڕین ؟ بە کام خامە ؟
بۆت دەربڕم ئەو هەستەی دەربارەت لامە
بە کام دەنگی ناسک و ساز ؟ بە کام ئاواز
بچریکێنم بۆت ئەی کوردستانی بە ناز
ئا ناتوانم هیچ بڵێم چونکە... بە جوانیت
زۆر هیلاکم، هەر جی بیڵێم هەرگیز وا نیت.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ڕێزلێنان و هەیڤپەیڤین - ئامادە کردنی دکتۆر محەمەد خدر مەولود.

٢- کوردیپیدیا.

٣- السیرة الذاتیة للاستاذ الدکتور وریا عمرأمین.

٤ - زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم .



# دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا

مامۆستای ئەکادیمی و پسپۆڕی مێژووی کوردی و مێژووی هاوچەرخ، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا

دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، ڕۆژی ١-٧-١٩٦٦ لە گوندێکی دەوروبەری شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە.

- دوای ڕاپەڕین ئاوارەی ڕووسیا (ئۆکرانیا) بووە و ماوەیەکی کەم لە ئۆکرانیا (کییڤ) ماوەتەوە، پاشان کۆڕسی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسای بۆ دەرچووە بۆ خوێندن چووەتە فەرەنسا.

- ساڵی ١٩٩٧ لیسانسی مێژووی لە زانکۆی پوایتێری Poitiers لە فەرەنسا بە دەست هێناوە.
- ساڵی ١٩٩٨ لە پاریس مێتریز(بەکالۆریۆس)ی لە زانکۆی پاریسی دەیەم Paris-X لە مێژوو وەرگرتووە.
- ساڵی ١٩٩٩ (ماستەر)ی لە مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی پاریسی دەیەم تەواو کردووە.
- ساڵی ٢٠٠٦ دکتۆرای لە مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی پاریسی دەیەم بە (پلەی زۆر باشە) بەناوی (خێڵ، سنوور و ئیمپراتۆریا: کوردستان



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر جەلیلی جەلیل، دکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، دکتۆر ئیسماعیل شەمس**

و کێشـەی سـنووری نێـوان تورکیـا و ئێـران ١٨٤٣-١٩٣٢) وەدەسـتهێناوە.

- سـاڵی ٢٠٠٥ سەرنووسـەری گۆڤـاری (کوردناسـی) بـووە، کـە لـە بەرلیـن تەنیـا دوو ژمـارەی لـێ دەرچـووە.
- ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١٠ لـە کۆبوونـەوەی (٦٦) ی ئەنجومەنـی ئەکادیمیـای کـوردی بـە دەنگدانێکـی نهێنـی وەکـو ئەندامـی کارای ئەکادیمیـای کـوردی هەڵبژێـردرا.
- ڕۆژی ٢٠١٢/٣/١ بووە بە سکرتێری ئەکادیمیای کوردی.
- لـە هەڵبژاردنـی ڕۆژی ٢٠١٥/٩/٢٠ وەکـو جێگـری سـەرۆکی ئەکادیمیـای کـوردی هەڵبژێـردراوە.

دکتـۆر نەجاتـی عەبدوڵـڵا زیاتـر لـە (٣٧) کتێـب و(٢٠) لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوەی زانسـتی لـە بوارەکانـی مێـژووی کـورد و گەلانـی دەوروبـەری و کوردناسـی و زمانەوانـی و بەڵگەنامـەی مێژوویـی لـە وەزارەتـەکان و کونسـوڵخانەکانی بەریتانیـا و فەرەنسـا دەربـارەی کـوردی کوردسـتانی باشـوور و پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان کۆکردووەتـەوە، لێکۆڵینـەوە و سـاغکردنەوەی بـۆ کـردوون، بەشـی زۆری ئـەم کتێبانـەی لـە زمانەکانـی

ئینگلیزی و فەرەنسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، گرنترینیان ئەمانەن:

١- کورتە باسێکی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، ل. سیگال، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٣.

٢- کوردستان و کێشەی سنووری تورکی- فارسی، دەزگای موکریانی، هەولێر. ٢٠٠١

٣- ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم، هانز- لۆکاس کییسێر، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، چاپی یەکەم بەرلین، ئەڵمانیا ٢٠٠٢ چاپی دووەم بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٦.

٤- مێشەکان، ژان پۆل سارتەر، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣، چاپی دووەم، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٠.

٥- کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فەرەنسا لە بەغدا ساڵی ١٩١٩، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦- باسیل نیکیتین و کوردناسی، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی. ٢٠٠٤.

٧- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسی دا،



دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا و بەڕێز ڕەفیق ساڵح لە کاتی سەردانیان بۆ دانشگای کوردستان لە شاری (سنە).

مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٨- ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی، گ. گرێنڤیل، گ. س. پ. فریمان، لە فەڕەنسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٩- هێرشی عوسمانی و کوردەکانی ئێران، گیلان، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی. ٢٠٠٥.

١٠- چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)، ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١١- کتێبی ئێزیدییەکان (جیلوە و مەسحەفارەش) و بیبلیۆگرافیای ئێزیدیاتی، بنکەی ژین، سلێمانی. ٢٠٠٦.

١٢- شێخ مەحموودی حەفید زادە لە بەڵگەنامەی فەرەنسیدا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦

١٣- بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، مینۆرسکی، وەرگێران لە فەڕەنسییەوە، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی،٢٠٠٧.

١٤- مێژووی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و کورد، خالید چەتۆیڤ، بنکەی ژین، ٢٠٠٧



**لە لای ڕاستەوە: ، نووسەر پێشڕەو سەید، شاعیر حەمەی حەمە باقی، خاتوو ئیلهام شێخانی، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا**



١٥- چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزە کوردەکانی کوردستانی باشوور، ئی. بی. سۆن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧

١٦- چەند باسێک دەربارەی ئەهلی حەق، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٧

١٧- نانی ڕووت، بەشی یەکەم، محەمەد شوکری، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، ڕەنج. ٢٠٠٧، چاپی دووەم، سلێمانی ، یانەی قەڵەم، ٢٠١٣. چاپی سێیەم، هەولێر، ماڵی وەفایی، ٢٠١٦.

١٨- قەتلوعامی کورد لە تورکیا، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، پێشەکی و پەراوێزنووسینی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٩- کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨-١٩٣٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەڕەنسادا، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٠- گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووک ساڵی١٨٧٨، ژاک ریتۆریێ، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢١- تێکستی کوردی، ئەلبێرت فۆن لکۆک، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

٢٢- مەم و زین، بڵاوکردنەوە و پێشەکی، دەزگای ئاراس ـ ٢٠٠٨.



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆشنبیر محەممەد ساڵح پێندڕۆیی، دکتۆر نەجات عەبدوڵڵا، نووسەری گەورەی کورد مامۆستا حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامانی**

٢٣- نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، تێبینیو پەراوێزنووسینی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٤- سەردەمی تەنزیمات، پۆل دۆمۆن، دەزگای ئاراس، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ٢٠٠٨.

٢٥- مێژووی تورکیای هاوچەرخ، حەمید بۆز ئەرسلان، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، چاپی یەکەم دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩، (چاپی دووەم دەزگای ئاراس، ٢٠١٢).

٢٦- بیبلیۆگرافیای کوردناسی، کورد و کوردستان لە سەرچاوە فەرەنسییەکاندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٧- بیبلیۆگرافیای کوردناسی، کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٨- گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٩- ڕێزمانی کوردی، پۆل بێدار، لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر

زمانــی کــوردی، ئەکادیمیــای کــوردی، هەولێــر، ٢٠٠٩.

٣٠- زاراوەکانــی کۆنفــراس بــە زمانەکانــی ئینگلیــزی، فەرەنســی و کــوردی، مەکتەبــی بیــر و هۆشــیاری، ســلێمانی، ٢٠٠٩

٣١- کوردســتان یــا ئەرمەنســتان – شــەهیدەکان یــا ملهــوڕەکان، کۆمیتــەی ســەربەخۆیی کــورد، لــە فەرەنســییەوە وەرگێــڕدراوە.

٣٢- ســەفەرنامەی ولیــەم هیــوود بــۆ کوردســتان ســاڵی ١٨١٧، لــە فەڕەنســییەوە وەرگێڕدراوەتــە ســەر زمانــی کــوردی، ئەکادیمیــای کــوردی، هەولێــر، ٢٠١٢.

٣٣- پرســی کــورد؛ کێشــەگەلی کەمینــە نەتــەوەکان، د. شــوکری محەمــەد ســەگبان، لــە فەڕەنســییەوە وەرگێــڕدراوە، چاپخانــەی موکریانــی، ٢٠١٣.


٣٤- ڕاپەڕینەکانــی بــارزان لــە بەڵگەنامــە نهێنییەکانــی هــەردوو حکوومەتــی فەرەنســا و بەریتانیــادا؛ بەرگــی یەکــەم، وەرگێــڕان لــە فەڕەنســییەوە، دەزگای ئــاراس، ٢٠١٠.


٣٥- فەرهەنگی کوردی – فەرەنسی، ئۆگست ژابا، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠.



**دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا جێگری ئەکادیمیای کوردی لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ئەکادیمیای کوردی لە ماڵئاوایی ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر**




٣٦- کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی- فارسی ١٦٣٩-١٨٤٧.

٣٧- ڕێزمان و وشەکانی کوردی، نووسینی ماورتیسیۆ کارزۆنی، ڕۆما-ئیتالیا- ١٧٨٧، ئامادەکردنی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ، هەولێر بەرخان - کوردستان ٢٠١٥.

-کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بە تایبەتی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بڵاوکردووەتەوە، بەرچاوترینیان ئەمانەن:

١- سەفەرنامەی ولیام هوید بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە -١٩ و ٢٠.

٢- لە ماڵئاوایی ژنە کوردناسی ئیتالیی میریلا گالیتی دا، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە -٢٣.

٣- سنجاقی شارەزوور (کەرکووک) و سلێمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، ڤیتال کیونێ، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە -٢٤و ٢٥.

٤- هەنگاوێک بە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان – دەورەی دووەم، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە -٢٦.

٥- کەرکووک لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا، ج. هـ کرامرز- تۆما بوا، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە -٢٦.

٦- کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە-٢٧.

٧ - ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە -٢٨.

٨- بیبلیۆگرافیای کوردناسی، بەشی یەکەم، گۆڤاری ژین، ژمارە- ١.

٩- گەوەرێ و گۆرانییەکانی- هەڵبژاردەیەک لە مێژووی نوێی کوردستان، مەلا مەحموود بایەزیدی، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، گۆڤاری ژین، ژمارە -٤.

١٠- هۆنراوەی لیریکی کوردی، بازیل نیکیتین، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە گۆڤاری ژین- ژ/٥.


١١- کۆمەڵەی "یەکبوون و ئازادی" (کۆمەڵەی کوردی) لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، گۆڤاری ژین، ژمارە-٦و ٧.

١٢- سەفەرنامەی جۆن ماکدۆناڵد کنییەر بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٤، وەرگێران لە فەرەنسیەوە، گۆڤاری ژین، ژمارە -٨ و ٩ و ١١.

١٣- پەیوەندییە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان لە کوردستانی خوارووداا (کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم)، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە – ٩.





١٤- مێژووی کورد یان تەنگەژەی بیرو مێژووی ڕواڵەت، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە – ١٨ و ١٩.

١٥- دەوڵەتی کوردی لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە – ٢١.

١٦- حزبی هیوا ١٩٣٩- ١٩٤٥ دوو ڕەوت یەک هیوا، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە – ٢٦.

١٧- شەبەک، مێژوو و زمان و باوەڕیان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان خولی ٣ بەشی B ژمارە ٤.

ڕۆژی ٦- ١٠-٢٠١٨- دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا و بەڕێز ڕەفیق ساڵح، سەردانێکی زانکۆی کوردستان- یان، لە شاری سنە کردووە، چاویان بە بەڕێز سەرۆکی زانکۆ و ڕاوێژکاری سەرۆک دکتۆر بیهزاد چەمەن ئارا و دکتۆر بەختیار سەجادی و ماجید ڕۆحانی کەوتووە. لە کۆبوونەوەیەکدا باسی پەیوەندیی ڕۆشنبیری و زانستیی نێوانیان کراوە و پێشنیازکراوە نووسراوێکی لێکگەیشتن ئامادە بکرێت، دوای وتووێژکردن بڕیاری لێ بدرێت و ئیمزابکرێت.

لە ڕۆژی ٧-١٠-٢٠١٨ یش سەریان لە بەشی کوردیی دائیرەی موعاریفی گەورەی ئیسلامی و دامشنامەی ئیسلامی لە تاران داوە. لەگەڵ بەڕێز پەرویز سولەیمانیی بەرپرسی ئەم دەزگایە کۆبوونەتەوە.

لە ڕۆژی ٣٠-١٠-٢٠٢٠ دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا بە هاوکاریی هەر یەک لە




















بەڕێزان جەماڵ عەبدول و دکتۆر کوردۆ تەڵعەت نادر، لە ڕێوڕەسمێکی گرنگ و پڕ ناوەڕۆک کتێبخانەی تایبەتیی زانای گەورەی کورد ڕەوانشاد تۆفیق وەهبی بەگ- یان، لە نهۆمی سێیەمی تەلاری بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی (ژین) ڕێکخستووە و کردووەتەوە.

لە ماڵئاوایی کردنی مێژوونووس و زانای گەورەی کورد دکتۆر کەمال مەزهەردا، دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا جێگری ئەکادیمیای کوردی وتاری ئەکادیمیای کوردی خوێندووەتەوە و بە تێر و تەسەلی باسی دەوری ئەم زانایە گەورەیەی کوردی کردووە، وا وێنەی وتار خوێندنەوەکەم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

لە پرۆژە گرنگەکانی ئەکادیمیای کوردی ئینسایکلۆپیدیای کوردستانە،

کە هەموو زانیارییەک سەبارەت بە کورد و کوردستان دەگریتە خۆ، ئەم بەرهەمە پێشبینی دەکرێت لە (١٠) بەرگدا بێت و زیاتر لە (٥٠٠٠) لاپەڕە لە خۆبگرێت، بەو پێیەی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا جێگری ئەکادیمیای کوردییە بەهیواین هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بخاتە گەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە وەکو خۆی، تاوەکو ئەدیب و ڕۆشنبیر و خوێنەری کوردیمانی پێی شاگەشکە ببن، ئەم گەنجینەیەش ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نەوەکانمان.

بۆ نووسەر و مێژوونووس و مامۆستای ئەکادیمی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی مێژوو و ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:


بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب لە ١٣-١-٢٠٢٠.

٢- لا پەڕەی فەیسبووکی دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا.

٣- لاپەڕەی فەیسبووکی هەگبەی کوردان.

٤- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# محەمەد مەهدی جەواهیري

جەواهیری یەکێکە لە شاعیرە گەورەو پایە بەرزەکانی عێراقی و عەرەبی لە سەدەی بیستەمدا

ناوی تەواوی محەمەد مەهدی عەبدلحوسێن جەواهیرییە ، لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە شاری نەجەف لە ڕۆژی ١٨٩٩/٧/٢٦ لە دایک بووە، باوکی ویستوویەتی ڕێچکەی ئایینی بگرێت، بۆیە ناردوویەتیە بەر خوێندنی زانستە ئایینیەکان بۆ ئەوەی (فقة بلاغة و شیعرەکانی موتەنەبی) بخوێنێت، هەر لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا جل و بەرگی مەلایەتی لە بەر کردووە، بەڵام جەواهیری لە خوێندنی ئایینی زۆر سەرکەوتوو نەبووە، هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب و شیعر بووە، لە ساڵی ١٩٢٤ یەکەم نامیلکەی شیعری بڵاوکردووەتەوە بە ناوی (بین المشاعر و العواطف)ە،هێشتا قوتابی بووە قەسیدەیەکی بۆ شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ نووسیوەو لە ڕۆژنامەکانی ئەوسای عێراق بڵاوی کردۆتەوە ، کۆمەڵێک شیعرو قەسیدەی بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبی و عێراقییەکان وەکو (لسان العرب کە خاوەنەکەی الاب انستاس الکرملی بووە و ڕۆژنامەی عێراق و الاستقلال و الرافدین)نووسیووە. لە ساڵی ١٩٢٠ چوار ساڵ چووەتە ئێران جوانیی سروشتی ئێران کاری تێ کردووە بۆ نووسینی بەرهەمەکانی .



جەواهیری دانیشتووە،
پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین ڕاوەستاوە

ماوەیەک لە (البلاط الملكي) لە دیوانی مەلەکیەت کاری کردووە قەسیدەیەکی ستایشی بۆ مەلیک فەیسەلی یەکەم نووسیوە، ئەو کاتەی ساڵی ١٩٢٧ کە لە لەندەن هاتووەتەوە، لە پاشان لە کاتی سەردانی کردنی میر فەیسەلی کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود، جەواهیری قەسیدەیەکی ستایشیشی بۆ ئەو نووسیوە، بۆیە مەلیک لێی توورە دەبێت و ئیتر خەریکی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێت لە ڕۆژنامەکانی (الانقلاب، الفرات، الرأی العام) دواتر دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی لیوای بەغدا و حللە و بەسرە . جەواهیری مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو چاونەترس بووە لە هەموو کات و ساتێک لایەنگری گەلە چەوساوەکەی بووە، لە بەشی زۆری شۆڕش و بۆنە گرنگەکان شیعر و قەسیدەی نووسیوە بۆ نموونە قەسیدەیەکی هەزەلی نووسیوە، هانی جەماوەری داوە کە ڕاپەڕن دژی زوڵم و زۆری و گەندەڵی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق لەژێر ناونیشانی (طر طرا) کە داوای یاخی بوون و ڕاپەڕینی کردووە، هەروەها ستایشی سوپای ڕووسی کردووە بە دوو قەسیدە، پاش سەرکەوتنەکانی لە جەنگی دووەمی جیهانی بە ناوی (ستالینغراد، سواستبۆل)، بە قەسیدەیەکی دیکە مەدحی وڵاتی مەغریبی عەرەبی و شاری تەنجەو (ابن بطوطە)ی کردووە .

جەواهیری لە ساڵی ١٩٤٦ بووەتە ئەندامی پەرلەمانی مەلەکیی عێراقی و پاش ساڵێک ئیستیقالەی داوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ وەفدێکی ڕۆژنامەوانی عێراقی چووەتە لەندەن لەوێ نەهاتۆتەوەو چووەتە پاریس و هەر لە پاریسیش داستانە غەزەلییەکەی بە ناوی (أتینا) نووسیوە، لەوێشەوە چووەتە چیک و قاهیرە و ئوردن پاشان گەڕاوەتەوە عێراق، ئەو کاتەی جەعفەر جەواهیری برای دەکوژرێت لە ئەنجامی ناڕەزایی دەربڕین دژی (معاهدة

پۆرتسمۆث - کە بە ئینتفاضەی الوثبە) ناسراوە لە عێراق، جەواهیری لە مزگەوتی (حەیدەر خانە) دوو قەسیدە دەخوێنێتەوە، کە جەماوەری شاری بەغدا بە سوننە و شیعە و جووەکان ئامادە بووینە، یەک لە قەسیدەکان بە ناوی (أخي جعفر) کە تیدا دەڵێت (هل تعرف أو لا تعرف ... ان جروح الضحايا هی الفم ..؟).

جەواهیری یەکەمین عەرەب بووە کە بەشداریی کۆنگرەی انصار السلام-ی لە پۆلەندا کردووە، هەر لەسەر بنچینەی ئەو کۆنگرەیە یەکەمین ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٩ دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٥٠ بووە بە ئەندامی ئەنجومەنەکە، لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بووەتە یەکەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی لە یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی نیقابەکە و بە ئامادە بوونی عەبدولکەریم قاسم، جەواهیری لە پاش کودەتای ١٩٦٢ دەچێتە لوبنان و چیک بە ئاوارەی سیاسی ماوەتەوە ، لە ساڵی ١٩٦٣ ڕەگەزنامەی عێراقی لێ سەندراوەتەوە چونکە ئیعترافی بە کودەتای عەبدولسەلام عارف نەکردووە، لە ساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە عێراق ڕەگەزنامە عێراقییەکەی دراوەتەوەو مووچەیەکی ١٥٠ دیناریان بۆ بڕیوەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ هەندێ سەرچاوە دەڵێن ساڵی ١٩٨٣ بە ڕەسمی لە سووریا داوەت کراوە کە لەوێ بژیت، لە ساڵی ١٩٩٤ چووەتە



**لەلای ڕاستەوە: محەمەد ڕۆستەم- بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوك بووە، نووسەرو شاعیر فەرهاد شاکەلی، جەواهیری، نووسەرو شاعیرو میدیاکار عەبدوڵلاعەباس، شاعیر پیربال مەحموود، نووسەرو ڕووناکبیر ئەژی گۆران**



له لای ڕاستەوە: شاعیری نەمر شەهید جەمیل ڕەنجبەر، جەواهیری

عەرەبستانی سعودیه بۆ بەشدار بوون لە فیستیڤاڵی (جنادریە)، بۆیە حکومەتی عێراقی جارێکی دیکە ڕەگەزنامەی عێراقی لێ سەندووەتەوە .

جەواهیری لە کۆنگرەیەکی ئەدەبی لە ڕووسیا تووشی نەنفەلەونزا دەبێت، دکتۆرە ڕووسەکان پێی دەڵێن: سەرت حەساسیەتی هەیە، دەبێت هەمووددەم تا ماویت لە ژیان (طاقیة - واتە کڵاو) لەسەر بکەیت، بۆیە ئەویش هەر لە حانوتی نەخۆشخانەکە طاقیەک دەکڕێت و لەسەری دەکات، وەکو من بیستوومە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەوانشاد مام جەلال تاڵەبانی کڵاوێکی کوردی بە دیاری داوەتێ ئەویش خۆشی ویستووە و هەڵی گرتووەو جاروباریش لەسەری کردووە .

کۆنگرەی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا کە لە میونێخ لە ئەلمانیا بەستراوە لەساڵی ١٩٦٢، جەواهیری بە قەسیدەیەک کە نزیکەی سەد دێر (بیت) دەبێت ستایشی بزووتنەوەی کوردو سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی دەکات و چەند کۆپلەیەکی گرنگی قەسیدەکە دەخوێنێتەوە، وا تەواوی قەسیدەکەم لەگەڵ پۆستەکەدا نووسیوە.

بە کورتی شیعرو قەسیدەکانی شاعیری ناوبراو دەربڕینی هەست و هرزی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕێتییە، چونکە جەواهیری هەموو ژیانی خۆی بە ئاوارەیی بردە سەرو سوور بوو لەسەر نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری و گرتن و کوشتن و بڕین لەسەر دەستی حکومەتە جۆربەجۆرەکانی سەردەمی مەلەکی و کۆماری، هەمیشە لە تەک گەڵەکەی بوو بۆ لە ناو بردنیان و هێنانە دێی یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، ئەمانەش لە بەرهەمەکانی ڕەنگیان داوەتەوە، لە قەسیدە بە ناوبانگەکانی (الدیوان،

ویـا دجلـه، وفـداء لمثـواک، وتنویمـة الجیـاع، وفـداء لقبـرک، عینیـة الجواهـری) ئـەو عینیـە الجواهـری قەسـیدەیەکی زۆر بـە ناوبانگـە بـۆ ستایشـی ئیمامـی حوسـێنی کـوڕی عەلـی وتـوەو لـە مەرقـەدی ئیمامـی حوسـێن بـە ئـاوی زێـڕ نووسـراوە ، بەرهەمەکانـی دیکـەی( حلبـة الادب وجنایـة الـروس والانگلیـز فـی إیـران ( مترجمـة عـن الفارسـیة ) ، بیـن العاطفـة و الشـعور، دیـوان الجواهـری – ٣ مجلـدات – ، بریـد الغربـة ، الجواهـري فـی العیـون مـن اشـعاره ، بریـد العـودة، ایهـا الارق، خلجـات، ذكریاتـي ٣ اجـزاء، الجمهـرة( مختـارات مـن الشـعر العربـي)، پرۆفیسـۆر دکتـۆر وریـا عومـەر ئەمیـن کتیبێکـی بـە نـاوی (کردسـتان فـی ضمیـر الجواهـري) نووسـیوە و لـە چاپـی داوە و بـڵاوی کردووەتـەوە.

لـە ووتـە گرنگەکانـی جەواهیـری (( عشـت حیـاة عاصفـة اختلطـت فیهـا عوالـم العالـم ، الفقـة بالشـعر و الشـعر بالسیاسـة والسیاسـة بالصحافـة والصحافـة بالحـب والحـب بالصداقـات والبـؤس بالنعیـم والتوطـن بالترحـل و الطفولـە بالرجولـة)).

جەواهیری لە ٢٧/ ٧/ ١٩٩٧ لە دیمەشـق کۆچی دوایی کردو لە گۆڕسـتانی (سـیدة زینـب) بـە خـاک سـپێردراوە، لەسـەر قەبرەکـەی نووسـراوە (یرقـد هنـا بعیـدا عـن دجلـة الخیـر).

پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس بـە فەرمانـی سـەرۆک کۆمـار کـە ئـەو کات مـام جـەلال بـووە، تەرمەکـەی هاتووەتـەوە عێـراق لـە گۆڕسـتانی (دار السـلام لـە نەجـەف) نێـژراوە، لـە سلێمانی پەیکەرێکـی بـۆ کـراوەو لەسـەر کڵاوەکـەی نووسـراوە کوردسـتان، لـە بەغـداش پەیکەرێکـی بـۆ دروسـت کـراوە لـە بـەردەم بـارەگای یەکێتیـی نووسـەرانی عێراقـی لـە گۆڕەپانـی ئەندەلـس دانـراوە وا هـەر دوو پەیکـەرم هاوپێـچ کـردووە .

ئـەم شـاعیرە مەزنـە شایسـتەی زۆرتـرە، بـەڵام وا بـەو چەنـد دێـڕە بەسـەرمان کـردەوە، هیـوادارم لـە کەمـی و کوڕیەکانـم ببـوورن.

ڕوحـی جەواهیـری و هەمـوو ئەوانـەی ناویـان لـە پۆسـتەکەدا هاتـووە شـاد و ئاسـوودە بێـت.

## قەسیدەی (كردستان يا موطن الابطال)

## كردستان ، ياموطن الأبطال

قلبـي لكردسـتان يُهـدى والفـمُ ولقـد يجـودُ بأصغريـه المُعـدمُ
ودمـي، وإن لـم يُبـقِ في جسـمي دماً غرثـى جراح مـن دمائي تطعمُ
تلكـم هديــةُ مسـتميت مغـرم أنــا المضحــى، والضحيــة مغـرمُ
أنـا صـورةُ الألـم الذبيـحِ، أصوغـه كلمـا عـن القلـب الجريـح يترجم
ولـرُبّ آهـاتٍ حيـارى شَـرِدٍ راحـتْ علـى فـم الشـاعر تنتظـم
ذوَّبـتْ آلامـي، فكانـت قطـرةً فـي كأس مـن بنـوا الحيـاة، ورممـوا
ووهمـتُ أنـي فـي الصبابـة منهـمُ ولقـد يُعيـن علـى اليقيـن توّهـمُ

***

غاليـتُ فـي حـبِّ الشـهيد، وراعنـي فيمـا أحـدّث عنـه فكـر مبهـمُ
أبـداً تسـددني خطـاه، وأُلهـمُ وتعـنُّ لـي منـه الطيـوف، وأرسـمُ
نفسـي الفـداءُ لعبقـريًّ ثائـرٍ يهـلُ الحيـاة كأنـه لايفهـم

***

سلِّم علـى الجبـل الأشـم، وأهلِـه ولأنـتَ تعـرف عـن بنيـه مَـنْ هُـمُ
وتقـصَّ كلَّ مُـدبٍّ رجـلٍ عنـده هـو بالرجولـة والشـهامة مفعـمُ
والثـمْ ثـرىً بـدمِ الشـهيدِ مخضبـاً عَبِقـاً يضـوع كمـا يضـوع البرعـمُ
متفتـحٌ أبـدَ الأبيـد كأنَّـه فيمـا يخلِّـدُ عبقـريٌّ مُلهـمُ
وأهتـف، تجبـكَ سـفوحُه وسـهوله طربـاً، وتبسـمُ ثـاكلُ، أو أيِّـمُ
باسـم «الأميـن» المُصطفـى مـن أمـةٍ بحياتـه عنـد التخاصـم تُقسـمُ
سـترى الكُمـاة المعلميـن تحلّقـوا فـذّاً تهيَّبـهُ الكمـيُّ المُعلـمُ
صُلـبِ الملامـحِ تتقـي نظراتِـه شُـهبُ النسـور، ويدَّريهـا الضيغـمُ
يابـن الشـمال، وليـس تبـرح كربـةٌ بالبشـر تـؤذن عندمـا تتـأزمُ
وتناقـضُ الأشـياء سـرٌّ وجودهـا وبخيرهـا، وبشـرِّها يتحكـم

صحـو السـماء، يُريك قُبحَ جهامها وتُريـكَ لطفَ الصحـو إذ تتجهمُ
وكـذا الحيـاةُ فليـس يُقـدر شَـهْدُها عـن خبـرةٍ، حتـى يُـذاق العلقـمُ
سـلِّمْ علـى الجبـلِ الأشـمِّ وعنـده مـن :أبجديـات» الضحايـا معجـمُ
سِـفْرٌ يضـمُّ المجـدَ، مـن أطرافـه أَلَقـاً، كمـا ضـمَّ السـبائكَ منجـمُ
ودعِ الحـروفَ تبـنْ قـرارةَ نفسـها إنَّ الأشـفَّ مـن الحـروف الأفخـمُ
ياموطـنَ الأبطـالِ، حيـث تناثـرتْ قصـصُ الكفـاحِ حديثهـا، والأقـدمُ
حيـث انبـرى مجـدٌ لمجـدٍ والتقـى جيـلٌ بآخـرَ زاحـفٍ يتسـلمُ
وبحيـثُ ينضـح كلُّ برعـم زهـرةٍ بشـذى عبيـر دمٍ بهـا يُتنسَـمُ
وبحيـث تلتحـم القبـورُ، كأنّهـا سِـورٌ يؤلفهـا كتـابٌ محكـمٌ
وبحيـثُ تزدحـمُ العظـامُ، فطـارفٌ يُنهـي رسـالة تالـدٍ، ويَتمَّـمُ
تـروى حديـث الهـام فيهـا هامــةٌ ويقـصُّ مـا بَلَـتِ اليواعـدُ مِعصـمُ
يابـن الشـمال، ولسـتَ وحـدكَ، إنهـا السـت الملاييـن التـي تُتهضـم
ياخيـرَ ضلـعٍ، لسـتَ ةحـدكَ، إنّــه جسـدٌ بـكلِّ ضلوعــه، يتألـمُ
عانــى، وإيــاكَ الشـدائدَ، لــم تَلِـنْ منــه قنــاةٌ كلَّ يــومٍ تُعْجَـمُ
***
ياموطـن الأبطـال، والدنيـا بهـا نصـفٌ، وان خيلـت تجـور وتظلـمُ
تعطـي وتأخـذ والمغفـل عندهـا مَـنْ ظَـنَّ مـن عقبـى حسـابٍ يسـلمُ
مـن بعـد ألـفٍ، مـن سـلالة ظالـمٍ مـن قبـل ألـفٍ يثـأر المتظلـمُ
***
ياموطــن الأبطــال بــثٌّ مؤلــمٌ وألــذُّ أطــراف الجديــث المؤلــمُ
ولقــد يلــذُّكَ مــن شــكاة أنْ تــرى فيهــا الضميــر بنفســه يتكلــم
أنـا مثـلُ دأبـكَ فـي كفاحـكَ محـرَبٌ شـاكي العزيمـةِ، أعـزلٌ متقحِّـمُ
سـتون راحـتْ فـي النفـوسِ تقسَّـم تُعطـي عطـاءَ الأكرميـن، وتحرم
آبـى الهضيمـةَ واسـتباح هضيمتـي فيمـا اسـتباحكَ أحمـقُ متجـرّمُ
ألـوي بمـا عنـدي، وعنـدي صفـوةٌ هـي مـن أبيـه، ومـن ذويـه أكـرمُ

ورمـى بهـم خلـفَ الحـدود كأنهـم بُـرُدٌ إلـى الأمصـار عجلـى تـرزمُ
وأشـاع لحمـي للذئـاب، ولحمَهـم وحمـى لحومـاً بالنتانـة تَزخـمُ
ودعـى الجبـاةَ إلـى حطـام حويشـة لتبـاعَ ملحفـةٌ، ويُشـرى مَحـزمُ
وتفـرّج المتفيهقـون فـلا دمٌ يغلـى، ولا قلـمٌ يـذود ، ولا فـمُ
لـم تنفقـيء خجـلاً عيـونٌ أبصـرتْ وجـه الكريـم بكـفٍّ وغـد يُلطـمُ
ونجـوتَ منجـى المؤمنيـن حُشاشـتي ويـدي، وسـيفٌ فـي فمـي يتثلـمُ
يابـن الشـمال: ومثـلُ ذنبـك أن تُـرى متأبيـاً فيمـا تُسـاسُ وتُحكـمُ
مـاكان ذنبـي غيـر أنـي لـم أطمـحْ إذ كل ثبْـتٍ طائـحٍ متهـدمُ
يابـن الشـمال: وقـد رأيـتَ مصيـره ومصيـرُه عظمـةٌ لمـن يتفهـمُ
بئـس الشـماتةُ شـيمة ولـو أنّهـا إذ يُغتلـى جِـرْحٌ تعفّـنَ بلسـمُ
حَسْـبُ الجريمـة ميتـةٌ مرذولـةٌ كفـارةً عمـا أتـاه المجـرمُ

***

ياأيهـا الجبـل الأشـمُّ تَجِلّـةً ومقالـةً هـي والتجلـةُ تـوأمُ
شـعبٌ دعائمـه الجماجـمُ والـدمُ تتحطـم الدنيـا، ولا يتحطّـمُ

تێبینی:

وێنەکان و زانیاری لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ویکیپیدیـا - الموسـوعة الحـرة، ٢- صفحـة الكوثـر لـه ١٨-٤-٢٠١٧، ٣- المصـری نـت لـه ١-٨-٢٠٢١، ٤- وكالـة الاشـور الاخباريـة لـه ١٥-١٠-٢٠١٦، ٥- اسـس النحـو و الادب العربـي لـه ٢١-١٠-٢٠١٣، ٦- زانیـاری نووسـینی خـۆم.



# دکتۆرە نەسرین فەخری

شاعیر و نووسەرو زمانەوان و وەرگێڕ پرۆفیسۆر نەسرین فەخری

ئەو دەڵێت: (ڕقم لە وشەی خانەنشینە، من خانەنشین نیم، خاکنشینم تا ماوم خزمەتی گەلەکەم دەکەم)

ناوی تەواوی (نەسرین محەمەد فەخری)یە، لە ڕۆژی ٢٧-١١-١٩٣٧ لە گەڕەکی سابوونکەرانی شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، بە هۆی ئەوەی باوکی ئەفسەری سوپای عێراقی بووە، لە زۆر ناوچەی کوردستان خزمەتی کردووە، بۆیە نەسرین فەخری خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شارەکانی کەرکوک و هەولێرو بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩، بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، سەرەڕای ئەوەی دەرچووی زمانی عەرەبی بووە، بەڵام زمان و ئەدەبی کوردی زۆر خۆشویستووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٠، چۆتە یەکێتیی سۆڤیەت لە شاری باکۆی پایتەختی ئازربایجان دەستی کردووە بە خوێندنی کوردی لە هەردوو شێوەزاری کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروو، بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هیناوە، کە ئەو کات یەکەم کەس بووە و یەکەم نامەی دکتۆراش بووە لە زمانی کوردی، لە ساڵی ١٩٦٦دەگەڕێتەوە بەغدا و دەبێتە مامۆستای زمانی



دکتۆرە نەسرین فەخری، ئەوانی دیکە نەناسراون

کوردی لە کۆلیژی ئاداب و پەروەردەی زانکۆی بەغدا، پاش خزمەتێکی زۆر و پێگەیاندنی سەدان قوتابی کورد پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە.

دکتۆرە نەسرین فەخری لە ڕێگای قەڵەمە ڕەنگینەکەی و هەڵوێستە کوردپەروەرییەکانی خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوەی زانستییە لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاوی کردوونەتەوە، زیاتر لە ( ٤٠) کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیووەو چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە.

(١١) کتێب بە زمانی کوردی و (١٢) کتێب دەستنووسی کوردی لە پاش بەجێماوە، (١٠) کتێبی بە زمانی عەرەبی لە چاپ داوەو ( ٣) کتێبیشی بە زمانی عەرەبی وەکو دەستنووس لە دوای خۆی جێهێشتووە.

دکتۆرە نەسرین فەخری هەر نووسەر و زمانەوان نەبووە، بەڵکو شاعیریش بووە، چوار دیوانی شیعری بە زمانی عەرەبی کوردی بڵاوکردۆتەوە.

زۆر لە کتێبەکانی فەوتاون و ئەوانەی ماون لە لایەن بنکەی ژین و

بەرپرسانی پارێزراون کە کاتی خۆی دکتۆرە نەسرین بە دیاری پێشکەشی کردوون.

پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر لەسەرچاوەکان تەنها توانیم ئەم بەرهەمانەی دکتۆرە نەسرین بدۆزمەوە کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبین لەوانە: علاقة اللغة الكردية بالفارسية، انا النزف فی جرحک - شيعر١٩٨٦، الالعاب الشعبية- دراسة لغوية ١٩٩٢، اللحن الاخير- شيعر ٢٠٠٢ بە زمانی عەرەبی و کوردییە بە قەوارەی ٢٥٦ لاپەڕەیە، مذكرات مجهولة من سجن غير منظور - مقاصات و اقاصيص ٢٠٠٥.

دکتۆرە نەسرین فەخری ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا دەورێکی زۆری هەبووە لە پەرەپێدانی بەهرەو توانای قوتابیان، هەموو دوو هەفتە جارێک (١٥) قوتابی بە بەهرەو توانای کۆکردووەتەوە، بانگهێشتنی ڕۆشنبیران و ئەکادیمییە کورد و عەرەبییەکانی کردووە و بەشدار بووینە لەم کۆڕ و سیمینارانە ، بۆیە ڕۆژنامە عەرەبی و کوردییەکان زۆریان لەسەر دکتۆرە نەسرین نووسیوە لەوانە: لە ڕۆژنامەی



دکتۆرە نەسرین فەخری، ئەوانی دیکە نەناسراون

(الصباح) دکتۆر نجاح الکبة کە ئەکادیمییەکی گەورەی عێراقییە و زۆر ناسراو بوو لە نەجەف و کەربەلا وتارێکی لەسەر دکتۆرە نەسرین نووسیوەو دەڵێت: (دکتۆرە نەسرین فەخری گۆرانی بۆ کورد و عەرەب و مرۆڤایەتی وتووە)، زۆریش لە نووسەرە عەرەبەکان داوایان لێکردووە کە پێشەکی بۆ کتێبەکانیان بنووسێت.

پرۆفیسۆر جەلیل کەمالەدین کە ئەکادیمییەکی عەرەبە نامەی دکتۆراکەی لەسەر بەرهەمەکانی نەسرین فەخری وەرگرتووە و نامەی دکتۆراکەیشی بە ناونیشانی ( پەردەیەک لە جیهانی نەسرین فەخریی شیعر و ڕۆشنبیریدا)، بە زمانی عەرەبییەو لە دووتۆیی (٣٣) لاپەڕەیە، کاتی خۆی لە گۆڤاری گەلاوێژ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە.

پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨، ( رابطة النساء)، رابیتەی ئافرەتان دەچنە لای عەبدولکەریم قاسم، لێیان دەپرسێت ئەگەر کەسێک پرسیاری هەبێ، یەکێک لە ئافرەتەکان دەڵێت نەسرین فەخری پرسیاری هەیە، نەسرین فەخری بە جلی کوردی بووە، عەبدولکەریم پێی دەڵێت وەرە لە نزیکمەوە دانیشە، ئەویش دەچێت لە تەنیشتی دادەنیشێت و پێی دەڵێت: وەزعەکە شڵەژاوە، عەبدولکەریم دەڵێت: بۆ چی بووە ؟ ئەویش دەڵێت: وا خەریکە ئەوانەی دەورو پشتت وەزعی کورد تێکدەدەن، عەبدولکەریم دەڵێت: هەموو خەڵکی عێراق لەناو شەمەندەفەرێکن من سەرکردایەتیی ئەو شەمەندەفەرە دەکەم هەموویان بە سەلامەتی دەپەڕێنمەوە، بە نەسرین فەخریش دەڵێت: بەو منداڵییەوە وا عاقڵ و زیرەکیت، دواتر کە عەبدولکەریم هێرشی بە تۆپ و تەیارە کردە سەر کوردستان، نەسرین فەخری بە شیعر بە زمانی عەرەبی هێرشی کردووەتە سەر عەبدولکەریم قاسم.

هەموون دەزانین ئەو کاتەی دکتۆر نەسرین فەخری لە رادیۆی کوردی بەغدا، بەردەوام وتاری ئاگرینی هەبوو، جارێکیان هێرش دەکاتە سەر شای ئێران کە زۆر کوردانی ڕۆژهەڵات ئازار و ئەشکەنجە دەدات، باڵوێزخانەی ئێران لە بەغدا نامەیەکی بۆ دەبەن و پێی دەڵێن : شا داوەتنامەی بۆ ناردوویت، چونکە تۆ زۆر دەنگت خۆشە لە وتارەکانتدا، ئەویش پێیان



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد گۆران، دکتۆر**
**محەمەد سەعید، دکتۆرە نەسرین فەخری**

دەڵێت:(مەبینن منداڵم، من سەرم ناخەمە سەر سینیی ئاڵتون و لەوی سەرم ببڕن)، بۆ ڕۆژی پاشتر هێزیک لە باڵویزخانەی ئێرانی دەچنە سەری دەیانەوێت لە ناو ئیزگە دەستگیری بکەن، بەڵام کارمەندانی ئێزگە ڕێگا نادەن و پێیان دەڵێن: ئێمە ناهێڵین جارێکی دیکە وتاری ئەوها بخوێنێتەوە، دەبێت ئەو وتارانە بخوێنێتەوە کە بۆی دەنووسرێت نەک خۆی بینووسێت و بیخوێنێتەوە.

دکتۆرە نەسرین فەخری لە شوێنێکدا دەڵێت:(هەر کوردێک یاخود هەر پێشمەرگەیەک خوێنی دەڕژێت، من لە ناو خوێنی ئەودا دەتلێمەوە، لە بیرم دێت کە منداڵ بووم هۆگری هۆنراوە سیاسییەکان بووم، بۆیە کاتێک تەمەنم گەیشتە ناوەندی و دواناوەندی و دواتر قۆناغی زانکۆ، هەموو هۆنراوەکانی دیوانی یەکەمم شیعری سیاسی بوون.


هەروەها لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:(من مامۆستا مەلا عەلی زمناکۆم خۆشدەوێت ئەو پێشمەرگەیەکی قارەمانی کوردە و جارو بار بە نامە بە سەرم دەکاتەوە، لەم ڕۆژانە هاتە لام و خەڵاتی پیشمەرگەی پێ بەخشیم).

لە نامەیەکی کاک خەسرۆ جاف بۆ دکتۆرە نەسرین فەخری دەڵێت: (خانمە ئەدیبەکەم، من و تۆ دەبێت بە چی ئیستراحەت بکەین کە جەرگی

دایکمـان کـراوه بـه چـوار پارچـه).

نووسـەرو ڕۆژنامەنـووس حوسـێن جـاف دەڵێـت:( دکتـۆره نەسـرین فەخـری نووسـەر و زمانـەوان و شـاعیرێکی زۆر بـه توانـا بـوو، چەنـد پارچـه شـیعری شـاعیری گـەورەی کـورد گـۆران و شـاعیری نەمـر فایـەق بێکەسـی بـه ئاسـتێکی زۆر بـەرز وەرگێڕاوەتـه سـەرزمانی عەرەبـی).




دکتـۆره نەسـرین فەخـری ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێتیـی نووسـەرانی کـوردو کـۆڕی زانیاریـی کـوردی بـوو، ئەندامـی لێژنـەی بەرنامـەو پرۆگـرام بـوو لـه وەزارەتـی پـەروەردی عێـراق، بەشـداری لـه وەرگێڕانـی دەیـان کتێـب کـردووه بـۆ پۆلەکانـی قوتابخانـه سـەرەتاییەکانی کوردسـتان، چەندیـن جاریـش ڕێـزی لێنـراوه و خـەڵات کـراوه، هـەر بۆیـه لـه لایـەن ڕۆشـنبیر و ئەکادیمییانـی کـوردو عـەرەب چەندیـن نازنـاوی پـێ بەخشـراوه لەوانه ( عاشـق التراث، الزهـرة البيضـاء، ماء السـماء، ام الطلبـة الكـرد).

بیرەوەریەکانـم لەگـەڵ دکتـۆره نەسـرین زۆر کەمـن، ئـەو کاتـەی مـن لـه پۆلـی یەکەمـی بەشـی کوردیـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغدا بـووم، ئـەو مامۆسـتا بـوو لـەوێ وانـەی ڕێزمانـی کوردی بـه پۆلـی سـێیەم و چـوارەم دەوتـەوە، ئـەو شـەرەفەم دەسـت نەکـەوت کـه ئـەو زانـا بلیمـەت و زیرەکـه وانـەم پـێ بڵێت.

لـه ڕۆژی١١-١٠-٢٠١٨ دکتـۆره نەسـرین فەخـری کـۆچـی دوایـی کـرد، تەرمەکـەی لـه گـۆڕسـتانی سـەیوان لـه شـاری سلێمانی بـه خاکـی نیشـتمان سـپێدراوە.

لـه بـەر ئـەوەی هیـچ پارچـه شـیعرێکی پرۆفیسـۆر نەسـرین فەخریـم بـه

کوردی دەست نەکەوت لە بەر کەمیی سەرچاوەکانم، وا دوو پارچە شیعری عەرەبیتان بۆ دەنووسمەوە، کە هی دکتۆرە نەسرین فەخرییە :

**قصيدة ( هدير )**

انا ايها الحضور
ارفض إن يفرق البعض بعضي
فأكون من نفسي على نفسي
ما أغراني ملك أو جاه... لا الوعود
مادمت أهفو للوجود
ما جفلت من العيون الراصدة
ولا الوجوه الحاقدة
(سمندار) دون لهيب اذوب
ودون النار احترق
العق الجرح فالجرح

*********

قصيدة ( من أنت ؟ و من أنا )
سألت نفسي من أنت ؟
ضمير الأمس من أنت ؟
و الاحاسيس كلها
وكل ما فيه شذاك
كل الذي مس لماك
حتى الذي ذبت
أو ذاب في هواك

سألت الطير من أنت ؟

فقال الطير ذا شدوي

سألت البحر من أنت ؟

فقال الموج ذا حنوي

روحی شاد و ئارام و ئاسووده بێت، ئارامگای پڕ گوڵ و گوڵزار بێت.

سەرچاوەكان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- فلیمێكی دوكۆمینتاری لە ئاژانسی هەواڵی جیهان - یوتوبە لە ١٣-٨-٢٠٢١.

٢- خەلیل عەبدوڵڵا - خاڵ تیڤی لە ١٣-١٠-٢٠١٨.

٣- -Xeder ٢٤له ١٩-١- ٢٠٢٠.

٤- دار العراق منتدی اللغة والثقافة الكردية.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# زوبێر بیلال ئیسماعیل

مێژوونووس ونووسەرو ڕۆژنامەوان زوبێر بیلال ئیسماعیل

ناوی تەواوی (زوبێر بیلال ئیسماعیل ئەلیاس) ە، لە ساڵی ١٩٣٨لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناسراوو ناوداری شاری هەولێر، بنەماڵەی (قەهوەچی)، لەناو قەڵای هەولێر لە دایک بووە، هەر لە دێرزەمانەوە لە شاری هەولێر بووینە، بەڵام هەندێ ڕەزو باخیان لە ناوچەی خۆشناوەتی هەیەو پەیوەندیی سەروسەودایان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەبووەو هەیە.

باوکی زانایەکی گەورەی ئایینی بووە و لە مزگەوتی قەڵای هەولێر لەسەر دەستی زانا گەورەکانی ئەوکات دەرسی ئایینی خوێندووەو چووەتە قوتابخانەی (ڕوشدیە) بە یەکەم دەرچووەو خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەی بوو، کە پڕ بوو لە کتێبی ئایینی و مێژوویی، دواتر بووە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ کوڕەکەی زوبێر، لە لای دایکیشیەوە باپیری مەلا مستەفا حوسێن خەفافە کە ئەویش زانایەکی گەورەی ئایینی بووە، کونجێکی لە مزگەوتی خانەقا هەبووە بۆ دەرس وتنەوەو ئیفتاکردن، زۆر لە مەلاو زانایانی ئایینی لەسەر دەستی دەرچوون و بوونەتە مەلا لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان.

زوبێر بیلال ساڵی١٩٤٥چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و لە ١٩٥١



تـەواوی کـردووەو خوێندنـی ناوەنـدی لـە ناوەندیـی هەولێـرو ئامادەیشـی لـە (ثانویـة) هەولێـر سـاڵی ١٩٦٤ تـەواو کـردووە، لـە پایـزی هەمـان سـاڵدا بـۆ درێـژەدان بـە خوێندنـی خـۆی چووەتـە کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا بەشـی (الآثـار و السـیاحة - شـوێنەوار و گەشـتوگوزار)، بـە پلـەی یەکـەم لەسـەر هەمـوو قوتابیانـی پۆلەکـەی و پۆلەکانـی دیکەیـش دەرچـووە، یەکـەم قوتابیـی کوردیـش بـووە کـە ئـەم بەشـەی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٠ دەبێتـە مامۆسـتا، وانـەی مێـژوو لـە قوتابخانـە ناوەندییەکانـی شـاری هەولێـر دەڵێتـەوە، پـاش چەنـد سـاڵێک لـە دەرس وتنـەوە، دەگوازرێتـەوە پەیمانگای مامۆسـتایانی هەولێـر، لەوێـش چەنـد سـاڵێک وانـەی وتووەتـەوە، تـا لـە سـاڵی ١٩٨٥ پـاش (٢٥) سـاڵ لـە خزمـەت لەسـەر داخوازیـی خـۆی خانەنشـین کـراوە، دواتـر هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ نووسـینەوەی مێـژووی کـوردو کوردسـتان تەرخـان کردبـوو.

ناوبـراو کۆمەڵێـک کتێبـی لـە چـاپ داوەو بڵاوکردۆتـەوەو دەیـان وتـارو لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی و زانسـتی لەسـەر قـەڵای هەولێـرو شـێخی چۆلـی و مێـژووی کـۆن و نوێـی کـوردو کوردسـتان نووسـیوەتەوە، هەرەوهـا کۆمەڵێکیـش وتـار و لێکۆڵینـەوەی لـە زۆر ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییـەکان بڵاوکردووەتـەوە، هێشـتا ژمارەیـەک لێکۆڵینـەوە و دەسـتنووسـی چەنـد کتێبێکـی مـاوە لەچـاپ نـەدراون، وا دەیـان خەمـە ڕوو:

**کتێبە لە چاپ دراوەکانی:**

- هەولێر لە قۆناغەکانی مێژوودا (اربیل فی ادوارها التاریخیة) بەغدا، ١٩٧١.
- مێژووی زمانی کوردی بەغدا، ١٩٧٧.

- ئیبن خولەکان بەغدا، ١٩٧٩.
- زانایانی هەولێر و مووسڵ، ١٩٨٤.
- شێخی چۆلی، هەولێر، ١٩٨٨.
- شۆڕشەکانی بارزان، هەولێر، ١٩٩٨.
- إمارة رواندوز او سوران ( سۆران ).
- مێژووی هەولێر، هەولێر، ١٩٩٩.
- کورد لە کتێبەکانی (البلدان و الرحالة المسلمین فی العصور الوسطی)، هەولێر، ٢٠٠٠.

**ئەوانەی هێشتا لە چاپ نەدراون:**

مێژووی کۆنی کورد و کوردستان، مێژووی نوێ کورد، اعلام اربیل فی (ثلاثة) اجزاء، الامارة الهذبانیة الکردیة، تأریخ مصاصیر او برادوست القدیم و اهمیته الاثریة، الکردو کوردستان فی المعاهدات والمواثیق الدولیة، التراث الشعبي فی کوردستان، اولی المدارس فی اربیل، تأریخ قبیلة بلباس الکردیة، گوران (گۆران) بحث مترجم للعلامة مینورسکی.

ناوبراو بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠٠) ساڵ بە سەر دەرچوونی (شەرەفنامەی بەتلیسی) کە گرنگترین سەرچاوەی مێژووی کوردو کوردستانە، وتارێکی




**دیوار بەندی ڕەوانشاد گیوی موکریانی**


لـه گۆڤـاری (البيـت الثقافـي العربـي فـي الهنـد) بڵاوكردووەتـەوە، نووسـەرو ڕووناكبیـر جـەودەت هاشـم لـە٢١ /٢٠١٧/٦، وەكـو بەبیرهێنانەوەیـەک بـۆ ئـەم مێـژووە، نووسـەری گـەورەی كـورد دووبـارە بـڵاوی كردووەتـەوە، وا هاوپێچـم كـردووە.

زوبێر بیلال دەیان وتارو لێكۆڵینـەوەی لە گۆڤارە كوردی و عەرەبییەكان بڵاوكردووەتەوە لەوانە: (ڕۆژی كوردستان، برایەتی، كەلتور(التراث الشعبي)، شانەدەر )، ئەندامـی دەستەی بەڕێوەبردنیش بووە لـەم ڕۆژنامـە و گۆڤارانـە (كاروان، شـانەدەر، كەلتـور)، ئـەو بابەتانـەی كـە بـڵاوی كردوونەتـەوە، (مێژووی شاری هەولێر بە ناوی (هەولێر لە ڕابردوو و ئێستادا) نووسیوە كـە پارێـزگای هەولێـر لـە سـاڵی ١٩٨٧ بـڵاوی كردووەتـەوە، هەروەهـا قلعـة اربيـل، جريـدة التآخـی، ڕۆژنامـەی برایەتـی، ژمـارە ٤٩٨ لـە ٢٩- ٧ -١٩٧٠، معالـم تأريخيـة فـی اربيـل، گۆڤـاری شـارەوانیی هەولێـر ژمـارە (٤و٥) لـە كانونـی دووەم و شـوباتی ١٩٧١، مزگـەوتـی گـەورەی قـەڵا، گۆڤـاری شـانەدەر، ژمـارە ٢ سـاڵی ١٩٩٧، لێكۆڵینەوەیـەک لەسـەر قـەڵا بـە نـاو نیشـانی (الكفـاح عبر الزمـن و معاناة لا تنتهي)، ڕۆژنامـەی (الاتحـاد)، ژمـارە ١٠٤-١٠٥-١٠٦-١٠٧- ،١١٠ لـە نێـوان ٥-١١- ١٩٩٤ و ١٧- ١٢-١٩٩٤.

ناوبـراو وەكـو پسـپۆرو شـارەزا لـە بـواری مێـژوو و شـوێنەوار لـە لایـەن






وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی هەرێمـی کوردسـتان پـرس و ڕای پـێ کـراوە.

زوبێـر بیلالـی مێژوونـووس زۆر هەولێـرو قـەڵات و شـوێنەوارەکانی دیکـەی کوردسـتانی خۆشدەویسـت، ئـەو کاتـەی شـەهید مەهدی خۆشناو، جێگـری پارێـزگاری هەولێـر بـوو، پلانێکیـان هەبـوو بـۆ دروسـت کردنـی (دیواربەندێـک) لـە شـوێنی دوکانەکـەی ئەدیب و نووسـەر و ڕۆژنامەوانـی کورد پـەروەر ڕەوانشـاد گیـو موکریانـی کـە چاپخانەکـەی لـێ بـوو وەکـو ڕێزلێنانێـک بـۆی، پـرس و ڕا بـە زوبێر بیـلال دەکـەن بـەو پێیـەی ئەنـدام بـووە لـە لێژنـەی (پاراسـتن و ڕزگارکردنـی قـەڵا)، ئەویـش دەڵـێ: (عندما يسـتقطع شـيء مـن جسـم القلعـة احـس و كأن جـزءا مـن جسـدي يسـتقطع بالسـكين، لذا رجائـي ان لا يبالـغ فـي قطـع جـزء كبيـر مـن جسـد القلعـة بـل علـى قـدر مـا يلـزم للجداريـة المقترحـة و فـي كل الاحـوال، ان لا يمتـد عمـق القطـع عـن متـر واحـد)، بۆیـە دیواربەندەکە بـۆ ڕەوانشـاد نووسـەر و ڕۆژنامەوانـی کـورد گیـو موکریانـی دروسـت کـراوە، وا وێنـەی دیواربەندەکـەم هاوپێـچ کـردووە.

ئـەو چەنـد دوکانـەی کـە لـە تەنیشـت دەرگای قەڵابـوون و هۆتێـل (فـرح) ی لەسـەر کرابـوو، لـە سـاڵی حەفتـاکان ڕووخێنـران، لـە سـاڵی ١٩٩٦ پارێـزگای هەولێـر دیسـان پرۆژەیەکـی هەبـووە بـۆ نـۆژەن کردنـەوەی ئـەم دوکانانـە، پـرس بـە زوبیـر بیـلال دەکـەن، ئەویـش ڕازی نابێـت، لێژنەکـەی پاریـزگا بـە گوێـی دەکـەن و پرۆژەکـە جێبەجـێ ناکـەن.

کورتـە بیرەوەریەکـم لەگـەڵ مێژوونووسـی گـەورەی کـورد زوبێـر بیـلال ئیسـماعیل، لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە پۆلـی دووەمـی ناوەنـدی بـووم لـە قوتابخانـەی ناوەندیـی هەولێـر (متوسـطة اربيـل)، ناوبـراو مامۆسـتای وانـەی مێـژوو (تاریـخ) بـوو، ئـەو پیاوێکـی زۆر هێمـن و لـە سـەرەخۆو ڕووخـۆش و قسـەخۆش بـوو،

ئێمــەی قوتابیــان زۆر حەزمــان لــە وانــەی ئــەو دەکــرد، زانیارییەکــی زۆری هەبــوو لــە بــواری مێــژوو و شــوێنەوارو کەلتــوری شــاری هەولێــرو هەمــوو کوردســتان، هــەر بۆخــۆی (موســوعة) یــەک بــوو، ئەگــەر زیــادە ڕۆیــی نەکــەم دەتوانــم بڵێــم: پــاش مێژوونووســی گــەورەی کــورد ئەمیــن زەکــی بــەگ، مامۆســتا زوبێــر بیــلال ئیســماعیل گەورەتریــن مێژوونووســی کــوردە.

پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکەی، دڵی مێژوونووسی گەورەی کــورد زوبێــر بیــلال ئیســماعیل لــە لێــدان کــەوت و کۆچــی دوایــی کــرد، لــە هەولێــر لــە ڕێوڕەســمێکی شایســتە بــە خاکــی نیشــتمان ســپێردرا.

بــۆ مێژوونووســی کــورد زوبێــر بیــلال ئیســماعیل ڕەوانــت شــادو دوا مەنزەڵــگات بەهەشــت بێــت و گڵکــۆت پــڕ گــوڵ و گوڵــزارو چراخــان بێــت.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- المؤرخ المعاصر والباحث الآثاري، زبير بلال اسماعيل ، کەریم شارەزا، سنة ٢٠٠٠.

٢- زينب الچلبي لمحات عن حياة ومؤلفات المؤرخ الكبير زبير بلال ئیسماعیل.

٣- حميد المطبعي، موسوعة أعلام العراق الحديث من القرن العشرين، ج ١ سنة ١٩٩٥.

٤ - وتارێکی نووسەر جەودەت هاشم، کە بەبیرهێنانەوەی، لێکۆڵینەوەیەکی زوبێر بیلال لە گۆڤاری (بيت الثقافي العربي في الهند ) لە ٢١- ٦ - ٢٠١٧

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## سەیدا سادق بەهائەدین

نووسەر و ڕۆژنامەوان و وەرگێڕ و زمانەوان سەیدا سادق بەهائەدین ناوی (سادق بەهائەدین) ە، لە ساڵی ١٩١٨ لە قەزای ئامێدیی سەر بە پارێزگای دهۆکی ڕەنگین لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە چووەتە بەر خوێندنی ئایینی لە حوجرەی باوکی، کە زانایەکی ناسراوی ئایینی بووە لە شاری ئامێدی.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئامێدی و ئامادەیی لە موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٤ (دار المعلمین العالي – خانەی باڵای مامۆستایان) ی لە بەغدا تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای قوتابخانەی ناوەندییەکان لە بەغدا و ناوەندیی کەرکوکی کوڕان و لە ناوەندیی هەڵەبجە چوار ساڵ و سلێمانی و زاخۆ، دواتر گواستراوەتەوە (هیت) لە پارێزگای ڕومادی (الانبار)، زیاتر لە (١٧) ساڵ مامۆستایەتی کردووە و وانەی جوگرافیا و مێژووی گوتووەتەوە، پاشان بووەتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

مامۆستا سادق بەهائەدین هێشتا هەر قوتابیی ناوەندی بووە، ڕۆژنامەی (هاوار) کە جەلادەت بەدرخان برای کامەران بەدرخان لە سووریا (دیمەشق)



**سەیدا سادق بەهائەدین**

دەری دەکرد، دەیخوێندەوە و ڕۆژنامەی (گەلاوێژ) یشی خوێندووەتەوە کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو مامۆستا عەلائەدین سوجادی لە بەغدا دەریان دەکرد، بۆیە ناوبراو کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو دوو ڕۆژنامەیە و سەوداو عیشقی زمان و ئەدەبی کوردی بووە.

سادق بەهائەدین ئەندامی یانەی(سەرکەوتن)ی کوردی بووە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو و یەکەم دەستپێکی نووسینی لە گۆڤاری (هیوا) بووە، کە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی سەرکەوتن دەری دەکرد لە بەغدا، لە ساڵەکانی ١٩٥٦ تا سەرەتای حەفتاکان لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا وەکو بێژەر و وەرگێڕ کاری کردووە و ناوەناوەش چەند وتارو بابەتی ڕۆشنبیری و زمانەوانی و کەلتووری بڵاوکردووەتەوە، بەشی زۆری دەق و تێکستی بەرنامەکانی  کە بە شێوەزاری کرمانجی باکوور (بادینان)ی بوون، ئەو لە ڕووی زمانەوانی و ڕێزمانەوە سەرپەرشتیی دەکردن.

لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بەشدار بووە لە دامەزراندنی سەندیکای مامۆستایانی عێراقی و تاکە کورد بووە لە بەغدا، لەم سەندیکایە ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە و بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردمان کردووە، هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی کورد



سەیدا سادق بەهائەدین بەجلی کوردی

کە لە بەغدا ساڵی ١٩٧٠ بەسترا، ئەو سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە بووە، ئەندامیش بووە لە کۆڕی زانیاریی کوردی لە بەغدا.

مامۆستا سادق بەهائەدین هەر لە ساڵەکانی ١٩٥٦ تاوەکو ساڵی هەشتاکان کۆمەڵێک وتار و بابەتی جۆراوجۆری لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی وعەرەبییەکان بڵاوکردووەتەوە لەوانە (هاوکاری،برایەتی، دەفتەری کوردەواری، نووسەری کورد، ڕۆژی کوردستان، بەیان، ڕۆشنبیریی نوێ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردی).

ناوبراو کۆمەڵێک بەرهەمی لە بوارەکانی ئەدەب و زمانەوانی و کەلتوور و مێژوو و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی تێکستی شیعری لە چاپ داوە و بڵاوی کردوونەتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن (ئیدیەمێت کوردی - ١٩٧٣، دیوانا مەلایێ جزیری ١٩٧٧، پەرتەیێ هەکاری ١٩٧٨، نەوبەهارا سەیدایێ ئەحمەدی خانیێ ١٩٧٩، مەولیدا مەلایێ باتەیی ١٩٨٢، هۆزانڤانێت کورد ١٩٨٠، ڕێزمانا کوردی، ڕێزمانا لەهجەی کرمانجی بە ڕۆنیۆ چاپی کردووە



پەیکەری سەیدا سادق بەهائەدین



**قوتابخانەی سادق بەهائەدینی کوڕان**

کە بریتییە لە (٧) موحازەراتی خۆی کە لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا گوتوویەتیەوە)، هێشتا کۆمەڵێک بەرهەمی ماون دەربارەی مێژووی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی و هەندێ کورتە چیرۆک و چەند بابەتێکی وەرگێردراو کە چاپ نەکراون.


مامۆستا سادق بەهائەدین زاناو پسپۆر بوو لە بواری زمان و ڕێزمانی کوردی بە تایبەتی لە لەهجەی کرمانجی باشوور، هەر بۆیەش کتێبێکی ڕێزمانی کوردی داناوە، تیایا بەراورد لەنێوان هەردوو لەهجەی کرمانجی باشوور و کرمانجی باکوور دەکات.

لە دهۆک قوتابخانەیەکی ئامادەیی بە ناوی ئەم نووسەر و زانایە گەورەیە کراوە، قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەکە ئاڵای کوردستانیان بەرز ڕاگرتووە، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.

هەر لە دهۆک وەکو ڕێزلێنانێک پەیکەرێکی مامۆستا سادق بەهائەدین

دروست کراوەو لە پێش بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک داندراوە.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا سادق بەهائەدین دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی من بێژەر بووم لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، مامۆستا سادق بەهائەدین هەفتانە دووجار دەهاتە ئەوێ، سەرپەرشتیی ئەو نووسین و تێکستانەی دەکرد کە بە لەهجەی بادینی پێشکەش دەکران لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمان و زمانەوانییەوە، بە ڕاستی مامۆستایەکی پسپۆڕ لە بواری زمانەوانی بە تایبەتی لەهجەی بادینانی،













ئێمەش سوودمان لێ وەردەگرت لە بواری پێشکەش کردنی بەرنامەکان بە تایبەتی خوێندنەوەی دەنگوباس.

مامۆستا سادق بەهائەدین لە ١٩٨٢/٦/١٦ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شادو ئارام بێت.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


لاپەڕەی Welatemeلە بەرواری ٢٠١٥/٦/١٦

٢- وتارێکی پەریزاد شەعبان لە ٢٠١٥/٦/١٦

٣- لنتذکر مبدعینا صادق بهاءالدین - هۆزان ئەمین

٤- وانەی پۆلی هەشتەم Youtube، سۆنیا غەفور

٥- زانیاری و نووسینی خۆم.



# دکتۆر کەمال غەمبار

شاعیر و نووسەر و وەرگێر و ڕەخنەگر، دکتۆر کەمال غەمبار

کەمال غەمبار قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشان کۆلیژی پەروەردەی لە ساڵی شەستەکان لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووەو بووەتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی هەولێر و شارەکانی خوارووی عێراق، دواتریش وەکو مامۆستای ئەدەب و ڕەخنەی کوردی و عەرەبی لە ئامادەیی و پەیمانگاکان و کۆلێژی ئاداب و پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین دەست بە کار بووە.

دکتۆر کەمال غەمبار هەر لە سەرەتای لاوێتیدا، هێشتا هەر قوتابی بووە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە ناو ڕیزی قوتابیان هاتووەتە دەرەوە و شیعری نیشتمانپەروەری وەکو (ئێمە نابەزین و داری ئازادی) بۆ هاوپۆلەکانی خوێندووەتەوە، ئەو لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووە، یەکەم شیعری بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٥٦ یش یەکەمین شیعری بە زمانی کوردی نووسیوە کە دەڵێت:

گوڵ و گوڵزار، شنەی شەماڵ

زەردەخەنەی جوانی منداڵ

ئاسمانی ساوو دوو چاوی کاڵ
هەموو جوانن وەکو بەهار
شادی دڵن دڵی غەمبار
بەڵام سۆزی دایکی نازدار
زیاتر دڵ ئەکا بەختیار

هەر لەسەر ئەم هەڵوێستانەی چەندین جار دەستگیر کراوەو ئازار و ئەشکەنجە دراوە، ئەو هێشتا قوتابیی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووە کە بە دەستی کەلەپچەکراوی و بە پۆلیس بردوویانە بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ.

ناوبراو یەکەمین پەخشانی خۆی ساڵی ١٩٥٠ لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردووەتەوە کە بە ناو نیشانی (ئەوانەی نامەن - ئەبراهام لینکۆلن)، یەکەمین کتێبی کوردی (هاوڕێی منداڵ)ی شاکر فەتاحی خوێندووەتەوە و یەکەمین کتێبی عەرەبیش کتێبی (الموکب)ی جبران خەلیل جبران بووە، یەکەمین بابەتی ڕەخنەیی بە زمانی عەرەبی بووە کە لە گۆڤاری (الثقافة)ی (صلاح الخالصي) بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ ڕەخنەی لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو گرتووە، لە ساڵی ١٩٧٦ چیرۆکی(خازێ)ی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال غەمبار، مامۆستا جەواد شێروانی**




له لای ڕاستەوە:دکتۆر کەمال غەمبار، نە ناسراوە.


ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (الفکاهة) بڵاوکراوەتەوە.


دکتۆر کەمال غەمبار سەرەتا بە شیعر دەستی پێ کردووە، دواتر خۆی لە بواری ڕەخنە و ڕەخنەگرتن بینیوەتەوە، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە کۆلێژی پەروەردی زانکۆی بەغدا لە ساڵەکانی ١٩٦٠- ١٩٦١، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مامۆستای خۆی پرۆفیسۆر (دکتۆر سالم النعیمي) کە وانەی ئەدەب و (النقد)ی عەرەبی پێ وتوون.

ناوبراو هەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە ڕەخنە گرتن کردووەو بە چیرۆکەکانی ( ئیبراهیم ئەحمەد و حوسێن عارف و شاکر فەتاح و محەمەد مەولود(مەم) و ڕەئووف بێگەرد و محەمەد فەریق حەسەن و کاکەمەم بۆتانی و محەڕەم محەمەدەمین و لەتیف حامید و عەبدوڵڵا سەڕاج)، ئاشنا بووە و ڕەخنەی لێ گرتوون، دواتریش لە چیرۆکەکانی هەر یەک لە (محەمەد موکری و سەلاح شوان و ئەحلام مەنسوور و محەمەد ڕەشید فەتاح و شێرزاد








حەسـەن و جەلیـل کاکەوەیـس، بـە پێـی توانـای خـۆی وتـارو لێکۆڵینـەوەی لەسـەر نوسـیوون، هەندێکیشـیانی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی.

دکتـۆر کەمـال غەمبـار سـەبارەت بـە شـیعری شـاعیرانی سـەرەتای شەسـتەکان و حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو، دەڵێـت:( ئاشـکرایە کـە گۆرانـی شـاعیر یەکەمیـن شـاعیرە کاری کردووەتـە سـەر شـیعری نوێـی کوردی، کـەم شـاعیرانی شەسـتەکان و حەفتـاکان بـەر چـاو دەکـەون کـە لـە سـەرچاوەی گـۆران ئاویـان نەخواردبێتـەوە).

ناوبـراو لـە گفتوگۆیەکـدا لەگـەڵ گۆڤـاری (دەنگـەکان)ی ئەلیکترۆنیـدا دەڵێت:(هەندێـک لـە شـاعیری شەسـتەکان و حەفتـاکان هـەر لەسـەر ڕێچکـەی گـۆران ماونەتـەوە، هەندێکـی تریشـیان هەنگاویـان بـەرەو پێشـەوە نـا. ئاشـکرایە کـە شـاعیرانی دوای گـۆران سـنووری گۆرانیـان بـڕی، یەکـەم بـە پێـی چوارچێـوەی مێژوویـی ناکرێـت بڵێـن گۆرانیـان تەجـاوز کـردووە، جـێ پەنجەیـان بەقـەدەر گـۆران دیـارە، ئەمـەش وا ناگەیەنێت کـە تێپەڕکـردن نییـە، لەوانـە شـیعرەکانی جەلالـی میـرزا کەریـم و لەتیـف هەڵمـەت و شـێرکۆ بێکـەس و سـەباح ڕەنجـدەر و سـەلاح شـوان و کەریـم دەشـتی و ڕەفیـق سـابیر و ئەنوەر قـادر جـاف و ئەحمـەدی مـەلا و جـەلال بەرزنجـی و دڵشـاد عەبدوڵـڵا).

هەندێ نووسـەر و شـاعیر و ڕەخنەگری عەرەبـی کاریـان لـە دکتـۆر کەمـال غەمبـار کردووەو سـەبارەت بـەوان دەڵێـت:

فاضـل ثامـر یەکەمیـن کەسـە کـە سـوودم لـە بەرهەمەکانـی وەرگرتـووە، لـە




نووسینەکانیشم ئاماژەی پێ کردووە.

سەبارەت بە (یاسین النصیر) دەڵێت: یەکێکە لەو نووسەرانەی لە جوانناسی شوێن تێدەگات و حەقی خۆی داوەتێ، جگە لە باری سەرنجی لە بارەی شانۆ.

دەربارەی (جابر عصفور) دەڵێت: یەکێکە لە ڕۆشنبیرە گەورەکانی عەرەب لە ڕێبازی بنیاتگەری زۆر چاک تێگەیشتووە، کتێبی ( البنیویة)، ئەو وەریگێڕاوە، زۆر سوودم لێوەرگرتووە.

بۆ (یمني سعید) دەڵێت: بەرهەمەکانی زۆر چاویان کردمەوە تا لە بواری ڕەخنەدا شارەزایی زیاتر پەیدا بکەم.

مامۆستا و پێشڕەوی شانۆی کوردی ئەحمەد سالار دەربارەی دکتۆر کەمال غەمبار دەڵێت:(کە باسی دکتۆر کەمال غەمبار بکرێت دەبێت ئاماژە بۆ ئەو زمانە عەرەبییە بکرێت، کە هەر چۆن بۆ برای هونەرمەند(حاجی عبدالستار البصري)م باس کرد: ئەو دکتۆرە دەتوانم بە دڵنیایی پێت بڵێم ئەگەر لە مەلاکانی (کوفة)ی جاران دەستەباڵاتر نەبێت ئەوە هاوشانییانە، هەر بەو زمانەی هەمیشە گۆی سەرکەوتنی بردووەتەوەو چەند شانۆیەکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوە، جگە لەوەی دواپین میدالییای شانازی پێ بەخشیم کە دکتۆرانامە بەرزەکەی بوو (احمد سالار رائداً و مؤسس المسرح الإحتفالي الكردي)، کە چەند جارێ چاپ کراوەتەوە، لە کۆتاییدا دەڵێم: خەڵکینە ئێوە و خوداتان گەر ئەو ڕابەرم نەبێت، بە کێ بڵێم ڕابەر ؟).

دکتۆر کەمال غەمبار دەیان وتاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردووەتەوە، کۆمەڵێک بەرهەمی خۆی و وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و لە عەرەبییەوە بۆ کوردی هەیە، وا هەندێکیانم هاوپێچ کردووە.

دکتۆر کەمال غەمبار ئەو کاتەی ساڵی ١٩٥٩ لە بەندیخانەی (سەرای) ی بەغدا بووە، چەند کۆپلەیەکی هۆنراوەی (شیرین بەهارە)ی مامۆستا

ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی وا کۆپلەیەک لەگەڵ نووسینەکەمدا هاوپێچ دەکەم.

لە ڕێکەوتی ١٠-١٢-٢٠١٥، لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر ئێوارە کۆڕێکیان بۆ دکتۆر کەمال غەمبار لەژێر ناو نیشانی (گۆرانی شاعیر ڕابەری بزاڤی تازەگەری لە شیعری کوردیدا) ساز کردووە.

بۆ مامۆستا دکتۆر کەمال غەمبار هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕەخنەی کوردی و عەرەبی.

کۆپلەیەک لە هۆنراوەی شیرین بەهارە کە کردوویەتییە عەرەبی.

لا تعيش للموت بل مت للحياة

كيف تسمو دون لقيا النكبات

لن تهاب القيد يدوى ابدا

فالقيد للمعصم لا روح الآباة

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ڕۆژنامەی میدیا لە ١٦-٦-٢٠١٩.

٢- کوردستانی نوێ لە ٢٣-١٠-٢٠١٦.

٣- گوڵان وتاریک بە ناونیشانی ئەو کەسانەی ناسرێنەوە، نووسینی ئەحمەد سالار لە ١٧-١-٢٠١٧،

٤- گۆڤاری ئەلیکترۆنیی دەنگەکان - گفتوگۆیەک لەگەڵ دکتۆر کەمال غەمبار لە ٥-١٠-٢٠١٣، ٥- زانیاری ونووسینی خۆم .



# دکتۆره شوکریه ڕەسووڵ

هەموو ژیانی لە ناو پەرتوکدا بووە، شەو هەبووە هەر نە خەوتووە هەر خەریکی نووسین و خوێندنەوە بووە، نووسەرو مامۆستای ئەکادیمی پرۆفیسۆر دکتۆره شوکریه ڕەسووڵ

ناوی تەواوی (شوکریه ڕەسووڵ ئیبراهیم)ە، لە گەڕەکی چوارباغی شاری سلێمانی لە دایک بووە، ئەو کە لە دایک بووە چوارەم کیژی خانەوادەکەی بووە، دایکی حەزی لێ بووە ناوی بنێت (شەکراو)، بەڵام (پووری- پلکی) خوشکی باوکی ناوی لێناوە شوکریە، چونکە شوکر بووە بەو بەشەی کە خوا داویەتی، بەڵام لە ناو خانەوادەکەی و کەسە نزیکەکانی دکتۆره شوکریه هەر بە شەکراو بانگ دەکرێت، لە یادمە لە ساڵی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢ من تازە لە پۆلی یەکەمی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم، ئەو تازە تەواوی کردبوو، جاروبار دەهاتە لای دکتۆرەکان و هاوپۆلەکانی دوای خۆی، ئەوانیش هەر بە شەکراو بانگیان دەکرد، ئەو لەلایەن هەمووان زۆر خۆشەویست بوو، هەتا ئەو کاتەی کە دەچێت بۆ خوێندن لە سۆڤیەت، هێمن موکریانی شاعیر دوو نامەی بۆ دەنووسێت و پێی دەڵێت: کچەکەم شەکراو.

دکتۆره شوکریه ڕەسووڵ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دواناوەندی



لەلای ڕاستەوە :د. خەلیل ئیسماعیلی هاوسەری، شوکریە ڕەسووڵ

لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن کۆڕی زانیاریی کورد دەنێردرێتە مۆسکۆ - یەکێتیی سۆڤیەت بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا، لە ساڵی ١٩٧٧ دکتۆرای لە ئەدەب و کەلتووری کوردیدا وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە وڵات، نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی( ناوەڕۆکی ئەدەبی و فیکریی پەند و قسەی نەستەقی کوردی)یە.

لەگەڵ هاتنەوەی بۆ ماوەی شەش مانگ لە کۆڕی زانیاریی کوردی وەکو (توێژەری زانستی) دامەزراوە، دواتر لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی و سەڵاحەدین وەکو مامۆستای ئەدەب و کەلتووری کوردی دەست بە کار بووە.




بڕوانامەی ناوبراو

دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ لە سەرەتای هەشتاکان کە شۆڕشی کورد بەردەوام بووە، ئەو هیچ چالاکییەکی نەنواندووە چونکە ڕژێمی بەعس هەر کەسێک چالاک بووایە داوای کارکردنی لێ دەکرد، بۆیە





**دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ و ڕێزلێنانی**

ئەویش دوورەپەریز وەستاوە، بەڵام هەر دوای ڕاپەڕین، قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵیوەو چووەتە مەیدانی خەبات و نواندنی چالاکی لە بواری نووسین و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و بەشداربوون لە جموجووڵییەکانی یەکیتیی نووسەرانی کوردو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و کۆمەڵەی شەهیدانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی دەیان وتارو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان.



دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ زیاتر لە (٢٥) کتێبی چاپ کردووە و بڵاوکردووەتەوە و زیاتر لە (٢٠) دەستنووسیشی ئامادەیە بۆ لەچاپ دان لەوانە (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەرگی یەکەم و دووەم، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی لای بارزانیی نەمر، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی) دا،



نامەی هێمنی شاعیر بۆ شوکریە ڕەسووڵ





اول امراة في كوردستان العراق
تحصل على (البروفسورية)

حیکایەتی گیانداران(ڕەمزی مار)، حەکایەتی خورافی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ڕۆڵی مارگرێت ڕوودینکۆ لە بووژاندنەوەی کەلەپووری کوردیدا، ڕێوڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی، زەینەب خان کچە کورد، شینی کوردە یەزیدییەکانی پشت قەوقاز- لە ڕووسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، عادات و رسوونامەی اکرادیە(داب و نەریتی کوردی)لە ڕووسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، گەنجینەکانی کەلەپووری کوردی لە خەزێنەکانی پترسبۆرگ، وەرزی ساڵنامەی میللی لە پەند و شیعری کوردیدا، کۆمەڵە ڕازێکی منداڵان، نەریتی باران (وشکە ساڵی) لای کورد و چەندانی دیکە).

دکتۆرە شکریە ڕەسووڵ ئەو کاتەی بۆ خوێندن لە مۆسکۆ بووە، پەیوەندییەکی باشی












لە گەڵ هەر یەک لە دکتۆرە مارگریت ڕوودینکۆ و ئۆردیخانی جەلیلی و جەلیل جەلیلی و دکتۆر کۆردیۆف هەبووە، فۆلکلۆری شێوەزاری کرمانجی ژووروی هەموو خوێندووەتەوە و بە باشیش قسەی پێ دەکات.

ناوبراو یەکەم ژنی کوردە کە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەیە کە زیاتر لە (١٥٠٠٠) کتێبی تێدایە لە کتێبی کۆن و دەستنووسی دەگمەن و نایاب، هەر خەمی کتێبخانەکەیەتی کە چۆن دەپارێزرێت و چی لێدێت لە دوای خۆی، هەروەها کۆمەڵێک دەستنووسی بە نرخی ماوە لە چاپ نەدراون، دکتۆرە گلەیی و گازاندەی هەیە کە لایەنە پەیوەندیدارەکان یارمەتیی ئەو و کەسانی وەک ئەو نادەن بۆ لەچاپدانی ئەو سامانە گرنگەی نەتەوەکەمان.

ناوبراو بەشداری لە پێگەیاندنی سەدان قوتابی کورد کردووە لە کۆلێژەکانی ئادابی زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین، بەشداریش بووە لە تاوتۆکردنی نامەی ماجستێر و دکتۆرای قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت:(یەکێک لە ناسنامەی ئێمە جل و بەرگ و داب و نەریت و خاک و زمانە)، بۆیە ئەو جل و بەرگە فۆلکلۆرییەی کوردی بە ناسنامەی نەتەوەی کورد دەزانێت و زۆریش شانازی پێوە دەکات.

ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە،

چەندین جاریش لە لایەن دەزگا جۆربەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان رێزی لێ نراوە.

دکتۆرە شوکریە ڕەسوول ئێستا خانەنشینەو هەر خەریکی نووسینەو خەمی لە چاپدانی دەستنووسەکانییەتی، ئەو چل ساڵە لە هەولێر دەژیت و دەڵێت: (نە بێ هەولێر دەژیم و نە دەشتوانم واز لە سلێمانی بێنم).

بۆ پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە ڕەسوول هەر تەمەن درێژ و ساغ و سەلامەت بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و کەلتووری کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ڕووداو نێت - بەرنامە- ئامادەکردنی گۆڤەند مستەفاو پێشکەشکردنی دڵبەخوێن لە ٢٣-٩-٢٠١٩.

٢- کەنالی کوردستان ٢٤ بەرنامەی خانومان - پێشکەشکردنی گوڵستان محەمەد ئەمین.

٣ – کوردیپیدیا.

٤- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# عەبدوڵڵا عەباس

شاعیر و میدیاکارو ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس

ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا عەباس محەمەد) ە، لە ٤ - ٤ - ١٩٤٨ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە چوارتا تەواو کردووە و قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە، پاشان چووەتە بەغدا .

لە ساڵی ١٩٦٤- ١٩٧٠ وەکو بێژەرو وەرگێڕ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بە کار بووە. عەبدوڵڵا عەباس، هێشتا قوتابیی پێنجی سەرەتایی بووە، خولیای زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، مامۆستای کوردپەروەر (فەرەیدون عەلی ئەمین) لە قوتابخانەی سەرەتایی چوارتا مامۆستایان بووە، فێری سروودو خۆشەویستیی خاک و نیشتمانی کردوون، دیارە نواندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان ئەو کات یەکێک بووە لە جموجۆڵییەکانی قوتابییان، بۆیە دوو شانۆگەرییان بۆ دەنووسی (ئەمرەکەی بەگم) و (پیسکەی تەڕپیر)، بە دەقێکی دیکە کە مامۆستا فەرەیدون خۆی بۆی نووسیون، عەبدوڵڵا عەباس لە شانۆگەریی ئەمرەکەی بەگم دەورێکی سەرەکی دراوەتێ و تێدا سەرکەوتوو بووە، پاشان دەچێت بۆ خوێندنی ناوەندی لە شاری سلێمانی لە بەشی ناوخۆیی دەبێت و لە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی،عەبدوڵڵا عەباس

ررۆژنامـەی (برِوا) کـە ڕەنگدانـەوەو تەرجومـەی ڕۆژنامـەی (المبدأ)ی عەربی بـووە کـە ئەوسـا حیزبـی شـیوعیی عێراقـی باڵـی (داود الصائغ) دەریـان دەکـرد، ڕەفیـق چـالاک سەرپەرشـتیی دەکـردو وەکـو هەڵەگـر دەسـت بـەکار دەبێـت و جاروبارێـش هەنـدێ کورتـە پەخشـانی خـۆی لـە ڕۆژنامـەی (ژیـن) بڵاوکردووەتـەوە، لـە نـەورۆزی سـاڵی ١٩٦٣ لـە حەوشـەی بەشـی ناوخۆیـی، ناوبـراو شـیعرێکی پیرەمێردی نەمری کە لەسـەر نـەورۆزە و ڕەفیق چـالاک کردوویەتییـە سـروود بـۆ ئامادەبـووان خوێندووەتـەوە .

پـاش هەڵگیرسـانی شـۆڕشـی ئەیلـول و پاشـگەزبوونەوەی کەریـم قاسـم لـە داننـان بـە مافەکانـی گەلـی کوردمـان، گیانـی کوردایەتـی لـە لای زۆربـەی قوتابیـان و لاوانـی ئـەو کات لـە سـلێمانی زیاتـر دەبێـت، زۆر لـە قوتابـی و ڕۆشـنبیرە چەپـڕەوەکان پاڵپشـتی لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکـەن، عەبدوڵـڵا عەباسیش یەکێک لـەو قوتابیانـە بـووە کـە بووەتـە ئەندامـی یەکێتیی قوتابیانـی کوردسـتان و دواتـر ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (باڵـی مەکتەبـی سیاسـی).

لـە کۆتایی سـاڵی ١٩٦٣ عەبدوڵـڵا عەباس دەچێتە بەغدا بـە هیوای ئەوەی ببێتـە کارمەند لـە ڕادیۆی کوردیی بەغدا لـە خوێندنی خۆشـی بـەردەوام بێت،

بۆیە لە سەرەتا لە بەشی (نواندن - تمثیل) بە گرێبەست وەردەگیرێت، چونکە بێژەریان پێ نەویستووە، تا لە ٩- ١- ١٩٦٤ ناوبراو وەکو بێژەر لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بە کار دەبێت، بۆماوەی (٥) ساڵ .

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ناوە ناوەش پارچە شیعر و وتاری لە ڕۆژنامەی (النور) بڵاوکردووەتەوە .



لە لای چەپەوە: عەبدوڵڵا عەباس، نە ناسراوە



لە لای ڕاستەوە:عەبدوڵڵا عەباس، نووسەری گەورەی کورد محەممەدی مەلا کەریم



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدوڵڵا عەباس، نووسەرو ڕۆژنامەنووسی عەرەبی ئەحمەد عەبدولمەجید، شاعیر خالد طعمة

عەبدوڵڵا عەباس لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ۱۹۷۰/۱۰/۹ لەم ڕۆژنامەیە وەکو نووسەر دەست بە کار بووە و لە ڕۆژنامەی (برایەتی)ی پاشکۆ کوردییەکەی ڕۆژنامەی (التآخي)یش وەکو نووسەرو هەندێ جاریش بەرهەمی جۆراوجۆری خۆشی تێدا بڵاوکردووەتەوە، تا داخستنی ئەم ڕۆژنامە پاشکۆیە .

لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷٤، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی کورد لە گفتوگۆیەکانیدا لەگەڵ ڕژێمی ئەوسا نەگەیشتنە ڕێکەوتن بۆ جێبەجێ کردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ئاداری ساڵی ۱۹۷۰، بۆیە بەشی زۆری ئەدیب و شاعیرو ڕۆشنبیران و قوتابیانی کورد لە بەغدا خۆیان گەیاندە شاخ و بوونە پێشمەرگەی کوردستان، نووسەرو شاعیر عەبدوڵڵا عەباسیش یەکێک بووە لەوانەی کە بوونە پێشمەرگەو لەوێ لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو لێپرسراوی بەشی (ڕیپۆرتاج) دەست بەکار بووەو دوو جاریش چووەتە بەرەکانی شەڕ، ڕیپۆرتاجی خۆی بە سەرکەوتوویی نووسیوە.

پاش هەرەسهێنانی شۆڕش ساڵی ۱۹۷٥، ناوبراو دەگەڕێتەوە سەر



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار سەڤان عەبدولحەکیم، میدیاکار محەمەد جیهاد حەسەن، عەبدوڵڵا عەباس، میدیاکار هاشم عەلی مەندی، فەیسەڵ**



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: عەبدوڵڵا عەباس، کامەران قەرەداغی، محەمەد موکری، فەرهاد شاکەلی، فوئاد حەمە رەشید، لە لای راستەوە دانیشتووەکان: فەرید زامدار، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، محەمەد بەدری، جەلالی میرزا کەریم ، عەبدولخالیق سەرسام.**



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیرو نووسەر فەرهاد شاکەلی، شاعیری گەورەی عەرەبی جەواهیری، عەبدوڵڵا عەباس، نەناسراوە**



**لە ناوەڕاست عەبدوڵڵا عەباس، ئەوانی دیکە نەناسراون**

کارەکـەی خـۆی، لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـەردەوام دەبێـت و لەنێـوان ساڵانی١٩٨٢-٢٠٠٣ بووەتـە سـکرتێری نووسـین، بەڕێوەبـەری نووسـین، جێگـری سەرنووسـەرو بەڕێوەبـەری دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی بـە وەکالـەت لـە بەغـدا .

عەبدوڵـڵا عەبـاس هـەر نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکار نەبـووە، بەڵکو شاعیرێکی نوێخواز بوو، یەکێک بووە لەوانەی بەشداریی بزووتنەوەی (ڕوانگە)یان کردووەو یەکەمین ڕوونکردنەوەش لەسەر ئەم بزووتنەوەیە بە وتارێـک لـە ڕۆژنامـەی برایەتـی بـە قەڵەمـی عەبدوڵـڵا عەبـاس نووسـراوە، دیسـان ناوبـراو یەکێـک بـووە لـەو شـاعیرو ڕۆشـنبیرانەی کـە بەشـداری کـردووە لـە دەرکردنـی (بانگـەوازی قەڵەمـە نەترسـاوەکان)، کـە بـووە هـۆی داخسـتنی ڕۆژنامـەی هـاوکاری بـۆ مـاوەی مانگێک.

عەبدوڵـڵا عەبـاس بەشـداریی هەمـوو کۆنگرەکانـی یەکێتیـی نووسـەرانی عێـراق و کـوردی کـردووە، ئەندامـی هـەردوو سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی عێـراق و کوردسـتانە .

ناوبـراو دوو دیـداری ئەدەبـی و مێژوویـی پێشـکەش کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٢ بـە ناونیشـانی مێـژووی ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی، سـاڵی ١٩٨٥ بـە

ناونیشانی ئەدەبی (بەراورد - المقارن) ی کوردی.

ناوبراو چەندین جار ڕێزی لێ نراوە لەوانە :


- لە لایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە بۆنەی ڕۆژی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، ساڵی ٢٠٠٠.
- لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە ساڵی ٢٠١٧، لە لایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی، ساڵی ٢٠١٧ .
- لە لایەن یەکێتی نووسەرانی عێراق، ساڵی ٢٠١٨.

ناوبراو زیاتر لە (٤١ )کتێبی چاپ کردووەو بڵاوکردۆتەوە، لەوانە :


ئاوەها دەرگام کردەوە، ئەفسانەی عەشقێک وێڵی لەنگەری ئارامە، بێ ئاوڕدانەوە، تۆ لەنێو کۆچی شەوو ماچی ڕۆژدا، دەنگی ئینسانی ڕەش، دەنگی ئاوارەکان ؛ دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی شاعیرە، ڕۆژژمێری ڕۆژنامەنووس، ڕەشەبا : پەخشان، سێ سەمفۆنیا و شەش سروود، شەش وتار دەربارەی شیعری نوێ و تاقیکردنەوە - لێکۆڵینەوە، گۆرانیی کۆچەری کوێستان، هەڵچوونی ڕۆح- دیوانی هەڵچوونی ڕۆح بریتییە لە کۆمەڵە شیعری ساڵانی دوای ٢٠٠٠، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لەگەڵ پێشەکییەک سەبارەت بە شیعرو دوو گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی دەربارەی بزووتنەوەی شیعری کوردی .

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ یەکێتی نووسەرانی کورد لە کەرکوک کۆڕێکیان بۆ شاعیرو نووسەر










بەرهەمەکانی ناوبراو

عەبدوڵـڵا عەبـاس رێکخسـتبوو، وا وێنەکـەم هاوپێـچ کـردووە .

عەبدوڵـڵا عەباسـی شـاعیرو نووسـەر و میدیـاکار، ئێسـتاش لـە سـلێمانی دەژیت، جـار و بـار خوێنەرانـی خـۆی بـە پارچـە شـیعرێک یـان بـە وتارێکـی ئەدەبی پڕ تـام و چێـژ بەسـەر دەکاتـەوە .

بۆ شـاعیرو نووسـەر عەبدوڵڵا عەبـاس هـەر سـەرکەوتوو و سـەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمـان وئـەدەب و وشـەی کـوردی.

وا لـە خـوارەوە پارچـە شـیعرێکی نـوێ شـاعیری ناوبراوتـان بـۆ دەنووسـمەوە.

**چرپەی شیعرێکی نوێ**

خەونی پەمەیی و شەوقی تۆ

١

بێ ئاگای لەوەی میلی سەعاتەکەی

بەرامبەرت

هەرەس بە چیای وەختت ئەهێنێ

ئەسووڕێتەوە

گۆشەی ئارامی لە بەر دەمتا نییە

تا وشک نەکەی ......!!

*****

٢

بە ئاوازێک، وەک موچرکە

جەستەی بە ئاگا دێنی ...!!

هەموو جارێ

لە چاوەڕوانی حزووریا ئەمە ڕوو ئەدا

وە ..... هەموو جارێکیش

تۆ وایتە حزوور

!....له بروسکەی وروژاندنی لەزەت ئەچێت

*******

٣

ئەی تاقە سێبەر و پەنای من

دەستم بە سێبەری خۆمەوە گرتووە

!..... بای تۆ نەیبات

*****

ڕۆژێ لە درەختی تەمەنم ئەکەمەوە

!.....ئەیکەم بە پەڵە هەورێکی سپی

چ پێویستت بە سەرپۆشە

... کە رۆژ بە ڕۆژی عومری من

شانەی پرچی بۆندارتە...؟

*****

بە ئاگای

هەموو بەیانییەک، هەموو وجودی خۆم

..... لە جەستەی تیشکی ئاسمانیی تۆدا جێ ئەهێڵم

**عەبدوڵڵا عەباس**

**سلێمانی ١٨ حوزەیران ٢٠٢١**

سەرچاوەکان :

١- کوردیپیدیا

٢- فلمێکی دوکۆمێنتاری تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەرنامەی پەنجەمۆر، ئامادەو پێشکەش کردنی کاوە ئەمین

٣ - کورتە ژیاننامەی نووسەر و شاعیر عەبدوڵڵا عەباس کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم ، زانیاری و نووسین و دارِشتنی خۆم .



# مەحموود دەروێش

شاعیری گەورەی فەلەستینی و عەرەبی و (مقاومة) ڕەوانشاد مەحموود دەروێش

قەسیدەی (کردستان) و قەسیدەی (لیس للكردي إلا الريح)، دوو شاکاری بە نرخن کە شاعیری عەرەبی فەلەستینی شۆڕشگێر و نەمر (مەحموود دەروێش) بۆ کوردی وتوە، بۆیە وا بەم چەند دێڕەی خوارەوە بە سەری دەکەینەوە، ناوی مەحموود دەروێش کوڕی سەلیم و حوریە دەروێشە کوڕی دووەمی بنەماڵەکەیە، لە ۱۹٤۱/۳/۱۳ لە گوندی ( البروة ) لە ڕۆژهەلاتی کەناری عەککا لە جەلیل لە دایک بووە، لە ساڵی ۱۹٤۸ لە ئەنجامی هێرشی ئیسرائیلی داگیرکار بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ دایک و باوکی ئاوارەی لوبنان بووینە، لە پاشان هاتوونەتەوە لە گوندی (دير الاسد) و گوندی (الجديدة) نیشتەجێ بووینە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی (دير الاسد) و ئامادەیی لە گوندی (كفر ياسين) تەواو کردووە، وەکو نووسەرو وەرگێڕ لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ئیشی کردووە و بووەتە سەرپەرشتیکاری گۆڤاری (الجديد). لە ساڵەکانی ۱۹٦۱، ۱۹٦٥، ۱۹٦٦، ۱۹٦۷، ۱۹٦۹ بە هۆی هەڵوێستی سیاسی و نووسین و شیعرەکانی، شەش جار لە لایەن ئیسرائیلی داگیرکارەوە دەستگیر کراوە، لە ساڵی ۱۹۷۰ دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ خوێندن، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت سۆڤیەتی بەجێهێشتووەو هاتووەتە قاهیرە لەوێشەوە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس،**
**شاعیری نەمر مەحموود دەروێش**

بۆ لوبنان، لە لوبنان بووەتە سەرۆکی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی فەلەستینی و سەرۆکی ڕابیتەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی، لە ساڵی ١٩٨١ گۆڤاری (الكرمل) ی ڕۆشنبیری دامەزراندووە و لە ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٢ لەنێوان پاریس و تونس ژیاوە و بەردەوام بووە لە دەرکردنی گۆڤاری (الكرمل) کە خۆی لە پاریسەوە سەرنووسەریتی و سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە و هاوڕێ کوردەکەی، شاعیر و ڕۆماننووس سەلیم بەرەکات لە (نیقۆسیا) بۆی لە چاپ داوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بووەتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی ڕێکخراوی ڕزگایخوازی فەلەستینی و ڕاوێژکاری سەرۆک یاسرعەرەفات، بەڵام لە ئەنجامی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ ئیستیقالەی داوەو چووەتەوە (رام اللـه)، لە ڕۆژی ٩ ی ئابی ٢٠٠٨ بە هۆی نەشتەگەریی دڵ لە نەخۆشخانەی هیوستن لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووەو لە ڕۆژی ١٣ی ئابی ٢٠٠٨ تەرمەکەی هێنراوەتەوە (رام الله) و لە (قصر رام الله الثقافي) نێژراوە، سەرۆک عەرەفات لە برووسکەی ماتەمینی بە پێشڕەوی پرۆژەی ڕۆشنبیری و سەرکردەی نیشتمانی و عاشقی فەلەستینی ناو بردووە .

مەحموود دەروێش لە ژیانی خۆیدا ئەم خەڵاتانەی وەرگرتووە

(جائـزة لوتـس سـاڵی ١٩٦٩، جائـزة بحـر المتوسـط سـاڵی ١٩٨٠، درع الثـورة الفلسـطينيـة ١٩٨١، لوحـة اوروپـا للشـعر ١٩٨١، جائـزة إبـن سـينا لـه یەکێتیـی سـۆڤیەت ١٩٨٢، جائـزة لينيـن لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت ١٩٨٣، جائـزة ئەمیـر کلاوس هۆلەنـدی ٢٠٠٤، جائـزة القاهـرة للشـعر العربـي ٢٠٠٧، لـە ٢٧ / ٧ / ٢٠٠٨ وەزارەتـی بەریـد و پەیوەندیـی فەلەسـتینی پوولێکـی دەرکـردووەو وێنـەی مەحمـوود دەروێشـی لەسـەرە) .

مەحمـوود دەروێـش ٢٩ دیوانـی شـیعری و قەسـیدە و پەخشـانە شـیعری لـە چـاپ داوە و بڵاوکردووەتـەوە، لەوانـە (لمـاذا نزلـت الحصـان وحيـدا، أخـر الليـل، أعـراس، احـد عشـر كوكبـا ١٩٩٢، علـى ضـوء البندقيـة ١٩٧٠، ديـوان محمـود درويـش ١٩٩٤، انـا الموقـع ادنـاه ٢٠١٤، خطـب الدكتاتـور الموزونـة ٢٠١٣، الاعمـال النثريـة ٢٠٠٩، تعلميـن الحـب الا احـب، كمقهـى صغيـر هـو الحـب، اجمـل الحـب لمسـاء اخـر، قطـار السـاعة الواحـدة، هـى فـى المسـاء، إلـى امـي، عاشـق مـن فلسـطين، جوانترين شيعريشـی عصافير تمـوت فـى الجليـل- و ( لا اريـد لهـذه القصيـده ان تنتهـي )یـە کـە دواییـن دیوانیەتـی).

مەحمـوود دەروێـش لـە ژیانـی خۆیـدا دوو جـار هاوسـەرگیری کـردووە، یەکـەم جـار لەگـەڵ (رنـا قبانـي) کـە نووسـەر بـووە لـە هەشـتاکان لێـی جیـا




**٤- لە لای ڕاستەوە: شاعیر مەحموود دەرویش، نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوا سەلیم بەرەکات**




بووەتەوە، دووەم جار لەگەڵ وەرگێڕێکی میسری کە ناوی (حیاة هیني) بووە هیچ منداڵیان نەبووە، ناوبراو لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا کچێکی یەهودی خۆشویستوە بە ناوی (ریتا) ناوی دەبات، بەڵام ناوی (تەمارا باهي) بووەو باوکی پۆڵەندی بووە و دایکی ڕووسی، ئەو کاتەی لە (نکبة فەلەستین) ی ساڵی ١٩٦٧ ئەم کچە دەبێتە سەرباز لە هێزی دەریایی ئیسرائیل، مەحموود دەروێش وازی لێ دێنێت و پارچە شیعرێکی کورتی بۆ دەنووسێت و بۆی دەنێرێت .

ناوبراو یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە دەورێکی باڵای هەبوو لە پەرەپێدانی شیعری نوێ و نوێخوازی عەرەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا ، بەکارهێنانی (ئیستعارەو ئیشارات و ڕموزی مێژوویی و ئایینی و ئەفسانەیی) هێناوەتە ناو شیعری عەرەبی هاوچەرخ، تۆزێ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی (بدر شاکر سیاب و نزار قباني)، شۆڕشگێڕی و خۆشەویستیی نیشتمانی و خۆشەویستیی ئافرەت لە شیعر و پەخشانەکانی بە زەقی دیارن .

مەحموود دەروێش پارچە شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد، نەمر شێرکۆ بێکەسی تەرجومەی زمانی عەرەبی کردووە و لە گۆڤاری (الکرمل) کە خۆی سەرپەرشتی دەکردو نووسەرو ڕۆماننوسی کورد لە (نیقۆسیا) بۆی لە چاپ دەدا بڵاوکردووەتەوە، شێرکۆ بێکەسیش دیارە پارچە شیعرێکی مەحموود دەروێشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ڕۆژنامە ئەدەبییە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، زۆر گەڕام و سوڕام نەم دۆزییەوە.

ئەم شاعیرە خاوەن هەڵوێست بووە بەرامبەر بە کوردو میللەتی کورد، لە دوو قەسیدەی شیعریدا کە یەکێکیان بە ناوی ( لیس للکردي إلا الریح ) کە بۆ هاوڕێی خۆی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی کورد سەلیم بەرەکاتی نووسیوە باسی غەریبی و ژیانی ئاوارەیی و ستایشی کوردو




کوردستان و سروشتەکەی دەکات، ئەوی دیکەیان بە ناوی (کردستان) لە ساڵی ١٩٦٥ نووسیویەتی ئەو کاتی حکومەتی قاسم و عەبدولسەلام خاکی کوردستانیان بە تۆپ و تەیارە بۆردومان دەکرد، تێیدا دەڵێت خۆم و باوکم و دایکم لەگەڵ ئێوەین و پشگیریتان دەکەین و خۆم بە شەرمەزار دەزانم، کە ڕژێمی بەغدای فاشی بە ناوی عروبە کوردستان وێران دەکات من بێ بەریمە لەو عروبەیە، شیعرەکە بە زمانێکی عەرەبی سادەو ساکار نووسراوە، خوێنەر بە ئاسانی تێیدەگات، وا تەرجومەی قەسیدەی کوردستانم بە کوردیش نووسیووەتەوە، قەسیدەی (ليس للكردي إلا الريح) وا ئەویشم بە عەرەبییەکەی نووسیوەتەوە، قەسیدەی(کردستان) کە لە هیچ لە دیوانەکانی مەحموود دەروێش بڵاونەکراوەتەوە، یان بڵاوکراوەتەوە پاشان شۆڤینیە عەرەبەکان لە سووریا لایان بردووە، ئێوە و قەسیدەی کوردستان بە زمانی عەرەبی و کوردی:

**کردستان**

**(١)**

معكم
معكم قلوب الناس
لو طارت قذائف فى الجبال
معكم عيون الناس
فوق الشوك تمشى ....لا تبال
معكم عبيد الناس
من خصر المحيط إلى ( الشمال)
معكم انا ...معكم أبي....أمي
و زيتوني وعطر البرتقال
معكم عواطفنا.......قصائدنا
جنودا فى القتال

يا حارسين الشمس.... من أصفاد أشباه الرجال
ما مزقتنا الريح..... إن نضال امتكم نضالي
إن خر منكم فارس.... شدّت على عنقى حبالي

(٢)
تحيا العروبة
هل خرّ مهرك يا صلاح الدين ؟
هل هوت البيارق ؟
هل صارت سيفك..... صار مارق
من ارض كردستان
حيث الرعب يسهر و الحرائق
( الموت للعمال إن قالوا
لنا نحن العذاب
الموت للزراع إن قالوا
لنا ثمن التراب
الموت للاطفال إن قالوا
لنا نور الكتاب
الموت للاكراد إن قالوا
لنا حق التنفس و الحياة )
و نقول بعد الان فلتحيا العروبة !!!
مرّي إذاً فى ارض كردستان
مرّ يا عروبة !
هذا حصاد الصيف
هل تبصرين ؟
لن تبصري
إن كنت من ثقب المدافع تنظرين
يا أُمتي ....
هجمت على تاريخك الانسان
اشباه الرجال

باِسم العروبة
يستباح الدم
تحكمك النصال
بعثت لمزبلة التاريخ
اخسّ ما عرف الزمان من الزمان
بإسم العروبة
يطعن التأريخ من شطآن دجله و الفرات
يا أمتي
لم يكفنا أنّا براء
منهم و طابورهم
لم يكفنا أنا براء
ألقي لمزبلة الزمان
القي عدوك يا عروبة
نقول بعد الآن .....فلتحيا العروبة
لا على الأموات
فلتحيا العروبة

(٣)
يا شهرزاد
الليل يفترس الصباح
و حقول كردستان...... موسمها جراح
الحبّ ممنوع..... وهمس الجار
لا شيء مباح
إلا دم الاكراد ... نفط الموقدين
مصباح عارهم....يموت الاخرين
يا شهرزاد
صدأت أساطير البطولة في لياليك الملاح
و الذكريات البيض و المهر الذي ركب الرماح
والحبّ و الامجاد و السيف ملَ الكفاح

عار على بغداد
ما فيها مباح
إلا دم الأكراد
في المذياع .... في صحف الصباح
حبر الجرائد في مدينتنا الدم
(أنا ابدناهم! ) و تعتز الذئاب...و تبسم
( أنّا زرعنا أرض كردستان....
لحداً عارياً من فوق لحد
أنّا زرعنا جماجم لا تعدّ)
يا شهرزاد....
الليل تفترس الصباح
و الحب ممنوع
و مخدعك الوثير
ملقى على اقدام سيدكّ الحقير
و دماء كردستان سافحيها
و الاعب المأفون بالنيران
سوف يموت فيها
يا شهرزاد !
ما مات إلا الموقدون
مصباح ليلهم ....بزيت الأخرين
فإلى اللقاء مع العصور القادمة
في قصة العصر الذي
صنعته كف الثائرين .

**قەسیدەکە بە کوردی**
**مەحمود دەروێش**
**لە گەڵتانایە**

دڵی خەڵکیتان لەگەڵە،
هەرچەندە مووشەکەکان بفرِنە چیاکان

چاوی خەڵکیتان لەگەڵە،
بێ گوێدان لەسەر هەتاو دەڕوات
بۆنی زەمینتان لەگەڵە،
لە ناوقەدی ئۆقیانووسەوە بەرەو باکوور
لە گەڵتانایین ئەز و داک و بابم و
زەیتون و بەرامەی پڕتەقاڵم
هەڵبەست و سۆزمانتان لەگەڵە،
سەربازن لە سەنگەری ئێوە
ئەی ئەوانەی پاسەوانی خۆرن
دژ بە نیوچەپیاوان ،هەڵگرانی کۆت،
ڕەشەبا نامهەژێنێت و خەباتی ئێوە خەباتمە
ئایا سوارێکی شەتەکدراو لە چنگتان هەڵنەهات،
کە لە سەر گەردنی گوڕێسەکەی نووسراوە :
( بژی عروبە ) ؟
هۆ سەلاحەدین
ئایا ماینەکەت هەلات ؟
ئایا لوولەی تفەنگەکان دابەزین ؟
ئایا شمشێرەکەت هەڵگەڕا بوو بە گومڕا؟
لە خاکی کوردستان
لەو شوێنەی سووتان و ترس تێیدا بێدارن
مەرگ بۆ کرێکارانە گەر بڵێن :
نرخی ماندووبوون هی ئێمەیە
مەرگ بۆ جووتیارانە گەر بڵێن:
نرخی خاک هی ئێمەیە !
مەرگ بۆ مندالانە گەر بڵێن :

نوری پەرتووک هی ئێمەیە !
مەرگ بۆ کوردە گەر بڵێن :
مافی هەناسەمان هەیە لەم ژینە !
لەمەودوا دەڵێین،
بژی عروبە
کەوابوو
گوزەر بکە لەو خاکی کوردستانە
تێپەڕە ئەی عروبە
ئا ئەمە وەرزی درەوی هاوینانە !؟
تۆ نابینایت گەر لە لوولەی تۆپەوە بڕوانیت
ئەی نەتەوەکەم
هەڵمەت بەرە بۆ مێژووی مرۆڤایەتیت
نیوچەپیاوانت
هەر بە ناوی عروبەوە
خوێن حەڵاڵدەکەن ،
پێڵاو حوکمت دەکات
بۆیە وا ڕەوانەی زبڵخانەی زەمان کرایت
گەنترین شت کە زەمان بە زەمانی ڕاگەیاند
ئەوەیە کە هەر بەناوی عروبەوە ،
مێژوو بریندار بکرێت لە کەنارەکانی
دیجلە و فورات
هۆ نەتەوەکەم:
تەنیا ئەوە بەس نییە کە،
ئێمە لەوان نین و دوورین لە ڕێرەویان
تەنیا ئەوە بەس نییە کە،

ئێمە بێ گوناهێکی
توڕدراوی ناو زبڵکوانین
بەڵکو بەدترین کار ئەوەیە :
کە توڕدراوی دەستی عروبەین و
دەشبێت بڵێین:
بژی عروبە

شارەزاد .. ئەی شارەزاد
شەو خەریکە بەیان قوت دەدات
وەرزی دروێنەی کێڵگەکانە لە کوردستان
خۆشەویستی و چرپەی هاوسێ ماڵ قەدەغەیە
هیچ شتێک ڕەها نییە
تەنها ڕشتنی خوێنی کوردان نەبێت
کە بووە بە نەوتی چراکانیان
چرای ڕیسواییان،
ئەوەی بە مەرگی کوردان هەڵدەکرێت
ڕیسوایی بۆ بەغدا، هیچ شتێکی تێدا ڕەها نییە
تەنها خوێنی کورد نەبێت لە ڕادیۆ
لە رۆژنامەکانی بەربەیان
مەرەکەبی ڕۆژنامەکانی شار خوێنە
( قەڵاچۆمان کردن !!)
لەولاشەوە گورگەکان بە شانازییەوە بزە دەبەخشن ،
( ئێمە لە خاکی کوردستان،
گۆڕێکی ڕووتمان لە سەر گۆڕێک چاند)
ئێمە کەلەسەری بێ شومارمان ناشت!!

ئەی شارەزاد:
شەو هەڵمەتی بەیان دەدات
خۆشەویستی قەدەغەیەو
پێخەفی نەرمی تۆش وا لە بەر قاچی ئاغا پووچەکەتە و
خوێنی کوردانیش،
وا خەریکە خودی خوێنڕێژان دەخنکێنێت و
یاریکەری دەست لە ناو ئاگریش وا خەریکە دەمرێت
ئەی شارەزاد:
مەرگ تەنها بۆهەڵگری بڵێسە سووتاوەکانە
ئەوانەی چرایان بە خوێنی خەڵکانە
دە تا بە یەک دەگەینەوە لە چاخەکانی داهاتوو
لە گەڵ نەتەوەیەک شۆڕشگێڕان دروستی دەکەن بە بازوو
ليس للكردي إلا الريح
محمود درويش - فلسطين.
يتذكر الكرديُّ حين أزوره ، غده ..
فيبعده بمكنسة الغبار : إليك عني !
فالجبال هي الجبال. ويشرب الفودكا
لكي يبقى الخيال على الحياد: أنا
المسافر في مجازي، و الكراكيّ الشقية
إخوتي الحمقى. وينفض عن هويته
الظلال: هويتي لغتي. أنا.. و أنا.
أنا لغتي. أنا المنفي في لغتي.
وقلبي جمرة الكردي فوق جباله الزرقاء ../
كل مدينة أخرى. على دراجة
حمل الجهات، وقال: أسكن أينما
وقعت بي الجهة الأخيرة. هكذا
اختارَ الفراغ ونام. لم يحلم

بشيء منذ حل الجن في كلماته،
(كلماته عضلاته. عضلاته لكمانه)
فالحالمون يقدسون الأمسَ، أو
يرشون بواب الغد الذهبي..
لا غد لي ولا أمس. الهنيهة
ساحتي البيضاء../
منزله نظيف مثل عين الديك ..
منسيّ كخيمة سيد القوم الذين
تبعثروا كالريش. سجاد من الصوف
المجعد. معجمٌ متآكل. كتب مجلدة
على عجل. مخدات مطرزة بإبرة
خادم المقهى. سكاكين مجلخة لذبح
الطير و الخنزير. فيديو للاباحيات.
باقات من الشوك المعادل للبلاغة.
شرفة مفتوحة للاستعارة. ها هنا
يتبادل الأتراك والإغريق أدوار
الشتائم. تلك تسليتي وتسلية
الجنود الساهرين على حدود فكاهة
سوداء../
ليس مسافرا هذا المسافر، كيفما اتفق..
الشمال هو الجنوب، الشرق غربٌ
في السراب. ولا حقائب للرياح،
ولا وظيفة للغبار. كأنه يخفي
الحنين الى سواه، فلا يغني .. لا
يغني حين يدخل ظله شجر الأكاسيا،
أو يبلل شعره مطر خفيف..
بل يناجي الذئب، يسأله النزال :
تعال يا ابن الكلب نقرع طبل
هذا الليل حتى نوقظ الموتى. فإن

الكرد يقتربون من نار الحقيقة،
ثم يحترقون مثل فراشة الشعراء/
يعرف ما يريد من المعاني. كلها
عبثٌ. وللكلمات حيلتها لصيد نقيضها،
عبثاً. يفضّ بكارة الكلمات ثم يعيدها
بكراً الى قاموسه. ويسوس خيل
الأبجدية كالخراف الى مكيدته، ويحلق
عانة اللغة : انتقمت من الغياب.
فعلتُ ما فعل الضبابُ بإخوتي.
وشويت قلبي كالطريدة.
لن أكون كما أريد. ولن أحب الأرض أكثر
أو أقل من القصيدة. ليس
للكردي إلا الريح تسكنه ويسكنها.
وتدمنه ويدمنها، لينجو من
صفات الأرض والأشياء ../
كان يخاطب المجهول: يا ابني الحر !
يا كبش المتاه السرمدي. إذا رأيتَ
أباك مشنوقاً فلا تنزله عن حبل
السماء، ولا تكفنه بقطن نشيدك
الرعوي. لا تدفنه يا ابني، فالرياح
وصية الكردي للكردي في منفاه،
يا ابني .. و النسور كثيرة حولي
وحولك في الأناضول الفسيح.
جنازتي سرية رمزيةٌ، فخذ الهباءَ
الى مصائره، وجر! سماءك الأولى
الى قاموسك السحري. واحذر
لدغة الأمل الجريح، فإنه وحشٌ
خرافيٌ. وأنت الآن .. أنت الآن
حرّ، يا ابن نفسك، أنت حرَ

من أبيك ولعنة الأسماء../
باللغة انتصرتَ على الهوية
قلتُ للكردي، باللغة انتقمتَ
من الغياب
فقال : لن أمضي الى الصحراء
قلت ولا أنا..
ونظرتُ نحو الريح/
- عمتَ مساء
- عم مساء!

بۆ مەحمـوود دەروێش روحـت شـاد بێت ، میللەتـی کـورد هەرگیـز ئـەم هەڵوێسـتەت لـە بیـر نـاکات .

تێبینی : وێنەو زانیاریەکان لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

١-ویکیپیدیا
٢- XEBWR ٢٤ لە ١٣ - ٨ -٢٠٠٩.
٣- FOURNET لە ٢٤ - ١ - ٢٠١٢ .
٤- لاپەڕەی تاریخ الکورد و کردستان لە ٩ ئاداری ٢٠١٧ .
٥- قەسیدەی کردستان بە تەرجومەکراوی کوردییەکەی لە پەیجی بەڕێز مامۆستا قەیس قەرەداغی وەرگیراوە.
٦- مجلة العربي الجدید لە ٤-٨-٢٠١٧ وتارێک لە لایەن نصري حجاج.
٧- ندوة مجلة الیکترونیة تصدر کل شهرین مرة - سید جودة.
٨- زانیاریی نووسینی خۆم.



## دکتۆر بەدرخان سندی

شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و مامۆستای ئەکادیمی بەدرخان سندی

**ئەز کچم کچا کوردانم**
**کولیکا سەرێ لاوانم**
**ڕیحانا ڕەشێ چاڤانم**
**لاوکۆ ئەز بێریڤانم**

ئەم شیعرەی بەدرخان سندی کراوەتە گۆرانی هەر یەک لە گوڵستان و شیهریبان و ئاڤان جەمال وتوویانە، لە زۆربەی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان لێ دەدرێت.

ناوی تەواوی (بەدرخان عەبدوڵڵا بەدری سندی)یە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە قەزای زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٦ بەشی (زانستی دەرونی - علم النفس) لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە سالی ١٩٦٧ تاوەکو ساڵی ١٩٧٦مامۆستا بووە لە قوتابخانە ئامادەییەکان، لە ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی (ویلز) لە ئینگلتەرا تەواوکردووە، بووەتە مامۆستا لە زانکۆی بەغداو ناسناوی پرۆفیسۆری لە پسپۆڕییەکەی خۆی وەرگرتووە، سەرپەرشتیی نامەی



**لە لای ڕاستەوە: بەدرخان سندی ، نووسەر بدل رفۆ مزوری**

ماستەر و دکتۆرای زۆر لە قوتابیانی بەشی زانستییە دەروونییەکان لە زانکۆی بەغدا کردووە.

هێشتا هەر قوتابی بووە لە ئینگلتەرا لە١٩٧٧/٤/٢٢، (براءة الاختراع) ی لەسەر ئامێرێک و شێوازی بەکارهێنان بۆ خوێندنەوە لەلایەن(نابینایان-مکفوفین)ـەوە وەرگرتووە.

ئەندام بووە لە مەڵبەندی یەکێتیی نووسەرانی عێراقی و ئەمینداری گشتیی کاروباری دەرەوە بووە، لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٦ ئەندامی کۆمەڵەی پەروەردەی دەروونی بووە لە بەغدا، ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕانی عێراقیش لە ساڵی ١٩٩٦.

لە ساڵی ١٩٩٦ دەستگیر دەکرێت بە بیانووی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی(عیلمانی)و جموجۆڵە سیاسییەکانی، کە گومانیان لێکردووە پشتگیریی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسەلەی کورد دەکات، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووەو دواتر کراوەتە حوکمی هەتا هەتایی، پاش (٨) ساڵ لە بەندیخانەی(ئەبوغرێب) ئازاد دەکرێت.

بەدرخان سندی لە تەک ئەوەی مامۆستای زانستی پەروەردەیی بووە لە زانستیی دەروونی، نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕیشە،

دەیان وتاری ئەدەبی و شیعرو زانستی و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان  بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە و کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخ و بەچێژی لە بواری شیعرو لێکۆڵینەوەی زانستی و وەرگێڕان نووسیوەو چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە(سروشتی کۆمەڵی کوردەواری- ساڵی ١٩٧٦، بەکارهێنانی مەواریدی سروشتی لە پەروەردە ساڵی ١٩٨٠، ژیاننامەی نووسەر سادق بەهائەدین ساڵی ١٩٨١، شیکردنەوەی ناوەڕۆک لە ئەدەب و ڕاگەیاندن ساڵی ١٩٨٤، عیلمی نەفسی منداڵان ساڵی ١٩٨٣، عیلمی نەفسی گەشەکردن و گیروگرفتەکانی منداڵان ساڵی ١٩٨٤، داستانی گۆرانیی کوردی ١٩٨٥، پەندی پێشینان ساڵی ١٩٨٩، کۆمەڵی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی، پەروەردە بۆ هەمووان - لەسەر ئەرکی یونیسێف لە چاپ دراوە ساڵی ٢٠٠٣، ئەو کاتەی چیاکان دەگریێن (دیوانی شیعر بۆ ئەنفالەکان)، ساڵی ٢٠٠٥، قوتابخانەی هاوڕێ ساڵی ٢٠٠٥، هۆزانێت من، گۆڤارا چیا.. چەندین بەرهەمی دیکە).

هەندێک لە شیعرەکانی بەدرخان سندی بە تایبەتی شیعرە شۆڕشگێڕی و ئەوینییەکانی لەلایەن هەندێ گۆرانبێژانی کوردو عەرەب کراونەتە سرووودو گۆرانی لەوانە (تەحسین تەها، فوئاد ئەحمەد، ئەیاز زاخۆلی، سیتاهاگۆبیان، گوڵبەهار، ئەحمەد خەلیل، بەشار زاخۆلی، شاکرعەقراوی، تیپی مۆسیقای دهۆک بە سەرپەرشتی مۆسیقاژەن دڵشاد محەمەد سەعید،



گوڵستان، شهریبان، ئاڤان جەمال).

بەدرخان سندی لە تەک کاری مامۆستاییدا، وەکو شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەوان لە قۆناغەکانی ژیانی ئەم ئەرکانەشی خستبووە سەر شانی خۆی :




- سەرنووسەری ڕۆژنامەی چیا ساڵی ١٩٧٠ - ١٩٧٢.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ١٩٨٥- ١٩٩٠.
- بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بووە ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٦.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٦.
- سەرنووسەری گۆڤاری بەیان بووە ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٦.
- سەرنووسەری گۆڤاری ڕەنگین بووە ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٦.
- سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بووە ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٦.
- سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە ساڵی ١٩٧٠.
- ڕاوێژکار بووە لە دەزگای مەناهیجی عێراقی ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٤.
- ڕاوێژکاری پەروەردەیی بووە لە بەشی زانستی پەروەردەی دەروونی لە زانکۆی سەلاحەددین(هەولێر) ٢٠٠١- ٢٠٠٥.



- ڕاویێژکارو توێژەر بووە لە بارەگای ڕێکخراوی (یونیسێف) بەشی هەولێر ساڵی ٢٠٠٢- ٢٠٠٤.

بەدرخان سندی ئاوا باسی کورد دەکات: (لە وڵاتی ئێمەدا ئەکادیمیا تەمبەڵخانەیە و شەهادەش خۆهەڵخەڵەتاندن و کوشتنی کاتە ! ئەوەتا جوولەکە بە چوار ملیۆن کەسەوە دەستیان بەسەر هەموو جیهاندا گرتووە، ئێمە بە پەنجا ملیۆنەوە نازانین ئەو فەیسبووکەی جوولەکە بەرهەمی هێناوە بە دروستی بە کاری بهێنین، ئێمەی کورد تەنیا لە جل و بەرگ و ڕووکەشدا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی دنیا پێشکەوتووترین).

بەشێکی زۆری شیعرەکانی بەدرخان سندی وەرگێردراونەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن نووسەرو شاعیرانی کوردوعەرەب، وا لە خوارەوە پارچە شیعری(تۆڵەی شەهیدان) کە نووسەرو شاعیر (بەدەل ڕڤۆ مزوری) کردوویەتی بە عەرەبی :

**ثأر الشهداء**

إن اقلعتم جذور الاشجار
وفتتم عظام الاحياء
وهتكتم عرض (القبح)
وامتصتم دم النرجس
سنأثر للشهداء
سنأثر للشهداء.

* * * * *

ايها الوطن. . لا تتوجع
فالمستقبل بعد سيأتي
قسما بحدقات عيون النمور
سيتحطم عرش الوحوش
وسنأثر للشهداء

سنأثر للشهداء.

* * * * *

الوطن في إنتظار الامال

سينجلي ليله امام الفجر

سيعلو شعاع شمس الحياة

وتثير بحار الدماء

وسنأثر للشهداء

سنأثر للشهداء.

* * * * *

لنصرتک ایها الوطن

بالروح وبالدم سنفدیک

کي یردد احفادنا

لنعش مرفوع الهامة

ایها الوطن

سنأثر للشهداء

سنأثر للشهداء.

بۆ شاعیرو نووسەرو مامۆستا بەدرخان سندی هەر ساغ و سەلامەت و سەرفراز بیت.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- وتارێکی نووسەر بدل رفۆ مزوری دەربارەی بەدرخان سندی.

٢- ماڵپەڕی ISUi.org

٣ - ماڵپەڕی ViaF. org.

٤ - وتارێکی نووسەر لوقمان مەحمود لە ڕۆژنامەی (القدس العربي) لە ٢٠١١/٧/٦

٥ - زانیاری و نووسینی خۆم.



## جەمال شارباژێڕی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال شارباژێڕی

**لە زۆر کەس وایە من ئیتر**
**کەوا مەیلی پەری ناکەم**
**درۆیە تاکو من مابم**
**لە ئەو خۆم بێ بەری ناکەم**

ناوی تەواوی(جەمال ئەمین عارف)ە، بە جەمال شارباژێڕی ناسراوە، لە ڕۆژی ١٦-١٠-١٩٤١ لە گوندی(واژە)ی سەر بە ناوچەی شاربازێڕ(چوارتا) لە دایک بووە.

جەمال شاربازێڕی یەکێکە لەو شاعیرە بە ناوبانگانەی سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعرو و ئەدەب بووە، هەموو ڕۆژێ لە ماڵ چووەتە دەرێ و دەرەوەی چوارتا لەسەر تاشە بەردێک کە ناوی نابوو (بەردی خەیاڵ) بە خۆی و دەفتەر و قەڵەمەی لەسەر ئەو تاشە بەردە دانیشتووە بەرامبەر کانییەکەی خوار



**لە لای ڕاستەوە : شاعیر ڕەوانشاد جەلالی میرزا کەریم، شاعیر جەمال شارباژێڕی، چیرۆکنووس ڕەوانشاد کاکەمەم بۆتانی، شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس، چیرۆکنووس حوسێن عارف**

چوارتـا، کەوتووەتـە نـاو دەریـای خەیـاڵ، بـە هـۆی جوانیـی سروشـتی بـەر دەمـی (بـەردی خەیـاڵ)، کـە بەسـەر دۆڵێکی سـەوزدا دەڕوانێت و بـە گونـدی قەڵاچـوالان کۆتایی دێت، دەنگی خوڕەی ئـاوی کانییەکە ئیلهامـی شیعری بۆ هاتـووەو کۆمەڵێـک هۆنـراوەی جـوان و بـە سـۆزی نووسـیوە، بووەتـە هـۆی ناسـراوبوونی وەکـو شـاعیرێک لـە ناوچـەی شـارباژێڕ.

جەمـال شـارباژێڕی لـە ناوەڕاستی پەنجاکانی سـەدەی پێشـوو، بـۆ خوێندن دەچێتـە شـاری سلێمانی لـە گەڕەکـی (شـێخان) خانوویـەک بـە کرێ دەگرێت، پـاش ماوەیـەک ماڵـی دەگوازێتـەوە شـوێنێکی دیکـە لـە سـەرووی (ئەسـحابە سپی)، چەنـد ماڵێک بەیەکـەوە لـە یەک حەوشـەدا دەژین، بەرامبـەر ژوورەکەی ئـەو (خێزانـی جەمـال ناوێک)بووە، کچێکـی بـە نـاوی (پـەری) هەبـووە پـەری زۆر حـەزی لـە شـیعر نووسـین بـووە، هـەر پارچـە شـیعرێکی بنووسـیبوایە بـە جەمـال شـارباژێڕی پیشـان دەدا، ئـەو ئاشـنابوونەو پەیوەندییـەی وای لـە مامۆسـتا جەمـال شـارباژێڕی کـردووە، کـە بکەوێتـە داوی خۆشـەویسـتیی (پەری)یـەوە، بـە جۆرێـک کاری لـە ناخـی کـردووە، ئـەو لـە شـاعیری جوانـی سروشـتەوە گـۆڕاوە و بووەتـە شـاعیری جوانـی و عیشـق و دڵداری، نامیلکـە

شیعرێکی بڵاوکردووەتەوە بە ناوی (پەری نامە)کە زیاتر لە سی هۆنراوە بووە بەشی زۆری لەسەر پەری بووە.

مامۆستا جەمال شارباژێڕی بە یەکێک لە ڕابەرانی شیعری نوێخوازی دادەندرێت، ئەو بووەتە پردی نێوان قۆناغی گۆران و نەوەی دوای گۆران، کە هەردوو دەنگی تێکەڵ بەیەکەوە کردووە، دەنگێکی نوێی لێ دروست بووە، ئەویش دەنگی(ڕوانگە)یە، کە جەمال شارباژێڕی لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە (شێرکۆ بێکەس و جەلالی میزا کەریم و کاکەمەم بۆتانی و حوسێن عارف) ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی شیعری نوێخوازیی کوردیان کرد لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە تەوژمێکی بەهێز و تەکانێکی گەورە بوو بۆ بەرەو پێش بردنی شیعر و ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان.

ئەگەر بە وردی شیعرەکانی شاعیر جەمال شارباژێڕی بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بە ڕاستی مامۆستایەکی بەهرەدار بووە لە وشەسازی و شیعرەکانی پڕ ئاواز و مۆسیقان.

مامۆستا جەمال شارباژێڕی کۆمەڵیک بەرهەمی شیعری بە تام و چێژ و ئاست بەرز نووسیوە و لە چاپی داون لەوانە:

١- پیرۆز و دایکم و ست هەڵاڵە- شیعر.

٢- پەری نامە- شیعر.


٣- ژوانگەی هەژان و ژان ١٩٩٨.









٤- ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ.

٥- هەڵبژاردە لە شیعری فۆلکلۆری کوردی ١٩٨٣.

٦- کۆشیعری جەمال شارباژێڕی بەرگی یەکەم و دووەم.

٧- نامەکانی جەمال شارباژێڕی.

دەربارەی شاعیر جەمال شارباژێڕی، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:(من کاتی خۆی شیعرەکانم نیشانی مامۆستا جەمال شارباژێڕی دەدا، لەژێر ڕۆشنایی و سەرنجەکانی ئەو ... قەسیدەکانم ڕاست دەکردەوە ئەگەر هەڵەیەکی تیا بووایە).

پەری شیعری مامۆستا جەمال شارباژێڕی لە لایەن گۆرانیبێژ (حەمە ڕەئووف کەرکووکی)یەوە کراوەتە گۆرانی، ئەگەر هەر گیروگرفت و دڵتەنگییەکت هەبێت گوێ لەم گۆرانییە بگریت، هەر سەرو دڵت دێتەوە سەرەخۆ.. و زاخاوێکە بۆ چاو ومێشک.

لە ڕۆژی ١٢-٨-٢٠٢١ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەدیب و ڕۆشنبیران، لە (کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت) پەردە لەسەر پەیکەری مامۆستای شاعیر جەمال شارباژێڕی لادرا، پەیکەرەکە لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسوڵ دروست کراوە وا لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچم کردووە، هەروەها (کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت) لەسەر ئەرک و سەرپەرشتیی دکتۆر تەها ڕەسوڵ، ناوە ناوە پۆستەرێک بۆ شاعیر و ئەدیبانی ناوداری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادە دەکات و لە چاپ دەدات، بە خۆڕاییش

بەسەر خوێنەران دابەش دەکرێت، وا یەک لەو پۆستەرانەم هاوپێچ کردووە کە بۆ سێ شاعیری گەورەی کورد هەر یەک لە (شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێڕی و موسا عەنتەر) دروست کراوە و بە خۆڕاییش دابەشکراوە.

بۆ مامۆستا جەمال شارباژێڕی شاعیری گەورەی کورد، هەر سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی.

وا پارچە شیعری (پەری)تان بۆ دەنووسمەوە کە لە لایەن گۆرانیبێژی کورد حەمە ڕەئووف کەرکووکییەوە کراوەتە گۆرانی:

**پەری**

**لە زۆر کەس وایە من ئیتر**
**کەوا مەیلی پەری ناکەم**
**درۆیە تاکو من مابم**
**لە ئەو خۆم بێ بەری ناکەم**
**هەزار حۆری و فریشتەی جوان**
**بە چاوێکی پەری نادەم**
**بە دڵ گرتوومە تا مردن**
**بە هیچ جۆرێ بەری نادەم**
**هەزار تانە و پلار بێت بۆم**
**بە هیچ ناچێ بە خۆڕایی**
**درۆیە خۆشەویستی من**
**بگاتە مەرگی کۆتایی**
**ئەگەرچی بێ وەفاش دەرچوو**
**بەڵام من بێ وەفا نیم بۆی**
**لە باغی هەست و سینەمدا**

**وەکو خۆی ماوە ڕەنگ و بۆی**

**بەهاری عومری لاویم و**

**بەهەشتی بەختی یاریمە**

**گوڵی دەستی دەمی**

**مەستی ژیانی هەرزەکاریمە**

**هۆنراوە : جەمال شارباژێڕی.**

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ماڵپەڕی ئادان- جیهانی ئەدەب و هونەرە جوانەکان لە ١٢-٨-٢٠٢١.

٢- مارگریت ..ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ١٣-٨-٢٠٢١.

٣- کوردیپیدیا.

٤- ماڵپەڕی زەمەن وتارێکی نووسەر حوسێن لەتیف لە ١٥-٢-٢٠٢١.

٥-ماڵپەڕی ئەمڕۆ وتارێکی نووسەر عادل ساڵح عەللاف لە ١١-٩-٢٠١٤.

٦- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## لەتیف هەڵمەت

شاعیری ڕێچکەشکێن، شاعیری دژە باو، لەتیف هەڵمەتی نیشتمانپەروەر

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لە دیارترین و ناسراوترین شاعیرەکانی کوردستانی باشوور، لە ژیانی خۆیدا کەس پێی نەوتووە (بابە)، بەڵام جوانترین شیعر و چیرۆکی بۆ منداڵانی کورد نووسیووە و بە خۆشویستنی خاک و نیشتمان ئاشنای کردوون.

ناوی تەواوی(لەتیف شێخ مەحمود شێخ ئەحمەد)ە، لە ساڵی١٩٥١ لە شاری (کفری) لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، هەر لە تەمەنی حەوت هەشت ساڵیدا لە مەجلیسەکانی باوکی عەشقی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، عەشقی شیعرەکانی حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی و جەلالەدینی ڕۆمی و فیردەوسی و ئیبن عەرەبی بووە، ئەو کاتەی باوکی شیعری ئەم شاعیرانەی بۆ میوانەکانی لە دیوەخانەکەی خوێندووەتەوە، ئەویش گوێی لێ گرتووە، سەرەڕای ئەوەی خۆی هەر سەودای شیعری نوێی عەرەبی و ئەورووپیی بووە، وەکو شیعری شاعیران، (بەدر شاکر سەیاب و عەبدلوەهاب بەیاتی و بلند حەیدەری و ئەدینۆس و ئانسی الحاج و نزار قەبانی و مەحمود دەروێش و سەمیح قاسم و شللی و بایرون و عزرا یاوەند و مایکۆفسکی و پۆشکین و نازم حیکمەت و لۆرکا



گروپی شاعیرەکانی کەرکووک- کفری.


و دەیان شاعیری دیکە کە خاوەنی شیعری کۆن و نوێ بوون).

لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕەوانشاد شاعیرو ڕۆژنامەنووس جەلالی میزرا کەریم، شاعیرو ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس، ئەو کاتەی لە ڕادیۆی کوردی لە بەغدا بێژەر بووینەو بەرنامەیان هەبووە، ناوە بە ناوە پارچە شیعرێکی شاعیر لەتیف هەڵمەتیان لە ڕادیۆی کوردی بڵاوکردووەتەوە.




لەتیف هەڵمەت یەکەم پارچە شیعری خۆی لە گۆڤاری ڕزگاری بڵاوکردووەتەوە، یەکەم دیوانی شیعریشی بە ناونیشانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) ساڵی١٩٧٠ لە چاپ داوە و بڵاوکردووەتەوە، هەروەها یەکەمین دیوانی شیعری بۆ منداڵان بە ناوی (جوانترین دێ) هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە چاپ گەیاندووە.

لەتیف هەڵمەت زیاتر لە (٧٥) کتێبی چاپکردووە و بڵاوی کردوونەتەوە، لە شیعر، شیعر و چیرۆک




بۆ منداڵان و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی.

ئەوانە هەندێک لە بەرهەمەکانین:(خوا و شارە بچکۆلەکەمان، ئامادە بوون بۆ لە دایکبوونێکی تر، پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی کوێستان و گەرمیانمە، گەردەلوولی سپی، ئەو نامانەی کە دایکم نایخوێنێتەوە، ئەو هۆنراوەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ، وشەی جوان گوڵە گوڵ، سروودی هەژاران، ئەم ڕووبارە وشک ناکات، گورگەکانی لەتیف هەڵمەت، بیابانێکی دڕەندە نەماوە ئافرەت نەبێ، ددانی پاشە ڕۆژ وەکو ددانی جەنگی سپییە، دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم، شیعری دژە شیعر، ئایەتە ونبۆکانی سەدەی بیست و یەک یا سوورەتی گەڕانەوە، دارستان هەمیشە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باڵندە و ونبۆکانێتی)، هەندێ شیعر و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی بە عەرەبی لەوانە (المدن الحديدية، شيخوخة كيلوباتر و اطفال المطر، تحولات الغيوم)،لێکۆڵینەوەی ئەدەبی- شیعر - خەنافس - مینیجۆب، ئەو وشانەی دڕ



**لە لای ڕاستەوە: لەتیف هەڵمەت، شاعیرو ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس، سەلاح شوان، ئەوانی دیکە نەناسراون**

بە تاریکەشەو دەدەن، سۆفی و سۆفیگەریتی ئیسلام هزرو ئیدی نا ئیسلامی سۆفی و سۆفیگەریتی ئیسلامی، مێژووی سۆفیگەریتی و سۆفیگەریتی لە مێژوودا، چۆن و چی بۆ منداڵان بنووسین، جۆرەکانی نووسین بۆ منداڵان.

شیعرو چیرۆک بۆ منداڵان لەوانە( جوانترین دێ، هێلانەیەکی تر، دەنگخۆشترین مەل، مناڵ و باران، مناڵ و چۆلەکە، مناڵ و بووکە شووشە، گوێدرێژ و پاشا، هەڵبژاردە بۆ منداڵان و بۆ گەورە، پرسیار لە مناڵ، کاتژمێر، پشیلەیەک پایسکل لێدەخورێ، دیوانی منداڵان بەرگی یەکەم و دووەم، کۆبەرهەمی منداڵان چوار جار لە چاپ دراوەتەوە.

ناوبراو لە بواری شانۆنامەش نووسیویەتی لەوانە، لاوانەوەی ئوور، فەلەستین هەمیشە نیشتمانی غەسان کەنەفانییە، هەروەها چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و وەرگێرانی دیکەی چاپکردووەو بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە، ناتالی سارۆت و هەڵچوونەکانی و ڕۆمانی نوێ، کە بریتییە لە پێشەکییەک و چەند نموونەیەکی چیرۆکی نوێی چیرۆکنووسی جیهانی ناتالی سارۆت، لێکۆڵینەوەی (الخروج من الدوائر المربعة).

سەدان دەقە شیعری شاعیری گەورە لەتیف هەڵمەت وەرگێردراونەتە سەر زیاتر لە ( ٨ ) زمانی بیانی وەکو عەرەبی و فارسی و تورکمانی و



ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە: شاعیر خالید جووتیار، نەجمەدین عەزیز




ئینگلیزی و ئەڵمانی و هۆلەندی و سویدی و فەرەنسی، وەکو دیوان یان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکراوەنەتەوە.

بەرهەمەکانی شاعیری نیشتمان پەروەر لەتیف هەڵمەت لە شیعر، شیعر و چیرۆکی منداڵان هەمووی لە ئاستێکی بەرزدان و بوونەتە مایەی دیراسە و لێکۆڵینەوە لە لایەن قوتابیانی کورد لە کوردستانی باشوورو ڕۆژهەڵات بۆ نامەی ماجستێرو دکتۆرا، تا ئێستا دەیان قوتابی ماجستێریان لەسەر بەرهەمە شیعرییەکانی ناوبراو وەرگرتووە ە هەر یەک لە:( دکتۆر سامان عیزەدین، خاتوو گوڵاڵە کازم، دکتۆر مزەفەر مستەفا، ناز ئەحمەد سەعید، مامۆستا شاخەوان پەشێو، هەروەها دوکتۆرهاوژین سلێوە دکتۆرای لەسەر شیعرەکانی وەرگرتووە، دکتۆرە شنۆ مەحموود دکتۆرای لەسەر شیعرەکانی گۆران و پیرەمێرەد و لەتیف هەڵمەت وەرگرتووە.

لەتیف هەڵمەت لە ساڵی ١٩٧٠ ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە و چەندین جار ڕێزی لێنراوە لە لایەن ئەم دەزگایانە ( خەڵاتی زێڕینی باوە گوڕ گوڕ لە کەرکووک، خەڵاتی زێڕینی ئیبراهیم ئەحمەد (بلە) لە سلێمانی، خەڵاتی (ئاییک) لە وڵاتی سوید، چەندین جاریش لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و یەکێتیی نووسەرانی عێراقی ڕێزی لێنراوە و خەڵات کراوە.

بیرەوەری و هەندێ زانیاریم سەبارەت بە شاعیر لەتیف هەڵمەت دەگەڕێتەوە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم، شاعیری کورد پەروەر(ئەنوەر-فەرهاد شاکەلی) قوتابی بوو لە پۆلەکەی ئێمە، بەندەش زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بووم لەگەڵ فەرهاد شاکەلی، لەتەیف هەڵمەت هەر زوو زوو دەهاتە بەغدا سەردانی فەرهاد شاکەلی دەکرد، بۆیە لەوێ دەمانبینی، ئەو لەگەڵ هاوڕێکانی (فەرهاد شاکەلی، سەلام محەمەد،عەبدوڵڵا سەڕاج، ئەحمەد شاکەلی) و چەندان شاعیری دیکەی گەنج، خۆیان بە خاوەنی بزووتنەوەی شیعری نوێخوازیی سەرەتای حەفتاکان دەزانی بە گروپی (کفری یان کفری و گەرمیان) ناسراو بوون، ململانێیان هەبوو لەگەڵ ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە بڵاوکراوەی (ڕوانگە) یان بڵاوکردبووەوە، هەر ئەم هۆیەش بوو لە کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر لە سەرەتای حەفتاکان، لەناو هۆڵی کۆنگرەکە بانگەوازێکیان بە دەستخەت نووسیبوو، بڵاویانکردەوە بە ناوی(بڵاوکراوەی شاعیرە شێتەکان)، ئەوان خۆیان بە ڕابەری نوێخوازی و داهێنان دادەنا لە بواری نوێکردنەوەو داهێنان لە شیعرو ئەدەبی کوردی، خۆ هەر واشبوو، ئەم شاعیرە گەنجانە ڕۆڵێکی زۆریان دیت لە بەرەو پێشبردنی شیعرو ئەدەب و ڕۆشنبیریی هاوچەرخی کوردی.

لە ڕۆژی ١٢-١٢-١٩٧٢، بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب کۆڕێکی ساز کرد بۆ شاعیرانی شیعری نوێخواز کە شاعیران (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و سامی شۆڕش و ڕەفیق سابیرو نەوزاد ڕەفعەت، تێدا بەشداربوون، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا سەرپەرشتیی کۆڕەکەی کردو، دەقە شیعرییەکانی هەڵسەنگاند، بەندە لەم کۆڕە شیعرییە ئامادە بووم لەگەڵ ڕەوانشاد شاعیرو نووسەر خالید جوتیار بە یەکەوە دانیشتبووین، وا وێنەکەم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

بۆ شاعیری نیشتمانپەروەر، شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت.

وا لە خوارەوە چەند پارچە شیعرێکی شاعیر لەتیف هەڵمەت- تان بۆ دەنووسمەوە:

من گۆرانیم نەدەزانی
هەژارەکان فێریان کردم
تووڕە بوونم نەدەزانی
زۆردارەکان فێریان کردم
خۆشەویستیم نەدەزانی
ڕووبارەکان فێریان کردم
من شیعرم هەر نەدەزانی
دەست و پەنجەی قڵیشاوی و پێی خاوسی
جوتیارەکان فێریان کردم

**********

دەنووسم لەسەر ئاوێنە
نیشتمان ئەم شوێنە
دەنووسم لەسەر گوڵی جوان
خۆشم دەوێ نیشتمان
دەنووسم لەسەر بەرانان
جوانترین شوێنە کوردستان


***********

وەک چۆن باڵدار
لانەی هەیە لەسەر دار
وەک چۆن پەپوولەی جوان جوان
لانە دەکەن لە ناو گوڵان
وەک چۆن مانگی تابان
ماڵی هەیە لە ئاسمان

وەک چۆن ماسی و حەزیا
ماڵیان هەیە لە ناو دەریا
منیش نیشتمانم هەیە نیشتمان
*************

پیرەمێردێ
چووە قوتابخانەی گوندێ
لە حەوشەدا ڕاوەستا
دەوریان لێدا مامۆستا
ها خاڵە گیان
چیت گەرەکە ها خاڵە گیان
پیرەمێردی بەستە زمان
کە لاواز بوو وەک گۆچان
وتی تو خوا مامۆستا گیان
فێرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان
نیشتمانم کوردستانە کوردستان


سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەگیراوە:
١- وتارێکی نووسەر ڕەزا شوان لە P M News لە ٢٣-١-٢٠١٤.
٢- Kurd press، ژیاننامەی شاعیر لە ٢٩-١٢-٢٠٢٠.
٣- کوردستانی نوێ وتارێکی بە ناونیشانی لەتیف هەڵمەت و منداڵ ، نووسەر خورجە لە بەرواری ١٤-١٢-٢٠١٩.
٤- کوردیپیدیا.
٥-زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم .



# دڵشاد مەریوانی

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و شـاعیر و ئەکتـەری کوردپـەروەر شـەهید دڵشـاد مەریوانـی

**ببوورن لێم کە نیشانم**

**قوڵپی خوێنی گەرووی منداڵێکی کوردە....لە هەڵەبجە**


**کە بە گەردوونی ووت: گەوجە!**

**وا من گوناهبارم قەینا....**

**بەڵام چی بکا... هەڵاڵە و بەیبوون و وێنجە..**

نـاوی تەواوی(دڵشـاد محەمـەد ئەمین فەتاحی مەریوانی)یە، باوکی دڵشـاد لـە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو لـە گونـدی(کاڵ) لـە خـوارووی مەریـوان هاتووەتە پێنجوین و دواتر بۆ سلێمانی و هەر لەوێ ژنی هێناوە و نیشتەجێ بـووە، دڵشـاد مەریوانی لە ڕۆژی ٢٨-٣-١٩٤٧ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایک بـووە، هەمـوو قۆناغەکانی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لـە سـلێمانی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٨ چووەتـە کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغدا- بەشـی زمـان و ئەدەبی کـوردی لـە سـاڵی ١٩٧٢ تـەواوی کـردووە.

لە سـاڵی ١٩٧٦ بووەتـە مامۆسـتای زمانـی کوردی لە قوتابخانەی ناوەندیی سـەرچنار لە سلێمانی، لە سـاڵی ١٩٧٩ چووەتـە سـووریا و هەنگاریا و ئەڵمانیا



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر دڵشاد مەریوانی، شاعیر و نووسەر**
**خاتوو شیرین کەمال هاوسەری ناوبراو و کچەکەیان**

لەوێشەوە ویستوویەتی بچێتە سویدو بۆ ڕووسیا بەو نیازەی بتوانێت خوێندنی باڵا لە ڕووسیا تەواو بکات، بەڵام لەم کارەی سەرکەوتوو نەبووە و گەڕاوەتەوە سلێمانی و چووەتەوە سەر کارەکەی خۆی وەکوو مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندیی برایەتی لە سلێمانی، دواتر لەبەر هەڵوێستەکانی گوازراوەتەوە بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن لە بەغدا بە ( مشرف لغوي) لەوێش دیسان گوازراوەتەوە بۆ بەشی کوردیی کۆلیژی پەروەردەی بەغدا وەکو(مەشقیاری هونەری- بە پلەی معلم- مامۆستا)، لە پاشان بۆ بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی وەکو میوان دەست بەکار بووە، لەوێش جارێکی دیکە گوازراوەتەوە بۆ بەغدا بۆ کۆلیژی(طب البیطري- پزیشکی ڤێتێرنەری) وەکو (مسجل الغیابات)لە ئەبوغرێب، ئەو هەر ڕۆژەی لە شوێنێک بووە، یەک وەزیفەی نەکردووە بە دڵی خۆی هەر دووریان خستووەتەوە و لەژێر چاودێریشدا بووە.

لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٥ بە خۆی و هاوسەرەکەی و کچەکەی ژیانی شاخیان هەڵبژاردووە، دواتر هاتووەتەوە و وازی لە هەموو ئیلتیزامێکی

حیزبی و سیاسی هێناوە.  لە ساڵی ١٩٧٣ کە خاتوو شیرین کەمال هاتە کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی، لەگەڵ دڵشاد مەریوانی ئاشنایەتیان پەیدا کرد، هەر ئەو کات شیرین کەمال حەزی چووە شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی دواتریش بوو بە شاعیر، لە پاشان لە ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیریان کردو خیزانێکی خنجیلانەیان پێکهێنا.

لە ساڵی ١٩٧٤ کە بەشی زۆری ڕۆشنبیران لە بەغدا و شارەکانی دیکەی کوردستان ڕوویان لە شاخ کرد، بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی نەیانتوانی پرۆگرامی خوێندنی ئەو ساڵی تەواو بکەن، چونکە زۆربەی مامۆستاکانیان چووبوونە شاخ، بۆ هاوینەکەی دکتۆرەکانی بەشی کوردیی کۆلیژی ئادابی بەغدا چوونە سلێمانی بۆ یارمەتیدان لە تەواو کردنی مەنهەجی ئەو ساڵی، شاعیر و نووسەر دڵشاد مەریوانی یەکێک بوو لەوانەی خۆبەخشانە بەشداری کرد لەم کارە و قوتابیانی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی سلێمانی توانیان هەمان ساڵ بە سەرکەوتوویی ببڕن.

دڵشاد مەریوانی هێشتا هەر قوتابی بوو زۆر چالاک بوو، بەشداریی لە زۆر لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی و هونەرییەکاندا دەکرد، ئەو تیپێکی هونەری دامەزراندبوو بە ناوی (تیپی هونەری کەرکوک) لە زۆر بۆنەکانی



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان:ڕەئوف حەسەن، ئەحمەد سالار، حەمە ڕەشید هەرەس، دڵشاد مەریوانی، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: مستەفا ئەحمەد، کەمال سابیر، تەها باراوی**





كـوردی و هەتـا هـی فەلەستییەكانیشـی دەكـرد لـە زانكـۆی بەغـدا و موستەنسریە.دڵشـاد مەریوانـی هــەر شــاعیر نەبــوو بەڵكــو چیرۆكنــووس و ڕۆژنامەنــووس و ئەكتەریـش بــوو، ئــەو ڕۆژانــە و هەفتانــە وتــاری ئەدەبــی و ڕۆشــنبیری بــە تایبەتـی وتـاری ڕەخنەیـی لـەو ڕۆژنامـەو گۆڤارانـە بڵاودەكردەوە(ژیـن، هـاوكاری، كاری میللـی، بیـری نـوێ، دەنگوبـاس، بەیـان، ڕۆشـنبیری نـوێ، ڕۆژی كوردسـتان، دەنگـی كرێكار هتـد...)، ئـەو ڕەخنـەی لـە زۆر لـە گـەورە نووسـەر و ڕۆشـنبیرانی كـورد دەگرت لەوانـە( ئیبراهیـم ئەحمـەد ، دكتـۆر مـارف خەزنـەدار، محەمـەد مەولود(مـەم)، هێمنی شـاعیر، عەبدولڕەحمان قاسـملۆ، شـێركۆ بێكـەس، دكتـۆر كاوس قەفتان، كەریمی حوسامی، حەمە سالّح دیلان، شـوكر مستەفا، ڕەئوف بێگـەرد، ڕەفیـق سـابیر، ڕەئـوف حەسـەن، حوسـێن عـارف، لەتیـف هەڵمـەت، دكتـۆر ئەمین موتابچی(دكتـۆری زمانـی فارسـی- مـان لـە بەشـی كـوردی لـە حەفتـاكان -هتـد...).




**شاعیر دڵشاد مەریوانی و شاعیر خاتوو شیرین کەمال، ئەوانی دیکە نەناسراوان**





دلشاد مەریوانی

خاتوونەکەم

ئەگەر زیز بووم ..

* * *

خاتوونەکەم

تۆ ئەو دڵە ئازادەت، کە ..









ناوبراو بیر و فیکری زۆر ئازاد بوو، ئاگاشی لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی و عەرەبی و جیهانی هەبوو، دەتوانم بڵێم تۆزی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەم شاعیر و نووسەرانە (گۆران، شێخ نوری شێخ ساڵح، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر جاف، ئەدیبانی ڕوانگەش، لە عەرەبییەکان موزەفەر نەواب، مەحمود دەروێش، سەمیح قاسم، نازک مەلائیکە، لە جیهانییەکانیش پاولۆ نیرۆدا، پۆڵ ئێلوار، فایتزارۆف، مایکۆفسکی، بەسەنین).

هەرچەندە لەو کات بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعری کوردی لە ئارادا بوو. بەڵام ئەو شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەو بەشی زۆری شیعرەکانی هەتا شیعرە دڵداری و ئەوینییەکانیشی بۆنی بەرەنگاری(مقاومە)یان لێ دەهات، ئەو ئازاد دەژیا زۆر بوێر و ئازاش بوو، زۆر جاریش لە هەڵوێستەکانیدا زێدەڕۆییشی دەکرد، ئەو باوەڕی بە ئازاد کردن و ڕزگاری هەموو گەلانی ژێردەستە هەبوو، بۆیە لە هەموو موناسەباتی فەلەستینییەکان ئامادە دەبوو، بە نووسینەکانیشی پشتگیری لە گەلانی ئەمەریکای لاتین وەکو کوبا و فەنزوێلاو...هتد دەکرد.

دڵشاد مەریوانی کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و چیرۆک و شانۆنامەو وەرگێڕان هەیە، لە ژیانی خۆی لەچاپی داون و بڵاوی کردوونەتەوە، هەندێ بەرهەمیشی پاش خۆی بۆی لە چاپدراوە و بڵاوکراونەتەوە، دیارترینیان

ئەمانـەن:

١- فرمێسک و زەردەخەنە- شیعر ١٩٦٨.

٢- یەکەم هەنگاو -پەخشان ١٩٧٣.

٣- دڵداری شۆڕش- چیرۆک ١٩٧٣.

٤- پێشوازی خاوەن شکۆ- ڕەخنە ١٩٧٣.

٥- ببن بە تیشک- شیعر ١٩٧٦.

٦- بە پەنجەکانم دەتبینم- چیرۆک ١٩٧٧.

٧- دیر یاسین- چیرۆک ١٩٧٨.

٨- سەمفۆنیای وەنەوشە- شیعر ١٩٨٠.

٩- پەلکـە زێڕینـە نامـۆ مەکـەن- شـیعر، دەزگای پـرۆژەی پاراسـتنی دەستنووسـەکانی سـلێمانی بـۆی چـاپ کـردووە.

١٠- یاداشتی هاوڕێکەم- ڕۆمان، دەزگای پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانی سلێمانی بۆیـان چاپ کردووە.

١١- کۆ بەرهەمی شیعری ، دەزگای ئاراس بۆی چاپ کردووە.

- ناوبراو لـە دوو شـانۆگەری وەکو ئەکتـەر بەشداری کردووە، شـانۆگەریی لانـەوازان سـاڵی ١٩٧٣، و پردی وڵات سـاڵی ١٩٧٤.

- لـە فلیمێکـی (١٢) خوولەکیـدا وەک ئەکتـەر بەشـداری کـردووە، بـە نـاوی (ژیانـی شـوان) سـاڵی ١٩٧٢، بەرهەمـی زانکـۆی سـلێمانییە.


- زیاتـر لـە (١٧) شـانۆی لـە نووسـینی خـۆی و وەرگێـڕان و ئامـادە کـردن هەیـە.

- ماوەیـەک چەنـد بەرنامەیەکـی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری بـۆ ئێزگـەی کوردیـی بەغـدا و تەلەفزیۆنـی کەرکـوک نووسـیوە و ئامـادە کـردووە.

- ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بووە.

- ناوبـراو ئەنـدام بـووە لـە یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد و سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی عێراقـی و هاوبـەش.

- ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەری کۆمەڵەی(بووژانـەوەی سـامانی کـورد) بـووە، کـە کۆمەڵەیەکـی ئەدەبی و هونـەری بـووە، باوەڕیـان بـە ئەدەبی بەرەنگاری(مقاومـە) هەبـووە.



ببوورن لێم گەڕێنم

قوڵپی مۆنیی گەرووی منداڵێکی کوردە لە هەڵەبجە

کە بە گەردوونی ووت، گەوجە!

وا من گوناهبارم قەینا..

بەڵام چی بکا هەڵدڵە و بەبیوونر و تێچە!

٢٦/٤/٩٨٨

دڵشاد مەریوانی

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانۆی پێشڕەو بووە لە سلێمانی.

شاعیر دڵشاد مەریوانی لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ مامۆستا بووە لە قوتابخانەی ناوەندیی سەرۆک، قوتابیانی کوردی فێرە نووسینی ئەلف وبێی لاتینی کردووە، دیارە نە یاران و ناحەزانی سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە، لە ڕۆژی ١٢-٢-١٩٨٩ دەستگیر دەکرێت و لە ڕۆژی ١٣-٣-١٩٨٩ لە دائیرەی ئەمنی سلێمانی بە گوللە دەیکوژن بەم جۆرە دەبێتە شەهیدی ئەلف وبێیی لاتینی و وشە و زمان و ئەدەبی کوردی.

بۆ شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس و ئەکتەر شەهید دڵشاد مەریوانی ڕوحت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت، گڵکۆت پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

شاعیر دڵشاد مەریوانی پارچە شیعرێکی شاعیری عێراقی موزەفەر نەوابی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وا بۆتان دەنووسمەوە:

**شیرم بە تووتک حەڵاڵ بێ**

نەک بەو کوڕەی کە پاکانەی لە خەیاڵ بێ.

ڕۆڵە ئەوەی پاکانە پڕ دەکاتەوە

دووبارە کۆست دەخاتەوە،

شەهیدەکان لە نوێ شەهید دەکاتەوە.

سەری دایکێک نانەوێنم
بە شیری گۆشی کردبم
بینای حیزبێک نارِوخێنم
بە خوێنم گۆشم کرد بێ
*********
پارچە شیعرێکی شاعیری شەهید دڵشاد مەریوانی -تان بۆ دەنووسمەوە:
**لەوەتەی خەوەکانم سەوز بووە**
تۆم خۆشویستووە هەقمە بگریم
لە چاوەکانما سەوز بووی
بۆ گریانی من نەبوایە
تۆ بەبێ ئاو گەورە ئەبووی ..!
پەنجەکانم تینویانە
دەست مەنێ بەرِووویانەوە
بابیانگێرِم بەرِەزی قژی خاوتاو نەرِۆنەوە
تا تێر عەتر ئەخۆنەوە
بۆ بێ لەو چاوە کاڵانەت
چی شک ئەبەم
لێم مەپرسە بۆچی هاتووم
وەک کۆترێکی لانەواز
تەرەو ماندووم
هاتووم لەناو چاوەکانتا
تێر تێر بنووم
تێر تێر بنووم
بیرت ئەکەم
وەک چاوی کوێر بۆ بینایی
وەک لێوی وشک بۆ تەرِایی

حەزم لێتە
بیرت ئەکەم
وەک سایەقەی پاش باران
وەک پێکەنینی دوای گریان
وەک هەناسەی دەمی خنکاو
وەک تینوێتی (حوسێن) بۆ ئاو
بیرت ئەکەم
بیرت ئەکەم وەک ڕۆژانی
باوە خونی لێکبڕانی
زاوا .... لە بووک
بیرت دەکەم
بیرت دەکەم
. دڵشاد مەریوانی.


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیدیا.

٢- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣- دکتۆر مارف خەزنەدار - مێژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی حەوتەم لاپەرەکانی ٦٦٣-٦٦٥.

٤- بۆ پێشەوە پێگەیەکی سیاسیی سۆشیالیستییە- وتارێکی نووسەر جەمال نوری لە ١٧-٨-٢٠٢١.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## عومەر ساقی

مامۆستای پەروەردەکار عومەر ساقی

**ئیمپریالیست خوێنمژان**

**نۆکەری چەهرە گران**

**دوژمنەکانی گەل**

**گەل پێتان ئاوات هەل**

**نایەوێ کەین و بەینتان**

**ئیمپریالیست خوێنمژان**

ئەم سرووده لە ساڵی ١٩٥٨، مامۆستای پەروەردەکار عومەر ساقی، خۆی وەکو مایسترۆ و گۆرانیبێژی نەمر فوئاد ئەحمەد بە عودەکەی، قوتابیانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییان فێرە زمانی کوردی و نیشتمانپەروەری کردووە.

ناوی تەواوی (عومەر ساقی حەسەن)ە، لە ساڵی ١٩١٥، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن لە ڕۆژی ٢٢-١١-١٩١٣ لە گەڕەکی(سەعدوناوە)ی هەولێر لە دایک بووە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی شارەدێی (تەرکەڵان)ی سەر بە پارێزگای کەرکووکە، باوکی عومەر ساقی فەرمانبەر بووە لە دائیرەی گومرگ، لەبەر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی هاتووەتە هەولێر، لەگەڵ (نوریە خان)ی دایکی




عومەر هاوسەرگیری کردووە. مامۆستا عومەر ساقی زۆر زیرەک و بلیمەت بووە، لە تەمەنی (٧)ساڵیدا کە دەچێتە قوتابخانە یەکسەر لە پۆلی چوارەمی دادەنێن، خوێندنی سەرەتایی و ناوندی لە هەولێر تەواو کردووە چووەتە (دار المعلمین الراقی) لە بەغدا، هێشتا تەمەنی (١٧) ساڵان بووە تەواوی کردووە، ویستوویەتی بچێتە کۆلێژی سەربازی (طیار - فرۆکەوانی) بەڵام باوکی ڕازی نەبووە و داوای لێکردووە بێتەوە هەولێر و یارمەتیی خێزانەکەی بدات.

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بووەتە مامۆستای قوتابخانە لە قوتابخانەکانی هەولێر و دەوروبەری خزمەتی کردووە و هەر ویستوویەتی قوتابیان و منداڵان زمانی کوردی فێربن و بخوێنن، هەر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو ئەو کاتەی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە عێراق بە ڕابەڕایەتیی بیرمەندی نەتەوەیی عەرەبی عێراقی (ساطح الحصري) کە هەوڵی داوە خەڵکی عێراق هەر هەمووی بە زمانی عەرەبی بخوێنێت، بۆیە مامۆستا عومەر ساقی لەناو پۆلەکاندا هەر هانی قوتابیانی داوە کە فێری

زمانی كوردی ببن، بۆیە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەغداوە هاتووەتە هەولێر و ئاگاداركردنەوە (إنذار)ی داوەتێ و پێی وتووە: تۆ بۆ قوتابیان ومنداڵی كوردمان لێ یاخی دەكەیت !! ئەویش دەڵێ: من ئەركی سەرشانی خۆم جێبەجێ دەكەم. . منداڵی كورد هەقی خۆیەتی فێری زمانی زگماكی (زمانی دایك)ی خۆی بێت و مێژووی نەتەوەكەشی بزانێت. .بۆیە كابرای سەرپەرشتیار پێی دەڵێ: فەسڵت دەكەم... ئەویش دەڵێ: نەتۆ نە باوكیشت ناتوانن فەسڵم بكەن. . سەرپەرشتار پێی دەڵێت: ئاخر نەقڵت دەكەم، ، ئەویش دەڵێ: (ئێرە. .نا. .دێرێ)، بۆیە پاش سێ چوار ڕۆژ كەلەبچەی دەكەن و بە ئۆتۆمۆبێلەكی حكومی دووردەخرێتەوە بۆ (سوق الشیوخ) لە خوارووی عێراق، ماوەی چەند ساڵێك لەوێ دەمێنێتەوە دەگوازرێتەوە (تەقتەق) پاشان بۆ شاری سلێمانی، ئەو شار و خەڵكی سلێمانی زۆر خۆشویستووە، لە شوێنێكدا دەڵێت: (ئەم شارە هەستی نەتەوایەتیمی بە جارێ وروژاند)، كاتێك لە قوتابخانەی (خالیدیە)ی سلێمانی بووە، دكتۆر جەمال نەبەز لە یاداشتێكدا دەنووسیت: (كاتێك قوتابی بووم لە قوتابخانەی خالیدیە وتیان مامۆستایەكی تازەی زمانی ئینگلیزیتان بۆ هاتووە، پاشان كە مامۆستا عومەر ساقی هاتە پۆلەكەمان بە شێوەی كوردی هەولێری دەدوا و خۆشی پیاوێكی سپی و سۆر



**پۆلێك لە قوتابخانە لەلای چەپەوە ڕاوەستاوەكە مامۆستا عومەر ساقییە**

و قژکاڵ و چاوکاڵ بوو، وامان دەزانی ئینگلیزە و فێری کوردیی هەولێری بووە، پاشان لەگەڵ مامۆستا بووینە دۆست).

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، دەگوازرێتەوە هەولێرو لە شەستەکاندا دەبێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە شاری هەولێر و دەوروبەری.

مامۆستا زۆر هاوڕێی مامۆستای نەمر (گیو موکریانی) بووە پەیوەندیی خێزانیشیان هەبووە، لە سەرەتای شەستەکان کە (حەرەس قەومی) زۆر ئازار و ئەشکەنجەی مامۆستا گیو موکریانی دەدەن، مامۆستا عومەر ساقی بەردەوام و بەخۆی و بە هاوڕێکانی بۆ ئازادکردنی لە کونجی بەندیخانەکان زۆر هەوڵیان داوە، زۆر جاریش لای منداڵەکانی وتوویەتی:(خۆزیا منیان بگرتبوایە لە شوێنی ئەو).

لە ١٩٧٠/٨/١٥ ئەو کاتەی پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە بەغداوە هاتووەتە هەولێر بۆ دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، کۆبوونەوەکە لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر بەستراوە، مامۆستا عومەر ساقی لەو شاعیر و نووسەرانەی کورد بووە کە ئامادە بووەو ئەوان ژمارەیان(١٥) کەس بووینە لەوانە ((محەمەد مەولوود(مەم)، مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی، کەریم شارەزا، عومەر ساقی، مەدحەت بێخەو، بەدرخان سندی، پیربال مەحموود، عەبدوڵلا پەشێو، دکتۆر عەبدوڵلا حەداد، یوسف دەرگەڵەیی، مەحموود



زامدار))، کۆنفراسەکە لە ١٩٧١/١/١٥ بەستراوە داوا لە مامۆستا عومەر ساقی کراوە خۆی کاندید بکات، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە، وتوویەتی: ئەم کارەم پێ هەڵناگیرێ، گۆڕەپانەکە بۆ شاعیر و نووسەرە گەنجەکان چۆڵ دەکەم.

مامۆستای نەمر عومەر ساقی لە ٧/ ١٩٧٣/٨ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گەورەی هەولێر بە خاک سپێردراوە، مامۆستای نەمر و کورد پەروەر گیو موکریانی بۆ ستایشی عومەر ساقی ئەم دوو دێرە شیعری نووسیووە:

**دەردم ئەو دەردە سەرم نایەوە**
**خاکی وڵاتم وەک خۆی مایەوە**
**دەرچووم لە دنیای پر لە کارەسات**
**پێش ئەوەی گەلم بگا بە ئاوات**

ڕەوانشاد (کاڵێ خان)ی کچی گیو موکریانی ئەم دوو دێڕە شیعرەی باوکی لە موسڵ لەسەر ئەرکی خۆی لە سەر کێلی عومەر ساقی بە هەڵکەندراوی دروست کردووە.

مامۆستای نەمر عومەر ساقی دوو جار هاوسەرگیری کردووە، لە ژنی یەکەمی هیچ منداڵی نەبووە، لە (شەفیقە خان) دوو کچ و سێ کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی (چیمەن،چنار، چیا، چالاک، شاسوار.

لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ناوبراو مامۆستای نەمر عیزەدین فەیزی کە ئەو کات سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە، تاجە گوڵینەی لەسەر گۆڕی عومەر ساقی داناوە و کەریم شارەزاش وتاری یەکێتیی نووسەرانی خوێندووەتەوە.

بۆ ئەو مامۆستا گەورەیەی بواری پەروەردەو فێرکردن ڕەوانتشاد و گۆڕەکەت پڕنور و ڕەحمەت بیت، سەرکەوتن و سەرفرازیش بۆ نەوەکانی.

سەرچاوەکان: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- پەیجی هەولێر شارە جوانەکەم.
٢ - پەیجی هەولێر شارە شیرینەکەم.
٣ - کوردیپیدیا، زانیاری ونووسین و دارشتنی خۆم.



# دکتۆر کەمال میراودەلی

شاعیر و نووسەرو مامۆستای ئەکادیمیی فەلسەفە دکتۆر کەمال میراودەلی

ناوی تەواوی (کەمال مەمەند ئاغای کوڕی ڕەسوڵ ئاغای قایمقام)ە، لە ساڵی١٩٥١ لە گوندی (مەرگە)ی سەر بە قەزای ڕانیە لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووەو کوڕی شاعیری نەتەوەیی کورد(فانی)یە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مەرگەو ناوەندی و دوا ناوەندی لە قەڵادزێ تەواوکردووە، بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای ساڵی١٩٧١ تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی قەڵادزێ و سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٨٢بڕوانامەی ماستەری لە فەلسەفە لە زانکۆی (ESSEX) لە بەریتانیا وەرگرتووە، هەر لە هەمان زانکۆ دەرسی فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی وتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٧ دکتۆرای لە فەلسەفەی ئەدەبی ئینگلیزیی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپی وەرگرتووە، لە ساڵی١٩٩٢ ماستەری لە زانستی ئابووری و سیاسی لە (Les) London school of Economics بە دەست هێناوە.

ساڵی ١٩٩٢ هاوکار بووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی فریا گوزاریی کوردی (KLA)، بۆ دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و



**لە لای ڕاستەوە : عەبدلوەهاب تاڵەبانی، دکتۆر نافع ئاکرەیی، سەعدوڵڵا پەرۆش، لەتیف هەڵمەت، کەمال میراودەلی**

نەخۆشخانەکانی ناوچەی مەرگەو پشدەرو دووکان بۆ ئەم مەبەستەش گەڕاوەتەوە کوردستان.

لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە تا ئێستا بەڕێوەبەری دەزگای ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەمە نەتەواییەکانە لە لەندەن، ساڵانێک بەرنامەی مەشق و ڕاهێنان لە بواری پێشخستنی کۆمەڵگایی و سەرکردایەتی و نەخشەی ئیستراتیجی و بەڕێوەبردنی دیموکراتی هەبووە، بۆ زیاتر لە (٣٠٠) ڕێکخراوی مەدەنی نووسیوە و ناملیکە و نووسینەکانی بۆ (٦) زمانی بیانی تەرجومە کراوە.

لە ساڵی ١٩٨٠، دکتۆر کەمال میراودەلی لەگەڵ دکتۆر کامل بەسیرهاوکاری کردووە لە دامەزراندنی بەشی دیراساتی کوردی لە زانکۆی سلێمانی لە هەموو لقەکانی زانستی بە زمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر داوای زانکۆی سلێمانی کتێبی (فەلسەفەی جوانی و هونەر – ئیستاتیکا)ی نووسیوە، وەک کتێبێکی مەنهەجی بۆ بەشی دیراساتی کوردی و لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە.

یەکەم بەرهەمی شیعری دکتۆر کەمال میراودەلی کۆمەڵە شیعرێک بوو بە ناوی (بارانی پەڵە هەورێکی کۆچەری) کە لە ساڵی١٩٧٨، لەسەر ئەرکی کۆڕی زانیاریی کورد بڵاوکراوەتەوە.

شاعیرو نووسەرو ڕەخنەگر کەمال میراودەلی، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، قەڵەمێکی دیار و پڕ بەرهەم بوو، زۆر باش لە بیرمە ئەوکات من قوتابیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم، کە ڕۆژنامەی هاوکاری دەردەچوو، مەگەر چۆن دەنا وتارێکی دکتۆر کەمال میراودەلی دەربارەی شیعر و ئەدەب و لێکۆڵینەوە و ڕەخنیە تێدا بوو، ئەو کات سەردەمی زێڕینی هاوکاری بوو، چونکە کۆمەڵێک شاعیرو نووسەری بە توانا لاپەڕەکانی هاوکارییان بە وتارو لێکۆڵینەوەکانیان دەوڵەمەند دەکرد، ئێمەی قوتابییانی کورد لە بەغدا، من بەش بە حاڵی خۆم ڕۆژنامەی هاوکاریم لە (ئەلفە وە هەتا یێ) وە دەخوێندەوە، ئەگەر من زمان و ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا لەسەر دەستی دکتۆرە بلیمەتەکانی وەکو پرۆفیسۆر مارف خەزنەدارو پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و دکتۆر ئیحسان فوئاد و. ..هتد..، فێربوومە، وەکو یەکەم قوتابخانەم، ئەوا ڕۆژنامەی هاوکاری بە قوتابخانەی دووەمی خۆم دادەنێم لەم بوارەدا، چونکە کۆمەڵێک نووسەرو شاعیری وەکو (کەمال میراودەلی و حەمەی مەلا کەریم و کامەران قەرەداغی و حەسیب قەرەداغی و حەمید عەزیز و حوسێن عارف و محەمەد ئەمین پێنجوێنی و عەبدوڵلا عەباس و مەحمود زامدارو سامی شۆڕش و دکتۆر ئەرسەلان بایزو دەیان نووسەری گەورەی دیکەی کورد بەرهەمەکانیان تێدا بڵاودەکردەوە، بەندە خۆم بە زیادەڕۆیی نازانم ئەگەر



**لەلای ڕاستەوە: کەمال میراودەلی، هێمن موکریانی، ئەحمەد قادر سەعید**

بڵێم : ڕۆژنامەی هاوکاری سەرتۆپی هەموو ڕۆژنامە کوردییەکانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیی کۆن و نوێ و بە ئێستاشەوە، دکتۆر کەمال میراودەلیش یەکێک بووە لەو نووسەرو ڕەخنەگرانەی کە هەفتە نەبوو، دوو یان سێ ستونی هاوکاری پڕ نەکردبوایە بە نووسینە ئاست بەرزەکانی لە بواری ئەدەب و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە.

دکتۆر کەمال میراودەلی زیاتر لە (٢٠) کتێبی لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ساغکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان و فەلسەفە و ڕەخنە و زمانەوانی نووسیوە و لە چاپی داون و بڵاوی کردوونەتەوە، کە هەر هەموویان لە ئاستێکی بەرزو سوودبەخشدان،لەوانە: (بیرکردنەوەو ئازادی، پەنجەرەکان لە ناوەوە، ئارکیۆلۆجی فۆگۆ- فەلسەفە و زانین و دەسەڵات، تا نەبووی بە سەراب تینووی دیدارت نەکردم - شیعر، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، دیوانی فانی - ژیان و شیعرو نیشتمان - بەرگی یەکەم و دووەم کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دکتۆر کەمال میراودەلی، دەفتەری شیعر، زانین و دەسەڵات - خوێندنەوەیەکی فۆگۆ وەک خۆی، شۆڕشی عیشق، شیعرناسیی بە شیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ئیستاتیکای شیعر، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، فەلسەفەی ئازادی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، قورئانناسی خوێندنەوەی قورئان بە قورئان، گۆران ڕۆمانسیزمی سروشت و جوانی، گۆران شاعیری جوانی و هونەر، مەم و زینی خانی، نووسین- دەسەڵات- ڕاستی روون، هەتاوەجاڕ، کۆرس فەلسەفە، کۆکاری شیعری - بەرگی یەکەم کە (٤) دیوانە).

ناوبراو ساڵی ١٩٧٠، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی











بەرهەمەکانی ناوبراو


گشتیی بەغدا بووە، ساڵی ١٩٧٩ بە هەڵبژاردن بووەتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ خۆی کاندید کردبوو، دووەمین دەنگی هاووڵاتیانی هێنا بوو لەسەر ئاستی کوردستان پاش سەرۆک مەسعود بارزانی، یەکەمین دەنگیشی لە پارێزگای سلێمانی هێنابوو.

بۆ نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر دکتۆر کەمال میراودەلی، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و وشەی کوردی.

کەمال میراودەلی شاعیر و نووسەر و ئەکادیمی کورد پەروەر، شیعری بۆ هەموو بوارەکانی ژیان نووسیوە، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەوینی، جوانیی سروشت، ڕەخنە، هەتا بۆ قوربانیانی شنگالیش هۆنراوەیەکی درێژی نووسیوە، وا لە خوارەوە پارچە شیعرێکیی ناوبراوتان بۆ دەنووسمەوە :

زیندووم کەوە
زیندووم کەوە
لە مەرگی خۆم پەشیمانم
زیندووم کەوە،
ببە بە گیان بۆ گیانم
ببە بە خورپە بۆ دڵم
ببە بە شیعر بۆ زمانم
ببە گڕی خوێنی سڕم
خرۆشی ناو دەمارانم !
زیندووم کەوە، زیندووم کەوە،












بەرهەمەکانی ناوبراو

زۆری ماوە نەخشەی ژیانم
زۆری ماوە تاسەی دەروون
لە مەرگی خۆم پەشیمانم !
ببە بە لێوی ئاگرین
ئەلفوبێی نوێ بۆ داستانم
پێم بدەوە هێزی گریان،
ڕاچەنینم، خرۆشانم ،
زیندووم کەوە،
لە مەرگی خۆم پەشیمانم.
دایچێنەوە بە ئەستێرە
جریوەی ڕەشی ئاسمانم
زیندووم کەوە،
تازەکەوە ناونیشانم
ببە بە گیان بۆ گیانم
زیندووم کەوە

سەرچاوەکان : بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کوردیپێدیا
٢- ویکیپێدیا - ئینسکلۆپیدیای ئازاد
٣- ماڵپەڕی دکتۆر کەمال میراودەلی
٤ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# قوبادی جەلیزادە

شـاعیرو نووسـەری نوێخـوازو ئـازاو بوێـرو دژە بـاوو ڕێچکەشـکێن و یاسـازان و دادوەر قوبـادی جەلیـزادە

ئـەو دەڵێت: ژنێک لەسـەری کـردم کـە دەبێ تەنیـا چـاوی ئـەو، قـەدەرو نیشـتمانم بێ-١٩٩٧.

قوبادی جەلی زادە لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە داوێنی چیای سـەرکەشی باواجی لـە شـارە ڕەنگیـن و خنجیلانەکـەی کۆیـە، شـاری شـاعیران و هونەرمەنـدان و ڕووناکبیـران و سیاسـەتمەدارانی کـورد، لـە خانەوادەیەکـی ئاییـنی و کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە.

خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی هـەر لـە کۆیـە تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٣ لـە کۆلێژی (یاسـا و ڕامیـاری- كلیـة القانون و السیاسـة) ی زانکـۆی بەغـدا وەردەگیرێـت، هـەر لەگـەڵ ڕێکنەکەوتنـی سـەرکردایەتیی کـورد لەگـەڵ ڕژێمـی ئەوسـای بەغـدا بـۆ جێبەجێکردنـی تـەواوی بەندەکانـی ڕێککەوتننامـەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ و تێکچوونـی بارودۆخەکـە لـە بەغـدا، بۆ کـورد بـە گشـتی و بۆ قوتابیـان بە تایبەتـی، بەشـێکی زۆر لـە قوتابیـان و ڕۆشـنبیرانی کـورد ڕوویـان لـە شـاخ کـردو بوونـە پێشـمەرگەی کوردسـتان،



قوبادی جەلی زادەش یەکێک بوو لەو قوتابییە کوردانەی کە کۆلێژی یاسا و رامیاری بەجێهێشت و بوو بە پێشمەرگەی کوردستان، لە دام و دەزگانی دادوەریی شۆڕش بوو بە لێکۆلەری دادی لە هیران، لە ساڵی ١٩٧٥ پاش نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوە کوردستان و خوێندنی خۆی تەواو دەکات و وەکو پارێزەر دەست بە کار دەبێت، لە پاش ساڵی ١٩٩٦ وەکو دادوەر لە شاری سلێمانی درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات.

قوبادی جەلی زادە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، ئەو هەر لەسەرەتاوە شیعری بە شێواز و ستایلێکی جیاواز نووسیوە، شیعری بۆ هەموان نووسیوە، شیعڕی بۆ ئافرەت، سروشت ، ئەڤینی، نیشتمانی و نەتەوەییش نووسیوە، شیعری (هایکو)ی نووسیوە کە دیاردەیەکی جیهانییە لە سەدەی بیست و یەکدا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبیدا بڵاوبووەتەوە، ئەو دەڵێت:(هایکو نووسین وەک ئەو جۆرە عەدەسە وایە کە تیشکی خۆری پەرت وبڵاو لە خاڵێکدا کۆدەکاتەوە، هێندێ جار چڕکردنەوەی تیشکە ڕووناکی و گەرمییەکەی ئەوەندە خەستە، ڕەنگە ئەو شتانە بسووتێنێت کە بەریان دەکەوێت، هەروەها دەڵێت: من هایکو وا دەبینم وێستگەیەکە بۆ ئارام

کردنەوەی ڕوح، لە زەمەنێکا ڕوح تیادا یەکجار ماندووە)، ئەو (١٥) پارچە شیعری هایکوی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ناوبراو بە شاعیرێکی ئیروسی- ئیرۆتیکی Eroticism))هەژمار دەکرێت، ئەو جوانیی سروشتی داوە بە ژن، ژنیش جوانی خۆی داوە بە درەخت و سروشت، لە هزرو بیر و خەیاڵی شاعیر ژن سەرچاوەی ژیانە، بەکارهێنانی جوانیی ژن و جەستەی و هەموو کەرەسەکانی دیکەی بە وشەی سادە و جوان و ناسک و پڕ ئاواز بە کارهێناوە، بەبێ ئەوەی لە بەهاکانی ژن کەم بکاتەوە و ڕەچاوی داب و نەریتی کوردەواریشی کردووە، لە کۆمەڵە شیعرەکانی(ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە، چرا لە باوەشی حەمامدا، چاکەتێک لە کۆنە دەکرم، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات) زۆر بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، لەم بوارەدا ڕەخنەگرانی کورد هەتا عەرەبیش زۆریان لەسەر شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە نووسیوە.

قوبادی جەلی زادە، کۆمەڵێک بەرهەمی بە تام و چێژ و ئاست بەرزی نووسیوە لە هەموو بوارەکانی ژیان و سروشت، ئەڤینیی ئافرەت ، کێشە



شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت ، شاعیر قوبادی جەلی زادە

و گرفت و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەو زڵم و زۆریەی لە تاکی کورد دەکرێت لە هەموو کوردستانی گەورە، جگە لە نارەزایی و گلەیی و گازاندەی لە بەڕێوەبەرانی وڵات، بە تایبەتی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هەمووی لە بەرهەمەکانیدا بە روونی دیارن، ئەمانەن بەرهەمەکانی:

١- بەردێک دەگرمە کیسەلێک، ٢- تەمتومان، ٣- حصة العصافیر، ٤- خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، ٥- زیبا رویان جیهان همه همسایه تواند، ٦- ژنێک لەجنسی باران، ٧- ستیانی بەفر پرە لە ڕیشۆڵە، ٨- سێدارەکانی بەهەشت، ٩- شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ١٠- لە گەرەکی باڵندانە ماڵەکەم، ١١- وەرە با ببین بە سەگ، ١٢- جان ئیرۆتیک، ١٣- کازیوەی چیا، ١٤- کۆڵانە شینەکانی منداڵی، ١٥- چاکەتێک لە کۆنە دەکرم، ١٦- پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلی زادە و نزار قەبانی- لە نووسینی نووسەر خاتوو ڕێزان ساڵح مەولوود.

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەربی و فارسی و ئینگلیزی، هەر یەکە لە نووسەر و شاعیران(



لە لای ڕاستەوە: خاتوو سارا، قوبادی جەلی زادە



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، قوبادی جەلی زادە**

نووسەر و ڕۆماننووس عەبدولکەریم شێخانی، ماجد حەیدەر، هۆشەنگ باوانی، ساهی مهاباد، ئاریان سابیر داوودی، باوەزیر، ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی، رۆزا حەمە ساڵح).

زیاتر لە سێ نامەی ماستەر و سێ نامەی دکتۆرا لەسەر دەقە شیعرییەکانی شاعیر وەرگیراوە.

نووسەر ڕێزان ساڵح مەولوود کتێبێکی بە ناونیشانی (پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلی زادە و نزار قەبانی) نووسیوەو بە چاپ گەیاندووە.

نووسەر و ڕەخنە گەورەی کورد ڕێبوار سیوەیلی کتێبێکی بە ناو نیشانی (کتێبی قوباد) نووسیوە کە تێیدا کۆمەڵە شیعرێکی ناوبراوی شی کردووەتەوە، لە ڕۆژی ١٩-٥-٢٠٢٢ لەگەڵ ڕێزلینانێک بۆ شاعیر نمایش دەکرێت.

دەربارەی بەرهەمەکانی قوبادی جەلی زادە، با بزانین ئەو نووسەر و ڕەخنەگر و ڕووناکبیرانەی کورد چی دەڵێن:

دکتۆر ملکۆ ئەحمەد دامەزرێنەری یانەی (هایکو)ی کوردی لە کورتە

نامەیەکدا بۆ شاعیر قوبادی جەلی زادە نووسیویەتی و  دەڵێت:( لە دوای دامەزراندنی یانەی هایکۆی کوردی جەنابتان یەکەم پشتیوان بوون، بە خێرایی هایکو بڵاوبووەوە، بەڵام بە ڕاستی وتومە و دەیڵێمەوە کە هیچ کوردێک هێندەی قوبادی جەلی زادە هایکو جوان نانووسیت).

نووسەر خاتوو سەمیرە نادر دەڵێت:( قوبادی جەلی زادە مرۆڤێکی تا بڵێی جوانە، لە ڕۆشنبیرترین خێزانی کوردە، ژیانی سیاسی و نەتەوەیی پڕپڕە لە هەڵوێستی مەردانەو شەرەفمەندانە).

سلێمان مستەفا کە نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە دەڵێت:(ئەوە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەن، باڵ دەگرن و لە ناو نیشتمانی دڵماندا دەنیشنەوە، ئەوە ئەو پیت و وشانەن کە قوبادی جەلیزادە بە پێنووسەکەی بە ڕستەیانەوە دەکات دەیانکات بە کەزی و مرۆڤ و سروشت و جوانی و ئەڤین و ئەڤین و ئەڤین..،هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەوە شیعرەکانی قوبادن دەبن بە شەونمی سەر گوڵە نێرگزو گوڵە ڕوون، دەبن بە ئاوازی سرووەی بەیانیان بەدەمیاوە قاوەیەک نۆش بکەیت زەردەخەنە بگەڕێنیتەوە سەر لێوان و بە کورتە نامەیەک کۆکڵەیەکی شیعرەکە بپێچیتەوە بە ڕەنگی پەمیی و مۆر بۆ خۆشەویستەکەتی بنێریت).

نووسەرو شاعیر فازل شەوڕۆ دەڵێت:( قوبادی جەلی زادە وەک شاعیر بەهرەمەندێکی ڕەسەنی پڕ توانا و داهێنەر و نوێخوازی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە، بێ ویژدانییە ناوی نەنێین نزار قەبانیی کوردان، شاعیری بەرز















و جوانی و ئەڤین و ژن و ژن دۆست بە مانا جوانەکەی، هەروەها دەڵێت: پاشا یان سوڵتانی شیعری ئیرۆتیکی کوردییە).


نووسەر و ڕەخنە گەورەی کورد ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت:(من لەو باوەڕەدام شیعری ئازادی بەو مانایەی کە بەرهەمی بیرکردنەوەی ئازاد بێت، لای عەرەب لە ئەدۆنیسەوە دەست پێدەکات و لای کوردیش لە قوبادی جەلی زادە).

مامۆستای ئەکادیمی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لە کورتە وتارێکدا لە فەیسبووکی خۆیدا دەڵێت:(ئەدەبی کراوە (Open literature) ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە سنووری نییە بۆ دەربڕینی ئارەزووی پۆرنی، کە کۆمەڵ بەگشتی لێی دەسڵەمێتەوە.. و لە بازنەیەکی تەسکی داخراودا خۆی حەشار داوە خوێنەری بە زۆری نێرینەن و سنووردارە، شەرم و سۆز و ڕێز لە فەرهەنگیدا نییە.. بەنهێنی زارەو زار و دەستاو دەست بڵاودەبێتەوە...... هەروەها دەڵێت: قوبادی جەلی زادە وەستایانە و سەرکەوتووانە ئەو سنوورەی تێکشکاندووە، تاکە شاعیرێکە نەک هەر لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە هەموو ئەدەبی جیهاندا توانیویەتی تریفەی مانگ و گڕی خۆر ئاوێتەی یەکتر بکات، بە لای منەوە بەمە ڕێبازێکی جیهانیی لە ئەدەبدا دامەزراندووە... و زاراوەی (پۆرنۆتیکی)م بۆ ئەم ڕێبازە دارشتوە).










قوبـادی جەلـی زادە کوردێکـی زۆر نیشـتمان پـەروەرە، بـە بیـرو فیکـرە پێشکەوتنخوازییەکەی و بیرە نەتەوەییەکەی سەلماندوویەتی کە ئەو تا سەر ئێسقان مرۆڤێکی نەتەوەییە(نـەک نەتەوەیـی شـۆڤینیی)، ئەگـەر تەماشـای ئـەو پارچـە شـیعرە بکەیـن(زارا دوو پێشـمەرگەی دووری دی) بۆمـان دەردەکەوێت کـە لای ئـەو کوردسـتان یـەک کوردسـتانە، باشـوور، باکـوور، ڕۆژهـەڵات، ڕۆژئـاوا، ئـەو دان بـە سـنووری دەسـتکرد دانانێت بـۆ کوردسـتان، ئـەو شـاری کۆیـە و هەمـوو بسـتێکی خاکـی کوردسـتانی گـەورەی خۆشـدەوێت و بـۆ هەمووانیـش شـیعری نووسـیوە و دەنووسـێت.

قوبـادی جەلـی زادە ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد و ئەندامـی سـەندیکای پارێزەرانـی کوردسـتانە.

ناوبـراو چەندیـن جـار لـە لایـەن دەزگا جۆربەجۆرەکانـی کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتان خـەڵات و ڕێـزی لێنـدراوە.

بۆ شـاعیر و نووسـەری نوێخـواز هـەر سـەرکەوتوو و سـەرفراز بیت بۆ خزمەتی شـیعر و ئەدەبی کوردی.

وا دوو پارچـە شـیعری شـاعیر قوبادی جەلی زادە، دەنووسـمەوە، یەکـەم : زارا دوو پێشـمەرگەی دووری دی، دووەم ڕێـی کۆیـە ڕێـی هـات و نەهـات:

## زارا دوو پێشمەرگەی دووری دی

١

ئەسپێکی سپی، منی گەیاندە ترۆپکی چیا
هەموو نیشتمانم لێوە دیارە
بەڵام دڵی خۆش نەکردم
-زارا لە زیندانە
مانگ بە پۆلێک ئەستێرەوە هاتە بەرپەنجەرە
کۆشی نەوەکانمیان تژی کرد،
لە نوقڵ و تریفە.
لێ چێژم لێ نەبینی
-زارا لە زیندانایە
پۆلێک کۆتر،
لە شەقەی باڵیان داو بەسەر هەموو باخە ڕازاوەکانی سنەدا
سووڕانەوە.
لێ دڵم پێیان نەکرایەوە
- زارا لە زیندانایە
لە باخچەکەمانا بۆ بەرچایی
گامێشێک قەیماخی هێنا
مەڕێک ماست
هەنگێک فنجانێک هەنگوین
لێ تامم نەکردن
-زارا لە زیندانایە.
بەسەر لقی شەنگەبییەوە
باڵندەیەک خوێندی
چی گوڵ و خونچە بوون، کەوتنە سەما



زارا محەممەدی کچە زیندانی
کراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لێ دڵم وەک بزماری داکوترا
جووڵەی نەکرد
-زارا لە زیندانایە
زارا،
بەر لە زیندان کردنی
لەسەر تەختەڕەشەکە دەینووسی،
دارا دوو داری دی
هەنووکە،
لەسەر دیواری زیندانا
لەسەر دەروازەی زیندانا
لەسەر کەلەبچەی زیندانا دەنووسێ؛
دارا دوو شەڕەڤانی دووری دی
دارا دوو پێشمەرگەی دووری دی
دارا دوو گەریلای دووری دی.

٢

**ڕێی کۆیە... .ڕێی هات و نەهات**

١

وەرگەڕا
ماشێنەکەی(حاجی قادر).
کەچ بوو،
گەردنی هەیبەسوڵتان
داڕما،
قەڵای کوردایەتی.

٢

لە پەنجەرەی ماشێنەوە.

(حەمەغا) پەڕی .
گڕیان تێبەر بوو،
مەزراکانی گوڵەگەنم.
٣
بوو بە خڵتانی خوێن
کوشینی پێشەوەی ترومبێلێک
داتەپی،
ماڵی مەقاماتی(ئەختەر)
٤
بۆ مەلای (گەورە)،
ماشێنێک بوو بە تابووت
لار بوەوە،
منارەی مزگەوتی گەورە.
٥
(دڵدار)ی شێلا- بارهەڵگرێک.
پسان،
ژێیەکانی قورگی ئەی رەقیب
٦
کەوتە کەندەڵانێک - ماشێنەکەی(سێوە)
یەخەی خۆی دادڕێ، ئایشەگوڵ.
بە دیواری کلێساوە،
لافیتەیەکی ڕەش.
٧
لەناو گڕی ئاگردا
بوو بە مشکی،

(شیرین بەهارە)
درزی برد، دیوارێکی قشلە.

٨

لەناو ماشێنێکدا
بوون بە ڕەژوو؛
نەجیبەخان و
فریشتە و
ئایشەگوڵ
ڕەشپۆشن ژنە شۆخەکانی کۆیە.

٩

ڕێی کۆیە..
ڕێی
هات و
نەهات.

سەرچاوەکان:

وێنەکان: هەموو وێنەکان لە لاپەڕەی فەیسبووکی شاعیر قوبادی جەلی زادە وەرگیراون.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کولتور مەگەزین، وتارێکی نووسەر ئاکۆ قادر حەمە لە ٢-٢-٢٠١٩.
٢- کوردیپیدیا.
٣- کولتور زەمەن ، وتارێکی شاعیر و نووسەر بۆتان جەلال لە ١٩-٣-٢٠٢٢.
٤-فەیسبووکی شاعیر قوبادی جەلی زادە.
٥- فەیسبووکی پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین.
٦- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# جەلال بەرزنجی

شاعیر و نووسەرو چیرۆکنووس و ڕۆماننووس جەلال بەرزنجی

ئەو دەڵێت: (دەمێکە نووسین بووە بە ماڵ و نیشتمانم، هەست دەکەم لە ناوی دەژیم، بیر لەوە دەکەمەوە چۆن جوانتری بکەم.

ناوی تەواوی(جەلال محەمەد عەباس بەرزنجی) یە، بە جەلال بەرزنجی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن لە گوندێکی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، یەک ساڵ پاش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، ئەو تەمەنی (٧) ساڵان بووە کە ڕژێمی ئەوسای بەغدا گوندەکەیانی سووتاندووە، ئەوانیش هەر بە شەوە بەرەو شاری هەولێر هەڵاتوون، لەوێ نیشتەجێ بووینە.

شاعیر جەلال بەرزنجی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، چووەتە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٧٦ تەواوی کردووە، دوو ساڵ بووەتە مامۆستا لە گوندی (سکتان)، لە ساڵی ١٩٩٨ وە لە وڵاتی کەنەدا دەژیت.

جەلال بەرزنجی هێشتا هەر قوتابی ئامادەیی بووە لە ئامادەیی



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو سەباحەت تاهیر هاوسەری شاعیر جەلال بەرزنجی، شاعیر جەلال بەرزنجی،**

کوردستان، یەکەم دەستپێکی نووسینی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی قوتابی لەوانە شەهید(کاردۆ گەلاڵی، دڵشاد عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا زەنگەنە)، لە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان گۆڤارێکی ئەدەبییان بە ناوی (ڕەهێڵە) دەرکردووە، ئەو وتارێکی مامۆستای وانەی مێژوو پۆڵس یەعقوب عەسکەر کە بە زمانی عەرەبی نووسیبووی لەسەر (میدییەکان) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری ڕەهێڵە بڵاوی کردووەتەوە.

جەلال بەرزنجی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چووەتە ناو دنیای نووسین و شیعرەوە، ئەو کات بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعری کوردی لە ئارادا بوو، بەڵام ئەو بە شێواز و ستایلێکی جیاواز و تایبەت بە خۆی شیعرەکانی نووسیوە، هەرگیز خۆی بە دوورخستووە لەو نووسینانەی کە ئەو کات باو بوو، هەر چەندە بەشی زۆری شاعیران بە شیعر دەست پێ دەکەن، بەڵام ئەو لە ساڵی ١٩٧١ بە بابەتێکی مێژوویی و وەرگێڕدراو دەستی پێ کردووە، دواتر لە هەمان گۆڤاری قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان کە گۆڤارەکە ناوی گۆڕدراوە بۆ (بیری نوێ) بە پەخشانە شیعرێک بە ناونیشانی(گۆڕستانێکی قڵیشاوە) بەشداری تێدا کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٩ دیوانی شیعری (سەمای بەفری ئێواران)ی لە چاپ داوە، شێوازی نووسینی زۆر جیاوازە لەو دیوانە شیعریانەی کە ئەو کات دەردەچوون، ئەو هەوڵی داوە جوانی بۆ ناو ژیان بهێنێت، هەر چەندە ئەو کات گەنجێکی سەرکووتکراو و لەناو شار و میللەتێکی بەشخوراو و غەدر لێکراو ژیاوە، بەڵام ئەو لە گوندی (سکتان) سوودی لە سروشتی کوردستان وەرگرتووە و زۆر بە هێمنی و بە بێ هەڵچوون شیعرەکانی دیوانی(سەمای بەفری ئێواران)ی نووسیوە.

جەلال بەرزنجی لە شیعرەکانی (شەڕ، تازە درەنگە بۆ خۆرئاوا، سەبەتە کۆتریکی ڕژاو)دا، پەیامی ئاشتی و جوانی ڕاگەیاندووە لە دژی شەڕی برا کوژی بە تایبەتی شیعری (شەڕ) کە لە ساڵی ١٩٩٦ نووسیویەتی، ئەو لە ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن ئەمنی ڕژێمی (صدام) بۆ ماوەی (١٩) مانگ زیندانی کراوە و ئازارو ئەشکەنجە دراوە و زەرەرو زیانێکی ڕۆحی و ماددیی زۆری لێکەوتووە.

ناوبراو کۆمەڵێک بەرهەمی لە شیعر و ڕۆمان بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسیوە و زۆر لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی دوو پارچە شیعریشی بۆ سەر زمانی ئیسپانی



**لە کاتی هاتنەوەی ناوبراو لە کوردستان بۆ کەنەدا ستافی پرێسی زانکۆی ئەلبێرتا پێشوازیان لێکردووە، هەر یەك لە پیتەر میدگلی و ئالان براونۆف.**

لـه زۆربـەی زۆری ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی کوردسـتان و شـاری ئیدمنتۆنـی کەنـەدی بڵاوکراونەتـەوە، هەوادارانیشـی زۆرە لـە باکـووری ئەمریـکا، دیارترینیـان ئەمانـەن:

- سەمای بەفری ئێواران- شیعر ساڵی ١٩٧٩.
- گەرم نەبوونەوە- شیعر ساڵی ١٩٨٥.
- بارانی ڕەحمەت- شیعر ساڵی ٢٠٠٠.
- یادەوەری کەسێکی بەربا- شیعر ساڵی ٢٠٠٦.
- ناوم بنێن ماڵەوە- شیعر ساڵی ٢٠٠٩.
- هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان- شیعر ساڵی ٢٠١٠.
- یادەوەریی زیندان بە زمانی ئینگلیـزی لـە لایـەن زانکۆی ئەلبێرتـا لـە کەنـەدا لـە چاپدراوە سـاڵی ٢٠١١.
- بەیەکەوە تەنیاین- کۆمەڵە شیعر ساڵی ٢٠١٥.
- وێستگەکەم باکوورە- ڕۆمان ساڵی ٢٠١٨.



**لەلای راستەوە: ئیدریس لاوە، لوقمان بەرزنجی، ئەبوبەکر خۆشناو، ڕەوانشاد عادل موراد، دلشاد عەبدوڵلا، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، موحسین ئاوارە، عەبدولڕەحمان فەرهادی، فرهاد پیربال، ڕەوانشاد فەرید زامدار، ئەم وێنەیە لە ١٢-١-١٩٩٦ لە ساڵیادی کوردستانی نوێ گیراوە.**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر جەلال بەرزنجی، ڕۆماننووس یوسف مەنتك، نووسەر هاشم سەڕاج، شاعیر دلشاد عەبدوڵڵا، لە پێشوازی تەرمی شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس،**

- هەر دەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە- شیعر ساڵی ٢٠١٩.
- گەشتێک بە ڕێگەی خەون- ڕۆمان بە زمانی ئینگلیزی لە ژێر چاپدایە.
- کۆمەڵە شیعری (لە سێبەری ڕەنگەکان) بە زمانی ئینگلیزی ئەویش لە ژێر چاپدایە.
- وەرزی تەنیایی - ڕۆمان.
- پیاوە بێجامە شینەکە - ڕۆمان.
- کوا ئەوانەی ئازادن ، ئازادیخوازن- کورتە باس.
- جوانییەکانی کۆڤید ١٩ - کورتە باس.
- هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی بە زمانی ئینگلیزی بە هەماهەنگی هەر دوو زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا و مەشیگان لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە، لە کورتە لیستی خەڵاتی باشترین دیوانە شیعری ساڵی ٢٠١٥ دا بووە.
- ناوبراو لە کۆنگرەی ڕاپەڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد ساڵی ١٩٩١ بە ئەندامی مەڵبەندی گشتی هەڵبژێردراوە و هەتا ساڵی ١٩٩٦ کە وڵاتی بەجێهێشتووە.

- لە ساڵی ١٩٩١ەوە سەرۆکی کۆڕی ڕۆشنبیریی کوردی بووە تا ساڵی ١٩٩٦

-لە ساڵی ١٩٩٣ بەڕێوەبەری گۆڤاری (ڕێبازی نوێ) بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٤ سەرنووسەری ڕۆژانەی نیشتمان بووە.

جەلال بەرزنجی شاعیر و ڕۆماننووس هەر لەو کاتەی ساڵی ١٩٩٨ گەیشتووەتە وڵاتی کەنەدا، پاش فێربوونی زمان و کەلتووری پێکەوە ژیان لەوێ ئەم چالاکییانەی نواندووە:

-بەشدار بووە لە کۆنفرانسی ئەنجومەنی پەنابەران لە تۆرێنتۆ لە کەنەدا، لە ساڵی ٢٠٠١.

-دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردی- کەنەدی، ساڵی ٢٠٠١.

- بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی ( پیاسەی شاعیران) لە هەرێمی ئیدمنتۆن، ساڵی ٢٠٠٢.

- ئەندامی نووسەرانی نێودەوڵەتی و سەندیکای نووسەرانی (زملبێرتا)یە.

-بەشداری کردووە لە پێشبڕکێی شیعری بە ناوی(شیعر بۆ ئاشتی) کە لە لایەن پەرلەمانی کەنەدا کە لە ئۆتاوە ڕێکخراوە، ساڵی ٢٠٠٢.

-بەشدار بووە لە فیستیڤاڵی شیعری ڕێکخراوی(خاچی سوور) لە کەنەدا، ساڵی ٢٠٠٣.

-پێشکەشکردنی باسێک لەسەر میدیای ڕژێمی(صدام) لە زانکۆی (گراتمەگوین)، ساڵی ٢٠٠٤.

-پێشکەشکردنی باسێک لەسەر (فیمینیزم لە ئیسلام) لە کۆنفراسی(کینگنیک توگەزەر) هەرێمی ئیدمنتۆن. ساڵی ٢٠٠٤.

-وەرگرتنی خەڵاتی ( ڕایز ئەوارد) لە کەنەدا، ساڵی ٢٠٠٤.

-نامەی پێزانین لەلایەن پەرلەمانی کەنەدا، ساڵی ٢٠٠٥.

- ماڵ لە دوای ماڵ ناونیشانی وتارێکە کە لە ساڵی ٢٠١٩ نووسیویەتی، خراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندنی باڵا لە کەنەدا، بە ئینگلیزی نووسیوە ناوە بە ناوە پەرەگرافێکی وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ماڵ لە زمانی

ئینگلیزی و کەلتووری ئەورووپا و بە مانای زێدی خۆت واتە نیشتمانت.

-جەلال بەرزنجی لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕۆمانی(پیاوە بێجامە شینەکە)ی نووسیوە، کە زانکۆی ئەلبێرتا بۆی چاپکردووە، ماڵپەڕی (ئەمازۆن) بۆی فرۆشتووە و خەڵکێکی زۆر لە ڕێگای حیجزکردنەوە پێش لە چاپدانی کڕیویانە و زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کەنەدی لەسەریان نووسیوە، نووسەرانی نێونەتەوەیی کەنەدا ناسناوی(نووسەری یەکەمی تاراوگە)یان بە شاعیر جەلال بەرزنجی بەخشیوە، ئەم ڕۆمانەی ناوبراو لە فیستیڤاڵی(نەن ئەکشن و لیت فیست)لە هەرێمی ئیدمنتۆن، بە پەخشی ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کەنەدی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی شاری ئیدمنتۆن نمایشکراوە، نووسەر جەلال بەرزنجی ، پرۆفیسۆر سەباح سالح، نووسەر پیتەر ماگملندی قسەیان لەسەر کردووە، (جۆن ڕۆڵسن سو)ی ڕۆماننووس و سەرۆکی (Pen)ی نێودەوڵەتی کە خاوەنی (١٤٤) سەنتەری داکۆکی کردنە لە ئازادی پێشەکی بۆ ئەم کتێبەی جەلال بەرزنجی نووسیوە و دەڵێت:( من ژیانی جەلال نە ژیاوم، بەڵام ڕایکێشامە ناو ژیانی خۆی، خوێنەر لەگەڵ نووسینەکەی جەلال دەبێتە یەک، بە درێژایی ڕێگا لەگەڵ خۆی دەمانهێنێتە ئیدمنتۆن.... وەک من تێبگەم، ئەو کارە داهێنانێکی جوامێرانەیە).



ئێوار و نیگا و جوامێر هەر دوو کچ و کوڕەکەی شاعیر جەلال بەرزنجی.


خەڵاتی (سالوت فۆرئیکسیلن)ی ئەدەبی کە لە ساڵی ١٩٥١ەوە لە هەرێمی ئیدمنتۆن لە کەنەدا بەو کەسانە دەدرێت کە داهێنان دەکەن لە بواری ئەدەب و کەلتوور و سۆسیۆلۆژیا، ئەم خەڵاتە ساڵی ٢٠١٤ بە جەلال بەرزنجی بەخشراوە، هەمان ڕۆمان لە ساڵی٢٠١٥ خەڵاتی(وایەلد)ی بردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٦خەڵاتی (هۆلە فێم)ی بردووەتەوە.

جەلال بەرزنجی زیاتر لە نیو سەدەیە شیعر و ڕۆمان دەنووسێت هەوڵی داوە، هەست و خەون و بۆچوونەکانی خۆی و هەندێ جار ڕووداوەکانی ژیانی خۆی لە ڕێگای نووسینەکاندا بە خەیاڵ و وشەی جوان، دنیا لە بەر چاوی خۆی و خوێنەران جوان بکات، ڕەخنەگرانی کەنەدی کوردی زۆریان لەسەر بەرهەمەکانی ناوبراو نووسیووە، لەوانە:

سەڤا کانگینی نووسەری ناسراوی کەنەدی دەڵێت:(بە ڕاستی جەلال دەنگێکی جوانە، پێمان دەڵێ: بە ئازادی نووسین ئاسان نییە و ئەدەب توخمێکی سەرەکیی کەلتوورە).

تێد بابیاک نووسەرو ڕۆماننووسی پرفرۆشی نێودەوڵەتی دەڵێت:( جەلال شاعیرێکە پڕ لە توانای نووسین، نووسینەکانی بە درێژایی ڕێگا لەگەڵ خۆی دەمانبا).

جۆن ڕۆڵسن سول سەرۆکی نووسەرانی نێودەوڵەتی دەڵێت:(دەنگی بەرزنجی وەک دەنگی یەهودا ئەمیچیا، ئەدۆنیس، شەنتۆڕا تەنیکاوە، تەسلیمە نەسرین، لە لۆکالییەوە دەبێتە جیهانی).











ڕەخنەگری گەورەی کورد دکتۆر کەمال غەمبار دەڵێت:( جەلال بەرزنجی یەکێکە لەو شاعیرانەی نیوەی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی هەر یەک لە(شێرکۆ بێکەس ، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، سەلاح شوان ، دڵشاد عەبدوڵڵا، ئەنوەر قادر جاف، عەبدوڵڵا عەباس، سەباح ڕەنجدەر، توانیویانە قۆناغی شیعری شاعیری نەمر گۆران تێپەڕێنن).

لە ساڵی ٢٠٠١ جەلال بەرزنجی ئیجازەی لە شارەوانی شارەکەی خۆیان وەرگرتووە بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەک بۆ منداڵانی کوردی تاراوگە تا زمانی(زگماکی) خۆیان زمانی کوردی لە بیر نەکەن، لە سەرەتادا دایکان و باوکانی منداڵەکان زۆر بە گەرم و گوڕی هێناو بردییە، دواتر دوو سەعات و سێ سەعات نەهاتوون منداڵەکانیان ببەنەوە، جەلال بەرزنجی بەمەش ڕازی بووە، بەڵام دواتر دایک و باوکی منداڵەکان بە تەواوی پاشەکشەیان لێکردووە، تا قوتابخانەکە داخراوە، ئەو بەم کەمتەرخەمییەی دایک و باوکی منداڵانی کوردی تاراوگە زۆر نیگەرانە.

بۆ شاعیر و ڕۆماننووس جەلال بەرزنجی هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بێت و بەردەوام بێت بۆ ناساندنی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بە شاعیر و ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆستانی وڵاتانی جیهان.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر و ڕۆماننووس جەلال بەرزنجی- تان بۆ دەنووسمەوە:

**زستان وەرزی خەمانە**

هۆ برادەر،

بۆئەوەی بگەڕێینەوە پێش دووری کەوتنەوە لەماڵەوە

جارێکی تر

بەخۆمان بن کەوشێک لە کتاب
بە نەعلی ئیسفەنج
و کراس و شەرواڵ
ڕۆژانی هەینی بچینە پارکی کوران بۆ سەعی
تا تۆ ببیتە ئەندازیاری کشتوکاڵ
لە باخی کەلەکی یاسین ئاغا
بە بینینێکی جیاواز لەوەی لە زانکۆ فێری بووی
درەخت ببیبنیت
شەوان گوێ لە بەربوونەوەی ترپەی هەڵوژەی گەیوو بگریت
دەست لە سنگ ومەمکی ئەودارانە وەردەیت
کە دەست نوێژمان لێیان ناشکێت
منیش ببم بە مامۆستا
بچمە سکتان
سەمای بەفری ئێواران بنووسم
پایزانێش لە پرسەی درەختەکان دابنیشم
برادەر لەبیرمە
شەوان کاتی سەعی کردن لە سێتاقان
لەبەر گلۆپی سەر شەقام
حەزم دەکرد دەفتەری ڕەسم دەربێنم
ڕەسمی خۆرە نیوە عاسێ بووەکەی
گەلی چیا
بە قەڵەم ڕەنگە کورتەکەم ڕەسم بکەم
هۆ برادەر
دەترسم ئێستاش ئەو خۆرە بەتەواوی لە چیاکانمان
هەڵنەهاتبێت

برادەر حەزم دەکرد لە هەولێرێ بام
یادی ئەو شەوانە بکەینەوە
لەکۆڵانە پڕ ترسەکانی هەشتاکان
بانگی شیعری جیاوازمان دەدا
یان لە هۆڵە شوشەکەی یانەی فەرمانبەران
دەزانم تەخت کرا
بەڵام نازانم ئێستا کراوە بە چی
زستانان لە دڵۆپە بارانی ئەو دیوی جامەکە وردبینەوە
هاوینانیش
لە باخچەکەی
لەژێر دارکالیپتۆزێک
هەست لە خشپەی باڵندەی ناو گەڵا بگرین
لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر
ڕەنگە هەندێکیان نەمابن
هەندێکیشیان
دووڕیانەکانی سەر ڕێگای ژیان
یان شەڕەکان لێکیان کردبین
لە ترسی سیخورە کراس چوار بەڕکەکان
بە چرپە باسی کوردایەتی بکەین
برادەر وەک تۆ دەڵێی
دەترسم تا من دێمەوە
کەسمان نەمێنیین
هێی برادەر
گەڕانەوەیەکی زۆرمان لە پێشە
زەحمەتە من بە هەموویان ڕابگەم

برادەر
پشتم لە بەر خەمی ئەو هەموو گەڕانەوەیە چەماوەتەوە
دەزانم هەتا هەریەکەمان لە شوێنێک نەمرین گرفتی گەڕانەوەش چارە ناکرێت
برادەر
لە داسن
بەفر هێرشەکانی راناگرێت
لە داسن
هاوسێی ئالاسکام
تەماشام تای گرتووە
بووە بە چۆڵەوانی
لێرە لە داسن
لە سەرمان هەموو شتێک شین دەنوێنێت
لێرە
هەستم پێش چۆلەکەکانی زێدم لە خەوهەڵدەستێت
برادەر
منی غەریب
کە نیشتمان تەنگ بوو
بۆ پیاسەی ئێوارانی شاعیران
لە شەڕ هەڵاتم
بەخۆم و جانتاییێکی پڕلە نامەی گەچراوی زیندان
چارەنووسم دایە دەست قاچاغیان
بووم بە قەلقەلاشکێکی دەستی قەدەر
خانەنشینێکی تاراوگە
ڕاست دەکەی برادەر

منیکی گەرماسێری و سەرمای ئالاسکای
ئەوسەری دنیا
کوجا مەرحەبا
وا بزانم چوونم بۆ تاراوگەییێکی دوورتر
زێدەڕۆیی بوو
بەڵام چی بکەم دەستی نووسینم شکاوە
برادەر
لە داسن
ماڵەکەم پەنجا مەترێک لە ماڵی جاک لەندەن دوورە
بیست مەتریکیش لە ماڵی ( سیرڤس)
بەفر بە ڕاستی بەسەرهەمووواندا دەبارێت
چوار تارمایم لێ دیارە
یەکیان لەناو بەفر دەژیت
ئەوەی تریان لەناو گیا
سێیەمینیان کراسێکی لەگەڵای وەریوی لە بەرە
چوارەمینیش
تاجێکی پوشی لەسەرە
هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین
زستان وەرزی خەمانە.

**کە دەگەڕێمەوە ماڵێ، هەولێرێ،**
خەیاڵم،
پێش من
لە ئاسمانە !
ئەوکاتە حەزدەکەم ماڵیشم لە ئاسمان بێت.

هەموو جارێک.
 که دەچمەوە، ماڵێ هەولێرێ،
یادەوەرییەکانم،
 باڵیان لێ دەڕوێ
دیمە نێکی جوانە، کە دەبینم،
خێراتر لە با،
لە من،
لە فڕۆکە،
ئاسمان دەبڕێت.
هەموو جارێک،
 کە دەچمەوە ماڵێ،
 هەولێرێ،
ئاسمان قەرەباڵغە ..
فڕۆکەکان،
 دەڵێی ئەسپن باڵیان گرتووە،
هەندێک، خەڵک دەبەنەوە ماڵەوە،
هەندێکیشیان، خەڵک لە ماڵەوەیان دەکەن.
هەموو جارێک، کە دەچمەوە ماڵێ ،هەولێرێ،
هەست دەکەم  ئەو ڕێگەی پیایدا دەچمەوە،
ئەوەیان نییە، کە جاری  یەکەم  پیپیادا، گەڕامەوە.
کە دەچمەوە هەولێرێ، دیمەنی ئەو یادەوەریانەی ،
چەندەها ساڵە، لە زەینم هەڵمگرتوون، دەبەمەوە،
کە دەگەمە جێ،
حەزدەکەم بە سەلامەتی لە شوێنی،
خۆیانیان دانییمە، بەڵام

شوێنیان نابینمەوە،
جارێکی تر لەناو زەینمدا،
دەیانبەمەوە.
بۆیە نازانم،
ئە گەر دەکرێ.
جارێکی تر، هەولێر ماڵی جارانم بێت!
یان دەکرێ بڵێم،
شەقامێک،
یان
کەپرێک،
ماڵم بێت..
دەکرێ ماڵم،
بازبازانێی ناو کەوانەی پەلکەزێرینە بێت،
یان، تاراوگە بێت لە ئالاسکا.
یان، دەکرێ، ماڵم کۆمەڵە مرۆڤێک بن،
یان بلیتی سەفەرەکی یەکسەر!
یان ، خانیجۆلەی منداڵیم،
یان ، دەکرێت ماڵم چەند بیرەوەریەکی تاڵ و شیرین بن،
یان، زمانی دایکم بێت،
«لەوەتەی هەمە هەڵم گرتووە!»
دەکرێ ماڵ خەیاڵەکی بابردوو بێت.
یان، وەک ئێستەم ، پێخەفەک بێت،
لە ناوەندی ناشوێن.
حەز دەکەم ماڵەکم هەبێت،
پشتێندی لێ بکەمەوە، لە ڕاکردن نەترسم، بەڵام

ماڵ بۆمن بۆتە عاردێک،
کە تەواو دەبێت ئاسمان لێیەوە دەست پێ دەکات.
دەترسم،
بەدانانی ئەو هەموو مانایە بۆماڵ،
نەتوانم یەکێکیان بکەم بەو ماڵەی،
ئەوەندە تەمەنەی ماومە،
لە وێندەر بە سەری ببەم!
جەلال بەرزنجی !

سەرچاوەکان:
١-کوردیپیدیا.
٢- ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس لە ٩-٤-٢٠١٦.
٣- Chra tvوتارێکی نووسەر ئیبراهیم حەیدەری لە ٨-١٠-٢٠١١.
٤- ماڵپەڕیVOA بەرنامەی ژیان لە فەرهەنگدا، دیمانەیەکی میدیاکار بەڵێن ساڵح لە ٢٣-١٢-٢٠١٨.
٥-رووداو وتارێکی نووسەر نوری بێخاڵی لە ١٥-٣-٢٠١٥.
٦-ماڵپەڕی دەنگەکان لە ٢٧-٤-٢٠١٢.
٧- ماڵپەڕی وشە وتارێکی نووسەر ئاسان محەمەد لە ١١-١١-٢٠٢١، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.
٨- وێنەکان: هەر هەمووی لە پەیجی نووسەر و شاعیر و ڕۆماننووس جەلال بەرزنجی وەرگیراوە.




# عەبدولڕەحمان مزوری

شاعیر و نووسەرو مێژوونووسی ئەکادیمی عەبدولڕەحمان مزوری

عەبدولڕەحمان مزوری ناوی تەواوی(عەبدولڕەحمان ساڵح مزوری)یە، لە گوندە خنجیلانەکەی (ئایتۆت) شوێنی لە دایکبوونی شێخ نورەدینی بریفکان و شاعیری سۆفیگەری نەمر شێخ ساڵح ئەیتۆتی و زانای دانەر نەمر حەسەن ئایتۆتی، لە ڕۆژی ١-٢-١٩٤٨ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی ئایتۆتی تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری دهۆک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ بەشی جوگرافیای لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو کردووەو بووەتە مامۆستای جوگرافیا لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک.

عەبدولڕەحمان مزوری هەر لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، بەڵام پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بە تەواوەتی هاتووەتە ناو دنیای شیعرو نووسینەوە.

عەبدولڕەحمان مزوری یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو جێ پەنجەی دیار بوو و زۆریش ناسراو بوو لەسەر ئاستی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی بادینان، ئەو



**له لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر بەدەل ڕەفۆ مزوری شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان مزوری**

هەرچەندە بەرهەمەکانی شیعری کەم بوون، بەڵام تەنیا بە سێ دیوانی شیعری گەیشتە ڕیزی شاعیرە گەورەکانی کورد، وەکو شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و بەدرخان سندی و موئەیەد تەیب.


پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای عیراق بۆ جێبەجێ کردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ئازار، عەبدولڕەحمان مزوری وەکو هەموو نووسەرو شاعیرە کوردپەروەرکانی دیکە بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەست بە کار بووە، پاش نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوە دهۆک، لە ساڵی ١٩٩٦ڕوو لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکات و تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.

ناوبراو بەشی زۆری شیعرەکانی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیینە و بۆنی(مقاومة- بەرگری یان بەرەنگاری) بوونەوەیان لێ دێت، ئەو لە ناخییەوە بارو دۆخی ناهەمواری کوردو شۆڕشی نوێ و کۆنی کوردی لە ناو شیعرەکانی بە شێوەیەکی زەق هۆنیوەتەوە، ماوەیەکە دوورکەوتووەتەوە لە شیعر نووسین ڕووی کردووەتە نووسینی مێژوو و جوگرافیای کوردی بە

شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە چەند کتێبێکدا لەچاپ داوەو بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە:( فی عشق المصابیح القدیمة-ژ ئەڤینا چراییێن کەڤن- شیعر - بەغدا ١٩٨٠، عذبة لي و مرة للناس- ل خەلکی تەحلی ل من شرینی - شیعر بەغدا ١٩٨٧، (ئافیفان- آفیفان) دیوانی شیعر - سلێمانی ٢٠٠٩، إفتراءات لایارد علی إفتراءات لایارد فی البحث عن نینوی - تاریخ- بەرلین ٢٠٠٠، نوروز و الضحاک و الکورد- تاریخ بەرلین ٢٠٠١، تاج العارفین عدي بن المسافر الکوردی الهکاری لیس امویا- تاریخ - بەرلین ٢٠٠٤، تطور الفکر الجغرافی عند المسلمین - رسالة ماجستر- غیر منشورة).

زۆربەی زۆری شیعرەکانی عەبدولڕەحمان مزوری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن شاعیر و نووسەری کورد (بەدەل ڕەفۆ مزوری)، زۆریش لە شیعرەکانی ناوبراو کراونەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کوردستان.

عەبدولڕەحمان مزوری ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیت و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژووییە لەسەر مێژوو و جوگرافیای کورد.



دیوانی شیعری (ئافیڤان- آفیڤان ) کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم لە سلێمانی لە چاپی داوەو لە ٣-١١-٢٠٠٩ لە سلێمانی نمایش کراوە، کە (٢٦) هۆنراوە لە خۆ دەگرێت و بە قەوارەی ١١٢ لاپەڕەیە، بە ناوبانگترین هۆنراوە لەم دیوانە شیعرییەی عەبدولڕەحمان مزوری، هۆنراوەی (المجد - سەرفرازی)یە هۆنراوەکە بە کوردی نووسراوەو نووسەرو شاعیر ( بدل رفو المزوري) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وا سێ کۆپلەتان بۆ دەنووسمەو.




شاعیر بەدەل ڕەفۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی

**المجد**

١

إنما المجد
لذلك الديک
الذي من عشقه لدفء الشمس
لم ينم و لن ينام
دون إنقطاع
يقرض جذور الليل
و عند إبتلاج الفجر
حين يعلم بأن جدار الليل القديم
اصبح قاب قوسين من الإنهيار
يفيق و من كل جوارحه
ينادي و يصيح
اعدت للظلام
فليحيا إمبراطور الشمس

٢

إنما المجد

لذالك القوس....

الذي كعين الشمس

إذا انكسر فى الآف الليالي

سيشع من جديد

و قبل ان يغييروا من إتجاه دربه

يستقيم ثانية

و كلما طرحوه ارضا أو احنوا قامته

و مسحوا به الارض

سينهض من جديد

و أمسک بسهمه الولهان

کی يعود إلى احضان السماء

القمر الحرون

٣

إنما المجد

لذالك النهر

الذي جعل لقاء المصب

نصب عينيه

و شق الدروب و جرف الصخر

أدى التحية للضفاف

و بعرقه إخضرت

السندبانه الرشيقه

و لم يكن بوسع الاشواک و الزبد

أن يسرقا إتجاه عييني حبيبته
و لم يتوقف
حتى وصل إلى أتون.

سەرچاوەکان :
بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کوردیپیدیا.
٢- إذاعة العراق الحر - وتارێکی سەمیرە عەلی مەندی لە ١٤-٥-٢٠٠٦.
٣- ماڵپەڕی زەمان - لە ٢٩-٧-٢٠١٣.
٤- ماڵپەڕی (رابطة أدباء الشام) لە ٤-١٠-٢٠٠٩.
٥- زانیاری و نووسینی خۆم.



# موئەیەد تەیب

شاعیری حەماسەت و (مقاومە- بەرگری))، زمانەوان و ڕۆژنامەنووس،

موئەیەد تەیب لە ساڵی ١٩٥٧ لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە شاری دهۆک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری دهۆک تەواو کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو قوتابی بووە لە کۆلێژی (القانون و السیاسة- ڕامیاری و یاسا)ی زانکۆی بەغدا، ئەو لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ئێوارەکان وەکو ڕۆژنامەنووس و لە ئێزگەی کوردی بەغداش بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی (گۆرانی و مۆسیقا).

لە ساڵی ١٩٨٢، دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ساڵی ١٩٨٣ ەوە، لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە.

موئەیەد تەیب هێشتا منداڵ بووە لە قوتابخانەی سەرەتایی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی وەکو مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و جگەرخوێنی خوێندووەتەوە، یەکەم جار دیوانێکی بچکۆلانەی ئەحمەدی ناڵبەندی خوێندووەتەوە، لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو کاتەی حکومەتی بەغدا کوردستانی بە تۆپ و تەیارە بۆردوومان دەکرد و کوردێکی زۆریش لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانی خستبووە کونجی بەندیخانەکان، ئەو باوکی و دوو برای دەستگیر دەکرێت، ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی کراوە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر موئەیەد تەیب، ڕۆشنبیر هەڤال زاخۆیی**

و دەکرا دژی میللەتەکامان زۆر کاری تێ کردووە، بووەتە سەرچاوەی هەڵقوڵانی شیعرەکانی.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردووەتەوە کە پارچە شیعرێک بووە بە ناونیشانی(ولاتێ من هەی بەفر و خوین)، هەموومان دەزانین ڕۆژنامەی هاوکاری هەفتانە هەموو ڕۆژی سێشەممان دەردەچوو، دانە سبەینەکەی هاوکاری دەرچووە، بۆ دانی ئێوارە کە ئەو کات شاعیر موئەیەد تەیب لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاری دەکرد، بانگیان کردووە و پێیان گوتووە ئەم شیعرەت ئەمڕۆ بڵاوکراوەتەوە، لە لایەنی سەرەوە فەرمانمان بۆ هاتووە کە دەبێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، (يترجم الى العربية فورا و بدقة) دیارە، لە کاتی وەرگێڕانی پارچە شیعرەکە پێیان گوتوون ( کە بەفر دەتوێتەوە و لەگەڵ گوڵ تێکەڵ دەبێت ڕەنگەکە وەکو ڕەنگی خوێنی لێ دێت بەم جۆرە دەرباز بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە فیستیڤاڵێکی شیعر خوێندنەوە لە هەولێر دیسان پارچە شیعرێکی خوێندووەتەوە، پیاوانی ڕژێم ویستویابە بیگرن، بەڵام بەڕێوەبەری دەزگای بڵاوکردنەوە و ڕۆشنبیری بەغدا ئەو کات (ئیسماعیل ڕەسووڵ) بوو، لەگەڵیان هەوڵ دەدات و پێیان دەڵێت ئەوە هێشتا هەرزەکارە ئەگەر بیگرن خەڵکەکە هەمووی نارەزایی دەردەبڕن و دەچنە دەرەوە و فیستڤاڵەکەمان تێک دەچێت، بەم جۆرە

دیسـان ڕزگاری بـووە.

لـە ئازاری سـاڵی ١٩٨٢، موئەیـەد تەیب بەرنامەیەکی لـە ڕادیۆی کوردیی بەغدا هەبوو زۆریش سـەرکەوتووانە پێشکەشـی دەکرد، بەڕێوەبەری ئێزگەکە داوای لێ دەکات شیعرێکی مـەدح و سـتایش بـۆ (صدام حسـین) بنووسـێت و لـە تەلەفزیۆنـی بەغدا بیخوێنێتـەوە بـەم جـۆرە زۆر مەشـهور دەبێت، ئەویش دەڵێت: مـن نـە نەجـارم و نـە خەیاتـم شـیعر دروسـت بکـەم، شـیعر ئیلهامـە ئەگـەر هـات دەبـێ بنووسـرێت، ئەوانیـش مـاوەی دوو هەفتـەی دەدەنـێ و پێـی دەڵێـن: دیـارە تـۆ شـیعری سیاسـی نانووسـیت؟ ئەویـش دەڵێـت: بەڵـێ دەنووسـم بـەس بـە ئەمـری کـەس نانووسـم ، بۆیـە دێتـە دەرەوە و یەکسـەر بـۆ ڕۆژی پاشـتر بەغـدا بەجێدێڵێـت و خـۆی دەگەیەنێتـە ڕیـزی پیشـمەرگەی کوردسـتان، لەبـەر ئـەوە نەشـیتوانی لـە خوێندنەکـەی بـەردەوام بێـت، لەسـاڵی ١٩٨٣ ەوە، لـە وڵاتـی سـوید وەکـو پەنابـەر ژیـاوە، لـە ٢٨-١١- ٢٠١١ ئـەو کاتـەی ئەندامـی پەرلەمانـی عێراقـی بـووە لـە ئەنجامـی کارێکـی تیرۆریسـتی بـە سـەختی بریندار دەبێت، بـەڵام ئـەم جارەش بـە سـەلامەتی لێـی دەرچـووە.

موئەیـەد تەیـب لـە شـاعیرە نوێخوازەکانـی سـەرەتای هەشـتاکان هەژمـار دەکرێـت و شـیعری بـۆ مـرۆڤ نووسـیوە لـە هـەر کوێـی دنیـا بێـت، ئێـش و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر موئەیەد تەیب، هشیار ڕێکانی.**

ئازاری میللەتەکەی و میللەتانی وەکو فەلەستین و هەتا گەلانی ئەمەریکای لاتینیش لە شیعرەکانی بە زەقی دیارن، ئەو شیعرەکانی بەشی زۆری حەماسی و شۆڕشگێڕین و بۆنی مقاوەمەیان لێ دیت، بۆ هەموو بوارەکان، نیشتمانپەروەری، کەلتوور، منداڵ، ئەڤینی، جوانیی سروشتی کوردستان، ستایش شیعری نووسیوە، بەرهەمێکی زۆری هەیە لەوانە( کتێبی ( النصر- سەرکەوتن)کە شاعیر و نووسەر بەدەل ڕەفۆ وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی، کوردی- پەرتوکا خواندن و ڕاهێنان کوردی باکوور- وەکو زمانەوان پێداچوونەوەی بۆ کردووە، گەمییەک لـ ناڤ بیابانێ- کۆمەڵە شیعر...چەند هۆنراوەی دیکە).

شاعیر موئەیەد تەیب هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا تۆزی ڕەشبینی پێوە دیارە، بەڵام ڕەشبینییەکەی هی بێ هیوایی نییە، بەڵکو ئەو هێشتا باوەڕی بەوە هەیە کە گەلی کورد بارودۆخی باشتر دەبێت و لە کۆتاییشدا دەگاتە مافە ڕەواکانی خۆی.

زۆر لە شیعرەکانی شاعیر موئەیەد تەیب وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن هەر یەکە لە شاعیر و نووسەران، بەدەل ڕەفۆ، دکتۆر ماجید حەیدەر، حەسەن سلیڤانی.

ناوبراو لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و ڕادیۆ جیاجیاکان کاری کردووە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە لە باشووری کوردستان و ئەندامی یەکێتیی نووسەرنی کوردە لە سوید، بەشداری لە دەیان کۆڕو



شاعیر موئەیەد تەیب لە کاتی شیعر خوێندنەوە



لە لای ڕاستەوە: شاعیر موئەیەد تەیب، شاعیر و نووسەر بەدەل ڕەفۆ

کۆبوونـەوە و فیسـتیڤاڵی شـیعری و ئەدەبـی لـە بەغـدا و هەمـوو شـارەکانی دیکـەی کوردسـتان کـردووە، وا وێنـەی هەندێکیانـم هاوپێـچ کـردووە.

ناوبـراو ئێسـتا لـە دهـۆک بەڕێوەبـەری دەزگای چـاپ و بڵاوکردنەوەی(سـپیرێز)ە کـە بەشـدارییەکی بەرچـاوی کـردووە لـە لەچاپـدان و بڵاوکردنـەوەی کتێبـی کـوردی.

بـۆ شـاعیر و زمانـەوان و ڕۆژنامەنووس موئەیـەد تەیب هەر سـەرکەوتوو بیت بـۆ خزمەتی شـیعر و زمـان و ئەدەبی کوردی.

وا سـێ پارچـە شـیعری شـاعیرتان بـۆ دەنووسـمەوە، کـە ژمـارە ٢-٣ بـە زمانـی عەرەبییـە لـە لایـەن نووسـەر و شـاعیر بـەدەل ڕەفـۆ وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانـی عەرەبی.

## ١

پاییزا دەرەنگ ئەز تاکەبەلگێ زەر و پێتی مە
ڤێ پاییزا دەرەنگ
ب گولپێن ڤێ دارێ ڤەماییم
نە با

من سوار دکەت
نە ئاخ
من پەیا دکەت
رۆژێن کورت و تاری
ب گولپێن ڤێ دارێ ڤە مایيم.
شەڤێن ڕەش و بێداوی
وەک کۆرەمارەکی
د گەردەنا من ئالیایی نە و
ئەز مرم بۆ
فرەکا بای و
چەنگەکێ هەتاڤێ
"مرنێ، تو ل کویی ژیانێ
ئەز کوشتم" (هەژار موکریانی)
د سەر چیایان را
د سەر دەریایان را
وەک بایێ بازێ
خەنجەرەکا د هاوارا من تێ











بنێ وێ د دەستێ مەتینی دە
سەرێ وێ ل سەر دلێ من
گازیێن نالبەندی و شکۆیێ حەسەن
ڤێ نیڤشەڤێ
د جانێ من دە دەنگ ڤەدحدەن
نەترسە
نائێشیت نائێشیت
هۆ کەوێ مەتینی
هۆ پێلیستانکا ئەلەگەزی
ئەز و ئێش هەڤالجێمکن
ئەم د ڕۆژەکێ دە ژ دایک بوونە
مە شیرێ یەک سینگی خواریە و
د یەک هەمبێزێ دە مەزن بوویینە
ئێش پیستێ منە
ئێش خوینا منە
ئێش عەمرێ منێ بهۆری و
پێشەڕۆژا منە






هەر جارەکە ئەم ڕاستا هەڤ تێن
د همبێزا هەڤ دە دگرین
ئەز نە پێتۆسم و
ژ ئێشێ ناترسم
لێ من
د دانگا کێلیا شەدایێ
ل ڕاستا گێژەبەرا
سێ چار وەریسا دوور
ژ کۆرا شمکزەرا
پیرە داییکەک هەیە
مەرگێ سێ کورێن خوە دیتییە
هاوار
دەستێ من ناگریت
بکەمە چار

## ٢

دهوک
كم هي عذبة رائحتك
يا وطني الممزق
تحت بساطيل المحتلين...
قالوا:
غدوت مدينة كبيرة
قالوا:
تهيجت كلاب
السلطان المسعورة

ويسكبون الدماء في
الأزقة
قالوا:
العجائز الشمطاوات
تنخرن جسدک
وترعشن اوصالک
قالوا:
مهما أظلمت ليلة
السلطان
فنارک ستظل نيرة,
ولن تفر مشاعلک
وقناديلک
قالوا:
غدوت مدينة كبيرة
لكني !مهما عبرت
الشهور والسنين
وكبرت...
ساظل طفلا صغيرا
في اعين والدتي
هكذا انت..
مهما جاوزت التلال
والجبال
ومتى ما اخفيت
جفنيک
تعالي وضعي رأسک

على صدري
أحببتک فی موسم
الشتاء
حين كانت قمم
الجبال مغطاة
بالثلوج
أحببتک فی موسم
الربيع
حين كنا شلة اطفال
نسرق اللوز من
بساتينک
عشقتک فی موسم
الصيف
حين كنا ثملا فی
منتصف الليالی
والنسمات تقدم من
واديک
هويتک فی موسم
الخريف
حين كانت وجبة
جديدة من أطفالک
يتراكضون صوب
المدرسة
لكنی فی الغربة..
أحبک دائما وابدا
وفی كل الزمنة

فإن غدوت ذئبا
مفترسا
قادما من الغابات
أحبک
وان غدوت مزنة
حالوب شديدة
وهطلت على رأسی،
أحبک
وإن استحلت ينبوع
نار
تنهل من تحت قدمي
أحبک
قالوا:
غدوت مدينة كبيرة
فمن امواجک
يتراكض
أتباع السلطان..
لقد إستحال الوحش
فرعونا
يتسلق شجرة الرمان
كي يغير وجهة
شمسک
لكن, ستظل شمسک
مثلما كانت
تشرق من ( كه لی بيسرى) أبدا
وتغيب في (كرى شاخكى) دائما.

### ٣

ئەم شیعرەی بۆ هاوڕێی شڤان پەروەر نووسیوە:

شفان يا حبيبي ...
في اعياد ميلاد هذا
الوطن
يوقدون الشموع...
لكن!
في وطني يحرقون
القرى
شفان ..
ياروح العم
في اعياد ميلاد هذا
الوطن
يقطعون التورتة
لكن!
في قريتي يبترون
الرؤس
شفان .. ياعمر العمر
في اعياد ميلاد هذا
الوطن
ومن افواه القناني
يتناثر الشراب والهوى
ومن شفاه الناس
تتراقص الاغاني

والمواويل
لكن! في ميادين
وطني
ومن فوهات المدافع
والطائرات
تنبعث النار والقنابل
ومن التراب تتطاير
الاجساد والايدي..
لكنكم ستظلون احياء
ترزقون ولن تموتوا.
القصيدتين من من كتاب النسر للمترجم بدل رفو .

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیێدا- ئینسکلۆپیێدیای ئازاد.

٢- شاعیر و نووسەر بەدەل ڕەفۆ دوو پارچە شیعری وەرگێردراوی بۆ ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٣- waar midia - youtube لە ١١-٥-٢٠١٣.

٤- waar midia -youtube لە ١٦-٢-٢٠١٠.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## سەلام محەمەد

شاعیری نوێخوازو  نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەلام محەمەد

ناوی تەواوی(سەلام محەمەد ئەمین)ە، لە ڕۆژی ٢١-٧-١٩٥٤ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە کەرکوک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلیژی ( القانون و السیاسة)ی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

سەلام محەمەدی شاعیر یەکێکە لەو چەند شاعیرە نوێخوازانەی کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی نوێیان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، کە بووە بنەڕەتێک بۆ نەوەکانی داهاتوو.

هەر کە ناوی سەلام محەمەدی شاعیر دێت، ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیران یەکسەر بیر و فیکریان دەچێتە سەر بزووتنەوەی ڕوانگە و دواتر درێژەپێدانی ئەو بیرۆکەیە، کە بڵاوکراوەی گروپی (کەرکوک- کفری) بوو، بۆیە وا کورتەیەک لەم بزووتنەوەیە بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان دەنووسمەوە.

لە ڕاستیدا لەوانەیە هەندێ لە شاعیر و نووسەران دان بەوەدا نەنێن کە بزووتنەوەی ڕوانگە لە بنچینەدا لەژێر بیرۆکە و کاریگەریی جەماعەتەکەی



**گروپی( کەرکوک-کفری یان ناسراون بە شاعیرە شێتەکان)**

شاعیر و نووسەری عەرەبی (فاضل العزاوي) و هاوڕێکانیدا بوون، کە هەر یەکە لە سەرجۆن پۆلص و جان دمو و مؤید الراوي و صلاح فائق بوون، کە ئەوانیش بە گروپی (کرکوک) ناسرابوون و گۆڤارێکیان دەرکرد بە ناوی(الشعر٦٩) زیاتر بایەخیان بە شیعری نوێ و پەخشانە شیعری نوێخوازی دەدا، ئەو کات لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقییەکان، بەزم و هەرایەکی نایەوە، جەماعەتەکەی ڕوانگەی کوردیش هەر بیرۆکەی ئەوان بوو، کە لە مانگی ٤ ی ساڵی ١٩٧٠ یەکەم بڵاوکراوەی ڕوانگەیان لە بەغدا بڵاوکردەوە کە هەر یەکە لەم شاعیر و نووسەرانە بوون (شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم و جەمال شارباژێڕی و کاکە مەم بۆتانی و حوسێن عارف)، ئەمانە سێ بڵاوکراوەیان بڵاوکردەوە، کە لە لایەن چیرۆکنووسی گەورەی کورد حوسێن عارف کراوەتەناملیکەیەک بە قەوارەی (٢١٥) لاپەڕە، کە ساڵی ٢٠١١ لە چاپدراوە، بزووتنەوەی ڕوانگە لە بنچینەدا خواست و ویست و ئامانج و ئایدۆلۆژییەتی خۆیان هەبوو، بەڵام کودەتایەکی گەورەش بوو بۆ بەرەو پێشبردنی شیعری نوێ و پەخشانە شیعری کوردی، بۆیە ناحەزان و نەیارەکانیان هەر زوو لێیان بەخۆکەوتن و ئەم بزووتنەوەیەیان لە شوێنی خۆی پووکاندەوە، تەنیا شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس و جەلالی

میرزا کەریم درێژەیان بە نووسینی شیعر و پەخشانە شیعری نویێ دا تا کۆچی دوایی کردنیشیان.

سەبارەت بە شاعیر سەلام محەمەد و هاوڕێکانی هەر یەک لە (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی وعەبدوڵڵا سەراج و ئەحمەد شاکەلی) کە بە گروپی (کەرکوک- کفری)، یان هەندێ جار بە گروپی (شاعیرە شێتەکان) ناسرابوون، ئاسۆی بیرو هزریان فراوانترو نوێخوازیتر بوو، نیازیشیان هەر نوێکردنەوەی شیعر و پەخشانە شیعری کوردی بوو، بۆیە هەر یەکە لە (لەتیف هەڵمەت وشێرکۆ بێکەس و جەلالی میزا کەریم و سەلاح شوان و ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی و ئەنوەر قادر جاف و عەبدوڵڵا عەباس و دڵشاد عەبدوڵڵا و ئەحمەدی مەلا و جەلال بەرزنجی) بوونە هۆی

چەسپاندنی ڕێچکەی بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعری نوێی کوردیمان کە تا ئێستاش شاعیرە نوێکانمان پەیڕەوی دەکەن.

شیعرەکانی سەلام محەمەد لە بەشی زۆریاندا گیانی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی شاری کەرکوک و کوردستانییان تێدا بە دی دەکرێت.

سەلام محەمەد کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی لە چاپ داوە و بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە:(ژانی ئەرخەوان ساڵی ١٩٧٢، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل - ناوزەنگ ١٩٨١، دەمەو ئێوارە ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە- هەولێر



**لەلای ڕاستەوە: جەلالی میرزا کەریم، سەلام محەممەد، حوسێن عارف، عەبدوڵڵا عەباس، مستەفا ڕابەر، شێرکۆ بێکەس، جەمال ڕەشید**



جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، کاکە مەم بۆتانی، شێرکۆ بیکەس، حوسێن عارف

١٩٨٨، دیوانی سـەلام محەمـەد - سـاڵی ٢٠٠٩، دەربارەی نەتـەوەی باسـک - بەرلینی ڕۆژئـاوا - بـە هـاوکاری لەگـەڵ دکتـۆر کەمـال فوئـاد، نامـەی شـەهیدان کـە لـە زیندانەکانی بەعسـەوە بـەر لـە سـێدارەدانیان نووسراوە-سـاڵی ١٩٨٨).

نووسـەرعەبدوڵڵا سلێمان لـە سـاڵی ٢٠١٣ کتێبێکـی تایبـەت بـە ژیـان و بەرهەمەکانـی سـەلام محەمـەد لـە چـاپ داوە و بـڵاوی کردووەتـەوە.

لـە نـاو بەرهەمی(دەمـەو ئێـوارە ئەتبینـم بـە سـوخمەیەکی زەردەوە)، شـیعرێک هەیـە بـە نـاوی( گەشـت و پێناسـین) کـە لـە ١١ ی ئـازاری ١٩٧٢ نووسـیویەتی، بـاس لـە ناخۆشـی و ناهەمواریـی شـاری کەرکـوک و هەمـوو کوردسـتان دەکات و دەڵێـت:

چوومە ناو شار

پێشڕەوەکان، لە ناو لێشاوی چەپڵەدا

باوێشک دەدەن


لە کۆپڵەیەکی تر دەڵێت:

نوێخوازانی ئەم شارە بی هاوارن

پێتان بڵێم، چاک بزانن

نوێخوازانی شارەکەمان بازرگانن









بازرگانن.......بازرگانن

دواتر دەڵێت:

دەرچووم لە شار....دەرچووم لە شار

ئەی لاوەکان

لەسەر بیابانی چاوتان تۆماری کەن

منم ڕووبار

تۆماری کەن، یاخیم لە نوێخوازانی شار

شاعیر سەلام محەمەد باسی بیابان و ڕووبار دەکات کە دژە یەکن، بیابان نیشانەی وشکایەتی و چەقبەستووییە، ڕووباریش نیشانەی ژیانەوە و گۆڕین و جووڵانەوەیە، ئەو ئومێدی هەر بە گۆڕان و باشبوونی دۆخی کەرکوک و کوردستان هەبووە و هەیە.

ناوبراو نیشتمانی خۆی زۆر خۆش دەوێت، بۆیە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا باسی دووری و ژیانی ئاوارەیی و لێکدابڕان و غوربەتی دەکات:

چیت بۆ بنووسم

دەریایی ئارام هەدادانی پێکەوتووە

بوومەتە جۆگەلەیەکی باریک

سەرتاسەری کەنارەکانی ئازاری سوور و سپین

باڵایان لە باڵای چنار درێژترە

نە ڕۆژ نە شەو لە یادم دەرناچێت
بەڵام چیت بۆ بنووسم
ئەگەر باسی زەردەپەڕ و گزنگت بۆ بکەم
تۆ خۆت فریشتەی هەتاونشینی
ئاوی نەرمە پڕووشەت......
بە سەر ئاگری هەناسەمدا دەبارێت
دەزانم جوانیی تۆ
لە چوارچیوەی وشەدا دەستەمۆ نابیت
بەڵام چی بکەم.

وا پارچە شیعرێکی سەلام محەمەدی شاعیرتان بۆ دەنووسمەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا نووسیویەتی و بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت: بۆیە بڵاویان دەکەمەوە تا لە فەوتان رزگاریان بکەم، ئەگەر دەرفەتم هەبوو دەستکارییان دەکەم، بەڵام هەر بۆ خۆشی دەڵێت؛ لەم بارو دۆخەدا بۆم نالوێت.

جار جار بە جۆرێک گڕ دەگرم
خەریکە لە نوکی پێوە تا تەوقی سەرم
وەک ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ
بسووتێم و ئیتر هەرگیز نەکوژێمەوە
ڕۆژی دوایی
تەماشا دەکەم نەک تەنیا
سارد و خامۆش بوومەتەوە
بەڵکو بوومەتە گۆمی بەستەڵەک
ڕوومەتم شووشەی شەختەیە
وا هەست دەکەم
تا سەر ئێسقان سەرما هوروژمی هێناوە
تا ماوم گەرم نابمەوە
باوەڕم بە داگیرسان و
بە کوژانەوە نەماوە

ئەم ژیانە ژانەسەرە بێ خواستی خۆم
سەر بەرەو خوار و بەرەو ژوور
ڕوو لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات
هەر دەمبات و دەمهێنێت و وازناهێنێت
ئەوەی دەمەوێ نامداتێ
کەی بیەوێ گڕی دۆزەخ بەردەداتە
خەرمانی هیوا و خەیاڵ و خەونەکانم
یان ڕێک بە پێچەوانەوە
بە دیوەکەی تردا ، خوێنی
یەک یەک هەموو ئۆرگانەکانی ناو لەشم
دەکات بە شاخێکی بەستوو
پاشان بە ڕەنگێکی غەریب
کە لە ڕەنگی مردن دەچێت
لەسەر جەستەی
سپی و مەییوم دەنووسێت.

بۆ شاعیر و نووسەر سەلام محەمەد هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کوردیپیدیا.
٢- سایتی هەولیر- وتارێکی عەلی شێخ عومەر لە ١٢-٧-٢٠٢٠.
٣- ماڵپەڕی وشە وتارێکی وشیار ئەحمەد ئەسوەد.
٤- ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی دەنگەکان لە ٣١-٧- ٢٠٢.
٥- زانیاریی نووسینی خۆم.



# عەبدولکەریم شێخانی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و زمانەوان و وەرگێڕی گەورەی کورد، مامۆستای پەروەردە، عەبدولکەریم شێخانی

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی لە ساڵی ١٩٣٣ لە گەڕەکی (بەفری قەندی) شارە ڕەنگین و خنجیلانەکەی کۆیە، شاری هونەرمەندان و شاعیران و سیاسەتمەدارانی کورد لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری کۆیە تەواو کردووە، لە بەر نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی ئەو کات لە کۆیە بۆ خوێندنی ئامادەیی چووەتە شاری هەولێرو لەوێ تەواوی کردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٥٣-١٩٥٤ چووەتە بەغدا (خولی پەروەردیی- الدورة التربوية)ی تەواو کردووە، سەرەتا بووەتە مامۆستا لە گوندێکی ناوچەی گەرمیان و بەردەوام بووە لەم کارەی تا خانەنشین بوونی.

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی هەر لە منداڵییەوە حەزی لە نووسین و خوێندنەوەی کوردی بووە، ئەو بە خوێندنەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ) دەستی پێ کردووە و یەکەم دەستپێکی نووسینیشی لە ساڵی ١٩٥٤ لە گۆڤاری(هەتاو) بە ناونیشانی (خەوێکی خۆش) بڵاوکردووەتەوە، بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەجۆر لە شیعر و لێکۆڵینەوە و زمانەوانی



له لای ڕاستەوە:دکتۆر سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، عەبدولکەریم شێخانی

و کەلتوور و کۆمەڵایەتی و سیاسی و وەرگێڕان بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، بابەتی زۆری لە زمانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەش لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی، هەندێ جاریش لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی.

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی لە ساڵی ١٩٦٢ لەسەر هەڵوێستە سیاسی و کوردپەروەری نزیکەی دوو ساڵ خراوەتە بەندیخانە.

ناوبراو پاش بەیاننامەی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لە وەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندنی کوردی بۆ قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی کە بە تێکڕایی زیاترن لە (١٥) کتێب، ئەمە جگە لەو بەرهەمانەی:( ڕۆمانی (برا کوژی- الاخوة الاعداء) لە نووسینی : نیکۆس کازانتزاکی- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ١٩٨٤، ماسییە ڕەشە بچکۆلە- چیرۆکی منداڵان لە نووسینی: سەمەدی بهرەنگی- وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە- چاپی یەکەم ١٩٧٨ و چاپی دووەم چاپخانەی کارۆ






٢٠٠٨، ڕۆمانی ( عابرة سبیل هائمة- کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە)لە کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی، پێشەکی دیوانەکەی هێمنی شاعیر(لە کوێوە بۆ کوێ) کردوویە بە عەرەبی - (الشاعر هیمن من جمیع المراحل الحیاتیة و النضالیة)، شیعرێکی درێژ کە (٥٥) لاپەڕەیە بە ناوی (ڕەیحا نامە) ی بۆ کۆبانی نووسیوە، (تجاربی الصحفیة) فەرهاد عەونی لە کوردییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دوای خۆر ئاوابوون- ڕۆمانێکی عەبدولحەلیم عەبدوڵلا، گفتوگۆیەکی نەرم و دۆستانە لەگەڵ هەندێک مامۆستای ئاینی).

ناوبراو هەموو ڕۆژی دووشەممان گۆشەیەکی هەبوو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە نووسینی هەمەجۆر لە ژێر ناو نیشانی(خرتکە و پرتکە) نزیکەی (١١) زنجیرەی لێ بڵاوکردوەتەوە کە تێیدا باسی گیروگرفت و باری کۆمەڵایەتی و پەند و داب و نەریتی کوردی دەکات و هەندێ جار چارەسەریشی بۆ دەستنیشان دەکات، هەر هەمووی بە تام و چێژن، ئەگەر خوێنەر بە وردی بیخوێنێتەوە سوودی زۆری لێ وەردەگرێت.

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی کوردی






کردووە، لە پاداشتی ئەمە دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییەکانی کوردستان لە ماوەیەی ڕابردوودا چەند جارێک بە سەریان کردووەتەوە، کە ئەمە جێگای دەستخۆشی لێ کردنە لە لایەن هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، وا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

لە ٢٠-٢-٢٠٢١ بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان دکتۆر سالار عوسمان لە شاری سلێمانی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی بە سەرکردووەتەوە و پشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕیوە.

لە ١٠-١-٢٠٢١ چاپخانەی کارۆ لە ساڵیادی سێیەمی دامەزراندنیدا، خەڵاتی وەرگێڕانی ڕۆمانی (کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە)ی بە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی بەخشیوە.

لە ١١-٥-٢٠١٥ گرووپی وەفا لەگەڵ ڕێکخراوی هۆشیاریی یاسایی بۆ گەنجان لە سلێمانی لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا ڕێزیان لە مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی ناوە و چەپکە گوڵیان پێشکەش کردووە بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی قەسیدە درێژەکەی (ڕەیحانامە).

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ وهەست ناسک و بەرزە، بۆیە لە کاتی کۆچی دوایی کردنی مۆسیقا ژەنی ناسراوی کۆیە و شاری هەولێر (سەردار ئەحمەد) کە بە (سەردار باب سەردار) ناسرابوو، بە پارچە شیعرێک ستایشی دەکات و دەڵێت:

**نایەکەی تۆ، لە پاڵ هەموو ڕەوەزێک و ،**
**کەپکە شاخێ**
**لەگەڵ هەموو ئۆفێکی خەم پرژێن،**
**لەگەڵ هەموو ناخێ، هەموو داخێ**
**لەگەڵ فرمێسکی گشت لێ قەوماوێ**
**لەگەڵ هەناسەی گشت برسییەک، گشت داماوێ**
**دەبێتە نەعرەتەی ستەمدیدە و هەژاران**
**بە سەر ستەمکاری وڵاتەکەمدا دا دەکا**
**هەر وەک ڕێژنەی باران**
**هەر چی ستەمکار و دز و ڕێگر هەیە**
**تا ئەبەد دەیخاتە چاڵێ.**

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی هەر چەندە تۆزێ بە تەمەن کەوتووە، بەڵام هێشتا قەڵەمەکەی بە برشتەو ناوە ناوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خوێنەرانی بە نووسینێک یان وتارێکی ئەدەبی و زمانەوانی و کەلتووری بە سەر دەکاتەوە، بەمەش پێمان دەڵێت: ئا لێرە لە شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی، وەکو کێوی سەرکەشی باواجی وەستاوم و هەتا ماوم هەر خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلتوور و وشەی کوردی دەکەم.

بۆ مامۆستای پەروەردە و زمان و نووسەر، عەبدولکەریم شێخانی هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژتر بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشبیری کوردیمان.


سەرچاوەکان:

١- کوردیپێدیا.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١١-٥- ٢٠١٥.

٣- Knwe.org لە ١-١٠-٢٠٢١، - Wtarikurd ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ و ئازادە لە ٢٨-٣-٢٠٢٢.

٤- سایتی هەولێر ڕێزلینان لە ناوبراو لە ٢٠-٢-٢٠٢١.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دڵشاد عەبدوڵڵا

شاعیر و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ دڵشاد عەبدوڵڵا

دڵشاد عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ کۆلێژی (زراعة- کشتوکاڵ)ی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

دڵشاد عەبدوڵڵا هەر لە لاویتییەوە خولیای ئەدەب و شیعری کوردی بووە، بەشی زۆری شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی خوێندووەتەوە و هەندێکیشی هەر لە بەر کردووە، لە پاشان دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە عەرەبەکان کردووە وەکو(بدر شاکر السیاب و حسب شیخ جعفر)، لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بەرهەمەکانی (توفیق الصائغ و أدینوس)، شاکارەکانی جیهانی وەکو (لۆرکا و مایکوفسکی و جیمس فریز و تی اس إلیوت)ی خوێندووەتەوە، ئەمانە هەموویان بوونەتە ئەوەی پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی زۆر باشی لا دروست ببێت

دڵشاد عەبدوڵڵا هەر لە سەرەتای حەفتاکان کەتووەتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوی شیعری عەرەبی لە گۆڤاری (الشعر٦٩)کە شاعیری عەرەبی نوێخواز( فاضل العزاوي) و جەماعەتەکەی هەر یەک لە (سرجون پولص



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی، دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد**

و جان دمو و مؤيد الراوي و صلاح فايق) دەریان دەکرد، هەر ماوەیەکی کەم پاش ئەوان بزووتنەوەی نوێخوازیی شیعری کوردیش جەماعەتی ڕوانگە کە (شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزا کەریم و جەمال شارباژێڕی و کاکە مەم بۆتانی و حوسێن عارف) بڵاوکراوەکەیان مۆرکردبوو، ئەوانیش سێ بڵاوکراوەیان بڵاوکردوە، دواتر کۆمەڵە شاعیرێکی گەنج کە بە شاعیرەکانی(کەرکوک- کفری) ناسرابوون، ئەوانیش کە هەر یەک لە(لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و عەبدوڵڵا سەڕاج) بوون، کە لەناو هۆڵی کۆنگرەی نووسەرانی کورد لە هەولێر بڵاوکراوەیەکی بە دەست نووسراویان بڵاوکردەوە، ئەمانە هەموویان دەوریان هەبوو لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی، تەکانێکی باشیان دا بۆ نوێکردنەوە و بەرەو پێشبردنی شیعر و پەخشانە شیعری کوردی، ئەم کودەتایەی کە لە شیعر و ئەدەبی کوردی ڕوویدا، کاریگەرییەکی تەواوی کردووەتە سەر بیرو هزری شاعیر دڵشاد عەبدوڵڵا .

دڵشاد عەبدوڵڵا بە شاعیرە هەرە باشەکانی ئەو سەردەم هەژمار دەکرێت، ئەو هەر لە سەرەتا نوێخواز بوو، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز دەنووسێت، ئەو لە تێکست و دەقە شیعرییەکانیدا سوود لە سروشت، جوانی، ئەڤینی،

ڕووداو و ئاسەوارە مێژوویی و هەتا سۆفیگەریش وەردەگرێت و تابلۆیەکی جوان و سەرسوڕهێنەرمان بۆ دەکێشێت و خوێنەر دەباتە فەزایەکی نێوان واقیع و خەیاڵ، هەموو شیعر و نووسینەکانی زۆر بە هێمنی و بە وردی دەنووسێت، وەکو کورد دەڵێت: (لە سەرەند و بێژینگیان دەدا) ئینجا بڵاویان دەکاتەوە، کە بڵاویشی کردنەوە، پاش ماوەیەکی کەم هەر بە خۆی بەسەریاندا دەچێتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێت، ئەمەش جیاوازییەکی دەگمەن و دیاردەیەکی جوانی ئەم شاعیرەیە.

دڵشاد عەبدوڵڵای شاعیر لە گەڵ هاوڕێ شاعیرەکانی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان تا نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە هەر یەکە لە ( شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و جەلالی میرزا کەریم و لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد و سەڵاح شوان و عەبدوڵڵا عەباس و ئەنوەر قادر جاف و جەلال بەرزنجی و سەباح ڕەنجدەر)، شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردییان گەیاندە لووتکەی و بە چەرخی زێڕینی شیعری کوردی و شیعری پاش گۆرانی شاعیر دادەنرێن، لە هەندێ بواردا قۆناغی گۆرانیشیان بەجێ هێشتووە.

دڵشاد عەبدوڵڵا زیاتر لە (١٦) کتێب، دەیان بەرهەمی دیکە لە لێکۆڵینەوەو



لە لای ڕاستەوە: شاعیر کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵڵا

وەرگێڕان و وتاری ڕۆشنبیری بە تام و چێژ و ئاست بەرزی لە چاپ داوە و بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە:(کێڵگەکانی گەنم- شیعر، وزەی سپی- شیعر، دیوانی حەج- شیعر، بەفرنووس و ئەوانی تر، کتێبی ڕەش، کاتب جدید- سیجار و چروت، ڕاپۆرت لە بارەی خۆمەوە- شیعر، قەوس و قەزەح لە نزیکەوە- قوس القزح من قریب ، باژێڕی عەتارەکان - سوق العطارین، اللیلة الثانیة - شەوی دووەم، دنیا کەمێک لاسارە و....چەندانی تر).

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی ناوبراو وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، کتێبی (حەج) لەلایەن نووسەر بەکر دەرویش کراوەتە عەرەبی، کتێبی (وزەی سپی و دنیا کەمێک لاسارە) چیرۆکنووس چنار فەتحی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی، کتێبی (باخچەی إشراق) لە لەیەن مەڕوان هەڵەبجەیی کراوە بە فارسی، هەر یەک لە نووسەران ڕێبوار سیوەیلی و موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی و جەمال کەریم و ئازاد ملکۆ، چەند پارچە شیعرێکی شاعیر دڵشاد عەبدوڵلایان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری کوردستانی



**لە لای ڕاستەوە: سەلاح شوان، دڵشاد عەبدوڵلا، جەوهەر کرمانج، ووریا حەمید**



**لە لای ڕاستەوە: ئەبوبەکر خۆشناو، عادل موراد، دڵشاد عەبدوڵڵا**

نویێ بووە، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم و جێگر و سەرپەرشتیکاری دەزگایەکەش بووە.

دڵشاد عەبدوڵڵا لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانی یەکێتی نووسەران و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کورد ئامادە دەبێت، پەیوەندییەکی باشیشی لە گەل هەموو شاعیرو ئەدیبانی کوردستان هەیە هەبووە، ئەوەتا دەبینین لە مانگی ١١ ی ساڵی ٢٠٠٠ شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس نامەیەکی مێژوویی بۆ شاعیر دڵشاد عەبدوڵڵا نووسیوە، وا هاوپێچم کردووە.

ناوبراو پارچە شیعرێکی بۆ ستایشی ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد نووسیوەو بۆتانم نووسیوەتەوە، هەروەها پارچە شیعرێکی دیکە، کە نووسەر بەکر دەرویێش کردوویەتی بە عەرەبی ئەویشم نووسیوەتەوە.

بۆ شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕی کوردپەروەر دڵشاد عەبدوڵڵا هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردیمان.

**(بۆ گیانی عەبدوڵڵا حەداد و نەفرەتی چوار خوداوەندەکە)**

پەیکەرێک دەبینم لەسەر قەراتێ هەور نایگاتێ

لەبەر ئازاری جومگە گۆچانی لەدەستە

لار بۆتەوە کەمێک
برۆی هێناوەتەوە یەک کەمێک، دوور دەڕوانێ.
دەستی چەپی درێژکردووە
ژنێکی عەبا بەسەر بە بەدەندا هەڵدەگەڕێ لارەلار لەبەر پیریی
دەستم بگرە عەبدوڵڵا!
پەیکەرێک،
هێشتا خوێنی گەرم لە دەماریا
هێشتا نیگای گەرم لە تەماشای
هێشتا دەستی چرچ لەمستیا
دەیەوێ بفڕێ.
گرفتی بەندەی یاخی بوو ئەمەیە: نایەوێ
بە چاوی کزەوە ببینێ، عەینەک لادەدا
بە ڕوونی،
خواوەندەکان هەراسان دەکا
دەمێکە شار گرفتارە بەدەستیانەوە.
ئەو تارماییە سەربڕاوە کێیە؟
کەس نایناسێ؟







یەک لەدوای یەک جلەکانی فڕێ دەدا
بە ڕووتی،
لە جیاتی تەسلیمبوون پێدەکەنێ!
پیرێژنی خانەدان لێی نزیک دەبێتەوە
بە چۆکدا دێ
بە عەباکەی قۆنداخی دەکا
وەک گەوهەرێک دەیشارێتەوە.

ئەم پارچە شیعرە نووسەر بەکر دەروێش کردوویەتی بە عەرەبی:
لسماء زرقاء..كذلك خلف خوذ الجنود
اسكتوا ابواق الحروب
إنّه موسم عودة طائر الكركي
الوطن هو وطنهم ايضا
كانهيار سقف في حفل موسيقي
او دق المسامير في العظام
مازالت الأبواق تهدد
بين رمي الزهر والخطوات اللاحقة
هناك حاجة للصمت







لا ضرورة للصخب
النقر على باب دارك
الوطن ليس جغرافيا
انه الموهبة،
كالموسيقى
الأبواق تربك الهدوء في الأجواء
تربك سكون المقابر
انه موعد نوم الموتى
الوطن هو وطنهم ايضا
الوطن هو تلك الاشياء التي نزركشها
نحن على الورق
وآخرون فوق رمال الشواطئ
أحيانا
يطلق اسم الوطن على صخرة، شجرة، او باب
أحيانا لا تسمى المساحات الشاسعة والكبيرة وطنا
في طفولتي كان لي كلب وغزالة
ربيت أولهما في الزقاق وثانيهما في عمق الدار
قُتل الكلب بينما كان يحرس دارنا
والغزالة هربت حينما سنحت الفرصة
كان زقاقنا ترابياً
ظل اثار تخبط ذاك و بقع الدم
بينما اختفت آثار حوافر تلك
الوطن هو الاثنان
الذي يبقى والذي يهرب
في الطريق الى المدرسة
كنا نتسلق سوراً عاليا لأحد القصور
نقطف الزهور العطرة من حديقته
متباهين نضعها فوق صدور ستراتنا المهترئة

كنا نمر بمقبرة
ونقرأ فوقَ الشواهدِ الأسماءَ
لم نكن نعرف احداً منهم
لم نكن نسيء الى الشواهد
وكأنهم افراد من اهلنا
ثم أصبح القصر والحديقة العطرة والمقبرة معاً
وطنا
حينذاك كنا قد كبرنا
ولم نتسلق الاسوار
الوطن كان هذه الاشياء الصغيرة
التي تملأ قلوبنا فرحة كل يوم
وليست الكلمات الرنانة التي لم تكن تعني لنا شيئا
كانت طائرة تقصف إحدى القرى
كنت أُشاهد من فوق سطح دارنا على بعد عشرة كيلومترات
كنت أرى وطنين لأول مرة
أحدهما تحت التهديد
وثانيهما يقابله
الوطن ليس شيئا ثابتاً، بل متحولاً
حينما ذهبت لأعيشَ في بغداد
كنت اتجول بين المكتبات الكبيرة بجيوب فارغة
الوطن كان ذلك الكتاب الذي جلدتُ غلافه خوفاً من البعثيين
كنت أقرأه كل ليلة في شرفة دار الطلبة
أثناء ليالي العربدة والبوهيمية
كان الوطن تلك الأغاني المخمورة في ساعات الليل المتأخرة
نرددها في الحانات
حينما ذهبت لأعيش في بغداد
أصبح الوطن حافلة بولندية
تنقلني للبيت في ست ساعات

كانت العودة أطول من الذهاب في كل مرة
الوطن ليس كسولاً توقظه من النوم بالصراخ
عليك ان تناديه كما وأنك تخاطب قلبك
الذين يرون الوطن مزدوجاً
من المنفى
قد ضاع منهم وطنهم اصلاً
انه ظل يلتصق بك
وهكذا تعيد نفسك وانت
تتمثل فيه
الوطن ليس خرقة تلفها حول خاصرتك
بلغة اكثر تجريداً، ليس منشفة تستخدم في الحمام
انه الحمام
فيه تتعرى
دون أن تتردد في شيء
الوطن وهج
هكذا تحبه وهو يمنحك المتعة
دون أن يسبب لك الأذى ولا ان يسبب لك الفرحة
يا أيتها الأحاسيس كفى
لا تمنحيه الفرصة بعد سنوات العمر هذه.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- روائع الادب الكردي- اعداد و ترجمة ازاد ملكو له ٨٢-٨-٨١٠٢
٢- ماڵپەڕی ( المدى) وتارێکی میدیاکار ماجدة محسن له ٤-٧-١١٠٢
٣- زانیاری و نووسینی خۆم



# هاشم عەلی مەندی

دەرهێنەری هونەری شانۆیی و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار هاشم عەلی مەندی

لە گوندی(نیروە)ی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکووک و وەزیرییە لە بەغدا، ئینجا بۆ ڤیەننا و واشنتۆن، لەوێش بۆ ناو نووسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووکان، وەکو میدیاکارێک بۆ گەیاندنی و ناساندنی دەنگی گەلی کوردمان بە گەلانی هەر چوار کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا و ئەمەریکا.

ناوی تەواوی(هاشم عەلی مەندی مبارەک)ە، لە ساڵی ١٩٥١، لە هەندێ




سەرچاوە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (نیروەی سەرەوە) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە کوردستان لە دایک بووە، هەر شەش مانگ پاش لەدایکبوونی، عەلی مەندیی باوکی لەسەر هەڵوێستی سیاسی ئەو کات دژی حوکمڕانی پاشایەتیی نەفی کراوەتە شارەکانی حەدیسە-



**له لای ڕاستەوە: شەهید ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووتری لوبنان،**
**هونەرمەند هاشم عەلی مەندی**

حەقلانیە - ڕەمادی - بەغدا و دواتر بۆ کەرکووک، ئەو تەمەنی (٧) ساڵی بووە هاتوونەتەوە کەرکووک، یەکسەر چووەتە قوتابخانەی (الحكمة الإبتدائية) و دواتر ناوەندیی حیکمە (متوسطة الحكمة) و لە ئامادەیی کەرکووک قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە.

هاشم عەلی مەندی لە سەرەتادا نەیویستوە بە زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی بخوێنێت یان فێریان ببێت، بەڵام دواتر هەر سێ زمانی عەرەبی و تورکی و کوردی و هەر دوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی بە باشی فێربووە، ئەو هێشتا قوتابیی چواری سەرەتایی بووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی (الحكمة الإبتدائية) سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب و باخچەی پاشا)ی بە سەرپەرشتیی هونەرمەند قادر مەردان بۆ منداڵانی قوتابخانەکە وتووە، هەر لە کەرکووک لەگەڵ هاوڕێکانی تیپی هونەری میللی و چەند تیپێکی دیکەی نواندن(تمثيلية)یان پێکهێناوەو یەکەم نواندنیشی لە سینەما سەلاحەدین بووە، دواتر شانۆگەری (رسالة الى الله) لە نووسینی تەحسین شەعبان و دەرهێنانی سەلمان فائەق بووەو شانۆگەریی (الناقوس) لە دانانی

نەسرەت مەردان و دەرهێنانی ئەنوەر ڕەمەزان بووە.

هاشم عەلی مەندی لە ساڵی ١٩٧٤ ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی بەغدای بەشی هونەری دەرهێنانی شانۆیی لە بەغدا تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، لە تەک ئەوەی قوتابیی ئەکادیمی هونەرە جوانەکان بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ بە (بێژەر- مذیع) لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بە کاربووە، لە ساڵی ١٩٧٢ کە بەندە وەکو بێژەر لەوێ دامەزرام، ئەو لەوێ لێپرسراوی بەشی نواندن و شانۆگەری بوو و بێژەریش بوو، ئێمە تیمێک بووین کە پێکهاتبووین لە هەریەک لە (محەمەد سدیق ئیمام ، مەحموود موفتی، هاشم عەلی مەندی، جەمال بەرواری، ئیبراهیم سەلمان، محەمەد جیهاد حەسەن، بەندە، نازم کەریم، بەهادین جەلال و چەندانی دیکە)، ناوبراو بە هەردوو شێوەزاری (بادینانی وسۆرانی) دەنگوباسی دەخوێندەوە، هەر جارێک ئەگەر بێژەرێکی شێوەزاری سۆرانی لەوێ نەبووایە، هاشم عەلی مەندی دەنگوباسی بە شێوەزاری سۆرانی دەخوێندەوە و کەسیش هەستی




**لەلای ڕاستەوە: ڕووناکبیر جەمال بەرواری، هاشم عەلی مەندی ، هونەرمەند و ڕۆماننووس بە زمانی کوردی و هۆڵەندی ئیبراهیم سەلمان- لە شانۆگەری(العطیل)ی شکسبیر**

پێ نەدەکرد، کە ئەو زمانی دایکی شێوەزاری کرمانجییە (بەهدینانی)یە.

لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەندەو هاشم عەلی مەندی هەردووکمان لەسەر نەبوون بە بەعسی گوێزراینەوە بۆ (إذاعة بغداد)،من یەکسەر داوای گواستنەوەم کرد بۆ ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر، ئەویش لە ڕێگای بەڕێز (سعد البزاز) تاقیکردنەوەی (بێژەر- مذیع)ی بە زمانی عەرەبی کردو تێیدا سەرکەوت و پاش چەند هەفتەیەک، وەکو بێژەر لە ڕادیۆی عەرەبیی بەغدا (إذاعة بغداد) دەست بە کار بوو، یەکەمین کوردیش بووە لە مێژووی (إذاعة بغداد) بووە بە (بێژەر- مذیع) بە زمانی عەرەبی.

هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێران، ئەو ڕووی لە وڵاتی نەمسا کردووە و درێژەی بە خوێندنی خۆی داوە و بڕوانامەی دبلۆمی باڵای لە زانکۆی ڤیەننا لە زانستی شانۆگەری ودەرهێنان بە دەستهێنا، دوو ساڵیش بە شێوەی ئەکادیمی ڕۆژنامەوانی خوێندووە.



**لەلای ڕاستەوە دانیشتووەکان : شاعیر و نووسەر و میدیاکار عەبدوڵڵا عەباس، هونەرمەند هاشم عەلی مەندی، لە ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: تەکنیککار نەناسراوە، حوسێن عەبدوڵڵا زاخۆیی، ئەحمەد عەلی ئەسکەندەر ئامێدی، کاک ڕەزا ئەحمەد**



لەلای ڕاستەوە: مەقامبێژو گۆرانیبێژی کوردیی نەمر تایەر تۆفیق، هونەرمەند هاشم عەلی مەندی

هاشـم عەلـی مەنـدی لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـدا چەنـد تەمسـیلییە و شـانۆگەری لەگەڵ هاوڕێیانـی، ئیبراهیـم سـەلمان و جەمـاڵ بـەرواری و چەنـد قوتابییەکـی دیکـەی ئەکادیمییـای هونـەرە جوانـەکان و قوتابییانـی کۆلێـژی ئاداب- بەشـی کـوردی تیپێکـی نواندیـان پێکهێنابـوو، کـە کۆمەڵێـک تەمسـیلییە و شـانۆگەری و زنجیـرە تەمسـیلییەیان پێشـکەش کـرد لـە ڕادیـۆی کـوردی بەغـدا لەوانە(شـانۆ و شـانۆگەری، المسـرح و المسـرحية، العطيـل لشكسـبير)، لەگـەڵ بەرنامـەی (عالـم الفن- جيهانـی هونـەر) بـۆ تەلەفزیۆنـی کەرکـووک لـە بەغدا، جگـە لـە بەشـداری کـردن وەکـو ئەکتەریـش لـە شـانۆگەرییەکانی (مكبث - شكسـبير، الحضيض-مكسـيم غورگـي، السـندباد- شـوقي خميـس، الرهـان- تشـيخوف، ثمـن الحرية- عمانوئيـل روبكس، الجـرة المحطمـة- باتيسـت بوكلان، مـس جوليـا أوغيشـت سـتيرنبرغ...هتد)، هەروەهـا بەرنامەیەکـی هونـەری و ڕۆشـنبیری بـۆ تەلەفزیۆنـی بەغـداش پێشـکەش دەکـرد.

(هاشـم عەلـی)ی هونەرمەنـد و میدیـاکار هـەر کـە لـە زانکـۆی ڤیەننـا خوێندنـی زانسـتی شـانۆگەری ڕۆژنامەوانـی تـەواو کـردووە، یەکسـەر چ وەکـو بێـژەر چ وەکـو پەیامنێـر کاری لـەم دەزگا ڕاگەیاندنـە عەرەبـی و جیهانییانـەدا



ناوبراو لەگەڵ پۆلێك لە میدیاکارانی عەرەبی و کوردی لە چایخانەیەك لە هەولێر

کردووە لەوانە ( هيئة الاذاعة البريطانية BBC ، إذاعة النمسا العالمية ROI,
ئاژانسی ئاسیوشیدپریسی تەلەفزیۆنیAPTN، ئێزگەی ڕادیۆی کوێت و ڕۆژنامەی جزیرة و ریاض-ی سعودی و ئاژانسەکانی عێراق و سعودی و کوێت و قەتەر و عومان، وەکو پەیامنێریش لە ڕۆژنامەی (الحياة)ی لەندەنی و گۆڤاری (المجلة)ەش کاری کردووە.

ناوبراو لە سەرەتای دروست بوونی ڕادیۆی عێراقی حڕ(إذاعة العراق الحر) لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ تیمی دەستەی کارگێڕان کاری کردووە و پشتگیری کردوون، لە ساڵی ٢٠٠٤ چووەتە ئەمەریکا لە دەزگای (قناة الحرة) و(رادیو سوا) دەست بە کار بووە، بەشدارییەکی بەر چاوی کردووە وەکو بێژەر و پێشکەشکاری هەواڵەکان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و دیمانە لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بەشی زۆری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا.

هاشم عەلی مەندی وەکو ڕاگەیاندکار و هونەرمەندێکی کورد لە میانەی ئەو ساڵانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و جیهانی کاری کردووە، چ

لـە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت چ لـە وڵاتانی ئەوروپا و هەتا ئەمەریکاو نـاو نووسـینگەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکانیـش، هـەر کات و سـاتێ دەرفەتـی بـۆ لوابێـت باسـی مافەکانـی گەلـی کـورد کـردووە، سـەرپێچی و جێبەجـێ نەکردنـی دەسـتووری عێراقـی فیدراڵـی کـردووە، هەروەهـا هێنانـی میدیـاکار و هونـەرمەنـدان بـۆ هەولێری پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان و هەوڵـدان بـۆ ڕاکێشـانی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان، هەوڵیشـی داوە بـۆ پێناسـە کردنـی گەلـی کوردمـان لـە وڵاتانـی هـەر چـوار کیشـوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیـا و ئەوروپـا و ئەمریـکا، خـۆم بـە زێدەڕۆیـی نازانـم ئەگـەر بڵێـم هاشـم عەلـی مەنـدی هـەر وەکـو باڵوێزێکـی هەرێمـی کوردسـتان کاری کـردووە و دەکات.

هاشـم عەلی مەندی خاک و نیشتمانی خـۆی زۆر خۆشـدەوێت، بـە تایبەتی شـاری کەرکـووک، بیرەوەریی زۆری هەیـە لـەوێ و هەمـوو هاوڕێکانـی خـۆی کـە کاری لەگەڵـدا کـردوون لـە ڕادیـۆی عەرەبیـی بەغـداو بەشـی کـوردی



**بێژەر و ئەکتەر و شانۆگەر هاشم عەلی مەندی لە کاتی میکیاج کردن، هونەرمەندی دەرهێنەر سەلمان فایەق**

خۆشدەویت لەوانە (ڕەوانشاد حافظ القبانی، دەرهێنەر ناسر حەسەن، انس الشفقة لە ڤینا، حسن مصطفی ، سامی حداد فیصل القاسم لە لەندەن، کاک کامەران قەرەداغی لە براگ، سالم مشکور، محمد علي الجبوري، موفق الحرب، محمد سلیم سواری لە ئەمەریکا و هاشم جەباری لە کەرکووک، محمد علي اسکندر لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک.

بۆ ڕۆژنامەنووس و بێژەر و میدیاکار و دەرهێنەری شانۆ، هاشم عەلی مەندی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەر و ڕاگەیاندن و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند هاشم عەلی مەندی کە ڕۆژنامەنووس و شاعیر بەدەل ڕەفۆ مزوری کردوویەتی لە سایتیpukmidia ٣٠-١٠-٢٠١٣.

٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند هاشم عەلی مەندی لە Pukmidia، ڕۆژنامەنووس ڕزگار شوانی لە ١٦-٢-٢٠١٩ ئەنجامی داوە.

٣- کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند هاشم عەلی مەندی، لە سەر داخوازی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سەڵاح شوان

شاعیر و نووسەرو چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس سەڵاح شوان

(دووایین شەوانی سیمرخ)، ئەو پاش چل ساڵ لە شیعرەکانی(شەوێک لە شەوانی سیمرخ) دێتەوە، جارێکی دیکە بە سووتانی خۆی ...سیمرخ ئاسایی خۆی دەسووتێنی، مۆمی دەقی شیعرەکانی پێ دادەگیرسێنێتەوە.

ناوی تەواوی(سەلاحەدین خورشید شوان)ە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە ناوچەی(شوان)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، پاش تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادیی لە ناوچەی شوان و کەرکووک، بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای لە ساڵی ١٩٧٠ تەواوکردووە، لە تەک خوێندنی لە بەشی کوردی بەشداری بووە لە سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوکاری تاوەکو نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو.

لە ساڵی ١٩٧٤ پاش ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، ئەو وەکو هاوڕێکانی دیکەی لە شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش دەست بە کار بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ دوای هەرەسهێنانی شۆڕش دێتەوە




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەبدوڵڵا عەباس، نووسەر عەبدوڵڵا ئاگرین، شاعیر سەلاح شوان- لە هۆڵی گەل- هەولێر ساڵی ١٩٨٣**

سەر کارەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، لە سەرەتای نەوەتەکان لە هەولێر ژیاوە و لە ساڵی ١٩٩٥ لە ڕۆژنامەی (المؤتمر)ی سەر بە (معارضة)ی عێراقی لە پیرمام(مصیف صلاح الدین)وەکو ڕۆژنامەنووس کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی کردووەتە وڵاتی ئەمریکا، بەڵام دیارە لەوێ جێگیر نەبووە، چووەتە وڵاتی (نەرویج) لەو کاتەوە تا ئێستا لەوێ دەژیت.

شاعیرو نووسەر سەلاح شوان یەکێکە لەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەی هەر لە سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە (جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس و سەربەست بامەڕنی و محەمەد زادە و چاندانی دیکە) دەست بەکار بووە، دیسان ئەو یەکێک بووە لەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵ هاوڕێکانی (سەربەست بامەڕنی و جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس و عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی)، دەستەی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی (برایەتی) پاشکۆ کوردییەکەی ڕۆژنامەی (التآخی) کە لە سەرەتادا هەفتانە بوو،

دواتـر بـووە ڕۆژانـە و (٢٦) ژمـارەی لـێ دەرچـوو.

نووسـەرو شـاعیر سـەڵاح شـوان یەکێکـە لـە شـاعیرە نوێخوازەکانـی سـەرەتای حەفتاکانی سـەدەی پێشـوو، بەشداربووە لـە هەمـوو چالاکییەکانی بزووتنـەوەی نوێخوازیی شیعری کوردی کە کاتی خۆی بە (ڕوانگە)ناسراون، لەوانـە بانگـەوازی (قەڵەمـە نەترسـاوەکان)یش، ئـەو لەگـەڵ هاوڕێکانـی هـەر یـەک لە شـاعیران و چیرۆکنووسـان ( شـێرکۆ بێکـەس و جەلالی میرزا کەریم و جەمـال شـارباژێڕی و حوسـێن عـارف و کاکەمـەم بۆتانـی و عەبدوڵـڵا پەشـێو)، لەگـەڵ شـاعیرانی دیکـەی سـەردەمی خۆیـان هـەر یـەک لـە( لەتیـف هەڵمـەت و ڕەفیـق سـابیر و فەرهـاد شـاکەلی و سـەلام محەمـەدو عەبدوڵـڵا سـەڕاج و چەندانـی دیکـە، لـە دەرەوەی ڕوانگـە وەکـو ئەنـوەر قـادر جـاف و جـەلال بەرزنجی و دڵشـاد عەبدوڵلا). توانیـان شـیعری نوێـی کـوردی بگەیەننە ئاسـتێکی بـەرز، بـە ڕای هەنـدێ لـە ڕەخنەگرانـی کـورد لەوانـە دکتـۆر کەمـال غەمبـار ئەگـەر قۆناغـی شـیعری شـاعیری گـەورە و نەمـری کـورد (گـۆران) تێنەپەڕاندبـێ ئـەوا شانبەشـانی ئـەو وەسـتاون.



**شاعیر سەڵاح شوان بە جلی پێشمەرگایەتی**

شاعیر سەلاح شوان یەکێک بووە لە دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) و نووسەر بووە لە (ئێزگەی دەنگی کوردستان).

ناوبراو دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی و فۆلکلۆری و فیکری و فەلسەفی ڕەخنەیی و شیعر و چیرۆک لە زۆربەی زۆری گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، بە زمانی عەرەبیش دەیان وتاری هەمە جۆری بڵاوکردووەتەوە، ئەو هەرچەندە بەرهەمەکانی زۆر نین، بەلام کەمنووسی جواننووسە، گرنگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:

-دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە- کۆمەڵە شیعر.

- ئەستێرە بەرزە- کۆچیرۆک.

- شەوێک لە شەوانی سیمرخ١- شیعر.


-دوایین شەوەکانی سیمرخ- شیعر- دەتوانین ناوی لێبنێین شەوێک لە شەوانی سیمرخ٢.

زۆر لە پارچە شیعرەکانی لە لایەن نووسەرو شاعیر بنیامین یۆخنا دانیال وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەندێ پارچە شیعریشی لە لایەن نووسەر و شاعیری ئێرانی م. ساماڵ ئەحمەدی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی.

شاعیرو نووسەر سەلاح شوان، بەشی یەکەمی شیعری (شەوێک لە شەوانی سیمرخ)ی لە ساڵی ١٩٧٧ نووسیوە، لە گۆڤاری بەیانی ژمارە(٤٤) بڵاوکراوەتەوە، کاتی خۆی دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو، بووە هۆی بەناوبانگ بوون و پێشخستنی شیعرەکانی سەلاح شوان و شیعری کوردیی نوێ و هاوچەرخ بە گشتی، پاش چل ساڵ شیعری( دوایین شەوانی سیمرخ) ی نووسیوە، جارێکی دیکە بە ئێش و ئازارەکانی خۆی دەسووتێنێت و زیندوو دەبێتەوە لەم بازنەیەدا دەسووڕێتەوە و ئەم سووتانەش دەکاتە مۆمی دەقە شیعرەکانی.

کۆ شیعری (شەوێک لە شەوانی سیمرخ) شاعیری کوردپەروەر سەباح ڕەنجدەر بۆی کۆکردووەتەوە و لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان لە چاپی داوە.

کورتە بیرەوەرییەکم لەگەڵ شاعیر و نووسەر سەلاح شوان دەگەڕێتەوە



**پۆلێك لە شاعیر و نووسەران لە خیوەتگای شاعیران**
**لە دەربەندی حاجی ئۆمەران ساڵی ١٩٧٤**


گەواڵەیەک نییە


دڵدارەکەم پاییزە

ساڵی ١٩٨٣، ئەو کات بەندە سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیری بووم لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر بە هاریکاری لەگەڵ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا کۆڕێکمان لە هۆڵی(گەل) لە هەولێر بۆ هەر دوو شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس سەلاح شوان و عەبدوڵلا عەباس ڕێکخست، نووسەر و چیرۆکنووس عەبدوڵلا ئاگرین کۆڕەکەی بەڕێوەبرد، هەردووکیان باسی ئەزموونی خۆیان لە ڕۆژنامەگەری و بزووتنەوەی شیعری نوێخوازی (ڕوانگە)ی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوویان کردو، پاشان هەر یەکەیان چەند پارچە شیعرێکی خۆیان خوێندەوە، بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر لە شاعیر و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر.

شاعیرو نووسەر سەلاح شوان ئێستا لە نەرویج دەژیت و زۆر سەربەست و ئازادانە دەنووسێت و

ڕای خۆی بەرامبەر ڕووداوەکانی کوردستان و دنیا دەردەبڕێت.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەلاّح شوان هەر سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی.


وا هەڵبەستێکی(قصيدة)یەکی شاعیر سەلاّح شوان- تان بۆ دەنووسمەوە:

هەزار ساڵ چاوەڕوانی

سەلاّح شوان

هەزار ساڵ بوو چاوەڕوان بووم
هەر دەهاتی و نەدەهاتی.
کاتێ هاتی نە تۆ تۆ بووی
نە من خۆم بووم!
نە تۆ لەیلە پڕ مەیلەکەی جارانم بووی
نە من فەرهادە گێلەکەی ئاشقت مام
کاتێ هاتی
نە سیمرخێک لەم ناوە مابوو نە منیش
ئیتر ئەژدیهای ڕۆژگارم پێ دەکوژرا
نە بەهار بووی ئەشقی ڕەنگاوڕەنگت پێ بێ
نە پایز بووی تەنکە غەمی بلاّو و بێدەنگت پێ بێ
نە هاوین بووی لە بلاّچەی ئارەزووتا بمخنکێنی
نە زستان بووی تێر تێر بەسەرما بگریت و
مەشخەلانی گڕکانی دڵم داکەوێ
بڵێم ئیتر لەسەر سینەی خۆرنەدیدەی
تۆدا خەوم لێ دەکەوێ
من وام دەزانی ئەگەر بێی
چاوە شینەکانت وەکو
غەمەکانی من قووڵ دیارن

قژە زەردەکەت غەریبی ئێوارانمە
لەبەر تاڤگەی تەنیاییا
دەمخواتەوە
کڵپەی باڵا داگیرساوەکەت بەیانییان
خومارشکێنی شەوانی تاڵیم دەکا
من نەمزانی؟
تەرمی بەفرەکەت قەڵەمی
دەستوپێی شیعرم دەشکێنێ
غەریبییەکی لە ئازار بەئازارترم
بۆ دێنێ
هەزار ساڵ بوو
بەدیار شووشەی مەرەکەب و
شەرابی وەک
شەو و ڕۆژەوە دامابووم
کاتێ هاتی
نە شیعر بووی بمنووسیت
نە مەستی بووی بمخۆیتەوە
ئەی گەر وا نەبووی بۆچی پێت نەگوتم
تاکو بچم پەیمانێکی ناپاکانە
لەگەڵ سۆزانییە مەرگەکەی
ئۆرۆکی ژەهرا ببەستم.
هەزار ساڵ بوو
چاوەڕوانیم درەختێکی باڵابەرز بوو
لق و پۆپی شۆڕی بۆ تۆ
درێژ دەکرد








تۆش بارانێکی وشک بووی
چرۆکانی شەوگارمت
دەوەراند و نەدەهاتی.
کاتێ هاتی
گڕەیەک بووی لە زستانا
چووزەرەی بن بەفرەکانمت
هەڵپڕووکان
زریانێک بووی لە هاوینا
هەر دەمودەست توایتەوە
بوویتە گریان
هەزار ساڵ بوو چاوەڕێت بووم
کاتێ هاتی
شەوێکی تاریک و دوور و
پەنگاوی تەنیایی بووم من
تۆش ڕۆژێکی سەر بەرەو خوار
من وا مزانی گەر بێی ئیتر
گەشکە و خۆرکوێریم تووش دەکەی
کەچی ئێستا تەنیاترم
لە کانییەکی دڵتەنگی
نزیک بارەگا و ئۆردووگاکانی جاران!
تەنیاترم لە ئەستێرەی بەجێماوی بەرەبەیان.
تەنیاترم
لە شوانە هەرزەکارێکی
شەو بەکێوی دەشتی گەرمیان
وێرانترم لەکێوی شەوێکی ڕووخاو

نە ئەمە تۆی
ئەستێرە باڵابەرزەکەی
جارانم بی
نە ئەمەش سۆزە سەوزەکەی منە ئەمشەو
کوانێ ئەمە زەماوەندە
کەی تۆ بووکی وڵاتەکەی
بەفر و خوێنی ناو شیعرەکەی گۆرانی
کوا من ئاشقە شێتەکەی باڵاکەتم
ئەم هەموو کۆترە باریکە و
بەرخۆڵانەی خەونەکانم
بۆ لەبەر پێتا کوژراون
بۆ ئەم گورگە برسییانە
ئەوها دەورەیان لێ داوی
خۆ بەفر ئەمشەو هیچ گوێی لێت نەگرتووە!
هەزار ساڵ بوو
حەزم دڵۆپ دڵۆپ دەڕژا و
بەردی شەوی لەبەر پێما کون دەکرد و دەتوایەوە
من وام دەزانی ئەگەر بێی
پڕ کۆشت وردە ئەستێرەی
ڕەنگاوڕەنگم بۆ دەهێنی
دارستانێکی پڕ ڕەنگم بۆ دەهێنی
مژدەی مردنی خوای جەنگم بۆ دەهێنی
ئەم داڵ و گەنخۆرانەت کەی بوونە یاوەر
ئەم گۆشتخۆری هەژارانەت کەی بوونە دۆست
کوانێ دڵەکەی گەرمیانت

بۆ بەجێتهێشت و بێ گریان
خستتە بەردەست دڵخۆرەکان
خۆ لانەکەی من لەوێ بوو
پڕ بوو لە هێلکە کۆتر و مرواریی حەز و ئارەزوو
تۆ غەریبی
هەرگیز بە گیانی من ئاشنا
نەبوویت و نیت
من غەریبم
هەرگیز بەڵا گەردانی باڵا جوانەکەت نەبوومە من
تۆ خەونێ بووی هەزار ساڵ بوو
دەتمبینی و نەتمەبینی
تۆ مەیێ بووی
بە یەکەم بادە مەستت بووم
تا ئێستاکەش
نامەوێ بێمەوە سەرخۆ
وەرە با بچینەوە کوێستان
کوێستانە بەفرینەکەی سەری من و
شەو کراسە تەنکەکانی تەمی بەر تۆ
هەزار ساڵ بوو چاوەڕێت بووم
ئێستاکە بۆ
بۆ هەرزە ئەشقبازەکان
پێدەکەنی
هەر منم سۆفیی خانەقای
ئەشقە پاک و خوداییەکەی تۆ
هەر منم مەستی مەیخانەی

بالا لەخۆباییبەکەی تۆ
سەد ئەوەندەش بێوەفابی
هەر خۆشمدەوێی
ئەمە منم
ئەمەم
ئەمە.

١٩٩٣ هەولێر

سەرچاوەکان: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ماڵپەڕی (الانطولوجیا) وتارێکی نووسەر و شاعیر بنیامین یوخنا دانیال بە زمانی عەرەبی لە ٣٠-١-٢٠٢٢،.

٢- سایتی هەولێر لە ٦-٧-٢٠٢٠.

٣- پەیجی شاعیر و نووسەر سەلاح شوان، زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر ئیبراهیم سەلمان

شـاعیرو ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس و ئەکتـەرو دەرهێنـەری سینەمایی و سیناریست دکتۆر ئیبراهیم سـەلمان

کە منداڵ بووە باوکی پێی ووتووە:(لەسـەرتە ئێش و ئازار و ئەشکەنجەو ماڵوێرانیی گەلی کورد بگەیەنیتە هەموو گەلانی دنیا).

هونەرمەند ئیبراهیـم سـەلمان لـە ڕۆژی ١-٧-١٩٥٢، لـە گونـدی زاویتـەی سـەر بـە پارێـزگای دهـۆک لـە خانەوادەیەکی کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، تەمەنی (٨) سـاڵان بـووە، لەسـەر کێشـەیەکی کۆمەڵایەتـی باوکی و برایەکی و مامێکی کوژراون، بۆیـە بـە ناچـاری ماڵیـان دەچێتـە بەغدا.

هونەرمەند ئیبراهیم سـەلمان خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لـە دهـۆک تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٢ دەچێتـە ئەکادیمیـای هونـەرە جوانەکانی بەغدا- بەشـی هونـەری شـانۆگەری و تەمسـیل دەخوێنێـت و لـە سـاڵی ١٩٧٦ بەکالۆریـۆس بـە دەسـت دێنێت.

هونەرمەنـد ئیبراهیـم سـەلمان پێش ئـەوەی بچێتـە بەغدا لـە دهـۆک لـە ئاهەنگێکی نـەورۆز بەشداری لە تەمسیلییەی کاوەی ئاسنگەر دەکات و ڕۆڵی زوحـاک دەبینێت، لـە سـاڵی ١٩٧٢ ئـەو هێشـتا هـەر قوتابیی سـاڵی یەکەمی



ناوبراو لە کاتی کارکردنی لە فلیمێکی بەڵگەنامەیی بۆ سوپای هۆڵەندی.

ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بووە، لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا وەکو ئەکتەر و دەرهێنەرو نووسینی کورتە چیرۆک دەست بە کار بوو، بەندەش ئەو کات لەوێ بووم وەک بێژەر، ئیبراهیم سەلمان لەگەڵ هاوڕێی میدیاکار و ئەکتەرو دەرهێنەر هاشم عەلی مەندی و میدیاکار جەمال بەرواری زۆر زنجیرە تەمسیلییە و بەرنامەی دیکەیان لە ڕادیۆی کوردی تۆمار دەکردو پەخش دەکرا، هەروەها شانۆگەریی(شانۆو شانۆگەری- المسرح و المسرحیة و شانۆگەری - العطیل- شکسبیر) یان تۆمار و پەخشکرد



لە پێشەوە هاشم عەلی مەندی، لەپشتی هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان

لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا،ۆوا وێنەیەکم هاوپێچ کردووە.

ناوبراو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ شانۆگەریی (ترس- الخوف)ی لە سلێمانی نمایش کرد، لە ڕۆژی یەکەمی نمایشەکە دیارە پیاوانی ڕژێمی بەعس لەوێ بووینە، لێیان پرسیوە: ئەوە چییە عەسکەر کورد دەکوژێت؟ ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی: ئەوە عەسکەری ئێرانییە کورد لە ئێران دەکوژێت ئینجا وازیان لێ هێناوە، بۆیە ڕۆژی یەکەم و دووەم شانۆگەرییەکە نمایش کرا، بەڵام ڕۆژی سێیەم لێیان داخستن و گومان کەوتە سەر هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان ، هەر هەمان کات بوو لە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان لە ٢٠١٤ خەلاتی برایسینۆ لە ئیتالیا لەسەر فلیمێکی دۆکۆمینتاتی بۆ سوپای هۆڵەندی پێ بەخشرا لە لایەن Jury



ئیبراهیم سەلمان لە کاتی شیعر خوێندنەوە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار سەمیرە عەلی مەندی، شاعیر نەجیب بالایی- لە کۆبوونەوەی میدیاکارانی کورد و عەرەب لە هەولێر ساڵی ٢٠١٤

فیستیڤاڵی چیرۆکی کوردی لە بەغدا بەشداری کرد بە پارچە شیعرێک بە شێوەیەکی ڕەمزی ستایشی پێشمەرگەی کردبوو، ئەو لە دەربڕینی هەست و نەستی کوردایەتییەکەی زۆر زێدەڕۆیی دەکرد و نەدەترسا، بۆیە لە نەورۆزی هەمان ساڵ لە ستۆدیۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا بە(پەخشی ڕاستەوخۆ - بث مباشر) زۆر باسی جەژنی نەورۆز و مێژووی کورد و کاوەی ئاسنگەری کرد، کە لە بەرنامەدا نەبوو، بەڵام ئەو ئەم کارەی کرد، کاری شانۆگەرییەکەی سلێمانی و خوێندنەوەی شیعرەکە



هونەرمەند دکتۆر ئیبراهیم سەلمان پاش تەواو بوونی لە کار کردن لە فڕۆکەخانەیەکی هۆڵەندی.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان، میدیاکار ئەکرەم یەلدز، لە بەرنامەی کاتی بۆتان.



له لای ڕاستەوە: مۆسیقاژەنی گەورەی کورد دڵشاد محەمەد سەعید، نووسەرو ڕۆمانووس محەمەد سەلیم سواری، گۆرانیبێژی گەورەی کورد تەحسین تەها، نووسەر و دەرهێنەر ئیبراهیم سەلمان، مۆسیقاژەن بەدرخان تەها،

و ئـەو وتـارەی دەربـارەی نـەورۆز وایـان کـرد بیخەنـە ژێـر فیشـار و چاودێرییـەوە، بە تایبەتی ئەو زۆر چـالاک بـوو، نـە یـار و ناحەزیشـی هەبـوو، بۆیـە پێش ئـەوەی دەسـتگیری بکـەن، ئـەو بەیانییـەک لـە بەغـدا بـەرەو سـلێمانی و لـەوێ بـۆ یاخسـەمەر و دواتـر بـۆ سـەرکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، لـەوێ ماوەیـەک لەگـەڵ هاوڕێکانی لـە شـاعیر و نووسـەران دەمێنێتـەوە، داوای مانـەوەی لـێ دەکەن وەکو حیزبییـەک، بـەڵام ئـەو دەڵێـت: مـن حیزبـی نیـم هاتـووم کوردایەتـی بکـەم، پاشـان لـە ڕێگای






له لای ڕاستەوە: میدیاکار جەمال بەرواری، میدیاکار هاشم عەلی مەندی، هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان له ساڵی ١٩٧٣ تەلەفزیۆنی بەغدا،

تـاران سـاڵی ١٩٨١ خـۆی دەگەیەنێتـە وڵاتـی هۆڵەنـدا.

هونەرمەنـد ئیبراهیـم هـەر لەگـەڵ هاتنـی بـۆ هۆڵەنـدا یەکسـەر زمانـی هۆڵەندی دەخوێنێت و ساڵی ١٩٨٥ دکتۆرای لە زانستی شانۆ و شانۆگەری وەردەگرێت، لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ مامۆستای وانەی زانستی شانۆ بووە لە زانکۆی ئەمستردام، لـە سـاڵی ١٩٩٠ بۆتـە ڕاوێژکار لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و چاودێریی کۆمەڵایەتی هۆڵەندی، لە ساڵی ١٩٩٥ تا ساڵی ٢٠١٨ سـەرۆکی دەرهێنـەران( المخرجیـن) و ڕاوێـژکاری فلیمە(بەڵگەنامەییـەکان- الوثائقیـة) بـووە لـە سـوپای هۆڵەنـدی، ئـەو لـە سـاڵی ١٩٨٨ وەکـو ڕۆژنامەنووسـێکی سەربەخۆ(مسـتقل) کاری کـردووە و دەکات.

هونەرمەند ئیبراهیم سـەلمان لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر و چیـرۆک و شـانۆگەری کـردووە، دواتـر لـە هۆڵەنـدا چـوار ڕۆمانـی نووسـیوە و لەگـەڵ چەنـد فلیمێـک و زیاتـر لـە (٢٠٠) فلیمـی دوکۆمێنتـاری بـۆ سـوپای هۆڵەندا تۆمارکردووە، لـە فلیمـە کوردییـەکان و ڕۆمـان و شـیعرەکانی کـە بـە زمانـی هۆڵەندی نووسیوە لـە هـەر هەموویـان باسـی بـاری کوردسـتانی باشـوورو پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانی گـەورە دەکات کە چـۆن ڕۆژانـە زوڵـم و زۆرداریـان لـێ دەکرێت، باسـی کۆچڕەوەکـە و کیمیـا بارانـی هەڵەبجـە و ئەنفالـی یەکـەم و دووەم دەکات، باسـی گرتنـی کەس و کاری پێشـمەرگەی کوردسـتان لە ژن و پیر و منداڵ و ڕەوانەکردنیان بـۆ پارێزگاکانـی خـوارووی عێـراق، تەنانـەت باسـی بـاری خراپـی خەڵکـی کوردسـتانی باکوور و ڕۆژئاواشـی کردووە کە ناسـنامەیان نییە ناتوانن بە زمانـی زگماکـی دایکـی خۆیـان قسـە بکـەن، هەمـووی بـە زمانـی (فلامانـی- هۆڵەنـدی) نووسـیوە کـە خەڵکـی بەلجیـکاش تێیـدەگات و فلیمەکانیشـی لـە سینەماو  تەلەفزیۆنەکانی هۆڵەندی نمایشـی کراون خەڵکێکی زۆر بینیویانە، بەمـەش هونەرمەند ئیبراهیـم سـەلمان گەلانی ئەوروپای ئاشـنا کـردووە بـەو زوڵمـەی کـە لـە گەلـی کـورد کـراوە و دەکرێت.

ناوبـراو کۆمەڵێـک بەرهەمـی پوختـی لـە کتێـب و شـانۆگەری و فلیمـی سـینەمایی بەرهـەم هێنـاوە بـە زمانـی هۆڵەنـدی و کـوردی و کەمێکیشـی بـە عەرەبـی نووسـیوە کـە ئەمانـەن:

## کتێبە چاپکراوەکان:

-(کومر- المنجم)کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا ساڵی ١٩٧٩.

- شانۆگەری(المهرج) داستانی مەم و زینی گۆڕیوە، ساڵی ١٩٧٩ بەغدا.

- ١٩٨٧ شانۆگەری مەم و زین بە زمانی هۆلەندی لە چاپداوە.

- کۆمەڵە شیعرێک بە ناونیشانی( سەما لەسەر تەنێکی بەستوو، بە زمانی هۆڵەندی، ساڵی ١٩٨٨.

- ڕۆمانی دەریا بووە دوو لەت(انشق البحر نصفين)، بە زمانی هۆڵەندی.

- ڕۆمانی (بیرم لە گوێز هیندی کردەوە- فکرت فی جوز الهند)، بە زمانی هۆڵەندی.




ڕێزلێنانی ناوبراو لەسەریان نووسراوە








- ڕۆمانی ڕۆحە ناسکەکان( الارواح الناسكة)، بە زمانی هۆڵەندی.
ڕۆمانی دوایین خۆشەویستی( الحب الاخير)، بە زمانی هۆڵەندی.
- کۆمەڵیک کورتە نووسین و پارچە شیعر بە ناوی(گەڕان بە دوای دڵێکی ئازا- البحث عن قلب شجاع).
- کۆمەڵە شیعرێک بە ناوی (مردنی ئازادی- موت الحرية)، بە زمانی هۆڵەندی.
شانۆگەرییەکان:
- شانۆگەریی (ترس - الخوف)ی چیخۆف، ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی نمایش کراوە، خۆی وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر بووە.
-نووسین دەرهێنانی شانۆگەریی (ژیان لەنێو دوو بەهەشت) لە تەلەفزیۆنی هۆڵەندی پەخشکراوە.
- شانۆگەریی (ئەفسەری هەتا هەتاییێ- الضابط إلى الابد)، وەکو نووسەرو ئەکتەرو دەرهێنەر، ساڵی ١٩٨٨.
-٢٠٠٥، نووسین و دەرهێنانی تەمسیلییەی (امون دراما- انا و صدام).
-چ دیماهییەک دانێ بۆ ڤی شانۆگەرییێ ؟ کوردی ساڵی ١٩٧٨.
فلیمیە سینەماییەکان:
- فلیمێکی درامای کورت(٣٨) خوولەکە بە ناونیشانی(سێ ڕەنگێت مرۆڤەکێ چیایی کو دڤێت ببیتە سەی دەریایی)، نووسین و تەمسیل و دەرهێنانی هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان.
- فلیمی تەلەفزیۆنی (فكر بحدل لهذا البلاء)، نووسین و نواندن و دەرهێنانی هونەرمەند خۆی، ساڵی ١٩٧٨.
- فلیمێکی درامای درێژ بە ناوی(کاروانەکێ بێدەنگ)، کە (٨٨)خوولەکە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند خۆی، ساڵی ١٩٩٣.
فلیمێکی درامای درێژ بە ناوی (اومیت)، لە نووسین و نواندن و دەرهێنانی هونەرمەند خۆی ، ساڵی ٢٠٠٩.
- کورتە فلیمی (نامەیەک بۆ بابۆ)، فلیمێکی بەڵگەنامەیی- وثائقي)ی درێژە، لە ساڵی ٢٠٢٠ هێنایەتییە بەرهەم، بەشداری لە زیاتر لە (٢٠) فیستیڤاڵی

سینەمایی جیهانی کردووە و تا ئێستا (٦) خەڵاتی وەرگرتووە، ئێستاش هەر بەردەوامە لە بەشداربوون لە فیستیڤالە نێودەوڵەتییەکان.

- زیاتر لە (٢٠٠) کورتە فلیمی بەڵگەنامەیی(وثائقي) بۆ سوپای هۆڵەندی بەرهەم هێناوە، لە نێوان سالانی ١٩٩٥-٢٠١٨.

هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان لە فلیمی( کاروانەکێ بێدەنگ)، کە باس لە گوندێکی کوردستان دەکات، ئێش و ئازاری خەڵکەکەی باس دەکات کە چۆن ڕژێمی صدام زوڵم و زۆریان لێ دەکات، خەڵکەکەش بۆ بەرگری کردن لە خۆیان ناچار دەبن چەک هەڵبگرن و ببنە پێشمەرگە، لە ڕووەکەی دیکەی خۆشەویستی خۆی بۆ خاکی کوردستان پیشان دەدات، ئەم فلیمە (٨٨) خوولەکەو بە زمانی کوردییە، لە لایەن هونەرمەند بڕیار بوڕهان بڵاوکراوەتەوە و دیزایینەکەی کورد سینەما کردوویەتی، (٥٥) جار کاندید کراوە بۆ خەڵات وەرگرتن.

لە فلیمی ( نامەیەک بۆ بابۆ- رسالة الی ابي)، ناوبراو کە تەمەنی (٨) سالان بووە خوالێخۆشبووی باوکی پێی وتووە( لەسەرتە ئێش و ئازاری میللەتی کورد بگەیەنیتە گەلانی جیهان) هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان دەڵێت: ٥٠ ساڵە ئەو ئامۆژگارییەی باوکم لە بیر و مێشکم دەرنەچووە، بەرەنگاریی ( مستحیل) بوویمە تا خۆم پێگەیاندووە و هەموو بەرهەمەکانیشم بۆ خزمەتی کورد بەرهەمهێناوە)، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٩ دەچێتەوە کوردستان و گوندە بچکۆلەکەی خۆیان، تەماشا دەکات نە قەبری باوکی و نە هی باپیریشی ماوە، ئەو بە خەیاڵی خۆی ڕۆحی باوکی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەگێڕێت و پێی دەڵێت: بابۆ تەماشا بکە ئێستا کوردستان ئازادە و عەسکەری حکومەت ناتوانی زوڵم و زۆرداری بکەن، کوردستان نزیکە سەربەخۆ دەبێت، لە دواییدا لەگەڵ ڕۆحی باوکی قسە دەکات و دەڵێت: زۆر ئازار و ئەشکەنجەو سەرماو گەرمام دیت هەرگیز یەک خوولەکیش نەوەستام، ئەوەی توانیم کردم لەسەر ئامۆژگاری و نەسیحەتی تۆ، قسووریم نەکرد، جا ئێستا ئەگەر وەڵامم بدەیتەوە، ڕازیت؟ ئیبراهیم سەلمانی هونەرمەند چاوەڕوانی وەڵامی باوکییەتی لە ئاسمانەوە.

هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان بە بەردەوامی لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی

هۆڵەندا چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت و خۆشی ناوە بە ناوە بەرنامەیەک یان وتارێک بڵاودەکاتەوە لەسەر ئاستی ولاتی هۆڵەندا زۆر ناسراوە، نموونەی نووسەر و مرۆڤێکی کوردی نیشتمانپەروەرە.

هونەرمەند ئیبراهیم سەلمان چەند جارێک خەلات و ڕێزلێنانی لە هۆڵەندا و ولاتی سوید و چەند ڕێکخراوی دیکە پێبەخشراوە.

ئێستا وەکو نووسەرو ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ کار دەکات و بەردەوامە لە نووسین و دەرهێنانی فلیمەکانی خۆی.

بۆ هاوڕێی دێرینم، هاوڕێی پەنجا ساڵەم هونەرمەند دکتۆر ئیبراهیم سەلمان هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ ناساندنی گەلی کوردمان بە گەلانی جیهان وخزمەتی هونەر و شانۆ و سینەمای کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- ڕوداو Tv وتارێکی نووسەر هیوا سەلاح لە ٢٧-٤-٢٠٢١.

٢- کورد سینەما.

٣-- KRo کەناڵێکی هۆڵەندییە.

٤- ژیاننامەی ناوبراو لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# ناسر حەسەن

خاوەنی زنجیرە درامای(لاس و خەزال)و (مەمی ئالان)، پەنجا ساڵ خزمەتی هونەری کوردی کردووە.

هونەرمەند ناسر حەسەن لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری خانەقین لە باوکێکی کورد و دایکێکی عەرەب لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و هونەردۆست لە دایک بووە، قۆناغی خوێندنی لە خانەقین تەواو کردووە و چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا، ئەو کات هەر ئەو پەیمانگایەش هەبوو لە هەموو عێراق، هێشتا هەر قوتابیی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووە بەشداریی لە زۆر لە کارە هونەرییەکان کردووە، لەوانە فلیمی عێراقی(طریق الظلام) ساڵی ١٩٦٧ و شانۆگەریی (الطنطل) ساڵی ١٩٦٨.

لە ساڵی ١٩٧٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو دەکات و لە ڕادیۆی کوردی بەغدا وەکو دەرهێنەر(مخرج) دەست بە کار دەبێت، بەیانییەکان لە ڕادیۆی کوردی و ئێوارەکان لە ستۆدیۆیەکانی تەلەفزیۆنی بەغدا کاری کردووە، دوو ساڵ یاریدەدەری دەرهێنەر(مخرج) بووە، دەیان فلیمی دیوکۆمینتاری و گۆرانیی عەرەبی و کوردی و سریانی و تورکمانی بە وێنە و دەنگ لە ناوەو دەرەوەی ستۆدیۆ تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٨٠ یەکەم فلیمی سینەمایی درێژی بۆ تەلەفزیۆن دەرهێناوە، جگە لە کورتە




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم، هونەرمەند ناسر حەسەن**

فلیم و درامای کورت، هەروەها بەرنامەی (عالم الفن- جیهانی هونەر) ی لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکان کە میدیاکار هاشم عەلی مەندی بەجێیهێشت، هونەرمەند ناسر حەسەن ئامادەی دەکرد، ماوەیەک نووسەر و شاعیر نازم دڵبەند پێشکەشی دەکرد، دواتر هاوڕێی دێرینم بێژەر بەهائەدین جەلال پێشکەشی دەکردو لە تەلەفزیۆنی کەرکوکیش پەخش دەکرا.پاش هاتنەوەی بۆ کوردستان بەشداری کردووە لە دامەزراندنی یەکەم کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی لەسەر خاکی عێراق، ئەویش کەناڵی ئاسمانیی کوردستان(فضائية كردستان) بوو، هەروەها بەشداری کردووە لە نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ڕاگەیانی عێراقی(شبكة الإعلام العراقي)، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری سینەما



**پۆلێك ئەكتەر لە زنجیرە درامای مەمی ئالان**




ئەکتەر نەزار سەلامی
لە زنجیرە درامای مەمی ئالان

لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ خانەنشین بووە، ئێستا کاری دەرهێنانی هونەری دەکات و سەرپەرشتیی رێکخراوێکی هونەری نا حکومی دەکات بە ناوی(اربیل فلم هاوس(Arbil film huis)..

هونەرمەند ناسر حەسەن لە ساڵی ١٩٦٨ بەشدار بووە لە دامەزراندنی تیپی یەکێتیی هونەرمەندانی عیراقی و تیپی شانۆگەریی (رافدین) بۆ نواندن لە بەغدا ساڵی ١٩٦٩، لە ساڵی ١٩٧٠ بەشداری کردووە لە دامەزراندنی تیپی هونەر و وێژەی کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٨٨ دامەزراندنی کۆمپانیای(ڕۆژ- الشمس) بۆ دەرهێنانی فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی، لە کارە دیارەکانی دەرهێنانی زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی(ژاڵە، لاس و خەزال، مەمی ئالان)، الدفلة، الکاتب الظریف، ضیف بلا موعد، فلیمی کرکوک ٤ ، فلیمی ئەڵوەن - وثائقي - بەڵگەنامەیی، ژیان وەکو ئەکتەر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەیدەر عەبدولرەحمان، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، هونەرمەند ناسر حەسەن



هونەرمەند ناسر حەسەن لە کاتی کارکردندا

بەشداری کردووە، سیمای خۆڵەمێش وەکو ئەکتەر ساڵی ١٩٧٩..هتد)، لە تەک کۆمەڵێک فلیمی دوکۆمێنتاری.

ناوبراو بە بەرهەمەکانی خۆی و هەندێ بەرهەمی دیکەی کوردی بەشدارییان لە فیستیڤالی فلیمی عێراقی و عەرەبی و نێو دەوڵەتی کردووە لەوانە (فیستیڤاڵی کانی سینەمایی و میهرەجانی بەرلین و لەندەن و بۆسان لە کۆریا وقاهیرە و ئەسکەندریە و دوبەی و ئەبوزەبی) جارو بار خەلاتی دووەم یان سێیەمیان وەرگرتووە.



ئەکتەر خاتوو شلێر کۆیی، ئەکتەر خاتوو ڕوپاك عەبدولقادر لە زنجیرە درامای لاس و خەزال،

ناوبراو لەوەتەی گەڕاوەتەوە کوردستان بە بەردەوامی ڕێنمایی و ئامۆژگاری ئەکتەر و دەرهێنەرە گەنجەکان و قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستان کردووە و دەکات. هونەرمەند ناسر حەسەن گازاندەی زۆری هەیە لە ڕەوشی هونەری



**هونەرمەند سابیر عەبدولرەحمان، ئەکتەر تەها ئاغاجان لە زنجیرە درامای لاس و خەزال**

کوردی ئەو دەڵێت: (کادیری باشمان هەیە لە بواری نواندن و دەرهێنان، بەڵام نەبوونی ژێرخانی هونەری لە بینایەو هۆڵی تایبەت بۆ ڕاهێنان و پێداویستییەکانی دیکە، هەروەها نەبوونی کۆمپانیای بەرهەمهێنان و تەرخان نەکردنی پارەی پێویست و زۆر کەم و کوڕیی دیکە).

بۆ هونەرمەند ناسر حەسەن هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.


سەرچاوەکان: بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ڕۆژنامەی (التأخي) وتارێکی نووسەر تارا محەمەد لە ٢٢-٥-٢٠١٢.

٢- (قناة الحرة)ی عەرەبی دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند ناسر حەسەن لە ٥-٦-٢٠٢١.

٣- زاگرۆس TVبەرنامەی (رؤیا) ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار کەریم عەبدوڵڵا محەمەد.

٤- الحركة الديمقراطية الاشورية لە ٢٨-٦-٢٠٢٠.

٥- زانیاري و نووسین و داڕشتنی خۆم .




# جەلیل زەنگەنە

ئەکتەر و دەرهێنەر و سیناریستی گەورەی کورد هونەرمەند جەلیل زەنگەنە

ناوی تەواوی(جەلیل سەعید زەنگەنە)یە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی شاترلوی پارێزگای کەرکوک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە.

هونەرمەند جەلیل زەنگەنە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تێکەڵی کاری هونەری بووە، سەرەتا وەکو ئەکتەر دواتر وەکو دەرهێنەر و سیناریست، زیاتر لە پەنجا ساڵە بەردەوامە لە بەرهەمهێنان و نووسین و شانۆ و فلیم و زنجیرە درامای کوردی، لەم بوارەدا کۆمەڵێک بەرهەمی بە تام و چێژ و پڕ مانا و مەبەستی پێشکەش بە بینەر و تەماشاکەرانی تەلەفزیۆنی کوردی کردووە، لەوانە:(کچە لاڵەکە، تەمسیلییەی مەرەزە، بەهاری دزراو، برسێیتی، خێزانێکی شڵەژاو، کاوەی ئاسنگەر، شیرین و فەرهاد، هاوارێکی تاساو، فلیمی خولە پیزە، زنجیرە درامای گەردەلوول... هتد).

لە بەرهەمە دیارەکانی هونەرمەند جەلیل زەنگەنە زنجیرە درامای



گەردەلوول کە پێنج بەشە، تا ئێستا سێ بەشی لێ بەرهەم هێناوە، بەشی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٦ و بەشی دووەم لە ساڵی ١٩٨٢ و سێیەم لە ساڵی ١٩٨٧، سەبارەت بە بەشی چوارەم و پێنجەمیش دەرهێنەر جەلیل زەنگەنە دەڵێت: (ناتوانێت کار لە بەشی چوارەمی درامای گەردەلوول بکات، چونکە جگە لەوەی نەخۆشە وەکو جارانیش بەرگەی سەرما و چوونە شاخ ناگرێت و بۆ کاتێکی نادیار دوای خستووە).

زەنگەنە کە سێ بەشی لە گەردەلوول بەرهەمهێناوە و لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا دەڵێت گەردەلوول بەردەوامە، هەروەها باسی نوێترین کاری خۆی دەکات و دەڵێت: «ئێستا خەریکی نووسینی سیناریۆی درامایەکی ٢٥ ئەڵقەییم و بە ناوی (ساتێک بۆ خۆشەویستی) ڕەنگە لە چەند مانگی داهاتوودا دەست بە وێنەگرتنی بکەین». گوتیشی «دراماکە باس لە خۆشەویستی دەکات و ٥٠ ئەکتەر بەشداریی تێدا دەکەن کە زۆربەیان قوتابی کۆلیژی هونەرە جوانەکانن»، بەڵام ئەوەشی بۆ نەکرا، چونکە هیچ لایەنێک پشتگیری نەکردو یارمەییان نەدا.

سەبارەت بە بەشی چوارەمی گەردەلوولیش گوتی: (بە داخەوە بە باشی

ناتوانم کارەکانی درامای گەردەلول تەواو بکەم، چونکە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت و تاقەتی شاخ و سەرمام نەماوە، ناشبێت بە کەموکوڕییەوە کارەکانی ئەم درامایە بکەم، چونکە درامایەکی مێژووییە، بەڵام بۆ کاتێکی نادیار دوامخستووە.

هونەرمەند جەلیل زەنگەنە زۆر بە گلوگازاندەیە و دەڵێت؛ سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیرییە، سەیر دەکەین ڕۆشنبیرەکان ڕوو لە شوینی دیکە دەکەن یان بۆ دەرەوەی وڵات دەڕۆن یان لە چاوەڕوانیدا دەمرن و سەردەنێنەوە).

لە ٩-١١-٢٠١٣ هونەرمەند جەلیل زەنگەنە لە شاری یوتۆبۆری لە وڵاتی سوید کۆڕێکی هونەری بۆ ڕەوەندی کورد سازداوە.






چەند دیمەنێك لە زنجیرە درامای گەردەلوول



هونەرمەند جەلیل زەنگەنە لە کاتی کارکردن

لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێر بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە هونەرمەندان و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ناوەندی فلیمسازی لە هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ڕێزی لە هونەرمەند جەلیل زەنگەنە ناوە و خەڵاتی زێرینی پێ بەخشیووە.

بۆ هونەرمەند و جەلیل زەنگەنە هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- سایتی هەولێر وتارێکی نووسەر محەمەد سەعید کوردە لە ٢٣-٦-٢٠١٩.

٢- ماڵپەڕی قادر زادە.

٣- لاپەڕەی فەیسبووکی ژیان زەنگەنە.

٤- Rudaw Tوتارێکی نووسەر دەرباز یونس لە ١٦-١-٢٠١٥.

٥- زانیاری و نووسینی خۆم.




# ليوا فارۆق ئیبراهیم شەریف

نووسەر و مێژوونووس و یاسازان لیوای خانەنشین فارۆق ئیبراهیم شەریف

ناوی تەواوی(فارۆق ئیبراهیم شەریف نەقشبەندی)یە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گەڕەکی سەرای ناو قەڵاتی شاری هەولێری دێرین و ڕەنگین لە دایک بووە.

فارۆق ئیبراهیم خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە(کۆلێژی سەربازی-کلیة العسكرية) وەردەگیرێت، دواتر گواستراوەتەوە کۆلێژی پۆلیسی-




کلیة الشرطة) لە بەغدا، پاش تەواو کردنی بۆ یەکەمین جار لە هێزەکانی پۆلیسی(سنوور-حدود) دەست بەکار بووە، بەردەوام بووە لە خزمەتی خۆی لە تیپ و لیوا جۆراوجۆرەکانی سوپا و پۆلیسی عێراقی، لەبەر کورد بوونی و هەڵوێستە کوردایەتی و کوردپەروەرایەتییەکەی خراوەتە ژێر فشاری دەسەڵاتدارانی ئەو کات، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨ خۆی دەگەیەنێتە هێزەکانی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فارووق ئیبراهیم شەریف، ڕەوانشاد پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، بەو هۆیەشەوە لە سوپای عێراقی(فصل) دوور دەخرێتەوە و حوکمی لە سێدارەدانی بە(غیابی- ئامادەنەبوون)ی بۆ دەردەچێت.

هەر لەگەڵ هاتنەوەی بۆ ناو هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە خزمەتی خۆی ئەم کارانەی پێ سپێردراوە:




- (مفتش- سەرپەرشتیار)ی هێزەکانی ناوخۆ لە کوردستان.
- بەڕێوەبەری کاری هونەری بووە لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی(مرور- هاتوچۆ)ی هەولێر، دواتر بووەتە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی گشتی هەرێم بە پلەی لیوا.
- ئەندامی(عضو أقدم- کاراو پێشکەوتوو)بووە




لـه(دادگای هەمیشـەیی هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ- المحکمـة الدائمیـة لقوی الامـن الداخلي)ی هەرێمـی کوردسـتان.

- زیاتر لـە(١٥) سـاڵ وەکو مامۆسـتا لـە کۆلێژی پۆلیسـی هەولێر دەسـت بـەکار بووە.
- لـە سـاڵی ٢٠١٠ سـەرۆکی وەفـدی وەزارەتـی ناوخـۆی عێراقـی فیـدراڵ وە نوێنـەری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بووە کـە سـەردانی فەڕەنسـایان کـردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣ کۆلێژی یاسای تەواو کردووە.
- ناوبراو لە خانەوادەیەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە، ئەو برای ڕەوانشاد نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـی ناسـراوی شـاری هەولێر(تاریـق ئیبراهیـم شـەریف)ە، کـە لـە کۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو یەکێک بوو



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فارۆق ئیبراهیم شەریف، ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر، ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق ئیبراهیم شەریف**



**له لای ڕاستەوە: نووسەر فارۆق ئیبراهیم شەریف، نووسەر و مێژوونووس و ڕووناکبیری عێراقی وعەرەبی حەسەن عەلەوی**

لە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرە دیارەکانی ئەو کات، لە بەرگی یەکەمی کتێبی( خۆم و ئەستێرە گەشەکانم) بەسەرمان کردووەتەوە،

لیوا فارۆق خولیا و سەلیقە و بەهرەی نووسینی زۆرە لە بواری پسپۆڕی خۆی کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە و بابەتی هەمەجۆری لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بە زمانی عەرەبی وکوردی بڵاوکردووەتەوە لەوانە (گۆڤاری زاگرۆس، الثقافة القانونیة، گوڵان العربی، پێشکەوتن، ڕۆژنامەی الشرق الاوسط-ی لەندەنی) جگە لەمەش چەند بەرهەمێکی بە سوودی لە بواری پسپۆڕی خۆی نووسیوە کە باسی مێژووی دروستبوون و پەرەپێدان و پیاوە ناودار و کاریگەرییەکانی کورد لە ناو پۆلیس و سوپای عێراقی کردووە و بە چاپی گەیاندوون بە زمانی عەرەبی، کە ئەمانەن:




- کتێبی(شرطة اربیل- تأسیسها- تطورها-



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر ڕەوانشاد کەریم شارەزا، نووسەر فاڕوق ئیبراهیم شەریف**

رجالها- من ١٩٢١-١٩٩١)، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم کە چەند جارێک چاپکراوەتەوە، زانا و مێژوونووسی گەورەی کورد ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە، ساڵی ٢٠٠٩ لە چاپدراوە.

- کتێبی(الضباط الکرد فی الجیش العراقی منذ تأسیسه عام ١٩٢١) بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم، ئەوەشیان چەند جارێک لە چاپ دراوەتەوە و (تنقیح)کراوەتەوە، دیسان ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە، ساڵی ٢٠١٤.




- کتێبی(محطات حیاتي فی صور) ساڵی ٢٠٢٠.

ئەم بەرهەمانەی نووسەر فاڕوق ئیبراهیم شەریف، هەوێنێکی پوخت و چڕو پڕن بۆ قوتابیانی کۆلێژەکانی پۆلیس و سەربازی لە هەرێمی کوردستان، بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینی

نامەی ماستەر و دکتۆرا، نووسەر فارۆق ئیبراهیم شەریف بەشی زۆری نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و زمانی کوردی(دایک) و زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێت.

لە ساڵی ٢٠١٤- ەوە خانەنشینە، ئێستا وەکو(پارێزەری ڕاوێژکار- المحامي المستشار) دەست بەکارە و جاروباریش بە نووسینێک یان وتارێک لە بواری پسپۆریی خۆی خوێنەران بەسەر دەکاتەوە.

فارۆق ئیبراهیم شەریف خێزاندارە و کوڕێکی بە ناوی(ئەحمەد) هەیە، خوا تەمەنی درێژ بکات.

بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و یاسازان فارۆق ئیبراهیم شەریف هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەت.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی نووسەر فارۆق ئیبراهیم شەریف لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# شەفیقی حاجی خدر

وەرگێڕو نووسەرو یاسازان شەفیقی حاجی خدر

هونەری وەرگێڕان بۆ گواستنەوەی یان گوێزەرەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری و مێژوو و کەلتووری و شارستانیتیی گەلانی جیا جیایە، بۆ ئەوەی بە یەکتر ئاشنا ببن، ئەگەر نا هەموو نووسین و ئەدەب و شارستانێتیی گەلان لە گۆشەیەکی بەرتەسک گۆشەگیر دەبێت.

مامۆستا شەفیقی حاجی خدر لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی(گرتک)ی دۆڵی ڕۆستێی سەر بە ناوچەی باڵەکایەتی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٨ بەشی یاسای لە کۆلێژی(القانون و السياسة - یاسا و ڕامیاری)ی زانکۆ بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩٧ تا ئێستاش لە نێوان ئینگلتەڕا و هۆڵەندا ژیاوە و دەژیت، لە ساڵی ١٩٨٦ەوە، هەوڵی نووسینی داوە تا وەکو ئێستا زیاتر لە(٢٠) کتێبی لە زمانەکانی ئینگلیزی و هۆڵەندی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە بوارەکانی سیاسی و مێژوویی و یاداشت و یادەوەری و هەواڵگری و هەندێ ڕۆمانیش، هەر هەمووی لە چاپی داون و



بڵاوی کردوونەتەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی سیاسی و یاسایی.

ئەو بە هەوڵی تاکە کەسی ژمارەیەکی بەرچاو کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە:

١- نهێنییەکانی مۆساد- نووسینی گۆردۆن تۆماس لە زمانی هۆڵەندییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و سێ جار چاپ کراوەتەوە لە ساڵەکانی ٢٠٠٨، ٢٠١٤، ٢٠١٦.

٢- مادلین ئۆلبرایت- سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- لە هۆڵەندییەوە بۆ سەر زمانی کوردی ساڵی ٢٠٠٩.


٣- داود بن گۆریۆن- دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل- نووسینی ڕۆبەرت سەنت بۆهن وەرگێڕانی لە زمانی هۆڵەندییەوە ساڵی ٢٠١١.


٤- کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا- نووسینی هیسەر لێهر وانگەر- مێژوو - وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە ساڵی ٢٠١٣.

٥- وەرزێکی سپی و وشک و برینگ- ئەندرێی برینک- ڕۆمان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی ساڵی ٢٠١٣.


٦- ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرا، گۆلدا مایەر یاداشت، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ساڵی ٢٠١٤.






٧- ئینفیرنۆ- دۆزەخ- نووسینی دان براون- لە هۆڵەندییەوە ساڵی ٢٠١٣.

٨- شەڕەف- نووسینی ئەلیف شەفەق- ڕۆمان لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی ساڵی ٢٠١٥.

٩- یاخیبوون- مناحیم بیگن- یادەوەری لە ئینگلیزییەوە ساڵی ٢٠١٦.

١٠-خانووەکەی مزگەوتێ- ڕۆمان- لە نووسینی ڕۆماننووسی هۆڵەندی بە ڕەچەڵەک ئێرانی قادر عەبدوڵڵا، لە هۆڵەندییەوە بۆ کوردی ساڵی ٢٠١٦.

١١- کۆدەکەی داڤنشی - ڕۆمان نووسینی دان براون، لە ئینگلیزییەوە ساڵی ٢٠١٦.

١٢- خەتی بزماری- ڕۆمان، نووسینی ڕۆماننووس قادر عەبدوڵڵا لە هۆڵەندییەوە ساڵی ٢٠١٧.

١٣- کردە هەرە گرنگەکانی مۆساد- میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال لە ئینگلیزییەوە ساڵی ٢٠١٨.

١٤- لە مەککە - ڕۆمان لە نووسینی ڕۆماننووس قادر عەبدوڵڵا ساڵی ٢٠١٨.

١٥- ئەرێ کورد بۆتە بەردەباز ؟ نووسینی ڕۆبەرت بریان گیبسن- مێژوو لە زمانی ئینگلیزییەوە ساڵی ٢٠١٨.

١٦- زۆربای ئێرانی.







١٧- هێڵێک بە نێو لمدا.. .

١٨- ئەنفال وەک جینۆساید... و چەند سەرنجێک- توێژینەوەی سیاسی و یاسایی.

١٩- تراژیدیای کوردەکان، نووسینی هنری کیسنجەر لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی.

٢٠- مناحیم بیگن، شەڕە سپییەکان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە ساڵی ٢٠١٩.

مامۆستا شەفیقی حاجی خدر وەرگێڕێکی زۆر بە توانایە، بە هەوڵی تاکە کەسی ئەو هەموو وەرگێڕانەی کردووە، هەمووشی هەر لەسەر ئەرکی خۆی لە چاپداوە، زۆر لە شاکارەکانی ڕۆماننووسی هۆڵەندی بە ڕەچەڵەک ئێرانی قادرعەبدوڵڵای وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، مایەی دەستخۆشی لێکردن و ڕێزلێنانە.

لە ڕۆژی ١٠-٢-٢٠٢١ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی گشتی لە ڕاپەڕین، کتێبی ژیانی من- ژنێک سەرکردایەتی نەتەوەیەک دەکات لە نووسینی گۆلدا مایەر و وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو لە ئەدیب و ڕۆشنبیران نمایش کراوە.

بۆ مامۆستای وەرگێڕ و یاسازان شەفیقی حاجی خدر، ئێمەی گەلی کورد شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووسی باشمان هەیە، بەشی زۆری بەرهەمەکانیان لە ئاستێکی باشدان، خۆ ئەگەر بکرێت دوو سێ شاکاری

کوردیش بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی وەربگێڕیت، بەمەش گەلانی ئەم دوو وڵاتە ئاشنا دەکەیت بە ئەدەب و کەلتووری کوردی.

بۆ مامۆستای نووسەرو وەرگێڕ و یاسازان شەفیقی حاجی خدر هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ١٠-٢-٢٠٢١.

٢- ماڵپەڕی زەمەن، لە ٥-٨-٢٠١٩.

٣- کوردیپیدیا.

٤- ئینسۆکلۆپیدیای ئازاد.

٥- VOA بەرنامەی ژیان لە فەرهەنگدا، میدیاکار بەڵێن ساڵح لە ١٨-٧-٢٠٢١.

٦- ماڵپەڕی دەنگەکان دیمانەیەک لەگەڵ نووسەرو وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر لە ٢٧-٨-٢٠١٨.

٧- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# فەرەیدەن عەلی ئەمین

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و پێشمەرگەی کوردستان فەرەیدەن عەلی ئەمین

ناوی تەواوی (فەرەیدون مەلا عەلی حاجی ئەمینی ئەلیاس قۆجە) یە، ئەلیاس قۆجەی باپیری سەرلەشکری بابانییەکان بووە، هەر لەگەڵ ئەوان لە قەڵاچوالانەوە هاتوونە شاری سلێمانیان دروست کردووەو پاراستوویانە، شاعیری بە ناوبانگی کورد فایەق بێکەس و شێرکۆ بێکەسیش هەر لەو بنەماڵەیەنە.

فەرەیدەن عەلی ئەمین لە ڕۆژی ١٩٣٣/٤/٢٩ لە گەڕەکی (مەڵکەندی) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەڵکەندی و ناوەندی لە ئامادەیی سەڵاحەدین تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٣ قوتابخانەی (دار المعلمين- خانەی مامۆستایان)ی لە بەغدا تەواو کردووە، بووتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکانی شارباژێڕ و سلێمانی و چوارتا، لە ساڵی ١٩٦٢ بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و ماوەیەک لە (ماوەت) بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەغدا لە وەزارەتی کاروباری باکوور بە (باحث علمي- توێژەری زانستی) دامەزراوە، پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردەی



له لای ڕاستەوە: فەرەیدون عەلی ئەمین، ئاسۆ فەرەیدون، ئالان فەرەیدون، هاوسەرەکەی خاتوو ناهیدە جەمال تاڵەبانی

عێراق بووەتە بەڕێوەبەری (شعبة- هۆبە) ی فێرکردن، هەر لە هەمانساڵدا بڕوانامەی (بەکالوریۆس) ی لە بەشی سەرپەرشتکاریی پەروەردە لە زانکۆی (مستنصرية) وەرگرتووە، ساڵی ١٩٨٢ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشین بووە، ساڵی ١٩٨٥ بووەتەوە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی وەکو (وانەبێژ- محاضر) لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا تا ١٩٨٩.

مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ خاتوو (ناهیدە جەمال تاڵەبانی) کە خوشکی دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانییە هاوسەرگیری کردووە، دوو کوڕیان هەیە بە ناوەکانی ئاسۆ کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە دایک بووە و ئالان کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە دایک بووە و هەردووکیان دکتۆرن.

لە سەرەتای پەنجاکان کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی لە عێراق بە سەرۆکایەتیی بیرمەندی عەرەبی (ساطع الحصري) سەری هەڵدا، وەکو بەرپێچدانەوەیەک بۆ ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە ڕەگەزپەرستییەی عەرەبە عێراقییەکان، فەرەیدون عەلی ئەمین و هاوبیرەکانی کە دوو کۆمەڵ بوون، یەکێکیان کۆمەڵەی دوکتۆر جەمال نەبەز ئەوی دیکەیان بە سەرپەرشتیی ئەحمەد هەردی بوو، بەیەکەوە لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی دیکە، لەوانە (کامل ژیر، ئیحسان فوئاد، فایەق عارف، عەبدوڵڵا جەوهەر) لە ساڵی ١٩٥٩کۆمەڵەی(ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد) یان دامەزراند کە بە (کاژیک) ناسرا بوو، ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی سۆشیالیزمی بوو باوەڕی بەوە نەبوو کە شۆڕشی کوردستان لە کوردستانی باشوور سەرکەوێ،

ئەگەر نەوەکان بە بیرو فیکری نەتەوایەتی هوشیار و پەروەردە نەکرێن، نەتەوایەتییەک بۆ خۆشەویستیی گەل و نیشتمان، نەک بۆ ڕکابەرایەتیی نەتەوەکانی دیکە، بەڵام فەرەیدون عەلی ئەمین لە ساڵی ١٩٧٢ وازی لەم بزووتنەوەیە هێنا.

ناوبراو ئەندامی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی نووسەران و ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کورد بوو، بەشداری لە کۆنگرەی ڕاپەرینی یەکێتیی نووسەرانی کورد ساڵی ١٩٩١ لە شەقلاوە کردووە بە وتاریک هەست و ڕازی خۆی دەربڕیوە.

یەکەم دەسپێکی نووسینی ئەدەبیی ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی (ژین) ی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی لە زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاکردووەتەوە، لەوانە (ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری نووسەری کورد، ڕۆشنبیری نوێ، بەیان، ڕەنگین) ، هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی چاپ و بڵاکردووەتەوە گرنگترینیان (پاڵەوانی دوا ڕۆژ- ئەدەبی منداڵان ساڵی ١٩٥٨ بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا عومەر عەبدولرەحیم، پیاوە بچکۆلەکە- چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان ساڵی ١٩٧٣، کارژۆلە- چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان ساڵی ١٩٧٢، پاکژی- چیرۆکیکی وەرگێردراوە بۆ منداڵان ساڵی ١٩٧٤، سێو- چیرۆکێکی وەرگێردراوە بۆ منداڵان ساڵی ١٩٧٤، گەنمە شامی- چیرۆک بۆ منداڵان ساڵی ١٩٧٤، جووجەڵەو بێچووە مراوی- چیرۆکێکی وەرگێردراوە بۆ منداڵان ساڵی ١٩٧٤، چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی نەمر- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ساڵی ١٩٧١،



**لە چەپەوە: ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین، ئالان فەرەیدون عەلی ئەمین (هەردووکیان بە منداڵی)**

پیرێکی ڕیش درێژ بوو- چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان، هەڵبەستەکان لە زمانی ئینگلیزییەوە کراونەتە کوردی ساڵی ١٩٨٥، پەخشان لە ئەدەبی کوردی بە (ڕۆنیۆ) لە چاپی داوە ساڵی ١٩٨٧، کۆمەڵێک هۆنراوە و چیرۆکی شانۆگەری کە هێشتا چاپ نەکراون، ناوبراو ئەندام بووە لە دانان و وەرگێڕانی (٧) کتێب بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکای کوردستان دەخوێنرێن).

سەبارەت بە مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین نووسەر و شاعیر بەدرخان سندی دەڵێت: پیرۆزترین کار کە لە لای مامۆستا فەرەیدەن بینیبم ڕۆشنبیرکردن و وشیارکردنەوە بوو، بەوەی کە گەلەکەمان پێویستی زۆری پێیەو، نەزانینیش چەپەڵترین دوژمنی گەلە.

مامۆستا نوری عەلی ئەمین کە هاوڕێی نزیکی فەرەیدون عەلی ئەمین بوو، دەڵێت: لە یادمە هەموو جارێ کە دادەنیشتین دەیگوت: گەلەکەمان هەر بە خوێندەواری ڕزگار دەبێت و ڕێی ڕاست و سەرکەوتن بە دی دەکات، تامی بەختیاری و سەرفرازی دەچێژێت، بۆیە هەمیشە دەیگوت:

ئاخ ! خوێندەواری داخ خوێندەواری !

بۆ کورد دەبیتە مایەی بەختیاری



مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین بەشی زۆری هۆنراوەو چیرۆکەکانی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، چونکە منداڵان بە لای ئەو پێوەری سامان و سەرمایەی نەتەوەیە، ئەو نەتەوە دەوڵەمەندە کە منداڵەکانی بە جوانی پەروەردە کراوە.

ناوەڕۆک و شێوازی هۆنراوە و چیرۆکەکانی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین بە زمانێکی کوردیی ڕەوان و پاراو نووسراون، زمانەکەی لە ئاستی بابەتەکانین، وەکو هەموو شاعیرانی منداڵان لە جیهاندا سوودی لە کەلەپوور و فۆلکلۆر و پەندی پێشینانی کوردی وەرگرتووە، بەڵام بە زمانی منداڵانەوە، بۆ نموونە وەکو (کاکە ئاڵان مار هات، ماری ژەنگ و ژار هات- تامی تامی گەنمە شامی- پشکۆ و شێرکۆ شەڕیانە، لەسەر دەنکێ زەنگیانە).

هۆنراوەکانی مامۆستای ناوبراو زۆر ناسک و سادەن، بوونەتە وێردی سەر زمانی منداڵانی کورد، چونکە دەقەکانی کورت و بە ئاوازن، بۆیە بەشێکیان کراونەتە گۆرانی و سروودی منداڵان، هیچ منداڵێکی کورد نییە لە باخچەی ساوایان هۆنراوەی (سمۆرە) ی لە بەر نەبێت، یان هیج منداڵە کوردێک نییە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی هۆنراوەی (کوڕە کوردم) ی لە بەر نەبێت.

ناوبراو گەنجینەیەکی زۆر بە نرخی بۆ منداڵانی کوردمان بەجێهێشتووە، دەبوایە تا ئێستا خوێندکارانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی سوودیان لێوەربگرتایە بۆ نووسینی نامەی ماستەر و دکتۆرا.

وا هۆنراوەی (نوقڵێ) ی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین- تان بۆ دەنووسمەوە کە من بە لوتکەی هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردی دەزانم:

**نوقڵێ**

نوقڵێ سەرچاوەی هێزو ئیلهامم
نوقڵێ گەزۆی خاو میوەی بە تامم
نوقڵێ نوقڵی ئەوسای ژینی من

نوقڵێ چقڵی چاوانی دوژمن
کوای لە کوێ ئێستا لە کام پێدەشتی
لە کام سەیران و گەڕان و گەشتی
شیلەی شیرینی جووتە لێوی تۆ
کام خودا پێداو ئەینۆشی ئاخۆ
گۆی مەمکی بێ هامتا و بێ ڕەنگ
کام لێو گوڵاوی ئەمژێ وەک هەنگ
بۆنی هەناسەی نیوە شەوی تۆ
ئەڕژێتە سەر ڕووی چ سووک لەسەرخۆ
ئاخۆ تۆش وەک من هیچ نەبێ جارێ
فرمێسکی گەرمت لە چاو ئەبارێ ؟
ئاخۆ ئێستاکەش شیعرەکانی من
وەکو خۆی ماون یا خۆد دڕاون ؟
ئەو ملوانکەیەی وێنەکەی منت
پێدا دانابوو لەسەر گەردەنت
ئاخۆ ئێستاکەش وا لە ملتایە
یان هەر نەماوە کوێراییم دایێ

بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستام فەرەیدون عەلی ئەمین، لە ساڵی ١٩٧٢ ئەو فەرمانبەر بوو لە وەزارەتی کاروباری باکوور و لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا (موحازەرە)ی وانەی ئەدەبی بە پۆلی دووەم دەگوتەوە، تازە کۆمەڵە چیرۆک و هەڵبەستی (کارژۆلەی) لە چاپ دابوو داوای لێکردم ئەگەر چوومەوە هەولێر (٥٠٠) دانەیەکی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان هەولێر بۆ دابەش بکەم، منیش لە یەکێک لە سەفەرەکانم بۆم بردە هەولێرو لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوڕو کچان دابەشم کرد،

پارەکەشم بۆ بردەوە لە وەزارەتی کاروباری باکوور بوو، خەرجیەکانی منی بە زیادەوە داوە.

هەر لەساڵی ١٩٧٢ پێش ئەوەی پشووی هاوین دەست پێ بکات، داوام لێکرد ئەگەر کەسێک لە هەولێر دەناسی، گوتی بۆ ؟ منیش گوتم: من هاوینەکان ئیش دەکەم بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بتوانم پێداویستیی خۆمی پێ دابین بکەم، کاغەزێکی بۆ نووسیم بۆ بەڕیوەبەری پۆلیسی هەولێر ناوی (شێخ ڕەزا) بوو، کە هاوین داهات چوومەوە هەولێر و چوومە لای شێخ رەزا، زۆر ڕێزی گرتم تەکلیفی لە بەڕێوەبەری ئەشغالی هەولێر کرد کە ئەو کات (جەلال مەدحەت خۆشناو) بوو، دامەزرام بە مراقیب لە پرۆژەی ڕێگای (شێروان مازن- مێرگەسۆر) ، بەڵام لە بەر ئەوەی عێراق نەوتی (تأمیم- خۆماڵی) کردبوو پاش (١٩) رۆژ لە دەست بەکار کردنم پڕۆژەکە وەستاو هەموومان فنش کراین.



پیاوە بچکۆلەکە- بەرهەمی ناوبراو.

مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین لە ڕۆژی ١٩٩١/١١/٢٥ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی نێژراوە، لە ڕۆژی ١٩٩٣/١/١٢ یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی بەغدا بە ئامادە بوونی ژمارەیەک ئەدیب و ڕۆشنبیران ماتەمینیان بۆ ڕێکخستووە، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانیش ئێوارە کۆڕێکیان بە ناو نیشانی (مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین ڕابەڕی پەروەردەی سەردەم) ڕێکخستووە.

داخی گرانم بۆ ئەو مامۆستا گەورەو کوردپەروەرە کە زۆر کەمی لەسەر نووسراوە، تەنیا دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف- چیرۆکی منداڵان لای فەرەیدون عەلی ئەمین- لێکۆڵینەوە، هەڵبەستی منداڵان لای فەرەیدون عەلی ئەمین عەبدولرەزاق بیمار، حەمە کەریم هەورامیش لە بەشی ئەدەبی منداڵان ئاماژە بە فەرەیدون عەلی ئەمین دەکات وەکو

شاعیرێکی لێهاتوو، لە سلێمانیش هیچ شتیک بە ناوی فەرەیدون عەلی ئەمین نەکراوە، شەقامێک، هۆڵێک !!.

مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین ڕەوانشاد و ئارامگەت پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کتیبێکی فەرەیدون عەلی ئەمین- دەزگای ڕۆشنبیریی کوردیی بەغدا ساڵی ١٩٩٣.

٢- پیاوە بچکۆلەکە، چیرۆک و هەڵبەست بۆ منداڵان فەرەیدون عەلی ئەمین ١٩٧٢.

٣- فەرەیدون عەلی ئەمین- پیاویک بە هەڵوێست فلیمێکی دیوکۆمینتاریی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان Youtube- دکتۆر ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین.

٤- کوردیپیدیا.

٥- بیرەوەری و زانیاری و نووسینی خۆم.



# کەژاڵ ئەحمەد

شـاعیر و نووسـەر و میدیـاکارو ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ کـەژاڵ ئەحمـەد

**من کە هاتم**

**دەمتوانی گۆرانی بڵێم**

**هاوارم دەکرد(کاڤۆکم لێ لی)**

**یان(ئەی قومری بۆ دەگری)**

**زمانی باڵندەم دەزانی!**

کـەژاڵ ئەحمـەد لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە گەڕەکی(تەپـەی مـەلا عەبدوڵـڵا)ی شاری کەرکووکی شیرین لە دایک بووە، لە تەمەنی(٥) ساڵیدا چوونەتە سلێمانی و لـەوێ قۆناغەکانی خوێندنی تـەواو کـردووە.


کەژاڵ ئەحمەد شاعیر و ڕۆژنامەنووسی دیاری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧ دەستی بە نووسینی شیعر کردووە بە ستایل و شێوازێکی جیاواز، لـە سـاڵی ١٩٩٢ وەکـو ڕۆژنامەنووسـێک لـە ڕۆژنامەی(ئـاڵای ئـازادی) دەسـت بـەکار بـووە، لـە سـاڵی ١٩٩٣-٢٠٠٧ لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ کاری کـردووە، ماوەیەکیش وەکـو میدیـاکار لـە کەناڵـی ئاسـمانیی


کوردسـات، ئـەو بەرنامانـەی (لەهـەر باخێک ژنێک، هـەر ژنێک، دژەبـاو) ئامـادە و پێشـکەش کـردووە.

کـەژاڵ ئەحمـەد شـاعیرێکی ئـازا و بوێـرە، دژە بـاوە، ڕێچکەشـکێنە بـە شـێوازێکی جیـاواز شـیعری نووسـیوە و دەنووسـێت، ئـەو شـیعری بـۆ نیشـتمان و جوانیـی سروشـتی کوردسـتان و ئەڤینـی نووسـیوە، بەشـی زۆری شیعرەکانی بۆ ژنـان و گیروگرفتی ژنـان لە کۆمەڵی کوردەواریماندا نووسـیوە، بـڕوای بـە یەکسـانیی ژن و پیـاو هەیـە لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیاندا، کۆمەڵێک بەرهەمـی شـیعری بـە تـام و چێژی لـە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتـەوە لەوانـە:

- بەندەری بەڕمودا- شیعر- لە ساڵی ١٩٩٩.
- وتەکانی وتن- شیعر لە ساڵی ١٩٩٩.
-قاوەیەک لەگەڵ ئەودا- شیعر لە ساڵی ١٩٩٩.
- ئاوێنەم شکاند- شیعر لە ساڵی ٢٠٠٤.
- دیوانی (کەژال ئەحمەد) لە ساڵی ٢٠٠٦.
- مـن دەبێـت خـۆم بسـمیل بکـەم - شـیعر- دەزگای جەمـال عیرفـان سـاڵی٢٠١٤ لـە چاپـی داوە.
-(کتێبی ژن) کۆمەڵـە وتـار و لێکۆڵینـەوە، دەزگای چاپ و پەخشـی سـەردەم سـاڵی١٩٩٩ لـە چاپی داوە.











- (ناسنامە بکوژەکان، چەند خوێندنەوەیەک بۆ ئینتیماو بە جیهانی بوون) لە نووسینی نووسەر(ئەمین معلوف) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، خانەی وەرگێران وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆی لە چاپداوە و بڵاوی کردووەتەوە.
- کۆمەڵە شیعری(زمانی باڵندە دەزانم).


کەژاڵ ئەحمەد ئەزموون و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە نووسینی شیعر بە تایبەتی شیعرەکانی بۆ ژنان، دەربارەی شیعرەکانی ئەو، پسپۆر و لێکۆلەرەوە ئەکادیمییەکانی جیهانی و کوردستانییەکان لەوانە هەر یەک لە:(ئینگەر ئۆستنستاد مامۆستای کۆلێژی ئادابی زانکۆی ئۆسلۆ، ئالانە ماری لیڤنتسۆن لابرووس مامۆستای زانکۆی ئەمەریکی، سەنتەری وەرگێرانی شیعری جیهانی لە لەندەن، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، خاتوو لەیلا عەتاڵلا شاعیری بە ناوبانگی مەغریبی، لەگەڵ زۆرێک لە ناوی پرشنگداری دی، (پێیانوایە کەژاڵ ئەحمەد خاوەنی نووسینی جیاواز و تایبەیت بە خۆیەتی و شیعرەکانی دەنگی ژنن).

هەندێک لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی و فارسی و کرواتی و نەرویژی و فەرەنسی و سویدی و ئەڵمانی و هیندی و تامیلی.

- چەند پارچە شیعرێکیشی کراونەتە گۆرانی، لەوانە ( جۆزێف رحێدین)








سەرۆکی ئۆرکستراى نیشتمانی سویدی ئاوازی بۆ شیعرێکی ئەم شاعیرە داناوە کردوویەتی بە گۆرانی بە (THE LOMELY EARTH) وا وێنەی شیعرەکەم هاوپێچ کردووە.

گۆرانیی(لاوۆ) کە مۆسیقاژەنی گەورەی کورد هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی ئاوازی بۆ داناوە، شیعری کەژاڵ ئەحمەدە و تیپی کیژانی سلێمانی وتوویانە.

گۆرانیی(گوڵی سپی) بە دەنگی گۆرانیبێژی کورد لەیلا فەریقی وتراوە و ژمارەیەکی زۆریش لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد کراونەتە گۆرانی.

- ڕۆژی ١٤-٢-٢٠١٩ بە بۆنەی ڤالانتاین سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووک بە هاوکاریی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کەرکووک و سەنتەری هاوبەشی لوڕ، ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە و مۆسیقایان لەژێر دروشمی (کەژال ئەحمەد نێرگزی شیعر دەدات لە یەخەی کەرکووکی خۆشەویست) بۆ شاعیر خاتوو کەژاڵ ئەحمەد ساز کردووە.

- کتێبی(ئەنتۆلۆژیای شیعری جیهانی) کە بە قەوارەی هەزار و یەک لاپەڕەیە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، ئەنتۆلۆژیایەکە بە ناوی (درەختی شیعری جیهان)ە، کە شاعیری ناوداری ئیماراتی(عادل خزام) ئامادەی کردووە و وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئیمارات لە چاپی داوە، کە شیعری (٤٠٠)شاعیری جیهانی لە(١٠٠) وڵات لە خۆ گرتووە، کەژاڵ

ئەحمەدی شاعیریش لەم کتێبەدا وەکوو شاعیرێکی کورد بە دوو پارچە شیعر کە(وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی) بەشداری کردووە، وا بەرگی کتێبەکەم هاوپێچ کردووە، شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە چەندین ئەنتۆلۆژیادا هەن بە زمانە زیندووەکانی جیهان.

کەژاڵ ئەحمەد ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێو دەوڵەتییە.

ئەو لە هەموو چالاکییەکانی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردی ئامادە دەبێت و چالاکیش دەنوێنێت.

بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و ژنانی کورد، بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردیش.

وا هۆنراوەیەکی شاعیر کەژال ئەحمەد- تان بۆ دەنووسمەوە:

**وەک بەرسیلە عاشقم**

**کەژاڵ ئەحمەد**

چەند عاشقم...

هەر ئەڵێی پرچی کچێکم کە تەڕوبڕ،

هەمیشە ئاوی لێ بتکێ و





هەرگیز وشک نەبێتەوە.
یان وەکو لێوی ئەستووری ئەفریقییەک
ئەو کاتەی ماچێ بەهەوا ئەبەخشێت.
چەند عاشقم...
عەیامێکە شەوان لەرزوتا ئەمگرێ و
رۆژانیش وڕێنە ئەکەم
بەخوا کۆنە تەمەنی ئەوینم و تازەیە دڵداریم
هەمیشە تازەیە
ئەوەتا من، بەهەزاران هەزار جار
لەناو بینینتا مردووم و
کەچی هەردەم وائەزانم یەکەمجارە ئەتبینم!
چەندە شەیدام...
هەر خۆم بووم بەتەنیا
کەسەرم کرد بەنێوماڵی بێسەمەری
ئەم دنیا حول حولییەدا.
بەڵام دەستەکانم پڕبوون لەقیژە و شیوەنێ
بۆ خۆمم ئەکردن.








هەر خۆشم بەتەنیام کە ئەڕۆم بۆ مردن
دەستم بەتاڵ
دڵم چۆڵ و
سەرم خاڵیی
لەهەموو شت عەشق نەبێت.
چەندە گومڕام ...
وائەزانم، ژیانم لەنێوان لێوی عەشقدا پیتێکە
مەحاڵە ناوترێت.
ئەم دڵەم پڕیەتی لەتەرمی کەسانێ
بەهەڵە وامزانی مەعشوقن
کەچی ئێستاش پێم وانییە دەروونم تابووتە.
چەند عاشقم ...
بەوێنەی دەنووکی سووری باڵندەیەک
لەناو دەمی بێچووەکەیدا
بەچەشنی ئەو پەڕی تووڕەبوون
لەناو چاوی ڕەشی مندا،
کەشێتانە غیرە ئەکەم.
وەکو بەرسیلە عاشقم
کاتێ دەمت پڕئەکات لەئاو و
ئەشک بەبرژانگەکانتا هەڵئەخات.
عاشقم وەکو عەشق خۆی
کەئاگرێ لەناو رۆحدا ئەکاتەوە و
بەپوش و پەڵاشی ئازار،
بەردەوامیی پێئەدات.

عاشقم وەکو عاشق خۆی
شێت و وێت و سەرگەردان.
چی لەوە جوانترە؟!
چی بێ لەتۆ شیرینتر و
نازدارتر و سەختتربێ
ئەی عەشق خۆشترین بەڵا
چەند عاشقم
چەندە گومڕام.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- kurd sat
٢- بەرنامەی ڕۆژێکی PUK
٣-komale tv, بەرنامەی دیدار ئامادەکردنی میدیاکار شاخەوان سدیق.
٤- لاپەڕەی فەیسبووکی شاعیر کەژاڵ ئەحمەد.
٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر محەمەد عارف سیامەنسووری

هونەرمەندی گەورەی کورد پرۆفیسۆر محەمەد عارف سیامەنسووری

هونەرمەندی شێوەکار محەمەد عارف لە ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکە جوان و خنجیلانەکەی رەواندز لە دایک بووە، خاوەنی ڕێبازی تایبەت بە خۆی و دوور لە لاسایی کردنەوە، پەرەی بە کارەکانی خۆی داوە و بە سێ قۆناغ تێپەڕبووە، ئەکادیمیای سەرکەوتوو، ڕیالیزمی سەرنجی، ڕیالیزمی سۆشیالیستی، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر



لە رەواندز تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ بەشی هونەری شێوەکاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ تا ١٩٦١ مامۆستای قوتابخانەی ئەیوبییەی سەرەتایی بووە لە هەولێر، لە ساڵی ١٩٦٧ وەکو چاودێری هونەری لە وڵاتی سعودی کاری کردووە، پاشان دەچێتە یەکێتیی سۆڤیەت بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی(سوریکۆڤ)لە مۆسکۆ وەردەگرێت، لە ١٠-١٢-١٩٦٨ گەڕاوەتەوە



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند محەمەد عارف**

عێراق لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و پەیمانگای (جێبەجێکردن- المعهد التطبيقي) لە بەغدا تا ساڵی ١٩٧٧ وانەی گوتووەتەوە، لە ٢١-٦-١٩٨٣ لەسەر داخوازی خۆی خانەنشین کراوە.


لە ١٢-١١-١٩٩٢ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردن دەبێتە مامۆستا لە کۆلێژی ئاداب و کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی سەلاحەدین، لە ساڵی ٢٠٠٢ وەک ڕاگر دامەزراوە بۆ دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین، لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٩ مامۆستا بووە لە هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین و سەرشتیاری قوتابیانی ماستەر بووە، هەر لەوێش دکتۆرای لە فەلسەفەی هونەری وەرگرتووە.

هونەرمەند محەمەد عارف خاوەنی ڕێبازی تایبەتی خۆی بووە، هەرگیز لاسایی نەکردووەتەوە، ئەو وەکو مامۆستایەکی ئەکادیمی دەستی پێکردووە بە قۆناغی ریالیزمی سەرنجی و دواتر قۆناغی ڕیالیزمی سۆشیالیستی تیپەڕیوە، هەموو کارەکانی لە ئەنجامی تێکەڵبوونیەتی بە کۆمەڵگای کوردەواری، تەنانەت بۆ وەرگرتنی خەیاڵ و بیرۆکەی تابلۆیەک بە ناو کۆچە و کۆلان و بازاری شار و دێهاتەکانی کوردستان سووڕاوەتەوە،

ئەمەش بە زەقی لە تابلۆکانیدا دیارە، کۆمەڵێک بەرهەمی لە تابلۆ و وێنەی شێوەکاری بەرهەم هێناوە کە سەرچاوەکەی کەلتوور و چیرۆک و داستانە مێژووییەکانی گەلی کوردمانە، وەکو تابلۆکانی(سەلاحەدین ئەیوبی، مەم و زین، شیرین و فەرهاد و دوانزە سوارەی مەریوان و قەڵای دمدم و لە چاوەڕوانی شەودا و ئاشتی بۆ کوردستان چەندانی دیکە).

محمەد عارف کۆمەڵێک کتێبیشی بە زمانی کوردی و عەرەبی وەرگێڕاوە و نووسیوەو چاپی کردوون و لەوانە:

- گرافیکەکانی کوردستان کە ٢٨٢ گرافیکە، بە زمانی کوردی ، ساڵی ٢٠٠٨.
- گرافیکەکانی کوردستان بە زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٩.
- کتێبێک لەسەر شاری هەولێر، بە زمانی کوردی ساڵی ٢٠٠٩.
- چوار هونەرمەندی بلیمەت، بە زمانی کوردی.
- هونەری هێڵکاریی لاوانی ناوچەی کوردستان، بە زمانی کوردی.
- هونەری هێڵکاریی لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین.



**هونەرمەند محەمەد عارف لەگەڵ نەوەیەکی**

- الفنان محمد عارف بە زمانی کوردی و عەرەبی.
- لەگەڵ شاکارە نەمرەکاندا، بە زمانی کوردی.
- جماليات الطبيعة في كوردستان العراق و أثرها في الرسم العراقي المعاصر، بە زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠٠٦.
-الكرافيك الكردستاني(٦٥٠)کرافیک بە زمانی عەرەبی.
- فن التخطيط، بە زمانی عەرەبی.
- کۆلفیچ ئەنجیلۆ، لە ڕووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.














- ڕووبنیسن نورسین، نووسینی(سمۆ لسکایا) لە ڕووسییەوە بۆسەر زمانی کوردی.
- کۆلفیچ، بە زمانی کوردی.
- دیلاکروا، بە زمانی کوردی.
- دکتۆر(باگدانۆڤ) هونەری هاوچەرخی عێراق.



**تابلۆی شایی کوردی**

- الفن العراقی المعاصر، نووسینی دکتۆر(باگدانۆڤ) وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

هونەرمەند محەمەد عارف چەندین جار پیشانگای تابلۆکانی لە شارەکانی کوردستان کردووەتەوە، ئەو تابلۆ گرنگەکانی نەفرۆشتووە، بەڵکو هەر ئەوەندەی فرۆشتووە کە دەستباری بژێوی ژیانی گرتبێ، دوا پیشانگاشی لە شاری سلێمانی کردووەتەوە کە زیاتر لە (١٢٠) تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی تێدا نمایش کردووە.

خاتوو یاسەمین بەرزنجی هاوسەری هونەرمەند محەمەد عارف لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:( کە لە بەغدا بووین لە لەندەن لایەنێکی هونەری داوای تابلۆی قەڵای دم دم کە سێ تابلۆ(لوحة ثلاثیة) بۆ فرۆشتن بە نرخێکی باش، بەڵام ڕژێمی ئەوسا ڕازی نەبوون بچێتە دەرەوەی وڵات بە بیانوویی(سامانی نەتەوەیی- الثروة القومیة).

دەربارەی هونەرمەند محەمەد عارف سیامەنسووری، هونەرمەندی

شـێوەکار ئیسـماعیل خەیـات دەڵێت:(هونەرمەندێکی زۆر دیار بوو لـە نـاو شـێوەکارانی کـورد، ئـەو لـە نـەوەی یەکـەم- الرعیـل الاول) بـووە، هونەرمەندێکی ریالیستی کوردە زۆر دیمەنـی کـوردسـتان لـە تابلۆکانـی ڕەنگی داوەتـەوە، مامۆسـتایەکی زۆر کاریگـەر بـووە لەسـەر ئـەو نـەوەی کـە دەرسـی پـێ وتوون).هاوڕێـی هونەرمەنـد محەمـەد عـارف بەڕێـز شـێرزاد گەنجۆ دەڵێت:( ئەگـەر بێتـو ئاوڕێک لـە ڕێبازەکانی ئیشکردنی ئـەم هونەرمەنـدە بدەینـەوە، دەبینیـن بـە چەنـد ڕێبازێـک تێپەڕبـووە، یەکێک لـەو ڕێبازانـە ئیشـتراکی بووە لـەو کاتـەی ئـەو لـە ڕووسـیا خوێندوویەتی، ئاسـتێکی زۆر بـەرزی نیشـانی دنیـا داوە نـەک هەرکورسـتانی).



لە لای ڕاستەوە: خاتوو یاسەمین بەرزنجی، هونەرمەند محەمەد عارف

- هونەرمەنـد محەمـەد عـارف ئەندامـی کۆمەڵـەی هونـەری هاودەنگی بەغدا



لە لای ڕاستەوە: خاتوو ڕاز کەمال غەمبار، ئالان کوڕی هونەرمەند محەمەد عارف، خاتوو یاسەمین بەرزنجی، هونەرمەند سامان کوڕی هونەرمەند محەمەد عارف، هونەرمەند محەمەد عارف

بووە.

- ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی جیهانی سەر بە یۆنسکۆ بووە لە پاریس.

- لەساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی دەوڵەت بۆ داهێنانی هونەری وەرگرتووە.

هونەرمەند محەمەد عارف سیامەنسووری لە ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت و تەمەن درێژییش بۆ نەوەکانی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردسات، فلیمێکی دوکیۆمێنتاری- لە ئامادەکردنی میدیاکار سامان سەلام و خوێندنەوەی میدیاکار دیار تەها.

٢- ماڵپەڕی ناوەندی ڕەوەندی کوردستان، وتارێکی نووسەر ئاشتی گەرمیانی لە ٥-٩-٢٠٢١.

٣- زانیاریی نووسین و دارشتنی خۆم.



## چەتۆ حەسەن

مامۆستا و نووسەرو مۆسیقاژەن و شێوەکارو ئەکتەر و سیناریست هونەرمەند چەتۆ حەسەن

ناوی تەواوی(چەتۆ حەسەن عەزیز)ە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی (عەوێنە)ی سەر بە ناوچەی(شەمامک)ی پارێزگای هەولێر(هەندێک سەرچاوە دەڵێن گوندی عەوێنە سەر بە پارێزگای موسڵ بووە)لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی (زازا) لە هەولێر تەواو کردووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێرە و بووەتە مامۆستا لە قوتابخانە سۆرانی سەرەتایی کوڕان و وەک مامۆستای شێوەکار(رسم) دەست بە کار بووە.



چەتۆ حەسەن بە منداڵی

هونەرمەند چەتۆ حەسەن هیچ کۆلێژ و پەیمانگای هونەری تەواو نەکردووە، بەڵکو هونەرمەندێکی خۆڕسکە کوڕی



**لای ڕاستەوە: نەجمەدین عزیز سمایل،هونەرمەند چەتۆ حەسەن**

لاوکبێژی ناسراوی کوردستان(حەسەن لاوک)ە، ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی بەشی زۆری پۆلەکان و دیواری قوتابخانەکەی بە ڕەسمە جوانەکانی ڕازاندبووەوە، لە سەرەتای هەموو ساڵی خوێندن ئەو جیا لە مامۆستایەکانی تر، بە دەنگی خۆشی (ئۆکردییۆنە) کەی سەرشانی، پێشوازی لە قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کردووە و بە شێوەکاری(رسم) و موزیک ئاشنا و پەروەردەی کردوون، قوتابیان حەزیان کردووە وانەی ئەو قەت تەواو نەبێت و بەم هۆیەشەوە خوێندن و قوتابخانەیان خۆشویستووە.

لە ساڵی ١٩٦٠ بە هاوکاری و سەرپەرشتیی هونەرمەندی دەرهێنەر(سەباح عەبدولڕەحمان) چووەتە ناو دنیای هونەری شانۆ و شانۆگەری و نواندنەوە، بەشداریی لە چەندین شانۆ و تەمسیلییە و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی کردووە، خۆشی سیناریۆی بۆ چەند شانۆ و تەمسیلییە نووسیوە.

هونەرمەند چەتۆ حەسەن بەشداریی لەم کارە هونەرییانەدا کردووە:(خاڵۆی ڕێبوار، لافاو ساڵی ١٩٧٤، سەرکەوتن، حەمەدۆک، مۆڵەت، سێ چەتە، جۆزان، کاوەی ئاسنگەر، چیرۆکێک بۆ منداڵە خۆشەویستەکان، هەڵەی دەرهێنەر، هەور و سامال، قەڵای دمدم ساڵی ١٩٨٢، کونە با،

سورمەخان، میوانی ناوەخت، مرۆڤ و ئازارەکانی، تاپۆ حەقی چییە ساڵی ١٩٨٤، لۆ تێم ناگەن، مۆرانە، مەرزیە و کاکەمین).

هونەرمەند چەتۆ حەسەن پاش ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٣ لە تەلەفزیۆنی کوردستان بەرنامەیەکی ئەدەبی و کەلتووری ئامادە و پێشکەش دەکرد بە ناوی(هەگبە) بەمەش خزمەتێکی زۆری بە ئەدەب و کەلەپوور و کەلتووری کوردی کردووە.

ناوبراو وەکو دەرهێنەر سیناریۆ و کلیپێکی بە ناوی(حەیرانی بێژینگ بەسەر) بۆ حەیرانبێژ سلێمان قەراجی دەرهێناوە و لە Youyube بڵاوبووەتەوە.

لە ٢٠-١٠-٢٠١٩ نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز ئازاد عەبدولواحید جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد(مەڵبەندی گشتی) پێشوازی لە هونەرمەند چەتۆ حەسەن کردووە و چەند دانەیەک لە کتێبەکەی خۆی، کە لەسەر هونەرمەند چەتۆ حەسەنی نووسیوە بە ناو نیشانی(چەتۆ حەسەن هونەرمەندێک لە ناو کاری بەردەوام پێگەیشت)، هەڤپەیڤینە لەگەڵ ناوبراو بە دیاری داوەتێ، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.

دیارە لەم دواییەدا هونەرمەند چەتۆ حەسەن تۆزێک نەساغ بووە، لە



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند چەتۆ حەسەن، هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم، هونەرمەند حەمە سەعید ئیبراهیم، هونەرمەند ڕەوانشاد جەوهەر باپیر،**

٩-٤-٢٠٢٢ هونەرمەندان ئوسامە جەمیل و شوکرەڵڵا شێخانی سەردانی هونەرمەند چەتۆ حەسەنین کردووە و لە ئەحوالیان پرسیوە، دەستخۆشییان لێدەکەین.

ناوبراو خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەی وێنەی فۆتۆگرافییە، بەشی زۆری چالاکییەکانی هونەریی هونەرمەندانی هەولێری لای خۆی پاراستووە. چەتۆ حەسەن سەرەڕای ئەو هەموو بەهرەو توانایەی لە بواری هونەریدا، شاعیریشە، ناو بە ناو بە پارچە شیعرێکی کلاسیکی خوێنەر و هەوادارانی بەسەر دەکاتەوە، ئەو وەکو شاعیری ڕەوانشاد(خالید جووتیار) ئاسایی شاری هەولێری زۆر خۆشدەوێت، بۆیە بە هۆنراوەیەکی درێژ هەست و سۆزی خۆی بۆ شاری هەولێر دەردەبڕێت، کراوەتە فلیمێکی دوکۆمێنتاری کە هونەرمەند و میدیاکار ئەحمەد عەبدولرەحمان وەرتی مۆسیقا و مۆنتاجی بۆ کردووە و بە دەنگی خۆی دەیخوێنێتەوە، لە کۆتایی نووسینەکەم بۆتانی دەنووسم.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ڕوو خۆش و دەم بەپێکەنین و قسە خۆشە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ کە لە ڕادیۆی



**لە لای ڕاستەوە: ئەژی کوڕی چەتۆ حەسەن، هونەرمەند چەتۆ حەسەنیان، هونەرمەند شاهین نەجمەدین، هونەرمەند حەمە سەعید ئیبراهیم، هونەرمەند خالید بەرزنجی،**



لەلای ڕاستەوە: میدیاکار شوکروڵڵا شێخانی، چەتۆ حەسەن،
میدیاکارو هونەرمەند ئوسامە جەمیل، ئەژی چەتۆ حەسەن

بەغدا هاتمە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر، ئەو لەوێ لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیری بوو، منیش پاش ڕۆیشتنی ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد لێپرسراوی بەشی (تەئلیف و نەشر)بووم، ڕەوانیان شاد مامۆستا تایەر تۆفیق و یەحیا مەرجانیش لەوێ بوون، هەر زوو زوو رەوانشادان فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها و واحید مەرجانیش دەهاتن، دانیشتن و مەجلیسمان لە باسی ئەدەب و هونەری گۆرانی هەر تەواو نەدەبوو، بەندە لەگەڵ هونەرمەند چەتۆ حەسەن هەموو چالاکییەکانمان لە ڕێزلێگرتن لە هونەرمەندانەوە تا دەگاتە ئاهەنگەکانی دیکە بەیەکەوە سەرپەرشتی و ئامادەمان دەکرد، لە بەشی زۆری چالاکییەکانیش



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، هونەرمەند چەتۆ حەسەن،



**چەتۆ حەسەنی مامۆستا لە پۆلێکی سەرەتایی قوتابخانەی سۆرانی کوڕان لە هەولێر ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو.**

شاعیر و میدیاکار نازم دڵبەند خۆبەخشانە هاوکاری دەکردین، بە ڕاستی خزمەتێکی زۆری ئەدەب و هونەرمەندانمان کرد.

بۆ هاوڕێی دێرینی (٤٥) ساڵەم هونەرمەند چەتۆ حەسەن هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت.

هونەرمەند چەتۆ حەسەن بەم جۆرە هەستی خۆی بۆ شاری هەولێر و کەسایەتییەکان و شوێنەوارەکانی دەردەبڕێت:



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند چەتۆ حەسەن، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا، هونەرمەند ڕەوانشاد سەلام کۆیی**

**سەلام لە قەڵای دێرینت**

منارەی چۆلی ڕەنگینت
سەلام لە خاکی زێڕینت
هەوای ساف و..بۆن خۆشت
لە مزگەوت و مەدرەسەکان
تەکیەی پڕ زکر و خرۆشت
لە عوزێری پێغەمبەرت



**لە لای ڕاستەوە: گۆرانیبێژ ڕەسوڵ گەردی، نەناسراوە، گۆرانیبێژ مشکۆ،**
**لاوکبێژ حەسەن لاوک باوکی هونەرمەند چەتۆ حەسەن**

لە سوڵتانی موزەفەرت
جادە و گەرەک و کۆڵانت
لە تەعجیل و سێتاقانت
لە ئازادیت لە سەیداوەت
سەعدوناوە و عارەبانت
لە تەیراوە و قالینچاغات
خانەقا و ئاشتی و ئیسکانت
لە شۆڕش لە عەنکاوەت
لە بەستە پیازەو کورانت
لە بیریێژیت لە ڕۆناکیت
لە زانیاری و باداوانت
لە مەلا فەندی خانەدانت
ڕەشادی شیرین زمانت
لە موسا و پاشا و چەلەبیت
لە سەید خەنجەر و مەردانت
لە مام قادری شۆڕە سوارت



عەبد جاسمی شیرین گفتار
لە بایز و چایخانەکەی
مام عەبۆ و قاوەخانەکەی
لە مام وادی بە شووشاو
مام عەزیزی عاشق ڕاو
لە خارە ئەحمەدی تەبیبی
داو و دەرمانی عەجیبی
لە حەمەد عەلی نەجارت
یوسف شێخلی بەهارت
لە حاجی و خاڵە پیربالت
لە مامە عەلی جوکڵ
مام دێوانەی چاو پڕ کل
لە کەبابخانەی شنۆیی
لە مام حەمەد عەلی کۆیی
هتد.......

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیدیا.
٢- ماڵپەڕی Kurd.J وتارێکی نووسەر ئەڵوەند کوێستانی لە ٢٠-١٠-٢٠٢٠.
٣- لاپەڕەی فەیسبووکی هونەرمەند چەتۆ حەسەن.
٤- لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر خالید عومەر.
٥- لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر یوسف عوسمان عەزیز.
٦- Youtube فلیمێکی دوکۆمێنتاری لە خوێندنەوە و مۆسیقا و مۆنتاجی میدیاکار ئەحمەد عەبدولرەحمان وەرتی.
٧- مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر.
٨- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# زاهیر عەبدوڵڵا

ئەکتەر و سیناریست و چیرۆکنووس هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا

ناوی تەواوی(زاهیر عەبدوڵڵا خدر)ە، لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی هونەردۆست و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە.

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەم جار وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەرییەک بە ناوی(ئەنجامی پولپەرستی)کردووە، هەر لە ڕێگای ئەم کارەوە هاتووەتە ناو دنیای هونەر و شانۆ و تەمسیلی و دراماو فلیمی تەلەفزیۆنی و سینەمایی.




زاهیر عەبدوڵڵا هەر ئەکتەر و سیناریست نییە، بەڵکو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسیشە، لە ساڵی ١٩٩٠ کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناوی(خەرەند) چاپ کردووە، لە ساڵی ٢٠١٩ کتێبێکی بە ناوی (تەیراوە هەر بە پیاسە) بڵاوکردووەتەوە کە باسی

بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی خۆی دەکات، ئێستاش خەریکی نووسینی ڕۆمانیکە بە ناوی(ڕەحەتە لوقم) کە لەم نزیکانە چاپ دەکرێت.

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا لە ساڵی ۱۹۸۰ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو شیرین سابیر کردووە، بۆ یەکەمین جاریش وەکو ڕابەڕ و پێشرەو دەستی خانمە خێزانی خۆی گرتووە و بردوویەتییە سەر شانۆ، خۆ ئەو کات ئەکتەری ئافرەتمان کەم بووە، بەڵام ئەو زۆر ئازا و بوێرانە ئەم دەستپێشخەرییەی کردووە کە بووە هۆی ئەوەی چەند کەسانێکی دیکەیش لە ئافرەتانی هەولێر بێنە ناو دنیای شانۆ و تەمسیلییە و



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر سالار عوسمان بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر ڕەوانشاد فەرهاد شەریف، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا



پۆلێك لە هونەرمەندانی بەشدار بوو لە شانۆگەریی (ماڵی نوێ)



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا، هونەرمەندی ئەکتەر جوان عەبدولرەحمان



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز فەرهەنگ غەفور، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا

درامای کوردی، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو کاتەی هێشتا قوتابیی ئامادەیی پیشەسازی بووە سوودی لە حەیرانێکی کوردی وەرگرتووە و دواتر وەکو شانۆنامە نووسیویەتییەوە و کردوویەتییە شانۆگەریی(محەمەدو سێوێ) دواتر لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کراوە، هەر لە کاتی تۆمار کردنی لە تەلەفزیۆن بە هۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی، دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیریان کردووە و نەیتوانیوە درێژە بە دەورەکەی خۆی بدات، پاش چوار مانگ ئازاد کراوە،

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا بەشداریی دەیان شانۆگەری و تەمیسیلییە و زنجیرە درامای



هونەرمەند ئەنوەر عەزیز، هونەرمەند و ئەکتەر ڕەوانشاد سەلام کۆیی، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا



لە لای ڕاستەوە: چەتۆ حەسەن، زاهیر عەبدوڵلا، ڕەوانشاد سەلام کۆیی



زوهێر عەبدولمەسیح، لە لای ڕاستەوە: زاهیر عەبدوڵلا، چەتۆ حەسەن، ناسر حەسەن، کەریم عوسمان، سەعدون یونس


له لای ڕاستەوە: نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا


له لای ڕاستەوە: هونەرمەند حەمەسوار عەزیز ،هونەرمەند خەلیل یابە، هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێز خەلیل عەبدوڵڵا

تەلەفزیۆنی و سینەمایی کردووە لە وانە (هەبوو نەبوو، کەونە دەرکە، محەمەد و سێویَ، کەوەکانی قەرەچووغ، درامای خەج و سیامەند، شەوچرا، حەسەنە فەندی، خۆتان بگرن هات، خانەدان، قەرەج، زولێخا، هاوارێک لە حاجی قادری کۆییەوە، قازی پێشەوا، زنجیرە دراماکانی مالەی سەرگردەکە، گەڕەکەکەمان کۆلارە، گوڵاڵە، بێوار، قاسپەی کەو، مەڕانە)، دەیان فلیمی سینەمایی و چیرۆکی ئێستگەیی و بەرنامەکانی(بەرنامە و فلاش باک و مقۆ مقۆ....چەندانی دیکە).

لە دیارترین کارەکانی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا بەشداری کردنی بووە لە درامای(هەبوو نەبوو) کە دەنگ و سەدایەکی زۆری داوەتەوە لە ناو بینەران و هونەر دۆستان و خەڵک، ئەو هەر لە ڕێی ئەم کارەوە چووە ناو دڵی خەڵک بە تایبەتی بە دەوری(ئۆمەرە گەدەی چاوچنۆک)کە تیایدا زۆر سەرکەوتوو بوو. زاهیر عەبدوڵڵا نەک هەر وەکو ئەکتەر هەمیشە کاری ئامادەکردنی دیمەنەکان و کارە هونەرییەکانی دیکەی دراماو زنجیرە تەلەفزیۆنەکانی بۆ بەشی زۆری کارەکانی هونەرمەند و دەرهێنەر سەعدون یونس کردووە.


له لای ڕاستەوە: خانمە ئەکتەر خاتوو شیرین سابیر، هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا


هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا لە

ساڵی ١٩٩١ یەکێک بووە لە دەستەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - کەناڵی هەولێر، یەکەمین بێژەریش بووە لەو کەناڵە و بەرنامەی (زووم زووم)ی ئامادە و پێشکەش دەکرد کە بینەرێکی زۆری هەبوو، هەروەها لە زنخیرە تەمسیلییەی(کەوەکانی قەرەچووغ) دەوری(جەوهەر ئاغا)ی کوڕی ئاغای گەورەی بینیوە، هەموومان دیومانە کە چۆن غەدری لە دانیشتوانی گوندەکە دەکرد، لەم کارەشدا دەورەکەی بە سەرکەوتوویی بینیوە.

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا لە ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و شەش ساڵ لە خزمەتکردن بەردەوام بووە.

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا ئەندامە لە:

- سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
- ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەوڵەتی.
- یەکێتیی نووسەرانی کورد.









لە ڕاستەوە مامۆستا ئەلیاس،مامۆستا حازم، ئیحسان موفتی، ڕەوانشاد مامۆستا یونس ئیبراهیم



زوهێر سەعدون، هونەرمەندی ئەکتەر شیرین سابیر، هونەرمەند زاهیر عبدڵلا، هونەرمەند دڵپاك تاهیر

له ٦-٧-٢٠٢١ وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوانی هەرێمی کوردستان له ڕێوڕەسمێکی شایسته له کاتی خانەنشین بوونی خەڵات و ڕێزیان لێ گرتووە، وا چەند وێنەیەکم هاوپێچ کردووە.

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا و خانمه ئەکتەر خاتوو شیرین سابیر سێ کوڕ و دوو کچیان هەیە خوا تەمەنی خۆیان و منداڵەکانیان درێژ بکات، ئەو ئێستا خانەنشینه و بەردەوامه له چالاکییەکانی له بواری هونەر و نووسیندا، له هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە هونەری و ئەدەبییەکان ئاماده دەبێت

بۆ هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا هەر ساغ و سەلامەت بیت بۆ خزمەتی هونەر و ئەدەبی کوردی.


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینه سوود لەم سەرچاوانه وەرگیراوە:

١- ماڵپەڕی MANU MIDIA.

٢- ماڵپەڕی Rachlaken News له ٦- ٧- ٢٠٢١.

٣- هەندێ زانیاری و وێنەی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# حەیدەر عەبدولڕەحمان

بێژەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەنووس و سیناریست و ڕەخنەگری شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی حەیدەر عەبدولڕەحمان

میدیاکار و ڕەخنەگری شانۆیی مامۆستا حەیدەر عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و هونەردۆست لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٧ ئامادەیی کشتوکاڵی لە(کەڵەکی یاسین ئاغا)تەواو کردووە.

حەیدەر عەبدولڕەحمان هەر لە منداڵییەوە خولیای زمان و ئەدەب و هونەری کوردی بووە، بە تایبەتی هونەری شانۆ و درامای سینەمایی.

یەکەم دەستپێکی نووسینی ناوبراو لە ساڵی ١٩٧١ بووە، بە نووسینێکی ڕەخنەیی لە زنجیرە درامای(مەرەزە) لە دەرهێنانی جەلیل زەنگەنە، کە لە ڕۆژنامەی(بیری نوێ) بڵاوی کردووەتەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامە لە نووسینە ڕەخنەییەکانی دەربارەی شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی، هەموو بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردووەتەوە و بەشێکیشی وەکو کتێب چاپ کردوون.

ناوبراو نزیکەی (٥٠) ساڵە لە بوارەکانی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن و نووسینی شانۆ و شانۆگەری و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و نووسینی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان، مامۆستا مەغدید حاجی، هونەرمەند مەهدی حەسەن، دەرهێنەر موحسین محەمەد**

ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری کوریدا، خزمەتێکی زۆری بە وشەی کوردی کردووە، ئەمەش هەندێ لە چالاکییەکانییەتی:

- لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕۆژنامەی (خەبات) وەکو ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی بەشی هونەری دەست بەکار بووە تاوەکو ئێستا.
- هەر لەو ساڵیشەوە بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەی(هەرێم) بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ بێژەر و جێگری بەڕێوەبەری ڕادیۆی گوڵان بووە، بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بەرنامەیەکی بە ناوی( بۆ خۆشیتان) دواتر بەرنامەکە ناوی کراوەتە بەرنامەی(پەلکە زێڕینە) لە رادیۆی کوردی بەغدا و ڕادیۆی هەرێم و ڕادیۆی گوڵان و ڕادیۆی نەورۆز پێشکەش کردووە، بەمەش بووەتە



**نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان، لە ئەمەریکا**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار،**
**نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان**

خاوەنی درێژترین بەرنامەی ڕادیۆیی لەسەر ئاستی کوردستان.

-لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(سینەما و شانۆ) بووە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان.

- لە ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠٢٠ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و سەرنووسەری گۆڤاری(زانکۆ پرێس)بووە کە لە لایەن زانکۆی سەلاحەدینەوە دەردەچوو.

- لە ساڵی ١٩٩٢ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی هەرێم، وەکو بێژەریش ماوەیەک کاری تێدا کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٤ بەڕێوەبەری هونەری و بێژەرو دوو بەرنامەشی هەبووە لە تەلەفزیۆنی گولان.

- لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی



**لە لای ڕاستەوە:هونەرمەند محەمەد عەزیز، نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان. هونەرمەند زیاد ئەسعەد**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، هونەرمەند ناسر حەسەن،**

KTV بەرنامەی(سەردان)ی هەبووە و هەر جارەی تیشکی خستووەتە سەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی.

- لە ساڵی ٢٠٠٦ ماوەیەک جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەلەفزیۆنی نەورۆز بووە.

ساڵی ٢٠١٠ یەکەمین بێژەر و میدیاکاری کورد بووە لە مێژووی میدیای کوردی، بەشدار بووە لە ڕووماڵکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، ڕووداوەکانی بۆ هەر دوو کەناڵی ئاسمانیی تەلەفزیۆنی کوردستان و نەورۆز، بە پەخشی ڕاستەوخۆی گواستووەتەوە بۆ بینەران لە کوردستان و هەموو جیهان، ئەم ئەزموونەشی هەر بە یەکەمین ئەزموون دادەنرێت لە بوارەدا.

- حەیدەر عەبدولڕەحمان جگە لە ڕاگەیاندن، کۆمەڵێک چالاکی و بەرهەمی لە بواری شانۆ و شانۆگەری و فلیم و فلیمسازی و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بەرهەمهێناوە لەوانە:

- فلیمی (پیاوێکی بێ ناونیشان)، کە لەسەر ژیانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەلەکەدین کاکەییە، لە بەرهەمەکانی تەلەفزیۆنی نەورۆزە، کە سیناریۆ



**له لای ڕاستەوە: یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا،**
**نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان**

و دەرهێنان و خوێندنەوەی حەیدەر عەبدولڕەحمانە.


- فلیمی(زانکۆی سەلاحەدین)لە ساڵی ٢٠١٠ کە لە بەرهەمەکانی تەلەفزیۆنی KTV یە، لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆیەتی.
- ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٠ بەڕێوەبەری دراما بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لاوانی هەرێمی کوردستان، چەندین زنجیرە درامای بۆ تەلەفزیۆن نووسیوە لەوانە:( ئاسکە، دەرهێنانی هونەرمەند سەعدون یونس، زنجیرە درامای - خاتوو کڵاوزەر- دەرهێنانی هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح، زنجیرە درامای - سەلیم بەگ- دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف، زنجیرە درامای- خوا لێ خۆشبوو- دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.
- شانۆگەریی(ڕاوچی)ی نووسیوە، هونەرمەند ڕەوانشاد سەفوەت جەڕاح دەرهێنانی بۆ کردووە.
- شانۆگەریی (گوڵی نهێنی)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هونەرمەند لەتیف نەعمان دەرهێنانی بۆ کردووە.

دەتوانم بڵێم ڕەخنە و ڕەخنەگرتنی ئەکادیمیمان لە ئەدەبی کوردی کەمە



له لای ڕاستەوە: نووسەری ڕەوانشاد مەحموود زامدار، نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان، هونەرمەند محەمەد تەیموور


بە تایبەتیش لە بواری شانۆ و زنجیرە دراماو فلیمی سینەمایی، ناوبراو سەرەتای دەستپێکردنی نووسینەکانی بە ڕەخنەی شانۆگەری و زنجیرە دراماکان بووە، بۆیە پسپۆرە لەم بوارەدا، کۆمەڵێک بەرهەمی بە چێژ و پڕ ناوەرۆکی بۆ نووسیوین و چاپی کردوون و بڵاویشی کردوونەتەوە و زیاتر لە(٦) کتێبی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ، لەگەڵ دوو زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و شانۆگەرییەک بە ناوی(دادگا)، لەوانەی تا ئێستا بڵاوی کردوونەتەوە گرنگترینیان ئەمانەن:











**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەیدەر عەبدولڕەحمان، هونەرمەندی دەرهێنەر جانۆ ڕۆژبەیانی**

-خوا لێ خۆشبوو، نووسینی (براتسیلاف)، وەرگێڕانی حەیدەر عەبدولڕەحمان، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دەزگای ڕۆشنبیرییە لە بەغدا .

- چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ١٩٩٨.

- ڕەخنەی شانۆیی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٨.

- دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی سینەمایی کوردی- زانکۆی سەلاحەدین ساڵی ٢٠١٨.

- شکسبیر لە سینەمادا، چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.




نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر حەیدەر عەبدولڕەحمان چەند جارێک لە لایەن دەزگا ئەدەبی و هونەرییەکان ڕێزی لێ نراوە لەوانە: خەڵاتی زانکۆی سەلاحەدین، بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر، خەڵاتی فیستیڤاڵی دژە تیرۆر، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، کەناڵی تەلەفزیۆنی KTv .

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و میدیـاکار حەیـدەر عەبدولڕەحمـان ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی نێـو دەوڵەتییـە.

ناوبـراو ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقـی هەولێـرو ئەندامـی سـەندیکای هونەرمەندانـی کوردسـتانە و لـە هەمـوو چالاکییەکانـی یەکێتیـی نووسـەران و سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان و کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردی لـە هەولێـر ئامـادە دەبێت و پەیوەندییەکـی زۆر باشیشـی لەگـەڵ هەمـوو ئەدیـب و هونەرمەندانـی کوردسـتان هەیـە.


بـۆ نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و ڕەخنەگـری شـانۆیی کـورد، حەیـدەر عەبدولڕەحمـان، هـەر تەمـەن درێـژ و سـەرکەوتوو بیت بـۆ خزمەتـی ئـەدەب و هونـەری کـوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتـە ژیاننامـەی نووسـەر حەیدەر عەبدولڕەحمـان، لەسـەر داخوازیی مـن بـۆی ناردووم، سوپاسـی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# حسام بەرزنجی

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ حسام بەرزنجی

ناوی تەواوی( حسام سەید کەریم سەید زەمان)ە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی(گردعازەبان) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو شۆڕشگێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی گردعازەبان دەست پێ کردووە و لە قوتابخانەی(اربیل الاولی النموذجیة) تەواوی کردووە، خوێندنی دواناوەندیشی لە قوتابخانەی (متوسطة الجمهورية- ناوەندی کۆماری) تەواو کردووە، پاشان خانەی مامۆستایانی ساڵی ١٩٦٨- ١٩٦٩ تەواوکردووە، وەکو مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی دامەزراوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.



لە کۆتایی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ کە سەرکردایەتیی کورد ڕێک نەکەوتن لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای عێراق بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ ئازاری ساڵی١٩٧٠، ناوبراو دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان، لەوێش لە




**لە ئەکادیمیای کوردی کۆمەڵێك نووسەرو ڕۆشنبیری کورد لەگەڵ سینەماکاری نەمساوی(ئیدی هۆب شمید) کە بە یاوەریی نووسەر یوسف مەنتك میوان بوو لە کوردستان لە ١٢-٤-٢٠١٧**

قوتابخانەکانی شۆڕش وەکو مامۆستا دەوری خۆی بینیوە، پاش نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوە هەولێر و دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی وەکو مامۆستا.

لە ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٧ (إمتحان خارجي- تاقیکردنەوەی دەرەکی) دەکات و بڕوانامەی شەشی ئامادەیی وەردەگرێت و دەچێتە بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی موسڵ و لەساڵی ١٩٨٢ بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی بە دەست دینێت، وەکو مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی ناوەندی سەلاحەدین، دواتر لە ئامادەیی زۆزان درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات.


کۆچ و ئاسەوارەکانی لە دوو چیرۆکی
هەڵبژاردەی هێنری جێمز و حسام بەرزنجیدا

هەر لەگەڵ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بەشداری لە ڕاپەڕین دەکات و دەوری خۆی دەبینێت بۆ ڕزگار کردنی



میللەتەکەی، پاش چەند مانگێک لە دوای ڕاپەڕین بە تەواوی وازی لە کاری سیاسی هێناوە، لە ژێر ئاسمانی ئازادیدا چووەتە ناو جیهانی خوێندنەوەو نووسین.

لە ساڵی ١٩٩٥ خۆی و خانەوادەکەی ڕوویان لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، لەو کاتەوە تا ئێستا لەوێ نیشتەجێنە.

ناوبراو هەر لە کاتی لاوێتیدا خولیای زمان و ئەدەبی کوردی بووە، سەرەتا بە شیعری ئەو شاعیرانە دەستی پێ کردووە کە لە کتێبخانەکەی مامۆستا و پارێزەر سەید حەسەنی برای گەورەی خوێندووەتەوە لەوانە، شیعرەکانی هەردی



**لە لای چەپەوە: شاعیرو نووسەر ئیسماعیل تەنیا، نووسەر یوسف مەنتك، دکتۆرفەرهاد پیربال، هونەرمەند خالید شەیدا، نووسەر حسام بەرزنجی**

و پیربـاڵ مەحمـوود و عەلـی مەنمـی میرانـی و گۆڤـاری هەتـاوی مامۆسـتای کوردپـەروەر گیـوی موکریانـی و چەنـد بابەتێکـی فۆلکلـۆری و گەوهەرسـتانی دیوانـی شـیعر و چامـە کلاسـیکییەکان، کـە هەموویـان بوونەتـە بناغـەو سـەرچاوەیەکی پتـەو، هاندەریش بووینـە بـۆ چوونـە نـاو دنیـای خوێندنـەوە و نووسـین، هـەر کـە بەشـی ئینگلیـزی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی موسـڵی تـەواو کـردووە، ئاشـنایەتییەکی تـەواوی لـە زمانـی عەرەبی و ئینگلیـزی پەیداکردووەو دواتریـش کـە هاتووەتـە ئەڵمانیـا شـارەزایی لـە زمانـی ئەڵمانیـا وەرگرتـووە، بـە تـەواوی کەوتووەتـە نـاو دنیـای ئەدەبیاتـی جیهانیشـەوە، دەسـتی کـردووە بـە نووسـین لـە بوارەکانـی چیـرۆک و ڕۆمـان و وەرگێـڕان.

یەکـەم دەسـتپێکی نووسـینی حسـام بەرزنجـی لـە سـاڵی ١٩٦٨ بـووە ئـەو کاتـەی پارچـە پەخشـانێکی بـە ناونیشـانی(دواڕۆژی بەختیـاری) لـە بڵاوکراوەی (تیشـک) کـە خانـەی مامۆسـتایان ئـەوکات دەریدەچوانـد، بـە سـەرپەرشـتیی شـەهید نـوری ئیسـماعیل نانەکەلـی، هەروەهـا ئـەو کاتـەی لـە شـاخ بـووە سـاڵی ١٩٧٤ لـە گۆڤاری(دیـاری لاوان) کـە شـەهید جەمیـل ڕەنجبـەر و هاوڕێکانـی لـە شـاخ دەریـان دەکـرد، لـە ژمـارە یەکـی ئـەم بڵاوکرایـەوە بابەتێکـی بـە ناونیشانی(سـنووری سروشـتی جوگرافیـای باشـووری کوردسـتان) بڵاوکردۆتـەوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حیسام بەرزنجی، ڕەوانشاد محەمەد کەریم شەریف، شەهید ڕەجەب ئاکرەیی**



**لە ناوەڕاستەوە هێمن موکریانی، نووسەر ڕزگار شێخانی، شاعیر موحسین ئاوارە، شەهید مامۆستا سەعد، نووسەر و شاعیر قاسم شێروانی، ئەوانی دیکە نەناسراون**

حسام بەرزنجی دەیان وتار و چیرۆک و شیعر و کورتە پەخشان و کاری وەرگێڕانیشی لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، لەوانە:(گۆڤاری دیاری لاوان- لە شاخ دەردەچوو، نووسەری کورد، هاودەنگ، سەکۆ- کە مانگانەیەکی گشتیی سەربەخۆ بوو لە بەرلین دەردەچوو، گۆڤاری سبەی، هەفتەنامەی بەدرخان، نووسەری نوێ، گۆڤاری ڕامان و گۆڤاری دیوان).

ناوبراو کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- زەلیل- نۆڤلێت ساڵی ١٩٨٢، لە ساڵی نەوەدەکان لە لایەن تیپی هونەری کۆیە کراوە بە شانۆگەری لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر بۆ ماوەی چوار ڕۆژ نمایش کراوە و خەڵکێکی زۆر لە هونەردۆستان ئامادەی بووینە.

- کانگای بەڵا- ڕۆمان ساڵی ١٩٨٨.

- وێنە یەکتربڕەکان- لە حوزەیرانی ١٩٩٣ لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری -

کاروان(خولی ڕاپەڕین) بڵاوکراوەتەوە.

- نورینگ- ڕۆمان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر ساڵی ٢٠٠٦.

- گۆڕە درەوشاوەکان- ڕۆمان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی ٢٠٠٨.

- مرۆڤە کۆیلەکان- ڕۆمان لە ساڵی ٢٠١٥، ئەم ڕۆمانە لە لایەن نووسەرو وەرگێڕ عەبدولخالیق بەرزنجی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناو نیشانی( المستعبدون).

- لە ژوانی کۆڤیدەکاندا - ڕۆمان ساڵی ٢٠٢١.

- سایەبان، کۆمەڵە چامەیەکە و لەگەڵ کەشکۆڵی ئەدەبی و شیعر و ژیانی هەندێ لە ئەدیب و شاعیرانی خۆرئاوایە لە زمانی ئینگلیزی کردوویەتییە کوردی.

- کۆمەڵێک چیرۆک و هۆنراوە و داستانی لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

- شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا گۆران بە ناوی( ئافرەت و جوانی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

خوێندکار(میعاد محەمەد بارزانی) بڕوانامەی ماستەری لەژێر ناو نیشانی ( کۆچ و ئاسەوارەکانی) لە دوو چیرۆکی هەڵبژاردەی (هێنري جێمس و حسام بەرزنجی)دا لە ساڵی ٢٠٠٩ وەرگرتووە، وا هاوپێچم کردووە.

دکتۆر (حەسەن یوسف) لە کۆلێژی زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠٢٠ دکتۆرای لەسەر بەرهەمەکانی ڕۆماننووس حسام بەرزنجی وەرگرتووەو نامەی دکتۆرایەکەی بە ناونیشانی( ڕۆڵی بگێڕەوە لە ڕۆمانەکانی حسام بەرزنجی)یە، وا خەریکە لە کتێبێک بە قەوارەی (٣٠٠ ) لاپەڕە لە چاپی دەدات.

حسام بەرزنجیی ڕۆماننووس لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان چەند چاوپێکەوتن و دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی کوردستان کردووە لە وانە کەناڵی گەلی کوردستان کە شاعیر و نووسەر ئیسماعیل

























بەرزنجی سازی داوە، هەروەها هەر یەک لە میدیاکاران فەرەیدون سامان و حەمید بەدرخان و نووسەر و ڕۆماننووس سابیر ڕەشید دیمانە و هەیڤەپڤینی لەگەڵ ئەنجام داوە.

ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

حسام بەرزنجیی ڕۆماننووس، مرۆڤێکی هەست ناسک و بە سۆزە، زۆر

لە ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان لە نەهامەتی و شکستی و کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران، هەمووی کاری تێکردوون، لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە، ئەو بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و پاراو دەنووسێت، خوێنەر چێژی تەواوی لێ وەردەگرێت، نووسەرو وەرگێڕو زمانەوانی گەورەی کورد دکتۆرعەزیز گەردی لە پێشەکییەکەی کە بۆ چیرۆکی (زەلیل) نووسیویەتی دەڵێت:(لەم چیرۆکەدا، زۆرم هەوەس بەو کوردییە پاک و پاراو ڕەوانە هات کە نووسەر بە کاری هێناوە، کە خوێندمەوە بە ڕاستی هەستم کرد شتێکی کوردی دەخوێنمەوە، ئەو وشە نازدار و ئیدیۆمە ناسک و لە جێیانەی چیرۆکەکەی پێ گێڕاوەتەوە، دەمانباتەوە ناو مەجلیسی ڕەسەنی کوردەواری، هەست و سۆزمان پاراو دەکاتەوە، نووسەر وشەکانی کوردین خۆی لەو وشە داتاشراوە بە ناو کوردییانە دوورخستووەتەوە کە ئێستا لە هەندێ نووسیندا باون، داڕشتنی ڕستەکانی کوردانە و خۆمانەن و ئیدیۆمەکانی پڕ بە پێست و لە شوێنی خۆیان).

بۆ نووسەر و ڕۆماننووس حسام بەرزنجی هەر تەمەن درێژو سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ژیاننامە و بەرهەمەکانی ناوبراو لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم .



# حەسیب قەرەداغی

شێخی شاعیران ڕەوانشاد شێخ حەسیب قەرەداغی

لە عیرفان و سۆفیگەریدا میراتگری مەحوی بوو، لە کوردایەتیش سەر بە ڕێبازی حاجی قادری کۆیی بوو.

ناوی تەواوی(حەسیب شێخ عەلی شێخ عەبدولڕەحمان)ە، لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٩، لە گوندی (سۆڵەی چرچە قەڵا)ی ناوچەی قەرەداغی سەر بە شاری سلێمانی، لە خێزانێکی خوێندەواری بنەماڵەی شێخانی مەردۆخی لە دایک بووە.

هەر لە کۆنەوە زانای ئایینی و پیاوی ناسراویان لێ هەڵکەوتووە. ئەو لە کۆڕی مەلا و فەقێیان و مەجلیسی گەرم و بە چێژی شێخان و زیکرو تەهلیلەو حەلقەی دەروێشان گەورە بووە، گۆرانی بە سۆز و مەقام و موناجاتی دەنگخۆشان و دەف و شمشاڵ و نەی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کردوون، بیرو هۆش و گوێچکەی بە هۆنراوەکانی شاعیرانی ئێرانی سەعدی و حافزی شیرازی و شاعیرانی کورد نالی، سالم ، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، ئاشنا بووە.

لە سەرەتادا کە دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی، چونکە باوکی مەلا



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر حەسیب قەرەداغی، نەناسراوە**

بووە، ئەو خوێندەوار بووە، یەکسەر لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی دادەنێن، لە ساڵی ١٩٤٧ لە (مەحاویل)ی سەر بە پارێزگای (حلە- بابل) بووەتە قوتابیی خانەی مامۆستایانی دێهاتەکان، بەهۆی ڕووداوە سەرتاسەرییەکەی عێراق لە ساڵی ١٩٤٨ دژی (معاهدة پورتسموث) کە لە عێراق بە (الوثبة- ڕاپەڕین) ناسراوە، زۆر چالاکانە بەشداری لەو ڕاپەڕینەدا کردووە و بۆ یەکەم جار تێکەڵ بە کاروانی تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە، بەم هۆیەوە لە خانەی مامۆستایان دەرکراوە و گەڕاوەتەوە سلێمانی.

ساڵی ١٩٤٩ بووەتەوە بە قوتابیی قوتابخانەی ناوەندی لە سلێمانی بەهۆی کاری سیاسییەوە بۆی نەکراوە تەواوی بکات و بە ناچار گەڕاوەتەوە گوندی سۆڵە تا ساڵی ١٩٥٤ لەوێ ژیانی بردووەتە سەرو چەندین جار کەوتووەتە ژێر فشاری ڕاونان و ناچار بووە خۆی بشارێتەوە، دواجار هەر لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ ناو شار و لە ساڵی ١٩٥٥دا ژنی هێناوە و یەکەم لانەی هاوسەرێتیی لە سلێمانی پێکەوەناوە.

تا شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، چەند جارێک بۆ ماوەی کورت کورت زیندانی کراوە. لەگەڵ بڵێسەی شۆڕشدا ئەو دەبێتە یەکێ لە وتارخوێنەرەکان و ناودارترین شاعیری ئەو کات، هەربۆیە لەگەڵ کودەتای بەعەسییەکاندا لە ساڵی ١٩٦٣دا، دەستگیر دەکرێت و نزیکەی ٣ ساڵ لەگەڵ سەدان لاوی شۆڕشگێڕ و دەیان ڕۆشنبیرو شاعیرو نووسەرو سیاسەتمەدارانی گەورەی

کورد و عەرەبدا، لە زیندانی نوگرەسەلمان دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٦٥.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٦٩، لەگەڵ هاوسەر و هەرسێ کوڕو هەرسێ کچەکەیدا، بە دوورخراوەیی لە شاری بەغدا بە کولەمەرگی و کوێرەوەری، بەڵام بە سەربەرزی ژیان دەگوزەرێنێت.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا، لێبوردنێکی گشتی لە دەسەڵاتی بەغداوە دەرچوو، سەبارەت بەو کەسانەی بەهۆی سیاسییەوە لە مووچەخۆری میری دوور خرابوونەوە. حەسیب قەرەداغی پاش حەوت ساڵ زیندانی و دوورخستنەوە، بەر ئەو لێبوردنە دەکەوێت و بە فەرمانبەرێکی بچووک لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لە سلێمانی دادەمەزرێت.

لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٨٣دا، کەژاڵی کچی بەڕووداوێکی ئۆتۆمبیل و لەکۆتایی ١٩٨٤دا، بەهاری تازەنەمامی کچی بە نەخۆشییەکی کتوپڕی شێرپەنجە گیان لەدەستدەدەن و زام و خەمێکی قووڵ و فرە سەختیان لە قووڵایی هەست و بیر و سۆزی شاعیردا جێهێشت، کە تا دوا ڕۆژی تەمەنی، شوێن پەنجەیان هەم بەسیمای خودی خۆی و هەم بەسەر جیهانی هۆنراوەی و شیعر وئەدەبیاتەکەیەوە دیار و ئاشکرابوو.



، ڕەوانشاد مامۆستا عیزەدین فەیزی، ئەوانی دیکە نەناسراون.

لە ئێوارەیەکی تەڕوتووشی زستانی سلێمانیدا لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧ بۆ دواجار دڵی پڕ لە ژانی شێخی شاعیران، حەسیب قەرەداخی، لە لێدان کەوت و بۆ ڕۆژی دواتر لە گردی سەیوان لە سلێمانی بووە هاوڕێی تا هەتایی هەردوو جوانەمەرگەکەی کەژاڵ و بەهار!.

شاعیری نەمر، سێ کوڕ «خەبات»، «بەهات» و «ئازا»، کچێک بە ناوی«نیگار»، هاوسەرەکەی ناوی «عائیشە» لە دوا بەجێ ماوە.

حەسیب قەرەداغی یەکێکە لەو دەنگە شیعرییانەی کە گۆرانی شاعیر ڕێچکەی دانابوو، لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە شاعیری نەمر ئەحمەد هەردی و کامەران موکری دەتوانین بڵێین هەڵگر و پێشخستنی ئەم ڕێچکەیە بوون.

ناوبراو باوەڕە پێشکەوتنخوازەکەی خۆی تێکەڵ بە تراژیدیا و ناهەمواری و ئەو کارە دژوارییانەی دژی میللەتی کورد کراون لە لایەن حوکمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، ئەو چ بە شیعر چ بە هەڵوێستەکانی هەمیشە





**حەسیب قەرەداغی و منداڵەکانی**

ڕۆلی بەرچاوی هەبووە، قەسیدەی (هەلبشیما) کە بۆ قوربانیانی هەڵەبجەی نووسیوە، بەڵگەیەکی مێژووییە، پێویستە وەک دۆکۆمێنت بەکار بێت بۆ سەلماندنی جینۆسایدی کورد لەسەردەستی ڕژێمی دڕندەی بەعس، لە دادگا دووەلییەکان.

حەسیب قەرەداغی شاعیر شیعری بۆ هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی گەلی کورد هەر لە کیمیاباران و ئەنفال و کۆچڕەوییەکە نووسیوە، شیعری حەماسەتی بۆ فەلەستین و رزگاریخوازی گەلانی ژێر دەستەش نووسیوە، جگە لە بوارەکانی ئەوینی و دڵداری و وەسفی سروشت و جوانی کورستان، هەروەها شیعری بۆ منداڵان و بۆ شانۆ و دراما تەلەفزیۆنەکان و بۆ گۆرانی و سروودیش نووسیوە، زۆر لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کورد لەوانە(دیار قەرەداغی، سەلاح ڕەشید، عەدنان کەریم، ڕەوانشاد کاروان عوسمان، بورهان مەجید، عوسمان عەلی، هەندێ شیعری ئایینیشی لە لایەن




پەیکەری حەسیب قەرداغی


مۆسیقاژەنی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی ئاوازی بۆ دانراوە و کراونەتە گۆرانی). حەسیب قەرەداغی دیوانی(فەرهەنگی خەم) لە چوار بەرگ، چەند چامە و هۆنراوەیەکی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە ئەمانەن:


١-هەڵبشیما، ٢- من هیچ ناڵێم، ٣- هەوەل مەزات، ٤- شەو و گریان و مەرگ، ٥- کەژاڵی جوان، ٦- دووسەد ساڵەی سلێمانی، ٧- دیوانی فەرهەنگی خەم بەرگی١-٢-٣-٤ کە (٤٥٥)لاپەڕەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ مامۆستا(هەڵمەت عوسمان کاکل) لە زانکۆی کۆیە بڕوانامەی ماستەری لەسەر(وێنەی هونەری لە شیعری حەسیب قەرەداغی) دا وەرگرتووە و نامەکەی لە کتێبێکدا لە چاپداوە و بڵاوی کردۆتەوە وا هاوپێچم کردووە، هەروەها قوتابی تانیا ئەسعەد محەمەد نامەی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (دیاردەی خەم لە شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی) وەرگرتووە، ئەویش لە کتێبێکدا لە چاپی داوە، وا ئەویشم هاوپێچ کردووە.

شاعیری ئازا و بوێرو ڕێچکەشکێنی کورد قوبادی جەلی زادە دەربارەی






شاعیر حەسیب قەرەداغی دەڵێت:(چەند جارێک کە مێز کۆی دەکردینەوە،هەستم کرد بەتەواوی دیاردەی (پارۆدۆکس) کە مەبەستم ڕووخۆش و دڵخۆش و دەم بە پێکەنینە، بەڵام لە ناخیدا بریندار و دڵشکاو کۆست کەوتوو بوو).

نووسەر و ڕەخنەگر فوئاد مەجید میسری دەڵێت:(ساڵی ١٩٧٢ مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد بڕیاری دابوو فیستیڤاڵێکی شیعری کوردی ڕێک بخرێت، شێخ حەسیب قەرەداغی شیعرێکی نووسیبوو، گێڕانەوەی زۆربەی شاعیرانی کوردی وەکو نالی و مەحوی و گۆران و قانیعی تێدا بوو، جگە لە باسی کەرکووک و کوردستانیی بوونی کەرکووک، لێژنەکە بڕیاری دا نابێت ئەو شیعرە بخوێندرێتەوە).

ڕەئووف بێگەردی شاعیر و چیرۆکنووس سەبارەت بە کەسایەتیی حەسیب قەرەداغی دەڵێت:( لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ڕێگەی شیعرە جوانەکانییەوە(حەسیب قەرەداغی)یم ناسی، پاشان کە بووینە هاوڕێ لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازییەکەی زیاتر خۆشم ویست، لەسەرهەڵدانی شێوازو ستایلە نوێکەی شاعیری گەورەمان (گۆران)، حەسیب قەرەداغی بوو بە یەکێک لە شاعیرە کاراکانی ئەو ڕەوتە تازەیە، خۆشی بە زمانە پاراوەکەی گەشەی بەو ستایلە داو تا گەیشتە ئەو ئاستەی وەک شاعیرێکی نوێخواز بناسرێت.

ڕەخنەگری کورد عەبدولخالیق یەعقوبی دەڵێت:(حەسیب قەرەداغی خاوەن گوتارێکی شیعرییە کە تێیدا جۆرە عیرفانێکی مۆدێرن تێکەڵ بە هەستێکی نیشتمانپەروەری قووڵ ئەکاو دوا جار لە برینی ناخی خۆیەوە بە پرسی ڕزگاری نەتەوەیی ئەگا، شێخ حەسیب لە عیرفاندا میراتگری مەحوی و لە کوردایەتیدا سەر بە ڕێبازی حاجی قادری کۆییە).



حەسیب قەرداغی

لە ڕۆژی ٤-٣-٢٠١٩ وەکو ڕێزلینانێک بۆ شاعیر حەسیب قەرداغی، هەر دوو ڕەخنەگری کورد (ڕێبوار سیوەیلی و عەبدولخالیق یەعقوبی) کۆڕێکی ڕەخنەی ئەدەبییان لەسەر کۆشیعری (فەرهەنگی خەم) لە هۆڵی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر ڕێکخستووە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدەبدۆستان و ڕۆشنبیران.

لە ٢٤-١١-٢٠٢١ (یەکەمین دیداری شێخی شاعیران حەسیب قەرەداغی) لە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر بەستراوە، خانەوادەی شاعیر حەسیب قەرەداغی ڕێزیان لە نووسەر و شاعیر عەبدولڕەحمان فەرهادی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر ناوە، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.

لە سلێمانی پەیکەرێک بۆ شاعیر حەسیب قەرەداغی دانراوە، ئەگەر سەهوو نەبم لەسەر ئەرکی بەڕێز فاڕوقی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵ دروست کراوە.



**لە لای ڕاستەوە: ئازای کوڕی حەسیب قەرەداغی، نووسەرو شاعیر عەبدولڕەحمان فەرهادی.**

لە ١٧-٦-١٩٨٤(کەژاڵ)ی کچی شاعیر حەسیب قەرەداغی بە ڕووداوی کارەساتی ئۆتۆمۆبیل کۆچی دوایی کردووە... لە ٣-١٠-١٩٨٤ دا (بەهار)ی کچی لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا بە دەردێکی کوشندە کۆچی دوایی دەکات، واتە لە ماوەی ساڵێکدا دوو جار جەرگی سووتاوە، زۆر کاری تێ کردووە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی، بۆیە لە ١٠-٧-١٩٨٤ بە پارچە شیعرێک هەردووکیان دەلاوێنێتەوە، وا بۆتانی دەینووسمەوە:

**یادێکی کەژاڵ**

لەسەر پەنگاوی خەمی من،
چەرخی چەپگەردا، کوا دەرگایە؟
با سەر بکاو هەڵبڕێژم هەرچییەکم لە دڵدایە!
جار جار ئەشڵێم،
با خەمی خۆم هەر بۆ خۆم بێ

خۆ کەس بە دەنگمەوە نایە
کە دەردەکەم وا گرانە و سەقامگیرە لە ناخمدا
ئەشیا ببم بە قەقنەس و ئیتر نووزەم نەهاتایە
لە جیاتی وەی بە باوکی خەم بانگم بکا
ئەبوو گەردوون
لە کۆچە ڕێی ئەم عومرەدا
گۆبەندی وای نەگێڕایە
لە دوای مردن، دەست لێ شتن
ئەدات بەسەر بیر و هۆشا
بەڵام جێگەی شانازیمە
دەستە چیلەی خەمەکانم
لە ئاگردانی پاکانی ئەم دنیایە
بۆن و بەرامەی ئازاری،
جگەر سووتاوانی تیایە
پەیامی سۆز و ئەشکەنجەی هەموو مەسیحێکی لایە!
ئەی مەرهەمی سەربرینی باوکە جگەر سووتاوەکەت
(بەهار)ە کەم تۆ بۆ مردیت؟
(کەژاڵ)ی جوان بێ هاودەم بوو وا بۆ لای خۆی
بەم پایزە بانگی کردیت؟!

*********

شیعرێکی تری شاعیر حەسیب قەرەداغی کە بۆ شاری سلێمانی نووسیوە

ئەی شارەکەم...
ئەی شارە، کەم بەهارەکەم!!

لەو ڕۆژەوە، منیش شەیدای چاوەکانتم
گۆرانیم تۆی، هەڵبەستم تۆی
کۆڵانێکی سابونکەران
کووچەیەکی کانێسکانت،
سوڵتانم نایدەم بە یەڵدزت!
کیسرا نایدەم بە هەیوانت!!
ئەی ئەو شارەی دووسەد دەرەی زامت بڕی!
ئەی ئەو شارەی دڵی مێژووت لە ئەیلوول و حوزەیراندا بە چنگ دڕی!
ئەی ئەو شارەی کە دەروونت دەکرێتەوە، میهرەبانی!
بووکێکی زۆر خان ومانی
کە ناوچاوت دێنیتەیەک
بوومەلەرزەیت و بورکانی !!
ئەی شارەکەم! تۆ، بێ تەختی
من، بێ بەختم!
ئیمام نوێژی ناڕەوایە
کەچی من بانگی ناوەختم!
ئەی شارەکەم!
تۆ هەر شار نیت، سەری شاری!!
دووسەد ساڵە لەگەڵ لوورەی ڕەشەبادا
دەجەنگێت و هەر تۆ سووڕای!
خۆت کاروان و خۆت هەواری!
ئەی شارەکەم
تۆ هەر شار نیت، شاری شارانی!
ئاسمانیشت لێ زیز بێت
خۆت فریشتەی و خۆت بارانی

ئەی شارەکەم سلێمانی!!

ڕەوانشاد شێخی شاعیران حەسیب قەرەداغی (فەرهەنگی خەمی) لە چوار بەرگدا بۆ بەجێ هێشتووین کە پڕاوپڕە لە خەمی خۆی و خەڵک و خاک و نیشتمانەکەی.

بۆ شاعیر حەسیب قەرەداغی ڕوحت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت، دوا مەنزڵگات بەهەشت بێت و تەمەندرێژی و سەرفرازیش بۆ نەوەکانت.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- ڕووداو فلیمێکی دۆکیۆمێنتاری لە ئامادە کردن و پێشکەشکردنی شادی عەبدوڵلا لە ٤-٧-٢٠٢١.

٢- کوردی زانست.

٣- کوردیپیێدیا.

٤- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.


٥- Wikiwand

٦- Youtybe لە ١٧-١١- ٢٠٢٠.

٧- Youyube لە ٣-٣- ٢٠١٨.

٨- Youyube لە ١٣-١٢-٢٠٢١.

٩- زانیاری و نووسینی دارشتنی خۆم.



# زوهێر عەبدولمەسیح

شانۆکار و دەرهێنەری شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح

ناوی تەواوی(زوهێر عەبدولمەسیح ئیلیا)یە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی خوێندەوار و کوردپەروەر لە دایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی مامۆستا بووە گواستراوەتە شارۆچکەی(ئەلقۆش)، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، دواتر گەڕاونەتەوە هەولێر خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا و ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٣ تەواوی کردووە.

زوهێرعەبدولمەسیح هێشتا هەر قوتابی بووە، بۆ یەکەمین جار لە شارۆچکەی عەنکاوە کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەریی(مۆمدانی مەتران) لە نووسینی ڤیکتۆر هیگۆ کردووە، ساڵی ١٩٧٠ کە بەشی نواندن لە بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا دەکرێتەوە، هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە لەم ڕادیۆیە کار دەکەن لەوانە (ئەحمەد سالار، فەرهاد شەریف، تەڵعەت سامان، شەماڵی عەبە ڕەش، بەدیعە دارتاش، هاشم عەلی مەندی و ئیبراهیم سەلمان).



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خەلیل وەندی، هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح، ڕەوانشاد ڕەسوڵ بێزار گەردی، نە ناسراوە، هونەرمەند ناسر حەسەن.**

ناوبراو ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار بەشداری لە نواندنی درامای(نەفرەت لێکراو) دەکات کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ڕەوانشاد تەڵعەت سامان بووە و بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا بەرهەم هێنراوە، هەر لەو ماوەیەشدا کە لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا کاری کردووە بووەتە یاریدەدەری دەرهێنەری تەلەفزیۆنی و چەند درامایەکی تۆمار کردووە لەوانە:(لانەوازان، مەرەزە، خولەی چەخماخە).

لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای عێراق ڕێک نەکەوتن بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئازار ساڵی ١٩٧٠، ئەو ڕوو لە شاخ دەکات و دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان، لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش وەکو دەرهێنەر لە(ڕادیۆی دەنگی کوردستان) دەست بە کار دەبێت، ئەو کات شەهید عەبدولخالیق مەعروف سەرپەرشتیی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی دەکرد، پاش نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوە شاری هەولێر.



هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاری دەرهێنانی هونەری بۆ چەندین شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی و تەمسیلییەی کردووە لەوانە: جەنابی جانەوەر، تاپۆ حەقی چییە...هتد).

ناوبراو هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ەوە، لەو ڕادیۆیەی کە ئێزگەی بەغدا لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان دایمەزراندبوو، کارمەند بوو وەکو دەرهێنەر و سەرپەرشتیی هەموو کارە هونەرییەکانیشی دەکرد، هەروەها کلیپی بۆ چەندین گۆرانیی گۆرانیبێژانی کوردستان بەرهەم هێناوە لەوانە بۆ گۆرانیبێژی نەمر تەحسین تەها.

هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح پاش ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٣ کاری



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس و میدیاکار بەهادین جەلال، هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح.**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بەڕێز عەبدولهادی العلیوی، زوهێرعەبدولمەسیح.**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح، هەردوو برای هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح بەڕێز جەوهەر و بەڕێز فائیز.**



**له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار، نووسەر و میدیاکار کەمال ڕەئوف، هونەرمەند خاتوو بەدیعە دارتاش، هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح**



**زوهێر عەبدولمەسیح لەگەڵ منداڵێک**



**زوهێر عەبدولمەسیح، بەڕێز مسەدەق بەرزنجی**

دەرهێنانی بۆ یەکەم فلیمی کوردی بە ناوی(گەڕانەوە) کردووە، لە نووسینی یوسف حەسەن زێڕۆ و لە دیانا وێنەکانی گیراوە و لە تەلەفزیۆنی کوردستان پەخشکراوە، هەروەها فلیمی(معطف نسرين- پاڵتۆکەی نەسرین) کە لەبیرۆکەی شەهید دڵشاد مەریوانی وەرگیراوە و هونەرمەندی گەورەی کورد ناسر حەسەن تەمسیلی کردووە و هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح دەرهێنانی بۆ کردووە، ئەو فلیمێکی بە زمانی سریانی بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کورستان لە(ئەلقۆش) دەرهێناوە، وەکو ئەکتەریش لە فلیمی (مثلث الموت- سێگۆشەی مردن)بەشداری کردووە، لە فیستیڤاڵی یەکەمی نێودەوڵەتی لە هەولێر خەلاتی یەکەم ئەکتەری

وەرگرتووە لە تەمسیل کردنی لە فلیمی(مثلث الموت- سێگۆشەی مردن) کە لە بەنداوی (بێخمە) وێنەکانی گیراوە.

هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە، لە وڵاتی سوید نیشەجێبووە، دواتر گەڕاوەتەوە هەولێر و بووەتە کارمەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، ئەو خزمەتێکی زۆری بە هونەری شانۆ و شانۆگەری و درامای کوردی کردووە.

لەم دواییەدا هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح تۆزی نەساغ بوو، داوای ساغ و سەلامەتی بۆ دەکەین و هەر تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- کوردیپێدیا.

٢- Youtube ئەرشیفی بەڕێز ئەمیر کەبابچی.

٣- لاپەڕەی فەیسبووکی هەولێر شارە شیرینەکەم - ڕەوانشاد کاکۆ قەساب.

٤- لاپەڕەی فەیسبووکی هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سەباح ڕەنجدەر

شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس سەباح ڕەنجدەر

ناوی تەواوی(سەباح سابیر حەسەن)ە، لە ١٨-١١-١٩٦٥ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولیر تەواوکردووە.

سەباح ڕەنجدەر هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، چووەتە ناو واقیعێکی نووسیندا کە بە دوای ڕووناکی و نهێنیدا وێڵە، لە واقعێکی زەینیشدا مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکات.

سەباح ڕەنجدەر بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکان هەژمار دەکرێت، ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی کە جیاواز دەنووسێت و دەیەوێت جیاواز بێت، ئەو شاعیرە زیاتر لە (٣٠) ساڵە بە پشوویەکی زۆر درێژ دەنووسێت و شوێن پەنجەی خۆی لە نێو پانتایی شیعری نوێخوازی کوردی کردۆتەوە، هەرگیز خۆی باسی ئەو جیاوازییە ناکات، بەڵام کاتێک خوێنەر دەقی شیعرەکانی دەخوێنێتەوە هەست بەم جیاوازییە دەکات، شیعرەکانی سەباح ڕەنجدەر خوێنەری تایبەتیی خۆی دەوێت کە بە قووڵی بیخوێنێتەوە و تێی بگات و چێژی لێوەربگرێت، دەقەکانی شیعری ئەم شاعیرە پڕن لە جیاوازی و یاخیگەری و دژە باو لە ناو خودی ژیاندا، ئەو خۆی دوورە



له لای ڕاستەوە: دڵزار حەسەن، نەوزاد عەلی ئەحمەد، شەفیقی حاجی خدر، سەباح ڕەنجدەر، عومەر فەرهادی، سمکۆ محەمەد، سابیر ڕەشید.

پەرێز گرتووە لە هەندێ کۆت و بەندی نووسین بە تایبەتی ڕێزمان و هەندێ مەرجی دیکەی نووسینی کوردی.

سەباح ڕەنجدەر لە ماوەی سی ساڵدا زیاتر لە (٢٥) کتێبی شیعری و ڕۆمانە شیعری نووسیوەو دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، لەوانە:(زێوان – ڕۆمانە شیعر ١٩٨٨، ڕووەکەکانی خوداوەند- شیعر ١٩٩٩، خەون وا خۆی گێڕایەوە- شیعر ٢٠٠٤، شەڕی چل ساڵە- شیعر ٢٠٠٥، سەد و یەکشەوە- شیعر ٢٠٠٨، مردوویەک ئاگای لە هەمووانە- شیعر ٢٠٠٨، ساڵی سفر- شیعر ٢٠١٠، سروودی زەوی -شیعر ٢٠١٢، سی ساڵ شیعر- بەرگی یەکەم و دووەم ٢٠١٢، حەز دەکەم ئەوەندە بژیم- شیعر ٢٠١٥، دواکەوتن لە کەشتی نوح- شیعر ٢٠١٨، دیوانی سەباح ڕەنجدەر بەرگی یەکەم و دووەم کۆبەرهەمی شاعیر ٢٠١٨، چوار کتێب لە بارەی شیعرەوە گوتار و بیروڕای ئەدەبی ٢٠١٩، بەهاو هەڵەی پێشبینییەکان- شیعر٢٠١٩، سەرەتا وشە بوو- شیعر ٢٠٢٠، ئەزمون وەک ئاخاوتنێک لە ناو ژیان ٢٠١٤، بارانی موحەبەت ٢٠١٠، سەرزەمینی هەموو ناوەکان، عەشق جوانترە لە

مردن بە هاوبەشی لەگەڵ ناڵە حەسەن، نامەی نێوان ئەدیبان ٢٠١٧).

لە دانیشتنێکی تایبەتی شاعیر سەباح ڕەنجدر لەگەڵ چیرۆکنووسی گەورەی کورد محەمەد مەولود(مەم)، پاش گفتوگۆکردن دەربارەی شیعرو ئەدەب، مەم لێی دەپرسێ: تەمەنت چەندە؟ ئەویش دەڵێت: ١٩ ساڵ، مەم پێی دەڵێت: تەمەنی ڕۆشنبیریت پێش تەمەنت کەوتووە، ئومێدی زۆرم بە لاوی وەکو ئێوە هەیە کە باری ئەدەبیمان بەرەو داهێنان ببەن.

سەباح ڕەنجدەر زۆر هاتوچۆی پرۆفیسۆر مارف خەزنەداری کردووە، ئەو زۆر هانی داوە کە لە سەر ڕێچکەی خۆی بەردەوام بێت و گوێ نەداتە کەس، دەربارەی کتێبی (زێوان) پێی وتووە ئەمە چامە نییە، بەڵکو ڕۆمانە شیعرە، پاش چەند ساڵێک لە ساڵی ٢٠١٢ دکتۆر عەبدوڵڵا ڕەحمان لە کتێبێکیدا بە ناوی(ڕۆمانە شیعرو مێژووی سەرهەڵدان)، (زێوان)ی سەباح ڕەنجدەری بە یەکەم ڕۆمانە شیعری کوردی دەستنیشان کردووە.

سەباح ڕەنجدەر لە خەمخۆریی خۆی و وەفاییەک بۆ شاعیری گەورەی کورد جەلالی میرزا کەریم کۆمەڵێک لە شیعرە جوانەکانی کۆکردووەتەوە و لە کتێبێک لە دەزگای سەردەم ساڵی ٢٠١٢ لە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە بە ناوی(ڕووانینەکانی چاوی شەقام)، لەگەڵ نووسینەکەدا هاوپێچم کردووە.



**لە ڕاستەوە: سەباح ڕەنجدەر، د. شوکریە ڕەسوول، سابیر ڕەشید.**



لە ڕاستەوە:سەباح ڕەنجدەر، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، هاشم سەراج،

سەباح ڕەنجدەر ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.


بۆ شاعیر و نووسەرو رۆژنامەنووس سەباح ڕەنجدەر هەر ساغ و سەلامەت بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیری نوێخواز سەباح ڕەنجدەرتان بۆ دەنووسمەوە:



لە لای چەپەوە: سەباح ڕەنجدەر، ئەوانی تر نەناسراون























**لە ئاوێنەی تاریکەوە...سەباح ڕەنجدەر**

بە دەشتێکی ناسراو دەچوومە هەڵبژاردن

کە نان و ئاو لەم دەست و ئەو دەستی دانراوە

بەرازی لمووزڕەشی شێرپەنجە ڕێگای پێ گۆڕیم

من بە ڕێگای سێبووری و خەلوەتی دڵ دەڕۆم

ئەویش بەو ڕێگایە دێ

لە شینایی دەریاوە ڕێگای بۆ هاتووە

تێکەڵی بایەک دەبین
خەون و بیرەوەری شێدار کردووین
وا نزیکە ببییە نەبینراو
چی ما بە لێوی گەرم ماچی بکەم
ماسییەکی زمانگران
فڕێ دراومەتە بەردەڵانێک کەس بە لایدا ناچێ
ڕووەکان دەبینێت
خەتە جۆتەکەی کێلات
شیری گوڵە گەنمی لە ناو لەپی منداڵانمان ماوەتەوە
شاعیرێکم بەدبەختی ڕەها
ژننەخۆش
سێبەری لێلی بێهیوایی گەمارۆی داوم
ئەی شیعر شیری دایکی خودام خواردووتەوە دڵم ڕاگرە

١٧-١١-٢٠٢١.

سەرچاوەکان:

١- سایتی هەولێر- وتارێک بە ناونیشانی(تێرامانەکان) نووسینی ئارام کۆشکی لە ١٧-٨-٢٠٢٠.

٢- دەنگەکان- ماڵپەری ئەلیکترۆنی - پارچە شیعرێکی شاعیر لە ١٧-١١- ٢٠٢١.

٣- زەمەن مەگەزین لە ٥-١٠ ٢٠٢٠.

٤- گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە ٣٧ ساڵی ٢٠١٦ دەربارەی کۆشیعری ساڵی سفر.

٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# مەسعود پەڕێشان

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەسعود پەڕێشان

ناوی تەواوی(مەسعود کوڕی مەلا جەوهەری هێلەوەیی)یە، لە ١٤-٧-١٩٥٨ لە گوندی (ئۆمەرەسۆر)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە نزیک شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر و ڕۆشنبیر لە دایک بووە، باوکی ئیمام و وتارخوێنێکی بەناوبانگی شاری هەولێر بووە، مەسعود پەڕێشان و هەموو براکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو کەش و هەوایەی کە لە ماڵەوە پێی پەروەردە کراون، بۆیە هەر هەموویان توانیویانە زۆر پوختە خۆیان پێبگەیەنن، هەر کەسە لە بواری کار و پسپۆری خۆی.



شاعیر و نووسەر مەسعود پەڕێشان لە کاتی شیعر خوێندنەوە

مەسعود پەڕێشانی شاعیر هێشتا هەر قوتابی بووە لە ئامادەیی کوردستان سەودای خوێندنەوە و ئەدەب و شیعر نووسین بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو لەگەڵ هاوپۆلەکانی هەر یەک لە(سابیر ڕەشید و کەمال سەعدی و شاعیری



**له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو**

ڕەوانشـاد ئەبوبەکـر خۆشـناو و مەوجـود سـامان و نـەژدەت ئاکرەیـی) بـە هاوکاریی مامۆستای زمانی کوردی(ئەمینە فەندی)، گۆڤارێکی ئەدەبییان بە نـاوی(کاروان) دەرکـردووە، کاتبی قوتابخانـەی ئامادەیـی کوردسـتان(کەیفی باپیرە شـەل) بە ستێنسـل بۆی ڕاکێشـاون و بڵاویان کردووەتـەوە، ئەو کات نسـکۆی شۆڕشـی کـورد لـە ئارادا بـووە ئـەم گۆڤـارە دەنـگ و سـەدایەکی زۆری هەبـووە لـە نـاو قوتابیـان و ڕۆشـنبیرانی شـاری هەولێـر.

مەسـعود پەرێشـانی شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـۆ یەکـەم جـار لەسـەر شـانۆی هۆڵـی خانـەی مامۆسـتایانی هەولێـر لەگـەڵ هەنـدێ قوتابـی دیکـە شـیعری خوێندووەتـەوە و بەشـدار بـووە لەو چالاکییانەی کە پەروەردەی هەولێـر ڕێکیخسـتبوو.




**له لای ڕاستەوە: شاعیر نووسەر مەسعود پەرێشان، شاعیر و نووسەر نازم دڵبەند**

مەسـعود پەرێشـان یەکـەم شـیعری لـە ٢٨-٢-١٩٧٤ بڵاودەکاتـەوە، نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و ڕەخنەگـری گـەورەی کـورد ڕەوانشـاد




له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان، نووسەر سەفەر کەریم هاواری

مەحموود زامدار کە دەبیستێت و دەیخوێنێتەوە وا دەزانێت شاعیرێکی بە تەمەن و گەورەیە، کە مەسعود پەرێشان دەبینێت، پێی دەڵێت:(غەددار باب ئەوە شیعری تۆ نییە، مەسعود پەرێشانیش پێی دەڵێت: شیعری خۆمە ئەگەر باوەڕ ناکەی تاقیم بکەوە، دیارە لە تاقیکردنەوەکە سەرکەوتوو دەبێت، بۆیە دیسان پێی دەڵێت: غەدادر باب هی خۆتە و تۆ شاعیرێکی بە بەهرە و توانایت، ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەکات و هەر ئەو هاندانەی مەحموود زامدار بووە گڕ و تینی داوەتە مەسعود پەرێشان بۆ چوونە ناو دنیای شیعر و نووسینەوە).

مەسعود پەرێشان شیعری بۆ نیشتمان و جوانیی سروشتی کورستان و ئەڤینی و ئێش و ئازاری تاکی کورد نووسیوە، هەر لە سەرەتای حەفتاکانی



له لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان، ڕەوانشاد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ




سەدەی ڕابردوو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی سەدان پارچە شیعر و وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، کۆمەڵیک بەرهەمی لە شیعر و وەرگێڕان بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

- دیوانی شیعری(هەنگاو کەویت ناکات) کە یەکەمین دیوانی شیعرییەتی لە ساڵی ١٩٧٧-١٩٧٨ لە چاپخانەی زانکۆی بەغدا بە چاپی گەیاندووە، ئەو کات بە یەکەمین شاعیری کوردی لاو هەژمار کراوە، دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبووە و چەندین نووسەر و ڕەخنەگر وتار و لێکۆڵینەوەی ئەرێنییان لەسەر نووسیوە.
- دیوانی شیعریی (سابات) لە ساڵی ١٩٨٩ بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ و قەشەنگ لەسەر کاغەزی (ئارت) لە چاپی داوە کە وەرچەرخانێکی گەورە بووە لە شیعری ئەم شاعیرە.
- دیوانی شیعری بە ناوی (مانگە شەو) لە ساڵی ٢٠١١ لە چاپی داوە، کە زیاتر لە(١٠٠) لاپەڕەیە دەتوانرێت بە داستانی شیعری پێناسە بکرێت.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بەکر مەعروف، نووسەر و شاعیر مەسعود پەرێشان، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی**



**لەلای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان، نووسەر ئەسکەندەر جەلال**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهائەدین جەلال، دکتۆر شوان یابە**

- دیوانی(خونچە شیعرەکانی مەسعود پەرێشان) کە بریتین لە شیعری کورتیلە کە لە هەندێک شوێن بە (هایکۆ) دەناسرێت یان هەندێکی دیکە پێی دەڵێن وێنەی شیعری، کە لە بنەڕەتدا ئەو کورتیلە شیعرە ناوازانە ناوەڕۆکێکی چڕو پڕیان لە خۆگرتووە، لە ساڵی ٢٠١١ بە چاپی گەیاندووە.
- دیوانی شیعریی(هەرزوویی وەرزی جوامێری)کە بریتین لە شیعرە درێژەکانی شاعیر مەسعود پەرێشان، لە ساڵی ٢٠١١ لە چاپ دراوە.
- کتێبی(ئەو شاعیرەی بۆ کورد ژیا)لە ساڵی ١٩٩٩ بە چاپی گەیاندووە.

ئەو بەرهەمانەشی ئامادەنە بۆ لە چاپدان:




- کتێبێکی گەورەی هزری نووسیوە کە بە قەوارەی(٥٠٠) لاپەڕەیە، باسی ئەزموونی ژیانی خۆی و کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دیکە، هەوڵێکی خۆیەتی لە بارەی ژیان و مەرگ و زۆر لە ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی تێدا ڕەنگی داوەتەوە.









- دیوانێکی شیعریی خۆی ئامادەیە بۆ چاپ، لەگەڵ دیوانێکی دیکەی شیعریی جیهانی وەرگێردراو کە (١٠٠) شاعیری بیانی لە خۆگرتووە.
- ڕۆمانی(حەسەنە شێت) لەبەر دەستدایە کە ئێستا لە قۆناغی تەواو بوونە.

شاعیر مەسعود پەرێشان لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە، تا ئێستا ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە، ئەوان سەرەڕای قەیرانی دارایی و پشتگیری و هاوکاری نەکردنیان لە ڕووی داراییەوە، بەڵام هەر بەردەوامن لە چالاکییەکانیان بە بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕێزلێنانی شاعیر و نووسەران و نمایشکردنی کتێبی نووسەر و ئەدیبانی شاری هەولێر و دەوروبەری.

بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس مەسعود پەرێشان هەر سەرکەوتوو بیت لە شیعر و نووسینە بە تام و چێژەکانت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کورتەیەک لە ژیانی شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢- بەرنامەی ژیان لە فەرهەنگدا کە دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووس بەلێن ساڵحە و لە ماڵپەڕی VOA لە ٣٠-١٠-٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.
٣- زانیاریی نووسین و داڕشتنی خۆم.



# بۆتان جەلال

شاعیر و نووسەر و توێژەر ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ بۆتان جەلال

شاعیر و ڕۆژنامەنووس بۆتان جەلال لە ڕۆژی ٢٢-٥-١٩٦٢ لە گوندێکی دەوروبەری شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.

مامۆستا بۆتان جەلال هەرچەندە دەرچووی بەشی زمانی عەرەبییە، بەڵام ئەو هەر لە منداڵییەوە سەودا و خولیای زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی نووسینی کردووە، تا دوا جار ساڵی ١٩٨٤ یەکەمین نۆبەرەی بەرهەمی خۆی کە پەخشانە شیعرێک بووە لە گۆڤاری (ئاسۆس) بڵاوکردووەتەوە.

بۆتان جەلال هەر شاعیر و توێژەر و وەرگێڕ نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی زۆر بە توانایە، لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ ەوە، تاوەکو ئێستا بە بێ ڕاوەستان لە خزمەتی کاری رۆژنامەگەریدا بووە، نزیکەی زیاتر لە (٣٠) ساڵە لە ڕۆژنامەی(برایەتی)ی پێشان و (خەبات)ی ئێستا وەک نووسەرو دەستەی نووسەران دەست بە کار بووە، دەیان ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و

بابەتی هەمەجۆری تێدا بڵاوکردووەتەوە.

بۆتان جەلال شیعر بە تاکە سەوداو ئارەزووی خۆی دەزانێت و هەمیشە خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئەو هەموو کات هەوڵی داوە لە شیعرەکانی، ژیان لەبەر چاوی خوێنەران و ئەدەبدۆستان جوانتر بکات.



بۆتان جەلال بە جلی کوردی

ناوبراو لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، سەرەتا وەکو هەر لاوێک و هەرزەکارێک بە شیعری ئەڤینی و دڵداری دەستی پێ کردووە، دواتر بە قووڵی چووەتە ناو دنیای شیعر و شیعری نوێخوازی، یەکەم دیوانی شیعری بە ناوی(جێمان) بووە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر لە بوارەکانی فەلسەفە و ئایین و مێژوویی و جوانیی سروشت، تا بووەتە خاوەن شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی، ئەویش لە کۆمەڵە شیعری(درەختە تینووەکانی نیشتمان) بە ڕوون و ئاشکرا دیارە.

بۆتان جەلالی شاعیر کۆمەڵێک نووسینی، لە توێژینەوە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، جگە لە چەند کۆمەڵە شیعر و هەندێ بابەتی دیکە کە چاپی کردوون، لەوانە:

- جێمان- کومەڵە شیعر - چاپخانەی شەفەق، بەغدا ١٩٩١.
- کەللە پوچ- پێنج دەقی شانۆیی جیهانی - وەرگێڕان، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١١.
- ڕۆژە تاریکەکان و شەوە ڕووناکەکان - شیعر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٣.
- ئاوێنەکانی ڕۆژهەڵات- شیعر، دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٦.
- شاعیر و نووسەری جیهانی، لێکۆڵینەوە، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠١٤.

- السادن فی رحاب المغامرة- شیعر - وەرگێڕان، هەولێر ٢٠١٠.
- درەختە تینووەکانی نیشتمان- شیعر چاپخانەی تاران ٢٠٢١.
-کۆمەڵە شیعری ( لە بێهوودەییەوە ئومێدم لێ دەڕژێ) ئامادەیە بۆ لە چاپدان.

لە ڕۆژی ١٦-١١-٢٠٢١ لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بە ئامادەبوونی ئەدیب و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، کتێبی شیعری (درەختە تینووەکانی نیشتمان)ی شاعیر بۆتان جەلال نمایش کراوە.

ناوبراو لە ژیانی ڕۆژنامەگەری خۆی کارەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە، هەر لە ساڵی ١٩٩٣ەوە، کە دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەی (برایەتی) جاران و (خەبات)ی ئێستا داوایان لێ کردووە دەست بەکار بێت تا ئێستا زۆر چالاکانە بەردەوامە، ئەو ڕۆژنامەی (خەبات) بە ماڵی دووەمی خۆی دەزانێت.

بۆتان جەلال ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێرو ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی فیدرالی عێراقە، سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری




**لە لای ڕاستەوە: یاریزانی هەڵبژادەی تۆپی پێی عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕەوانشاد ئەحمەد ڕازی، شاعیر بۆتان جەلال**




لەلای ڕاستەوە: شاعیر مەسعود پەریشان، شاعیر بۆتان جەلال لەکاتی پێشکەش کردنی کۆڕێك

و کۆمەڵایەتیی وەرزشـوانانی کوردسـتانە.

بـۆ شـاعیر و توێـژەر و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ بۆتـان جـەلال هـەر سـەرکەوتوو و قەڵـەم بە بڕشـت بێت بۆ خزمەتی شـیعر و ئـەدەب و زمانی کـوردی.

وا دوو پارچـە شـیعری شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس بۆتـان جـەلال- تـان بـۆ دەنووسـمەوە:

لەماڵێکی خانەدان قسـەیەکم جێهێشتووە

خۆت بە نساری سێبەرەکەمەوە بگرە

نەبادا لە تەمتومانی شەرابی سووری تەمەنم نغرۆببی

ژنێک لەسەر مانگ بەدیار تریفەکەیەوە خۆی ڕووت

کردۆتەوە

پیاوێک لەناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەدا

چاو لە ڕووناهی ئەستێرەیەکی ڕاکشاو دەگێڕێ


مەلەکان


شاعیر بۆتان جەلال بە خێزانەوە لە تەوێلە ناوچەی هەورەمان،

بەسەر سەری ئەسپە شێکانەوە دەفڕن
هیچ ئەسپێک ماڵی خۆی نادۆزێتەوە
شاسوارێک نەبێ ئاگای لە هەواڵی هەموومان هەیە
چاویلکەی کچێک گەواهی ئەوەی دامێ
سبەی لە ژوانی ژێر سێبەری درەختێکدا
گەڵاکانی بۆم دەکاتە دیاری یادگاری
من چیم ماوە لەم ژیانە
ئێستە لای من تەنیا ڕووبارێک شەراب و
دارستانێک ژن و
لەم شارە ئاڵۆسکاوە بە کانزا نامۆکان
کە ملیۆنێک دیوار و
یەک پەنجەرەی تیایە
خۆمی لێ ئاشکرا بکەم
بانگەوازی پیاوەتی خۆمی لێ بدرکێنم

تەنیا لەماڵێکی خانەدان نەبێ
کە مۆزەخانەی مێژووە
کتێبێکی پڕ لە حەرفی وەفایە
ڕەشماڵێکی گەورەی پڕ لە چرایە
لە ناو ئەو ماڵە خانەدانە نەبێ
دڵم هەمیشە تەنگە و
ڕووناکی خوام لێ هەڵنایە
تەنیا یەک ماڵی خانەدان
یەک ماڵی خانەدان
لەو ماڵە قسەیەک و بەڵێنێکم جیهێشتووە.
**********
دڵی لە ئاسمان گەورەترە
ئەی خودایە
عەشق چەندە مەزنە
هەر کە هێلانەی لە ناو دڵێک دانا
دنیا یەکپارچە هەمووی
دەبێتە حەزێکی قورمزی و موتفەڕکێکی پیرۆز
هەر دە پەنجەی دەستەکانمت بۆ دەکەمە پەیژە












له نووکی پەنجەیەکەوە تا دەگەیتە ترۆپکی دەیەم
تەرتیلی ئایەتی عەشقێک بخوێنەوە
تا ئەو کاتەی بە ڕۆحی سپی خودا دەگەیت
دەڵێن ئەوەی بە ڕۆحی خودا بگات
عاشقێکی مزار شادی لێ دەردەچیت
گەرەکمە هەردووکمان
هێندە لە عیشقی یەکتر تۆخ ببین
تا وەک ڕۆحی خودا
بەرائەتی سپی و پاکیی ڕۆحمان لێ شین ببێت
لەسەر پشتی-با- پشوویەک بدە
تا دەگەیتە
ئارامگای ڕۆحێکی ماندووی ڕێگای ئەڤین
هێماکانت پەنجەکانم جێدەهێڵن
ئاسمانێک ماچ
خۆشترن لە بەدواکەوتن بە دوای ماندووبوون
سەرم سپی بووە
تازە تەمەنم دەگەڕێتەوە جاحێڵی
موولوولەی خوێنبەرەکانم
هێندە بە جۆش فیچقە دەکەن
دەڵێی لە هەرەتی لاویدان
کە ژنێک لە ناو دڵم سەما دەکا
ئیدی تەمەن و خوێنبەرەکان گوناهیان چییە..
ئاسمان ژەنگی خۆی بەسەر جەستەمدا جیهێشت
هەر چی ئارەزووەکانم هەنە
بەخشیم بەو ئاسمانەی کە ماوەیەکە بۆتە ئاشنام


من خۆر دەناسم
خۆریش هەموو بەیانییەک بەسەر سەرمەوە دەخەوێ
دارستانێک لەو بنارە شک دەبەم
نهێنییەکانی مێژوو
سەربردەکانی هەوەس و
گرفتی لە ناکاو لە یەکتربڕانی تیا بشارمەوە
دڵدارەکەم لە دارستانێک چڕ ترە
خۆشەویستەکەم هێندە شین و ڕووناکە.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ژیاننامەی شاعیر بۆتان جەلال لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر کەماڵ سەعدی

ڕۆماننووس و یاساناس و مامۆستای زانکۆ پرۆفیسۆر دکتۆر کەماڵ سەعدی

پرۆفیسۆر دکتۆر کەماڵ سەعدی لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی(ئامۆکان)ی سەر بە ناحیەی هەریر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی کارمەند بووە لە بەنداوی(بێخمە) گوێزراوەتەوە بۆ بەنداوی (دەربەندیخان) لەوێ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە تا پۆلی دووەمی خوێندووە، لە پاشان هاتوونەتەوە هەولێر، لە خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سۆرانی کوڕان بەردەوام بووە، ساڵی ١٩٦٧ تەواوی کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٩ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرتووە، نزیکەی(٦) ساڵ پارێزەری کردووە، دواتر بەردەوام بووە لە خوێندنی یاسا تا بڕوانامەی ماستەری لە(مافی دانەر- حقوق المؤلف) و بڕوانامەی دکتۆرای لە(یاسای ڕۆژنامەگەری) لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە.

دکتۆر کەماڵ سەعدی هێشتا هەر قوتابیی سەرەتایی بووە لەسەر دەستی مامۆستای زمانی کوردی ڕەوانشاد(عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی) خولیا و حەزی چووەتە شیعر و ئەدەبی کوردی، مامۆستا عومەر شێخەڵڵا هەموو



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال سەعدی، دادوەر عەبدولباست فەرهادی، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید







قوتابیانی پۆلەکەی هانداوەو شیعر و پەخشان و چیرۆک بنووسن و چیرۆکی فۆلکلۆری و پەندی پێشینانیش کۆبکەنەوە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٧ پارچە شیعرێکی نووسیوە بێ کێش و سەروا بووە، بەڵام مامۆستا عومەر شێخەڵڵا لێی وەرگرتووە و هانی داوە کە بەردەوام بێت و ئەم هۆنراوەشی بۆ هەڵگرتووە تا ساڵی ١٩٩١ ڕادەستی دکتۆر کەمال سەعدی کردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٥ یەکەم بەرهەمی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە بە ناوی (نامەیەک بۆ خۆشەویستەکەم) لە ڕۆژنامەی(ڕۆشنبیری نوێ) بە ناوی کەمال چارەڕەش بڵاوکردووەتەوە، هەر لە هەمان ساڵدا بابەتێکی دیکەی بە ناوی(پیشەی ئەم شێتە ئەبێ چی بێ؟) دیسان لە هەمان ڕۆژنامە بڵاوکردووەتەوە، پاشان لەژێر تیر و توانجی نووسەران و خوێنەران، لەسەر قسەی ڕەوانشاد

نووسـەر بورهـان قانـع کـە پێـی وتوە؛(بـێ قەزابـی دەڵێـی ڕێـت کەوتووەتـە دوکانـی خەڵوزفـرۆش، ئـەم ناوناتـۆرە چییـە بـە خۆتـەوە نـاوە)، ئیتـر واز لـە نـاوی کەمـال چـارەڕەش دێنێـت.

ناوبراو لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئـەو کاتـەی قوتابـی بـووە لـە ئامادەیـی کوردسـتان لەگـەڵ هاوڕێکانـی هـەر یـەک لە(سـابیر ڕەشـید، مەسـعود پەرێشـان، ئەبوبەکـر خۆشـناو، مەوجـود سـامان، نـەژدەت ئاکرەیـی) بـە هاوکاریـی مامۆسـتای زمانـی کوردی(ئەمینـە فەنـدی) گۆڤارێکـی ئەدەبـی بـە نـاوی(کاروان) دەردەکـەن، کـە کاتبـی قوتابخانـەی ئامادەیـی کوردسـتان(کەیفی باپیـرە شـەل) لەسـەر ستێنسـل بۆیانـی ڕاکێشـاوە و بڵاویـان کردووەتـەوە، ئـەو کاتـی نسـکۆی شـۆڕش بـووە، ئـەم گۆڤـارە دەنـگ و سـەدایەکی باشـی هەبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـۆ یەکـەم جـار لـە هـۆڵی خانـەی مامۆسـتایان لـە گەڕەکـی سـەیداوە بەشـداری لـە کۆڕێکـی شـیعری قوتابیانـی پـەروەردەی هەولێـر کـردووە و خەڵاتیشـی وەرگرتـووە، لەگـەڵ هاوڕێیانـی سـابیر ڕەشـید و مەسـعود پەرێشـان بەشـداریی بەشـی زۆری چالاکییەکانـی قوتابخانـەی ئامادەیـی کوردسـتانی کـردووە لـە گـۆرانـی و مەنەلـۆج و شـیعرو چیرۆک خوێندنـەوە.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال سەعدی، ڕۆژنامەنووس سمکۆ محەمەد ، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید، هونەرمەند عومەر دزەیی، نووسەر حەمید بەدرخان، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی، نووسەر نەجات خۆشناو**

دکتـۆر کەمـال سـەعدی لـە سـاڵی ١٩٧٣ەوە، ئەندامـی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی بـووە لـە هەمـان ساڵدا بەشـدار بـووە لـە فیسـتیڤاڵی ڕۆشـنبیریی کـوردی لـە بەغـدا وەکـو ئەکتـەر لـە ئۆپەرێتی(بـاران) کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـدی ڕەوانشـاد واحید مەرجان بـووە، هەروەهـا وەکـو ئەکتەریـش لـە شـانۆگەریی(کاوەی ئاسـنگەر) بەشـداری کـردووە و ڕۆڵـی کـوڕی کاوەی ئاسـنگەری بینیـوە، لـەو نـەورۆزەی کـە لـە سـاڵی ١٩٧٥ لـە شـاری بەغـدا نمایـش کراوە،لـە سـاڵی ١٩٧٩ بەشداری کردووە لە تەمسیلی تەلەفزیۆنی هەڵـەی دەرهێنـەر کـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد چەتـۆ حەسـەن بـووە.







ناوبـراو لـە ٢٣-١٠-١٩٧٤ بـە تابلۆیـەک بەشـداری کـردووە لـە پێشـانگای(هاوڕێیەتی) کـە گۆڤاری(المجلة) لە شاری بەرلین سازی کردبوو، سـەرنووسـەری گۆڤارەکـە (برتولـد جوتشـیک)



**دانیشتووەکان لە پێشەوە لە لای ڕاستەوە : ڕەوانشاد شاعیر و نووسەر کەریم شارەزا، ڕەوانشاد پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار، ڕاوەستاوەکان لە لای ڕاستەوە:شاعیر سەباح ڕەنجدەر، چیرۆکنووس سەلاح عومەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، شاعیر محسین ئاوارە، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید، دکتۆر کەمال سەعدی، شاعیر کەریم دەشتی**



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال سەعدی، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس







نامەیەکی سوپاس و پێزانینی لەگەڵ وێنەی چەند تابلۆیەکی بۆ ناردووە.

دکتۆر کەمال سەعدی لە ساڵی ١٩٧٦ وازی لە شیعرنووسین هێناوە و ڕووی لە نووسینی چیرۆک کردووە لە هەمان ساڵدا بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێی دێرینی ڕۆماننووس سابیر ڕەشید(٦) کورتە چیرۆکیان نووسیوە ئەو کات دەنگی داوەتەوە و هەر یەک لە شاعیران و نووسەران(مەحمود زامدار و لەتیف هەڵمەت و مومتاز حەیدەری و فەیسەل مستەفا حاجی) لەسەریان نووسیوە.

دکتۆر کەمال سەعدی کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ئاست بەرزی لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و یاسا و مافی مرۆڤ نووسیوە و هەندێکی لە چاپداون و هەندێکیشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە لەوانە:



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز ئەسکەندەر کاکەسوور، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، دکتۆر کەمال سەعدی، بەڕێز هەمزە ڕەشید، هونەرمەند ئازاد خەمە**






- چیرۆکی(خۆی لێ بزر بووە نایدۆزێتەوە) لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ٩٦ ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکراوەتەوە.
- کۆمەڵە چیرۆکی(وون بوون)ساڵی ١٩٨٤.
- کۆمەڵە چیرۆکی(دەرگا)ساڵی ١٩٩٠.
- ڕۆمانی(سەعید زەبۆکی لای خۆمان)بە یارمەتیی وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوانی هەرێمی کوردستان لە چاپدراوە، ساڵی ١٩٩٧.
- کۆمەڵە چیرۆکی(ترحێو)، ساڵی ٢٠٠٠.
- کۆبەرهەمی چیرۆکەکانی بە ناوی(فەنتازیا) کە بزاڤی نوێخوازی بۆی لە چاپداوە، ساڵی ٢٠١٠.
- ڕۆمانی(مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان) ساڵی ٢٠١٦.
- ڕۆمانی(حەج و عەمرە) ساڵی ٢٠١٩.
- ڕۆمانی(خانمباز) ساڵی ٢٠١٩.



لە لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس فوئاد قەنەفە، شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت، دکتۆر کەمال سەعدی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کەمال سەعدی لە کۆڕێکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی

- ڕۆمانی(ڕۆژگارە تاریک و دژوارەکان) ساڵی ٢٠٢٠.
- ڕۆمانی( شەوانی باکۆ) ساڵی ٢٠٢٠.

ناوبراو هەر چیرۆکنووس و ڕۆمانووس نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسیشە، لە ساڵی ١٩٩٦ ماوەیەک سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەی(پارێزگاران و سەربەخۆیی) بووە، دوو ساڵیش ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(هەرێمی کوردستان) بووە و گۆشەیەکی تایبەتیشی هەبووە بە ناوەکانی(دەروازەی یاسا) لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان و (یاساو کۆمەڵ) لە ڕۆژنامەی برایەتی، لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠ سەرنووسەری گۆڤاری(تەرازوو) بووە کە یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان دەریکردووە، ئەو بەشدار بووە لە ئامادەکردنی(پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەوانی)کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی کردبوو.

دکتۆر کەمال سەعدی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ - ٢٠١٧ زیاتر لە (١٤) کتێبی لە بوارەکانی یاسا و فەلسەفە و مافەکانی مرۆڤ و مافی ڕۆژنامەگەری بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نوسیوە و لە وڵاتەکانی میسر و ئوردن و لونبان و سووریا لەچاپیداون و بڵاوی کردوونەتەوە، دوو کتێبیشی

ئامادەیە بۆ چاپ بە ناوەکانی(یاسای دەستوری و ڕۆمانی ژیاننامە).

ناوبراو ئەندامە لەم ڕێکخراوانەی خوارەوە:

- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ئەوروپا و عەرەبی بۆ مەشق و نێوبژیوانی نێو دەولەتی کە بارەگاکەی لە قاهیرەیە.
- ریکخراوی فیدراسیۆنی نێو دەولەتی(IFJ).
- یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان.
- کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافەکان لە شاری بەغدا.
- کۆمەڵەی مافخوازانی مافی مرۆڤ لە هەولێر.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- یەکێتیی نووسەرانی کورد.
- ڕاوێژکاری میدیایی لە گۆڤاری(السياحة العربية)لە قاهیرە.

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی خاوەنی دوو کوڕو کچێکە خوا تەمەن درێژیان بکات، ئێستا مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین وانەی (یاسای دەستووری) دەڵێتەوە.


بۆ دکتۆر کەمال سەعدی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ژیاننامەی دکتۆر کەمال سەعدی لەسەر داخوازیی خۆم بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سابیر ڕەشید

خاوەنی(هزرخانە- دارالفکر) نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس و یاسازان سابیر ڕەشید

ناوی(تەواوی سابیر ڕەشید ساڵح)ە، لە ساڵی ١٩٥٦، ئەو دەڵێت: باپیرم دوو ساڵ گەورەتری نووسیوم، ساڵی ١٩٥٨ لە شاری شەقڵاوە لە دامێنی چیای سەفینی سەرکەش لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی (یاسا و ڕامیاری- القانون و السیاسة) لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ وەک فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان تا خانەنشینبوونی لە ساڵی ٢٠١٩ دەست بە کاربووە.



سابیر ڕەشید هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب و زمانی کوردی بووە، یەکەم جار دەستی بە شیعر نووسین کردووە، یەکەمین دەستپێکیشی پارچە شیعرێک بووە کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بڵاوکراوەتەوە، ئەو کات ئەم گۆڤارە وەکو ڕۆژنامە دەردەچوو، هانی



**ڕۆماننووس سابیر ڕەشید ، نووسەر و ڕووناکبیر غەفوور مەخمووری،**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال، پرۆفیسۆری یاسا و ڕۆماننووس دکتۆر کەمال سەعدی،**

گەنجانی دەدا کە بەرهەمەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە. لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئامادەیی کوردستان لەگەڵ هاوڕێکانی گۆڤارێکیان دەرکردووە بە ناوی (کاروان) کە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە، ئەو بە چیرۆکێکی منداڵان بەشداری تێدا کردووە، ، هەر ئەو کات بڵاوکراوەیەکی(جدارية- دیواربەند)یان دەرکردووە بە ناوی(کاوێس ئاغا) بە سەرپەرشتیی مامۆستای زمانی کوردی ڕەوانشاد مامۆستا ئەمین، دیسان ئەو چیرۆکێکی بە ناو نیشانی(شەوێکی ژوان) تێدا بڵاوکردۆتەوە، ئیتر لە نووسینی شیعر وەستاوە و دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کردووە.




سابیر ڕەشید ماوەی خولێک دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نووسەری کورد) بووە کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەری دەکرد، ئەو کات ڕەوانشاد دکتۆرعەبدوڵڵا حەداد سەرنووسەر بوو دواتر شاعیر نەوزاد ڕەفعەت بووە سەرنووسەر، هەروەها ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری (مەم) بووە کە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بووە لە شەقڵاوە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە،




ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(دەنگارە) بووە کە ئەویش تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە و لە شەقڵاوە بووە،هەروەها بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (هەرێم) بووە کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان دەردەچوو بۆ خولێک کاری تێدا کردووە، هەروەها بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(ئاسۆی فۆلکلۆر) بووە کە گۆڤارێکی فۆلکلۆری و کەلتووری بوو، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشبیری لاوانی هەرێمی کوردستان بوو، (٥٠) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەو لە ژمارە (٥)ەوە، تا داخستنی کاری تێداکردووە.

نووسەر و ڕۆماننووس سابیر ڕەشید زیاتر لە (٢٠) کتێبی چاپکردووە، (٥) کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان نووسین و وتار و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و چیرۆک و بابەتی سیاسی و یاسایی و وەرگێڕان و ساغکردنەوەی تێکست و چیرۆکی



**لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: شاعیر و نووسەر عەبدولرەحمان فەرهادی، نووسەر سیامەند هادی، ڕۆمانئوس سابیر ڕەشید، دکتۆر سەمەد ئەحمەد، ڕەوانشاد نووسەرو چیرۆکنووس ئەحلام مەنسوور، نووسەرعەتا محەمەد، دانیشووەکان: نووسەر ئاکۆ کەریم، ڕۆماننووس سەڵاح عومەر**



له لای ڕاستەوە: ڕۆماننووس سابیر ڕەشید، پرۆفیسۆر و شاعیر ئەنوەر قادر جاف، شاعیر و ڕۆژنامەنووس سەباح ڕەنجدەر،

چیرۆکنووسانی کوردو کۆکردنەوەی زیاتر لە (١٠٠) چیرۆک و لە چاپدانی لە کتێبێکدا، لە تەک بڵاوکردنەوەی دەیان نووسینی هەمەجۆر بە زمانی کوردی و عەرەبی کە لە بەشی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە، دیارترین بەرهەمەکانی ناوبراو ئەمانەن:(خەونە سەوزەکان- چیرۆک ساڵی ١٩٨٨، مەرگی بازنەیی- کورتە ڕۆمانە لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیریی نوێخواز ژمارە(٦)- هەولێر ١٩٩٩، چیرۆکی کوردی - ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، دەسەڵاتی ڕۆشنبیری- بابەتی ڕۆشنبیری و سیاسی و یاسازانی ساڵی ٢٠١٦، شمشێری موسا -ڕۆمان، ئینسکلۆپیدیای لەتیف











لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس
کەریم کاکە، نووسەر سابیر ڕەشید



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سابیر ڕەشید،
شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی


حامد بەرزنجی- نوێکاری چیرۆکی کوردی، سەدرەدین عارف نوێکەری چیرۆکی کوردی، ڕۆمانی کوردی - خوێندنەوە و پرسیار، بیبلۆگرافیای چوار ساڵەی گۆڤاری(ڕامان) بە هاوبەشی لەگەڵ عەبدوڵلا زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (ڕامان) ساڵی ٢٠٠٠، پێناسەی دەستوور- یاسا- ی دکتۆر عبدالرزاق الطعان لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ساڵی ٢٠٠٤، تاوانباری جەنگ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان ژمارە(٥) ساڵی ٢٠٠٥، کتێبی ئاوێنە کە (١٠٠)کورتە چیرۆکی ڕۆماننووس سابیر رەشیدە، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی و فارسی، چاپی یەکەم لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سۆران و چاپی دووەم لەسەر ئەرکی نووسەر خۆی لە چاپدراوە ساڵی ٢٠١٦، کوێرەی چاو ساغ- ڕۆمان - چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٨، دڵشاد مەریوانی نوێکاری چیرۆکی کوردی- لێکۆڵینەوە لەو چیرۆکانەی کە لە ناو کۆبەرهەمەکەیدا








نین ساڵی ٢٠١٩، کتێبفرۆش- ڕۆمان ساڵی ٢٠٢٠, شەش چیرۆک بە هاوبەشی لەگەڵ ڕۆماننووس و پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی لە ساڵی ١٩٧٦ لە کتێبێکدا چاپ کراوە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر لە چاپی داوە).



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل حەمەدەمین، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس سابیر ڕەشید لە وەتەی خانەنشین بووە، دوکانێکی بازرگانی کردووەتەوە بۆ بژێوی ژیانی خۆی، بووەتە شوێنی ئەدیب و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد، کە تیایا باسی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەری کوردی دەکەن، ناویشی نراوە (هزرخانە- دار الفكر).

بۆ ڕۆماننووس سابیر ڕەشید بەو هیوایەم کە دوکانەکەت وەکو دوکانی ڕەوانشاد مامۆستا بەشیر موشیری بەغدای سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو و دوکانە ئەلیکترۆنییەکەی ڕەوانشاد شەهید عەبدولخالیق مەعروفی لێ بێت، بەم جۆرە بە خۆت و بە بەرهەمەکانت و دوکانەکەت دەچنە ناو مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییەوە، هەر ساغ و سەلامەت و قەڵەم بە بڕشت بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری و وشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی ڕۆماننووس سابیر ڕەشید کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم .



# سالار کۆشار

شاعیر و هونەرمەند و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر و میدیاکار سالار کۆشار

ناوی تەواوی(سالار محەمەد عەلی)یە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری دێرینی هەولێر لە خانەوادەیەکی هونەردۆست لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ هەر لە ڕێگای قوتابخانەو لەسەر دەستی هونەرمەند(جەودەت هاشم)چووەتە(خانەی هونەر- دار الفن) دەورەیەکی مۆسیقای لەسەر ئامێری(کەمان) بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ەوە، چووەتە ناو دنیای هونەرەوە لە بوارەکانی مۆسیقاژەنین و ئاوازدانان و دابەشکردن، تا ساڵی ١٩٩٠ بەشداریی هەموو فیستیڤاڵەکانی عێراق و کوردستانی کردووە.

هونەرمەند سالار کۆشار کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی، لە دەقی گۆرانی و ئاوازدانان و دابەشکردنی مۆسیقا و سروودی نیشتمانپەروەری و سروودی منداڵان و ئایینی بەرهەم هێناو، لەوانە:(سروودی ئەنفالەکان- ئاواز و دابەشکردنی مۆسیقای گۆرانیی وەرینی گوڵێک- ئاواز و هۆنراوە، سروودی خوایە خوایە- ئاواز و وتن، گۆرانیی کزەی شاعیر ئاواز، گۆرانیی شیرین- ئاواز و هۆنراوە و وتن، گۆرانیی ئەندێشە ئەوین ئاواز..و چەندانی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عەلی کەریم، شاعیر سالار کۆشار**

دیکە....هتد).

سالار کۆشار هەر هونەرمەند نییە، بەڵکو شاعیریشە، لە ساڵی ١٩٩٢ دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، تا ئێستا چەند کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی گێڕاوە، یەکێکیان بە هاوبەشی لە ساڵی ١٩٩٤، ئەوانی دیکە تایبەت بوونە بە کۆڕ و ئەلبۆمی شیعری تەنیا ساڵی ٢٠١٩ (٧)کلێپی شیعری و بە تیکڕایی (٣٥) کلێپی شیعری بڵاوکردووەتەوە، کۆمەڵە شیعرێکیشی چاپ کردووە بە ناونیشانی(ڕازی حەرفەکان)، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵە شیعرێکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن کە(٤٠٠)لاپەڕە لەخۆ دەگرێت، کتێبێکی لەسەر ژیانی کۆمەڵێک هونەرمەند و شاعیری شاری هەولێر نووسیوە، ئەویش ئامادەیە بۆ چاپ، ئەو چەندین کۆڕی شیعری لە سلێمانی و هەولێر ئەنجام داوە.

سالار کۆشار لە ساڵی ٢٠٠٤وە، ڕووی لە کاری ڕاگەیاندن کردووە، وەکو پێشکەشکاری چەند بەرنامەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری کە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پەخش دەکرێت، لەو ماوەیەدا تا ئێستا ئەم بەرنامانەی پێشکەش بە بینەران کردووە:(بەرنامەی ئاوازی نوێ(١٥) ئەلقە، بەرنامەی

لـە ڕۆژێکـدا(٢٩) ئەلقـە، بەرنامـەی دوێنـی و ئەمـڕۆ(٨٠) ئەلقـە، بەرنامـەی چاوگـە(٣٠) ئەلقـە، بەرنامـەی سـەربەخۆ(٣٠) ئەلقـە، بەرنامـەی ئەزموونـی هونەرمەنـدان(٩٥) ئەلقـە کـە تـا ئێسـتاش بەردەوامـە لـە پێشکەشکردنی ئـەم بەرنامەیـە سـەرکەوتووە.

هەروەهـا (٤) فلیمـی دۆکیومێنتاریشـی بەرهەمهێنـاوە دەربارەی ژیانـی هـەر یـەک لـە ( گۆرانیبێـژی گـەورەی کـورد ڕەوانشـاد تایـەر تۆفیـق، شـاعیری نەمر ڕەوانشـاد دڵدار، هونەرمەنـد سـەید ئەحمـەد بەرزنجی و مێژووی تیپی هونـەری هەولێر.

ناوبـراو چەندیـن بەرنامـە و ڕیپۆرتـاژی دەربـارەی هونـەر و مۆسـیقا و چاوپێکەوتـن و دیمانـەی لەگـەڵ زۆر لـە هونەرمەنـدان ئەنجـام داوە، وەکـو نووسـەر و ڕۆژنامەنووسـیش کۆمەڵێـک بابەتـی هونـەری و ئەدەبـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردووەتـەوە لەوانە(هونـەر بۆ بینین یان بۆ ڕۆح، بـا ڕەسـەنایەتی فەرامـۆش نەکەیـن، پێکهاتـەی گۆرانـی ڕەسـەنایەتی لـە پێکهاتـەی گۆرانـی).

سـالار کۆشـار لـە پاش سـاڵی ٢٠٠٤ەوە، بەتـەواوی چووەتـە مەیدانـی کاری میدیـاکاری و سـەکەوتوو بـووە، بـە هیوایـن هـەر بـەردەوام بێـت و پـەرە بـە توانـاکانی بـدات بۆ خزمەتـی هونـەر و میدیـای کـوردی.

بۆ هونەرمەنـد سـالار کۆشـار هـەر سـەرکەوتوو بیت لـە خزمەتـی هونـەر و ئـەدەب و میدیـای کـوردی.


سالار کۆشار لە کاتی شیعر خوێندنەوە



سالار کۆشار لە کاتی ژەنینی مۆسیقا



**تیپێکی مۆسیقا کە ساڵی ١٩٩٣ هونەرمەند سالار کۆشار و چەند هونەرمەندێکی گەنج دایانمەزراندبوو، لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان دووەم کەس هونەرمەند سالار کۆشارە**

وا دوو پارچە شیعری شاعیر و هونەرمەند سالار کۆشار- تان بۆ دەنووسمەوە، یەکەم بە ناو نیشانی (دیوی ناوەوەی بزەکانمان..) دووەم بە ناو نیشانی

**(تریفەی مەعشوق).**

دیوی ناوەوەی
بزەکانمان وەک
پەروانە باڵەفڕکەی
نیشتنەوەی
سووتانێک توند
لەئامێزیان
دەگرێ..سێبەرێک
متوی ژوانی بەرخۆرە
تەمەنێکە..
نیگای خانمەعەیارێک







دەست لە مەستبوونی
سەری پڕجۆشی من
قەت هەڵناگرێ ..
ماندوبوو باڵەکانی
لە دووربوونەوە ،
بە کەناری
ئێوارەیەکمدا تێر
خۆی خۆمارکرد
لە بینینم، نیگاکانی
لەسەر ڕێی هاتنەوەم
بۆ بەجێی هێشتم..
وتم : وەرە لەناو
چاوەکانما تێرپشوو
بدە تو نیەتیت
تێربشکێنە بەڕۆحم ..
ڕێگا دوورە
هەناسەکانم
ببەلەگەڵ خۆت نەکا
لەو دووریە
غەریبدابێی بەبێ من...!!

٢

تریفەی مەعشوق
دەمتاسێنێ بە لەنجەولار
کە دێ بۆ ژووان

له ئێوارەی تاریکان
بەخەندەوە،
وەک کۆتری باڵ نەخشین
گمەی نزیکبوونەوەم بۆ دەکاو
سەمای ڕاموسانێک
بەدەم هەنگاوە بەپەلەکانی
بۆ دەنوێنێ ،
بە موژگان دەمکوژێ
لێ لە خۆیدا
چرۆی ڕۆحێکی ترم
بە بەردا دێنێ
هەندێ جار دەمکاتە دەروێشی
ڕووی جانانەی خۆی
جەزبەی زیکری خەڵوەتێک
دەمگرێ
هەرکە ڕووی ماهی بە دەرکەوت
من دەبمە مورید و
ئەو دەبێتە خانەقای تەریقەتدارم
جارجاریش وەک پیری مەیخانە
لە چۆڕە شارابی دوا پێکێ
هەڵیدەدەم بۆ مەستبوون
سەر گۆنای
خوناوەی ژووانێکی تەڕ دەگرێ
لەگەڵ ماچی توندی مندا
بەو ئێوارە نا وەختە

وای چەند حەز بە شێتبوونی
دەریا دەکەم
کە بە رووی خەرمانەی مانگدا
شەپۆلەکانی جیفریک داوێ
خۆی بەکەناردادەکێشێ
لە سوێی گەیشتن
بە تریفەی مەعشوقەکەیدا.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەیەکی شاعیر و هونەرمەند سالار کۆشار، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم لەگەڵ هەندێ وێنە.

٢- زانیاری و نووسین و دارِشتنی خۆم.



# سروه عوسمان

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس سروه عوسمان

ناوی تەواوی(سروه عوسمان مستەفا) یە، بە سروەی بەیان ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە خانەوادەیەکی چەپڕەوی کوردپەروەر لە شاری بابە گوڕگوڕ، مەڵبەندی کورد و کوردایەتیی شاری کەرکووکی خۆشەویست لە دایک بووە، ئەو کچی نووسەر و شاعیری ناسراو و دیاری کورد عوسمان مستەفا خۆشناوە.

سروەی بەیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ پەیمانگای تەکنیکی هەر لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، لە ئامادەیی کشتوکاڵی ئاسکی کەلەک، وەکو مامۆستا دەست بەکاربووە.

سروەی بەیان هەر لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی نووسینی شیعر و پەخشانە شیعری کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەم دەسپێکی شیعری بە ناوی(سکێچی تۆ)ی نووسیوە، ئەو سەرەڕای شیعر نووسین هەوڵی وەرگێڕانیشی داوە و چەندین شیعر و پەخشانە شیعری شاعیرانی گەورەی عەرەبی وەکو(نزار قەبانی و نوال سەعداوی و ڕەجا نەقاش)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئارام مەلا ئۆمەر، شاعیر و ڕۆژنامەنووس سروەی بەیان، هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەمە ڕەئوف کەرکوکی، نووسەر و وەرگێڕ ئازاد هاشم**

سروەی بەیانی شاعیر کۆمەڵێک بەرهەمی بە تام و چێژی لە شیعر و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی لەسەر شارستانییەتەکان بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی نووسیوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە (سیروان و الاهرام- ی میسری و النهار- ی عێراقی و چەندانی دیکە)، دوو کتێبشی چاپ کردووە:

-کتێبی(هەناسەکانی ژنێک)، شیعر، ساڵی ٢٠١٩، کە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕی بە توانای کورد سەڵاح بەهرامی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و نووسەری کورد جەلال زەنگابادیش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. - کتێبی(تاسەکانی عیشق)، شیعر، ساڵی ٢٠١٩.

- کتێبێک بە چاپی ئەلیکترۆنی بە ناوی(قطوف من الحضارات) بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەری میسری(محمد فتحي عبدالعال) کە باسی



**سروەی بەیان لە کاتی شیعر خوێندنەوە**



**شاعیر سروەی بەیان - وەرگرتنی خەڵاتی - دیداری ئەزمر**

کۆنترین شارستانیەتییەکانی جیهانی دەکات و نموونەی شارستانییەتی کوردیشی تێدایە، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەکانی(سیروان و ئەهرامی میسری و حیواری جەزائیری و المراقب و النهار-ی عیراقی بڵاوکراوەتەوە.

- لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو چیرۆکی(اسطورة مملكة السيد) لە نووسینی (زوهدی الداودی)یە، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ.

- کتێبێکی شیعری بە ناوی(پەیامی تەمەن)، ئامادەیە بۆ چاپ.

- نامیلکەیەکی شیعریش بە ناوی(کاتێ ناونیشانەکان دەدوێن)،ئامادەیە بۆ چاپ .

- کتێبێکی شیعری عەرەبی بەناوی ( بوح النرجس)، ئامادەی چاپە.

شاعیر سروەی بەیان بەردەوامە لە شیعر نووسین و چالاکییەکانی



**لە لای چەپەوە: شاعیر و میدیاکار سالار کۆشار، شاعیر و نووسەر سروەی بەیان، بەڕێز کونسوڵی کۆریای باشوور، شاعیر ئاواز سامان، شاعیر عوسمان هۆرمزیار**



**شاعیر سروەی بەیان، وێنەکانی دیکە هی نووسەر و شاعیر ڕەوانشاد عوسمان مستەفا خۆشناوە، لە تەمەنە جیا جیاکانی ژیانی لەسەریان نووسراوە**

بەشداری لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەدەبی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە و دەکات وەکو(کۆنفرانس و سینەما و فیستیڤاڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان و چالاکییەکانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان).

- سروەی بەیان ئەندامە لە ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی.
- ئەندامە لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی سیروان بە زمانی کوردی و عەرەبی، پەیامنێری ڕۆژنامەی سیروانیشە.
- ئەندامی ڕێکخراوی(Pen)ی جیهانییە.
- ئەندامی سەرپەریشتیکارە لە بەشی شێوەزاری سۆرانی لە گۆڤاری(دەستاڕ)



سروەی بەیان لە کاتی شیعر خوێندنەوە

کە بە سێ شێوەزاری کوردی لە دیاربەکر دەردەچێت.

سروەی بەیان لە ماوەی چالاکییەکانی لە بواری شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیری لە لایەن چەندین دەزگای ڕۆشنبیری و هونەری و ڕێکخراوە جیهانیەکان خەڵاتکراوە و ڕێزی لێنراوە وا هەندێکیانم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

شاعیر سروەی بەیان خێزاندارە و دوو کچ و کوڕێکی هەیە خوا تەمەن درێژیان بکات.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ سروەی بەیان هەر ساغ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و زمان و وشەی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر (سروەی بەیان) تان بۆ دەنووسمەوە:






**( خۆبوون)**

دڵم ئامبازی دڵت بوو
خورپەی تێکەوت
ئۆقرەی لێبڕا، ورێنەی
دەکرد
تا گرێک خۆی
داگیرساند
جەنگی خۆبوونی
ڕاگەیاند
پێدەشتی تەمەنی
لە پاییزدا
سەوز سەوز کرد
بەو ئومێدەی
لەبەر ڕۆشنایی
نێڵەی گرێک





ئاگردانێک بۆ
گەرمکردنەوە و
کەپرێک بۆ ژووانی
بوون
بە پەرژینی
خۆشەویستی
دەوربدا
جوانی هەموو
وەرزەکان
کۆڵ بکا
لەگەڵای وەریوی
پاییزان
پێخەفێک بچنێ و
لەبارانی سەرپەڵێ،
جۆگەلەیەک ببەستێ
ئاو و ئاوەدانی بێنێ
لەکولووە بەفری
زستان
بێگەردی بدزێ
لەبەستەڵەکی
ڕێبەندانا
شارێییەک بکاتەوە
بۆ ئارامی ڕوح
لەنیشتمانێکی
بێپەروا

چرکەساتێک گلداتەوە
بۆ سەرچڵی خۆبوون
شەڕی دژەباوی پێبکا
بۆ بەیەکگەیشتن
بەدارە دارەی
گۆچانەوەش بێ
تا خاکە لێوی تەمەن
لە خۆشنوودی نەوەستێ.
سروەی بەیان

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- ژیاننامەی شاعیر و نووسەر سروەی بەیان لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## سەباح هورمز

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر و شرۆڤەکار بە زمانی عەرەبی مامۆستا سەباح هورمز

ناوی تەواوی(سەباح هورمز شانی)یە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی(الخالدیة) خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٩ هاتوونەتە شارۆچکە جوان و خنجیلانەکەی (عەنکاوە) ئەو کات لە تەنیشت شاری هەولێر بوو ئێستا لەگەڵ شاری هەولێر بووەتە یەک، پۆلی پێنجەم و شەشەم و ناوەندی لە عەنکاوە تەواو کردووە، دواتر چووەتە خانەی مامۆستایانی هەولێر و بووەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی، لە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر وەکو مامۆستا دەست بە کار بووە، دواتر گواستراوەتەوە ناو شاری هەولێر تا خانەنشین بوونی.





ڕۆژنامەنووس سەباح هورمز هەر لە لاوێتیدا




**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز ئەحمد کانی، نووسەر سەباح هورمز**

خولیای خوێندنەوە و ئەدەب و ڕۆشنبیری بووە، بەهرەو توانایەکی زۆر باشیشی لە هەر سێ زمانی سریانی و کوردی عەرەبی هەبووە و هەیە.

نووسەر سەباح هورمز لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی نووسینی بە زمانی عەرەبی کردووە، یەکەم دەستپێکی نووسینیشی وتارێک بووە دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی(الظل الاخر لأنسان آخر) لە نووسینی دکتۆر (سعدی المالح) لە گۆڤاری(الثقافة- ڕۆشنبیری) لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ دیسان وتارێکی دیکەی لەسەر کۆمەڵە چیرۆکیکی دیکەی هەمان نووسەر(مدائن الشوق و الغربة) لە ڕۆژنامەی(التأخي) بڵاوکردووەتەوە.



لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وەکو پەیامنێری هەردوو ڕۆژنامەی (طريق الشعب و الفكر الجديد) لە هەولێر دەست بە کاربووە.




نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس سـەباح هورمـز لـە کۆتایـی حەفتـاکان دەسـتی کـردووە بـە نووسـینی وتـاری ڕەخنەگرتـن لـەو شـانۆگەرییانەی کـە لـە پارێزگاکانـی هەولێـر و سـلێمانی نمایـش کـراون، وتارەکانیشـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە عەرەبییەکانی عێراقـی بڵاوکردووەتـەوە، دوا وتاریشـی لـەم بـوارەدا لـە گۆڤاری(الادیـب العراقي)بـووە.

ڕۆژنامەنـووس سـەباح هورمـز وەکو موحەڕیـر لـە زۆر لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی عێراقـی و کوردسـتانییەکان کاری کـردووە لەوانە:(الإتحـاد، بانیبـال، بهـرا، ڕێـگای کوردسـتان، الشـعب، الصـوت الآخـر، الجمهوریة،الحـوار المتمـدن، الناقـد العراقي...چەندانـی دیکـە).

سـەباح هورمز دەیـان وتـاری لێکۆڵینـەوە و ڕەخنەیـی لـە شـانۆی کوردی و سـریانی و کۆمەڵـە چیـرۆک و ڕۆمانـی نووسـەرە عێراقییـەکان نووسـیوە، هەندێکـی لـە چەنـد کتێبێکـی قەشـەنگ و جـوان چـاپ و بڵاوکردووەتـەوە و



لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەباح هورمز، ڕۆماننووسی عێراقی برهان الشاوي




ئەوانی دیکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەکان بڵاوکردووەتەوە، دیارترین بەرهەمەکانی نووسەر ئەمانەن:

- التقليدي و اللاتقليدى فى المسرح الكردي، بۆدابێست ساڵی ١٩٩٣.
- مدخل إلى المسرح السرياني فى العراق، ساڵی ٢٠٠١.
- ثلاثة عقود فى المسرح الكردي ١٩٧٠- ٢٠٠٠، ساڵی ٢٠٠٣.

-قراءات أخرى فى المسرح السرياني، ساڵی ٢٠٠٠.

- قراءات فى المسرح المعاصر، سبعة مؤلفين نموذجا- الجزء الاول ساڵی ٢٠١٣.
- ثلاثة عقود المسرح الكردي- لە لایەن ڕۆماننووس عوبێد مەجید وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٥.
- قراءات فى المسرح المعاصر، مقارنة بين نصوص أبسن و ستردنبيرگ- بەرگی دووەم ساڵی ٢٠١٧.
- روايات عشت معها، ساڵی ٢٠١٨.




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی، نووسەر سەباح هورمز**



له لای ڕاستەوە: نووسەر سەباح هورمز، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید



له لای ڕاستەوە: نووسەر سەباح هورمز، نووسەر و شاعیر کەریم دەشتی

-التناص و الإيحاء فی الرواية العراقية، ساڵی ٢٠١٩.


سەباح هورمزی نووسەر و ڕۆژنامەنووس هەر چەندە تۆزێ بە تەمەن کەوتووە، بەڵام هێشتا قەڵەمەکەی هەر بە بڕشتە چەند کتێبێکی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن:

- حکايات السرد فی الرواية العراقية، ئامادەیە بۆ چاپ لە لایەن یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقییەوە.
- قراءة تأويلية فی روايات (احمد خلف).
- بنيات السرد فی روايات محسن الرملي.
- كسر طوق المقدسات الثلاثة فی روايات برهان الشاوي



له لای ڕاستەوە: خاتوو فیکتۆریا بطرس -خێزانی نووسەر سەباح هورمز، نووسەر سەباح هورمز

لە ساڵی ٢٠١٨ بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانی و لەسەر داخوازی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی سریانی لە عێراق، سەباح هورمزی ڕۆژنامەنووس وتارێکی دەربارەی شانۆ و شانۆگەریی سریانی لە شارۆچکەی (قەرەقۆش) ئامادەو پێشکەش کردووە، وتارەکە


لە ڕاستەوە: نووسەر سەباح هورمز، کچی نووسەر سەباح هورمز.

وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و کوردی و سریانی.

لە ٢٩/٢٨- ٥- ٢٠٢٢، دەزگای هونەر و ڕۆشنبیری لە کەرکوک بە هاوکاریی زانکۆی کتێب، داواتنامەیەکیان بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەباح هورمز ناردووە بۆ ئەوەی لە(الملتقى الرابع للسينما الدولية- دیداری چوارەمی سینەمای نێودەوڵەتی) ئامادە بێت، وا دەقەکەیم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

لە ١١-٥- ٢٠٢٢ کتێبی(قراءات تأويلية في روايات احمد خلف) لە پێشانگای کتێبی کراوە لە عەنکاوە نمایش کراوە.

لە ٢٥-٦-٢٠١٩ ماڵی کتێبی کراوە (الكتاب المفتوح) لە عەنکاوە، لە ڕێوڕەسمێکی شایستە ڕێزیان لە نووسەر سەباح هورمز ناوە، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە.

- نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەباح هورمز ئەندامە لە یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی سریانی.
- ئەندامە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- ئەندامە لە یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق.
- ئەندامە لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری شانۆیی مامۆستا سەباح هورمز هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری.

سەرچاوەکان: بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی نووسەر و رۆژنامەنووس سەباح هورمز لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم، ٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## چیا عومەر ساقی

شاعیرو نووسەر و ئەندازیاری کوردپەروەر چیا عومەر ساقی

ناوی تەواوی(چیا عومەر ساقی حەسەن)ە، لە ڕۆژی ١٦-٨-١٩٥٥ لە شارە ڕەنگین و دێرینەکەی هەولێر لە خانەوادەیەکی دیار و ناسراو لە دایک بووە، ئەو کوڕی مامۆستای ڕۆشنبیری و ئەدەبدۆست و پەروەردکار(عومەرساقی) یە، خوێندنی سەرەتایی هەتا پۆلی چوارەم لە قوتابخانەی(وەتەن)ی کچان خوێندووە و پۆلی پێنجەم و شەشەمی لە قوتابخانەی(مەریوان)ی کوڕان، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٦ دەچێتە ئەستەنبوڵ لە تورکیا بە نیازی درێژەدان بە خوێندن، لە ساڵی ١٩٧٧ چووەتە وڵاتی ڕۆمانیا لە شاری(یاش) لە باکووری ڕۆمانیا کۆرسی زمانی ڕۆمانی وەرگرتووە و دەستی بە خوێندنی (الهندسة المعماریة- ئەندازیاری تەلارسازی)کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٨٤ ئەو بەشەی ئەندازیارەی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بەسەردان دێتەوە کوردستان لەسەر سنوور پیاوانی ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی مانگێک دەستگیری دەکەن، پاش ئازار و ئەشکەنجە و سیم و جیمێکی زۆر، ئازادی دەکەن و دەگەڕێتەوە ڕۆمانیا، لەوێش هەر لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی لە ڕۆمانیا داوای بەجێهێشتنی وڵاتی لێدەکەن ئەویش بەناچاری دەچێتە



**لە لای ڕاستەوە: سەربەست دۆسکی، شاعیر چیا عومەر ساقی**

وڵاتـی ئەڵمانیـا، لـەوێ درێـژە بـە خوێندنـی ئەندازییـاری تەلارسـازی دەدات و بڕوانامـەی دکتـۆرا وەدەسـت دێنێـت، ئـەو زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و تورکـی و ڕۆمانـی و ئەڵمانـی دەزانێـت، جاروبـار بـە تورکیـش شـیعر دەنووسـێت.

چیا عومەر ساقی مرۆڤێکی هەست ناسک و بە سۆزە هەر کە کەوتووەتە ژیانی غەریبییاتی، ئەو هەست و سۆزە ناخی هەژاندووە و بووەتە سەرچاوەی بەشـی زۆری شـیعرەکانی، ئـەو شـیعری بـۆ نیشـتمان، سروشـت، جوانیـی کوردسـتان، ئەڤینـی، هەتـا بـۆ مرۆڤـە جوانەکانـی کوردستانیشـی نووسـیوە، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠، چەنـد پارچـە شـیعرێکی لـە ڕۆژنامەکانی(ژیـن، هـاوکاری، بەیـان) بڵاوکردووەتـەوە، لـە بەرهەمـەکان:

- ژوان لە ژێر گەڵاڕێزانا- شیعر چاپی یەکەم هەولێر١٩٨٢، چاپی دووەم بەرلین١٩٩٠، چاپی سێیەم هەولێر٢٠٢٠.
- ئەو شەوانەی دوورم لە تۆ- شیعر، بەرلین ١٩٩٥.
- شەوانی غوربەت- کۆبەرهەمی ساڵانی غەریبیم- شیعر، هەولێر ٢٠٢٠.



له لای ڕاستەوە: شاعیر چیا عومەر ساقی، ڕامان کوڕە گەورەکەی، خاتوو کوێستان هاوسەری شاعیر چیا عومەر ساقی، وێنەکە لە کاتی دەرچوونی ڕامانی کوڕی لە کۆلێژی ئەمەریکی بەشی دیپلۆماتکاری.

- دەیـان نووسـینی جۆراوجـۆری لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردووەتـەوە.

ئەگـەر چاوێک بـە بەرهەمـە پوخت و بـە چێژەکانـی چیـا عومـەر سـاقیدا بخشـێنین بۆمـان دەردەکەوێت کە ئـەم شـاعیرە هەمـوو بیـر و فیکـر و هـزری خـۆی بـە ئەندێشـەو خەیاڵیشـەوە خسـتووەتە گـەڕ بـۆ نووسـینی ئـەو بەرهەمـە جوانانـەی کـە هەمـووی لـە بیرەوەریەکانـی منداڵیـی خـۆی و خانەوادەکـەی و جوانـی شـارەکانی سلێمانی و هەولێـر و هەمـوو بسـتێکی ئـەم کوردسـتانە، ئـەو بەشـی زۆری کەسـە جوانەکانـی کوردسـتان لـە شـاعیر وئەدیبـان و ڕۆشـبیران و



لەلای ڕاستەوە: چالاك عومەر ساقی، شاعیر چیا عومەر ساقی، دلاوەر عەزیز خاکی.



ماڵی باپیری چیا عومەرساقی

شەهیدان و کەسە نیشتمانپەروەرییەکانی بەسەر کردووەتەوە و بوونەتە کانیاوێک کە شیعرە ناسک و بە سۆزەکانی لێ هەڵقوڵاوە، ئەو چ بە شیعر چ بە کورتە نامە و وتار بەسەری کردوونەتەوە، وەکو شاعیران(نالی، گۆران و هێمن و جاهید و پیربال مەحمود و عەبدوڵلا پەشیو، فەرهاد شاکەلی، ڕەفیق سابیر، دڵشاد مەریوانی).

چیا عومەر ساقی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پارچە شیعرێک بە ناوی خوازراو (چ.ع.س)بۆ ڕەوانشاد مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەنووسێت و دەیداتە (هەتاو)ی کچی، ئەویش دەیداتە دەست باوکی، کە دەزانن ئەو پارچە شیعرە هی چیای کوڕی عومەر ساقییە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە






**ماڵی نەنکی و ماڵی پوری و منداڵەکانیان لە سلێمانی**

گۆڤـاری (چریکـەی کوردسـتان) بـڵاوی دەکەنـەوە.

لـە سـاڵی ١٩٨٩ پارچـە شـیعریک بـە ناوی(چـوار وانـەی تـر بـۆ منـاڵان) دەنووسێت و پێشکەشی بە شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو دەکات.

ناوبـراو مرۆڤێکی زۆر بەوەفـا و نمەکداره لـە سـاڵیادی مامۆسـتای نەمر ڕەوانشـاد گیـو موکریانـی لـە فەیسـبووکی خـۆی دەنووسـێت:(یادی بەخێـر مامۆسـتای پایەبـەرز و کوردپەروەر(گیـو موکریانی)ئـەو مامۆسـتایەی جێـی پەنجـەی لـە ئـەدەب و مێـژووی کوردیـدا لەسەرانسـەری کوردسـتان دیـارە،




سـەری ڕێـزو نـەوازش بـۆ ئـەم زاتـە پیـرۆزە دائەنوێنـم و یادەوەرییەکانـی هەرگیـز لـە بیرەوەریمـدا ون نابـن، خانـەوادەی موکریانـی جێـی شـانازی هـەر کوردێکە...هەتـا هەتایـێ، ئـەو دوو دێـڕە شـیعرەی کـردە دیـاری کێڵـی باوکـی کۆچکـردووم:

**دەردم ئــەو دەردە ســەرم نايــەوە**
**خاكــی وڵاتــم وەک خــۆی مايــەوە**
**دەرچووم لـە دونيـای پڕ لـە كارەسات**
**پێــش ئــەوەی گەلــم بــگات بەئــاوات.**

من لێرەدا دەمەوێت ئەوەش زياد بكەم ئەو دوو دێرە شيعرەی لەسەر كێلی ڕەوانشاد عومەر ساقی، لەسەر بەرد هەڵكەندراون لە شاری موسڵ بەڕادانـدرا بـوو، هـەر هەمـووی لەسـەر ئـەرک و خەرجيـی (كاڵـێ)ی كچـە گـەورەی نەمر گيـو موكريانـی دروسـتكراوە.

بۆ شـاعير و نووسـەر چيا عومـەر سـاقی، تۆ مرۆڤێكی جوان و هەست بـەرز و بـە وەفاييت، هـەر سـەربەرز و سـەرفراز بيت بـۆ خزمەتـی گـەل و نيشـتمان.

وا پارچە شيعرێكی چيای شاعيرتان بۆ دەنووسمەوە، بە ناونيشانی(سكاڵای نيوسەدەی غوربەت):

**سكاڵای نيوسەدەی غوربەت**

دايكە
ئەو ڕۆژەی جانتاكەم
هەڵگرت و
لە بەر دەرگای كۆڵان
خواحافيزيم لێ كردی
نەمدەزانی
دۆزەخی غوربەت
دەبێتە هەوارگەو
ماڵم
لەوانەشە ببێتە دوا
مەنزڵگام

من بە چاوی
هەرزەکاری
دەمڕوانیە ئەو دونیا
نامۆیەی
تێیدا قەتیس کرابووم
نەمدەزانی جارێکی تر
ڕووخساری شیرینت
نابینمەوە
من نیوسەدەیە
ئاوارەم
جیهانی منداڵیم
سادەو ساکار بوو
دووربوو لە خەم
لە ئازارو لە ناکامی
بۆ جێت هێشتم لە
تەنیایی ؟
سکاڵای نیوسەدەی
غوربەت
بۆ کێ بەرم ؟
هەگبەی سخناخی
ئازارم
لای کێ هەڵڕێژم ؟
شارۆچکەی منداڵیم
چۆڵ و خامۆشە
خۆشەویستەکانم

کۆچیان کردو
منیش لە ترسی
گێژەڵووکەی ڕۆژگار
خۆم لە ئەشکەوتی
غەریبی حەشارداوە و
سەرەتاتکێ لەگەڵ
ڕەهێڵەی خەزان و
گەڵاڕێزانا دەکەم
گیانم پڕە لە خەم ، لە ژان
لە ئازارو لە پەژارەو
لە دڵەخورپەی
ئەشکەنجەی تاڵ و
دژوار

نازانم چۆن ؟
لە کوێ ؟
لای کێ ؟
هەڵیرێژم دەریای
قەتیس ماوی ناخم؟
خۆ تۆ خۆت پێت
وتم دایە گیان
گەر دەمیشت پڕ بێ
لە خوێن
لای هیچ کەس
هەڵینەڕێژی

بەرلین ٢٠١٩/٩/٥

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- وتارێکی نووسەر و ڕووناکبیر هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ لە puk midia لە ١٧-٩-٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

٢- کورتە ژیاننامەی ناوبراو کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٣- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# جەوهەر کرمانج

شاعیر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ جەوهەر کرمانج

ناوی تەواوی(جەوهەر مستەفا حەمک)ە، بە جەوهەر کرمانج ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی (خەزنە)ی سەر بە ناوچەی شەمامکی پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتوونەتە شاری هەولێر.

جەوهەر کرمانج هەر لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، خولیای ئەدەب و زمانی کوردی بووەو گرۆکاڵی نووسینی شیعریشی کردووە، تا وەکو یەکەم جار نۆبەرەی شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە و لە شیعر نووسین و وەرگێڕانیش بەردەوام بووە.

ناوبراو دوای ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی کورد لە گەل ڕژێمی ئەوسای عێراق بۆ جێبەجێ کردنی تەواوی بەندەکانی بەیاننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، لە نیسانی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و لەگەڵ هاوڕێکانی لە شاعیران و نووسەران لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش دەست بە کار بووە.



لە لای ڕاستەوە:نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەلا ئاریان، محەمەد شێخ عوسمان - لێپرسراوی مانگنامەی المرصد، نووسەرو ڕووناکبیر جەمیل مەلاقەرە، ڕووناکبیر کەمال شالی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید جاف، نەناسراوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێخ بورهان شێخ ڕەئووف، شاعیر جەوهەر کرمانج، ڕووناکبیر مەریوان مەسعود



هەڤپەیڤینێک لەگەڵ شاعیر کاک

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شاعیر جەوهەر کرمانج لە مانگنامەی (بێوار)

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، هاتووەتەوە هەولێر لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی هەولێر وەکو فەرمانبەر دامەزراوە، تا ساڵی ١٩٨٢ جارێکی دیکە بووەتەوە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لەگەڵ هاوڕێکانی هەر یەک لە ئەبوبەکر خۆشناو و هەڤاڵ کوێستانی و فەلەکەدین کاکایی و ڕێکار ئەحمەد، چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری نووسەری کوردستان و گزنگ و چەند نامیلکەیەکی دیکەیان لە شاخ چاپ کردووە و بڵاوکردووەتەوە.

جەوهەر کرمانجی شاعیر کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری خۆی و چەند شاکارێکی دیکەی نووسەرانی عەرەبی و کوردیی ڕۆژئاوا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وەک: (ڕەزو زریان و مۆمیکی تر- شیعر- هەولێر١٩٧٨، ڕووباری خوێن- ئۆپەرێتێکی شیعرییە ١٩٨٦، تفەنگ - شیعر ١٩٨٩، دیوانی جەوهەر کرمانج- شیعر ١٩٩٩، مەرگە سات- شیعر، جەمیلە- ڕۆمانی جەنگیز ئێماتۆف لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان لە دانانی دکتۆر سەعید بەشیر ئەسکەندەر- وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج، جەلال تاڵەبانی- گفتوگۆیەکی جیددی لەگەڵ(صبحي عبدالحميد) و هاوڕێکانی، خەونەکانی دێڵە گورگ- جەنگیز ئێماتۆف وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج، پەردووی ئەزەلی دووەم - دانانی سەلیم بەرەکات و وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج، پەڕ- دانانی سەلیم





















**لە لای ڕاستەوە: عەبدلوەهاب تاڵەبانی، جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، نە ناسراوە**

بەرەکات و وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج).

جەوهەر کرمانج سەرنووسەری گۆڤاری (چیا) بووە کە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەری دەکرد، ناوبەناویش لە مانگنامەی (بێوار) کە لە هەندەران لە هۆڵەندا لە شاری (ڕۆتردام) دەردەچوو بە سەرپەرشتیی نووسەرو ڕووناکبیر هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ و هاوڕێکانی، بەشداری بە چەند وتار و پارچە شیعر کردووە، هەروەها بە بەردەوامی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان بڵاوکردووەتەوە.

جەوهەر کرمانج ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

ناوبراو ئێستا خانەنشینە لە سلێمانی و باری تەندروستیشی تۆزێ باش نییە، بەڵام جاروبار هاتوچۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەکات و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر جەوهەر کرمانج، نووسەرو شاعیر سامی شۆڕش،**
**نووسەر و ڕووناکبیر هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ**

ناوە ناوەش خوێنەرانی بە وتارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری یان بە پارچە شیعرێک بە سەر دەکاتەوە.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر جەوهەر کرمانجتان بۆ دەنووسمەوە.

بۆ جەوهەر کرمانجی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ هەر تەمەن درێژ و ساغ و سەلامەت بیت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

**پارچە شیعرێکی شاعیر جەوهەر کرمانج**
**کە پۆستاڵ ڕەشەکان هاتن**

خانووی گوندو.....
ڕەزوباخیان گڕ تێبەردا
چاوی گەشی کانیەکەشیان
پڕ چیمەنتۆ و کۆنکریت کرد

دیواریان ڕووخاند بە سەردا
لە بەهاری ئایندەدا منداڵەکان
جووتێک پۆستاڵیان دۆزیەوە
لە ژێر زبڵ و خۆڵەمێشا
کۆڵان ....کۆڵان وەک کووچکوچە
بە دوای خۆیان ڕادەکێشا
کانیە پیرەش،
بەسەر کۆنکریتا وەکو تاڤگەی زولاڵ
دەستی توێنێتی پێشمەرگەی
ڕادەکێشا بەرەو قەدپاڵ.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کوردیپیدیا.
٢- تۆزی زانیاریی نووسەر و ڕووناکبیر هیوا ئیسماعیل سەرهەنگ بۆی ناردووم.
٣- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



## بەهرام محەمەد

شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس بەهرام محەمەد

ناوی تەواو(بەهرام محەمەد تاهیر)ە، لە ناو هەندێ خزمان و دۆستانی بە(کاکل)ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی(قازیخانە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە.

لە ساڵی ١٩٦٣خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(سۆربەشی خدر) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٤ چووەتە قوتابخانەی ناوەندی زازا، دواتر ساڵێک قوتابی بووە لە ئامادەیی هەولێر، خانەی مامۆستایان کراوەتەوە و خۆی گەیاندووەتە ئەوێ و تەواوی کردووە، وەکو مامۆستا دەست بەکار بووە لە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر لەوانە ماوەیەک لە گوندی(دووسەرەی فەتاح)بووە، دواتر هاتووەتەوە ناو شاری هەولێر تا خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠١٤.



نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆماننووس بەهرام محەمەد هەر لە تەمەنی لاوێتیدا سەوداو عیشقی زمان و ئەدەبی کورد بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ یەکەم دەستپێکی شیعری خۆی لە ڕۆژنامەی(دەنگوباس-



**له لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد شاعیر سەعدوڵڵا پەرۆش، شاعیر محسن ئاوارە، نووسەر بەهرام محەمەد، نووسەری ناوداری کورد عەزیزی مەلای ڕەش.**

الاخبار)کە لە بەغدا بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوو بڵاوکردووەتەوە، دووەم شیعریشی لە ساڵی ١٩٦٩ لە ژمارە (١) ی گۆڤاری (تیشک) کە خانەی مامۆستایانی هەولێر دەری دەکرد بڵاوکردووەتەوە، ئەو بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعری نووسیوە و دەنووسێت.

ڕۆماننووس بەهرام محەمەد دواتر ڕووی لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان کردووە، لەم بوارەدا کۆمەڵێک بەرهەمی لە چەند کتێبێکی قەشەنگ و جوان لە چاپداوە، هەندێ بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ چاپ، بەرهەمەکانی:



- زامەکان دەکولێنەوە، ڕۆمان.
- کەزی دایکمیان بڕیوە، کۆمەڵە چیرۆک.
- ئەوەشمان فت ، کۆمەڵە چیرۆک.
- دەگەڕێینەوە، کۆمەڵە چیرۆک.
- شمشاڵێک لە گەرووی ڕەبابە، ڕۆمان.
- شەلم کوێرم ناپارێزم، کۆمەڵێک وتاری جۆراوجۆر.

- ئـەو گرفتانـەی ڕوو بـە ڕووی ناسـنامەی ئەمەریـکا دەبنـەوە، نووسـینی سـامویل پ. هنتگتـۆن، وەریگێڕاوەتـەوە سـەر زمانـی کـوردی.
- ڕەوشـت و سیاسـەت...، نووسـینی بێرتـراد راسـیل، وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.
- ڕۆشـنبیریی کۆمەڵگـەی مەدەنـی، چەنـد وتارێکـی کۆمەڵێـک نووسـەری بەناوبانـگ، وەریگێراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.
- کاتم بە فیرۆ نادەم، کۆمەڵێک بابەت بۆ منداڵان.
- چاک نییە لووتم هەیە، دیوانی شیعری لە ژێر چاپە.

ئەوانەی ئامادەن بۆ چاپ:

- خۆم و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی جووتیاران، ڕۆمان.

ململانێی زلهێزەکان...،کۆمەڵێک وتاری وەرگێڕدراو.

- دیوانی شیعری بە ناوی(تووڕەم لە هەور و با).

نووسـەر بەهـرام محەمـەد هـەر شـاعیر و چیرۆکنـووس و وەرگێـڕ نییـە، بەڵکـو ڕۆژنامەنووسیشـە، لـە کاتـە نهێنییەکانـی شۆڕشـی کـورد لـە چەنـد ژمارەیەکی بڵاوکراوە نهێنییـەکان (خەباتی قوتابیـان و کادیر) چەند بابەتیکی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەهرام محەممەد، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو.

بڵاوکردووەتـەوە، دوای ڕێککەوتننامـەی ١١ ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ دەیـان وتـاری هەمەجـۆری لـە شـیعر و چیـرۆک و وەرگێـڕان لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردووەتـەوە، لەوانە:(کوردسـتانی نـوێ، خەبـات، ئاسـۆی فۆکلـۆر، هەرێمـی کوردسـتان).

نووسەر و ڕۆماننووس بەهرام محەمەد:

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەولەتییە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(هەرێمی کوردستان) بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(داد)بووە.

بیرەوەرییەکانـم لەگـەڵ هاوڕێـی دێرینـم چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس بەهـرام محەمـەد دەگەڕێتـەوە سـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، ئـەو



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەهرام محەممەد، شاعیری گەورەی کورد ڕەوانشاد شیرکۆ بێکەس.**



له لای ڕاستەوە: نووسەر بەهرام محەمەد، ڕەوانشاد پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار.

کاتەی ئێمە تازە لە گوندی(سەربەشاخ)ی کەندێناوە هاتبووینە هەولێر، خەڵک بە گشتی بێ ئیش و کار و دەست کورت بوو، ئامۆزای نووسەر بەهرام محەمەد،(وەستا حەسەن) ڕەوانی شاد بێت وەستای بیناکردن بوو، من تازە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم بە خاترانە من و بەهرامی دەبرد بۆ ئیشی قوڕکاری، هەر لە سبەینێ هەتا ئێوارێ قاپە قوڕیان بە من دەکێشا ئێوارەش (٦) درهەمیان دەدامێ من پارەکەم لە دەست دایکی ڕەحمەتیم دەکرد، ئەو ڕۆژەشی نەیانبردمایە قوڕکێشانەکە پڕی هەوکم گریان دەبوو، ئێ ئاخر من بەم جۆرە گەورە بوویمە و خۆم پەروەردە کردییە، بەڵام بەهرامی شاعیر و



له لای ڕاستەوە: نووسەر بەهرام محەمەد، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد مومتاز حەیدەری.



**پۆڵێك مامۆستای قوتابخانەی سیروانی سەرەتایی لە هەولێر، ڕاوەستاوەكان لە لای ڕاستەوە:**
**نووسەر بەهرام محەمەد، نووسەر و وەرگێڕو ڕەخنەگری گەورەی كورد ڕەوانشاد عەزیز گەردی،**

نووسـەر كەمتر مانـدوو دەكـرا چونكـە ئـەو ئامـۆزای وەسـتا حەسـەن بـوو، باوكێشـی ئەمـری خـوای كردبوو(خوالێخۆشـبێت) زۆر نازیـان هەڵدەگـرت.

بـۆ شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس و ڕۆماننـووس و وەرگێـڕ بەهـرام محەمـەد هـەر سـاغ و سـەلامەت و سـەركەوتوو بیت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئەدەبـی كـوردی.

وا دوو پارچـە شـیعری نووسـەر بەهـرام محەمـەد- تـان بـۆ دەنووسـمەوە، یەكێكیـان بـە زمانـی كـوردی ئـەوی دیكەیـان  بـە زمانـی عەرەبـی:

**ئای ئەسپیندار**

ژنە شۆخە بەرزەكە

منی لاولاوە حەیامێكە

لەسەر زەوی پێ ناگرم



لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەهرام محەمەد، هونەرمەند خەلیل وەندی، دکتۆر ئارام بەهرام محەمەد.

وەک ئەو منداڵەی
پێچوکەکەی دزراوە
گڕناگە دەگرم
وەک ئەو مارەی
لە سەری دراوە
گینگل دەخۆم
سەرم بەرز دەکەمەوە
تۆ نیت بە قەدی خۆت هەڵمواسی
قەف بە قەف و ئەلقە بە ئەلقە
هەڵدەوەشێمەوە.

پارچە شیعرەکەی بە عەرەبی
بعثت رسولا
انتظر نار حبك
الوهاج
انا غريق بحر حبك
اتغنى بصوت هديره
الرجراج
واتصارع فيه بخبرتي
في السباحة مع طلاطم
الامواج
قربي لنبني عشا للحب
و نتهيء للاندماج
صبرت مليا و انتظرت كثيرا
للانبلاج




خائفا، متعلثما كالطفل
اللجلاج
رسول قلبی قریب
من دار قلبک، بشریه
بالانفراج
ردک العنیف سیذبحنی
کما یذبح القصاب
النعاج
فهو بالسکین الحاد
و انت بالتکبر
و المغناج.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی نووسەر بەهرام محەمەد لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاریی نووسین و دارشتنی خۆم.



# بەدەل ڕەفۆ مزووری

نووسـەر و شـاعیر و وەرگێڕو میدیاکاری(گەڕیدە- گەڕۆکەڤان- الرحالـة) ی کورد پـەروەر، بـەدەل ڕەفۆ مـزووری

لـە وتارێکدا کـە نووسـەر و وەرگێڕی گـەورەی کـورد جـەلال زەنگابـادی سـەبارەت بـە نووسـەرو ڕۆژنامەنـووس بـەدەل ڕەفۆ کـە بـە زمانـی عەرەبـی نووسـیویەتی دەڵێت:(بـدل رفـو المزوري شـاعر مبدع و مترجـم قديـر و إعلامـي و رحالـة.....إن مـن يعاشـر بـدل الإنسـان، متلمـس ببسـاطته المحببـة و تواضعـه الجـم و وفـاءه الحميـم و عشـقه الجنونـي للسـفر حتـى ( بالدراجـة الهوائيـة!)، بحيـث لا يتمالـک المـرء نفسـه إلا ان يخاطبـه ب( السـندباد الكـردي) و ( إبـن بطوطـة الكـرد).

نـاوی تەواوی(بـەدەل محەمـەد تاهیر یونس عەلی)یە، لـە ڕۆژی ١-٨-١٩٦٠ لـە گونـدی (شـێخ حەسـەن)ی سـەر بـە قـەزای شـێخان لـە کوردسـتان لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی لـە شـاری موسـڵ تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٨٥ بەشـی زمانـی ڕووسـی لـە کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە.

بـەدەل ڕەفـۆ هـەر لـە لاوێتییـەوە حـەزی لـە زمـان و ئەدەبـی کـوردی عەرەبـی بـووە، لـە کۆتایـی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو چـووەتـە نـاو دنیـای



له لای راستەوە: ڕۆماننووسی نەمساوی ماریا اوتنر, بەدەل مزووری

نووسینەوە، یەکەم دەستپێکی کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بە زمانی عەرەبی دەست پێ کردووە، ئەو کاتەی هەندێ نووسینی لە ڕۆژنامەی( الحدباء)ی موسڵ بڵاوکردووەتەوە، پاشان بەردەوام بووە وەکو ڕۆژنامەنووس لە بەغدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (الاقلام، الطليعة الادبية، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، الثقافة، العراق، پاشکۆی عێراق، ...هتد) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەتی هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی بزاڤ وهاوکاری و گۆڤاری ڕەنگین کاری کردووە.



ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە نەمسا دەژیەت، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامونووسانی نەمسا و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی نەمسا و ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕەرانی عێراقی- مەڵبەندی گشتی- لە بەغدا و ئەندامی یەکێتیی جیهانی سینەمایی عەرەبییە، بەشداری لە بەشی زۆری فیستیڤاڵە شیعرییەکان کردووە لە

عێراق و نەمساو کازاغستان و وڵاتی مەغریب، چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی بۆ ساز کراوە لە عێراق و کوردستان نەمسا و ئەڵمانیا و مەغریب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئەڵمانی.



پەیکەری بەدەل مزووری

لەسەر نووسین و بەرهەمەکانی ناوبراو، زیاتر لە (٥٠) نووسەرو شاعیرو ڕەخنەگری کوردی و عەرەبی و نەمساوی وتار و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و توێژینەوەیان نووسیوە، لەوانە:(زهیر کاظم عبود، ئیبراهیم یوسف، دکتۆر خالد یونس خالد، فتح الله الحسیني، د. توفیق التونجي، د. هدیة الایوبي، جلال زنگابادي، ڕەخنەگر مسعود عکو، نووسەر قیس قرداغي، الروائي والشاعر اسعد الجبوري، القاص والناقد حسب الله یحیی، الشاعرة سوزان سامي جمیل، نووسەر عبدالغنی علي یحي، الشاعر المغربي عبدالحي مفتاح، الناقد اللبناني شوقی بزیع، ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری، نووسەری میسری عبدالعزیز الشرقاوي،....چەندانی تر).



لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمساوی هیرڤیل فۆن کروتیزبروك، بەدەل مزووری

ناوبـراو (١٨) بەرهەمـی بـە چێـژی بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ئەڵمانـی لـە چـاپ داوە و بڵاوی کردوونەتـەوە لەوانە؛( مقتضيات الجيلية من الشـعر الكـردي- بغـداد ١٩٨٩، اغنيـة البـاز- قصيـدة مترجمـة- دهـۆک ٢٠٠١، رسـول حمزاتـوف و طالمـا تـدور الارض بمشـاركة خيری هـەژار مـزووری- دەزگای سـەردەم سـلێمانی ٢٠٠٩، انطولوجيـا شـعراء النمسـا بـە عەرەبـی لـە ئەڵمانييـەوە- سـوريا ٢٠٠٨، وطـن إسـمه ڤيڤـان- قصائـد كرديـه مترجمـة قاهيـره ٢٠٠٩، اڤيڤـان- قصائـد كرديـة- مترجمـة للشـاعر عەبدولرەحمـان مـزووری- دەزگای سـەردەم سليمانی ٢٠٠٩، قصائد نمساوية باللغـة العربيـة دمشـق ٢٠١٠، دم الصنوبـر للشـاعر بدرخـان السـندي- ترجمـه إلـى العربيـة دهـوک٢٠١٠، الوطـن الابيـض- قصائـد نمسـاوية بـۆ سـەر زمانـی كـوردی- دهـۆک ٢٠١١، مواويل الشـتاء - اصـوات شـعرية مـن كردستان كردويەتـی بـە عەرەبـی- دهـۆک ٢٠١١، الشـهد و الثلـج لـە كـوردی بـۆ عەرەبـی ٢٠١٣، (بـدل رفـو - صـقر مـن كردسـتان)- بقلـم الروائيـەة الالمانيـة انغيبـورگ ماريـا اوتنـر لـە نەمسـا ٢٠١٣، اطفـال الهنـد علمونـي، قصائـد و شـهادات مـن الادب الكـردي فـی المهجـر- دمشـق ٢٠١٨، العالـم بعيـون الكرديـة بـە زمانـی عەرەبييـە لـە



**لە لای ڕاستەوە: بەدەل مزووری، ڕەسام جیهان محەمەد عەلی لە ڤیێنا.**



ئەدەبیاتی - الرحلات- گەڕیدە) لە دەزگای خانیَ لە دهۆک لە چاپ دراوە ۲۰۱۸...هتد).

شاعیر و نووسەر بەدەل ڕەفۆ مزووری زیاتر لە (٤٠١) پارچە شیعر و وتار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی لەسەر زۆر لە بەرهەمی شاعیرانی کورد و عەرەب و نەمساوی نووسیوە و لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە کوری و عەرەبی و نەمساوی و مەغریبی و سوورییەکان بڵاوکردووەتەوە، لەوانە بەرهەمی هەر یەک لە:( شاعیر بەدرخان سندی، عەبدولرەحمان مزووری، محەمەد سەعید بلو، عیسمەت خابور، هوار کەمال، مەسعود سەرنی، لە شاعیرە نەمساوییەکان إرما فولتا، ئەنگرید هۆڤمان، هێرفک فۆن کردیتزبروک، ماریا ئۆوتنر، هەروەها هوشیار ڕێکانی، بەیار زاوێتی، هێرمان ماسر، پیزان ئالیخانی، شاعیری فارسی سهیلا کرمجی...چەندانی دیکە).

نووسەر شاعیر بەدەل ڕەفۆ لە لایەن چەند دەزگا حکومی و نا حکومی ڕێزی لیَ نراوە و خەڵات کراوە لەوانە:

- ڕێزلێنان و خەڵاتی ڕێکخراوی (هیڤی)ی حکومی لە وڵاتی کازاغستان ساڵی ۲۰۰۹ پیَ بەخشراوە.

-ڕێزلێنانی لە فیستیڤاڵی دهۆک لە ۷-۱۰-۲۰۱۰.



**بەدەل ڕەفۆ  لە کاتی ڕێز لێنان**

-ژیاننامەی لە ناو بیوگرافیای چیرۆکنووسی نەمساوی ماریا انگیبورک اونتر لەژێر ناونیشانی  (صقر من کردستان)٢٠١٣.

-  لە فیستیڤاڵی شیعری عەرەبی لە شاری شفشاون لە وڵاتی مەغریب، خەڵاتی فیستیڤاڵەکە و وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەوێی پێبەخشراوە.

- لە لایەن ماڵی عەرەبی بۆ ۆۆشنبیری و هونەری لە نەمسا- ڤیەننا- سەبارەت بە دەوری گرنگی لە ڕۆشنبیری و ئەدەبی نەمساوی ساڵی ٢٠١٩.

-درع عائلی لە شاری (قۆش) لە کوردستان ٢٠١٩.

بەدەل ڕەفۆ مزووری لە ٢٨-٣-٢٠٢٢ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک موحازەرەیەکی لەسەر ئەدەبی( الرحال- گەڕیدە- گەڕۆکەڤان) وتۆتەوە، وا وێنەکەم هاوپێچ کردووە، هەروەها لە ٣٠-٣-٢٠٢٢ لە باعەدرێ سیمینارێکیان بە ناونیشانی بەدەل ڕەفۆ گەڕۆکەوانی کوردی بۆ ڕێکخستووە، وا ئەویشم هاوپێج کردووە.

لە دهۆک هونەرمەندی پەیکەرساز ئەرشەد خەڵەف پەیکەرێکی لەسەر ئەرکی خۆی بۆ نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ و میدیاکاری گەڕۆک بەدەل ڕەفۆ دروست کردووە، ئەویشم هاوپێچ کردووە.



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، بەدەل ڕەفۆ.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر و نووسەر بەدەل ڕەفۆ مزووریتان بۆ دەنووسمەوە:

(١)
جئتك من المنافي
عابرا البحار
وفي يديَّ السنابل ..
نكهة عسل شفشاون ..
ابتسامات بساتين
شعراء النمسا ..
قبلات جبال الكورد ..
تفاحة
شجرة وارفة ..
وفيض الشوق لبراءة
اطفال كوردستان..
حنين لزقاق دارنا
العتيقة في الموصل ..
ليذوبوا في عطرك
وجمالك
قبلة خريفية ..
فلسفة انسانية..
احتفالية وجدانية ..
انت قصيدة عشق
مغتربة
ذكرى غربة ازلية..!!

(٢)
حين عشقتك...
ابصرت وطني في
عينيك..!
ابصرت غيوم بلادي

تهطل..!
تغسل عيون امهات
ضحايا الحروب ..!
ابصرت حرية تتسكع
في بلاد الغربة ..!
ابصرت درباً معتماً
وطناً تائهاً
على اسفلت ساخن..!
ابصرت سكك حديد
تخلو من القطارات ..!
ابصرت الفنادق
مليئة بتجار الارض ..
وعاهرات وسماسرة
من اوطان بعيدة ..!
بحثت عنك كثيراً..
وجدتك اوصالاً نازفة ..
قبّلتُ أحجية لجدتي
حملتها في حلي
وترحالي..
واذا بي افتقدها في
ليال الغربة..!
بقيت ابحث عن وطن
في عيون المسافات ..
دروب المدن
العتيقة..!
الى ان ذابت
الطرقات في صدر
الأرض ..
وقتها اتكأت على
دموعي.

(٣)
وحدك يا صاحبي ..
ستروض الخيول
المفجوعة الحزينة..
ستغني للفردوس



شاعير بەدەل رەفۆ لە شاری شفشاون لە مەغریب

القادم اغنية
من قواميس هزائم
التاريخ...
وقتها ستعشقك
الحوريات
والحسناوات..
سترفعن راياتك
الممزقة المهترئة
لتعانق الفراشات
واشجان الرعاة ..
وعشاق الشعر في
كل وطن
يعيشون في ظل
طاغية!!

(٤)
ابحث عن من يقرأ
فنجاني المكسور
ويجوب في ذاكرتي
ليحتسي الشهد من
كأس
فيه عطر لعناوين
تعبقني
بلغة أمي ..!!
تركتُ دروب البكاء
والوجع
لأبحث في عينيك ..
عن خرائط بلادي
الممزقة المشتتة ..
عن صهوة خيوط
الشمس ..
ودمع جريح في
انثيالات شوقي
للقيا اطفال الكورد!!
(٥)
وطني...
حملتك على
كتفي
زحفت صوب
المجهول ..
من بلاد ..الى بلاد
حلقت مع الغيوم
ترافقني بركات أُمي
وباقة نرجس فواحة
بأريج كوردستان ..
بعد ان طوتني دروب
وطني
ابصرت اوطانا
وشعوبا في الأعالي ..
وملائكة عن السلام
حدثوني ..
عن الحقيقة والتاريخ
، وبكل لغات العالم
ودعوني..!
قالوا : غربتك وطن ..
فالملائكة تتغرب

كالعصافير محلقة ..
قالوا:
ما اصعب ان يتغرب
الشعراء
هم مرآة وظل وغد
للأوطان
، فأنت وطن تغرّب عن
وطن

(٦)
ركضت باحثاً عن
وطني
وغربتي وقصائدي
في محيطات عينيك
فمن دروب العمر
يفوح عطرك
وعلى عتبات جنتك
كل الهزائم تغدو
انتصارات
عيون ملتهبة
حرائق عشق ،
ورشقات مطر * *
(٧)
سأجمع قصائدي..
فوق اشجار وغصون
بساتين العشق
كروضٍ يورِقُ ..!
سأدعو تاريخي كي
يعانقك..
في حضرة عطر
شفتيك
وجنة الوادي بين
نهديك ..!
عشقك موج قاتل
ضد التيار..
ضد التاريخ وحكاياتي
القديمة
في تخوم ذاكرتي
التي صدأتها الغربة ..!!
عشقك..امبراطورية
وملامح حياة
صارعت الاساطير
والقياصرة والامم..!!

(٨)
يا ليتك ..اطفأت
نجمة الله..
محتفلاً امام عقارب
الزمن..
من ان تسرد
للشواطئ ولظلك
المرهق ،
حكايات الحزن
والهروب والبحث عن
الذات
العقت الوطن جراحاً..
وايقاعات الحياة
وضوئها حزنا

وانكساراً!!
ستحمل عطر والدتك
في المنافي..
ستصارع هجمات
العواصف
ومطاردات الاشواك..
ستغوص في غابات
العمر ،
وبقايا خبايا
الحضارات والانسان
ستحلق مهاجراً
وتندب حظك..
ونجوم السماء
تراقبك رغم خيالاتك
اوجاعك كالجمرات..!!

بۆ شاعیرو نووسەرو وەرگێڕو میدیاکاری گەڕۆکی کوردپەروەر، هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و کەلتووری کوردی و ناساندنیان بە هاوولاتیانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- رابطة ادباء الشام، دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووس خدر خەلات لەگەڵ شاعیرو نووسەر بەدەل ڕەفۆ.
٢- ارابیکا - الموسوعة الحرة.
٣- پەیجی نووسەر بەدەل ڕەفۆ.
٤- پەیجی شخصیات من الذاكرة لە ٢-١٠-٢٠١٨.
٥- وتارێکی نووسەرو وەرگێر جەلال زەنگابادی لە (مرکز النور) لە ٢٥-١٠-٢٠١٣.
٦- کوردیپیدیا.
٧- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# ڕوپاك عەبدولقادر

ئەکتەر و سیناریست و میدیاکار خاتوو ڕوپاك عەبدولقادر

ناوی تەواوی(ڕوپاك عەبدولقادر محەمەد)ە، بە ڕوپاك رواندزی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی تەیراوەی ناو شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٨٠بەشی ئەلیکترۆنی لە ئامادەیی پیشەسازی هەولێری تەواو کردووە، لە هەمان ساڵدا وەکو فەرمانبەر لە ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان- بەردەوام بووە لە خزمەت تا ساڵی ٢٠١٧ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشین بووە.

خانمە ئەکتەر ڕوپاك عەبدولقادر هەر لە منداڵییەوە خولیا و بەهرەی هونەریی هەبووە، لە ساڵی ١٩٧٨ ئەو هێشتا هەر قوتابی بووە لە ئامادەیی پیشەسازی هەولێر لەگەڵ هاوڕێکانی بەشدار بووە لە چالاکییەکانی قوتابیان و شانۆگەری(فالچی)یان کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی پیاو ڕۆڵی ئافرەتی دەبینی لە تەمسیلییەو شانۆگەرییەکان، ئەو زۆر ئازایانە هاتووەتە ناو دنیای شانۆ و دراماو تەمسیلکردن، هەندێ جاریش وەکو پێشکەشکاری ئاهەنگەکان.



**لە لای ڕاستەوە: ئەکتەر ڕوپاک عەبدولقادر، هونەرمەندی گەورەی کورد دەرهێنەر و ئەکتەر ئەحمەد سالار، دکتۆرە بەلقیس، ئەحلام موحسین، منداڵەکان ژین و نور**

ڕوپـاک عەبدولقـادری ئەکتـەر لـە سـاڵی ١٩٧٧ بەشـداری لـە شـانۆگەری (دایـک)دا کـردووە، بەشـداریی زیاتـر لـە (٦٠) کاری هونـەری لـە تەمسـیلیە و شـانۆ زنجیرە درامـای تەلەفزیۆنـی فلمـی سینەمایی کـردووە، کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

- لـە سـاڵی ١٩٨٢ شـانۆگەریی(لاس و خەزال)کـە ڕۆڵـی دایکـی لاسـی دیـوە، دواتـر بووەتـە درامـای تەلەفزیۆنـی کـە تێیـدا ڕۆڵی(خـەزال)ی بینیـوە، لـە نووسـینی نووسـەر و شـاعیر نـازم دڵبەنـد و دەرهێنانـی هونەرمەنـدی دەرهێنـەر سـەباح عەبدولڕەحمـان بـووە.



**ئەکتەر ڕوپاک عەبدولقادر، هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولرەحمان**

- لـە سـاڵی ١٩٨٤ بەشـدار بـووە لـە تۆمـار کردنـی زنجیرە درامـای(لاس و خـەزال و خـەج و سـیامەند و خاتـوو کڵاوزەر) بـۆ تەلەفزیۆنـی بەغـدا.



**لە لای ڕاستەوە: ئەکتەر سوهام حەسەن، ئەکتەر ڕوپاك عەبدولقادر، ئەکتەر شیرین سابیر، ئەکتەر گەلاوێژ تاهیر**

- لە ساڵی ١٩٨٤ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆ بەشدار بووە لە نمایشکردنی شانۆگەریی(خاتوو کڵاوزەر) لە هۆڵی نیشتمانی لە بەغدا.
- لە ساڵی ١٩٩٢شانۆگەریی(شارەکەم) لە نووسینی نووسەر و شاعیر نازم دڵبەند و دەرهێنانی هونەرمەندی گەورەی کورد ڕەوانشاد فەرهاد شەریف بووە.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕوپاك عەبدولقادر، هونەرمەند دەرهێنەری گەورەی کورد ناسر حەسەن**

- لە ساڵی ١٩٩٤ بەشداری کردووە لە درامای(نامە) دەرهێنانی هونەرمەند وەلید.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بەشداری کردووە لە زنجیرە درامای(کەوەکانی قەرەچوغ) لە دەرهێنانی هونەرمەندی ڕەوانشاد تەڵعەت سامان.
- لە ساڵی ١٩٩٦ بەشدار بووە لە درامای(چەقۆ) لە نووسینی



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە،ئەکتەر ڕۆپاک عەبدولقادر

پرۆفیسۆر دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی و دەرهێنانی هونەرمەندی ڕەوانشاد تەڵعەت سامان.

- ساڵی ٢٠٠٧ درامای(فرمێسک) نووسینی نووسەر نازم دڵبەند و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.



ئەکتەر ڕۆپاک عەبدولقادر
له کارێکی هونەری

- ساڵی ٢٠٠٨ درامای(پرس) نووسینی و دەرهێنانی هونەرمەند تەنیا کەریم.
- ساڵی ٢٠٠٩درامای(تۆ بڵێ وا بیت).
- ساڵی ٢٠١٠ شانۆگەریی(چایخانەی عەبۆ) نووسینی نووسەر نازم دڵبەند و دەرهێنانی هونەرمەند گۆڤار ئەنوەر.
- شانۆگەریی(دەفرِی و نافرِی)لە دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعاد.
- شانۆگەریی(هەڵەبجە) و شانۆگەریی(نامەیەک بۆ پێشمەرگە) لە دەرهێنانی هونەرمەند



**هونەرمەندی ئەکتەر عەلی ئەحمەد، هونەرمەندی ئەکتەر سابیر عەبدولڕەحمان،**
**هونەرمەندی ئەکتەر ڕوپاك عەبدولقادر**

نەجمەدین شاهین.

- ساڵی ٢٠١٦ شانۆگەریی(مەم و زین) و ( لە مردن گەڕایەوە) ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعاد.

- ساڵی ٢٠١١ شانۆگەریی (شەوی لە دایک بوون) لە نووسینی نووسەر مهتاب مەلا عوسمان و دەرهێنانی هونەرمەند ئومێد حوسێن.

-٢٠١٢ زنجیرە درامای(خەج و سیامەند) نووسینی نووسەر نازم دڵبەند و دەرهێنانی هونەرمەند نەزار مامە.

- ڕوپاک عەبدولقادری ئەکتەر لە چەندین فیلمی سینەمایی بەشداری کردووە لەوانە:(کچی کافرۆش، هەنسکی ئاسمان، مەملەکەتی مێرووڵەکان، کورتە فلمی یادێک).



**ئەکتەر ڕوپاك عەبدولقادر**
**لە کارێکی هونەری**



**پرۆمۆی درامای(کێخوا سێوێ) لە لای ڕاستەوە:ئەکتەر لەیلا عەلی، ئەکتەر شیرین عەبدولرەزاق، ئەکتەر ڕوپاک عەبدولقادر، ئەکتەر شیرین سابیر، ئەکتەر مازیچن، چاوەڕوانن لە دەرفەتێکدا بتوانن پێشکەشی بکەن**

ناوبراو خاوەنی چەندین خەڵات و ڕێزلێنانە لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی عێراقی و کوردستان، لەوانە: خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، فیستیڤاڵی شیعری ژنان، یادی(١٠٠) ساڵەی شانۆی کوردی، خەڵاتی ڕادیۆی هێلین.

-٢٠١٧ درامای(ونبووەکان)لە دەرهێنانی هونەرمەند جەوهەر.

- هونەرمەند خاتوو ڕوپاک عەبدولقادر بە دەستپێشخەریی خۆی و بە هەوڵی تاکە کەسی لە ١٣-١٠ ٢٠١٨ تیپی هونەری شانۆی منداڵانی دامەزراندووە و مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتووە بە ناوی(تیپی شانۆی منداڵانی هەولێر)، یەکەم کاریان ئۆپەرێتی نمایش کردنی جل و بەرگی فۆلکلۆری کوردی بووە کە منداڵەکان خۆیان نواندنەکەیان کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە فیستیڤاڵی کەلتووریی ئەلمانیا بە ئۆپەرێتی(جل و بەرگی فۆلکلۆی کوردی) بەشداریان کردووە.
- خانمە ئەکتەر ڕوپاک عەبدولقادر لەگەڵ تیپی شانۆی منداڵان زیاتر لە (١٦) کاری هونەرییان لە شانۆ و ئۆپەرێت، کە بەشی زۆری لە



ڕوپاك عەبدولقادر لە كارێكی هونەری

ئامادەكردنی خۆی بووە، لەناو شاری هەولێر نمایشیان كردووە، لەوانە:

- ساڵی ٢٠٠٩ شانۆگەریی(خەپان و خرپن)دەرهێنانی هونەرمەند ئەحلام موحسین.
- ساڵی ٢٠٠٩(خەونەكانی ئێمە) كە بۆ منداڵانی سەرشەقام بووە، ئامادەكردنی خۆی، دەرهێنانی هونەرمەند شەهرام نامق، هەروەها شانۆگەریی ئەنجامی درۆكردن، كێ خۆر بە ئاگا دێنێ، تورەگەی پڕ لە سێو، ژیان لێرە، ڕاستگۆیی، جوانیی ژینگە، ئاڵاكەمان، پەپوولەكان و چەندانی دیكە).

خانمە ئەكتەر ڕوپاك عەبدولقادر لە ساڵی ١٩٩١ەوە، لە ڕێگەی هەڵبژاردن بووەتە ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یەكێتیی هونەرمەندانی كورد، ئەندامی دەستەی كارگێڕی هونەرمەندانی كورد لقی هەولێریش بووە، تا یەكگرتنەوەی



لە چالاكییەكانی تیپی شانۆی منداڵان.

یەکێتیی هونەرمەندان لەگەڵ سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، ئەو تا ساڵی ٢٠١١ لە دەستەی کارگێڕیی ئەو سەندیکایە دەست بەکار بووە.

ئەو لە دوای ڕاپەڕین هەر لەگەڵ کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەیەکی هەبووە بە ناوی(یەکێتیی هونەرمەندانی کورد) کە لە ئامادەکردنی خۆی و دەرهێنانی هونەرمەند غازی غەفور بووە، هەروەها بەشداری لە چەندین ئەلقەی بەرنامەی(زووم زووم) کردووە کە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پەخش دەکرا.

دوا کاری هونەری ئەکتەر ڕوپاک عەبدولقادر زنجیرە درامای(شەوی کەوتن- لیلة السقوط)بووە، لە نووسینی نووسەر مەجدی سابیر و دەرهێنانی هونەرمەند نەجم الطعمي- یە.

بۆ هونەرمەند ڕوپاک عەبدولقادر هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی شانۆ و دراما و هونەری کوردی.


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- سایتی هەولێر.

٢-کوردیپیدیا.

٣-ڕووداو وتارێکی نووسەر هیوا سالح لە ١٥-١٢-٢٠١٥.

٤- CHRA TV وتارێکی نووسەر زانا دڵشاد دزەیی.

٥- ژیاننامەی هونەرمەندی ئەکتەر ڕوپاک عەبدولقادر کە لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٦- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# سەعدون یونس

ئەکتەر و دەرهێنەرو وێنەگر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار سەعدون یونس

هونەرمەند سەعدون یونس لە کوردستان زیاتر بە(ڕەجەب)ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە خانەوادەیەکی هونەردۆست لەدایک بووە، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە شەش ساڵان ماڵیان هاتۆتەوە هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، ئەو هەر لەمنداڵییەوە حەزی لە نواندن و شانۆ بووە، باوکی وەک ئامێرژەنێکی هەوایی ئاشنایەتی لەگەڵ مۆسیقا هەبوو، بەڵام ئەو ڕووی لە شانۆ و نواندن کردووە، بۆیە چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، ساڵی ١٩٧٤بە پلەی نایاب بەشی دەرهێنانی تەواو کردووە، زەمالەی خوێندنی بۆ دەرچووە بۆ (براگ)ی وڵاتی چیکۆسلۆفاکیای ئەو کات، بەڵام نەچووەو ویستوویەتی بچێتەوە هەولێر، ئەوەی کە فێربووە و خوێندوویەتی خزمەتی شارەکەی پێ بکات.

هونەرمەند سەعدون یونس هێشتا قوتابیی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووە لەگەڵ هاوپۆلەکانی لەسەر دەستی هونەرمەندە گەورەکانی عێراقی




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، هونەرمەند سەعدون یونس،**

وەکو(سامی عبدالحمید، بدري حسون فريد، محسن العزاوي، بهنام ميخائيل، قاسم محمد) زیاتر ئاشنای هونەری نواندن و شانۆ بووە، بەشداریی لە چالاکییەکانی ئەو کات کردووە.

ناوبراو بۆ یەکەم جار لە ٢٧-٣-١٩٦٧ لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە ڕەوانشاد(سەفوەت جەڕاح) لە هۆڵی خانەی مامۆستایان چووەتە سەر شانۆ و لە هەر دوو شانۆگەری( الحل الاخير و التجربة فقط) کە بە زمانی عەرەبی بووە، یەکێکیان ڕۆڵی کۆمیدی ئەوی دیکەیان ڕۆڵی تراژیدی تێدا دیون. دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بووەتە ئەندامی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی و شانۆگەریی(چیرۆکی شۆڕشێک)ی دەرهێناوە کە یەکەمین شانۆگەری بووە بە زمانی کوردی، لە بواری شانۆ و نواندن کۆمەڵێک وتارو لێکۆڵینەوەی نووسیوە لە ڕۆژنامەکانی(التآخي و طريق الشعب) بڵاوی کردوونەتەوە، دواتر وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە ڕۆژنامەی(التآخي) بۆ ماوەی چوار ساڵ کاری کردووە و سەرپەرشتیی لاپەڕەی(کەلتوور و هونەری)کردووە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٨ تا ساڵی ١٩٧٦ هەر لە بەغدا بووە، کە هاتووەتەوە هەولێر لە چالاکیی قوتابخانەکان دەست بە کار بووە ، لە ئامادەیی کچان شانۆگەرییەکی بۆ منداڵان بە ناوی(گوڵی ئەرخەوان)

بەرهەم هێناوە کە زیاتر لە (٦٠) قوتابیی کچ بەشدارییان تێدا کردووە، یەکەمین کاری شانۆگەریی(ئاگادار بن بەرێزەکان) کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە نووسینی نووسەری میسری (نبیل بدران) و وەرگێڕانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد ئازاد عەبدولواحید بووە، دیکۆری ڕەوانشاد ئەکرەم عەلاف و مۆسیقای وێنەگرتنی هونەرمەندی گەورەی کورد وریا ئەحمەد بۆی داناوە، ئەم شانۆگەرییە دوو ڕۆژ نمایش کراوە، دواتر لەسەر بڕیاری ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ڕاگیراوە، دەرهێنەر سەعدون یونس و وەرگێڕی دەقەکە و زۆر لە بەشداربووانی ئەم شانۆگەرییە لە ترسی گرتن بۆ ماوەیەک لە شاری سێمانی خۆیان شاردووەتەوە.

هونەرمەند سەعدون یونس کاری زیاتر لە (١٢٠) شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی و ئێزگەیی کردووە، کارەکانی ئێزگەیی کە زیاتر لە(٥٠) زنجیرەیە کە زیاتر هونەرمەندی ئەکتەر خەلیل یابە ئامادەی کردوون و کارە تەلەفزیۆنییەکانیشی بەشی زۆری هونەرمەندی ئەکتەر زاهیر عەبدوڵلا کاری ئامادە کردنی دیکۆر و دیمەنەکانی بۆ کردوون.

یەکەمین بەرهەمی لەسەر تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی ساڵی ١٩٧٠ بە ناوی(نەفرەتی) بووە، یەکەمین کاری تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگیشی(خۆتان



**ئەوەی ڕاوەستاوە هونەرمەند زوهێر عەبدولمەسیح، لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا، هونەرمەند چەتۆ حەسەن، هونەرمەند ناسر حەسەن، هونەرمەند کەریم عوسمان، هونەرمەند سەعدون یونس**

بگرن وا هاتین) بووە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٥- ەوە وەکو پەنابەر لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژییێت، لەوێش فلیمێکی لەسەر مافی مرۆڤ و مافی پەنابەران و جێگاو ڕێگایان لە کەمپەکانی پەنابەران بەرهەمهێناوە، خۆیشی وەکو وێنەگر کاری تێدا کردووە، پاش نمایش کردنی ئەم فلیمە پەرلەمانی هەرێمەکەی وڵاتی ئەڵمانیا یاسای پەنابەرییان بەرەو باشتر گۆڕیوە، بەرهەمەکەش بۆ ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ بووە.

هونەرمەند سەعدون یونس خێزانەکەشی ڕەوانشاد خاتوو( سەمیرە عەبدۆک) یەکەم ئەکتەری ئافرەتی کورد بووە کە بە فەرمی وەکو ئەکتەر دامەزراوە، لە تەمسیلییەی(کەونە دەرکە) لەگەڵی بووە.

سەعدون یونس زیاتر لە نیو سەدە کاری هونەری شانۆ و نواندنی کردووە لەگەڵ هاوڕێکانی بەرهەمێکی زۆریان پێشکەش بە بینەران و هەوادارانی شانۆ و تەمسیل کردووە، لەو کارە هونەرییانەی کە وەکو



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد هونەرمەند سەلام کۆیی، هونەرمەند سەعدون یونس**



**هونەرمەند سەعدون یونس و خێزانەکەی**

دەرهێنەر یان ئەکتەر یان وێنەگرتن بەشداری کردووە (مەم و زین، شەوچرا، کەونە دەرکە، زولێخا، پاڵەوانی ئاخیر زەمان، هاوارێک لە حاجی قادرەوە، مەڕانە، ئاسکە، مالەی سەر گردەکە، گوڵە مێخەک، ماڵی نوێ، مام سمایل، قەڵای دمدم، شارەکەمان، خۆتان بگرن وا هاتین، نەفرەتی، هەبوو نەبوو، سورمەخان، محەمەد و سێوێ، گوڵاڵە، کڵاوزەڕ چەندانی دیکە).

ناوبراو ماوەی شەش ساڵ سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان بووە و ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە بووژاندنەوەی تیپی هونەری نوێی هەولێر کە بەشی زۆری ئەندامەکانی بیر و فیکری چەپڕەویان هەبوو.

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ هونەرمەند سەعدون یونس دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتەی بەندە سەرۆکی لیژنەی (تعضید و نشر) بووم لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سەر بە ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەو زۆر هاوکارمان بوو وەکو(خبیر- شارەزا) لە

مۆڵەتدان بۆ دەقی ئەو شانۆ و تەمسیلییانەی کە دەهاتنە لامان، لە نیوەی هەشتاکانیش هەر لە لێژنەکە بووە لەگەڵ بەندە، ئەو خزمەتێکی زۆری بە هونەری کوردی کردووە.

بۆ هونەرمەند سەعدون یونس هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە.


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیدیا.

٢- هەڤپەیڤینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید لەگەڵ هونەرمەند سەعدون یونس، کە لە کتێبیکدا بڵاوی کردووەتەوە لە ٥-١١-٢٠١٦.

٣- ماڵپەڕی زەمەن لە ٢٣-٩-٢٠١٩.

٤- فلیمێکی دۆکیومێنتاری - بەرنامەی ڕۆژانە- تەلەفزیۆنی NRT ٣-٦-٢٠١٣، ماڵپەری ستاندەر، ماڵپەڕی خاک.

٥- زانیاری  و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# شیرین سابیر

خانمە ئەکتەر شیرین سابیر، ناوی تەواوی(شیرین سابیر خدر)ە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە داوێنی چیای باواجیی سەرکەش و گەڕەکی(بەفری قەندی) ی شارەکەی شاعیران حاجی قادری کۆیی و عەونی و دڵزار و دڵدار و کەریم شارەزا و قوبادی جەلی زادە، شاری سێوە و تایەر تۆفیق و ئەحمەدی مەلا، شاری کۆیەی ڕەنگین لە دایک بووە.



دراما‌ی(خەج و سیامەند)لە لای ڕاستەوە:ئەکتەر زاهیر عەبدوڵڵا، ئەکتەر شیرین سابیر

خانمە ئەکتەر شیرین سابیر لە ١٢-١٢-١٩٨٠ هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەندی ناسراوی کوردستان (زاهیر عەبدوڵڵا) کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆی نەبوونی ئەکتەری ئافرەت لەسەر شانۆی کوردی لە هەولێر، بە دەستپێشخەرییەکی خۆی و هاوسەرەکەی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا، ئەو زۆر ئازاو بوێرانە بڕیار دەدات بێتە ناو دنیای هونەر، بە بەشداربوون و نواندن لە شانۆ و دراما تەلەفزیۆنی و فلیمە سینەماییەکانی کوردی، کە بووە هۆ و هاندانێک بۆ ئەوەی چەند هونەرمەندێکی دیکەی ئافرەت بێنە ناو



بەرنامەی (هاورێی تەمەن)لە ڕاستەوە: ئەکتەر سوهام حەسەن، ئەکتەر ڕوپاك عەبدولقادر، میدیاکار دڵشاد خۆشناو، ئەکتەر شیرین سابیر، ئەکتەر گەلاوێژ تاهیر.

کاری هونـەری و نوانـدن.

ئـەو کاتـەی خاتـوو شـیرین سـابیر لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنـی کەرکوک لـە شـانۆ و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان دەردەچوو، کەم کەس هەبوو لـە شـاری هەولێـر جورئـەت بکات تەنانـەت ژنەکـەی خـۆی بـە تەنیا بنێرێتـە نـاو بـازاڕ و نـاو شـار.

خانمـە ئەکتـەر شـیرین سـابیر، ئـەو کاتـەی هاوسـەرەکەی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵـڵا لـە لایـەن ڕژێمـی بەعـس دەسـتگیر و شـون بزر دەکرێت بـۆ ماوەی چوار مانگ، ئـەو دیسـان زۆر ئازایانـە شـانی داوەتـە بـەر ئـەو ئەرکـە قورسـە لەگـەڵ بـاوک و دایـک و خوشـک و براکانـی هاوسـەرەکەی، خـەم و پەژارەیەکـی زۆری کێشـاوە تـا ئـازاد بوونـی هونەرمەنـد زاهیـر عەبدوڵـلای هاوسـەری.

خاتـوو شـیرین سـابیری ئەکتـەر یەکەمیـن جـار لـە سـاڵی ١٩٨٣ دێتـە



ئەکتەر شیرین سابیر لە (فیلمی سینەمایی بێوار)



ستافی فیلمی سینەمایی(بێوار)

سەر شانۆ بە نواندن(تەمسیل) کردن لە شانۆگەریی(سورمەخان) کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی گەورەی کورد(سەفوەت جەڕاح) بووە، ئەو لە کۆمەڵێک بەرهەمی هونەری شانۆگەری و تەمسیلییە و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و فلیمە سینەماییانەی کوردی بەشدار بووە و دەوری خۆی زۆر سەرکەوتووانە بینیوە لەوانە:

- شانۆگەریی قەڵای دمدم، شانۆگەریی گوڵی نهێنی، شانۆگەریی خانەدان، شانۆگەریی(پێشمەرگە پاڵەوانی شەڕی داعش).

-درامای مەڕانە و ئاسکە و کۆلارە و گەڕەکەکەمان و قاسپەی کەو و هەولێرەکەم و گەردەلوول- بەشی سێیەم.



ستافی شانۆگەری(پێشمەرگە پاڵەوانی شەڕی داعش) دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعاد



پرۆمۆی درامای(کێخوا سێوێ) له لای ڕاستەوە:ئەکتەر لەیلا عەلی، ئەکتەر شیرین عەبدولرەزاق، ئەکتەر ڕوپاك عەبدولقادر، ئەکتەر شیرین سابیر، ئەکتەر مازیچن



له لای ڕاستەوە: نەناسراوە، هونەرمەند سەمیرە عەبدۆك،ئەکتەر شیرین سابیر، هونەرمەند دڵپاك تاهیر،



له لای ڕاستەوە: ئەکتەر شیرین سابیر، ئەکتەر دڵپاك تاهیر، ئەکتەر سەمیرە عەبدۆك

- بەشداری لە شانۆگەریی(سەرشەقام) بە ناوی(ئەنفالەکان) لە شاری سلێمانی کردووە.
- بەشداری بە نواندن(تەمسیل) لە فلیمی سینەمایی(بێوار) کردووە و ڕۆڵی پاڵەوانی فلیمەکەی دیوە.

لە فیستیڤاڵی یەکەمی کورتە فلیمی سینەمایی لە ساڵی ٢٠٠٠ کە لە شاری سلێمانی ڕێکخرا، خانمە ئەکتەر شیرین سابیر خەڵاتی باشترین سیناریستی لە کورتە فلیمی(ژیان جەنگەو هیچی تر) پێ بەخشراوە.

هونەرمەندی ئەکتەر شیرین سابیر ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی

کوردستانە و فەرمانبەریشە بە ناونیشانی وەزیفیی(ئەکتەر) لە بەڕێوەبەرایەتیی هونەر و شانۆی هەولێر.

هونەرمەند شیرین سابیر لەگەڵ هاوسەرەکەی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ هەموو هونەرمەندانی کوردستان هەیە و بەشداریش دەبن لە بەشی زۆری چالاکییە هونەرییەکانی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

بۆ بەڕێز خانمە ئەکتەر شیرین سابیر هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەرکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیننامەیەکی خانمە ئەکتەر کە خۆی و هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا لەسەر داخوازی من بۆیان ناردووم سوپاسیان دەکەم،

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# عەباس عبدوڵڵا یوسف

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ عەباس عبدوڵڵا یوسف

ناوی تەواوی(عەباس عەبدوڵڵا یوسف)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردوو، پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ لە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر و دواتر لە ناو شاری هەولێر وەکو مامۆستا دەست بەکار بووە تاوەکو خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠١٣.

شاعیر عەباس عەبدوڵڵا هێشتا قوتابی بووە لە قۆناغی ناوەندی خولیای











لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر عەباس عەبدوڵڵا یوسف، شاعیر و نووسەر عەبدولرەحمان فەرهادی






ئەدەب و خوێندنەوەی زمانی کوردی و عەرەبی بوو، ئەو لە زمان و ڕێزمانی عەرەبی زۆر زیرەک و بە بەهرە بوو، هەر ئەو کات دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شاکارە عەرەبییە جیهانییەکان وەکو(ئیحسان عەبدولقدوس، تەها حوسێن، عەباس عەقاد ...و مکسیم گۆرگی و دیستۆفسکی...چەندانی دیکە).

عەباس عەبدوڵلا لە سەرەتای لاویێتیدا بیر و فیکر و لێکدانەوەی جیاواز بوو لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، زۆر مرۆڤێکی کراوەو خاوەنی ڕاو هەڵویستی تایبەتیی خۆی بوو سەبارەت بە ئەدەب و شیعری نوێی کوردی، ئەمەش بە ڕوونی دیارە لە ناونیشانی دیوانە شیعرییەکانی، ئەو لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە و یەکەم دیوانە شیعری بە ناوی(ئاو) لە ساڵی ١٩٧٤ چاپ کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر شوان سەرابی، نووسەرو ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا، نووسەرو وەرگێڕ کەریم سۆفی، نووسەرو وەرگێڕ عەباس عەبدوڵڵا یوسف**






ناوبراو خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی بەتام و چێژن، ئەو شیعری بۆ مرۆڤە جوان و پێشکەوتنخوازەکان نووسیوە، دەیان شیعر و کورتە چیرۆک و پەندی پێشینان و خوو ڕەوشت و کەلەپووری کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، چەندین وتاری ئەدەبی ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەو ڕەخنەیی لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانیش بڵاوکردۆتەوە، خاوەنی(٧) دیوانە شیعر و یەک کۆچیرۆکە کە ئەمانەن:

- دیوانە شیعری(ئاو) لە ساڵی ١٩٧٤، لە چاپخانەی الشمال لەکەرکوک چاپی کردووە.
- (لم نیازمە) چامەیەکی درێژە- چاپخانەی کوردستان هەولێر ساڵی ١٩٧٨.
- (کلکی کتکی پرسیارە)- شیعر - دەزگای چاپ



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ڕۆژنامەنووس عەباس عەبدوڵڵا یوسف، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی، شاعیرو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند**

و بڵاوکردنـەوەی ئاراس هەولێـر سـاڵی ٢٠٠٧.

-(ئۆدیسیۆن نێرە یان مێ)- شـیعر - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر سـاڵی ٢٠٠٩.

-(گەشتی پێنج پەنجە)- شیعر - چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ساڵی ٢٠١١.

-(کـەری بۆریدان)کورتـە هۆنـراوە، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس سـاڵی ٢٠١١.

-(نانۆ تاتۆ دەکەم)- شیعر - چاپخانەی شەهاب ساڵی ٢٠١٣.

-کۆچیرۆکی(سـۆفیا لۆریـن بـە هەوێـداری) لـە بڵاوکراوەکانـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقـی هەولێـر سـاڵی ٢٠١١.

لەسـەر بەرهەمەکانی شاعیر و نووسـەر عەباس عەبدوڵـڵا یوسـف، دەیان وتـار و لێکۆڵینـەوە و شیکردنەوەو ڕەخنـە نووسـراون وا هەندێکیانم هاوپێچ کردووە.

بۆ شـاعیر و نووسـەر و وەرگێڕ عەبـاس عەبدوڵـڵا یوسـف هـەر تەمـەن درێـژ و سـەرکەوتوو بیت بـۆ خزمەتـی زمـان ئـەدەب و کەلتووری کـوردی.

وا هەڵبەستێکی شاعیر عەباس عەبدوڵڵا یوسف-تان بۆ دەنووسمەوە:

**بێ پێچوپەنا...**

وەک مریشکی کارگە، سەر لە ئێوارە دەنووم
خەو دەمباتەوە، یا من خەو ڕادەکێشم؟!
تو خوا بەردێکی بخەرە بانەوە
ئەوا، نەپرسیارێکی ئێستامە
ببڕای ببڕای، سەیری تەلەفزیۆن ناکەم
کتێبیش چیرەی درێژە
لەنیوە شەوڕا......
با نەختێ پاشوپێشێ ئەو نیوە
گەر گەردوون بە پێشکەیەک ساتمە نەکات!!!
ڕێک و دروست، دەست پێ دەکەم
پەکوو....لەو ڕۆژگارە بەدکارە!
لەدەر زەبری رووناکی
شەو ئاژەڵێکە، زراوڕێژ کراوە، سەر لە دوونراوە
لە ستەمی خەلک تۆقیوە
شەو لە تەلەی شەوقان، خۆی بە دوور دەگرێت
گەنیوە، خوێنی ناو لەشی رووناکی
دەبا دەستوبر، زوو بیگۆڕین
تا لە گۆڕەوی نەکردووین
لە نیو شەودا، هەتاوێکی جوانتر دەبینم
بە تینی ئەو هەتاوە میهرەبانە
ناوەکان باش دەبووژێن، نانەکان جوان دەبرژێن
بێ خورتی لە خۆ کردن

ئان قسەی لووس، یان نواندن
تەواو، دەمارە گرژەمی، بۆی شل دەبێت
بەیانیت باش ئەی بەیان
ئەی بەیانەکەی نیوەشەوان
لەگەڵ یەکەم ئەنگاوتەی تیشکی پیرۆزت
پێتا...ئاوەدانی دێختە دونیاوە
خۆیان، بە خوناوی ڕەنگاوڕەنگی فیردەوس پاگژ دەکەنەوە
بە مۆسیقایەکی نوورانی، خۆ دەمەستێنن
ساناو ئاسا، زوڵاڵ و حەڵاڵ
بێخەوش و بێگرێ، رێک دەسرپێنن
بە حوبری پەریان
سەرهاتی کەسانی پەڕاوێزکراو دەنووسنەوە
ژیان، سەرەتاو ئاشنا دەبێت
خەڵک بێ سنوور، لەسەر زەمینەکاندا دەژین
بێ شیزوفرینیا، قەڵەم دا دەڕژێ
لە نوتەکی تاریکاییدا
زمانی شت دەپژێ
بەرد سەما دەکات، پۆلا گۆرانی دەڵێ
نیرڤانا تەقسان دەجۆشێنێ
لێو و زمان، بەشێرنگفتار دەدوێ
لەیل و مەجرووم، خۆشکام دەبن
بێ نۆسترالیژا
سۆمەرییەکان، بەر لە ژارابوونی رۆناهی
بەسەر تاتە قورێکدا
پوختەی کردیەکی ماتماتیک

بزمارنووس دەکەن
جەوهەری گەردوونی پێ تام دەکرێ
بە دەستیش، ڕەها دەگیرێ
ئا بەم ڕەوشە خۆشە
جۆگەلە، بە پەیام دەڕوا
تا کەڵەشێرێ بە دەنگی نا مبارەک
کۆتا بە شەو رادەگەینێ
تێکچڕژاو، تێکژەنگاو، تێکژاکاو، تێکقژقژاو، تێکژەقناو
بەیان چاوە بەجیقەکانی دەکاتەوە
دکتاتۆریەی تیشک و ژاوەژاو
یەک لە یەک دەزێن و جیهان پەتادار دەکەن
بە ققووی شوومەوە، بەدیی بەخەبەر دێت
فڕۆک، بۆمبا، بەسەرماندا دەبارێنێ
سوپاگە، بەلێشاو ئاگرمان تێ دەگرێ
لەو بەیانە بەهارییەدا، بانگ بدا
بە تەوران، تەمەن کورت دەکرێت و
خەونیش بە زیندەوە...کامۆسدار دەبێت.

سەرچاوەکان:

١- کورتە ژیاننامەیەکی ناوبراو لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری نووسین و داڕشتنی خۆم.



# عەبدولجەبار کانی

**عارفــی عەســرم، ئەدیبــم، حــوڕ و سەربەســت و فەهیــم**
**بــۆ مەحابــا شــاعیرم، مەشــهوورە (کانــی) شــوهرەتم**

شاعیری کوردپەروەر عەبدولجەبار کانی

ناوی تەواوی(عەبدولجەبار ئاغای کوڕی حاجی مەلا عەبدولرەحمان کوڕی حاجی تەها کوڕی حاجی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولقادر کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی قەرەنی دۆغرەمەچی)یە.

بنەماڵەی دۆغرەمەچی بە ڕەچەڵەک لە بەگزادەکانی عەشیرەتی جافن، دەوری (٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا بە هۆی کێشەی میراتەوە، دوو برا چوونەتە شاری کەرکووک بوونەتە شاگردی (دارتاش)، لە بەر ئەوەی بەگزادە جافەکان زۆر هاتوچۆی کەرکووکیان کردووە، ئەوانیش شەرمیان بە خۆ بووە کە دارتاشی دەکەن دێنە شاری هەولێر، لە هەولێر برا گەورەکە دەبێتە شاگردی دارتاشێک لە هەولێر ئەوی تریان دەچێتە ئەستەنبۆل، وەستا دارتاشی هەولێر کچێکی دەبێت دەیداتە برا گەورەکە کە ناوی مەلا عەبدولرەحمان دەبێت، دەستی دارتاشی ئەوەندە جوان و ڕەنگین دەبێت لەوەوە ناسناوی دۆغرەمەچی هاتووە.

سەرچاوەکان سەبارەت بە ساڵی لە دایک بوونی جەبار ئاغای کانی ڕای




**بەڕێز موەفەق ئەکرەم کانی**

جیاوازیان هەیە، هەندێ سەرچاوە لەوانە گۆڤاری هەتاو، مێژووی کوردی دکتۆر مارف خەزنەدار، گۆڤاری هەولێر، مێژووی لە دایکبوونی دەگێڕنەوە بۆ سالی ١٩٠٢، بەلام هەندێ سەرچاوەی دیکە، لەوانە نووسەرێک بە ناوی (ب. کاوە) لە ڕۆژنامەی (التآخي) دەلێت:(لەو دەمەی کانی لە دایک دەبێت، عەبدولڕەزاق ئاغای شاعیر کە زۆر دۆستی باوکی کانی دەبێت، ڕایدەسپێرێت ناوی لێ بنێت (عەبدولجەبار ئاغا)، بەو پێیەی کانی لە سالی ١٣١٥ کۆچی(هجری) لە دایک بووە، کە وەریدەگێڕنە سەر سالی زاینی دەبێتە ١٨٩٧، بەلام نەوەکانی لەوانە بەڕێز موەفەق ئەکرەم کانی دەلێت: لە سالی ١٨٩٤ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.

مەلا عەبدولڕەحمانی باوکی کانی زانایەکی ناوداری شاری هەولێر بووە، کە کۆچی دوایی دەکات کانی هێشتا هەر مندال بووە.

جەبار ئاغای کانی بە هەراشی چووەتە خوێندنی (حوجرە)، لە مزگەوتی گەورەی قەلاتی هەولێر فێرە خوێندنی ئاینیی بووە، بەلام هیچ قۆناغێکی خوێندنی تەواو نەکردووە، ئەو زۆر زیرەک و بلیمەت و قسە خۆش بووە، خوێندەوارێکی باشی سەردەمی خۆی بووە، زۆر حەزی لە خوێندنەوە بووە، لە سالی ١٩٢٨ دەبێتە فەرمانبەری حکومەت لە کارگێڕیی هەلمەتی لەناوبردنی کوللە، لە سالی ١٩٢٩ دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەی کەندیناوەو گوێڕو قوشتەپە و شەقلاوە، لە سالی ١٩٣٤ بووەتە فەرمانبەر لە دائیرەی

نفوسی ڕەواندوز، لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤٣کراوەتە فەرمانبەر لە دائیرەی ئامار (الإحصاء) لە کۆیە، لە ساڵی ١٩٤٤ گوازراوەتە دائیرەی ئازووقە(تموین) لە هەولێر، لەو کارەی ماوەتەوە تا کۆچی دوایی.


عەبدولجەبار ئاغای کانی هەر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە شیعر نووسین کردووە لە ساڵی ١٩١٤ ناسناوی کانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەو کات چ بزووتنەوەیەکی شیعری نەبووە، ئەو بە خۆی ڕابەری ئەو قوتابخانە شیعرییەیە کە خۆی دەستی پێ کردووە، بە هۆی ئەوەی هەموو کوردستان گەڕاوە و هەتا چووەتە سلێمانیش و پەیوەندییەکی باشیشی هەبووە لەگەڵ شاعیرەکانی سەردەمی خۆی، ئەوان کاریان تێ کردووە و ئەویش کاریگەری لەسەر ئەوان هەبوو.

جەبار ئاغای کانی خاڵێکی هەبووە لە (ئەستەنبوڵ) ناوی (شێخ ئەسعەد) بووە، کوڕێکی بەناوی (شێخ عەلی) هەبووە، حکومەتی سەردەمی ئەتاتورک ئەو کوڕەیان لە سێدارە داوە، ئەمە زۆر کاری لە کانی شاعیر کردووە و کاردانەوەیەکی زۆریشی لە شیعرەکانی کردووە، زۆر جار باسی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی عوسمانی کردووە بەرامبەر بە کورد و کوردستان.

کانی شاعیر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە، هەندێ جاریش بە عەرەبی شیعری نووسیوە، بەڵام شیعرەکانی زیاتر بە زمانی کوردی



**لەلای ڕاستەوە: کانیی شاعیر، بورهان جاهیدی شاعیر**




نووسیوە، بەرهەمە شیعرییەکانی زۆری فەوتاون لە ئەنجامی دەستاودەست پێ کردنی لەنێوان کوڕەکان و کچەکانی، بەڵام بە هەوڵ و تەقەلای هەموو لایەکیان، بە تایبەتی بە سەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا (موفق اکرم کانی) توانیویانە دەستنووسەکان و شیعرەکانی کۆبکەنەوە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا لە چاپی بدەن و بڵاوی بکەنەوە بە ناوی (دیوانی کانی)، وا بەرگەکەییم هاوپێچ کردووە، بەرهەمی دووەمی (لیل و مجنون) کە شاعیری تورکی (فضولی) نووسیویەتی، کانی شاعیریش کردوویەتی بە کوردی و مامۆستای نەمر (گیو موکریانی) لە چاپخانەکەی خۆی (چاپخانەی کوردستان) لە چاپی داوە.

وا دوو پارچە شیعری جەبار ئاغای کانیتان بۆ دەنووسمەوە:

**سەرفرۆناکەم بۆ عالەم چونکە عالی هیممەتم**
**ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم رەغبەتم**
**ئێمە سائیل لە عالەم سائیلە عالەم بە خوا**
**عیزەتی نەفسم هەیە ناڵێمە حاتەم قەبیللەتم**
**من کە رازی بووم بە کەم نابم لە شاهەنشاهی کەم**
**گەر نەکەم شەکوایی حاڵم کێ دەزانێ زیللەتم**
**سیم و زەڕ گەر چم نەبێ ئەمما دڵم موستەغینە**
**شاهیدە ئاسارەکەم مەعلووم ئەکا ماهییەتم**
**نا کەس و نا ئەهل و ناقیس هەر نەزانن چاترە**
**کامڵ و دانا لە گوفتارم دەزانن قیمەتم**
**زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکوو شێری دلێر**
**گوێت لە بەیتم بێ دەکا ئیسپاتی نوتق و قووەتم**
**عارفی عەسرم، ئەدیبم، حوڕ و سەربەست و فەهیم**
**بۆ موحابا شاعیرم مەشهوورە (کانی) شوهرەتم**

**********

## خزمینه وەرن

**خزمینــە وەرن تاکــو بــە قوربانــی وەتــەن بیــن**
**قوربانــی چیــا و دەشــت و بیابانــی وەتــەن بیــن**
**تــا کــەی لــە کــون و قوژبنــی وێرانــە بمێنیــن**
**بــا ئیــدی لــە ســەر کۆششــی عمرانــی وەتــەن بیــن**
**تــا کــەی بگریــن ئێمــە وەکــوو هــەوری بەهــاری ؟**
**وەک رەعــدی ســەما دایمــا نالأنــی وەتــەن بیــن**
**بــۆچ پێنەکەنیــن لــەم چەمەســتانە وەکــو گــوڵ ؟**
**بــۆچ خونچــە ســیفەت ســەر بــە گریبانــی وەتــەن بیــن**
**بــۆ گــەردەن و ســینە و کەمــەری دوژمنــی بــەد خــوو**
**بــا دەســت بــە قەمــە و خەنجــەری بڕانــی وەتــەن بیــن**
**یــا رەب چ دەبــێ ئێمــەش ئەگــەر( هــەر وەکــوو بەعــزێ)**
**لەشکرشــکەن و ڕۆســتەمی مەیدانــی وەتــەن بیــن**
**تــا کــەی ئەدوێــی (کانــی) لــە ئەوســافی خــەت و خــاڵ**
**وا چاکــە لەمــەولا کــە غەزالخوانــی وەتــەن بیــن**

زانـای گـەورەی کـورد پەروەر ڕەوانشـاد (ڕەشـاد محەمەد موفتی- ڕەشـادە ئەفەنـدی) لـە کۆچـی دوایـی کانیـی شـاعیر، دوو پارچـە شـیعری نووسـییوە، یەکێکیـان ستایشـی کـردووە لـە کاتـی کـۆچ کردنـی کـە دەڵێـت:

**کانــی لــە بــەر ئەشــعاری ســوخەن ســەنج و ئەدیبــە**
**قەولــی هەمــوو پــڕ لــەزەت و زۆر خــۆش و لەبیبــە!!**
**هــەر شــیعرێ کــە دەیڵێــت و دەیخوێنێتــەوە بــۆ خەلــق**
**گــوی دەگــرن و دەیڵێنــەوە شــیعرێکی غەریبــە!**

لـە کـۆڕێکـی یادکردنـەوەی کـۆچـی دوایـی کانیـی شـاعیر کـە یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقـی هەولێـر ڕێکـی خسـتبوو، دیسـان ڕەوانشـاد زانـاو عالمـی گـەورەی کوردپـەروەر لـەوێ ئامـادە دەبێـت و ئـەم پارچـە شـیعرە دەخوێنێتـەوە:

**بیــر لــە مێــژووی کۆچــی شــاعیر واجبــی ئینســانییە**
**بــا لــە بــۆ هەمــووی بنێریــن فاتیحــەی رەحمانییــە**
**کۆڕەکــەی ئەمڕۆمــان بــۆ شــاعیرێکە زۆر بــە نــاو**
**جەبــری نەفســی شــیعرە و جەببــارە تەخەلــووس (کانی)یــە**

**وەک چیــا بــوو هیمەتــی، جســمی ئەگــەر چــی فانییــە**
**قســەکانی نەســتەقی زار شــاهیدی ویجدانییــە**
**بــاوک و باپیــر و عەشــیرەت بــا لــە لایــەک دابنێیــن**
**گەورەیــی هــەر کــەس بــە عیلــم و خزمەتــی مەیدانییــە**

هـەر بـۆ زانیـن (بورهـان جاهیـدی )شـاعیری کوردپـەروەر بـرازای کانیـی شـاعیره.

عەبدولجەبـار ئاغـای( کانـی)ی شـاعیر، لـە ١٢-٥-١٩٥٧ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووه.

هەزار رەحمەت لە گۆڕی بێت و گڵکۆکەشی پڕ نور و ڕەحمەت بێت.

تەمـەن درێـژی و سـەرفرازیش بـۆ نـەوەی نەوەکانـی لـە خـودای گـەورە ئاواتەخـوازم.


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- دیوانـی کانـی، کۆکردنـەوەی موەفـەق ئەکـرەم کانـی - لـە سـاڵی ١٩٨٠ لـە چاپخانـەی (الحـوادث) لـە چاپـدراوە.

٢- مێـژووی ئەدەبـی کـوردی - پرۆفیسـۆر مـارف خەزنـەدار بەرگـی شەشـەم لاپەڕەکانـی ٤٠٩ تـا ٤١٦ دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس - لـە هەولێـر ٢٠٠٦.

٣- فلیمێکی دکیۆمێنتـاری زانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر بـە نـاوی (کانـی ئـەدەب و شـیعر) لـە ١٣-٧-٢٠١٩.

٤- دوو پارچـە شـیعری زانـای گـەورەی کورد(ڕەشـاد موفتـی)، هاوڕێـی ئازیـزم کاک ئیحسـان موفتی بۆی ناردووم سوپاسـی دەکـەم.

٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# محەمەد سەلیم سواری

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شاعیرو نووسەرو میدیاکارو وەرگێڕ محەمەد سەلیم سواری

ناوی تەواوی(محەمەد سەلیم سواری)یە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی (سوار)ی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە،لە بەر ئەوەی قوتابخانە لە گوندەکەیان نەبووە بۆ خوێندن چووەتە گوندی(سپیندار) لە لای خاڵوانی و پلکێکی گەورەی سێ ساڵ خوێندوویەتی، ئەو پلکەی زۆر بایەخی پێداوە و فێری خۆشەویستی نیشتمان و خاک و عادات و داب و نەریتی ژیانی کوردەواری کردووە، لە پاشان لەبەر چەند هۆیەک و کێشەی عەشیرەتگەری



رەنگڤەدانا گەلتووری د رۆمانێن

(محمد سليم سواری)دا

نەیتوانیوە لە خوێندن بەردەوام بێت، لە ساڵی ١٩٦٠ ڕووی لە بەغدا کردووە لای هەندێ خزمیان ماوەتەوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا هاتووەتەوە موسڵ، لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بەغدا بۆ درێژەدان بە خوێندنی خۆی لە کۆلێژی (علوم- زانست) ی زانکۆی (المستنصرية- موستەنسریە) بەشی



**شاعیر نەجیب باڵایی، ڕۆماننووس محەممەد سەلیم سواری، ڕەوانشاد دکتۆر نافع ئاکرەیی، بێژەر ڕەوانشاد محەممەد جیهاد حەسەن**

(ریاضیات- ماتماتیک)ی لە ساڵی ١٩٧٧ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە تەک خوێندنی لە زانکۆدا، لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بە (مذیع- بێژەر) دامەزراوە، دواتر وەکو وەرگێڕو ئامادەکردنی پرۆگرام و نواندن (تمثیل) و بەرنامەی شیعر و مۆسیقا و میوانی تەلەفزیۆن زیاتر لە (٢٥) ساڵ بەرنامەی (ئێوارە باش - مساء الخیر)ی پێشکەش کردووە، هەموو جۆرە کارەکانی دیکەی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بە سەرکەوتوویی ئەنجام داوەو ماوەیەک بووەتە جێگری بەڕێوەبەری ئێزگەکە، دواتریش بەڕێوەبەری ئێزگەکە، لە ساڵی ١٩٩٢ بووەتە بەڕێوەبەری بەشەکانی رادیۆی کوردی وئاشوری و تورکمانی، لە هەمان ساڵدا بووەتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن و فەزاییە کوردییەکان، زیاتر لە (٢٨) ساڵ لەو ئێزگەیە کاری کردووە و بەشدارییەکی بەرچاوی کردووە لە بەرەوپێشبردنی لە هەموو بوارەکاندا، لە ساڵی ٢٠٠٢ پاش ئەوەی کەوتووەتە ژێر فیشاری ناحەز و نەیارەکانی بە ناچاری خۆی خانەنشین کردووە، ڕووی لە دەرەوەی وڵات کردووە، ئێستا لە ئەمریکا لە هەرێمی (مشیگان) نیشتەجێیەو خەریکی نووسین و


چیرۆک و رۆمان و وتاری جۆراوجۆره.

محەمەد سەلیم سواری هێشتا هەر قوتابیی سەرەتایی و ناوەندی بووە کە دەستی کردووە بە خوێندنەوە، چونکە لە موسڵ خوێندوویەتی و ئەو کات خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە، ئەویش دەستی کردووە بە خوێندنەوەی نووسینەکانی (مصطفیٰ لطفي منفلوطي و توفيق الحكيم و احسان عبدالقدوس) و شاكاره جیهانییەکانی وەکو (البؤساء - احدب نوتردام)ی فیکتور هیگۆ، پاشخانەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبیی زۆر باشی پەیدا کردووە.

لە ساڵی ۱۹۷۷ دەستی کردووە بە نووسینی چیرۆک، پاش هەوڵدانێکی زۆر یەکەم نۆبەرەی خۆی کە کورتە چیرۆکێک بووە بە ناوی(ڕەزڤان-البستاني) لە ۱۱ ی شوباتی ساڵی ۱۹۸۰ لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی۱۹۸۸چیرۆکە شیعری(کانی یا ئاشقان- نبع العشاق)ی نووسیوە، ئەم چیرۆکە شیعرییەی لە بنچینەدا بۆ هەڵەبجە نووسراوە، لە هەڵەبجە گەڕەکێک هەبوو بە ناوی کانی یا ئاشقان لە هەمان ساڵ ڕژێمی ئەوسای عێراق کۆمەڵێک گەنجی هەڵەبجەی لە سێدارە دابوو، ئەمە زۆر کاری لە شاعیر



**لەلای ڕاستەوە: نەناسراوە، ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر، نووسەرو ڕۆژنامەنووس هەڤال زاخۆیی، ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری**








کردووه ، بۆیه شیعرەکه به شێوەیەکی ڕەمزی بۆ ئەوان نووسراوە و دیوانەکەش هەر بەو ناوە کراوە، لە ساڵی ٢٠٠١ چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، بەم جۆرە ناوبراو چووەتە ناو دنیای نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و زیاتر لە (٥٠) چیرۆک و کۆمەڵێک ڕۆمانی بە نرخ و پڕ تام وچێژی نووسیوە، کە هەر هەموویان دەربڕینی هەست و سۆزی ناخی نووسەرن، بەرامبەر ئەو ئازار و ئەشکەنجە و ناهەموارییەی کە بە سەر گوندەکەی خۆی و هەموو خاکی کوردستاندا هاتووە، وا هەندێکیان دەخەمە ڕوو:(١- مزگێنی- البشری کۆمەڵە چیرۆک ساڵی ١٩٨٣، ٢- ڕێ یا بەرانی- طریق الكبش- کۆمەڵە چیرۆک ساڵی ١٩٨٦، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبیش، ٣- گەڤالێ بێ پەرواز- لوحة بدون إطار- کۆمەڵە چیرۆک ١٩٩٦، ٤- تەواو کردنی بەشی دووەمی ڕۆمانی(بوهژین)ی شاعیر و نووسەر ڕەوانیشاد دکتۆر نافع ئاکرەیی ساڵی ٢٠٠٠، ٥- بابێ منۆ- وا أبتاه- کۆمەڵە چیرۆک ساڵی ٢٠١٠، ٦- واری ڕوندکا- ارض الدموع- ڕۆمان کە (٤٧٥) لاپەڕەی قەوارە گەورە لە خۆ دەگرێت- ساڵی ٢٠١٠، ٧- شیلان- کۆمەڵە چیرۆک- وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١١، ٨- ئەڤەیە سەگڤان عەبدولحەکیم- هذا هو سگڤان عبدالحكيم ساڵی ٢٠١١، ٩- هەوارە- الغوث - ڕۆمان ساڵی ٢٠١٣، ١٠- دەولەت و دەرز- ڕۆمان ، ١١- دەولەت و هیڤی؟!- ڕۆمان، ١٢- دەولەت و دڵ- ڕۆمان ساڵی ٢٠٢١.. چەندین دیوان و چیرۆکی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپ).

ڕۆمانی (گوند- القرية) وەرگێڕی ناسراو سامي الحاج وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و زیاتر لە (٣٥) نووسەر و ڕەخنەگری کوردی و عەرەبی و وڵاتانی دەوروبەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە،



**لە کاتی مەراسیمی وەرگرتنی مامۆستا مەردان رەفعەت ئەبو زێد بڕوانامەی ماستەر لەسەر ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری، چەپکە گوڵ بەخشرا بە ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری**

لەوانە:(عبدالهادي فنجان الساعدي، علوان السلمان، خضير الزبيدي، سگڤان عبدالحكيم، محسن حسين عناد، جمال برواری، نزار شهيد الفدعم، محمد خضير سلطان، كمال لطيف سالم، فائز جواد، علي خضير الساعدی و اخرون)، هەر لەسەر ڕۆمانی( گوند- القرية)، هەر یەکە لە قوتابیانی زانکۆی دهۆک(خاتوو ڕێژین یونس محمەد، خاتوو ئیسرا مشیر ئەحمەد، خاتوو ژیان عەبدولحەمید)، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە، بڕوانامەی ماستەریشیان لەسەر وەرگرتووە.





هەروەها قوتابی(خاتوو هاڤین سیامەند عەباس، لە زانکۆی زاخۆ بڕوانامەی ماستەری لەسەر ڕۆمانەکانی (گوند، وارێ روندکا، هەوارە) وەرگرتووە.

بەڕێز مامۆستا مەردان رەفعەت ئەبو زێد لە زانکۆی دهۆک نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی (ڕەنگڤەدانا کەلتووری د ڕۆمانێن محمد سلیم سواری)دا، لە ڕۆمانەکان(گوند، وارێ



لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو هێڤی بەرواری، ڕۆماننووس محەمەد سەلیم سواری، شاعیری گەورەی کورد سەبری بۆتانی








روندکا، دەولـەت و هێڤـی، دەولـەت و دەرز) بـە سەرپەرشـتیی پرۆفیسـۆر دکتـۆرە زۆزان سـادق سـەعید، پێشکەش کردووە و بڕوانامـەی ماسـتەری لەسـەر وەرگرتـووە.


لـە سـاڵی ٢٠٠٨ لـە ڕێورەسـمێکی شایسـتەدا (ملتقى الاهلي للثقافة العراقيـة) لە بەغدا، ئاهەنگێکی ڕێزلێنانیـان بـۆ ڕۆماننـووس محەمـەد سـەلیم سـواری ڕێکخسـت، هەروەهـا (تجمـع المرايـا) ش لـە بەغـدا ئاهەنگێکـی بـۆ ناوبـراو ڕێکخسـتبوو کـە تێیدا (درع الثقافة لسنة ٢٠٠٨ )ی دەزگاکەیـان پـێ بەخشیوە، وا وێنەکـەم لەگـەڵ نووسـینەکەم هاوپێچ کـردووە.

-محەمـەد سـەلیم سـوار بەشـداری لـە ئامادەکردنـی کتێبـی (الكتـاب العلمـي للاذاعـات العراقيـة) سـاڵی ١٩٨٧ کـردووە.

- بەشـدار بـووە لـە دانانـی فەرهەنگـی (قامـوس)




تریفە بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ساڵی ٢٠٠٨.

ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراقییە.

- زۆر لە شیعرەکانی لە لایەن گۆرانیبێژانی کوردەوە کراونەتە گۆرانی، لەوانە (گوڵبەهار، ئەحمەد زێباری، جۆتیار عەقراوی).

- محەمەد سەلیم سواری دەیان زنجیرە(نواندن- تمثيلية)ی نووسیوە لە ڕادیۆی کوردی پەخش کراون، لەوانە زنجیرە تەمسیلییەی (عەمی گۆزێ) کە (٢٤) ئەڵقە بوو و زنجیرەی (بەهار) کە (٢٠) ئەڵقە بووە.

محەمەد سەلیم سواری بە یەکێک لە هەرە باشترین چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانی کوردستان و عێراق دادەنرێت، بەرهەمەکانی هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە سەخت و نالەبارەن کە خەڵکی گوندەکەی خۆی و هەموو خەڵکی کوردستان چەشتوویانە، بە ڕوونیش هەست و ئازارەکان و خۆشەویستیی خۆی بۆ خاک و سروشتی کوردستان دەربڕیوە.

بۆ نووسەرو شاعیرو ڕۆماننووس و وەرگێڕ محەمەد سەلیم سواری هەر ساغ و سەلامەت و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و وشەی کوردی.

وا چەندە کۆپلە شیعرێک لە ( کانی یا ئاشقان- نبع العشاق ) تان بۆ دەنووسمەوە:

**کانی یا ئاشقان**

کانی یا ئاشقان دلێ بەندەواران
مزگینی یا هەمی شاهی و خۆشیان
رەوانا رێبازا رێڤینگ و کاروانیان
دلینی یا مال و وار و بابان

***

تویی هێڤێنێ ئەڤینی یێ
روناکا شەمالا سالینی یێ
رۆندکا شەڤا بویکینی یێ
تام شرینا خۆشی یێ

***


ئەز دێ چم تو دێ مینی
وەک بلندیا گارەیێ منی
خەملا زوزک و رەوشا سەفینی
بێهن فرەیا بێخێر و مەتینی


***

ئاشق دبەهن تو مانی
ئاگر دتەمرن تو پەلی
کانی چک دبن تو پلی
ستێر درژیێن تو یا هەلی

***

خەبەردانا تە بێ سەودا کرم
حالم ببینە تا تێهنا خوە ب تە بشکینم
هەکە ژ قورچەکا زەمزم بێ بار بم





کانی یا ئاشقان هەوارە ئەز زەمزمم

***

کانی یا ئاشقان هۆزانا جاران

خۆزیا ل سەر هەمی لێڤان

قیبلەیا ئەم بۆ تە پەریشان

هەر ئەزم بەندێ برۆ و چاڤان.

***

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- گولان، دیمانەیەک لەگەڵ شاعیر و نووسەر محەمەد سەلیم سواری لە ٢٦-٩-٢٠١٩.

٢- الزمان، وتارێکی نووسەر عصمت شاهین دۆسکی لە ٩-١٠-٢٠١٣.

٣- رابطة ادباء الشام، دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووس بەدەل رەفۆ مزوری لەگەڵ نووسەر لە ١٤-٦-٢٠١٧.

٤- الناقد العراقی وتارێکی نووسەر محەمەد سەلیم سواری لە ١٨-٧-٢٠١٧.

٥- گلگامش - للدراسات و البحوث الکردیة دیمانەیەکی میدیاکارو ڕووناکبیر جەمال بەرواری لە ١٢-٣-٢٠٠٨.

٦- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# نەجیب بالایی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نەجیب بالایی

ناوی(نەجیب سالح بالایی)یە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی(ئاورە)ی سنووری بەرواری باڵای سەر بە قەزای ئامێدی پارێزگای دهۆک، لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەر دوو گوندی( مائی و کانی ماسی)تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری موسڵ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ - ١٩٨٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی جوفرافیای کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە دەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی لە هەندەران کردووە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە، ئێستا لە ئەمەریکا دەژیت.

نەجیب بالایی هێشتا هەر قوتابی زانکۆ بووە لە بەغدا ساڵی ١٩٨١ وەکو میدیاکارێک (بێژەر) لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دەست بەکار بووە و بەرنامەی(شیعر و مۆسیقا) و بەرنامەیەکی دیکەیشی تایبەت بە منداڵان بە ناوی(وەرن لەگەڵمان)ئامادە و پێشکەش کردووە.

نەجیب بالایی لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداری لە میهرەجانی نووسەر و (ئەدیبانی لاو- مهرجان الشعراء و الادباء الشباب)لە هەڵەبجە کردووە، کە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد نەمر شێرکۆ بێکەس، شاعیر نەجیب بالایی**

بۆ هەر سێ پارێزگاکانی کوردستان ڕێکخرا بوو، ئەو خەڵاتی یەکەمی ئەو میهرەجانەی وەرگرتووە.

نەجیب بالایی دەیان پارچە شیعر و وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیی لە بەشێک لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بڵاوکردووەتەوە و دوو دیوانە شیعریشی بە چاپ گەیاندووە کە ئەمانەن:

-(عرفت الليالي قبل..ان تعرف الظلام - من شەڤ ناسی دکرن بەری ڕەش ببن)لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید لە چاپی داوە.

-(اسطورة الأغاني المضطهدة- ئەفسانەیا سترانێن ژێر دەستیێ)لە ساڵی ٢٠٠٦ لە دهۆک لە چاپدراوە.

ئێستا کتێبێکی ئامادەیە بۆ چاپ بە ناوی(جوگرافیای گۆرانیی کوردی) کە کتێبێکی ڕەخنەییە.

ناوبراو هەر شاعیر و نووسەر نییە، بەڵکو ڕاگەیاندکار(میدیاکار)ێکی زۆر بە توانا بووە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەو ماوە زۆرەی کە خزمەتی

ڕاگەیاندنی کردووە لەم کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییانە کاری کردووە:

- دووساڵ لە کەناڵی(MDTV) لە کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات کاری کردووە و زنجیرەیەک کۆڕ و موحازەراتی دەربارەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی پێشکەش کردووە.

- لە ساڵەکانی ١٩٩٧- ٢٠٠٣ وەکو کادیرێکی ڕاگەیاندن لە ئێزگەی(بەرلینی سەربەخۆ- برلين الحرة) دەست بەکار بووە.

- لە ئێزگەی دەنگی ئەمەریکا بەشی کوردی ماوەیەک کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، لە ئێزگەی(اوروبا الحرة- قسم العراق الحر - ئەوروپای حورە بەشی عێراق) کاری کردووە.

نەجیب بالایی لە ساڵی ١٩٩٣وە، ئەندامی یەکێتیی نووسەران و ئەدیبانی عێراق و یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگای کورد بووە لە ساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٤.

ناوبراو هاوسەرگیری لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و میدیاکار(سەمیرە عەلی مەندی)کردووەو خاوەنی دوو کچن بە ناوەکانی هۆزان و ڕودان خوا تەمەن



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ڕیکاردۆس یوسف، شاعیر نەجیب بالایی، هونەرمەندی گەورەی عێراقی بەهجەت جبوری، نە ناسراوە**

درێژیان بکات، بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نەجیب بالایی هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و میدیای کوردی.

وا هۆنراوەیەکی شاعیر نەجیب بالایی- تان بۆ دەنووسمەوە:

نیشتیمانەک ژ کۆلیلکا هنار

نیشتیمانەک ژ کۆلیلکا هنارێ

دناڤبەرا سرۆشت و خودێ دا

تۆ...مەملەکەتەک وندا بویی

د ناڤبەرا مرۆڤ و خوەزایێ دا

تۆ...نیشتیمانەک بەرزەیی

دناڤبەرا مەسیحەک بزماردایی

و.. مریەمایەک عەزرایێ دا

تۆ...دوعایەک، ئەشکەنجەدایی

ئەی بشکۆژا شەرمین، هاتییە دونیایێ و...

قەدەخەکری ژیایی...

ئەی کۆلیلکا د وەرزێ خیفبوونێ دا چرمسی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر نەجیب بالایی، شاعیری گەورە موئەید تەیب**



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکار هاشم عەلی مەندی، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کامەران قەرەداغی، نە ناسراوە، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خاتوو سەمیرە عەلی مەندی، شاعیر و نووسەر نەجیب بالایی**

و...د وەرزێ چنینێ دا خرش دەرکەتی

... ... ...

ئەم فێرنەبوین، وەکی هەیڤێ

بەرسڤێ بدەین ئەهریمەنان

دا تو، هەر "دندک هنار"

شاها جوانیێ ب مینی

ئەم فیر نەبوین وەکی مێشا هنگڤینێ

ب کۆباری لسەر پەرێن تە دادەین

ژ بو هنگڤینەکی سروشتی و خومالی

ل هەمی جورێن گۆلا سلاڤ بکەین

یێن بلند...یێن نزم

یێن کەهی...کۆیڤی

یێن سۆر، زەر، سپی ، بنەفشی، بێ جوداهی

شانەکێ ژ مالکێن وەکهەڤ ئاڤا بکەین
ئەم فێرنەبوین، وەکی بەلاتینکان
تۆڤێ ڤیانێ، لسەر بشکوژا سینگێ تە برێژین
ئو... ب ئارمانجا بەلاڤکرنا تۆڤێ ئەڤینێ
ب نازکی خۆناڤا لسەر پەرێن تە یێن سپێدەیی ب مێژین
ئەم فیر نەبوین
وەکی تەیر و تەوالان، سرۆدێن جوانیێ بخوینن
حەتا ببی جوتەک هناران
ببی دندک هنار..
پیرەپایزۆکێن ڤەژینێ، بو نفشێن ژبیرکری بێژین
ئەم فیر نەبوین، وەکی دەمسالێن بهاری
رۆپەلێن کەتن و وەریانێ، لسەر رۆیکێن تە ڤەدەین و...
شەرابا زیندیبۆنێ ژ لێڤێن تە ب بارینین...برێژین
ئەی کۆلیلکا، د ناڤ دەستێن بێ رەحم دا هاتییە قرمچاندن
یا ل وەرزێ خیفبوونێ چرمسی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد بەدرخان سندی، شاعیر نەجیب بالایی**



**لە لای ڕاستەوە: میدیاکاری نێودەوڵەتی هاشم عەلی مەندی، شاعیر نەجیب بالایی، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خاتوو سەمیرە عەلی مەندی(خوشکی میدیاکار هاشم عەلی مەندی)**

ئو... د وەرزێ چنینێ دا خرش دەرکەتی!!

... ... ...

ژ بۆ تو ... بێهنا کۆلیلکا هنارێ و نێرگزان

ژ هەڤ جودا بکەی

پێویستە تو چیروکا

"بم... .بم بێهنا مرۆڤی بیانی تێت...

بم... بم بێهنا گرارا بۆسی تێت"

فێر ببی...

ژ بۆ تو ... رەنگێ وێ و خوینا شەهیدان

تێکەل نەکەی

پێویستە تو بسپوری ڤەخوارنا شەرابا سۆر بی

ژ بۆ تو ... زەمەنێ

د ناڤبەرا گەرکا کۆلیلکێ و گەهشتنا دندکێ دا



**لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری گەورەی عەرەبی عەبدولوەهاب بەدرخان، شاعیر نەجیب بالایی.**

ب پیڤی... و بهایێ وی بزانی
پێویستە تو سوار چاکەکێ پشت هەسپ بی
ژ بو کۆ.. تو بزانی هەیڤ جوانترە یان دندک هنار
پێویستە ناڤێ تە، د پەرتوکێن ئەفسانانددا تومارکری بیت
ئەی کۆلیلکا د سێ وەرزاندا دبی دندک هنار
ئو د وەرزی چاراندا، دبی دەرمانێ دەردان
ئو .. چیروکێن ڤەگێرای...ژ بو زارۆکێن خەو لێ ڤەهەرمی
ئو.. زیرەڤانێن سەڤێ
یێن هایا وان ژ پێژنا دزان نەی، یێن گوە نەسمی
ئاخ کۆلیلکا نازک
ئاخ...نیشتیمان
د زانم د بەر تایا مرنێ ڕا چوی

حەسرەت و داخوازا تە، ئاڤا هنارێ یە
هنارا شرین...هنارا مز... هنارا ترش
لێ دیسان ئەز دلنادەم لۆمەی تە بکەم
کۆ تە، رەزڤانێن وەها پەروەردە کر بن
هەتا کۆ ل بهارێ کۆلیلک ئاڤز نەبن...و ل پایزان هنار دەرکەڤن خرش
... ... ...
تو.. کۆلیلکەک ب بەختیاری خیف بوی
لێ.. نیشتیمانەک بەخترەش هاتی دنێ
تو.. کۆلیلکەک ژ رەنگێ ئەڤینێ بشکفتی
لێ.. نیستیمانەک ژ رەنگی خوینێ هشتی
تو.. شتلەک دارا ژیانێ، بخێرهاتن و سلاڤی
لێ.. .نیشتیمانەک کوچبەر، بێ نیشان و ناڤی
تو.. کۆلیلکەک پەرێن تە ژ پەلێن ئاگری
لێ...نیشتیمانەک ژ مروڤێن بێ کەد..بێ بزاڤ و ڤەمری
تو.. کۆلیلکەک ب پلان چوار وەرزێن خوە دەرباس دکەی
لێ...نیشتیمانەک (ئاشگێرانا وی) ل بەندا خودێ مایی
تو.. کۆلیلکەک پێگەهشتی
دبی هنارەک داگرتی ژ دندکێن زەلاڵ و نازک
شرین..مز و ترش
لێ ێ ...نیشتیمانەک ژ نازکیێ ڤالا، مشتی مرۆڤێن خرش
ئەی کۆلیلکا ل بهارێ، سۆز دایە نەساخان
ل پاییز و زڤستانان ژێرا دبی دەرمان
ئەی کۆلیلکا پیرۆز
بەرمایا ئاگرێ ئەزەلی
ژ بو ئەڤینداران د بی دلەکێ مەزن و ڤەکری

ژ بو وان دەستێن دخوازن تە بقەفینن
د بی ئاگردانا پەلێن گەش، دبی گۆری
ژ ئەگەرا جوانی، نازکی و دلساخیا تە
گەلەک جاران مرۆڤان تو خاپاندی
لەوان ئەڤرو گەهشتی وێ بریارێ
ژ بو ئەڤیندارێن ریا راست
ببی رویکێن گەش
لێڤێن قۆرمزی
ئو مەمکێن دەستلێنەدای و نەچنی
شەرابا زیندیبونی و سەرمەستان
ئو...ژ بو خاپینوکان ژی، ببی ئاگردان
ببی بۆمبەیا دەستان
ئەی کۆلیلکا د سپێدەیا خیف بونێ دا د خەودا مای
ئو.. د وەرزێ چنینێ دا، کرمی دەرکەتی
ئەی کۆلیلکا د وەرزێ خیفبوونێ دا چرمسی
و...د وەرزێ چنینێ دا خرش دەرکەتی

**نەجیب بالایی**
**براغ ۲۰۰۹**

سەرچاوەکان:

١- کورتە ژیاننامەی ناوبراو کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# ئەحلام مەنسوور

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و ڕۆماننـووس و مامۆسـتای زانکۆ ئەحـلام مەنسـوور.

لـە گەرمەسـێرەوە بۆ دنیای ئـەدەب و ڕۆشـنبیری، یەکـەم قوتابیی کچـی شـاری خانەقیـن بـوو، کـە زۆر ئـازا و بوێرانـە دەسـتی بـە نووسـینی وتـاری ڕەخنەگرانـە کـرد.

نـاوی تـەواوی (ئەحـلام مەنسـوور عەلـی) یـە، لـە سـاڵی ١٩٥١ لـە شـاری خانەقیـن لـە دایـک بـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە خانەقیـن و بەغـدا تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ - ١٩٧٤ بەشـی کوردیـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی بەغـدای تەواوکـردووە، لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا چووەتـە پاریـس بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن و وەرگرتنـی ماسـتەر، بـەڵام ڕژێمـی ئەوسـای عێراق یارمەتییەکەیـان لـێ بڕیـوە، بۆیـە نەیتوانیوە بـەردەوام بێـت، دواتـر لـە کۆلێژی پـەروەردەی (ئیبـن ڕوشـد)ی زانکـۆی بەغـدا ماسـتەری وەرگرتـووە، نامـەی ماسـتەرەکەی لەسـەر (بینـای هونـەری لـە کورتـە چیرۆکـی کوردیـدا)، لـە سـاڵی ١٩٩٩ وەرگرتـووە.

ئەحـلام مەنسـوور لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا، وەک ژنێکـی ئـازا و بوێـر هاتۆتـە نـاو دنیـای ئـەدەب و ڕۆشـنبیریی کـوردی،




- له لای ڕاستەوە: ئەحلام مەنسوور، دکتۆرە کوردستان موکریانی

دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وکۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی لە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا، کە تێیدا بەو پەڕی ئازایەتییەوە ڕەخنەی لە دیاردە گەندەڵییەکان گرتووە، ئەو کاتەی لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کاری کردووە، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەدەب و کەلتوری کوردەواری و توندوتیژی دژی ژنان نووسیوە.

کۆمەڵە چیرۆکی (پرد) بە نۆبەرەی ئەحلام مەنسوور دادەنریت و دواتر بە ڕۆمانەکانی (ئامە ڕەش) و (ئەلوەن) بەهرەو توانای خۆی سەلماند، چەند کتێبێکی دیکەیشی بڵاوکردووە تەوە وەک (خەون و خوێن) و (دیس تۆپیا)، بەرهەمەکانی هەموویان ڕەنگدانەوەی (واقع)ی کۆمەڵی کوردەواری و خستنەڕووی ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی خۆی و دەوروبەری بوون، دژی دواکەوتن و گەندەڵی و توندوتیژی بووە، کە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەبووە بە گشتی و شاری خانەقینیش بە تایبەتی.

ئەحلام مەنسوور وەکو کەسێکی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆی سلێمانی و کۆیە بووە، خزمەتێکی زۆری بە ڕەوتی خوێندن و فێرکردن گەیاندووە.

دکتۆرە کوردستان موکریانی لە وتارێکدا کە لە ماڵپەڕی خۆی بە بۆنەی سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی ئەحلام مەنسوور لە ٢٠١٦/١/١٠، نووسیویەتی: (ئەو ژنە بیر دەوڵەمەندە یەکەمین نووسەری ژنە، کە لە خانەقین هەڵکەوێت ئەو تەنیا و تەنیا بۆ نووسینی کوردی ژیا، ڕۆڵەیەکی بێنازی شارەکەی بوو، زۆر بە بێنازی ژیا و هەتا بە بێنازیش بە خاکی شیرینی خانەقین سپێردرا. ئەحلام قوربانێکی جوانی دنیا نووسینی کۆمەڵی کوردەواری بوو).




**بەرهەمی ناوبراو**

لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی ئەحلام مەنسوور لە خانەقین، مامۆستای زانکۆ دکتۆر محەمەد زەهاوی لە وەسفی ئەحلام مەنسووردا دەڵێت: ئەو خاوەنی قەڵەمێکی بە بڕشت و هەڵوێستی جوان بوو، زۆر زوو ماڵئاوایی لێ کردین، خەسارەتێکی گەورە بوو لە



**پۆلێك قوتابیی کۆلێژی ئاداب - زانکۆی بەغدا سەرەتای حەفتاکان**

ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کوردیـدا.

ئەحـلام مەنسـور ئەندامـی (جمعیـة منتـدى الثقافـی) بـوو لـە بەغـدا.



بەرهەمی ناوبراو

ناوبراو نووسـەرێکی ئازا و بوێر و شۆڕشـگێڕ بـوو، هاوڕێـی شـەهید لەیـلا قاسـم بـوو، ئـەو یاخـی بـوو، دژەبـاو بـوو، ڕێچکەشـکێن بـوو، ئـەو بـووە قۆچـی قوربانـی نووسـینەکانی، کـە کۆمەڵـی کـوردەواری پێـی هـەزم نەدەکـرا.

ئەحـلام مەنسـوور لـە ٢٠١٣/١/١٠، لـە شـاری سـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە، تەرمەکـەی براوەتـەوە شـاری خانەقیـن لـە گۆڕسـتانی (خدر زنـده) بـە خـاک سـپێردراوە.

بـۆ ئەحـلام مەنسـووری نووسـەر و چیرۆکنـووس و ڕۆمانـووس و ڕۆژنامەنـووس، ڕوحـت شـاد و ئاسـوودە و ئـارام بێـت.

سەرچاوەکان:

١ - ڕۆژنامەی ئیلافی ئەلیکترۆنی ژمارە ٧٦٣٣ لە ٢٠٢٢/٣/٢٣.

٢- لاپەڕەی دکتۆرە کوردستان موکریانی وتارێک بە بۆنـەی سێیەم ساڵی کۆچی دوایی ناوبراو لـە ٢٠١٦/١/١٠.

٣ - وتارێکی نووسەر عەباس ڕەشید لە ٢٠٢٢/٣/٢٣ لە pukmedia، وەرگرتووە.

٤ زانیاری و نووسینی خۆم.



## ئەرخەوان ڕەسوڵ

شـاعیر و چیرۆکنـووس و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ و مامۆسـتای پەروەردەیـی خاتـوو ئەرخـەوان ڕەسـوڵ

**تۆ بمرە!**
**تۆ بمرە، با من کراسێکی سوور بپۆشم**
**با حەوشەو بانی ماڵەکەم بە گوڵ و بە مۆم داپۆشم**
**با هەموو دەفژەنەکانی شار جەم بن**
**لە کۆڕی مەرگتا دەف بژەنن**

ئەرخـەوان کچـی حاجـی ڕەسـوڵی بازرگانـە، لـە گەڕەکـی چوارباخـی شـاری سلێمانی، شـاری ڕۆشـنبیری و هەڵمـەت و قوربانـی لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری سلێمانی تـەواو کـردووە، چووەتـە پەیمانـگای ئامادەکردنـی مامۆسـتایان و تـەواوی کـردووە و بووەتـە مامۆسـتا، ماوەیـەک بـە مامۆسـتایی و دواتـر وەکـو جێگـری بەڕێوەبـەر و بەڕێوەبـەری قوتابخانـەکان درێژەی بـە خزمەتکردن داوە، لـە پاشـان خزمەتـی خـۆی گواسـتووەتەوە بـۆ وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان- بەڕێوەبەرایەتیـی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری نەمری کوردی مامۆستا هێمن، شاعیر ئەرخەوان ڕەسوڵ.**

کتێبخانـەکان، وەکـو جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتیی کتێبخانـەکان بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن تـا خانەنشـین کـراوە.

ئەرخـەوان ڕەسـووڵ هێشـتا قوتابیـی ناوەنـدی بـووە دەسـتی بـە شـیعر نووسـین کـردووە، شـیعری نووسـیوە بـە قوتابییـە هاوپۆلەکانـی خـۆی و بـە مامۆسـتاکانی پیشـانداوە ئەوانیـش بـە دڵیـان بـووە و هانیـان داوە کـە بەردەوام بێت لـە شـیعر نووسـین، کـە دەچێتـە قوتابخانـەی ئامادەیـی خاوەنـی کۆمەڵێـک شـیعر بـووە، هەوڵـی داوە لـە چاپیـان بـدات بـۆ ئـەوەی ببێتـە یەکـەم کـچ لـە شـاری سـلێمانی کـە خاوەنـی بەرهەمـی لـە چاپـدراو بێـت، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٧٢ ئـەم هیوایـەی دەهێنێتـە دی و یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری خـۆی بـە ناونیشانی(خۆشـەویسـت) لـە چـاپ دەدات.

ئەرخـەوان ڕەسـوڵ هـەر شـاعیر نییـە، بەڵکـو ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ و مامۆسـتای پەروەردەییشـە، دەیـان شـیعر و وتـار و لێکۆڵینـەوەی دەربـارەی زمانەوانـی و پەروەردەیـی و وەرگێـڕان وکێشـەی ئافرەتـان نووسـیوە، لـە گۆڤـاری گەلاوێـژی نـوێ و پەیڤیـن بـڵاوی کردوونەتـەوە، ئـەو شـیعری بـۆ مرۆڤـە جوانـەکان و سروشـتی جوانـی کوردسـتان و ئەڤینـی و کێشـەی

گەلەکەی و شەهیدان و گیرو گرفتی کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە، ئەو خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:

- کۆمەڵە شیعری(خۆشەویستی) ساڵی ١٩٧٢.

- کۆمەڵە شیعری(چاوە تاوسیەکانی عەلی)ساڵی ٢٠٠٤.

- کۆمەڵە شیعری(ئاگات لە هەڵوەرینی ڕۆحم نەبوو مەستانە رابوردی)٢٠١٧.

- کۆمەڵە چیرۆکێک بە ناوی(کاتم نییە بۆ شێتی)٢٠٠٤.

- ڕۆمانی(قصة موت معلن- چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا)- گابریل گارسیا مارکینز لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی ساڵی ٢٠٠٣.

- ڕۆمانی(العطر)، پاتریک زۆسکیند، لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ساڵی ٢٠٠٩.

- کۆمەڵە شیعری(من جاسوسی خوام) هۆشەنگ دەروێش، لە عەرەبییەوە ساڵی ٢٠٠٤.

- وەرگێڕانی کۆمەڵە شیعری(نووسینەوە)ی شاعیر باران سالار عوسمان لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠٠٧.

- وەرگێڕانی کۆمەڵە شیعری(ڤان ئیرۆتیک)ی شاعیر قوبادی جەلی زادە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەرخەوان ڕەسوڵ، ڕەوانشاد شاعیر فەرید زامدار.**

بۆ سەر زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠٠٨.

- وەرگێڕانی سێ شانۆنامە بۆ دەرهێنەر فازڵ جاف لە زمانی عەرەبییەوە.

- وەرگێڕانی شانۆنامەیەک بۆ دەرهێنەر هەڵکەوت محەمەد.

ئەرخەوان ڕەسووڵ جگە لەم بەرهەمانەی، کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی لە وەرگێڕان و بابەتی پەروەردەیی و ئافرەتان و زمانەوانی نووسیوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە لەوانە:

- شیعری هەر یەک لەم شاعیرانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی(شێرکۆ بێکەس، مەحوی، بەختیار عەلی، سابیر سادق، عیرفان ئەحمەد، کۆسار کەمال، ناهید حوسێنی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، نەزەند بەگیخانی، زۆر بابەتی دیکەی لە شیعر و چیرۆک لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەش شیعری کوردیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، بۆ نموونە شاعیر ئەحمەد رەجەب شیعری ئەرخەوان ڕەسوڵی وەرگێڕاوەتە



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو شەونم خوشکی شاعیر ئەرخەوان ڕەسوڵ، شاعیر ئەرخەوان ڕەسوڵ.**



**لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد گەلاوێژ ئیبراهیم، شاعیر ئەرخەوان ڕەسوڵ،**

سـەر زمانـی عەرەبـی و ئەرخەوانیـش پارچـە شـیعرێکی ئەحمـەد مەتـەری وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.

ئەرخـەوان ڕەسـووڵ ڕۆژنامەنووسیشـە، بـۆ یەکـەم جـار لـە کوردسـتان سەرنووسـەری گۆڤـاری (دژبنشـت)ی تایبـەت بـە کتێـب و کتێبخانـە بـووە.

- بەڕێوەبەری گۆڤاری (تێکست)ی تایبەت بە بەرهەمی لاوان بووە.

- ئەندامی دەستەی نووسـەرانی گۆڤـاری گەلاوێـژی نوێ بـووە بـۆ مـاوەی (٩)ساڵ.

- ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبـەری بنکـەی ئەدەبی و ڕووناکبیـری گەلاوێژ و ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد و ئەندامـی یانـەی قەڵـەم و ئەندامـی لیژنـەی ڕێزلێنانی نووسـەران و هونەرمەنـدان بـووە، سەرپەرشـتیاری ڕۆژی جیهانـی کتێـب بـووە بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ و بەخشـینی خەڵاتـی باشـترین کتێبی سـاڵی کـردووە، زۆر چالاکانـەش بەشـداریی هەمـوو چالاکییـە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەکان دەکات.

لە ٢٥-٥-٢٠٢٢، بەڕێوەچوونی (٢٥) مین فیستیڤاڵی گەلاوێژ(یۆبیلی زیوین)



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەرخەوان ڕەسوڵ، پرۆفیسۆر دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ.**

ی لە شاری سلێمانی کە هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بەشدارییان تێدا کردووە، کە شەش شاعیر و هونەرمەند تێیدا خەڵاتکراون، یەکێکیان شاعیر و نووسەر ئەرخەوان ڕەسووڵ بووە، لەگەڵ هەریەکە لە هونەرمەندان و نووسەر و شاعیران (شەهرامی نازری، مەزهەری خالقی، ئەنوەر قەرەداغی، ئەحمەد سالار، فوئاد مەجید میسری). ئەمە جگە لەوەی کە ناوبراو چەند جاری دیکە لە لایەن دەزگا حکومی و ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ڕێزی لێندراوە و خەڵاتکراوە.




لە ١٩-٤-٢٠٢٢ شاعیری کوردپەروەر خالید کۆچەر سەبارەت بە شاعیر و ڕۆژنامەنووس ئەرخەوان ڕەسووڵ لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی نووسیویەتی:(خاتوو ئەرخەوان بە یەکێ لە شاعیرە جوان و ناسکەکانی ناو دنیای شیعری ڕۆمانسییەت و عەشق و جوانی دەبینرێت، بە ڕیتمێکی ناسک و بە زمانێکی پاراو و بە ئیقاعێکی بتگرێ جوان و هێمن دەنووسێت).

نووسەر و شاعیر چیا مامە لەتیف لە ١٨-٤-

٢٠٢٢ چەند پەیڤێکی بۆ شاعیر و نووسەر ئەرخەوان ڕەسووڵ ناردووە، ئەویش لە لاپەڕەی خۆی بڵاوی کردووەتەوە، ئەمە یەکێکە لە پەیڤەکانی بەڕێز چیا مامە لەتیف:

بە تەنیا یەک
(ئەرخەوان)مان هەیە
لەم باخی کتێبەدا
بە تەنیا یەک
(ئەرخەوان)مان هەیە لەم خۆری زەمانەیا!
بە تەنیا یەک
(ئەرخەوان)مان هەیە
لەم دەرونی(کتێبخانە)دا
بە تەنیا یەک (ئەرخەوان)مان هەیە
لەم خەیاڵی شیعرەدا!
بە تەنیا یەک
(ئەرخەوان)مان هەیە
لەم پارزەری ئەخلاق و جوانییەدا!



شاعیر و نووسەر گۆران بێکەس لە نووسینێکدا سەبارەت بە شاعر و نووسەر ئەرخەوان ڕەسووڵ، ئەو کاتەی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بووە، دایکی بردوویەتی بۆ قوتابخانەکە و هەندێ وەسفی کوڕەکەی بە چاکی کردووە...کە وا نەبووە لە ڕاستیدا، بۆیە گۆران بێکەس دەنووسێت و دەڵێت:(ئەم خانمە بێ هیچ مەرج و ئەملاولایەک منی وەکو قوتابییەکی ئەو قوتابخانە وەرگرت، من زۆر بە لام نامۆ بوو کە ئەم ئافرەتە بۆچی ئەوەندە میهرەبان بوو لەم کاتەدا حەزم دەکرد ئەو دایکی من بوایە، من هەر ئەو ڕۆژە بڕیارم دا ئیتر ببمە قوتابییەکی زیرەک و ئاقڵ، بەڕاستی ئەگەر ئەو نەبوایە من نەم ئەتوانی بخوێنم و بگەمە ئێستا، ئەم نووسینەشم بوونی نەدەبوو، زۆر سوپاس بۆ ئەو.. ئەو هەر لە بیری منا ئەژی و هەرگیز پیر نابێ و ناشمرێ).

ئەرخەوان ڕەسزوڵ مرۆڤێکی هەست ناسک و میهرەبان و بە وەفا و نمەکدارە، ئەو سەبارەت بە کۆچکردنی دوو هاوڕێی شاعیر و نووسەر، هەر یەک لە ڕەوانشاد گەلاوێژ ئیبراهیم و ڕەوانشاد فەرید زامدار دەنووسێت:

بۆ گەلاوێژ ئیبراهم:(من و گەلاوێژ و دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ سێ هاوڕێ بووین لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە پێکەوە بووین، سێ قوتابی جیاواز بووین، هەمیشە مونافەسەمان بوو لەسەر پلەی یەکەمی و پلەی بەرز لە تاقیکردنەوەکاندا، ئەوەی زۆر کۆیکردبووینەوە کتێب بوو، جیاواز لە قوتابییەکان کە ئێمە حەزمان لە کتێب خوێندنەوە بوو لەو بوارەشدا دیسان مونافەسەمان بوو لەسەر ئەوەی کاممان زۆرترین کتێب ئەخوێنینەوە، بە هەواڵی کۆچی دوایی گەلاوێژ دڵگرانم، کۆرونا زۆر لە ئازیزانی بردین، زۆر بە داخەوە).

سەبارەت بە شاعیر فەرید زامدار نووسیویەتی(مردن... فرسەتی ماڵئاوایی و گەردن ئازایی نادا، خۆزگە پێش کۆچی تیلێکم بۆ بکردایە و هەواڵم بزانییایە، بەڵام نازانین مردن لە چ ساتێکدا ئازیزێکمان ئەڕفێنێ..... فەرید زامدار پیاوێکی جوامێر و نەجیب، ئەدەب و ئەخلاقی لێ ئەباری، هێمن و لەسەرخۆ و دڵساف، لە ماوەی ناسین و کارکردنما لەگەڵ زامدار هەرگیز قسەیەکی ناشیرینم لێ نەبیست، کردار و ڕەفتاری نا بەجێم لێ نەبینی...ئەو

لە توخمی فریشتە بوو، هیوامە دوا مەنزلی جیهان باڵای فریشتەکان بێت).

شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ ئەرخەوان ڕەسووڵ هەرچەندە بە گلوگازاندەیە لە وەزعی ئێستا و گیروگرفتی هاووڵاتیان و کێشەی ژنان، کە ئەمە بە زەقی لە شیعر و نووسینەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و دیارن، بەڵام هێشتا چالاکانە ناوبەناو خوێنەرانی و هەوادارانی شیعر بە پارچە شیعرێکی جوان و ناسک بەسەر دەکاتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر ئەرخەوان ڕەسووڵ هەر بەردەوام بیت لەم میهرەبانییەو سەروەرەییە و وەفادارییەت بۆ خزمەتی کۆمەڵی کوردەواریمان، بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و وشەی کوردیشمان.

وا دوو پارچە شیعر دەنووسمەوە یەکەمیان شیعرێکی شاعیر ئەرخەوان ڕەسووڵە بە ناوی(هەتیوخانەکە)، دووەمیان شیعرێکی شاعیر ئەحمەد مەتەڕە کە ئەرخەوان ڕەسووڵ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

١

هەتیوخانەکە، پڕە لە دڵتەنگی
پڕە لە تەنیایی ، پڕە لە چاوەڕوانی
پڕپڕە لە بێقەراری
پڕە لە تاڵی تورەبوون و
لە تامی تفتی گرژومۆنی .....
ئەو هەتیوخانەیە ، تاریکە
تاریک وەک دڵی خۆپەرستەکان
ساردە ، وەک ساردوسڕی ، بێ هەستەکان
خامۆشە ، وەک ویژدانی بێ ویژدانەکان ....
لەو هەتیوخانەیەدا
زەردەی پێکەنین لەسەر لێوە ، ناگاتە دڵ
چاوەکان ، پڕ فرمێسک و غەمگینن
ڕوخسارەکان ، زەردو ژاکاون

دڵەکان ، لە ژێر پێی خۆپەرستانا ، دەمێکە شکاون ......
لەو هەتیوخانەیەدا
مناڵەکان بەتەنیا ئەخەون
بە تەنیا نان ئەخۆن
بە تەنیا بیر ئەکەنەوە
بە تەنیا ئەگرین
بە تەنیا گەورە ئەبن ......
تامەزرۆی باوەشێکی گەرم وگوڕن
سۆزیان پێ ببەخشێ
تامەزرۆی دەستێکی نەرم ونیانن
دەستیان بگرێ
تامەزرۆی دەمێکی پڕ موحیبەتن
بە قسەی شیرین بیانلاوێنێ
حکایەتێکیان بۆ بگێڕیتەوە و
بە ماچێک ، شەو شادیان لێ بکا و بیانخەوێنێ ........
تامەزرۆی بەیانی باشێکن ، وەک شەکرلەمەی شیرین
تامەزرۆی نیگای چاوێکی پڕ خۆشەویستین ....
حەزیان لە شاری یاری و باخچەی ئاژەڵانە
حەزئەکەن ، بە دەم هەڵبەزو دابەزو تریقەی پێکەنینەوە
پیاسەیەکی ناوشار و شەقام و بازاڕەکان بکەن و
دەستە بچکۆلەکانیان بە دەستێکی گەورەوە گرتبێ
لە شوێنێکی خۆش، لە دەوری مێزێک کۆببنەوە
خواردنێکی خۆش بخۆن و
بۆ ماڵێکی پڕ لە ڕەنگ و ئاوەدان و ڕوناک بگەڕێنەوە ..........
وەلێ ئەفسۆس !

لەو هەتیوخانەیەدا
دوور لە ژیان ئەژین .....

. ٢

**شیعری : احمد مطر**

**وەرگێڕانی : ئەرخەوان ڕەسووڵ**

تەکفتر و شۆڕش
باوەڕم بە قەڵەم و دەفتەر نەماوە
باوەڕم بەو زمانە نەماوە
کە ئاوس ئەبێ و خۆی نەزۆکە
باوەڕم بەو شیعرە نەماوە
کە ستەم ڕاناگرێ و ویژدان ناجوڵێنێ
نەفرەتم کردوە لە هەر وشەیەک
کە لە دوایەوە ڕێپێوانێک سەرهەڵنادات و
میللەت بە هۆیەوە چارەنووسی خۆی نانووسێت
نەفرەتم کردوە لە هەر شاعیرێک
لەسەر ڕستەی تەڕو بڕو نەرم ونۆڵ ئەخەوێ و
میللەتەکەی لە گۆڕستانەکان ئەخەون
نەفرەتم کردووە لە هەر شاعیرێک
ئیلهامی فرمێسکی ( مەی) ە
خەم وپەژارە ی شەیدایی و
مردن موچوڕکەیەک
نەفرەتم کردوە لە هەر شاعیرێک
شیعر بە لێوو مەمک و پرچا هەڵئەدات
لە زەمەنی سەگ وقەحبەو مەخفەرەکان

دەمی تفەنگ نابینیٚ
کاتیٚ لیٚوە پڕ هاوارەکان ئەبینیٚ
نارنجۆکیٚکی ویٚرانکەر نابینیٚ
کاتیٚ مەمکە خڕەکان ئەبینیٚ
پەتی سیٚدارە نابینیٚ
کاتیٚ پرچ ئەبینیٚ
لەزەمەنی ئەوانەی
بە دەبابەی بەکریٚگیراو
یان حوشتری خیٚڵ
هاتوون بۆ فەرمانرەوایی
نەفرەتم کردوە لە هەر شاعیریٚک
بۆمبیٚکی هەڵنەگرتووە ، بۆ ئەوەی دوا شیعر بنووسیٚ ....


سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیٚدیا.

٢- بنکەی ڕووناکبیریی گەلاویٚژ - میدیاکار ئەرکان عەلی لە ٢٥-٥-٢٠٢٢.

٣- ماڵپەڕی ئەدەب لە ١٨-٣-٢٠٢٢.

٤- ماڵپەڕی ئەزمون - نووسەر هیوا موها.

٥- لاپەڕەی فەیسبووکی شاعیر و نووسەر ئەرخەوان ڕەسوڵ.

٦- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر ڕەفیق سابیر

شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس دکتۆر ڕەفیق سابیر

شیعرەکانی زۆر باسی ئازادی، جوانی، تەنیایی، غەریبی، مەنفا، دەکەن

ناوی تەواوی (ڕەفیق سابیر قادر)ە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی هەر لە قەڵادزێ تەواو کردووە، لە بەر ناسەقامگیریی باری ئەو کاتی کوردستان بە تایبەتی قەڵادزێ دوو ساڵ دواکەوتووە لە خوێندن، بۆیە ساڵی ١٩٧٠ - ١٩٧٤ بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.

دکتۆر ڕەفیق سابیر لە تەک ئەوەی قوتابیی کۆلێژ بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ەوە تا ساڵی ١٩٧٨ ڕۆژنامەنووسیش بووە لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) کە لە بەغدا دەردەچوو.

لە ساڵی ١٩٧٨ کە حکومەتی ئەوسای عێراق دەستی کرد بە گرتن و ڕاونانی چالاکوان و ڕووناکبیرانی کوردو داخستنی ڕۆژنامە بیری نوێ، ئەو بە ناچاری، چووەتە (سۆفیا)ی پایتەختی (بولگاریا) بۆ خوێندن، بەڵام پاش هەشت مانگ بولگاریای بەجێهێشتووەو چووەتە لوبنان و لەوێشەوە بۆ چیاکانی کوردستان، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ کە بووەتە پێشمەرگە لە شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری دیکە، یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان



**لە ڕاستەوە فوئاد حەمە خورشید، سامی شۆڕش، جەلالی میزا کەریم ، ڕەفیق سابیر**

دامەزراندووە و گۆڤاری نووسەری کوردستانیان دەرکردووە.

لە ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە بولگاریا دەست بە خوێندنی فەلسەفە دەکات و دوکتۆرای لە فەلسەفە وەرگرتووە، نامەی دوکتۆرایەکەی بە ناوی (ڕۆلی کەلتوور لە پێکهێنانی هوشیاریی و نەتەوەیی کورد)ە، لە نێوان ساڵی ١٩٨٤ هاوسەرەکەی ناسییوە کە خەلکی جۆرجیایە لە ساڵی ١٩٨٧ هاوسەرگیریان کردووە، لەم ماوەیەدا چۆتە لوبنان و ئەفغانستان و سووریا وەکو ڕۆژنامەنووس و چالاکەوانی سیاسی کاری کردووە، سەرپەرشتی گۆڤاری (الثقافة الجدیدة)ی حیزبی شیوعی عێراقی کردووە، هەروەها لە سووریا لێپرسراوی گۆڤاری (ڕێگەی ئاشتی و سۆشیالیزم) بووە، کە دەنگی هاوبەشی چەند حیزبێکی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، پاشان دەچێتە سوید لەوێ وەکو پەنابەر نیشتەجێ دەبێت، لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە شاری (ئۆپسالا) جێگیر دەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٣ داوای لێکراوە لە زانکۆکانی کوردستان دەست بەکار بێت، بەڵام ئەو زیاتر لە شەش مانگ نەماوەتەوە و هاتۆتەوە سوید، لە پاش ئارامبوونی دۆخی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ چووەتەوە کوردستان بۆ کردنەوەی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی کەلتوور) لە شاری سلێمانی، کە بۆ توێژینەوەی زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیاو کەلتووری کوردی بووە،

بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دەبووایە لە نێوان سلێمانی و سویددا بژیت، ئەوەش بۆ ئەو گران وەستاوە، چونکە خێزاندار بووە، ئێستاش بەڕێوەبەری سەنتەری (کوردۆلۆژی)یە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠١ لەگەڵ بەڕێزان دکتۆر کەمال میراودەلی و هاشم کۆچانی و کاروان عەبدوڵڵا گۆڤارێکی کەلتوورییان بە ناوی (ڕابوون) دەرکردووە.

لە ساڵی ٢٠٠١ خەلاتی (کلاس دێ ڤێلدی)کە خەلاتێکە دەدرێتە ئەو شاعیر و نووسەرە بیانییانەی کە لە سوید بەرهەمەکانیان بە زمانی سویدی بڵاودەکەنەوە، پێ بەخشراوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ خەلاتی ئیبراهیم ئەحمەدی لە شاری سلێمانی دراوەتێ، هۆنراوەکانی ڕەفیق سابیر وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی بیانی وەکو (عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و سویدی و دانیمارکی و هۆلەندی و ئیستۆنی).

ڕەفیق سابیر یەکەم دەستپێکی شیعر نووسینی، پارچە شیعرێک بووە ئەویش ئەو کاتەی باوکی کۆچی دوایی کردووە، یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەشی کۆمەڵە هۆنراوەی (پشکۆکان دەگەشێنەوە) بووە کە لە ساڵی ١٩٧٦ بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ دیوانی (ڕێژنە)ی لە ئێران بڵاوکردووەتەوە، ناوبراو زیاتر لە (٣٠) بەرهەمی لە شیعر و لێکۆڵینەوەی چاپ کردووەو



بڵاوی کردوونەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن (پشکۆکان دەگەشێنەوە ١٩٧٦، ڕێژنە ١٩٧٩، سووتان لە بەر باراندا -لەندەن ١٩٨٥، وەرزی سەهۆڵبەندان- لەندەن ٩٨٧، لاوکی هەڵەبجە- بەیروت ١٩٨٩، کاروانسەرا- سوید ١٩٩٠، وەرزە بەردینە- ئەڵمانیا ١٩٩٢، دیوانی ڕەفیق سابیر بەرگی یەکەم -سوید ١٩٩٣، ئاوێنەو سێبەر- سوید ١٩٩٦، ژوانی ڕۆناکی- سوید ١٩٩٧، ڕووتبوونەوە- سوید ٢٠٠٠، دیوانی ڕەفیق سابیر بەرگی دووەم ٢٠١٤، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی - بانە ٢٠١٧، ئەویننامە- بانە ٢٠١٧ .

چەند لێکۆڵینەوەیەکشی بڵاوکردووەتەوە لەوانە (بەرەو مێژوو، ئیمپراتۆریای لم، کەلتوور ناسیۆلیزم، عێراق بە دیموکراتی کردن یان هەڵوەشاندنەوەی، بە ستاندار کردنی زمانی کوردی، ڕوانین لە بۆلێلدا- وتووێژە بە زمانی ئینگلیزی، شیعری مۆدیرنی کوردی و ئەنتۆلۆگیای شیعری کوردی لە گەل دکتۆر کەمال میراودەلی بە زمانی ئینگلیزی.

هەروەها نووسەری نەرویجی (سیسێل ستانگسینس)، سێ تابلۆی پێشکەش بە شاعیر ڕەفیق سابیر کردووە، کە لێکدانەوەی هونەرییە بۆ شیعرەکانی ناوبراو، ڕەفیق سابیریش زۆر شانازی پێوە دەکات و لە ماڵەکەی خۆی هەڵیواسییوە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، پاش دوو ساڵ دەستی لە کار کێشاوەتەوە.


زانیاری و بیرەوەریم لەگەڵ شاعیری نوێخواز ڕەفیق سابیر، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی من لە پۆلی یەکەمی بەشی کوردیی کۆلیژی ئادابی بەغدا بووم، ئەو ساڵێک لەپیش من بوو، ئەو قوتابییەکی چالاک و نووسەرو ڕۆشنبیر بوو، هەڵگری بیری چەپ بووە، ئەو بیرو هزری زۆر فراوان بوو، باوەڕی بە عەدالەت و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بوو، لە بیرمە ڕەوانشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحلام مەنسوور لەسەر دەستی ڕەفیق سابیر فێری نووسین و ڕۆژنامەنووسی بوو، هەردووکیان زۆر چالاک بوون لەناو قوتابیانی بەشی کوردی و هەموو قوتابیانی کورد لە زانکۆی بەغدا.

ڕەفیق سابیر یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە هەڵگری بیری (ڕوانگە)

















بوو لەگەڵ هاوڕێکانی لەوانە فەرهاد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت، ئەوان تەکانێکی زۆر باشیان بە شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا لە سەرەتای حەفتاکان کە تائێستاش جێی مۆرکی شیعرییان دیارە.

لە ١٢-١٢-١٩٧٢ لە هۆڵی (ساطع الحصري) بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب کۆڕێکی شیعرییان بۆ شاعیرە نوێخوازەکان ساز دا، ڕەفیق سابیر یەکێک لەوانە کە لەگەڵ هاوڕێکانی سامی شۆڕش و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی، کە دکتۆر عیزەدین ڕەسووڵ سەرپەرشتی دەکرد، دەقەکانی شیعری هەموو بەشداربووانی زۆر بە ئاستێکی بەرز هەڵسەنگاند.

بۆ شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس دکتۆر ڕەفیق سابیر هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی.

له خوارەوە پارچە شیعرێکی شاعیر ڕەفیق سابیرتان بۆ دەنووسمەوە:

**جێی مەهێڵن**

**بە تەنیا جێی مەهێڵن، ئەمشەو زریان دەیچێنێت**
**تەم و مژ دایدەپۆشێت، مانگە شەو دەیڕفێنێت**
**گەرووی بە گزنگ تەڕکەن، زامەکانی بە شێلان**
**بە گۆرانی دایپۆشن، یان بە سەوزەی دارستان**
**سەری بە شەپۆلان کەن، با ئەمشەو ڕایژێنێت**
**بالای لە هەور بگرن، بروسکە و با دەچێنێت**
**بە تەنیا جێی مەهێڵن، منداڵێکی لاسارە**
**شار بەدەریان دەکات، مانگ دەکات بە کۆلارە**
**سوار چ شۆڕەسوارێک، ئەسپی هەتاو زین دەکات**
**با کەژاوەی لە گوڵ بێت، یان لە پەلکە زێڕینە**
**زەماوەندی خوێن دەگرێت، ئەمشەو پاشای ئەڤینە**

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کوردیپیدیا.

٢-ماڵپەری زەمەن چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی سوێدی خاتوو (ئاننا فرانکلین) وەرگێڕانی رزگار شێخانی لە ١٩-٢-٢٠٢٢.

٣- ڕۆژپرێس، پارچە هۆنراوەی بە تەنیا جێی مەهێڵن.

٤- زانیاریی نووسینی خۆم.



# مستەفا ساڵح کەریم

نووسـەر و چیرۆکنـووس و وەرگێـڕ و ڕۆژنامەنـووس و پـەروەردەکار ڕەوانشـاد مسـتەفا سـاڵح کەریـم

ڕووناکبیـری گـەورەی کـورد مسـتەفا سـاڵح کەریـم لـە ڕۆژی ٦ ئەیلولـی سـاڵی ١٩٣٣ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایـک بـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە سلێمانی و خانـەی مامۆسـتایانی لـە بەغدا تـەواو کردووە، بووەتـە مامۆسـتا لـە گونـد و شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان، (٣٢) سـاڵ وەک مامۆسـتا و بەڕێوەبـەرو سەرپەرشـتکاری پەروەردەیـی خزمەتـی کـردووە، بـە هـۆی چالاکییە سیاسییەکانی بە بێ ڕەزامەندیی خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین کـراوە.

مامۆسـتا مسـتەفا سـاڵح کەریـم لـە سـەرەتای ژیانـی لاوێتیـدا خولیـای ئـەدەب و ڕۆشـنبیری بـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٩ کـە هێشـتا تەمەنـی (١٦) سـاڵان بـووە، چیرۆکێکـی (تۆلسـتۆی) لـە عەرەبییـەوە وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی و لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ) بـڵاوی کردووەتـەوە، ئـەو قوتابـی بـووە لـە خانـەی مامۆسـتایان لـە بەغـدا بووەتـە سەرنووسـەری گۆڤاری(معلـم الغـد) چیرۆکێکیشـی تێدا بڵاوکردووەتـەوە، لـەو کاتـەوە چووەتـە نـاو دنیـای ئـەدەب و نووسـینەوەو بە هـەردوو زمانـی کـوردی و عـەرەبی بەرهەمەکانـی بڵاوکردووەتـەوە.



**وێنەیەکی مێژوویی نووسەر و شاعیرانی کورد لە شاخ،**
**لە لای چەپەوە: دووەم کەس نووسەر مستەفا ساڵح کەریم،**

ئەو کاتەی کە مامۆستا بووە لە قوتابخانەکان، چەندین چالاکیی ئەدەبی و شانۆگەری و ڕۆژنامەگەری ئەنجام داوە، پەرەشی بە نووسینەکانی خۆی داوە و لە ڕۆژنامەکانی (ژین و هیوا)بڵاوی کردوونەتەوە.

مستەفا ساڵح کەریم لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا تێکەڵی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بووە، ئەو ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعیی عێراقی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٣ هەر لەگەڵ کودەتای بەعس و قەومییەکان دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە زیندان دەبێت، دواتر ئازاد دەکرێت و بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (مەڵکەندی) لە سلێمانی، بۆ ماوەی سێ ساڵ زۆر چالاکبی ئەدەبی و هونەری نواندووە لەوانە دەرکردنی گۆڤاری (ڕابەر- المرشد) بە زمانی کوردی عەرەبی.

-دوای بەیاننامەی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بووەتە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و گۆڤارێکیان دەرکردووە بە ناوی(دەنگی مامۆستا)، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەی (التآخي) لە سلێمانی، هەر کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزراوە، ئەو لە یەکەم هەڵبژاردندا بۆتە سکرتیر بۆ ماوەی (چوارخول)، هەروەها ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیری بووە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک و بەغدا.

لە ساڵی ١٩٧٤ کە بارو دۆخەکە تێکچووەوە و شەڕ دەستی پێکردووەتەوە چووەتە شاخ و لەگەڵ هاوڕێکانی ئەدیب و نووسەران ماوەیەک لە ڕادیۆی کوردستان وەکو بێژەر و دواتر بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردستان بووە، زۆر چالاکیی ئەدەبی و هونەری پێشکەش کردووە، پاش نسکۆی شۆڕش دەگەڕێتەوە کوردستان و دووری دەخەنەوە بۆ شاری (الرمادی) بۆ ماوەی سێ ساڵ دەمێنیتەوە.

لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتای سەدەی ڕابردوو لەگەڵ هەندێ ئەدیب و نووسەری دیکە هەوڵ دەدەن یەکێتیی نووسەرانی کورد ببووژێننەوە، لە سەرەتای هەشتاکان دەبێتە سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد تا ئەو کاتەی خانەنشین کراوە.

ناوبراو پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، وەک دەستەی نووسەرانی هەردوو ڕۆژنامەی(ڕۆژی کوردستان و الإتحاد) ڕۆژانە ستوونیکی هەبووەو نووسینی هەمەجۆری تێدا بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠١ بووەتە جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تا ساڵی ٢٠١٠ خزمەتێکی زۆری ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە.

مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم بەشداریی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ،**
**لە لای چەپەوە: سێیەم کەس نووسەر و ڕۆژنامەنووس مستەفا ساڵح کەریم،**

ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە لە کوردستان وعێراق و دەرەوەی وڵاتیش لەوانە:

- لە ساڵی ٢٠٠٢لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە (لەندەن) بەشداربووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢بەشدار بووە لە کۆنگرەی ڕووناکبیرانی عێراقی لە (لەندەن)
- لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کۆنگرەی (٢٥)ەمینی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەشدار بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشداریی کۆنگرەی (٢٦)ەمینی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە (مۆسکۆ) کردووە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ بەشدار بووە لە کۆنگرەی (٢٧)ەمینی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەولەتی لە (گادیزا) ئیسپانیا لە یادی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، یەکێک بووە لەو چوار کەسەی کە نوێنەرایەتیی کوردستانیان کردووە بۆ فیستڤاڵی(مۆسکۆ) ساڵی ١٩٩٨.

مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی لە چیرۆک و وەرگێڕان و لیکۆڵینەوە و ساغکردنەوە نووسیووە و لە چاپیداون




**نووسەر مستەفا ساڵح کەریم و خێزانەکەی خاتوو سەبریە حاجی عەبدوڵڵا و منداڵەکانی**



**لە لای چەپەوە: نووسەر مستەفا ساڵح کەریم لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی، نەناسراوە**

بڵاویشــی کردۆتــەوە کــە ئەمانــەن:

زرەی زنجیر - کۆمەڵە چیرۆکێکی درێژن.

- شەهیدانی قەڵای دمدم- کۆمەڵە چیرۆکێکی درێژن.
- پەتـا سـپیکە- شـانۆگەرییەکی (چیک)ییە لـە عەرەبییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانی کوردی.
- دایکــی ئازادیخــوازان- کۆمەڵــە چیرۆکێکــە لــە عەرەبییــەوە وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی.
- ڕەشپۆشـێکی جیهانـی چـوارەم- کۆمەڵـە چیرۆکێکـی بەڕەنگاری(مقاومـة) یـە، کـە سـێ جـار لـە چـاپ دراوەتـەوە.
- هونەری کورتە چیرۆک - کۆمەڵە وتارێکی ڕەخنەییە.
- باخێـک لە وشـە - ژیاننامە و لێکۆڵینەوە و سـاغکردنەوە دەربارەی شـاعیری گەورەی کورد(پیرەمێرد).
- إلـى بـلاد الرايـن- بـە عەرەبیـی نووسـییوە، لـە بـارەی گەشـتێکی نووسـەر بـۆ ئەلمانیا سـاڵی ٢٠٠٥.



مستەفا ساڵح کەریم و خێزانەکەی

-اليوم الثالث- بە زمانی عەرەبییە کۆمەڵێک وتارێکە کە لە ستونی خۆی لە ڕۆژنامەی (الإتحاد) بڵاوی کردووەتەوە.

- وميض الكلمات- بە زمانی عەرەبییە، بەشی دووەمی وتارەکانییەتی کە لە ڕۆژنامەی (الإتحاد) بڵاوی کردووەتەوە.

-یەکێتیی نووسەرانی کورد- ڕێباز و هەڵوێست، ساڵی ٢٠١٢.

گوڵەچنی ، تریفەی وشە، یاد و وەفا- بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەیەک، ساغکردنەوە و ڕوونکردنەوە لە دیوانی شاعیری نەمر پیرەمێرد.

با بزانین ئەم ڕووناکبیر و نووسەرانەی کورد سەبارەت بە ڕەوانشاد مستەفا ساڵح کەریم چی دەڵێن:

- نووسەرو ڕووناکبیر عەبدولکەریم شێخانی دەڵێت: پیاوێکی زۆر بە وەفا بووە، زۆر لەگەڵ هاوڕێکانی باش بوو، هەوڵی دەدا چی چاک هەیە بۆیان بکات، ئەو زمانزانێکی باشی کوردی و عەرەبی بوو.

- ڕووناکبیر هیوا موفتی دەڵێت: مستەفا ساڵح کەریم یەکێکە لەو پیاوە بەرز و خوێندەوار و دڵپاکانەی کە هیچ مولک و ماڵی دنیای نەدەگۆڕییەوە بە کتێبێک، کتێب لە کوێ بووایە ئەو دەچووە ئەوێ، لە کوێ کۆبوونەوەی

ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەبووایە ئەو لەوێ بوو، هەموو ژیانی خۆی بۆ خوێندواری و سەر بەرز کردنی میللەتەی بردەسەر.

ڕووناکبیر کەمال شاڵی دەڵێت: پیاوێکی ڕووناکبیر و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بوو، پیاوێکی موتەوازع و بیرتیژ بوو، هەندێ جار سەربرشتەی سالانی پێشووی بە دەقەو سەعات دەگێڕایەوە.

- ڕووناکبیر خاتوو مهاباد شێخ لەتیف حەفید دەڵێت: مامۆستای خوالێخۆشبوو وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی ئەدەبی کوردییە، بە ڕاستی مرۆڤیکی پڕاوپڕ لە جوانی و لە خۆبردن و ڕۆشنبیر بوو، هەتا وەسفی بکەی هەر کەمە.

کورتە بیرەوەرییەکم لەگەڵ مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨، کە لە ٢٠-٢٥- ئابی هەمان ساڵ (دیداری یەکەمی

















چیرۆکی عێراقی- ملتقى القصة الاول العراقي)، لە هاوینەهەواری (پیرمام- مصیف صلاح الدين)بە هاوکاريي ئەمینداریێتیی رۆشنبیری و لاوان بەسترا، لایەنی هونەری لە تێکست و کارەکانی دیکە کاری وەزارەتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق بووە، لایەنە لۆجستییەکەش لە دابین کردنی شوێنی نووستن و خواردن بە دائیرەی ئێمە سپێردرابوو، بەندە چوار ڕۆژ لە هۆتیلەکەی (سەری ڕەش ) میوانداریمان کردن، لە دانیشتنەکانی بەیانیان و ئێوارە ئامادە دەبووم ، مستەفا سالّح کەریم یەکێک بوو لە بەشداربووان و دەورێکی بالاّی هەبوو لە ( موداخەلەکان )لەگەڵ هاوڕێکانی، هەر یەک لە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و محەمەدی مەلا کەریم و حوسێن عارف و ئەوانی دیکە، دیدارەکە ڕۆژێک پێش کاتی تەرخانکراوی خۆی تەواو بووە، بە هۆی کێشە لەسەر بەیاننامەی کۆتایی، کە مامۆستا مستەفا












ساڵح کەریم و حوسین عارف و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانیان لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی عێراقی بگەنە ڕێکەوتن و ئەو بەندانەی دەیانویست لەناو بەیاننامەکەدا بیچەسپێنن.

لە ڕۆژی ١٦-١١- ٢٠١٨ مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم کۆچی دوایی کردو لە سلێمانی لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.

ناوبراو خەڵاتی زێڕینی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراقی پێ بەخشراوە.

ناوبراو هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (سەبریە حاجی عەبدوڵڵا) کردووە، دوو کوڕ بە ناوەکانی نیازی و ئامانج و کچیک بە ناوی ژیان هەبوو، پاش مردنی باوکیان بەشێکی زۆری کتێبخانەکەی باوکیان بەخشیوەتە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و گۆڤارو ڕۆژنامەکانیشیان بە دیاری داوەتە بنکەی (ژین) و هەموو گۆڤارەکانی(الثقافة الجدیدة) یان کردووەتە دیاری بۆ حیزبی شیوعی عێراقی.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد مستەفا ساڵح کەریم گیانی پاکت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و سەرفرازیش بۆ نەوەکانت.

سەرچاوەکان: ١- کوردیپیدیا.

٢- کوردسات نیوز، فلیمێکی دۆکیۆمینتاری(پۆرترێت) تایبەت بە یادی ماڵئاوایی نووسەر، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار بەرزان کەریم.

٣- زانیاری و نووسینی و داڕشتنی خۆم .



# خەلیل یابە

مامۆستا و وەرزشوان و ئەکتەری ناسراو هونەرمەند خەلیل یابە

ناوی تەواوی(خەلیل یابە کەریم)ە، لە ساڵی ١٩٣٨ لە شارۆچکەی(گوێڕ) ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوێڕ و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩خانەی مامۆستایان لە موسڵ تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی گوندی(سۆربەشی خدری پاشا)، دواتر ماوەیەک لە قوتابخانەی گوندی(ماجید) و پاشان دەگەڕێتەوە گوێڕ، وەکو مامۆستای سەرەتایی بەردەوام دەبێت لە خزمەت تا ساڵی ١٩٧١ گواستراوەتەوە قوتابخانەی(اربیل الاولی النوذجیة- هەولێری یەکەمی نموونەیی) لە ناو شاری هەولێر.

هونەرمەند خەلیل یابە زۆر حەزی لە نواندن و شانۆ بووە، لە قوتابخانەی هەولێری نموونەیی دوو دەوام بووینە هیچ کاتی نەبووە بۆ چالاکی و نواندن، بۆیە خۆی داوای کردووە لەوێ بگوازرێتەوە، گواستراوەتەوە قوتابخانەی(سامان)ی سەرەتایی، دیارە لەو قوتابخانەیە هەلی بۆ ڕەخساوە بۆ چوونە ناو دنیای شانۆ و نواندن.

لە ساڵی ١٩٧٢ ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندی دەرهێنەر ڕەوانشاد تەڵعەت سامان پەیدا دەکات، دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، لە



گرووپی هونەرمەندانی سلێمانی هونەرمەند خەلیل یابە بە سەر دەکەنەوە

١٣-٧-١٩٧٢ لە باغی شار کە ئێستا بۆتە(چایخانەی خانەنشینان) یەکەم کۆبوونەوە دەکەن و بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن بۆ تیپی هونەر و وێژەی کوردی.

هونەرمەندی ئەکتەر خەلیل یابە یەکەم کاری هونەری و نواندنی بە تەمسیلییەی(دەرەبەگ و شوان) دەست پێ کردووە، بەشداریی زیاتر لە (٦٠) کاری هونەری لە تەمسیلییە و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی وفلیمی سینەمایی کردووە لەوانە:( دەرەبەگ و شوان، وێنەیەک لە ڕابردوو، قەلە ڕووتە، خاڵۆی ڕێبوار، چیرۆکەکانی مام سمایل، گوێزان، بۆرە پیاو، هەولێر لە ڕابردوو و ئێستادا ساڵی ١٩٧٣، سەرکەوتن، زاوایەکی گەلحۆ، هونەر و ژیان، هەڵەی دەرهێنەر، خۆتان بگرن هات، وەلی دێوانە، قەڵای دمدم، لافاو، هەبوو نەبوو، محەمەد و سێوێ، لاس و خەزاڵ، تاپۆ حەقی چییە، خاتوو کڵاوزەر، ترس و ئەڤین، گرێ، دەهۆڵچی، بیری ژمارە ٣، گەردەلوول -٣، ونبووەکان و چەندانی دیکە).



ئەکتەر خەلیل یابە لە کارێکی هونەریدا

هونەرمەند خەلیل یابە پیشەی



**هونەرمەند و ئەکتەر خەلیل یابە لە درامای (تاپۆ حەقی چییە)**

سەرەکی مامۆستا بووە، وەکو ئەکتەریش زیاتر لە(٥٠) ساڵ خزمەتی هونەر و شانۆی کوردی کردووە، چەندین ڕۆڵی جۆربەجۆری بینیوە، بۆ نموونە لە درامای(تاپۆ حەقی چییە)کە لە نووسینی هونەرمەند(چەتۆ حەسەن) و دەرهێنانی هونەرمەندی دەرهێنەر زوهێر عەبدولمەسیحە کە کۆمیدیا و تراژیدی تێدایە و تا ئێستاش بینەری کوردی لێ وەڕس نەبووە، هەروەها لە درامای(هەبوو نەبوو) کە لە بەغدا لەسەر شانۆی(جوال- گەڕۆک) نمایشکراوە، ئەو دەوری خۆی زۆر بە باشی و جوانی بینیوە، هەتا سەرۆکی دەزگای شانۆ و سینەمای عێراقی ئەوسا هاتووە لە هاوڕێکانی پرسییوە بۆ ئەوەی دەستخۆشی و پێزانینی لێ بکات.

هونەرمەند و ئەکتەر خەلیل یابە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆ لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:(ئاوات بۆ ڕابردوو دەخوازم کە هونەری شانۆ



**گرووپی هونەرمەندانی سلێمانی هونەرمەند خەلیل یابە بە سەر دەکەنەوە**



هونەرمەند خەلیل یابە
لە کارێکی هونەریدا



هونەرمەند خەلیل یابە لە کاتی
وەرزشکردن

گرنگی و بایەخی زۆری هەبوو، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا شانۆ لە ئاست و خواستی هونەرمەندان و هاووڵاتیانیشدا نییە).

لە ٢٧-٣-٢٠٢١ گرووپی هونەرمەندانی سلێمانی هونەرمەند خەلیل یابە-یان بە سەر کردووەتەوە و چەپکە گوڵی ڕێزلێنانیان پێشکەش کردووە.

هونەرمەند خەلیل یابە هەر مامۆستا و ئەکتەر نەبوو، بەڵکو ئەو هەر لە لاوێتیدا وەرزشوانی ئاسن و لەشجوانی بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەموو ڕۆژی سەر لە بەیانییەکەی دەچێتە باغی شار لەوێ وەرزش بە هەموو ئامێرەکان دەکات.

بۆ مامۆستا و ئەکتەر و وەرزشوان هونەرمەند خەلیل یابە هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:


بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- تۆڕی میدیای خەلک، وتارێکی نووسەر ئارام سەردار لە ٢٧-٣-٢٠٢١.

٢- کەناڵی دیمەن- بەرنامەی دوو ئەزموون، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار تەنیا کەریم.

٣- Kurdistan A rt، لە ٢٢-٥-٢٠٢٢.

٤- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



## عوسمان پیرداود

نەخشەساز و خۆشنووس، ڕۆژنامەنووس و دیزاینەر عوسمان پیرداود

ناوی تەواوی(عوسمان پیرداود کواز)ە، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی(سەیداوە) ی ناو شاری هەولێر لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی -بەشی ئۆتۆمبێل لە هەولێر تەواو کردووە، لە ٢-٦-١٩٨٤ بەشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی لە(کلیة المجتمع العربی)لە عەممان- وڵاتی ئوردن تەواو کردووە.

یەکەم دەست بەکار بوونی هونەرمەندی نەخشەساز عوسمان پیرداود لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگای شەهید دکتۆر نافع ئاکرەیی لە بەشی هونەری وەکو نەخشەساز و ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ بووە، هەر لەوێ بە هونەرمەندی نەخشەساز و دیزاینەری گەورە و ناوداری کورد(محەمەد زادە) ئاشنا دەبێت، وەکو(منفذ-جێبەجێکار)بەردەوام دەبێت.

هونەرمەندی نەخشاساز عوسمان پیرداود لە سەرەتادا حەزی لە کاری نووسین و ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان بووە، بەڵام بە هاندانی شەهید دکتۆر نافع ئاکرەیی و هونەرمەند محەمەد زادە وایان لێ کردووە حەز و ئارەزووی بکەوێتە سەر کاری نەخشەسازی و دیزایین، بۆیە هەر زوو کارەکەی خۆی خۆشویستووە و چووەتە بنج و بنەوانی، ئەو نەخشەساز



ڕاوەستاوەکان لە لای ڕاستەوە: گولەر حەبیب سیامەنسوری، هونەرمەند محەمەد زادە، هونەرمەند عوسمان پیرداود، ڕەوانشاد ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، نووسەر ڕەفیق غەفوور، وشیار حەمە سدیق، نووسەر ئازا حەسیب قەرەداغی، دانیشتووەکان: ڕەوانشاد دکتۆر نافع ئاکرەیی، نووسەر سەڤان یوسفی.

و دیزاینەر محەمەد زادە بە مامۆستای خۆی دەزانێت.

هونەرمەند ی دیزاینەر عوسمان پیرداود زیاتر لە (٤٠) ساڵە لە بواری ڕۆژنامەگەری و نەخشاسازی و دیزایین کار دەکات بووەتە خاوەن ئەزمونێکی زۆر باش لە هەر سێ بواری(خوێندنەوە و بینین و بیستن).

نەخشەساز عوسمان پیرداود پسپۆڕ و شارەزاییەکی زۆر چاکی هەیە لە بواری دیزایین و سەرپەرشتیاریی هونەری چاپ و چاپەمەنی، هەموو بەرنامەکانی نەخشەسازی بە شێوەی



دانیشتوو:ڕەوانشاد نووسەر و شاعیر کەریم شارەزا، هونەرمەند عوسمان پیرداود









ئەکادیمی خوێندووە و فێربووە و بەکاری دێنێت، شارەزاشە لە بواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر، ئەو لە زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی کاری کردووە لەوانە:(گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، گۆڤاری القافلة، گۆڤاری مەتین، گۆڤاری باریش، گۆڤاری دوغرو، گۆڤاری پەروەردە، گۆڤاری کشتوکاڵ، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، گۆڤاری مێرگ، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، گۆڤاری شێوەکاری، ڕۆژنامەکانی خەبات، کوردستانی نوێ، المواطن،



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، ڕەوانشاد دکتۆر نافع ئاکرەیی، هونەرمەند محەمەد زادە، هونەرمەند عوسمان پیرداود، ڕەوانشاد ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری**



**هونەرمەند عوسمان پیرداود و هاوسەر و منداڵەکانی**


یەکگرتن، المؤتمر، ستایل، حمرین، چەندانی دیکە).

عوسمان پیرداود نەخشەسازی و دیزایینی بەرگ و سەرپەرشتی کاری هونەریی ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی کردووە، لەوانە ئینسکلۆپیدیای هەولێر کە لە (١٢) بەرگ پێکهاتووە، هەر لە ساڵی ٢٠٠٨وە تاوەکو ئێستا سەرپەرشتیاری هونەری کتێبەکانی ئەکادیمیای کوردییە، دوایین کاریشی دیزایین کردنی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکانم)ی بەندە بوو، هەروەها بەشدار بووە لە چەندین چالاکی و خولی وانەوتنەوەی نەخشەسازی و دیزایین کە ئەمانەن:




- لە ٧-٧-٢٠٠١ تا ١٩-٧-٢٠٠١ بەشدار بووە لە وتنەوەی وانەی نەخشاسازی و دیزایین لە خولی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕێکی خستبوو.























**چەند کارێکی هونەرمەند**
**عوسمان پیرداود**

-لە ١١-٣-٢٠٠٠ بەشداری کردووە وەک وانەبێژی نەخشاسازی و دیزاییین لە خولی ڕۆژنامەوانی شاعیر(ع.ح،پ)کە کۆمەڵەی وەفای خێرخوازی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەوانانی لاو سازی دابوو.

لە ٢٤-٤-٢٠٠٨ لە یادی(١١٠)ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، لە ژێر دروشمی(ڕێزگرتنتان هاندەرێکە بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی کارە هونەرییەکانی بواری ڕۆژنامەگەری)لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان خەڵات و ڕێزی لێندراوە.

لە ٢٤-٤- ٢٠١٣ لە یادی(١١٥)ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی دیسان وەکو باشترین و بە ئەزموونترین نەخشەساز و دیزاینەر خەڵات و ڕێزی لێندراوە لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی هونەرمەند عوسمان پیرداود لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# حجی جەعفەر

مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ حجی جەعفەر

ناوی تەواوی(حەجی جەعفەر حارس)ە، لە ساڵی ١٩٥١ لە گۆندی(خۆرکی) لە ناوچەی مزوری خوارووی سەر بە قەزای شێخان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم هەر لە گوندی خۆرکی خوێندووە و پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و خوێندنی ناوەندی لە شاری موسڵ تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەییشی لە ناحیەی(ئەلقۆش)تەواو کردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢ لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.



حەجی جەعفەر لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی ڕێکنەکەوتنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ ڕژێمی ئەوسای عێراق وەکو زۆربەی قوتابیان و شاعیر و نووسەرانی کورد لە بەغدا ڕووی لە شاخ کردووە و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، هەر لەگەڵ نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ هاتووەتەوە و بەردەوام بووە لە خوێندنی خۆی و لە ساڵی خوێندنی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەجی جەعفەر، شاعیری گەورەی کورد دکتۆر بەدرخان سندی، شاعیری ناسراو دکتۆر عەبدولڕەحمان مزوری، دکتۆر عارف حیتۆ**

١٩٧٥-١٩٧٦ بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانە سەرەتایی ناوەندی و پەیمانگاو ئامادەییەکانی شاری دهۆک، تا لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە دهۆک دەژیت.

دەستپێکی نووسینی حەجی جەعفەر وتارێکی ڕەخنەیی بووە کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە، هەر لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە نووسینی ئەدەبی لە بوارەکانی زمانەوانی و کەلتوور و چیرۆک و داستانی فۆلکلۆری و چیرۆکی یاریی منداڵان و حەیران و مێژوو و وەرگێڕان و بابەتی دیکەی هەمەجۆر.

نووسەر حەجی جەعفەر دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە و زیاتر لە(٣٢) کتێبیشی چاپ کردووە، وا هەندێکیان دەنووسینەوە:



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەجی جەعفەر، دکتۆر مەسعود کەتانی، شاعیر دکتۆر عەبدولڕەحمان مزوری،**







- گۆتنێت مەزنا ل دەڤەرا بەهدینان، بەغدا ساڵی ١٩٨٦.
- سترانێت و داوەت و گۆڤەندێت کوردان، بەغدا ساڵی ١٩٨٦.
- حەیرانۆک ژ کەلەپووری کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم ساڵی ١٩٨٩ و ٢٠٠٧.
- سترانێت شەڤەڕۆکا، بەغدا ساڵی ١٩٨٩.
- هەندێک کەڤنە باوەڕێت خەلکی لدەڤەرا بەهدینان،بەغدا ساڵی ١٩٩٣.
- ستران و یارییێت بچوکا، سلێمانی ٢٠٠٦.
- بە ژن و گۆتنێک کوردی، دهۆک ٢٠٠٦.
- قەفتا سترانێت فۆلکلۆری، هەولێر ٢٠٠٦.
-جارەکی ژ جارە(چیرۆک بۆ زارۆکا)،سلێمانی ٢٠٠٧.
-گەلاوێژ(کۆمەکا چیرۆک و سەرهاتێت فۆلکلۆری لە دەڤەرێ بەهدینان) سلێمانی٢٠١٠.
-چیرۆک و چیڤانۆک(فۆلکلۆری کوردی)، سلێمانی ٢٠١٧.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ڕەشید سندی، شاعیر نووسەر خالید حوسێن، نووسەر حەجی جەعفەر**



**لە لای ڕاستەوە: نازم کەریم ، نووسەر حەجی جەعفەر، نەجمەدین عەزیز، ڕەوانشاد کەمال ئەمین سەمین،**

- بۆ هەر نڤیسەڤانەکی کولەک، بەرگی یەکەم.
- پێنج چیرۆکێت بەری سەد سالان ل سەر کوردستانا، نووسینی کارل مای، وەرگێڕانی حەجی جەعفەر، سالی ٢٠٠٦

نووسەر حەجی جەعفەر پێش ئەوەی بچێتە وڵاتی ئەڵمانیا ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک بووە و لە هەموو چالاکییەکانی نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان ئامادە بووە، پاش هاتنەوەشی لە ئەڵمانیا، زۆر چالاکانە بەشدار دەبێت لە هەموو کۆڕ کۆبوونەوە و سیمنار و کۆنفراس و چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- دهۆک، زۆر جاریش هەر خۆی کۆڕەکە بەڕێوە دەبات یان وەکو گەنگەشە و شرۆڤەکردنی دەقەکان ئامادە دەبێت.

لە سالی ١٩٨٥ سیمینارێکی پێشکەشکردووە دەربارەی شاعیری نەمری



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر حەجی جەعفەر، مامۆستای ئەکادیمی و شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی،**



**وێنەیەکی مێژوویی مامۆستا و قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، لە ساڵی ١٩٧٥ گیراوە. لە لای چەپەوە: دووەم کەس نووسەر حەجی جەعفەر، لە پێشەوە ڕەوانشادان دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و دکتۆر مەعروف خەزنەدار.**

کورد(جگەرخوێن)کە نووسەر محەمەد سەعید بەڕێوەی بردووە و ڕەوانشاد مەلا شەریف گەنگەشەی بۆ کردووە.

حەجی جەعفەر لە ٢-١١- ٢٠١٩ بەشدار بووە لە کۆنگرەی سێیەمی(زانستی خوێندنی کوردی لە زانکۆی زاخۆ)کە بە هاوکاریی ئینستیوتی کوردی لە پاریس بەستراوە.

- حەجی جەعفەر لە ساڵی ١٩٨٢ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی نووسەرانی نێو دەوڵەتیشە، چەندین جار لە لایەن ڕێکخراوە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان خەڵات کراوەو و ڕێزی لێ نراوە، وا هەندێکم هاوپێچ کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەمەری لەعلی، نووسەر حەجی جەعفەر، نووسەر و شاعیر دیا جوان.**

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ هاوڕێی دێرینم حەجی جەعفەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١ کە بەیەکەوە لە یەک پۆل بووین لە بەشی کوردیی کۆلێژی



**ئەم وێنەیە لەسەر گۆڕی شاعیری گەورەی کورد ئەمر ئەحمەدێ خانێ لە بایەزید گیراوە، لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەجی جەعفەر، بەڕێز ئیسماعیل بادی، بەڕێز دکتۆر زەرار سەدیق، بەڕێز مسەدەق توفیق، بەڕێز جەمیل شیلادزی، ئەوانی دیکە نەناسراون.**

ئادابی زانکۆی بەغدا، چوار ساڵی خوێندن، ئەو زۆر هێمن و لەسەرخۆ وچالاک بوو لە دەرسەکانی زۆریش بە وەفا بوو بۆ مامۆستایانی و هاوپۆلەکانی، ئەوەتا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری کە ڕۆژنامەنووس(عیدۆ بابەشێخ) لەگەڵی ئەنجام داوە، نووسەر حەجی جەعفەر دەڵێت:(خواندنا من هەمی عەرەبی بو،ژبلی چوار ساڵێت کۆلێجی، دڤان هەر چوار سال، من ل بەر دەستی پسپۆڕ و شەهرەزاییێت زمان و ئەدەبی کوردی خواند(دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و دکتۆر مەعروف خەزنەدار و دکتۆر ئیحسان فوئاد و دکتۆر ئەمین موتابچی و دکتۆر کاوس قەفتان و دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، ل سەر دەستی ڤان پسپۆڕا فێری زمان و ئەدەبی کوردی بووم، خودێ کاری وان ڕاستکات).

بۆ مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی و نووسەر ڕۆژنامەنووس و فۆلکلۆریست، حەجی جەعفەر هەر ساغ و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی.

سەرچاوەکان:

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی نووسەر حەجی جەعفەر لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم .



# بەهادین جەلال مستەفا

نووسەر و وەرگێڕو میدیاکار و ڕۆژنامەنووس بەهادین جەلال مستەفا ناوی تەواوی(بەهادین جەلال مستەفا)یە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی(هەرتەل) ی سەر بە ناوچەی خۆشناوەتی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئاسۆس)ی سەرەتایی لە قەڵادزێ تەواو کردووە، بە حوکمی کاری باوکی کە فەرمانبەری تەندروستی بووە،ماڵیان چووەتە شارۆچکەی مەخموور، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی هەر لە مەخموور تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوەو لە ساڵی ١٩٧٦ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.




بەهادین جەلال هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەدەب و شیعر و نووسین بوو، هەر کە هاتە کۆلێژی ئاداب بەندەش لەوێ بووە، ئەو ساڵێک دوای من بوو، بەڵام یەکسەر تێکەڵ بەو قوتابییە نووسەر و شاعیرانە بوو کە لە بەشەکەمان بووە لەوانە (ڕەوانشاد سامی شۆڕش، ڕەفیق سابیر، ئەحلام مەنسوور، ڕەوانشاد خالید جووتیار)، ئەو



لەلای ڕاستەوە: بەهادین جەلال
نووسەری ناودار جەمال خەزنەدار



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندو مەقامبێژی گەورەی
کورد عەلی مەردان، نووسەر بەهادین جەلال



لە لای ڕاستەوە: نەجمەدین عەزیز،
نووسەر بەهادین جەلال،
ڕەوانشاد محەمەد سەعید سۆفی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەهادین جەلال، ڕەوانشاد
شاعیر خالید جووتیار، ڕەوانشاد ئیحسان ئیبراهیم،
نووسەر عەبدولخالیق بەرزنجی،

قوتابییەکی چالاک بووە. دەستپێکی نووسینی ئەدەبیی بەهادین جەلال لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بە بابەتێک بووە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بە ناونیشانی (پوشکین هەڵگری مەشخەڵی ڕیالیزم)، ئەو هێشتا هەر قوتابیی کۆلێژی ئاداب بوو، لە ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٨٢ وەکو میدیاکارێک لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا وەکو(مذیع- بێژەر) دەست بەکار بووە، ئامادەکار و پێشکەشکاری چەند بەرنامەیەک بووە لەوانە (بەیانی باش، گەشتێک بە جیهانی هەمەڕەنگدا)، بەشداری لە نواندن و لە چەند کورتە چیرۆکێک کردووە، لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا بەرنامەی(چیرۆکی گوێ ئاگردانی






کوردەواری) پێشکەش کردووە کە گوێگرێکی زۆری هەبووە، هەروەها ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٢ بەرنامەی(جیهانی هونەر)ی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەش کردووە کە لە ئامادەکردنی هونەرمەند ناسر حەسەن و دەرهێنانی ڕەوانشاد بەختیار سیامەنسووری بوو.

بەهادین جەلال لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ خزمەتی خۆی گواستووەتەوە بۆ شارۆچکەی مەخموور وەکو مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیی دەست بە کار بوو، دواتر وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانە. لە ساڵی ١٩٩١ هاتووەتە هەولێر هەر مامۆستای کوردی بووە، بەهادین جەلال هەر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەهادین جەلال، ڕەوانشاد حەمید جەلال برای نووسەر



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار، نووسەر بەهادین جەلال،



لە ڕاستەوە: بەهادین جەلال ڕۆماننووس سابیر ڕەشید




لەلای ڕاستەوە: بەهادین جەلال- ڕەوانشاد شاعیر فەرید زامدار- میدیاکارو نووسەر تاریق سارمەمی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمە کەریم هەورامی- شاعیرغەریب پشدەری، بەهادین جەلال هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا- حاکم شاکرڕۆژبەیانی**




مامۆستاو میدیاکار نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسیشە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە تا ئێستا لە کاری ڕۆژنامەگەری بەردەوامە ، لە پاڵ ئەمەشدا لە ساڵی ١٩٩٧ لە دیوانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان- بەشی ڕاگەیاندن و لە ساڵی ٢٠٠٦ لە بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان دەست بە کار بووە، لەساڵی ١٩٩٦ەوە، لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە کاری کردووەو بەردەوامە لەوانە: (برایەتی، خەبات، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردیی، گۆڤاری کشتوکاڵ، التآخي، الصوت الاخر، ئێستاش لە گۆڤاری گوڵان بەردەوامە).

بەهادین جەلال لە ساڵی ١٩٩٠- ەوە بە تەواوی کەوتووەتە ناو دنیای نووسینەوە لەوانە چیرۆکی فۆلکلۆری و وەرگێڕانی شاکارە جیهانییەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە

پێچەوانـەش لـە زمانـی کوردییـەوە بـۆ زمانـی عەرەبـی، چەنـد بەرهەمێکـی پوخـت و جوانـی خسـتووەتە بـەر دەسـتی خوێنەرانـی کـورد، کـە ئەمانـەن:

- شـەوانی جـاران- کۆمەڵـە چیرۆکێکـی فۆلکلـۆری کۆکردۆتـەوە و دوو جار لـە چاپـی داوە، چاپـی یەکـەم سـاڵی ١٩٩٠ و چاپـی دووەم سـاڵی ٢٠١٦.

- مێـژووی ئێـران و تورکیـا، لـە عەرەبییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.

- شـەڕی زمـان و سیاسـەتی زمانەوانـی، لـە عەرەبییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.

- شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

- پوشکین هەڵگری مەشخەڵی ڕیالیزم، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

- ثقافـة الحكـم و بنـاء الديمقراطيـة، لـە نووسـینی ڕۆژنامەنـووس فەرهـاد محەمـەد، لـە کوردییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی.

- مرۆڤ و شارستانییەت، لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

بەهادیـن جـەلال ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد و ئەندامـی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و نێودەوڵەتییە.

بۆ هاوڕێـی دێرینـم، هاوڕێـی (٥٠) سـاڵەی ڕەبەقـم مامۆسـتا بەهادین جەلال هـەر سـەرکەوتوو بیـت و بـەردەوام بیـت لـە خزمەتـی میدیـا و ڕۆژنامەگـەری و زمـان و ئەدەبـی کوردیمـان.

سەرچاوەکان:

نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتەیـەک لـە ژیاننامـەی نووسـەر بەهادیـن جـەلال کـە خـۆی لەسـەر داخوازیـی مـن، بـۆی نـاردووم

سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# جەلال زەنگابادی

شاعیر و نووسەر، ڕۆژنامەوان و وەرگێڕ، جەلال زەنگابادی

ناوی تەواوی(جەلال حوسێن محەمەد زەنگابادی)یە، لە ڕۆژی ١-١١-١٩٥١ لە کوردستانی عێراق لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە جەلەولا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکوک، لە ساڵی ١٩٩٢ وازی لە مامۆستایەتی هێناوە و چووەتە دنیای ڕۆژنامەگەری.

ناوبراو هەر لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٣ دەستی بە نووسینی شیعر و بڵاوکردنەوەی وتاری هەمەجۆر لە ڕۆژنامە عێراقییەکان کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ موحەریر بووە لە گۆڤاری (الثقافة) کە بە سەرپەرشتیی دکتۆر سڵاح خاڵس و هاوسەرەکەی دکتۆرە سوعاد محەمەد خزر دەردەچوو، لە کاتی ڕژێمی بەعسدا دوو جار لە شوێنی نیشتەجێبوونی دوورخراوەتەوە و دوو جاریش دوو خانووی لێ ڕووخێندراوە، هەر لە بەر ئەوەی کوردە و کورد بووە هەڵوێستی کوردپەروەرانەی هەبووە.

جەلال زەنگابادی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت ئەو کاتەی بە کوردی دەنووسی هەولی داوە بە زمانی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر قاسم شێروانی، نووسەر جەلال زەنگابادی**

یەکگرتووی کوردی بنووسێت و تاکە نووسەریشە هەر (٥) شێوەزار (لهجة) ی کوردی دەزانێت، بەشدار بووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوک ساڵی ١٩٩٨، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نەوشەفەق) بووە ساڵی ٢٠٠٠ لە کەرکوک.

ناوبراو خاوەنی کتێبی (کوردۆلۆژیا ( Kurdo logyیە، کە لە (٤٢٢) لاپەڕەیە، باسی ناوداری کورد لە ئەدیب و ڕۆشنبیران، لەگەڵ وێنەکانیان و باسی کورد و جوگرافیا و مێژوو و زمان و فۆلکلۆرو هونەر و ئەدەب و ئایین و داب و نەریت و شوێنەوار و سیاسەت و ئابووری کوردستانی دەکات.

جەلال زەنگابادی چوارینەکانی زانا و فەیلەسوفی ئێرانی گەورە (عومەری خەیام)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی، هەر بەوەش نەوەستاوە بەڵکو لێی کۆڵیوەتەوە و ساغی کردۆتەوە وەکو

(موسـوعة) یـەک پێشکەشـی کـردووە، کـە بریتییـە لـە(٢٦٩) لاپـەڕە کـە (٧٤) چوارینـە و (٢٩) دێڕی شیعری فارسـی و عەرەبیە، لـە شـیکردنەوەکەی پشـتی بـە سـاغکردنەوەکانی مامۆسـتای فارسـی(استـاذ رحیـم رضـا زاده ملـک) کـە پسـپۆڕ بـوو لـە زانسـت و ئەدەبـی خەیـام بەسـتووە.

ناوبراو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسـی و تورکـی و ئینگلیزی و ئیسپانی و رووسی دەزانێت، جگە لە بەرهەمەکانی خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخ و نایابی لـە زمانەکانی عەرەبی بۆ کوردی لـە کوردی بۆ عەرەبی لـە ئینگلیـزی و فارسـی بـۆ کـوردی و عەرەبی لـە هەمـان کاتـدا، لـە زۆربـەی زۆری ڕۆژنامـە کـوردی و عێراقـی و عەرەبییـەکان و ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کـوردی و عەرەبییەکانـی عێراقـی وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی دەیـان وتـار و لێکۆڵینـەوەی بڵاوکردووەتـەوە.

ناوبراو زیاتر لـە (٢٠) کتێبی  نووسـیوە لـە بەرهەمـی خـۆی و وەرگێڕان لـە چاپـی داون و بڵاویشـی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:(١- اوتارالتنائي....فەرهـاد شـاکەلی لـە کوردییـەوە وەری گێڕاوەتـە سـەر عەرەبی، ٢- ظـل الصـوت و قصـص اخـری ..حمـە کەریـم عـارف لـە کوردییـەوە بـۆ عەرەبـی ٢٠٠٥، ٣- قصائـد تأبـی أي عنوان...جـەلال زەنگابـادی- کەرکـوک ٢٠٠٩، ٤-هاهـي معجزتي(قصائـد حـب) جـەلال زەنگابـادی- بیـروت ٢٠٠٩،




لە لای ڕاستەوە: فەرهەنگ غەفور بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی  هەرێمی کوردستان، نە ناسراوە، شاعیر و نووسەر جەلال زەنگابادی

٥- سنة فی الجحیم(مذکرات مهاباد قرداغي) لـە کوردییـەوە بۆ عەرەبی - بەغدا، ٦- دیوانی (عمـر الخیـام) لـە فارسـییەوە بـۆ کـوردی و عـەرەبی٢٠١٠، ٧- الثقافـة الكرديـة- مشـكلات- معضـلات- و آفـاق.. سـلێمانی ٢٠١٠، ٨- الخلاصـة (روایة) گەلاوێژ لـە کوردییـەوە بۆ عەرەبی - دەزگای مـەدا ٢٠١٢، ٩- اسطورة گلي ناگردان(روایة للفتیان) لـە کوردییـەوە بۆ عـەرەبی، گەلاوێژ دەزگای مـەدا ٢٠١٢، ١٠- ثلاثـة قصص للفتیـان - گەلاوێژ لـە کوردییـەوە بۆ عەرەبی دەزگای مـەدا ٢٠١٢، ١١- خورخیة مانزکی شـاعرعصره..دار العربیة للعلـوم - بیـروت ٢٠١٢، ١٢- الكوردلوجیـا مەوسـوعەیەکی گەورەیـە باسـی کـورد و کوردسـتان و ناودارەکانی زمـان و ئـەدەب و داب و نەریتی کـوردی دەکات....هتـد).

جـەلال زنگابـادی نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس تۆزێک نەخۆشـە، لـە بـەر بـاری ناهەمواری دارایی و ماوەیـەک پێش ئێسـتا کتێبخانەکـەی خـۆی هـەڕاج کردبوو بۆ ئـەوەی بتوانێت داودەرمانـی پـێ بکڕێت (داخـی گرانـم )، (تاکـەی ئێمـەی کـورد مـردی پەرسـت و زینـدی پەراوێزخـەر بیـن).


لـە ١٤-٦-٢٠١٧ دیـارە بەڕێـز فەرهەنـگ غەفـور بەڕێوەبـەری گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە یاوەریـی پۆلێـک لـە هونەردۆسـتان سـەردانی شـاعیرو نووسـەر جـەلال زەنگابادییـان کـردووە، کارێکـی دڵخۆشـکەرە بـۆ ئێمـەو هەمـوو ڕۆشـنبیرانی کوردسـتان.


لـە ١٦-٩-٢٠١٢ یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقـی هەولێـر ، بنکـەی
















ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ساڵی ٢٠١١ ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ ڕێزیان لە ناوبراو ناوە.

بۆ نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ جەلال زەنگابادی، هەر ساغ و سەلامەت و تەندروست بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و عەرەبی.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- التأخي- بەشی عەرەبي، میدیاکار سالم بخشي المندلاوي لە ٨١-٤-٢٢٠٢.

٢- گلگامش للدراسة و البحوث الكردية- وتارێکی میدیاکار فاروق مستەفا لە ٨-١٠-٢١٠٢.

٣- ماڵپەڕی rebaX وتارێکی نووسەر ماجد حەیدەر لە ١٣-١-٨١٠٢.

٤- گوڵان وتارێکی میدیاکار تاریق کارێزی لە ٥١-٩-٩١٠٢.

٥- زانیاری و نووسینی و داڕشتنی خۆم.



# دکتۆر جەودەت هوشیار


نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و ئەندازیار دکتۆر جەودەت هوشیار

دکتۆرجەودەت هوشیار لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری هەولێری ڕەنگین لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە تاقیکردنەوەی پۆلی پێنجەمی بەشی زانستی لەسەر هەموو قوتابیانی لیوای هەولێر یەکەم بووە.

چونکە یەکەمی سەر پارێزگاکەی بووە، لەسەر ئەرکی حکومەتی عێراق نێردراوەتە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ خوێندنی ئەندازیاریی کارەبا لە زانکۆی مۆسکۆ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێناوەو گەڕاوەتەوە وڵات، وەکو ئەندازیار دەست بە کار بووە، بەشداری لە زۆر پڕۆژەی پیشەسازیی ناو عێراق کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٩٠ بووەتە بەڕێوەبەری گشتی، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٩ ڕاوێژکاری پیشەسازی بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاشان خانەنشین بووە، ئێستا خەریکی نووسینەوەی کارە ئەدەبییەکانییەتی.


دکتۆر جەودەت هوشیار هەر لە لاوێتییەوە خولیای ڕۆشنبیری و ئەدەبی عەرەبی و کوردی جیهانی بووە، هەر لە ساڵی ١٩٦٩دەستی کردووە بە


























بڵاوکردنـەوەی سـەدان وتـار و لێکۆڵینـەوەی ئەدەبی بـە هـەر دوو زمانـی عەرەبـی و کـوردی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییـەکان، لەوانـە: (الثقافة الجديـدة، الفيصـل، المجلـة العربيـة، مكـة، فكـر، روز اليوسـف، الشـرق الاوسـط، الحيـاة، القـدس العربـي، شـمس كردسـتان، كاروان العربيـة، ينابيـع، اجـراس ڕوزاوا، صـوت الآخـر، زاگـروس).

ناوبـراو ژمارەیەکـی زۆر لـە شـاکارەکانی جیهانـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی، یەکـەم کـەس بـووە هەڵبەسـتەکانی (کافـکا و ئیڤـان پوتیـن)




ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە سەرەتای حەفتاکانەوە گرنگییەکی زۆری لە ناوەندە جیهانی و ئەدیبەکانی ڕووسیا پێ دراوە، کە زۆر لە وتار و کارە ئەدەبییەکانی وەرگێڕدراوتە سەر زمانی ڕووسی، هەروەها سەدان وتاری ئەدەبی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە ئەندامی یەکیتیی نووسەرانی عێراقە و بەشدارە لە چەندین چالاکی لە دەزگا ڕووسی و جیهانییەکان، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئینگلیزی و ڕووسی بە باشی دەزانێت.

دکتۆر جەودەت هوشیار کۆمەڵێک لە شاکارەکانی جیهانی و رووسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لەوانە (الدراسات المعاصرة - وزارة الثقافة - بغداد ١٩٧٣، ذخائر التراث الكردي في خزائن بطرسبورغ - اربيل ٢٠١١، ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە ڕەسول وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، السلطة الخامسة (نبض الحياة فى القرية العالمية)، مأساة الكتاب الروس- دار الزمان دمشق ٢٠١٩، جى دى موباسان- دار الزمان دمشق ٢٠١٩، الكتاب الروس تحت مطرقة البلشفية- بيروت ٢٠٢١، الضفاف الشمسية لنهر نيسان، ڕۆمان لە نێوان ئەندێشەو واقیعدا)، کۆمەڵێک دەستنووسیشی ماوە هێشتا لە چاپ نەدراون کە ئەمانەن(كرستينا فى بغداد - رواية، اسحاق بابل - حياته و ادبه، ايڤان پوتين- حياته و ادبه، الجذور التاريخية لنظرية القوة الناعمة، تجربتي فى الترجمة بين الممارسة و التنظير، هل تصلح الاطروحة كتابا ؟).

بۆ دوکتۆر جەودەت هوشیار هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری.

سەرچاوەکان :

١- کوردیپیدیا، وێنەکانیش هەر لەوێ وەرگیراون.

٢- زانیاری و نووسینی خۆم.



# مەدیحە برادۆستی

مامۆستا و شاعیر و نووسەر مەدیحە برادۆستی

ناوی تەواوی (مەدیحە عەبدولقادر چەلەبی)یە، لە شارۆچکەی (سیدەکان)ی سەر بە دەڤەری برادۆست لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ناحیەی رزگاری تەواو کردووە، بەشی کۆمپیوتەری لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر تەواو کردووە، دواتر بەکالۆریۆسی لە بەشی کوردیی کۆلێژی بنیات لە زانکۆی سۆران بەدەستهێناوە، ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەیە.

شاعیر و نووسەر مەدیحە برادۆستی هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوەی شیعر و حیکایەت و بەسەرهاتەکان بووە، ئەو هێشتا زۆر بچووک بووە باوکی کتێبی(ئەحمەدی و نامیلکەی بچووکی حیکایەت و داستانەکان)ی بۆ کڕیوە، دواتر دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو(مەحوی و خەیام) کردووە، خۆشی لە نێوان شیعری کلاسیکی و شیعری نوێخوازی دەبینێتەوە.

مەدیحە برادۆستی ماوەیەکی زۆر نییە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، بەڵام زۆر ئازاو بوێرانە قۆڵی لێ هەڵماڵیووە و هاتووەتە ناو دنیای شیعر و ئەدەبەوە، بە شێواز و ستایلێکی جیاواز دەنووسێت، شیعرەکانی هەمووی بە وشەی سادە و ساکار و پاراو نووسیوە، زۆربەی شیعرەکانیشی نیشتمانپەروەری و ئەڤینی و کۆمەڵایەتی و ئایینینە، ئەو



**بەشێك لە مامۆستایانی قوتابخانەی(ڕۆدینای بنەڕەتیی کچان)بە جل و بەرگی(یەکپۆشی- زی الموحد)ئەوەی چاکەتی زەردی لەبەرە شاعیر مەدیحە برادۆستییە**

شیعری بۆ واقیعی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە و دەنووسێت و کێشە و گیروگرفتەکانی ژنان بە زەقی لە شیعر و نووسینەکانی دیارن.

شاعیر مەدیحە برادۆستی شیعرە نوێخوازەکانی هەمووی پڕ وشەی کوردیی ناسک و بە ئاوازن، گوزارشت لە هەست و نەست و ڕازی تاکی کۆمەڵگای کوردی دەکات، بە تایبەتی و بە ڕوونیش ژیانی ڕۆژانەی ژنانی کۆمەڵی کوردەواریمان.

شاعیر مەدیحە برادۆستی خاوەنی بیروباوەڕ و ڕای خۆیەتی لە نووسینەکانی زۆر سەربەستانە ڕاو ڕەخنەی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو دەق و تێکستانەی دەیانخوێنێتەوە و لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی و لە ماڵپەڕەکانی دیکەدا بڵاویان دەکاتەوە.

ئەو گلەیی و گازاندەی زۆری هەیە بەرامبەر هەندێ لە خەڵکان کە بەبێ مۆڵەتی ئەو، شیعرەکانی بڵاودەکەنەوە.

بۆ مەدیحە برادۆستی بە هیوایین هەر ئەوا ئازاو بوێر بیت، لەم زووانەش دیوانی شیعریت بخەیتە بەر دیدی خوێنەرانی کورد، نموونەت زۆر بێت لە دەڤەری خۆتان و هەموو کوردستانی جوان و شیرینمان.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر مەدیحە برادۆستی- تان بۆ دەنووسمەوە:



**لە لای ڕاستەوە: قوتابی ئایندە، قوتابی پاوان، شاعیر مەدیحە برادۆستی، قوتابی دلڤین، قوتابی ئامێز، لە گۆڕەپانی زانکۆی سۆران**

**(١)**

کە ئەتبینم
لە دار قەزوانی روحم دا
تەزبیحێکت بۆ چێدەکەم
بڕوا بکە
ئەبم بە دەزووی ئەوینت
بە نێو دنکەکان ڕێ دەکەم
لە هەرساتێ
بە قەد دنکی ئەم تەزبیحەت
باڵاکەت نیگا ڕێژەکەم
سۆفی ئاسا
بۆ دیدەنیت نزا خوازم
لەسەر بەرماڵی نوێژەکەم
من دەزانم
کە پەنجە تووتەی دڵی خۆت

بە دنگی تەزبیح ئەسپێری
دەروێشانە
لەخەڵوەتی هەر دنگێکا
نیگاکانم لێ ئەژمێری

**(٢)**

**چاوشارکێ**

بەبیرت دێ؟
لە چاوشارکێی منالّیما
هەرگیز نەتدەدۆزیمەوە
لەسەر دارێ لە پشت بەردێ .
ئەوا ئەمڕۆ
منم بوومەتە گەڕیدە
هەرچەند دەکەم ناتدۆزمەوە
نە لەخەونێ نە لە هەردێ .
بڕوا بکە
ئەو منالّەشم خۆش دەوێ
کە جارجارە بۆ چاوشارکێ
لە ماڵەکەی خۆی دەردەچێت .
ئەزانی بۆ
چونکە یاری و چاوشارکێکەی
لەگەڵ کیژۆڵەی دراوسێی
لە چاوشارکێکەی تۆ دەچێت .

سەرچاوەکان: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو مەدیحە برادۆستی کە لەسەر داخوازیی من برای بەڕێزم فەرهاد جەمیل بۆی ڕەوانکردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم



## مهاباد قەرەداغی

**کە هاوسەرەکەم کپ دەبێ**
**لە سەر لا شانی دەفتەرێ**
**بە شیعرێکی باڵدارەوە خەو دەبینێ**
**نەک جامخانەی، زێرینگرێ**

نووسەرو شاعیرو چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و وەرگێڕو کۆمەڵناس، ڕەوانشاد مهاباد قەرەداغی

مهاباد قەرەداغی لە ڕۆژی ٢٢-١٢-١٩٦٦ لە شارۆچکەی کفری لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لەوێ تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٥- ١٩٨٧ پەیمانگای ژمێریاری لە کەرکوک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ چووەتە سوید، لە ساڵی ١٩٩٨ لە کەناڵی تەلەفزیۆنی میدیا بەرنامەی پانۆرامای پێشکەش کردووە، لە سوید بەشی پەروەردەی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ دەگەڕێتەوە کوردستان و دەبێتە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئافرەتان و کۆمەڵناسی، لە ساڵی ٢٠١٣ بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی (سایبس) لە هەولێر تەواو کردووە.



گلکۆی ناوبراو

مهاباد قەرەداغی لە ساڵی ١٩٧٨هێشتا لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا بووە، دەستی کردووە بە نووسینی شیعر، لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم پارچە شیعری خۆی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە.

لە ڕۆژگارە تاریکەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس، وەک ژنێکی ئازاو بوێر دەستی بە خەبات کردووە و بە خۆی و بەرهەمەکانی، هەردەم لە بەرەی گەل و نیشتمانەکەیدا بووە، ئەو یەکێکە لەو ژنە قارەمانانەی کە لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ لە لایەن ڕژێمی بەعسی دڕندە لەسەر هەڵوێست و نووسینەکانی بۆ ماوەی ساڵێک دەستگیرکراوەو ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دراوە، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: (جەللادەکانی بەعس، بۆ شکاندنی ئیرادەی، جگەرەیان لە سەر سینگ و مەمکی کوژاندووەتەوە)، بەڵام ئەو هەر دانی بە هیچ شتێکدا نەناوە.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە نووسینی چیرۆک و وتاری سیاسی و بابەتی ڕۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی کردووە، ئەو دەڵێت:( من بۆیە دەستم بە چیرۆک و ڕۆمان نووسین کرد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە ژن دەتوانێت هەموو ئەوانە بکات ئەگەر دەرفەتی هەبێت، من ئەو دەرفەتەم بۆ دروست بوو، چونکە خانەوادەکەم هاندەرم بوون و شانازییان پێوە دەکردم).

مهاباد قەرەداغی زۆر لە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(هاوکاری و کاروان و بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و نێرگز) بە ناوە خوازراوەکانی(نهێنی) هەتاو گەرمیانی و ژاڵە و بەردەوام و ئاڵا، بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەم کۆڕی شیعری لە هەولێر، لە سلێمانیش کۆڕی شیعری پێشکەش کردووە.

ناوبراو لە نووسینەکانیدا وەکو ژنێکی ئازاو بوێرو نیمچە یاخی و دژە باوە هەستی پێ دەکرێت، ئەو لە بواری پەروەردەیی و کۆمەڵناسی و مرۆڤایەتیدا زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی چ وەکو کتێب چ وەکو وتار بڵاوکردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخ و نایابە لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، بە سەر یەکەوە زیاتر لە (٣٥) کتێبی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانە:( نەخشەی دواڕۆژ -١٩٩١، پانۆراما- ١٩٩٣، شاخ کێڵگەی گەنمە شامییە- ١٩٩٤، میدالیا- ١٩٩٥، هاژەی ڕۆح- ١٩٩٧، باڵندە بەفرەکان- بە زمانی سویدییە- ١٩٩٨، دیوانی مهاباد قەرەداغی- ٢٠١٣، کۆچ ڕۆمان -١٩٩٣، ئەڤین ناوی ژیانە-ڕۆمانە شیعر ١٩٩٦، سوید و کوردستان- مەرگی مرۆڤ و نیوێک- کورتە چیرۆک ٢٠٠٤، ساڵێک لە دۆزەخ- بیرەوەری زیندان ٢٠٠٥، چلچرا - بیرەوەری ٢٠٠٦، زەنگدانەوە- ڕۆمان ٢٠٠٧، لەتێ پیاو- کورتە












چیرۆک ۲۰۲۰، فاتیلا -ڕۆمان ۲۰۱۷، لە پێناوی ژیانەوەی ئافراتدا ۱۹۹٤، شەرەفنامە-شەرەف کۆدێکی بۆ کوێلە کردنی ژن ۲۰۰۳، زمان، ڕامان و ناسنامە ۲۰۰٥، کارەساتی ئەنفال کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ۲۰۰۳، ژن و کۆمەڵگا لە قۆناغی باڵندەی شێرکۆ بێکەسدا ۲۰۰٤، وشە باران، لە فیمینیزم بۆ هیوانیزم ۲۰۱۳، ئافرەتیزم، مێژووی سەد ساڵ تێکۆشان بۆ مافی یەکسانی لە باشووری کوردستان ۲۰۱۸).

ناوبراو کۆمەڵێک شاکاری جیهانی لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە:(شیعر هەناسەی گەردوونە- هەلبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهانی-۱۹۹٥، دانپێنانێکی پیاوانە- هەلبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی دکتۆرە نەوال سەعداوی ۱۹۹٦، نانی ژەهراوی- شانۆ نامە لە نووسینی فیسیلین هانچێف ۱۹۹٦، جینۆسایدی- هۆلۆکۆست - کۆکوژی جوولەکان لە لایەن ئەلمانیای نازییەوە ۲۰۱۷، جینۆسایدی کۆمەڵکوژی لە خاکی هەزار گرد- ڕواندا- نووسینی بنیامین تیۆبێرگەر ۲۰۱۸، جینۆسایدی ئەرمەنەکان- لەیادکراو و نکۆلێکراو نووسینی یایر ئاوڕۆن ۲۰۱۸،....هتد)، لە بواری پەروەردەییش چەند کتێبێکی نووسیوە لەوانە(گەرمیان، باوە گوڕگوڕ، دیلان، کتێبی خوێندنەوە بۆ فێربوونی قوتابیانی کورد لە سوید).

مهاباد قەرەداغی لە ۱۱ ئازاری ساڵی ۱۹۹۲ لەگەڵ نووسەرو شاعیر مستەفا گەرمیانی هاوسەرگیریان کردووە، لە ساڵی ۱۹۹۹ کچێکیان

بووە بە ناوی شاکار، پیاوەکەشی هەر بووە قوربانی دەستی تیرۆریستان و شەهید بوو.

ناوبراو زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی و کەمێ فارسیشی دەزانی.

هەر پاش کۆچی دوایی کردنی مهاباد قەرەداغی، خوشکێکی کچێکیان دەبێت لە بەر خۆشەویستی بۆ مهاباد قەرەداغی ناوی لێدەنێن مهاباد قەرەداغی .

مهاباد قەرەداغی لە کۆپلە شیعرێکی کورتدا دەڵێت:

**گیانم ئێژێ**

**وەسیەتم بۆ وشە کردووە**

**کە مردم**

**لە هەموو شوێنێ بمنێژێ!**

لە ڕۆژی ٩-١٠-٢٠٢٠ مهاباد قەرەداغی بە نەخۆشیی کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

بۆ مهاباد قەرەداغی ڕەوانتشاد و دوا مەنزەڵگات بەهەشت بێت و گڵکۆشت پڕ گوڵ و گوڵزار بێت.

وا پارچە شیعرێکی مهاباد قەرەداغیتان بۆ دەنووسمەوە:

**لە ژێر ساباتی ماچ دا**

**تا بێ کۆتا خۆشەویستی**

**ساوایەتیی و خواییەتی عاشق**

**یان ساوایە یان خوای عاشق**

**جارنا ساوایە،**

**لە بەر دەروازەکانی مەراق و**

**تەنیایی و خەوندا، گڕوگالێیتی**

**خلتانی ئەسرینە..**

**تا تریفە نەبێتە لانکەی هەدا نادا**

**تا گزنگ ماچی نەکا، نا خەوێ**

**هەندێ جاریش خوایە،**

**گەردونێ لە پەڕەی گوڵ**
**سیمفۆنایەک لە خورپەی دڵ**
**ئاسمانی لە ماچی زیویین**
**زەمینێ لە زایەلەی دیندا ئەفرێنێ**
**داهێنەرە عاشق....**
**لە منگی و شینایی دەریا**
**شەرابێ بۆ مەستبوونی هەستەکان**
**ئاوێنەیەک بۆ ڕووانینی مەبەستەکان**
**دەسازێنێ...**
**وێرانکەرە عاشق..**
**دەوێری لە خوڕەی شەپۆلەکان**
**بوومەلەزەیەکی لەزەت بهەژێنێ**
**گڕکانێک لە جەستەی..**
**جووتێ پەپوولەی پەمەیی هەڵگیرسینێ**
**ساوایەتییە ئەو ساتانە**
**مەستانە لە ژێر ساباتی ماچ دا**
**پەپوولەکان، لە لێواری لێوە**
**لە هەنگوینی ئەوین لێوان لێوەکان**
**سەمایەکی سادە و شل و مل دەکەن**
**خوایەتییە.. ئەو خولەکە پڕ لە خەتایانەی**
**کە پەنجەکانی خێڵ ختوکەی...هتد.**

سەرچاوەکان: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- کوردیپێدیا.
٢- میدیا سپی وتارێکی ساسان عەونی لە ١٠-١٠-٢٠٢٠.
٣- دەنگەکان ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی وتارێکی ئاسۆ عوسمان لە ١٥-١٠-٢٠٢٠.
٤- کەناڵی کوردستان ٢٤ لە ١٥-١٠-٢٠٢٠.
٥- کەناڵی کورد، بەرنامەی ژوانگە، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕەسوڵ سولتانی.
٦- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# کەژاڵ ئیبراهیم خدر

چنگێ بەفرم گرتە دەستم

هێواش، هێواش

لەگەڵ ماچ و مووچی پەنجەکانم توایەوە

من نازانم تیشکی تۆ بوو لە روخسارت

یان هەناسەی گەرمی من بوو

جارێکی تر گەڕایەوە.

شاعیری هەست ناسک و ئازا و بوێر ڕەوانیشاد خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر

خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لەوێ تەواو کردووە، فەرمانبەر بووە لە ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی، خاوەنی سێ منداڵ بوو بە ناوەکانی(نامری و نوالە و دەرباز).

کەژاڵ ئیبراهیم یەکێکە لەو شاعیرە ئافرەتانەی کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، زۆر بوێرو ئازایانە هاتووەتە ناو دنیای شیعرو نووسین، هەموو هەست و ڕازو




نیـازی دڵـی خـۆی و ئافرەتانـی کـوردی لـە ڕێـگای شـیعرەکانی گەیاندووەتـە کۆمەڵـی کوردەواری، ئـەو ڕێچکەشـکێن بـوو، دژە بـاو بـوو، بـە شـیعر و وشـە جوانەکانـی توانیویەتـی جێـی خـۆی لەسـەر پانتایـی شـیعری کـوردی بکاتـەوە و جـێ مۆرکـی پەنجـە ڕەنگینەکانیشـی دیـارە.

کـەژاڵ ئیبراهیـم سـەرەتا بـە نووسـینی شـیعر بـۆ منداڵان دەسـتی پـێ کـردووە، دواتـر کەوتووەتـە نـاو دنیـای شـیعری و نووسـین، کۆمەڵێـک بەرهەمـی پوخـت و بـە چێـژی لـە دوای خـۆیدا بـۆ خوێنـەر و هەوادارانـی بـە جـێ هێشـتووە.

ناوبـراو خاوەنـی زیاتـر لـە (١٥) نامیلکـەی شـیعرییە، لـە بـەر بـە پێـزی و پڕ ماناییـان وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانانـی عەرەبـی و فارسـی و ئینگلیـزی و ئەڵمانـی و فەرەنسـی و ئەمازیغـی وڕووسـی و هەتـا هیندیـش، زیاتـر لـە (١٥) هۆنـراوەی وەرگێڕدراوتـە سـەر زمانـی فارسـی و (١٢٠) هۆنـراوەی بـۆ سـەر زمانـی عەرەبـی، لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی کـوردی و عێراقـی و هەنـدێ وڵاتـی عەرەبـی بڵاوکراونەتـەوە، لەوانـە میسـر و لوبنـان و سـووریا و مەغریـب و هیندسـتان، لـە ئێرانیـش زۆر بایـەخ بـە بەرهەمەکانـی دراوە، لـەم ڕۆژنامـە




پەیکەری ناوبراو.

و گۆڤـاره کـوردی و عێراقـی و عەرەبییانـە بڵاوکراونەتـەوە: (العراق اليوم، النهار، الزمان، مجلـة الوجـدان، الشـرق الاوسـط، الإتحـاد، جريدة المسـتقبل، طريق الشعب، مجلة الحياة السـورية، جريدة تشـرين، نهج الحريـة، جريدة الفكر، المدى، جريدة الشـعب الجزائري، مجلة المبدعـون لـە ئیماراتـی عەرەبی).

(٢٨) بەرهـەم و هۆنـراوەی کـەژاڵ بـە زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و ئەمازیغـی بڵاوکراونەتـەوە، لـە وڵاتـی مەغریـب لـە نـاو کتێبێکـی قـەوارە گـەورەدا کـە نـاوو ژیاننامـەی(٦٠) شـاعیری جیهانـی تێدایـە نـاو و ژیاننامـە کەژاڵـی شاعیریشـی تێدایـە.

کەژاڵ ئیبراهیم خدر بەشداری لە زۆر لە کۆڕ و فیسـتیڤاڵەکان لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات کـردووەو زیاتـر لـە (٢٠) جـار خـەڵات و ڕێـزی لێنـراوە و خـەڵاتـی نێودەوڵەتیشـی پـێ



شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر، لە کاتی شیعر خوێندنەوە

بەخشراوە.

(١٢) نامەی دکتۆرا و ماستەر لەسەر شیعرەکانی ناوبراو بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسراوە.

- شیعرەکانی لە (٣٠) لێکۆڵینەوەی زانستی بەکارهاتوون و خەڵاتیشیان وەرگرتووە.

- زیاتر لە (٧٩) لێکۆڵینەوە و وتاری شیکردنەوە و ڕەخنە لەسەر کۆی بەرهەمەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات نووسراوە و بڵاویش کراونەتەوە.

- خەڵاتی پێشبڕکێی شیعری لە وڵاتی میسرو فەلەستین پێ بەخشراوە.

- بەشی زۆری شیعرەکانی هەتا پاش کۆچی دوایی کردنیشی هەر لە هەفتانەی (ڕۆژهەڵات-بۆکان) بڵاوکراونەتەوە و دەکرێنەوە.

- لەسەر ئەرکی دەزگای کەریم عەلەکە پەیکەرێک بۆ کەژاڵ ئیبراهیم خدر دروستکراوە و لە قەڵادزێ دانراوە.


- ناوبراو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە.

کەژاڵ ئیبراهیم سێ چوار ڕۆژ پێش کۆچکردنی پارچە شیعرێکی بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی خۆی نووسیوە وا هاوپێچم کردووە.

کەژاڵ ئیبراهیم خدر لە ڕۆژی ٢٤-٤-٢٠١٨ بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد بێت و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.




**بەرهەمەکانی ناوبراو**



**پارچە شیعرێك بە دەستخەتی کەژاڵ ئیبراهیم**

هۆنراوەیەکی کەژاڵ ئیبراهیم کە شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت کردوویەتییە عەرەبی وا بۆتان دەنووسمەوە، لەگەڵ پارچە شیعرێکی کوردیی ناوبراو.

دڵێک لە پەڕەی گوڵ

(١)

ناوێرم چاوی تۆ،نیشانی هیچ عاشقێک بدەم

نەوەک ئاخێ هەڵکێشی و

شعرێکت بۆبنوسێ

ناوێرم تۆ نیشانی هیچ ژنێ بدەم

نەکا لەجیاتی تۆ،خۆی بخزێنێتە باوەشمەوە

بێ و لەنێو دڵما بنوێ

ناوێرم گەردنت نیشانی تاوسێ بدەم

دڵنیام لەخوا دەپاڕێتەوە، دەڵێی خودایە

بامن بمرم ئەو نەمرێ.

(٢)

هێندە بەناسکی دەدوێی

نازانم چۆن بتنوسمەوە

پەڕەی ڕۆحم گڕ دەگرن
هەور دەبێتە نمەی باران
هێندە جوان پێدەکەنیت
سەرم دەبێ بە دارستانی چڕو
لێوەکانم دە بن
بەدڵۆپێ ئاوی شەونمی بەربەیان
(٣)
لە تریفەی شنەی شەماڵی بەیانیان دەچی
پڕ دەبی لەزەر دەخەنە
کاتێ لێوت تەڕ دەبێ بەماچی من
ڕەنگی پایز زەرد دەبێ و
خونچە گوڵێک هەڵدەوەرێ.
(٤)
لە ناخی قووڵایی زەوییەوە هاتووم
خۆر دەبەخشمە دەرونت
کانیاو پڕ دەکەم لەئاو
کاتێ گوڵی لێوت
پرشنگی خۆر دەنوێنێ
زەردەت بۆدەکەم بەهەتاو.
(٥)
تۆ ئەزانی
لەنێو دڵی پڕ لەپەژارەی شێت و وێڵما
هەرچی ڕێگەی دژوار هەیە پێدا گەڕام
هەرچی سنوری ژیان هەیە
چی ئازاری نیشتمانە

لە نێو رۆحما کۆمکردەوەو
نەمام نەمام بوومە سەرچاوەی کانی و
بوومە تریفەی مانگەشەو ،گوڵە هەنارێک و، ڕوام.
(٦)
لەماڵە بچکۆلانەکەی رۆحتەوە هاتووم
هیچ دەنگێکت نایەتە گوێم
نە جریوەی باڵندەو ،نەشنەی بایە
بۆیە رەنگی پەری دڵم
بۆ ملوانەکەی دڵت ساوایە.
(٧)
هەمیشە وەکوو شەستەباران دادەباریت
نمە نمە دێتە خوارێ
کورەی دڵت ئاگردانەو
شنەی رۆحت دەبێتە منداڵێکی ساواو
وەک سەرخۆشێک بۆ باوەشم دێیت و دەچیت.
(٨)
بەڵێنت دا
گوارەیەک لە چاوی مانگ بکەیتە گوێچکەم
روناکی لەگلێنەی چاوەکانت
شوێنی ووشەی ئازار شکێن بسڕنەوە
مەمکی درەختی شعرەکان پڕ کەن لەگوڵ
کۆرپەی ساوای حەزەکان ژێر کەنەوە.
(٩)
ببە بە پەپوولە
بە باڵە فڕەی باڵەکانت

لەنێو باخی ووشەکانم
نیگار کێش بەو رەنگم بکە
لەسەر چڵی درەختی دێرەکانم
بەلێوی تاسەت
بە عیشوەوە ماچێک بنێرە،بۆ دێڕی هۆنراوەکانم
«من دڵنیام ئاسۆی چاوی نەپشکتووم
لەنێو تریفەی خەیاڵما،پێڵووی حەزم
بۆجریوەی ئەستێرەی عەشق ئەنێرم.
(١٠)
لەوانەیە دێڕ بەدێڕی گەڵای ووشەکانم
لە دەفتەری یادگاریما کاڵ ببنەوە
لەوانەیە رقی تورەم
بەر رەشەبای شعرم کەوێ و
خەمەکانم بسڕنەوە
بەڵام هەرگیز هەرگیز
جریوەی ئەستێرەی چاوت
گریانی هەوری ژوانەکانت
لەدیدەمدا ناسڕنەوە.
(١١)
نازانم بۆ خەونەکانم هەرتۆن
لەگەڵ زەردەی بەیانیاگەش دەبنەوە
ئەبن بە گوڵە مێخەک و نێرگز
لەکەناری رۆحما دەڕوێن
هەستەکانم بۆنی دەکەن
پەنجەکانم دەینوسنەوە.

(١٢)

تۆ هەرگیز تیونیەتیت بینیوە
روخسەت لەرووبار وەرگرێ
تۆ هەرگیز گەرمات بینووە
خۆرەتاو لەخۆت زیز بکا
لەسەر رۆحی گەڵا بنوێ.

(١٣)

من دەمەوێ چوار وەرزی ساڵ خۆشم بوێی
تابالای شعرم وەک پەلکەزێڕینە رەنگاو رەنگ بێ
ئاسمانم لێ مەتۆرێنە
بادڵی هەور گەرد نەگرێ
« من دەمەوێ
وەک بووکە بەفرینەیەک بمرم
نەوەک جەستەم گڕ بگرێ.

********

ترجمة ''لطيف هلمت
شعر''كه زال ابراهيم خدر

١

حين وجدتك
كنت تلة تحولت الى جبل
كنت نبعاً فأصبحت بحراً
كنت ليلة قاتمة
فأصبحت صبحا منيراً
كنت طيراً في قفص
عدت الى أعالي أغصان الأشجار
لأنثر النغمات الحلوة والأغاني

٢
كلانا
أنا وأنت
سجينان
انت سجين التقاليد
وانا سجينة الخوف
٣
وطني
شوارعه مفعمة برائحة الهلع
وأياديه مثقلة برائحة الخيانة
والسنته ملئية بالأكاذيب
وانا أسمي هذا الوطن
٤
في طفولتي
كنت شديدة الكره للعاصفة
في احد الايام
جاءت عاصفة
سرقت مني دميتي
ولكني الآن
كلما هبت العواصف
أشتهي فرحاً
اقول ربما هبت من لدنك
يترشح منها أريجك
٥
يقال ان القمر لا يتقن الغناء
هذه الليلة أنا والقمر

غنينا حتى الصباح
هو غنى للنجوم
وانا غنيت لعينيك
٦
هيا استمع الى لوني
أنا اتكلم معك بلوني
تصفح اوراق الهوى
ان سمعي لا يفقه الاّ الحب
انت تريد أن تغمرني بالسعادة
بنظراتك الأخيرة أمنياتي
اذهب
فأنا لن أحلم بك ابداً
لن احلم
بمن يجهل جلّنار الحب
٧
كلانا واقفان امام محكمة
لأحاكم فيها
أي منّا متهم
في هذه المواجهة
أنت كنت عابر سبيل
تجهل الطرقات الجانبية
تلك التي توصلك
الى مركز القلب
وانا كنت راعية
لم استطع ان ابلل حنجرتك
بقطرات من الحليب

انت المتهم
لأنك لم تتمكن من تعلم لغة الانهار
كي تنقذك من الامواج
وتوصلك الى جنبي
انا المتهمة
لأني من اجل تناول حفنة من السنابل
ابعدت الطيور
٨
ما بأيدينا
فأحلامنا الماضية
لن تسطيع الطيران
والوصول الى أي بستان
ودموع الطفولة
تجهل العودة الى خلايا الضحك
ماذا أفعل بأناملي الذابلة
لم تستطع ان تكتب ”“كن حبيبي
وماذا افعل بشفاهي ولساني
لم تجرأ احداهما ان تقول لك “
كن عشيقي
٩
عبر أرواح ليلة بيضاء
وعبر قلوب نارية
وعبر تثاؤب ليلة هادئة
خطوت
فوصلت بستان قلبك
وحلمت بحمامة براعم وردة شفاهك

وتحولت الى مساء من مساءات المدينة
فجذب انتباهي فنان
فتحولت الى ظلال اشجار الطرقات
١٠
تشبه ظلام قمر قلبي القاتم
وحين أرى
شفتيك المغمورة بالخمر
تمتلئ بالضحك والبسمات
تتحول احاسيسي الى فراشة
وحياتي تتحول الى يراعات تحوم
حول اضواء تلك الاقواس القزحية المشردة
١١
بأناملي
اكتب ضباب غمزات جراحاتي
احول النجوم الى اشعاعات خالدة
وامنح الخضرة الأبدية لغاية
وألملم
ضفائر سيدة الأنوار
١٢
أنا دمعة
وأنت مئات الدموع المتناثرة
هاتين العينين اريدهما للحب
وليس لرؤية الكوابيس
في الليالي المزعجة
١٣
في الحب ولدت

ولكني أجهل تعريف الحب
نعيش في واقع
تساوت فيه الحياة والموت
١٤
ماذا نفعل يا عزيزي
حين تذبل الورود
لن تتلاصق مرة ثانية
مع الأغصان
وحين نكتب الآلام
لن تمحيها
لذائذ مئات القبلا.

سەرچاوەکان:


بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- پەیجی کەژاڵ ئیبراهیم خدر لەگەڵ هەموو وێنەکان

٢- وتارێکی نووسەر و شاعیر ئیسماعیل تەنیا لە wtarkurd لە ٢٨-٤-٢٠١٨

٣- ڕێگای کوردستان وتارێکی کەژاڵ نوری لە ٢٦-٤-٢٠١٨

٤- النقد العراقي لە ٢٧-٤-٢٠١٧، ٥- زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.



# بەكر مەعروف

ئەکتەر و سیناریست، دەرهێنەری شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنی هونەرمەند بەکر مەعروف

ناوی تەواوی(بەکر مەعروف سەلیم)ە، لە ١٦-٢-١٩٥٩ لە گەڕەکی(ئیبن مستەوفی) شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی هەر لە هەولێر تەواوکردووە.

دەستپێکی کاری هونەریی هونەرمەند بەکر مەعروف لە ١-٢-١٩٧٢ بووە، ئەو کاتەی وەکو ئەکتەر بەشداری لە شانۆگەریی (ژنهێنانی هاوچەرخ) کردووە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بەکر مەعروف، ئەوانی دیکە نە ناسراون



**لە لای ڕاستەوە: ئەکتەر بەکر مەعروف، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری بەڕێز فەرهەنگ غەفوور، نە ناسراوە**

لـە سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە تیپی(پێشـڕەو)ی شـانۆیی کـردووە، دواتـر بووەتـە ئەندامـی تیپـی هونـەری سـەندیکای کرێکارانـی هەولێـر بـۆ مـاوەی (١٠) ساڵ کاری دەرهێنانی بۆ زیاتر لە (١٠) زنجیرە درامـای(١٥) ئەلقەیـی و(٣٠) کـردووە، وەکـو ئەکتەریـش ڕۆڵـی بینیـوە و بەشـداربووە لـە (١٦٣) ئەلقـەی هەفتانەی(خەڵکی شارەکەم) کە خۆی دەرهێنانی بۆ کردووە.

هونەرمەنـد بەکـر مەعـروف لەگـەڵ هـەر یـەک لـە هونەرمەنـدان (ئەنـوەر عەزیـز و حەمیـد سـابیر) بەشـدار بـووە لـە بەرنامەی(هەوارگـەی جـاران)کـە لـە تەلەفزیۆنـی گەلـی کوردسـتان پەخـش دەکـرا.

بەکـر مەعـروف وەکـو ئەکتـەر بەشـداری لـە کۆمەڵێـک کاری هونـەری لـە شـانۆگەری و کورتـە فیلـم و زنجیـرە درامـا و فیلمـی سـینەماییدا کـردووە، کـە ئەمانـە هەندێکییانـن:

- زنجیرە درامـای کەوەکانـی قەرەچـوغ، لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـدی ڕەوانشـاد تەڵعەت سـامان.
- زنجیـرە درامـای بـە زۆر کـراوە بـە دکتـۆر، لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـدی ڕەوانشـاد فەرهـاد شـەریف.




- میوانـی ناوەخـت، لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد ناسـر حەسـەن.
- منداڵان شەڕ بە ئەستێرە دەفرۆشن، لە دەرهێنانی هونەرمەند فارس .
- زنجیـرە درامـای ژوان، لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد سـەباح عە بد و لڕ ە حمـا ن .
- گێلە پیاو، لە دەرهێنانی هونەرمەند ژیلوان تاهیر.
- خەونی پەپوولەکان، لە دەرهێنانی هونەرمەند محەمەد جانۆ.
- شارەکەم، لە دەرهێنانی ڕەوانشاد سەلاح حەسەن.
- گورگەکان - فیلمی سینەمایی، لە دەرهێنانی میهران شیهری.
- ژوانی زەرد، لە دەرهێنانی هونەرمەند سەمیرە عەبدۆک.
- کیلۆمەتر سفر، لە دەرهێنانی هونەرمەند هونەر سەلیم.
- ماچێک لە لێواری دەریا، لە دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سەلیم.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند بەکر مەعروف، نووسەر و شاعیر مەسعود پەرێشان، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی**




هونەرمەند بەکر مەعروف لە درامایەکدا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند وئەکتەر بەکر مەعروف، نە ناسراوە

- قارەمانی ئەو چەرخە، لە دەرهێنانی هونەرمەند جوان بامەڕنی.
- فیلمی سێ گۆشەی مەرگ لە دەرهێنانی هونەرمەند عەدنان عوسمان.

هونەرمەند بەکر مەعروف وەکو ئەکتەر و دەرهێنەری چەندین کاری هونەری لە شانۆگەری و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و فلیمی سینەمایی ناسراوە، کە ئەوانەن:

- زنجیرە درامای سەلیم بەگ، کە (٣٠) ئەلقەیە لە نووسینی نووسەرو ڕەخنەگر حەیدەر



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندو ئەکتەر عەلی ئەحمەد، هونەرمەند بەکر مەعروف**

عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.

- ڕەحمەتی، کە (١٥) ئەلقەیە لە نووسینی نووسەرو ڕەخنەگر حەیدەر عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.
- ئاوێزە، کە (١٥) ئەلقەیە لە نووسینی نووسەر و ڕەخنەگر حەیدەر عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.
- فرمێسک، کە(١٥) ئەلقەیە لە نووسینی شاعیر و نووسەر نازم دڵبەند و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.
- کارەباچی، کە(١٥) ئەلقەیە لە نووسینی نووسەر و ڕەخنەگر حەیدەر عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.
-هەفتەنامەی (بەد بەختەفەندی)، کە(٥) ئەلقەیە لە نووسینی شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی و دەرهێنانی بەکر مەعروف.
- وێنەکانی ئەمڕۆ، کە (١٤٨) ئەلقەیە لە نووسینی هونەرمەند فەیسەڵ محەمەدساڵح و دەرهێنانی بەکر مەعروف.
- کورتە فلیمی شای فیشەک، لە نووسینی نووسەر مەسعود عارف و دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.



**هونەرمەند بەکر مەعروف لە درامایەکدا**

هونەرمەند بەکر مەعروف لە ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی باشترین ئەکتەری لە شانۆگەریی(تاوان و سزا) کە لە دەرهێنانی هونەرمەند موئەیەد فەقێ بووە پێبەخشراوە.


هونەرمەند بەکر مەعروف ئێستا خانەنشینە و سەرۆکی تیپی هونەری هەولێرە، بەردەوامە لە چالاکییە هونەرییەکانی، هیوای سەرکەوتنی بۆ داخوازین.

سەرچاوەکان:

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- کورتە ژیاننامەی ناوبراو کە خۆی بۆی ناردووم سوپاسی دەکەم.

٢- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.



# سەردار ئەحمەد كۆیی

مۆسـیقاژەنی ئەكادیمـی بـە ئامێری(فلـوت- نـای- شمشـاڵ)، ڕەوانشـاد سـەردار ئەحمـەد كۆیـی

ناوی تەواوی(سـەردار ئەحمـەد عەبدوڵڵا)یە، بە باب سـەردار ناسراوە، لە ڕۆژی ١-٧-١٩٤٥ لە گەڕەكی(بەفری قەندی)ی شارە ڕەنگین و خنجیلانەكەی كۆیـە لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە شـاری كۆیـە تـەواو كـردووە.

سـەردار ئەحمـەد هێشـتا لـە پۆلـی چوارەمـی قوتابخانـەی سـەرەتایی بـووە، خولیـای هونـەر و حـەزی لـە مۆسـیقا بـووە، ئـەو كاتـەی كەسـێک بـە ناوی(عەبدۆک)كە لە ناو پاسیک ئیشی كردووە (نەی و دووزەلە و شمشاڵی) لێداوە، ئـەو شـەیدای ئـەو ئامێرە دەبێت، چووەتە شـاری هەولێر شمشـاڵێكی زەردی ئاسـنی بـە (١٠٠) فلس كڕیوە لەگـەڵ نایەكـی داریـش.

لـە سـاڵی ١٩٥٧ مامۆسـتا باكـووری وەكـو یەكێـک لـە ژەنیارەكانـی قوتابخانـەی كوڕانـی كۆیـە هەڵیبـژاردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٨ یەكێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی تیپـی باواجیـی كۆیـە، لـە سـاڵی ١٩٥٨ كـە مامۆسـتا باكووری خولێكی مۆسیقای كردووەتـەوە، ئـەو بەشداریی تێدا كردووە، هـەر لە هاوینی ئـەو سـاڵ لەگـەڵ تیپـی باواجیـی كۆیـە چووەتـە ڕانیـە و بـە شمشـاڵ ژەنیـن



تیپی هونەر و مۆسیقای هەولێر.

بەشداری لە ئاهەنگێکدا کردووە، کە مەقامبێژی گەورەی کورد سێوەش تێدا ئامادە بووە.

لە ساڵی ١٩٦٢ کە لە پۆلی چواری ئامادەیی وەردەگیرێت، ئەو تەنها (٢) حەفتە دەوامی کردووە، لەبەر حەز و ئارەزووی بۆ هونەر و مۆسیقا وازی لە قوتابخانە هێناوە، یەکسەر بڕیار دەدات بچێتە بەغدا بۆ درێژەدان بە خوێندنی مۆسیقا بە شێوەیەکی ئەکادیمی، بەڵام بە هۆی ئەوەی ساڵی ١٩٦٣ کودەتا بووە و ساڵی پاشتریش لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا هیچ قوتابی وەرنەگیراوە، بۆیە سێ ساڵ بە بێ خوێندن ماوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٥ چووەتەوە بەغدا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەشی پسپۆڕی(فلوت- شمشاڵ) دەستی بە خوێندن کردووە، پرۆفیسۆرێکی چیکۆسلۆفاکی دەرسی پێداوە و سەرپەرشتیی کردووە، دواتر مامۆستا مەهدی ساڵح ئەویش دەرسی پێ وتووە و بە فەلسەفە و جیهانبینی ئاشنای کردووە، ئەو یەکەمین کەس



لەڕاستەوە: هونەرمەند عەدنان کەریم، هونەرمەند سەردار ئەحمەد

بووە لە کوردستان کە ئەم ڕوانامەیە ئەکادیمییەی بە دەستهێناوە.

ناوبراو ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووەتە ئەندام لە تیپێکی مۆسیقای ئەهلی کە ناوی(تیپی مۆسیقای کۆمار) بووە، بە ئامێری فلوت بەشداری لە هەموو بەرهەمەکانی کردووە، هەموو بەرهەمەکانی ئەم تیپەش لە تەلەفزیۆنی بەغدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەخشکراوە.



هونەرمەند سەردار ئەحمەد
فلوت دەژەنێ

پاش تەواوکردنی هونەرە جوانەکانی بەغدا بۆ ماوەی (٤) ساڵ لە هەولێر سەرپەرشتیی چالاکیی هونەری و تیپی مۆسیقای قوتابخانەکانی کردووە، لە ساڵی ١٩٧١ کە تیپی هونەری هەولێر دامەزراوە کە دوو بەش بووە، بەشی نواندن و بەشی مۆسیقا، ئەو بووەتە سەرپەرشتیکاری بەشی مۆسیقا و هونەرمەند جەمال هیدایەت بووەتە سەرۆکی تیپەکە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ داوای گواستنەوەی کردووە بۆ کۆیە، بە مەرج گواستوویانەتەوە کۆیە هەر کاتێک ئیشیان پێ بێت، دەبێ بێتەوە بۆ هەولێر.



هونەرمەند سەردار ئەحمەد و تیپی باواجی کۆیە

لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا زاهیر محەمەد بە فەرمی مۆڵەتی تیپی باواجیی کۆییان وەرگرتووە، زیاتر لە (١١) بەرهەمیان بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کردووە و بەشداریی فیستیڤاڵی هونەری بەغدایان کردووە، لە سەرەتادا هونەرمەند زاهیر محەمەد سەرۆکی تیپەکە بووە پاش دوو ساڵ سەردار ئەحمەد بووەتە سەرۆکی تیپی باواجی.

لە ساڵی ١٩٧٤ چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگەی کوردستان، بەشدار بووە لە تیپی مۆسیقای شۆڕش کە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتیی دەکرد و خالید سەرکار سەرۆکی تیپەکە بوو، هەر بەم هۆیەشەوە ڕژێمی بەعس مۆڵەتی لە تیپی باواجی کۆیە وەرگرتەوە.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەیان خوولی فێرکردنی ئامێری فلوتی لە شاری کۆیە و بەشی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان کردووەتەوە، دەیان قوتابی لەسەر دەستی ئەو فێری ژەنینی فلوت بووینە، لە ساڵی ١٩٩٨ بووەتە سەرپەرشتاری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتیی کۆیە، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە تیپی ڕێکخراوی هونەرمەندان بەشدار بووە لە فیستیڤاڵێکی هونەری لە شاری (دیاربەکر) لە باکووری کوردستان، لە فیستیڤاڵی کەلتووری لە فەرەنساش بەشدار بووە، مامۆستای ڕاهێنەر بووە





**پەیکەری ناونراو لەگەڵ تابلۆیەك لەسەریان نووسراوە**

لـە پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی شـەهید جەعفـەر لـە کۆیـە و پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانی ڕانیە، لـە مانگـی ٩ی سـاڵی ٢٠٠٨ خانەنشـین بـووە.


سـەردار ئەحمەد  ئامیری فلوتی بۆ بەشی زۆری گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کـورد ژەنیـوە، لەوانە:(محەمـەد عـارف جـەزراوی، عیسـا بـەرواری، تایـەر تۆفیـق، فوئـاد ئەحمـەد، تەحسـین تەهـا، ئیبراهیـم خەیـات، محەمـەد نێرگـز، عوسـمان عەلـی، مشـکۆ، حەیـدەر عەبدولرەحمـان، حاجـی فایـەق بـازرگان، محەمـەد ئەحمـەد ئەربیللی، شـەوکەت تۆفیـق، شـەوکەت ڕەشـید، قـادر مـەردان، قـادر کابـان، فوئـاد زەنگەنـە، عەبـاس محەمـەد  زۆرانـی دیکـە).

پارچـە مۆسـیقای (زۆزان) یەکێکـە لـە هـەرە شـاکارە جوانەکانـی ئـەم هونەرمەنـدە.

هونەرمەند سـەردار ئەحمـەد لـە ڕۆژی ١٧-٣-٢٠١٩ کۆچی دوایی کردووە و لـە گۆڕسـتانی (کەکۆن) لـە شـاری کۆیـە بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردراوە.

لـە سـێیەمین سـاڵیادی ئـەو هونەرمەنـدە مەزنـە، هونەرمەنـد دەوەن مەولـود سـەرۆکی تیپی باواجی کۆیە دەڵێت:(هونەرمەند مامۆسـتا سـەردار(٦٠) سـاڵ لـە تەمەنـی خـۆی پێشـکەش بـە هونـەر و مۆسـیقاو گۆرانـی کـوردی کـردووە،

ڕەمزێکی دیاری مۆسیقای کوردی و ڕابەڕێکی بێ وێنەی باواجی بوو).



**بەرگی کتێبی(زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار**

هەروەها هونەرمەند سۆران عەبدولخالیق بەڕێوەبەری تیپی مۆسیقای(نالی) و ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی دەڵێت:(مامۆستا سەردار گەوهەری هونەر و میوزیکی کوردی و پاشای فلوت بوو).هونەرمەند جەلال عەزیز زەینەڵ دەڵێت:(مامۆستا سەردار ڕەفیقی کۆنمان بوو لە تیپی باواجی و هەولێر بەیەکەوە کارمان کردووە، بۆیە دەڵێم بە مانای کەلیمە مامۆستا بوو لە ڕووی فێرکردنەوە، قوتابی بە باشترین شێوە فێر دەکرد).

هونەرمەند و مۆسیقا ژەنی گەورەی کورد وریا ئەحمەد لە شوێنێک دەڵێت:(نۆتەی میوزیک لەوەوە فێر بووە، ئەو بە مامۆستای خۆی و دەیان هونەرمەندی دیکەی دادەنێت).

لە ١-١٢- ٢٠٢٠ لە شاری کۆیە تیپی باواجی لە ڕێوڕەسمێکی شایەستە پەردەی لەسەر پەیکەری هونەرمەند سەردار ئەحمەد لابرد و کتێبێکیش بە ناونیشانی(زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار) لە نووسینی نووسەر و هونەرمەندان هەر یەک لە (هاوژین سڵیوە، فازڵ شەوڕۆ، هێمن عەبدولمەجید)، نمایشکرا.

بۆ هونەرمەند سەردار ئەحمەد ڕەوانت شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و گۆڕەکەت پڕ نور و ڕەحمەت بێت.

سەرچاوەکان:
بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
١- کوردستانی نوێ- وتارێکی نووسەر هاوژین عەبدولواحید لە ١٨-٣-٢٠٢٢.
٢- بنکەی گەلاوێژ، ژیاننامەی ناوبراو لە ١-١٢-٢٠٢٠.
٣- ڕووداو، کۆچکردنی هونەرمەند سەردار ئەحمەد لە ١٧-٣-٢٠١٩.
٤- ماڵپەڕی خاک- میوزیک یاد فلیمێکی دوکۆمێنتاری.
٥- زانیاری و نووسین و دارشتنی خۆم.

# پێرست


| | |
|---|---|
| من و ئەستێرە گەشەکان پرۆژەیەکی کەم وێنە .. | ٧ |
| مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی | ١١ |
| محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | ١٩ |
| دکتۆر ئیحسان فوئاد | ٢٧ |
| شوکر مستەفا | ٣٧ |
| دکتۆر کەمال مەزهەر | ٤٣ |
| دکتۆر ئەمین موتابچی | ٥١ |
| دکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی | ٥٧ |
| دکتۆر کەمال فوئاد | ٦١ |
| دکتۆر وریا عومەر ئەمین | ٦٧ |
| دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا | ٧٧ |
| محەمەد مەهدی جەواهیري | ٨٩ |
| دکتۆرە نەسرین فەخری | ٩٧ |
| زوبێر بیلال ئیسماعیل | ١٠٥ |
| سەیدا سادق بەهائەدین | ١١١ |
| دکتۆر کەمال غەمبار | ١١٧ |
| دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ | ١٢٣ |
| عەبدوڵلا عەباس | ١٢٩ |
| مەحموود دەروێش | ١٣٩ |
| دکتۆر بەدرخان سندی | ١٥٥ |
| جەمال شارباژێڕی | ١٦١ |
| لەتیف هەڵمەت | ١٦٧ |
| دڵشاد مەریوانی | ١٧٥ |
| عومەر ساقی | ١٨٥ |
| دکتۆر کەمال میراودەلی | ١٩١ |
| قوبادی جەلیزادە | ١٩٧ |
| جەلال بەرزنجی | ٢٠٩ |

| | |
|---|---|
| عەبدولڕەحمان مزوری | ٢٢٥ |
| موئەیەد تەیب | ٢٣١ |
| سەلام محەمەد | ٢٤٥ |
| عەبدولکەریم شێخانی | ٢٥٣ |
| دڵشاد عەبدوڵڵا | ٢٥٩ |
| هاشم عەلی مەندی | ٢٦٩ |
| سەڵاح شوان | ٢٧٧ |
| دکتۆر ئیبراهیم سەلمان | ٢٨٩ |
| ناسر حەسەن | ٢٩٩ |
| جەلیل زەنگەنە | ٣٠٥ |
| لیوا فاڕوق ئیبراهیم شەریف | ٣٠٩ |
| شەفیقی حاجی خدر | ٣١٥ |
| فەرەیدەن عەلی ئەمین | ٣٢١ |
| کەژاڵ ئەحمەد | ٣٢٩ |
| دکتۆر محەمەد عارف سیامەنسووری | ٣٣٧ |
| چەتۆ حەسەن | ٣٤٥ |
| زاهیر عەبدوڵڵا | ٣٥٣ |
| حەیدەر عەبدولڕەحمان | ٣٥٩ |
| حسام بەرزنجی | ٣٦٧ |
| حەسیب قەرەداغی | ٣٧٥ |
| زوهێر عەبدولمەسیح | ٣٨٧ |
| سەباح ڕەنجدەر | ٣٩٣ |
| مەسعود پەرێشان | ٣٩٩ |
| بۆتان جەلال | ٤٠٥ |
| دکتۆر کەمال سەعدی | ٤١٣ |
| سابیر ڕەشید | ٤٢١ |
| سالار کۆشار | ٤٢٧ |
| سروە عوسمان | ٤٣٥ |
| سەباح هورمز | ٤٤٣ |

| | |
|---|---|
| چیا عومەر ساقی | ٤٤٩ |
| جەوهەر کرمانج | ٤٥٧ |
| بەهرام محەمەد | ٤٦٣ |
| بەدەل ڕەفۆ مزووری | ٤٧١ |
| ڕوپاک عەبدولقادر | ٤٨٣ |
| سەعدون یونس | ٤٩١ |
| شیرین سابیر | ٤٩٧ |
| عەباس عبدوڵلا یوسف | ٥٠٣ |
| عەبدولجەبار کانی | ٥١١ |
| محەمەد سەلیم سواری | ٥١٧ |
| نەجیب بالایی | ٥٢٧ |
| ئەحلام مەنسوور | ٥٣٧ |
| ئەرخەوان ڕەسوڵ | ٥٤١ |
| دکتۆر ڕەفیق سابیر | ٥٥٣ |
| مستەفا ساڵح کەریم | ٥٥٩ |
| خەلیل یابە | ٥٦٩ |
| عوسمان پیرداود | ٥٧٣ |
| حجی جەعفەر | ٥٧٩ |
| بەهادین جەلال مستەفا | ٥٨٥ |
| جەلال زەنگابادی | ٥٩١ |
| دکتۆر جەودەت هوشیار | ٥٩٧ |
| مەدیحە برادۆستی | ٦٠١ |
| مهاباد قەرەداغی | ٦٠٥ |
| کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٦١١ |
| بەکر مەعروف | ٦٢٥ |
| سەردار ئەحمەد کۆیی | ٦٣١ |